بزورگ عەلەوی

# من یەک ساواکیم

و. سیامەند شاسواری

سیانەی جەگەن 1










# سیانەی جەگەن نۆڤێلای یەکەم


ناوی پەرتووک: من یەک ساواکیم «مۆرانە»

نووسینی: بزورگ عەلەوی

وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری

نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم، ٢٠١٣

چاپخانە: چاپخانەی The a King

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

**بزورگ عەلەوی**

# من یەک ساواکیم

**وەرگێڕانی: سیامەند شاسواری**

# سیانەی جەگەن | سێ نۆڤێلای هەڵبژاردە

هەروەک جەگەن گوڵی ناو زەلکاوە، سیانەی جەگەنیش، سێ نۆڤێلای ناوازەی ئێرانییە، نووسینی سێ نووسەری جیاواز کە لە سێ لاوە بە شێوەیەکی ڕیالیسی بوونەتە نوێنەرەوەی زەلکاوی مێژووی ئێران لە سەرەتای دامەزرانی ساواکەوە تا کۆتاییەکانی جەنگی ئێران و عێراق... سێ ڕۆمان بەبێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە هەبێ، پیشاندەری ماهەکی هەردوو ڕژێم و درێژەی یەک و تەواوکەری یەکدین؛

- ◀ ئەگەر یەکێک بۆ خۆی سەرۆکی ساواک و خوشکەکەی سەرکردەی خەباتکارانی دژی ڕژێمە...
- ◀ ئەگەر یەکێک باوکی لە گۆڕ دەرهێنراوە و لە گۆڕستان تەرە کراوە و جێگە نییە بینێژێ...
- ◀ ئەگەر یەکێک نە باوکی و نە دایکی ئێرانین و نە موسڵمانن و نە شێعەن و ئەبێ بە نوێنەری ڕژێمی ئیسلامی لە سەرانسەری جیهاندا...

ئەگەر ئەمانە هەمووی لە دوو توێی سەدان ڕووداوی سەممەرەدا ئەگەنەوە بەیەک و لە بەستەر و بەستێنی یەک ڕۆژەڤەوە سەرچاوە ئەگرن، سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە کە پێنووسە ڕاستگۆکان چاو لە گێڕانەوەی ڕاستیەکان ناقووچێنن و ئەوەی لە ڕواڵەتی ڕۆمان و تەماردا داڕێژراوە، لە بازنەی ڕووداوە سەرسووڕهێنەرەکانی هەر دوو ڕژێمەکەدا چەقی یەکگرتنەوەیان تەنها و تەنها ڕاستەقینەیە.

**خوێندنەوەی سیانەی جەگەن بۆ هەموو کوردێک و، بۆ ناسینی هەناوی ئێران پێداویستییە!**

من یەک ساواکیم

**جەگەن:** lutus flower ڕووەک ناو گوڵی ناو زەلکاو، گیایەکە لاسکی سێ سوچە لە گەناو و زەڵکاودا ئەڕوێ ع نیلم جوزيِ، زهرة مستنقع N lutusblomst د لالە مردابی.





## تێبینی:

ئەو وشانەی لە پەراوێزدا ڕاڤە نەکراون، لە فەرهەنگۆکی کۆتایی پەرتووکەکەدا ئەیدۆزنەوە، هەروەها سەرجەمی وشە و پەراوێزەکان لە **فەرهەنگی شاسوار** دا هەن کە ئەتوانن لە ماڵپەڕی **کوردیپیێدیا** دایبەزێنن.

**من یەک ساواکیم.** لەوەی کە ئەم پیشەیەم هەڵبژاردبوو، نە شەرمەزارم و نە لەخۆبایی. ئەمەش پیشەیەکە وەکوو پیشەکانی تر. مەگەر فەرمانبەرانی وەزیرخانەی دارایی هەموویان دزن؟ یان ئەوانەی لە دادگاکان دەستە دەستە مرۆڤی بەتاوان و بێتاوان ئەنێرن بۆ زیندان یان بۆ سەر داری قەنارە، هەموویان مرۆڤکوژن؟ مەگەر ئەکرێ لە وڵاتێکدا پۆلیس نەبێت. مەگەر لە وڵاتی ئازادی ئەمریکا **سی.ئای.ئێ** نییە؟ لە ئینگلیز **ئینتلیجنت سرڤیس** نییە؟ لە فەرانسە **دەزگای دووەم** و لە ڕووسیە **کا.گێ.بێ**؟ ئەم دەزگایەنە لە هەموو شوێنێک هەیە و ئەشبێ هەبێت. ئەمڕۆش کێ داوام لێبکا، ئەگەر بۆم بلوێ کاری بۆ ئەکەم. چاکبوون یان خراپبوونی بەستراوە بە پەیوەندییەکانیەوە. بەڵێ من بەرتیلم وەرگرتووە. مەگەر لە ئاسایش و دادگا بەرتیلخواردن باو نییە؟ لە دادگا و سپایشدا هەیە. بۆ ئەبێ لە دەزگای ئاسایش و زانیاری نەبێ؟ بەڵام من کەسم ئەشکەنجە نەکردووە. کەسم نەکوشتووە. هۆکەشی ئەوە بووە کە غیرەتم نەبوو. بەڵام دیومە کە خراپەکارانیان ئازار داوە. با بمێنێ... من زۆر شتم دیوە. زۆر زۆر شتم دیوە. تا دوێنێ نەمئەتوانی بیڵێم و بینووسم. نەمئەتوانی ئەوەی بیرم لێ ئەکردەوە و هەستم پێ ئەکرد بە خەڵکی بڵێم. ئێستا بەڵام لەقەز ئازادم. دەمبەسان نییە. لەم وڵاتەی لێی ئەژیم، لانیکەم دەسەڵاتم هەیە ئەوەی کە ساڵەهایە لە دڵمدا ڕامگرتووە، بیهێنمە سەر کاغەز. هیچ شەرمەزار نیم. ئەو

کارە خراپانەش کە خۆم کردوومە، ئەیلێم. مەبەستم ئەوەیە ئەوەی لەبارەی خەڵکی تریشەوە ئەیڵێم جێگەی پەسند و بڕوا بێ. ئێستە کە خەریکم خۆم بەدناو ئەکەم، بۆچی ئابڕووی ئەوانی تر نەبەم؟ من لە پلەکانی سەرەوەی ساواکدا بووم. لە خوارەوە دەستم پێکرد. زۆریش لە چەورەکانی خواری خوار نەبووم. ساڵەکانی یەکەم تەنها پارچە ئێسقانێکم بەرئەکەوت؛ گۆشتە چەور و نەرمەکانی بەوانەی سەرەوە ئەگەیشت و بەردەماوەکەشی بۆ ئێمەومانان بوو. نان و ئاوێکی ئەوتۆی لێ دەرنەئەچوو. وتم وا نابێت. ئەبێ شکارتەیەکیش[1] بە من بگات. هەوڵم دا خۆم سەرخەم. ماوەیەکی دووروودرێژ بەشی من ئەوەندە بوو سکی ژن و منالّم تێرکەم و ئۆتۆمۆبیلێک بکڕم و بتوانم پێی بگەڕێم. ئەو خولە تێپەڕی. ئیتر هیچم بۆ نەمایەوە؛ هەرچیم پاشەکەوت کردبوو هەمووی تیاچوو. ئێستە ئیتر هیچی وام نییە. بەدبەختێکم شکست خواردوو، لانەواز و گێڕ و گەڕۆڵ. قاچم گوللەی بەرکەوتووە و شتێکی نەمابوو ئەم تیرە بدا لە دڵ یان مێشکم. لەوە زیاتر هەلاّت هەلاّتم پێناکرێ. تەنها دەستم کار ئەکات. مێشکم بەتاڵە. هەرچەند بڕوانامەی زانکۆم بەدەستەوەیە و لەقەز بەکەلۆریم وەرگرتووە. هێشتاش خوێندەواریەکی ئەوتۆم نییە کە هەرچیم بە مێشکدا دێت بینووسم. قسەی زل نازانم. فێری ڕازاندنەوە و لاواندنەوەش نیم. لە هەموو ژیانی خۆمدا دە نامەشم نەنووسیوە. کەسم نەبوو نامەی بۆ بنووسم؛ نەدۆست و نە ئاشنا. لەبری ئەوە تا بڵێی ڕاپۆرتم نووسیوە. نووسین ئێستە بووە بە کەرەسەی نان پەیداکردنم. نووسینەکانم کێش و سەروایان نییە. هەر ئەوەندەی چەن کەسێک بیخوێننەوە و تێبگەن کە ئەبێ باجێکم بدەنێ، بۆ من بەسە.

---

١ ـ شکارتە: iny portion پاژ ناو پاژی گچکە، بەشێکی چکۆلە، بەشی مەرەزەی گۆخڵ. ع جزء صغیر N liten del د سهم کوچک. ن: شکارتەی گۆخڵەوان یەک لە هەزاری چەڵتووکەکە بوو.

راستتان ئەوێ من ئەم كاغەزانە ڕەش ئەكەمەوە كە پارە مارەیەكم دەستكەوێت و ئەم كەشتیە شكاوەم بگەیەنمە قەراخی ڕزگاریی كە زۆریش دوور نییە. نەكا كەس پێی وابێ توورەكەم هەڵدووریوە! ئیتر تەنهای تەنهام. ژنەكەم خوا لێی خۆش بێت، ساڵەها پێش ڕاپەڕین مرد. لاواز بوو و پەككەوتە. بەردەوام لەوە ئەترسام هەلومەرج بگۆڕێت و من بگرن و بمكوژن. كوڕ و كچێكم هەیە، هەركامیان بەدوای ژیانی خۆیاندا ڕۆیشتوون. كوڕەكەم لە ئەمریكا دامەزراوە و كچەكەم شووی كردووە و منالّی هەیە و ژیانی دابینە. هیچكامیان حەز ناكەن لەگەڵ ساواكییەك خزمایەتیان هەبێت. منیش دەستم لێداشۆردوون. ئەگەر ئاریشەی **ڕوقیە** نەبوایەت، هیچ پەژارەیەكم نەبوو. ڕۆژێك لە ڕۆژان دوژمنی خوێنەخۆرم بوو. ئێستە پشت و پەنامە. ئێستە خۆشم ئەوێ. زۆریشم خۆش ئەوێ. پاش دایكم، خوا لێی خۆش بێت. هیچ كەسم بە ئەندازەی ئەو خۆش نەویستووە، نە ژنەكەم و نە منالّەكانم. ناتوانێ یارمەتیم بدات. بەڵام هەر ئەوەندەیە جارجارە پەیامێكم بۆ بنێرێ و هەواڵێكم بپرسێ. خۆم ئەبێ بەڕەی خۆم لەئاو دەربێنم.

كە منالّ بووین زۆر یەكتریمان خۆش ئەویست. كە ئەگریا منیش لەگەڵی ئەمنالاند. چوار ساڵ لە من بچووكتر بوو و قسەی بە قسە ئەكردم. تا ئەموت: ڕوقی خەریكی چیت؟ بەڕاكردن ئەهات بۆ لام و لاسایی ئەكردمەوە: «روقی خەریكی چیت؟»

چارەنووس لێكی جیاكردینەوە. ئێستە كە تەنها و بێكەسم هەوڵئەدەم بە نووسینی ئەم یاداشتانە جۆگە ئاوێك دەست بخەم و دەستی دەرۆزەیی بۆ كەس و ناكەس درێژ نەكەمەوە. وتم كەس و ناكەس. من دەست درێژ ناكەمەوە، ئەبێ خۆیان بێنە لام و قەرزەكانیان بدەنەوە.

بەڵێ، وتم كە ئازادم. بەڵام نە بەو ئازادییەی كە هەرچیم پێخۆش بێت بتوانم بەبێ پێچ و پەنا دەری ببڕم. ناوی كەس ناهێنم. چونكە

قازانجی نییە. دار بەرز بکەیتەوە پشیلە دزە خۆی گێڤ ئەکاتەوە. من هەموو وردەکارییەکانی ژیانی خەڵکانی فەراگەردی خۆم ئەزانم. هەموویان ئەناسم. ئاگام لێیە لە کوێ بوون و چیان کردووە و گەیشتوونەتە کوێ و ئێستەکانێ لە کوێن و لە چ هەلومەرجێکدا ئەژین. لەگەڵ کام کومپانیا یان کارگە دەستیان تێکەڵ بووە و چەن پارەیان هەیە. ڕاوەنیان لە ئێران و ئوروپا و ئەمریکا بە ناوی کێوەیە و داهاتیان چەندە! ئەمە ئەڵێم بۆ ئەوەی بزانن زانیارییەکانم لە کوێوە سەرچاوەی ئەگرێ.

من، ماوەیەک لە دەزگای ئاسایش و زانیاری وڵات لە ئوروپا واتە ساواک بێنەوبەرەیەکم هەبوو. لە من ئەترسان و لەگەڵم نەئەسازان. تا ڕادەیەک ئاگام لێبوو شازادە و دەرباری و دەوڵەتی و دەسەڵاتدار و ساواکییەکان، سەرمایەکانیان لە کوێ ئەخستەگەڕ. لەگەڵ من ڕاوێژیان ئەکرد کە کامە پشک بکڕن و پارەکانیان لە چ بانکێک دابنێن، یان لەگەڵ کام سەرمایەدار ببنە هاوبەش. ئەو وردەکارییانەی تەنانەت لە نزیکترین کەسانی خۆیان، وەکوو هاوسەر و منداڵەکانیان ئەشاردەوە. یەکە یەکە هەڵیان ئەبژێرم و نیشانەکانیان هەڵئەدەم. وەها ڕازیان دەرئەخەم و بە جۆرێک تاوان و دوخمانی[2] و دڕندەییان ئەسەلمێنم نەتوانن فزڕە بکەن! هەڵبەت وتم ناویان ناهێنم. خۆیان باش ئەزانن مەبەستم کێیە و چییە. ئیتر پێویست ناکا دەست پانەوە بکەم. خۆیان بۆم ئەگەڕێن و خۆیان هەقم ئەدەن و ئابڕووی خۆیان ئەپارێزن. ئەمە شێوازی منە. ئەگەر خوانەخواستە هەندێکیان ڕوویان قورس بوو و نەیانویست بەشەکەم بنێرن، ئەوسا سووچێکی بە ناوی خوازراو لە یەکێک لە ڕۆژنامەکاندا، کە ئێستا بەخۆشیەوە وەک قارچک لە عەرز هەڵئەتۆقێن، بڵاوئەکەمەوە. بۆ نموونە ئەگەر یەکێک ناوی باختەری بوو، من بە بەختەری

---

٢ ـ دوخمانی: betrayal, treason ناوی چاوگ ناپاکی و بێئەمەگی دژ بە نیشتمان و بڕوا و ڕێکخراو و هاوڕێ [ع] خیانة [N] Forræderi [د] خیانت.

ئەینووسم. پێشم وانییە کەس هەبێ ئەوەندە ڕووهەڵمالراو بێ.. تەریق نەبێتەوە و فیکەی خۆی نەناسێ. ئەزموونیشم ئەوەیە هەتا ئێستە دوو سێ جار تاقیم کردۆتەوە و ئەنجامم لێوەرگرتووە و شتێکم هەر دەسکەوتووە.

یەکەم کەس کە تێی گەیاندم جگە لە دەوروبەری من دنیایەکی تریش هەیە، یەکێ لە خزمە دوورەکانی دایکم بوو بە ناوی مووسا کە من پێم ئەوت مووساگیان. لە ڕوانگەی پلە و داراییەوە زۆرمان جیاوازی هەبوو. من بە دایکم ئەوت دایە و ئەو بە دایکی ئەوت خانم. پێکەوە گەورە ببووین. ماڵمان لە گوزەری کەلانتەر بوو. ماڵەکانمان دوو سێ کۆلان لێک دوور بوو. لە یەک فێرگە ئەمانخوێند. سێ پۆل لە پێش منەوە بوو و پێکەوە یاریمان ئەکرد. باوکی مردبوو و دایکی دەوڵەمەند. حەوشەیەکی گەورەیان هەبوو پڕ بوو لە داری هەنار و سێو و هەرمێ و قۆخ لەگەڵ ئەستێڵێکی گەورە کە ئەتتوانی مەلەی تیابکەی.

هەیوانی ماڵەکەیان دەرگای چەندین ژووری جۆراوجۆری لێ ئەکرایەوە، کە پڕبوو لە ئاوێنەی باڵانما و ئاوێزی چلچرا و هەتا حەز کەی پڕبوو لە نۆکەر و کارەکەر و باخەوان. ئێمە هەژار و نەدار بووین. باوکم هەر نایەتەوە بیر. حەوشەیەکی بچووکمان هەبوو بە ئەستێرکێکی خڕەوە کە چەن دانە ماسی تیایدا ئەتلانەوە و من و خوشکم ڕوقیە بەردەوام ئاگامان لێبوو، پشیلەکانی ماڵە دراوسێ دەستیان لێ نەوەشێنن. ژوورۆچکەیەک و لە بنیەوە هەماراو و سەرتەنووریش لەمبەری ئەستێڵەکە بوو. لەوبەریەوە ژوورێکی گەورەتر کە لێی ئەخەوتم و بۆخۆم بە چەن مشار و تەشوێ و داروتەختە لەقەز دارتاشیم ئەکرد. هەڵبەت زیاتر دار و سندووقەکانم ئەشکان تا دروستیان بکەم. ئێمە بەس لە ماڵی مووساگیان ئەمانتوانی یاری بکەین. لە ماڵە کاولبووەکەی خۆمان جێگەی کایەکردنی لێ نەبوو. یەکەم کەس کە هەڵەشەی کردم هەر

ئەم مووسایە بوو. زۆر جار لە فێرگەوە پێکەوە ئەهاتینەوە.

ڕۆژێکیان لە سووچی کۆڵانێکدا وەستا و چەن وشەیەک لەگەڵ ژنێک دوا. من لەملاترەوە وەستابووم و ئەمبینی لەو ژنانەیە لە کاتێکا خۆی هەڵئەسوێتە مووسا، لە هەمان کاتدا لەگەڵ منیش چاوەبڕکێیەتی.

لێم پرسیٚ:

ــ مووساگیان ئەوە کێ بوو؟

ــ بۆ ئەتەوێ بزانی؟

ــ هەروا وتم.

ــ بڵێ بزانم، ئەتەوێ خوشکەکەی بناسی؟

بەمجۆرە بوو کە ڕۆژێک لە فێرگە سواری پاس بووین و چوین بۆ قەحبەخانە و بۆ یەکەمجار تامی ژیانی پارەدارەکانم چەشت! ئارەزووم کرد وەکوو مووساگیان دەوڵەمەند ببم و ڕاببوێرم.

ئەوەندەی چکە خوێندەوارییەکم پەیدا کرد، دایکم کارێکی بۆ دۆزیمەوە. بووم بە میرزای بازرگانێک لە بازاڕی حاجبەددەولە. چام بۆ کرێکارەکان ئەهێنا. پیتیم[3] ئەبرد بۆ نانەوخانە. پارەیەکم وەرئەگرت و ئەمدا بە دایکم. حاجی نەبی مایەپووچ بوو و مرد. کوڕەکەی میرزا عەلیخان لە بەڕێوەبەرێتی دارایی فەرمانبەر بوو. لەگەڵ خۆی بردمی بۆ بەڕێوەبەرێتی دارایی و لە بەشی ئەرشیف کاریان دامیٚ و بووم بە فەرمانبەر. من ئەخولامەوە و مووساگیان چوو بۆ فێرگەی «سەروەت» و دیپلۆمی دواناوەندی وەرگرت. قۆز بوو و چاو و برۆ ڕەش. خۆش دوو بوو، خۆش پۆش بوو و هەندیٚ جاریش شەق و ڕەق و خۆگر. لەگەڵ من نەگۆڕا، هەر بەو جۆرە مایەوە کە بوو. لەگەڵ میرزا عەلیخان گەشتێکمان کرد بۆ

---

٣ـ پیتی یان دیزی، کیتەڵەیەکی گڵی یان فافۆنی بچکۆلانەیە ئاوگۆشتی یەک کەسی تیا ئەکولێنن. پیتی لەبازاڕ هەیە، بەڵام بازرگان پێی خاوێن نییە و هیی خوی ئەنێرێ بۆ نانەواخانە بۆی بکولێنن.

بەندەرلنگە[4] بۆ لێکۆڵینەوە لە باجی ماسیگران. شەش مانگ لەوێ مابنەوە، نە ماسیمان دی و نە ماسیگر. لەبری هەتا حەزکەی قاچاخچی لێبوو. خۆ نەت ئەتوانی باج لەو جۆرە کەسانە وەربگری. لەبری ئەوە بە بڕێک قوماشی ئاورێشم و کاتژمێر و دەسبەند و زێڕ و وردەواڵەی ترەوە گەڕاینەوە. بازنەیەکی زێڕم هێنا بۆ دایکم، کاتی زەماوەندی ڕوقیە بوو بە بەشێک لە جیازییەکەی. لە لنگە کە گەڕامەوە ببووم بە چیلکە. پێست بووم و ئێسقان. میرزا عەلیخانیان گرت و خستیانە زیندان. پاشان بوو بە ڕاپۆرتچی ساواک و هێشتاش ماوە و لە سووچێکی ئێران ئەژی. منیان لەکار دەرکرد و بووم بە بەڕەڵڵا.

کاتێک گەڕامەوە مووساگیان ببوو بە پیاوێک بۆ خۆی. ئافتاولانی ئاوی ئەگرت. بێنەوبەرەی هەبوو. لەگەڵ مندا هێشتاش هەر ڕێک بوو. زێڕومێڕی بە دەستمەوە دی، بزەیەک گرتی: «کلکە مشکێک بەر تۆش کەوتووە.» من نەمخستە خۆم و ئەویش لەسەری نەڕۆیشت.

بێکارییەکەم چەندێکی خایاند.

ساڵی ١٩٤٨ بوو. کاتێک ساواک دائەمەزرا. ڕۆژێکیان پاش نیوەڕۆ مووساگیان هات بۆ دیتنت دایکم. من و ڕوقیە لەسەر لێواری ئەستێڵەکە دانیشتبووین. خەریک بووم قاچم ئەشۆرد و سەیری ماسیە سوورەکانم ئەکرد. نەمئەویست منەتی هەڵگرم. نەکا وابزانێ داماوم. هەرچی بێ.پیاوێکی بەغیرەتم. بیستم لە دایکمی پرسی:

«... چی ئەکات؟»

«هیچ ناکا، بێکارە. لە بەندەر لنگە خۆی لێگۆڕاوە. با تۆزێ بێتەوە سەرخۆی، کارێکی بۆ ئەدۆزمەوە. جارێ خۆ لە برسێتیدا نەمردووین. دەستمان ئەگا بە دەممان...»

دایکم ئەو جووتە گوارە زێڕەی لە لنگەوە هێنابووم فرۆشتبووی

٤ـ بەندەرێکە لە باشووری ئێران.






و ژیانمان ئەگەڕا.

مووساگیان کاتێک ویستی بڕوا، هەندێ لە تەنیشت ئەستێڵەکە ڕاوەستا، هەڵوەستەیەکی کرد و وتی:

«فلانی...»

من ناوی خۆم نابەم. هۆیشی زۆرە.

«فلانی، مەگەر چڵکی قاچت بەو ئاوە ساردە لێ ئەبێتەوە؟»

وەڵامم دایەوە:

«تۆ بە پالمۆلیڤ[٥] قاچت ئەشۆیت و پاشان بە بۆنی کەڤێت[٦] ماساژی ئەدەی. ئێمەی نەدار و هەژاریش ئەبێ بەم ئاوە بۆگەنیوە دڵخۆش بین...»

تاقەتی شەڕی نەبوو، وتی:

«بزانە ئەڵێم چی. بیستووتە چەن ڕۆژێکە بووم بە فەرمانبەری بانکی میلی[٧]، تا چەن حەفتەی تریش ئەچم بۆ ئەردەبیل و ئەبم بە فەرمانبەری بانکی ئەوێ.»

«مووساگیان، باش غارت داوەتێ، ئاوا بەپەلە؟»

«بەپەلە واتای چییە؟ دوو ساڵ لە وەزیرخانەی دارایی کارم کردووە و ئێستەش گوێزراومەتەوە بۆ بانک. فەرمانبەری بانکی میلی لە ئەردەبیل خۆ پلەیەکی بەرز نییە. لەمبارەوە پێکەوە قسە ئەکەین.»

ڕێکەوتین چەن ڕۆژی تر سەرێکیان لێبدەم.

---

٥ـ پالمۆلیڤ: Palmplive بەرژەنگێکی بەرهەمی بەداشتییە وەکوو سابوون و شامپۆ.

٦ـ کەڤێت: Covet بەرامە بەرژەنگ ناو بە واتای ئازوەری و تامەزرۆیی و خولیا و ئارەزوو، بەرژەنگێکی بەناوبانگی بەرامەیە هیی سارا جێسیکا پارکری هونەرپیشە.
ع الکوت N Covet د کوت.

٧ـ بانکی میلی هەرچەند سەنتراڵ بانک یان بانکی ناوەندی ئێران نییە، بەڵام وشەی میلی وەکوو ناوی تایبەتە و لە زمانە ئورووپاییەکانیش هەر وای ئەنووسن. بۆیە منیش وەک خۆی نووسیم.

وتی و وتی مرۆڤ لەم بێنەوبەرەیەدا کە کەس بە کەس نییە، ئەبێ پشتگەرمییەکی هەبێت. دەستگیرێک[٨] بدۆزێتەوە ئەگەر هات و کەوت، بە یارمەتی ئەو دەستگیرە هەڵسێتەوە. هەموو کەسێک تیردانێکی پڕ لە تیری هەیە، نیشانەی لێگرتووە و ئەیەوێ هەموو گیانلەبەرێک بپێکێ. میرزا عەلیخان و تۆ کاتێک لە لەنگە بوون بێ.کەس مانەوە و کەس نەبوو دەستان بگرێ. وتی و وتی و من پرسیم:

«مووساگیان، ئەوەتا تۆ پشتیوانی خۆت هەیە و دەستگیریشت پەیدا کردووە.»

«بەڵێ وایە! تۆش ئەبێ وابکەی. پاڵپشتێکت هەبێت. دایکت خۆ ناتوانێ ببێ بە گۆچانی دەستت.»

باش نەمئەزانی ئەیەوێ بڵێ چی. گێژ ببووم. ئایە ئەیەوێ تەنها ڕەخنەم لێبگرێ یان بەڕاستی دڵی بۆم سووتاوە. ئایە ئەیویست دڵی دایکم بۆ لای خۆی ڕابکێشێ؟ پاشتر، شەوانە کە پێکەوە ئەبووین ئیتر ئەو مووساگیانە نەبوو پێکەوە ئەچووین بۆ قەحبەخانە. ئەتوت سەرۆکی بانکە و خەریکە ئامۆژگاری کارێنەرێکی وردەواڵەی بانک ئەکات. تەزبێحێکی دەنک درشتی بە دەستەوە بوو و بەبێ ئەوەی خۆی ویستبێتی، خەریک بوو لاسایی گەورەکانی ئەکردەوە، تا ئەو کاتە ناوی ساواکم نەبیستبوو و نەم ئەتوانی باوەڕ بکەم هیچ دەرمانگەیەکی حکوومی کارێکی لەدەست بێ. بیرم لەوە ئەکردەوە بە پاشماوەی ئەوەی لە لنگەوە هێنابووم کۆگایەک دابنێم. تەنانەت ڕۆژێک چووم بۆ سەردانی میرزا عەلیخان لە زیندان. سێ مانگ و نیو لە زیندان مابوویەوە و قەڵەو ببوو. بە خەیالیشیدا نەهاتبوو لە زیندانە. کە منی بینی زۆر شاد بوو.

«چی ئەکەی؟»




---

٨ـ دەستگیرێک: پشتیوان، پیر و پەنا، دەستگر.

«هێشتا بێکارم و ئەمەوێ بچم بۆ بەندەر لنگە. هاتووم هەواڵی چەن کەسێک لەوانەی کاریان لەگەڵ ئەکردی وەربگرم. زەعشیر و شەویر چەور بوون. لەگەڵما ئەسازان. میرزا کەعبی کە کوێرە کەچە خوێندەوارییەکی هەبوو. بەو چاوە کوێرەیەوە لەگەڵمان خراپ نەبوو.»

«پەلە مەکە هەتا چەن ڕۆژێکی تر تا کارەکانی من تەواو ئەبێت. من کونی نوشتەکەم دۆزیوەتەوە. با لە زیندان بێتە دەرەوە. دیسانەوەش پێکەوەین. هێشتا خۆ ئاو بنی نەهاتووە.

راستی ئەکرد یان درۆ نازانم. بڕیارم دا بچم بۆ بەندەر لنگە. بەڵام چارەنووس نەخشێکی تری بۆ داڕشتبووم. مووساگیان هات بۆ ماڵمان کە ماڵاوایی لە دایکم بکات.

«بەیانی کاتژمێری دە وەرە بۆ لام کارم پێتە.»

بەیانی سواری تاکسی کردم و بردمی بۆ خانوویەکی چەند قات. لە بەردەرگا وەستام. خۆی زەنگی لێدا و چووە ژوورەوە. نیو کاتژمێرێک لەوێ وەستابووم، یەکێک هات و پەسی:

«تۆ لەگەڵ مووسا خان هاتبوویت؟»

دەرگای کردەوە و بردمیە ژوورەوە. چاوی بەستم و بە ئاسانسۆر چەن قات سەرکەوتین. یەکێکی تر هات و بردمیە ژوورێکی تر و دەرگاکەی داخست. نیوکاتژمێری پێچوو. نا، نازانم چەنێک. ئەم ماوەیە بە ئەندازەی تەمەنێک درێژ بوو. هەر لەو ژوورەدا دەرگایەکی تر هەبوو. ویستم بیکەمەوە دەنگی پێ هات. دڵم داخورپا. خەریک بوو بیکەم بە هەراوهوریا. هەرچی جوێنم ئەزانی باراندم بە سەر مووسا و کەسوکاریدا. شتێک لە دەروونمدا پێی ئەوتم هەرچی هەیە لەم ژوورە دایە. چاویان کردمەوە. دەرگاکە کرایەوە و کابرایەک بە چاویلکەی ڕەشەوە هاتە ژوورەوە. بینیم مێزێک و دوو کورسی لێیە. پرسی:

«ناوت چییە؟ من دکتۆر بیژەنم.»

وەڵامم نەدایەوە.

وتی:

«دانیشە.»

لەسەر مێزەکە پەڕەیەک کاغەز و دوو سێ خودکار و پێنووسی لێبوو. ناوکم کەوت. لای خۆم زانیم ئەمە ساواکە. لێرەیە کە لێکۆڵینەوە ئەکەن و بنی هەموو مەنجەڵێک هەڵئەکرێنن. دیارە ئەبێ هەرچیم لە لنگەوە هێناوە هەمووی بدەمەوە. ئەمەیە دەستگیر؟ ڕەنگە بە زیندوویی ڕزگاریم بێت. لە خۆم پرسی: کەوابوو کاری میرزا عەلیخانیش کەوتۆتە ئێرە. ڕوخساری کابرا تووڕەیی و غەزەبی پێوە دیار نەبوو. خۆی وتی:

«من دکتۆر بیژەنم. کاتژمێرێک بەجێت ئەهێڵم تا تۆ ژیاننامەی خۆت بنووسیت. بەڵام شتە وردەکان لەبیر مەکە. گشتیەکان خۆمان ئەیزانین. ناوی ئاشناکانیشت بنووسە. ناوی دایک، باوک، خوشک. چیت کردووە. چۆن ئەژیت. تەنانەت ئەو شتانەش کە پێت وایە گرنگ نییە بە وردی و بەبێ پێچ و پەنا بیاننووسە.

وتم: «جەنابی دکتۆر، من هیچم نەکردووە و نەچوومەتە هیچ گرووپ و پارتێکی ڕامیاریشەوە.»

وتی: «ئەزانم، لە خۆت باشتر ئەزانم. ئەتەوێ ئەو شتانەی کە خۆت نایزانی بۆتی بڵێم؟ ئەزانم کە هیچکارە بوویت و هیچ کارێکت لێ نەهاتووە. مەگەر نەهاتوویت بۆ ئێرە کە سوار بیت و ئیتر بە پێی پیادە ڕێ گەز نەکەیت؟»

وتی و هەستا و هێشتا دەرگاکەی نەبەستبوو، دووپاتی کردەوە:

«پاش کاتژمێرێک دێم و کاغەزەکان ئەبەم.»

ڕۆیشت و من پێنووسم گرت بە دەستەوە. چەن هێڵم لەسەر پەڕەی یەکەم کێشا و بە خۆمم وت، چی بنووسم و چی نەنووسم؟ دەستم لە خۆم بەردا و دانە بە دانە کەوتمە نووسین کە شەش ساڵە بووم دایکم بردمی بۆ فێرگەی فەرهەنگ و چون باڵام کورت بوو لە

ڕیزی یەکەم دایاننام. گێژووێژ نەبووم و ئەوەی لە فێرگە ئەیانوت فێری ئەبووم. تا پۆلی یانزە ڕۆیشتم و پاشان دەرنەچووم و ئیتر وازم هێنا. ڕۆژانە بێکار ئەسووڕامەوە. شەش مانگ دایکم نەی ئەزانی ناچمەوە بۆ فێرگە و لەگەڵ لات و لووتەکاندا قاپێن ئەکەم. کە زانی کارێکی بۆ دۆزیمەوە. سەرەتا لە گوزەری حاجبەددەولە لەلای حاجی نەبی و پاشان لە دارایی. ناوی خوشکم ڕوقیەیە. هەڤاڵم مووساگیان. لە دارایی لەژێر دەستی میرزا عەلیخاندا چۆن کار فێر بووم. هەموو جۆرە کارێک. چۆن کاری خەڵکیم ئەخستە دواوە. چەندەم بەرتیل وەرئەگرت و چەندەم ئەدا بە میرزا عەلیخان. بەشی میرزا عەلیخان دوو بەرامبەری من بوو. ئەیوت ئەبێ نیوەی بدا بە بەرپرسەکەی. ئەمبینی خۆی لە ژێرەوە پارەیەکی زۆر لە هەندێ کەس وەرئەگرێ و وای دائەنێ کە ئەوە هیی سەرۆکە و یان لانیکەم لای من وای دەرئەخست. هەموو جۆرە خەڵکێک ڕووی تێ ئەکرد. سەرڕووتی کراڤاتی، کڵاو بە سەر، مەلای مێزەر لەسەر، وردەواڵەفرۆش، بازرگانی مایەپووچ و وردەکار. بابەت ڕاگەیشتن بوو بە کاروباری گەڕەکی چاڵەهەرز. سەرڕووتی کراڤاتی هەمان ئاغە وردەواڵەفرۆشەکان بوون. شێوازمان ئەوە بوو. ئەبوایە سەرەتا هەموویان بنێرین بە دوای نۆکە ڕەشکەدا. دەساودەسمان پێ ئەکرد. ئەوەندەمان ئەهێنان و ئەبردن هاتا وەڕەز ئەبوون و ناوبژیکەرێکیان ئەنارد. مامەڵە ئەکرا و جێبەجێمان ئەکرد. مانگی مابوو بۆ گەشتی بەندەر لنگە، ئیتر پارەیان نەدا بە من. وتیان هەمووی ئەچێ بۆ سەرۆک. خەریکە کاری باشمان بۆ ئەنێتەوە و لەوێ نانمان ئەکەوێتە ڕۆنەوە. هەرواش بوو. ئێمە گەشتمان کرد. هەتا ئێرە نووسینی ژیاننامە کارێکی زۆر دژوار نەبوو. داهاتێکی ئەوتۆم نەبوو. بەڵام لە لنگە بێتامان کرد. میرزا عەلیخان هەزار فرت و فێڵی ئەزانی کە ترێق ئەبمەوە بیانگێڕمەوە. هەندێجار هەوڵم ئەدا ڕێگە لە زێدەڕەوییەکانی بگرم. پێ ئەکەنی و منی بە مناڵ دائەنا

و ئەیوت: «گەورە ئەبی و ئاوەزت ئەگەڕێتەوە.» ئەگەر هەموو ئەمانەم بنووسیایەت خۆم تووش ئەبووم. هەتا ئەمڕۆ پێموابوو ئەتوانم وەکوو جەندەرمە کڵاو بکەمە سەر ئەم ساواکیانەش و خۆم دەرباز بکەم. سێ پەڕەم پڕکردەوە و چاوەڕێم کرد. لە پشت مێزەکە هەستام. ئیتر چاوم کرابوویەوە و ئەمتوانی بچمە لای پەنجەرەکە و سەیرێکی دەرەوە بکەم. شتێکی بەرچام نەدۆزییەوە. پیاسەم کرد هەتا دیسانەوە دەنگی کلیلم بیست و دەرگا کرایەوە.

ئەمجار کابرایەک کە بەخۆی ئەوت دکتۆر جەهانگیر و جانتایەکی پێ بوو بە ڕواڵەتێکی ئارامەوە، کە زەردەخەنەیەکی درۆیین ناحەزی ئەکرد بە سیگارێکەوە هاتە ژوورەوە. جانتای چەرمی زەردی بەدەستەوە بوو و بەو چاویلکە ڕەشەوە نەت ئەتوانی ڕوخساری باش بناسیتەوە. وادیار بوو ئەیەوێ ئۆینم بکات. من لەم کابرایە باش تێنەگەیشتم. ئەیویست فریوم بدات و قسەم لێ دەرکێشێت؟ ڕواڵەتی داگیرابوو یان شادمان بوو؟ هەرچی چۆن بێ، باش ڕۆڵی ئەبینی. ترساندمی:

«دانیشە!»

لە جانتاکەیدا بەدوای شتێکدا ئەگەڕا. دەستەیەک کاغەزی لێ دەرهێنا و خستیە سەر مێزەکە. ئەیویست وای دەرخات کە بە هەڵە دەریانی هێناوە. هێدمە گرتمی.[9] کاغەزەکان هیی من بوون. بە پەلە خستیەوە ناو جانتاکەی. ئەو سێ پەڕەی کە نووسیبووم هەڵیگرت. سەرنجێکی دان. چەن خولەک سەیرێکی پەڕەی دووەمی کرد و سێهەمی هەر سەیر نەکرد.

«هەمووی هەر ئەوەندەت نووسیوە؟»

وتم: «بەڵێ.» بەڵام بیرم لە لایەکی تر بوو. ئەمانە هەر ئەو پەڕانە بوون کە دەریان ئەخست گیرفانی شێخ غەزەنفەرم بەتاڵ

---

٩ـ هێدمە: surprise ناو هێدم، سەرسامیی، سەرمەندیی، سورپرایز ع مفاجئة N overraskelse د سورپرایز. ن: هێدمەی گرتی: یەک بەخۆی داچڵەکا، سورپڕایز بوو.

کردۆتەوە و هاواری بەرزەوە ببوو. هەراوهوریای کرد. هەڕەشەم لێکرد. چەن ماسی گرتووە؟ کوا مۆڵەتی ماسیگریی. باوکیم دەرهێنا. ئیتر دەنگی لێوەنەهات. ئێستەش ئەم جەنابی دکتۆرە بەو ڕاپۆرتانە ئەمترسێنێ.

«ئەی ئەم شێخ غەزەنفەرە بۆچی سکاڵای لێکردووی لە لای ئەمنیە؟»

قوربان ئەمانە قاچاخچی بوون، تووشم ئەکردن و ئەوانیش تۆمەتیان لێ ئەدام.»

من ئەموت و ئەو گوێی ئەگرت و نەئەگرت و سەیری نووسراوەکانی منی ئەکرد. دڵم لێی ئەدا. ئەترسام پرس و جۆ یەخەم بگرێ.

«خەڵکانی تریش سکاڵایان لێکردوویت وەکوو کەعبی و شەبیر و عاسم.»

«جەنابی دکتۆر، هەموویان قاچاخچی بوون،»

بۆم دەرکەوت زۆر ئاگای لە من نییە. ئەیپرسی، من وەڵامم ئەدایەوە و ئەو کاغەزەکانی جانتاکەی دەرئەهێنا و سەروژێری ئەکردن. لەپڕ قسەی پێ بڕیم و پرسی:

«ئێستە چی ئەکەی؟»

«بێکارم.» و باسم کرد کە دایکم ڕایەخ و شمەکی ناوماڵ ئەفرۆشێ و هەر جۆرێک بووە ئەیگوزەرێنین.

هەر ئەوەندەی کە وتم «دیسانەوە ئەمەوێ بچم بۆ بەندەر لنگە» گوێی تیژ کرد.

«لەوێ چی ئەکەی؟»

«کاسپی ئەکەم.»

«ئەتەوێ ببی بە قاچاخچی؟»

«نا، بەڵام قاچاخچیەکان ئەگرم و ئەیاندەمە دەس ئەمنیە.»

«میرزا عەلیخان... پشتگیری کردوویت، ئەگینا باودۆخت شڕ

بوو.»

«گەورەییتان ئەگەیەنێ.»

«کوێت پێخۆشە ئەتوانی بچی، بەندەر لنگە جێگەیەکی خراپیش نییە. بەڵام مەرجێکی هەیە. لە هەر کوێیەک شتێکت بینی پێچەوانەی ئاسایشی باڵای وڵات بێ. ئەبێ ئاگادارم بکەیتەوە.»

کەوابوو سیخوڕییان لێ ئەویستم. لە مەبەستەکەی گەیشتم. بەڵام خۆم لێ گێل کرد. ئەگەر ئەو خۆی بە زیرەک ئەزانێ، من لەو زیرەکترم.

وتم: «قوربان ئاسایشی باڵای وڵات واتا چی؟»

زۆر بە دوورودرێژی ئەو خاڵانەی باس کرد کە هەموومان ئەیزانین. ئەگەر کەسێک بە خراپە ناوی شای هێنا، ئەگەر کەسێک کاعەزێک، شتێکی لە کوەیت و عەرەبستان و پاکستانەوە هێنا و بەتایبەت ئەگەر کەسێک پەرتووکی پێ بوو و دای بە یەکێکی تر. ئەگەر ئاخوندێک جگە لە قورئان و جزمی عەمە شتێکی تری بە منالان وتەوە، ئەگەر کەسێک لە شارێکی ترەوە هات بۆ بەندەر لنگە و ویستی پەیوەندی بە خەڵکێکەوە بگرێت و زوو بۆی دەرچێت. ئەگەر خوانەخواستە یەکێک دەمانچە و کێرد و چەقۆی بە گەنجەکان فرۆشت. ئەگەر شەوانە چەن کەسێک لەژێر خێوەتێکا کۆ بوونەوە و قسەیان کرد و... وتی و وتی و من تێنەگەیشتم سیخوڕی یانی چی؟ پێموابوو ئەم کارانەم پێ ئەکرێ. کەوابوو ئەمە ئەو شتە بوو کە مووساگیان ناوی نابوو دەستگیری دەستگر.

پشتم گەرم داهات! بە دایکم نەوت چکارەم. لەو چوارسەد تمەنەی لە دکتۆر بیژەنم وەرگرتبوو، سەد تمەنم دا بە دایکم و لێبڕام کلاشی لێ هەڵکێشم و بچم بۆ لنگە و باوکی میرزا کەعبی لە کەر بکێشم. ئەمە ڕواڵەت بوو، بەڵام لە ناخەوە ئەترسام. ئەوەندەی لەو خانووە چەند قاتە هاتمە دەرەوە، هەستم کرد هەمووان ڕقیان لێمە. بەچاوی خراپ سەیەم ئەکەن. دڵی خۆم ئەدایەوە: «با بەدەست

ناگیرێت!» ئەبێ دەرگا دروست بکەیت و خۆت بپارێزی. سەگی کێ بێ.شان لە شانی من بدات؟ خۆم بە یەک ساواکی دارماڵ ئەزانی. «هەرکەس خۆیم لێبدا، وا بکێشم بە تەختی سینگیا هەناسەی ببڕم.» ئەمەش خۆ هەڵدان بوو. چەن ڕۆژێک بیرم لێکردەوە بچم بۆ لنگە یان نەچم؟! ئایە ئەکرێ هەر لێرە لە تاران سیخوڕی بکەم؟ هەرچۆنێک بوو خۆم ڕازی کرد و لێبڕام بچم بۆ گەشت کە زەماوەندی خوشکم هاتە پێشێ. دایکم زۆری لێکردم بمێنمەوە هەتا ئەم کارە خێرە ڕائەپەڕێ. تا ئەو کاتە زاوام نەدیبوو. بیستبووم ڕوقیە لەگەڵ کابرایەکی چەند ساڵ لە خۆی گەورەتر هاتوچۆی هەیە و قسەی شایی ئەکرا. ڕۆژێکە جەنابی زاوا هات بۆ خوازبێنی و دایکم لە ژوورەکەی من بەخێرهاتنی لێکرد، یەک بە خۆم ڕاچڵەکام. وەک برووسکەیەک کە بۆ ساتێک ئەدرەوشێتەوە و پاشان ون ئەبێ بیرم چوو بۆ ئەوەی ئەم کابرایەم لە جێگەیەک بینیوە. بەڵام هەرچیم ئەکرد نەئەهاتەوە بیرم. هەندێ جار وام ئەزانی ئەو کابرایە کە شتە قاچاخەکانی ناو بەفرگرەکەی لێکڕیوم. بەڵام ئەو نەبوو. پێموابوو لەم چەن مانگەی بێدارییەدا بینیومە بەبێ ئەوەی لەگەڵی دوابێتم. بۆ ساتێک بیرم لەوە کردەوە کە پێش چاوپێکەوتنی دکتۆر بیژەن دانراوە ئاگای لە من بێ. و ئێستەش بۆ ئەوەی سەروبنی هەموو شتێک بزانێ خەریکە خۆی ئەخزێنێتە ناومانەوە. بەڵام ئەم بیرەش وا دەرنەچوو. پاش چاک و خۆشییەکی ئاسایی پێکەوە گونجاین و بووین بە هەڤاڵ. شەوانە لەگەڵ ڕوقیەی خوشکم، یان بە تەنها بیرەمان ئەخواردەوە و چیم لە دڵدا بوو پێم ئەوت. تەنها شتێکم لێ ئەشاردەوە، ئەویش بینینی دکتۆر بیژەن و ڕاسپاردەی بەندەر لنگە بوو. دە پانزە ڕۆژێک شەو و ڕۆژ پێکەوە ڕامان ئەبوارد و هەر کات ئەمویست خۆم ئامادە بکەم و بچم بۆ گەشت، بەری پێ ئەگرتم. زەماوەندی ڕوقیە کەوتە دواوە و بەیانی ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ گاراجی باشوور قسەم کرد هەتا شتەکانم ببەمە گاراج و

برۆم. شەوەکەی کە هاتمەوە بۆ ماڵەوە، بینیم نامەیەک لە درزی دەرگاکەوە خراوەتە ناو هەیوان. دکتۆر بیژەن بانگی کردبووم کاتژمێری دە بچم بۆ ئەو خانووەی لەگەڵ مووساگیان چووبووم.

زەنگم لێ نەدابوو، یەکێک دەرگاکەی کردەوە. ئەی دڵی خافڵ خۆ ئەمە دەزگیرانەکەی ڕوقیە بوو. بەنی دڵم پچڕا. لاڵ بووم. ئەو پێکەنی و من هیچم نەوت. بە ئاسانسۆر سەرکەوتم و ئەمجارە بردمیان بۆ ژووری دکتۆر بیژەن. دەرگای داخراو کرایەوە وماینەوە ئێمە، بەبێ دەزگیرانەکەی ڕوقیە.

خوشکم شووی نەکرد، بەڵام ئاوس بوو. دایکم لێمی شاردەوە. دەوا و دەرمانیان کرد و بەریان پێ خست. کاتێکە چووم بۆ نەخۆشخانە بۆ لای، بە ڕێکەوت لە پەرستارەکانم پرسی کە ئایە شتێک قەوماوە. دکتۆر بیژەن بە دووروودرێژی بۆی باس کردم کە سووچی ڕوقیە بووە و زاوا تاوانبار نییە. من هەڵبەت باوەڕم نەکرد، بەڵام چیم بکردایەت؟ یان ئەبوا خۆم بکوژم یان زاوا و ڕوقیە. غیرەتی هیچکامیشیانم نەبوو. کاری فەرمی من لەو ڕۆژەوە دەستی پێکرد. ناتوانم بە دووروودرێژی بیگێڕمەوە و نایگێڕمەوە، ئەبێ بە سەربردەی حەفتا مەن کاغەز.

بەکورتی کاری من بوو بەوەی خۆم بخزێنمە ناو ڕیزەکانی خوێندکارە چەپەکانەوە. لە زانکۆ خوێندکاران ئەیانکرد بە فەرتەنە، هەر لە خۆوە نەئەچوونە سەر پۆلی وانە. تەنانەت بێڕێزیان بە یەکێک لە ئوستادانی زانکۆی پزیشکی کرد. ڕێگەی سەر پۆلیان نەدا، چونکە ستایشی شاهەنشای کردبوو. وتیان لەم ڕێگەیەوە ئەیەوێ بیکەن بە سەرۆکی زانکۆ. ئەرکی من ئەوە بوو سەردەستەکانی ئاژاوەگێڕەکان بدۆزمەوە. پێیان وتم جگە لە من فەرمانبەری تریش هەن کە ئاگایان لە ڕووداوەکانە و ڕەنگە خودی منیش بە هۆی دنەدانی خوێندکارانەوە گومانم لێبکرێ و لە لایەن پۆلیسەوە بگیرێم. ئەبێ نەترسم و خۆم نەدۆڕێنم و جەربەزەم هەبێت. مەبەست ئەوەیە

کە ساواک ــ بۆ یەکەمجار بوو ئەم وشەیەم لە دەمی دکتۆر بیژەن ئەبیست ــ بزانێت هاندەری ڕاستەقینەی ئەم ئاژاوانە کێن و لەگەڵ چ پارتی و گرووپ و دەسەڵاتێکی دەرەکی پەیوەندییان هەیە. گرنگی کارەکەم لەوەدایە هەڵە نەکەم و خۆم تووشی پەنگ نەکەم. چونکە دوور نییە هەندێ لە هاندەران خۆیان ڕاسپاردەی ساواک بن و ئەوانیش هەمان نەخشیان پێ سپێردرابێ کە بە من دراوە. بڕیار وابوو کە من هەرگیز نەچم بۆ ئەو خانووە و تەنها لە ڕێگەی دەزگیرانەکەی ڕوقیەوە ــ کە ئیتر ناوی زاوا بووــ ڕاپۆرت بنێرم و ئەگەر زۆر پێویست بوو شەوانە تەلەفوون بکەم بۆ ژمارەی ... و سێ جار زەنگ لێبدەم و پەیوەندی بگرم. هەرگیز بە تەلەفوون هیچ ڕاپۆرتێک نەدەم هەرچەندە گرنگ و خێراش بێ.

کەرەسەی کار لە هەموو لایەنێکەوە ئامادە کرا. منی کەمینە، کە لەم ڕاپۆرتانەدا ناوم «فلانی»یە، بووم بە خوێندکار و، لە ڕشتەی ئابووریدا دەستم کرد بە خوێندن و، ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو. من کە تەنانەت دواناوەندیم تەواو نەکردبوو و لە دووی ئامادەیی تێنەپەڕیبووم، بە سپاردەی یەکێک لە پرۆفسۆرەکان کە خۆشی سمدار[١٠] بوو بە ناوی ئەوەوە کە خوێندکارێکی زیرەک و وشیار و تێکۆشەر و پرکارم، ڕێگەم پێدرا بەشداری لە پۆلەکانی ئابووری و مێژوو و ویژە بکەم و، بەڵێن بدەم پاشان بچم بۆ تاقیکاری ئامادەیی و دیپلۆم وەربگرم. ئەو بەڵێنەی کە هەرگیز جێبەجێ نەکر. ڕاستەکەی ناچاریان کردم لە بەرگی خوێندکارێکدا کار بکەم. ناچار بووم وشەی وا فێر ببم کە تا ئەو کاتە هەرگیز نەم بیستبوو. خوێندکارەکان لە مشتومڕەکانیاندا بە زاراوەی وا لە یەکیان ئەدا بۆ من تازە بوون و من کە ئەبوایە ببم بە کەوچکی هەموو کاسەیەک، ئەبوایە ئەوانە فێر ببم. وشەی وەکوو ئایدیۆلۆژی، مارکسیزم، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، ئۆبژکتیڤ و سوبژکتیڤ، دیاردە، دروشم،

---

١٠ ـ سمدار: چاوگرکردار هێمایر واتە سیخوڕ و زمانگێڕ و ڕاپۆرتچی.

لیبڕالیزم، پێشڕەو و کۆنەپەرست و، فێربوونیان زۆر دژوار نەبوو، دژواری ڕاستەقینە تێگەیشتن لە وتارە هاندەرە ڕامیارییەکان بوو. بە وردی ڕۆژنامە، بڵاوکراوە و نامیلکە ڕامیارییەکانم ئەخوێندەوە. هەندێجار سەیرێکی پەرتووکەکانیانیشم ئەکرد. خەریک بوو بۆ خۆم ئەبووم بە خوێندکارێکی ڕاستەقینە. بەڵام خۆ لە خۆم نەئەگۆڕا کە خوێندکاری ڕاستەقینە نیم.

بەردەوام بەشداریم لە مشتومڕەکاندا ئەکرد. زیاتر لە هەموان هێرشم ئەکردە سەر سپا و دەربار و هەندێ لە نوێنەرانی پەرلەمان. نەئەترسام لە وتارەکانمدا ئەگەر ناوێکی شا یان دەوروبەرییەکانیم ببردایەت. پاش چەند مانگ بووم بە یەکێک لە سەردەستەکانی خوێندکاران و گرووپێک لە خوێندکاران پەیڕەوییان لێ ئەکردم. هەرچیم بوتایەت، ئەوان «وەکوو دروشم» ئەیانوتەوە و ئەمبیست لە مشتومڕەکاندا ناوێکی «فلانی» ئەبرێت کە وردبینە و ئەزانێ گیری کارەکە لە کوێدایە. بەمجۆرە بوو کە سەردەستەکانی گرووپە ڕامیارییەکان خۆیان دەرئەخست. یەکێک هات وتی: «فلانی نازانم تۆ بۆ لە حیزبەکەی ئێمەدا نیت. ئەگەر بتەوێ ئەتوانم تۆیان پێ بناسێنم.»

یەکی تر ڕامی کێشا پەنایەک و وتی: «لە لیژنەی دوێنێ ناوی تۆیان هێنا، هاوڕێکانم ئەیانەوێ لەگەڵت ئاشنا بن.»

سێیەمیان تەنها بە شان و باڵی «سەندیکای کرێکاران»دا هەڵی دا و چوارەمی سەر بە «هێزی سێهەم» بوو. ناوەکانی هەموویانم نووسی و لە ڕێگەی زاواوە ناردم بۆ دکتۆر بیژەن. لە هەموویان گرنگتر گەنجێکی قۆز و کورتەباڵا بوو بە ناوی ئاهاری کە منی هان ئەدا و شووتی ئەدایە بن باڵم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دروشمی توند و تیژتر بدەم. بەمجۆرە دەستم دایە شیرینکارییەک کە چارەمی نووسی. پاش دوو ساڵان من خۆم ئیتر شۆڕشگێڕێکی ئاگراوی بووم.

مانگرتنەکانی خوێندکاران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرینتر ئەبوو.

ئوستادەکان یان پشتگیریان لە خوێندکاران ئەکرد یان نەئەچوونە سەر پۆل. سەرۆکی زانکۆ دامابوو. کار بە هێوری و بە ڕێگەی ئاشتیانە نەئەچووە پێشەوە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر شیرازەی زانکۆ لێک ئەترازا. سەری یەکێک لە خوێندکارەکانیان وەها شکاند، پێویستی کرد ببەن بۆ نەخۆشخانە. لەو هەلومەرجەدا سەرۆکی زانکۆ داوای لە وەزیرخانەی زانست کرد ڕێگە بدات دەستەیەک بچنە لایان و پێشنیازەکانی خۆیان ڕاگەیەنن. ئەهاری لە ڕیزی نوێنەراندا بوو و بە بڵندگۆی دەستە ئەژمێردرا. وەزیر وەریانی گرت و بەڵێنی پێدان بە زنجیرەیەک کاری باش خوێندکاران ئۆین[11] بکات. لە پێنج خوێندکار چواریان دڵتێر بوون و خۆیان بە سەرکەوتوو ئەزانی. تەنها دڵمەند[12] ئەهاری بوو کە وا دیار بوو بە سەرشۆڕی لە لای وەزیر گەڕاوەتەوە.

ئەهاری هاتە لای من و وتی گوایە وەزیر نوێنەرەکانی فریو داوە و ماوەیەکی پێ ئەچێ تا خوێندکاران دیسانەوە هەستیان ببزوێ و دەست بکەنەوە بە ڕەخنەگرتن. ئەبێ کارێک بکەین ئەم گرە دانەمرکێتەوە. وادیار بوو گەنجە و بەدوای ناو و ناوبانگدا ئەگەڕێ.

وەزیر فەرمانی دابوو لەماوەی حەفتەیەکدا لێژنەی زانکۆ کۆ ببێتەوە و لە داواکاریی خوێندکاران بکۆڵێتەوە و ڕێگەیەک بدۆزێتەوە هەم دەوڵەت بۆین بێ. و هەم داواکاریی خوێندکارانیش لەبەرچاو گیرابێت.

چاوپێکەوتنی دەستەی نوێنەرایەتی ڕۆژی چوارشەممە بوو و بڕیار وابوو لیژنە لە ڕۆژی شەممە دابنیشێ و هەندێ ڕێگەی

---

١١ ـ بۆین: convinced ئاوەڵناو دڵکاو، قایل، دڵتێر، دڵنیا، ڕازی، ڕەزامەند، بە تەواوەتی دڵنیا و ڕازیبوون لە شتێک ع قانع، قائل، متقاعد N overbevist د قانع، قائل، متقاعد ⇐ convince: پێ سەلماندن، دڵنیاکردن.

١٢ ـ دڵمەند: disapproval ناو دڵگران، دڵێشاو، دڵشکاو، دڵڕەنجاو، لالووت، ناڕازی ع تعیس N misbilligelse ع تعیس د ناخشنود، ناراضی.

چارەسەر بدۆزێتەوە. من بڕیارم دا ڕێگە لەم ناوبژیکردنە بگرم. چەند کەس لە خوێندکارەکان کە گوێیان لە قسەی من ڕائەگرت، کۆم کردنەوە و فریویانم دا و پێم وتن ئەبێ کارێک بکەین بیخەین بە لایەکدا. بەبێ ئەوەی بەوان بڵێم نەخشەم چییە! خاڵی سەرەکی ئەوە بوو ئەهاری ئەیوت و نەئەبوایە فریو بخۆین. داوای خوێندکاران بۆ خواردنی هەرزان جەختی لەسەر بکرێ و، پێ لەسەر ئەوە دابگیرێ خانووەکانی ناوخۆ زیاتر بدرێ بە خوێندکارانی شارستانی و، بەتایبەت دەرکردنی چەند ئوستاد کە لە ماوەی مانگرتندا بێڕێزیان کردووە لە یەکەم دانیشتنەکانی لیژنەی زانکۆدا پەسند و جێبەجێ بکرێ. داخوازییەکان بڵاوبوویەوە و زۆربەی نەیارەکان لەگەڵی بوون. بڕیار وابوو تا ڕۆژی یەکشەممە بدرێ بە لیژنە و ئەگەر تا ڕۆژی سێشەممە پەسند نەکرا، تێکڕای زانکۆ بەجارێک مان بگرێ و سەرۆکی زانکۆی مافناسی کە خۆی لە لایەنگرەکان بوو ئەم پێشنیازانەی دا بە لیژنە.

هەموو شاگەشکە ببوون و بەتەما بوون کارێکی باشیان بۆ بکرێ. بەرژەوەندی هەموو خوێندکاران بەتایبەت شارستانییەکان کە زۆرایەتی بوون و جێگە و خانوو و پارەی پێویستیان نەبوو بۆ ژیان، لەم پێشنیازەدا لەبەرچاو گیرابوو. ڕۆژنامەکانی لایەنگر سەروتارەکانی خۆیان تەرخان کردبوو بە ڕووداوکانی زانکۆ. دەوڵەت خۆی بۆ هەر پێشهاتێک ئامادە کردبوو. شەوی سێشەممە زاوا لێمی پرسی:

«ئەیانەوێ چی بکەن؟»

ئەیویست وەڵام وەربگرێت و مەترسییەکان ڕابگەیەنێ، بەڵام من زمانم نەبزوا. وتم:

«نازانم.»

بیرم لێکردەوە چ فێڵێک بکەم، پێی خۆم نەگرێتەوە؟ ئەو شەوە ڕۆژنامەکانم خوێندەوە. چەپەکان خوێندکارەکانیان هان ئەدا.

ڕاستەکان ڕێنموونی دەوڵەتیان ئەکرد. تێگەیشتم.

هەتا بەیانی سێشەممە هیچ دەنگ نەبوو. کە چووم بۆ زانکۆ، پۆلیس دەوری زانکۆی گرتبوو. ئوتۆمۆبیلەکانی سپا پڕ لە سەرباز ئامادە بوون. سەرۆکی زانکۆ بۆ دەرخستنی ئەوەی لە سنووری دەسەڵاتی ئەودا هیچ شتێکی خراپ ڕوو نادات، لەبەر دەرگا لە ئۆتۆمۆبیل دابەزی و چووە ژوورەکەی خۆی. کۆمەڵێک لە خوێندکارە میانڕەوەکان، کە لەمبەر و ئەوبەری شەقامی زانکۆ وەستا بوون، ڕیز بوون و چەپڵەیان بۆ لێدا و هوڕڕایان بۆ کێشا و گرووپێکیش هوویان لێ کێشا.

سەرۆکی زانکۆ پاش ڕاوێژێکی کورت لەگەڵ سەرۆکی زانستگەکان چوو بۆ لیژنە.

ئەهاری مەچەکی گرتم و پرسیاری کرد:

«ئێستە ئەبێ چی بکەین؟»

«کارت نەبێ ئێستە فەرمان ئەدەم.»

«تۆ کێیت کە فەرمان ئەدەی؟»

وتم:

«تۆ چکارەی؟ چوویتە لای وەزیر و کورتت هێنا!»

«هیچ شتی وا نییە.»

«بڕۆ. هەموو ئەزانن تۆ شیاوی ئەو کارانە نیت. ئێستەش ئەوەی من ئەیڵێم ئەبێ بیکەی، ئەگینا لەلای هەموان ئابڕووت ئەبەم و ئەڵێم چەند بێ.کەڵکی. ئەڕۆیت ئەچیتە سەر چوارپایەیەک و تار ئەدەیت و فەرمان ئەدەی لیژنە ئەبێ هەتا ئێوارە لەسەر داخوازییەکانمان بڕیار بدات.»

وردەکارییەکانی وتارەکەیم پێوت و تێمگەیاند:

«ئەگەر یەک خاڵی دابخەی خۆم ئەچمە سەر و تەواوی ئەکەم!»

شووتیم دایە بن باڵی و ئەو گەوجەش فریوی خوارد.

هێشتا نەگەیشتبوویە ئەوەی «ئێمە دەرگای هۆڵی کۆبوونەوە

ئەبەستین و ناهێڵین کەس بچێتە دەرەوە هەتا داخوازییەکانمان جێبەجێ ئەکرێ»، من و دەروێشەکانم دەرگاکانی هۆڵەکەمان بەست و قفڵمان لێدا و سیمەکانی تەلەفوونمان قرتاند و هەموو ئوستادە ناسراو و سەرۆکانی کولیەکان، تەنانەت لایەنگرانی خوێندکارانیش، بوون بە بارمتە و یەخسیری ئێمە.

ئەم هەواڵە وەکوو برووسکە لە شاردا بڵاو بوویەوە. یەکەم کەس کە لە سنووری زانکۆ هەڵات، ئەهاری بوو. نەمزانی چوو بۆ کوێ. بە جارێک نەهاتەوە. بەڵام ئەم ڕووداوە، پووشە کایەک بوو، کرا بە کێوێک. بەشێوەیەکی سەیر و سەمەرە بڵاو بوویەوە: کە مامۆستا و خوێندکار بووە بە شەڕیان، بنمیچی هۆڵەکە دارڕژاوە بە سەر مامۆستاکاندا. چەن کەس بریندار بوون. دوو سێ کاتژمێری نەبرد زاوا وەکوو نێچیری بریندار خۆی پێگەیاندم و وتی بەپەلە ئەبێ خۆم دەرباز بکەم. بۆ ماوەی چوار کاتژمێر زیلی پڕ لە سەرباز شەقامەکانی فەراگەردی زانکۆیان گەمارۆ دا و نەڕەی دەبابە هەموانی تۆقاند. پۆلیس وێنەی هەموو ئەوانەی ئەگرت لە زانکوو ئەچوونە دەرەوە. ئیتر کەسیان ڕێگە نەئەدا بچێتە ژوورەوە. چەن کەسێک کە کۆڵیان نەئەدا، گیران و خرانە زیندان. کاتژمێری شەشی ئێوارە سەربازەکان ڕژانە ناوباخی زانکۆ، دەرگای هۆڵەکەیان شکاند و ئوستادەکانیان ئازاد کرد. تا ئەوکاتە، ئەوە گەورەترین شاکاری من بوو لە ژیانی ڕامیاریم و لە ساواکدا. بەخۆشیەوە خوێن لە لووتی کەس نەهات و سەرباز و پۆلیس پێیان کرایەوە بۆ ناو زانکۆ و پلەی من بەرز بوویەوە.

هەر ئەو شەوە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ دکتۆر بیژەن ڕووی دا؛ خەریک بوو بمگرێتە باوەش. خۆی لێی ئەخوڕی، ڕایکێشامە ناو ترومبیلەکە و قۆڵی گووشام.

«چ فێڵەبازێکت لێدەرچووە!»

«خزمەتکارم.»

«چاکت کرد. چەن ڕۆژێک خۆت دەرمەخە. ئەگەر بۆت ئەکرێ لە تاران دەرچۆ.

ویستم سەبارەت بە ئاژاوەگێڕەکان ـکە لە ڕوانگەی ساواکەوە هەموویان کومونیست بوون- ڕاپۆرت بدەم، بەتایبەت ئەهاری... قسەی پێ بریم و وتی «ئەمڕۆ سەر لەبەیانی دوو ڕاپۆرتی دوورودرێژمان پێگەیشتووە و ئاگامان لە هەموو شت هەیە. کارت بەو کارانە نەبێ. چاوەڕێ بە هەتا بانگت ئەکەین. ئەبێ ڕێزی تایبەتت لێ بگیرێت.»

دەستێکی دا بە پشتمدا و دایبەزاندم و، منیش شاد و دڵخۆش چوومەوە بۆ ماڵەوە. هەندێ ئاجیل و شیرینی و شکولاتم بۆ خوشکم، کە پاش تێکچوونی زەماوەندەکەی دڵی لێم ئێشابوو، کڕی و چوومەوە. لەگەڵ ڕوقیە ئاشتم کردەوە، بەڵام هەرگیز نەبووینەوە بەو خوشک و برایەی پێش زەماوەند. یەکتریمان زۆر زۆر خۆش ئەویست. نازانم بۆچی بەڵام هەر لە منداڵیەوە کێبەرکێمان ئەکرد. ڕەنگە من تاوانبار بووم. چونکە من چوار ساڵ گەورەتر بووم و ئێستە خۆم بە گەورەی ماڵەکە ئەزانی. جگە لەوەش نانهێنەری ماڵەکە بووم و چاوەڕێ بووم خوشکی بچکۆلەتر قسەم لێ ببیستێ. لانیکەم لە کارەکانیدا ڕام بپرسێ. کاتێکە بیستم ئاوس بووە و بەری خستووە، هیچ خۆم تێک نەدا. ڕوقیەش کە ئەیزانی سەروبنی ڕووداوەکە ئەزانم، لەوە زیز بوو کە «چ بێ.یرەتێکە، خۆ هیچ نالێ!» ئەگەر لێک هەڵئەگەڕاینەوە و ئەبوو بە کێشە و لێکدانیش، دیسانەوە هەر ئاشت ئەبووینەوە و دۆستایەتی خوشک و برایانە درێژەی ئەکێشا. نازانم ڕەنگە هەستی کردبوو من چکارەم. لەبری ئەو دایکم کە ماوەیەکی زۆر بوو ئەیویست ژنم بۆ بهێنێ، شادی و شیرینی و شوکلاتەکانی منی بە ڕێژەن[١٣] و ودمی چاکە دانا و وای

---

١٣ـ ڕێژەن: blessing ئاوەڵناو فراوانی، پیت، فەڕ، بەفەڕی، بەپیتی، بڕشتی خەلە، فەڕداری ع برکة، نعمة N velsignelse د برکت، نعمت.

لێکدایەوە کە ئێستە ئیتر ڕازیم و ئەو ئەتوانێ دەسپێشخەری بکات و ژنم بۆ بهێنێ. کچە جوانەکەی دراوسێمانی نابوویەوە و هەرجار کە من لەبەر دەرگا یان کۆڵانەکەی ئەوانەوە تێ ئەپەڕیم، ئەمبینی چۆن نازم بۆ ئەکا و خۆی بائەدا. ئەگەر ڕووداوێکی تازە نەهاتایەتە ئاراوە، ڕەنگ بوو لە بیست و پێنج ساڵیدا ژنم بهێنابا.

شەوێک کاتژمێر نزیکی دە بوو، کاتێکە لە ماڵەوە بووم لەقەز ئەمخوێندەوە و ڕاهێنانم ئەکرد، یەکێک منی ویست. ڕوقیە دەرگای لێکردەوە و کابرایەک کە لە تاریکیدا ڕوخساری دیار نەبوو، تەنها ئەوەندەی وت:

«جەنابی دکتۆر بیژەن ئەیەوێ چاوی پێت بکەوێ.»

ترس هەڵیگرتم. ئەمکارانە لەم جۆرە نهێنکاریانەشی هەیە. دفرە گرتمی. یەکێک بە ترومبێل لە شار بردمیە دەرەوە و بردمی بۆ یەکێک لە گەڕەکەکانی شەمیران و لەوێ دەرگای یەکێک لە خانووە تازەسازەکان کرایەوە. یەکێکی تر وەریگرتم و بردمی بۆ هۆڵێکی بەشکۆ.

هۆڵ یەکجار ڕووناک بوو. مێزێکی گەورە لای سەرووی ژوورەکە دانرابوو. چەندین قەنەفەی گرانبایی سەرنجی ڕاکێشام. لەسەر مێزەکە گوڵدانێک گوڵی لێبوو و دوو ئەفسەری پایەبەرز لە دەوری دانیشتبوون و بە ئینگلیزی پێکەوە قسەیان ئەکرد. دەرگایەک کرایەوە و یەکێکی گورجوگۆڵ، خۆی کرد بە ژوورا. دوو ئەفسەرەکە لەبەری هەستان. سیانی تریش کە پێموابێ هەندەرانی بوون، پێیان زیاد بوو... کەسی یەکەم هات بۆ لای من. تەوقەی لەگەڵ کردم و منیش کڕنۆشم بۆ برد. وتی:

«ئەمە فلانیە. فلانی ئەم بەڕێزانە پیرۆز باییت لێ ئەکەن و هەموویان هیوادارن تۆ وەکوو خزمەتگوزار و شاپەرست بمێنیتەوە. ستایشی تێکۆشانی نیشتمانپەروەرانەت ئەکەین و لەم ڕووەوە بۆ ڕێزلێگرتن لە تۆ ئەمەوێ پلەیەکی باشترت پێ بدەم، بۆ ئەوەی

بتوانین زیاتر لە جەربەزە و توانای تۆ بە قازانجی وڵات کەڵک وەربگرین. لەم بابەتەوە دکتۆر بیژەن قسەت لەگەڵ ئەکا.»

دوو ئەفسەرە پایەبەرزەکە و ئەوانی تر لەگەڵ بێ.ەر هەموویان وەستابوون و سەریان ڕائەوەشاند. پاشان بێ.ەر درێژەی دا:

«جەربەزە و بڕیاردانی بەجێی تۆ لە جێی خۆی، بەڵام ئەبێ شارەزایی وەرگریت و خوێندەوارییەکی زیاتر پەیدا بکەیت و لەگەڵ قۆناغە جۆراوجۆرەکانی کارکردن ئاشنا ببیت و ڕەنگە وای بەباش بزانین بۆ فێربوونی زیاتر بتبەین بۆ دەرەوە، تا بە دەستی پڕترەوە بگەڕێتەوە بۆ وڵات.»

دەستی هێنا بۆ تەوقە. لە خزمەتیا وتم:

«بۆ ئەنجامی هەموو فەرمانێک ئامادەم.»

ئەوانیتر بەتایبەت ئەو دوانەی لەگەڵی هاتبوونە ژوورەوە و تووکیان زەرد بوو و ڕواڵەتیان هەندەرانی، دەستێکیان دا بە شانمدا و ڕێگەیان دا بڕۆم. هێشتا نەم ئەتوانی لە ڕووی قوببەکانیانەوە[١٤] بزانم چ پلەیەکیان هەیە. وابزانم ئەفسەرە گورجوگۆڵەکە بەختیار[١٥] بوو.

ئەو کەسەی لە تاریکایی ناوکۆڵانەوە هێنابوومی بۆ ئێرە لە پشت دەرگا وەستابوو. سواری کردم و بردمیەوە بۆ ماڵەوە.

دایکم و ڕوقیە بە ترس و لەرزەوە لە ماڵەوە چاوەڕێیان ئەکردم. درۆم لەگەڵ کردن و وتم زەماوەندی یەکێک لە هەڤاڵەکانم بوو و هەرچەند بانگ کرابووم بەڵام نەیاندۆزیبوومەوە. دایکی خۆشباوەڕم لێی وەرگرتم. بەڵام ڕوقیە زیاتر لێم بە گومان بوو و زیاتر لێم دوور کەوتەوە.

ئەمە خۆشترین کاتەکانی ژیانم بوو. بەداخەوە هەرگیز دووپات

١٤ـ ئەستێرەی هەشتپەڕ، بەسەر شانی ئەفسەری لە سەرهەنگ بەرەوژوورە.

١٥ـ بەختیار: ژنراڵ تەیمووری بەختیار، دامەزرێنەر و سەرۆکی ساواک، کە حەمەڕەزا شا لێی ترسا و کارکەناری کرد. بەختیار هەڵات بۆ دەرەوە. ئەیویست شا لابەرێت، هێزی چەکدار و ڕادیۆی دامەزراند، بەڵام لە عیراق ترۆر کرا.

نەبوونەوە.

رووداوی جۆراوجۆر و بەڕێکەوت بووە هۆی ئەوەی من بەوجۆرە پێش بکەوم. هەڵبەت خۆ بەئاوادانی خۆشم ڕۆڵی هەبوو. بەڵام بەختیش یارم بوو. لە دڵەوە لەگەڵیان نەبووم. هەرچی زیاتر لێکم ئەدایەوە ئەمبینی لە دڵ و گیانەوە لەگەڵیان نیم. ئەم دکتۆر بیژەنە زۆر فێڵەباز بوو. شام خۆش ئەویست و بە ڕووگەی ئەم جیهانەم ئەزانی. وردە وردە تێگەیشتم خەڵکی خۆیانم لێ دوور ئەخەنەوە. ئەچوومە ناو هەر کۆمەڵێکەوە، لە چاخانە و لە گەڕەک، لە وتووێژ لەگەڵ بەقاڵ و چەقاڵ دەورم چۆڵ ئەبوو و ئەوانیش حەزیان لێ نەبوو بمدوێنن. دراوسێکان ئێرەییان پێ ئەبردم کە ئەوە چۆن بوو منێک کە کەس نەی ئەناسیم، ئاوا لە دەزگای بەڕیوەبەرێتی کارم پەیدا کردووە و خەریکە نانی ئەوان ئەبڕم. هەندێکیش مشەمشیان بوو. ڕەجەب بێ.ەوا بە چاوێکی ڕیپۆقاوییەوە حەماڵی ئەکرد، هەرکات ئەمی بینی بە شان و باڵیا هەڵئەدام. بیستبووی دەستم بە دەمم ئەگات و پێی وابوو ئەمەوێ ماڵ بگوێزمەوە، چاوەڕێ بوو دەستی بگرم. «قوربان ئێمە دەستپەروەردەین. هەر خزمەتێکمان لەدەست بێ.کۆتایی ناکەین.»

مەشەدی ڕازی لەسەر کۆڵانەکە بەقاڵی هەبوو. هەرکات لەبەر دووکانەکەیەوە تێ ئەپەڕیم، ئەیوت: «کەی لە زەماوەندەکەت هەڵپەڕین؟» کچەکەی چواردە ساڵان بوو و ئەیویست من بکات بە زاوای خۆی. خەڵکێکی جۆراوجۆر خۆیان دەرئەخست. لە ڕوخسار و ڕەفتاریان وا دەرئەکەوت یان ئێرەییم پێ ئەبەن یان دڵیان بە شتێک خۆش کردووە.

چەندین مانگ کارم سەروبن کردنی دۆسیەکانی ئەرشیفی بەشی خوێندکاران بوو. هەڵبەت بەڵێنم دابوو کوێر و کەڕ و لاڵ بم. لە هیچ زانیارییەک کە ئەیبینم سەرم سووڕنەمێنێ و خوانەخواستە قسەیەکم لەدەم دەرنەچێ. مەبەست ئەوە بوو من لەگەڵ خوێندنەوەی

دۆسیەکانی ئەرشیف لە شێوازی کارکردن، گومانلێکراوان و لێپرسینەوە و هەڕەشە و هەڵخڕاندن و کڕین و تەمێ و سزادان ئاشنا ببم. شتی وام دی هەرگیز بە بیرمدا نەهاتبوو. لە ڕووی ڕاپۆرتەکانەوە قسە و گێڕانەوەی خوێندکاران، کە بە گوێی خۆم بەشێکیانم بیستبوو، خاوەنی ڕاپۆرتەکانم ئەناسیەوە. سەرەڕای ئەوەی ناوی نهێنی و نازناویان بۆ خۆیان دانابوو. تۆقام، کاتێکە بۆم ڕوون بوویەوە چەندەی وەکوو من لە زانکۆ خول ئەخۆنەوە و کارەکانی من ئەبینن و بە وردی ڕاپۆرتەکەی ئەنێرن. کاتێکە وشەکانی خۆم لە زمانی یەکێکەوە بە ناوی درۆینەوە خوێندەوە کە: «ئەگەر یەک خاڵی دابخەی، خۆم سەرئەکەوم و هەمووی ئەڵێم.» ئیتر گومانم لەوەدا نەما کە ئەهاری شۆڕشگێڕ لە سمدارەکانە و ئەو پیلانەی ئەبوایە ئەو بەڕێوەی بەرێ، من ئەنجامم دابوو. ئەویان ناردبوو بۆ زانکۆی شیراز و بڕیار درابوو لەوێ خوێندکاران هان بدات و بکەوێتە دووزمانی. نەمبینی، هەتا پاش چەند ساڵ لە حیزب چاومان بەیەک کەوت. هەڵبەت پێم نەوت چکارەیە و بە چ ناو و ژمارەیەک لە ساواک کار ئەکات. زانیم ئەبێ زۆر وریا بم، چونکە تەنها من نیم و ئەوانی تریش ئاگایان لە منە. لەم دیاردە سەیرانەم زۆر بینی کە ئەزموونم لێوەرگرتن و لێیانەوە فێر بووم.

بەڵام ئەو شتەی زۆر ترساندمی و تووڕەی کردم و خەریک بوو ژێوانی ئەکردمەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە خەریک بوو بدەم بە کێوا و خێر و بێریان ببەخشم بە خۆیان، کاتێک بوو کە دۆسیەکانی گەڕەکی خۆمانم خوێندەوە. کامانە لە ڕیزی گومانلێکراودا بوون؟ خەریک بوو تێکم بدات. یەکێک بۆڵەی کردبوو نانەوا نانی ترشاوی فرۆشتووە و سیخوڕەکان ئەمەیان بە دژایەتی شا دانابوو. یەکی تر کوڕەکەی چووبوو بۆ کونکوور و دەرنەچووبوو و لە شوێنێک ویتبووی «لە هەموو شوێنێک نان بەقەرزدانە و بە نەدار و هەژار ناگات.» سێهەمی لە نامەیکدا بۆ هەڤاڵەکەی نووسیبوو لە گیلان

قۆزاخە مەکرە، چونکە گران ئەکەوێ و زیادییەکەی ئەچێتەوە گیرفانی دەوڵەتیەکان. سیخورِ «دەوڵەتیەکانی» بە شا و دەربار و کەسانی شا وەرگێڕابوو. یەکی تر داوای کردبوو بە ئینتوریستی ڕووسی بچێ بۆ ئورووپا. ئەو نەگبەتەیان بانگ کردبوو و لێیان پرسیبوو ئەیەوێ لە مۆسکۆ کێ ببینێ و لە کەیەوە کومۆنیستە. ئەو ژنە ڕۆژە ڕەشە کە ئاگای لە هیچ نەبوو، گەشتی لەبیر خۆی بردەوە و ئیتر جگە لە کەربەلا و نەجەف بۆ هیچ شوێنێک نەچوو.

من ئەبێ نێوانی خۆم لەگەڵ سمدارەکان یەکسەری بکەمەوە!

بەڵام کاتێک زیاتر لەرزم لێ نیشت، کە بینیم لەناو گومانلێکراوەکاندا ناوی ڕوقیەش براوە. خوشکم لەوکاتەدا لە فرۆشگەی فردەوسی کاری ئەکرد. فرۆشەر بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی خوێندەوارییەکی هەبوو، سەرپەرشتی چەن فرۆشەرێکیان پێ ئەسپاردبوو. تاوانەکەی یان باشتر بڵێم تۆمەتەکەی[١٦] ئەوە بوو کە بە پێچەوانەی دایکی و خزم و کەسوکار ناچێ بۆ مزگەوت و ڕەوزخوێندن و شازدە عەبدولعەزیم و ئیبن بابوویە و، لە سینەما و لە شانۆ دیویانە! بەتایبەت یەکێک لە فرۆشەرەکانیان لە کۆبوونەوەی پۆلێکی حیزبی بینیوە.

ناوی ئەم گەنجە فەرزان بوو و لە دۆسیەکەیدا ئاماژەی پێکرابوو ئەبێ زۆر بە توندی بخرێتە ژێر چاودێرییەوە. نەموێرا لەمبارەیەوە هیچ بە خوشکم بڵێم. ئەمزانی بەرێگەی خۆیدا ئەڕوات و وەکوو کچانی پێشکەوتوو جل لەبەر ئەکا و ئەوەندەی بۆی بکرێ شیک پۆشە.

شەوێک لەبەر چاوی دایکم لە ڕوقیەم پرسی:

ـ لە شەقام لەگەڵ فەرزان خان دیتانم. باش ئەیناسی؟

ـ بە تۆ چی؟ وەستا گووخۆری منی؟

١٦ـ تاوان و تۆمەت: تاوان کردەوەی نەشیاوی سەلماوی دژی ڕێسایە و تۆمەت خستنەپاڵی کاری خراپە و هێشتا نەسەلماوە.

دایکم تەشەری لێدا:

ـ کچم برا گەورەتە. لەجێی باوکتە. بۆی نییە بپرسێ لەگەڵ کێ هەڵسوکەوت ئەکەیت؟

خوشکم بە ڕێزەوە، بەڵام زۆر بەتوندی وەڵامی دایەوە:

ـ دایەگیان، مەگەر من لەوم پرسیوە چکارەیە و لە کوێ ئەهێنێ مانگی سێسەد تمەن ئەدا بە تۆ؟ ئەڵێ بازرگانی ئەکات. بەڵام هیچکەس هەرگیز کاڵاکەی نەبینیوە.

زانیم ئەبێ کورتی بکەمەوە. ئەم چیرۆکە زۆری بەبەرەوە بوو. بڕیارم دا خۆم پەیشوێنی فەرزان بگرم. لە دۆسیەکاندا شتێکی سەرنجڕاکێشم نەدۆزییەوە. وام بە باش زانی لەناو حیزبدا وەدووی کەوم بەڵکوو گەزنەیەکی دەستگەزم دەسکەوت. بەڵام دۆسیەی حیزبیەکان کە قەفەسەیەکی پڕکردبوو لە دەسەڵاتی مندا نەبوو. وتم داوابکەم ڕێگەم بدەن بیانخوێنمەوە. بەرپرسی ڕاستەوخۆم دکتۆر بیژەن بوو. هەڵبەت زۆر زوو تێگەیشتم ئەمە ناوی خوازراوی درۆینە و خۆشی درۆیە و دکتۆریەکەشی. خۆشی ئەویستم و هەرکات ئەیدی زێدەرەویم کردووە ئامۆژگاری ئەکردم: «کارێک نەکەیت گومان لە خۆیشت بکەن.» پرسەکەم لەگەڵ باس کرد و وتم:

ـ لە دۆسیەکاندا ناوی خوشکم ڕوقیە براوە و حەز ئەکەم بزانم ئەگاتە کوێ.

وەڵامی دایەوە:

ـ نیگەران مەبە، لەسەر ڕوقیە بە ئەندازەی پێویست لێکۆڵینەوە کراوە و لە هیچ گرووپێکدا نییە.

وتم:

ـ لەگەڵ یەکێک بە ناوی فەرزان ئاشنا بووە لە فرۆشگە کار ئەکات، و گوایە ئەو حیزبیە.

وەڵامی دایەوە:

ـ بوو، ئیتر ناچێت بۆ حیزب. یەک دوو جار لە پۆلێک بەشداری

کردووە و ئیتر ڕوی تێنەکردوونەتەوە.

ـ ئێوە چۆنی بەباش بزانن.

ـ چەن حەفتەی تر پەلە مەکە، با بزانین چۆن ئەبێ.

پاش چەند حەفتەیەک دکتۆر بیژەن هەواڵێکی خۆشی بۆ هێنام:

ـ خۆت بچۆ و ببە بە حیزبی. پاش ماوەیەک دۆسیەکانیشت ئەدەینێ.

من کە خوێندکار بووم و ڕاستەکەی وانەشم ئەخوێند و زۆر لەو پەرتووکانەم ئەخوێندەوە ئوستادەکان پێشنیازیان ئەکرد. زۆربەی تێ نەئەگەیشتم، بەڵام هەوڵم ئەدا خۆم فێرکەم. چوونە ناو گرووپی خوێندکارانی حیزبی کارێکی دژوار نەبوو. چەن حەفتەیەکی پێچوو تا پێم کرایەوە بۆ حیزب و خۆم بووم بە جێگری بەرپرسی پۆل و کارم گرتی و پرسینەوە لەم و لەو وەکوو ئاوخواردنەوە وابوو. ساڵێک لە لق و لیژنەی ناوچەکان و کومیسۆنی لێکۆڵینەوە خولامەوە و شتێکی وام نەدۆزییەوە سەرنجم ڕابکێشێ. شتێکی وایان نەبوو بەکەڵک بێت. جارێک بۆ ڕاسپاردەیەک ناردمیان بۆ شیراز. ئەهاریم بینی کە لەوێ بێنەوبەرەیەکی هەبوو و جێگەی متمانە بوو. نەمخستە خۆم کە ئەیناسم. لەوێ بۆم دەرکەوت لە دەست و پێوەندەکانە و هێشتا خولی تاقیکردنەوەی تێ نەپەڕاندووە تا پلەی بەرزتری بدەنێ. دەرکەوت لە ڕووداوەکانی زانکۆ و زیندانیکردنی ئوستادەکاندا من پێش کەوتووم و ئەوم ناردووە بە دوای نۆکە ڕەشکەدا. لە ئەهاری نزیک کەوتمەوە و خۆم وا پیشان دا زۆر توندوتیژم و دڵیم ڕاکێشا. درکاندی شیراز ئاوێکی وای لێ نییە بۆ مەلە کردن بشێ و حەز ئەکا بگەڕێتەوە بۆ ناوەند، لەوێ هەزار کەرەسەی پێشکەوتن هەیە. بەڵام لێرە لە شیراز، دار بدەی بە سەری سەگدا هیی وەکوو ئەو زۆەرن. بۆ ئەوەی تەواو لە خشتەی بەرم بەڵێنم پێدا لە تاران کەرەستەیەک بدۆزمەوە بۆ کارێکی گرنگتر لە ڕۆژنامە یان لە لیژنە بانگی بکەن. ئەم فێڵە گرتی. ئەهاری کە هەم خوێندکار و هەم بەرپرسی دارایی

لیژنەی ناوچە بوو لە شیراز، لە نێوان دۆست و هاوڕێیانی حیزبیدا خۆشناو و خۆش هەژمار بوو و هیچکام لە هەڤاڵەکانی نەی ئەزانی سەری لە کام ئاخوڕ دایە. کاتێک بۆم ئاشکرا بوو چەند ناپیاوە کە زانیم لە ڕاپۆرتەکانی شیرازدا تەنانەت دوخمانی لەم دۆست و هاوڕێیانەشی کردووە.

پاش چەند مانگ ئەهاری بە هۆی پاکی و ئەمانەتدارییەوە لە لایەن حیزبەوە بانگکرا بۆ تاران و، کرا بە بەرپرسی یەکێک لە ڕۆژنامە نیوە فەرمییەکان و لە هەمان کاتدا بوو بە ئەندامی دەزگای داراییش. بەو دوو مووچەی لە حیزبی وەرئەگرت، ژیانی ئەگوزەرا. بەڵام ئەو پارەیە بۆ ئەوی پلەپەرست بەس نەبوو. ئەوەی تا ئێستە نووسیومە و ئەینووسم هەمووی لە ڕووی دۆسیەکانی ساواکەوەیە.

کاتێکە لە شیراز گەڕامەوە، یەکەم پرسیاری دکتۆر بیژەن ئەمە بوو:

ـ ئەهاریت چۆن بینی؟

وتم:

ـ قاپی هەموویانی دزیوە!

دۆسیەکەی لە چەکمەجەی مێزەکەی دەرهێنا و دای بە من. من ئیتر ئەهاریم نەبینی تا کاتێکە لە ڕۆژنامەکاندا خوێندمەوە لە پاریسە و بۆ خۆی خەریکە دکتۆرا وەرئەگرێ.

چ فێڵێکی کرد کە توانی خۆی بگەیەنێتە پاریس؟ بۆخۆم چەندین جار گوزەرم کەوتە نووسینگەی ساواک لە ژنێڤ، دۆسیە و بەڵگەکانی ڕابوردووی هەموو خوێندکاران لەوێ کۆ کرابوویەوە.

ئەهاری ئەوەندە هات و چوو هەتا خۆی چەسپاند. لە دەزگای دارایی هەمیشە ئەکرووزایەوە کە نییانە. شارستانیەکانیش نەک هەر یارمەتیان نەئەدا، بەڵکوو بۆ بەڕێوەبردن و چاپی بڵاوکراوە هەمیشە دەستیان پانەوە کردبوو. چەند جار باسی دەستوەشاندن لە بانگەکان کرا. بەڵام سەرکردەکان ڕازی نەبوون و ئەیانوت زووە.




پاشان پێشنیازێکی دارایی لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی، کە چەند کەسێک لە دەزگای دارایی تێیدا بەشدار بوون، کرا کە تەواوی ئەندامان داهاتی ڕۆژێکیان بدەن بە حیزب بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی ئابووری.

لە تاران، پەڕاپەڕی حەوشەی یانە، لە هەموو ژوورەکاندا قوتوویان دانا تا هەرکەس هەرچەنی پێ ئەکرێ یارمەتی بدات. سێ ڕۆژ ئەم پارە کۆکردنەوەیە درێژەی کێشا و وتیان چەند هەزار تمەنیان کۆکردۆتەوە. ڕۆژی یەکەم سەران و سەرکردەکان پارەی قەڵەویان هاویشتە سندوقەکان و ئەمانیش چاویان لێکردن و ئەمەیان بە سەرکەوتنی حیزب دانا. لە لایەن دەزگای داراییەوە دوو کەس کران بە بەرپرسی پاراستنی پارەکان. هەموو شەوێک پارەکەیان ئەخستە قاصەی حیزب، کە کلیلەکەی لەلای ئەندامانی لیژنەی دارایی بوو کە لە لایەن کومیتەی ناوەندییەوە دائەنرا. کەس نەیزانی لە کوێوە کلیل کەوتە دەست ئەهاری و هاودەستەکەی، کە تێکڕای پارەی کۆکراوەیان فڕاند و ئیتر کەس ئەهاری لە حیزبدا نەبینیەوە.

ئەم ڕازە هەرگیز ئاشکرا نەکرا، مەگەر لە پەروەندەکانی ساواکدا. لە دۆسیەدا ئاماژەیەکی پێکرابوو پاش ئەم دەسوەشاندنە ڕێگەی پێدراوە بچێ بۆ ئوورووپا. لە ڕۆژنامەکاندا خوێندمەوە ئەهاری وتوویەتی بەو مەبەستە پارەی حیزبی دزیوە تا بچێ بۆ ئوورووپا و لەوێ بخوێنێ و دکتۆرا وەربگرێ! لە جێگەیەکی تردا پاشماوەی بەسەرهاتەکە ئەگێڕمەوە، چونکە ئەبینم ئێستەش لە پاش ڕاپەڕین کلکی دەرهێناوە و باسی شاپەرستی و نیشتمانپەروەری ئەکات.

هەوڵی گرنگم لەناو حیزبدا زیاتر بەو مەبەستە بوو بەر بە ڕۆژەڕەشی ڕوقیە بگرم. لە حیزب هیچ شوێنەوارێکی فەرزانم

نەدۆزییەوە. وتیان چووە بۆ فێرگەی سپا و ئیتر کاری بە سەر ڕامیارییەوە نییە. لە کاتی گەڕان بەدوای فەرزاندا یەکێکم دۆزییەوە بە ناوی «شێخە» کە دەستی سەد نەسیمی عەیاری[١٧] لە پشتەوە بەستبوو و هەر کاتێک لە ڕەنگێگ خۆی گۆڕابوو. ئەم کابرایە تەنانەت بەڕێوەبەرانی ساوکیشی دەسخەڕۆ کردبوو. کاتێک مێزەری مەلای بە سەرەوە بوو و هەندێکی تر سەرڕووتی کاکۆڵ چەور. هەم پەرتووکی «سەرمایە»ی کارل مارکسی بە عەرەبی لە ژێر عەباکەیەوە پێ بوو و، هەم قورئانێکی بچووکی چاپی چێکۆسلۆڤاکیای ئەبەست بە قۆڵیەوە! هەم نوێژخوێن و هەم قاچاخچی بوو. هەرکات ئەهات بۆ حیزب ئارەقچنێکی شڕۆڵەی ئەکردە سەری و عابایەکی لە خۆی ئەئالاند و لە سووچێکا کڕ ئەبوو. هەرگیز نەبوو بە ئەندامی حیزب. بەڵام وای دەرئەخست لەگەڵ سەرانی حیزب بێنەوبەرەی هەیە و هەم لەگەڵ گەورەکان و دەوڵەتیەکان. چ بە جاکەت و پانتۆڵەوە و چ لە بەرگی ئاخوندیدا تەنها بە ڕیشە بزنیەکەیدا ئەناسرایەوە.

ئەوەی کە سەرنجی منی بۆ لای ڕاکێشا، ئاشنایی ئەو بوو لەگەڵ فەرزان. ئەمویست بزانم پەیوەندییەک لە نێوان ڕوقیە و فەرزان و ئەم شێخەدا هەیە یان نا؟

شەوێکیان، ڕوقیە لەبەر چاوی دایکم لێی پرسیم:

ـ تۆیش بوویت بە حیزبی؟ چەن هەوا ئەیکوتی؟

نەمئەویست سەر بخەمە سەری، بەڵام ئەمویست قسەی لێ دەرکێشم. لەم پرسیارەیەوە دیار بوو سەری بە شوێنێکەوە بەندە. وتم:

ـ حیزب ئیتر چییە؟ تۆیش هاتوویتەتە ڕیزی مرۆڤەوە و باسی لە دەمت زلتر ئەکەی؟

---

١٧ـ نەسیمی عەیار: لە پێرسۆناکانی پەرتووکی ئەسکەندەرنامەی نیزامی گەنجەوییە هیی ساڵی ١٢٢ کە کاری سەمەرەی ئەنجام داوە. فیلمێک هەر بەو ناوە دروست کراوە و، نەسیم لە عەیارەکانی سەردەمی شا عەباسی سەفەوییە و، کاری عەیارەکان نانەوەی ئاژاوە بووە لە وڵاتی دوژمن.

ـ زۆر وەستای. لاسایی کەو ئەکەیتەوە. سەرت کردووە بەبن بەفردا و هیچ نابینی و پێت وایە کەسیش تۆ نابینێ!

ـ کە چی؟

ـ هەر ئەوەندەی کە وتم.

ـ فەرزان ئەم قسانەی فێر کردوویت؟

ـ لە خۆوە فەرزان تێکەڵ مەکە. ئەو تەنها ڕۆژێک لەناوتاندا بوو و، ئەوەندەی کە زانی بۆ ڕاست بچێ و بۆ چەپ بچێ ئەبێ سەوزی بۆ ڕووسەکان پاک بکات؛ بەجێی هێشت و ڕۆیشت.

ـ کەوابوو شێخە فێری کردوویت؟

ـ شێخە کێیە؟

دیار بوو نایناسێ و تەنانەت ناویشی نەبیستووە. بەڵام داکۆکی کردن لە فەرزان دەری ئەخست ئەگەر کەین و بەینیشی لەگەڵی نەبێ، بێلایەن نییە بەرامبەری. دایکم کە تا ئێستا لە سووچێکا لەلای سەماوەرەکە دانیشتبوو و دۆعای ئەخوێند و تەڕەماشی پاک ئەکرد و وای دەرئەخست ئاگای لە ئێمە نییە، وتی:

ـ روقیە ئەیەوێ لەمڕۆژانەدا فەرزان خان بانگهێشت بکات بۆ نیوەڕۆ، با ڕۆژێک بێ تۆش لەماڵەوە بیت.

من بەڵێنم وەرگرت و گورج وەڵامم دایەوە و وتم:

ـ هەر ڕۆژێک بێ من ئامادەم. بەس دوو سێ ڕۆژ پێشتر پێم بڵێن کە کاتم هەبێت.

روقیە زاراوەی «دوو هەوا»ی بەکارهێنا و ئەم وشەیە دڕدۆنگی کردم، نەکا ناوبانگێکی وەهام بەدواوە بێ. وتووێژەکەی نێوان خۆم و ڕوقیەم کتومت بۆ دکتور بیژەن گێڕایەوە. وتی:

ـ ئەبێ زیاتر ئاگات لەخۆت بێ.کە کارەکانت پەکی نەکەوێ. لەناو حێزبدا جارێ هیچ باسێکی ئەوتۆ نییە. لە حیزب بگەڕێ. وەکوو پاشەکەوت ڕایگرە بۆ کاتێک کە پێویستت پێی هەبێت. هەرچی بێ ئەندامێکی حیزبیت. خوێندن و ڕاهێنان بکە بە بیانوو و خەریکی

کاری خۆت بە.

وتم:

ـ ئەمەوێ بزانم ئەم شێخە کێیە و تا چ ڕادەیەک لە چارەنووسی ڕوقیەی خوشکمدا دەستی هەیە.

هەندێ بیری کردەوە. ناوچاوێکی ترنجاند و وتی:

ـ کاری ئێمە لێکۆڵینەوەیە لەسەر ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە ڕووسەکانەوە هەیە. ئێمە ئەبێ ئاگامان لە خاوەنشکۆ و دەوروبەرەکانی بێ. ئەوانیتر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. ئەگەر بمانەوێ لە دەستوپێوەندەکانی ئینگلیز و ئەمریکا بکۆڵینەوە ئەبێ نیوەی دامودەزگاکانی حکوومەت بخەینە ژێر چاودێرییەوە. گیری کاری شێخە ئەوەیە ئێمە هێشتا بۆمان دەرنەکەوتووە سەری بە کوێوە بەندە. ئەم کابرایە لەو خوێڕییە ژمارە یەکانەیە کە هەم بە ڕاستدا لێ ئەدا و هەم بە چەپدا ئەڕوا. جێ دەستی تەنانەت لە دەرباریش دیارە. هەر جارەی خەریک بووە پێی هەڵخلیسکێت و بکەوێ، یەکێک لە سووچێکەوە پەیدا بووە، دەستی گرتووە و دەربازی کردووە. کاری ئەو هیچ پەیوەندییەکی بە ڕوقیەوە نییە. بەڵام بۆ ئەوەی زیاتر شارەزایی پەیدا بکەیت و نەکەویتە ناو گێژەنەوە، ئەڵێم دۆسیەی شێخەت پێ بدەن. ڕەنگە بۆ زۆر سەرچاوە کەڵکی هەبێت. بەڵام ئێمە تەنها تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە خۆمانەوە هەبێ پەیشۆنی ئەگرین.

لە ناوەرۆکی مژارەکە گەیشتم و بۆم دەرکەوت دۆستایەتی و ئاشنابوونی لەگەڵ فەرزان بە ڕێکەوت بووە. بانگهێشتنەکەی ڕوقیەش هیچ ئەنجامێکی نەبوو. فەرزان کە خەریک بوو ئەبوو بە ئەفسەری پۆلیس، کابرایەکی تێگەیشتوو و وریا بوو. بالابەرز، چوارشانە، ئارام و بیرمەند. زیاتر گوێی ئەگرت تا قسە بکات. نەئەترسا چاو ببڕێتە ناوچاوم. وەڵامی پرسیارەکانمی لابەلا ئەدایە، یان ڕاستەوڕاست ئەیوت نا، نازانم. ئەگەر فێڵ و فڕێکی هەبوو،

لە من زرنگتر بوو و بە ئاسانی خۆی نەئەدا بە دەستەوە. کاتێک باسەکەم ڕاکێشا بۆ شێخە، زۆر بە ڕاشکاوی وتی:

ـ ئەو پیاوی ئێنگلیزە و من سەروکارم لەگەڵ ئەو جۆرە کەسانە نییە.

شتێکی گرنگ کە دەستم کەوت ئەوە بوو کە زانیارییەکانی ڕوقیە لەسەر «دوو هەوا» بوونی من لە جێگەیەکی ترەوە سەرچاوەی ئەگرت، نەک لەم لایەوە.

ڕەفتاری فەرزان لەگەڵ ڕوقیە زۆر ئاسایی بوو. دڵدار نەبوون و دەزگیران بازیش لە ئارادا نەبوو. زۆر شیانست[۱۸] و شاد پێکەوە ئەدوان و هیچ لەوە نەئەپرینگانەوە تەشەر لە یەکێک بدەن و قاقا بکێشن.

بەڵام دۆسیەکەی شێخە چاوی کردمەوە. دەرکەوت جگە لە ساواکی ئێمە کە لە باری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕامیاری چەپەکان ئەکۆڵێتەوە، دەزگایەکی تریش لە کۆناوکۆنەوە هەیە بە بووجەیەکی یەکجار باڵا و بەبێ ئامێری تەکنیکی کاری خۆی ئەنجام ئەدا.

شێخە لە ساڵی ١٩٤٢ ـەوە پێشینەی ڕامیاری هەبوو و لە ڕووداوەکانی ١٧ی ئازەر[۱۹] سەرەڕای ئەوەی تەمەنی ٢٢ ساڵ زیاتر نەبوو، ڕۆڵێکی هەرچەند نە زۆریش، گرنگی هەبووە.

لە ناکۆکیەکانی نێوان دەوڵەت و دەربارادا کە هەرکامیان ئەیانویست باڵادەستی خۆیان بسەپێنن، بەشداری هەبووە.

خەنیمەکانی قات و قڕی، شەڕیان کردە بیانوو و خەڵکیان بەردایە گیانی یەکدی، کوشتیان و خۆیان ڕێککەوتنەوە. لە ڕووی ڕاپۆرتەکانی

---

١٨ ـ شیانست: worthy ئاوەڵناو شیاو، شایستە، لەبار، ڕێزدار ع ذو قیمة N verdig د مؤدب، شایستە E excellence, honorable. G هەنبانە بۆرینە

١٩ ـ ١٧ی ئازەر: ڕۆژی ٨ی دیسامبری ١٩٤٨ کە لەو ڕۆژەدا سەرۆک وەزیران عەبدولحسێنی هەژیر کشایەوە و محەمەد ساعێدی مەراغەیی کرا بە بەرپرسی دانانی کابینەی تازە.

دەزگای دووەمەوە، ئەگەر ئەو ڕۆژە شا دەستی هەڵنەبڕیایەت و خەنیمەکەی نەبەزاندایەت، ئەو پێشکەوتنە پرشنگدارەی ئەمڕۆ دەستمان کەوتووە، بەدەست نەئەهات. دەوڵەت داوای دەسەڵاتی لە پەرلەمان ئەکرد و، دەربار لە ڕێگەی هەندێ لە نوێنەرانی پەرلەمان و ڕۆژنامەنووسەکان ئەم دەسەڵاتانەی پەسند نەئەکرد. گرووپێک لە خوێندکاران چوون بەرەو پەرلەمان تا قسە لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان بکەن. پۆلیس و فەرمانداری سەربازیی هێزەکانی خۆیان ئامادە کرد و بەریان دانە گیانی خۆپیشاندەران. فەرزان لەو سەردەمەدا لەگەڵ شێخە کە هێشتا ڕیشی بزنی نەبوو، ئاشنا ببوو. ئەم گەنجەی لەناو خوێندکارەکاندا دیبوو و هەندێ ڕاپۆرتی تریشی لەناو ڕاپۆرتەکانی ڕوکنی دوو و دەزگای ڕامیاریدا دووپات ئەبوویەوە. هەندێجار لە بازاڕەوە سەری دەرئەهێنا. هەندێجار لە مەشهەد لە حەوشی خزنی ئیمام ڕەزا بە قازانجی حیزب بانگەشەی ئەکرد. هەم لەگەڵ خێڵی بەختیاری بوو و هەم لەگەڵ قەشقاییەکان. ساڵی ١٩٤٦ بە ڕیش و پەشمەوە لە نەیشاپوور دیبوویان و چەند ساڵ پاشتر لە شیراز بە ڕیشی بزنیەوە. کاتی ئاگردانی ماڵی سەرۆک وەزیران کە لەژێر چاودێری پۆلیس و سەربازدا جێبەجێکرا، بینرابوو. سەرۆک وەزیر هەندێ لە ڕۆژنامە نووسەکانی بۆ چەند ڕۆژێک گرتبوو، شێخەش لە ناویاندا ببوو. لەو چەند ڕۆژەدا پەیوەندی نێوان ئەو و دەسەڵاتداران دامەزرا. ئەم پەیوەندییە ئەوەندەی خایاند کە خۆی بوو بە یەکێک لە دەسەڵاتدارانی لێزان. حەفتەیەکی نەبرد سەرۆک وەزیر و دەربارییەکان پێکەوە سازان و ئەم بەڵایە کە خەریک بوو ئەبرا بۆ دادگا، لەبیر کرا.

شێخە لە زیندان نەک هەر پشتیوانی دەسەڵاتدارانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، لەگەڵ دوو برای بازرگانیش ئاشنا بوو و لەو، ڕووەوە پشتگەرمییەکی دەرەکیشی پەیدا کرد. ئەگەر ناوی ئەم دوو بازرگانە ببەم، نانی خۆم بەستووە بە کۆڵی ئاسکەوە. چونکە هەتا

ئێستاش دەسەڵاتێکی وایان لە بەردەستدایە کە نەک هەر ڕوکنی دوو و دەزگای ڕامیاری ئەو ڕۆژانە، بەڵکوو پشتگیرانی ساواکیش دەرەقەتیان نایەت. ئەم ئاماژەیە بەسە بۆ ئەوەی جووتەبرا تێبگەن و بزانن لەم سەردەمەشدا خەڵکانێک هەن کە دەمیان تەنها بە زێڕ دائەخرێ.

باس باسی شێخە بوو کە لە بنەماڵەیەکی دەسکورتدا لەدایک ببوو. خوێندنی خولی ناوەندیشی تەواو نەکردبوو. نەچووبووە خوێندن، خەتی نەنووسیبوو، بە غەمزە غغغ خۆی بە مامۆستای سەد مامۆستا ئەزانی.

هەوڵی دا و ئاشناییەکەی لەگەڵ دەربارییەکان نوێ کردەوە. گۆرانی سێ قەرانی بۆ ئەخوێندن، نوکتەی سووکی بۆ ئەگێڕانەوە و ڕای ئەکێشان بۆ لای خۆی. هۆشبەری وەکوو هیرۆیین و کۆکاینی لێ ئەسەندن. تریاکی هەرزانی لێ ئەکڕین و لە میوانیەکانیدا و لە بەزمەکانی ڕابواردندا کە بەرپای ئەکرد، ئەیدا بە دەستوپێوەندەکانی ڕامیاری و لەم ڕێگەیەوە ئابڕووی ئەکڕی و سامانی ئەنا بەیەکەوە. لێرە بەدواوە هەرچی لەسەر شێخە باس بکەم لە ڕووی دۆسیەکەی ساواکیەوە ئەیگێڕمەوە.

زۆری پێ نەچوو بوو بە ڕۆژنامەنووسیش. هەم موسەدقی بوو و هەم دەرباری. ئەم تایبەتمەندییەی لە سەرەتاوە ساواکی گێژ کردبوو. لەبەر ئەمەش بوو کە نەئەکرا کەسایەتیەکەی بخرێتە چوارچێوەیەکەوە و ناوی لێ بنرێ. لە ڕۆژنامەکەیدا هەم ڕەخنەی لە حیزب ئەگرت و هەم بە شان و باهۆی ستالینیدا هەڵئەدا و ئەیپەرەست. ئەوەندەی ڕۆژنامەکانی ڕاست و چەپ هێرشیان ئەکردە سەری و گوشاریان بۆ ئەهێنا، ساواک ناچار ئەبوو هەنگاوێک هەڵبگرێ و لەقەز بیخاتە ژێر چاودێرییەوە. لە هەموو لایەکەوە لە چەپ و ڕاستەوە، لە بازاڕ و لە لایەن نەفتیەکانەوە هەراوهوریا بەرز ئەبوویەوە کە بۆچی وتوویانە پشت چاوی برۆیە! ساواک ئەیزانی

بە کووکایین و هیرۆیین و تریاک و قەحبە جێگەی گەرم و نەرم بۆ ژنباز و هەتیوبازەکان دابین ئەکات. بەڵام هیچکەس نەی ئەتوانی، سەرەڕای ستالینپەرستی بە چەپی دابنێ.

ئەوەندەی قاپ و قاچاخی حیزب بە تەقەکردن لە شا، تێک و پێک درا، ئەویشیان گرت. پاش چەن ڕۆژ ئازادیان کرد و ساواکیان دەسخەڕۆ کرد و ئاخرەکەشی کەس نەیزانی کێ و چ دەزگایەک بە سی هەزار تمەن کەفالەت ئازادی کردووە. پاش چەند ساڵ ڕووداوێک ڕووی دا و پۆلیس و دادگا گرتیان. ژنی یەکێک لە دەسەڵاتداران کە سەرخۆشی ئارەق و کووکایین بوو لە ماڵی شێخە ئەبووریێتەوە. چەند کاتژمێر پاش گەڕانەوەی بۆ ماڵی خۆیان مرد و کەسوکاری ژنە شێخەیان بە بکوژ ناوبرد و کردیان بە هەراوهوریا و پۆلیس و ئاسایش و دادگایان ئاگادار کرد. بۆ ماوەیەک دامودەزگای تێکدرا و ماڵەکەی گەڕان و هۆشبەر و تریاکی قاچاخیان تیا دۆزییەوە و چل ساڵ حەپسیان بۆ بڕیەوە. هەڵبەت نە بۆ تاوانی کوشتن، بەڵکوو بە تاوانی هۆشبەر و فریودانی خەڵک و گەوادی و شتی لەو بابەتە. دۆستەکانی دوێنێ بوون بە مێشی سەر شیلە و ئیتر بە هیچیان دانەنا و لێی گەڕان. دامودەزگاکەی تێکچوو و هیچی لێ نەمایەوە. مایەی پوچایەوە. ساڵی ١٩٥٠ دەستی غەیب دیسانەوە قۆڵی گرت و کەرەسەی چوونی فەرەنگستانی بۆ ئامادە کرد و بە وتەی خۆی لەوێ بوو بە گۆشەنشین و دەستی کرد بە خوێندنەوە. پاشان گڕایەوە بۆ ئێران جلی دەروێشی لەبەر کرد. لە وەزیرخانەی بەرنامە کارێکیان پێدا و لەوێ هیچ کاتی نەبوو جگە لەوەی بە شارەکاندا بگەڕێ و لە شوێنی ژیان و خزن و بەرهەمی بویژانی نەناسراو بکۆڵێتەوە و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی نە بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە، بەڵکوو بە ناوی خوزراوەوە بنێرێ بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ئەمەش کارێکی دژوار نەبوو. ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئە زانایانەی لەم بوارەدا کاریان کردبوو، بە ناوی خۆیەوە بڵاو کردەوە و ناوبانگی دەرکرد... هەڵبەت

لەم وتارانەدا ناوی لێکۆڵەرانی ڕاستەقینە نەئەبرا و بۆ شوێنەگومکێ لە پەراوێزدا ناوی خاوەنی ڕاستەقینە بە ئوستادی گەورە، زانای مەزن و عەللامەی دەهر ئەهێنرا و بەمجۆرە خۆی شیرین ئەکرد و زمان چەوری ئەکرد و ماستاوی سارد ئەکردەوە و لە کەری خۆی سوار بوو. لە لایەن زانکۆوە کە لە منالّیەوە لەگەڵ سەرۆکەکەی ناسراوی هەبوو، بانگ کرا تا خوێندکارەکان لە پرشنگی زانستی خۆی بەشدار بکات. لە ئەنجامی بەشداریکردن لە کونگرە وێژەیی و ڕامیاری و ئابوورییەکاندا هەژماری ئوستادی بۆ ئەکرا و لەپڕ، کەس نازانێ چۆن بوو کە:

**«دەستی ڕۆژگار وەهای لێدا بە پاشقول**

**کە هەر پووش و پەڵاشـێکی لە لایەک»**

و ئێستە لەپاش ڕاپەڕین لە هەرکوێ دائەنیشێ ئەڵێ: «من لەسەردەمی شادا بەڵام دیوە و نەگبەتیم بە سەر هاتووە. کابرایەکم ئاردی خۆم بێ.اوە و هێڵەکی خۆم هەڵپەساردووە و ئیتر هیچم لەدەس نایەت.» بەڵام ئاشنابوونی من لەگەڵ شێخە پێشینەیەکی هەیە کە بۆ گێڕانەوە ئەشێ. چەن مانگ پاش بەربوونی لە زیندان، نانی نەبوو بە دۆی خۆیەوە بیخوات. ڕۆژێک ڕوقیە، کە ئێستا ئیتر لە بیست و چوار ساڵیدا بەشی جلوبەرگی ژنانەی فرۆشگەی ئەبرد بەڕێوە، ناوی شێخەی هێنا کە بێکارە بووە و خەریکە لە برسێتیدا ئەمرێ و بە بێتاوان کەوتۆتە زیندان و لەم جۆرە لاڵانەوە و پاڕانەوانە، داوای لێکردم یارمرتی بدەم. پرسیم:

ـ شێخە کێیە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ منیش نایناسم. بەڵام فەرزان خان بیبیوێتی و دڵی بۆی سووتاوە. ئەیوت «سەری کردە بە هەموو کون و قوژبنێکدا بۆ ئەوەی پارووە نانێک پەیدا بکا و ئێستەش پەنای بۆ ئەو بردووە...» زانیم داو نییە نرابێتەوە. فەرزان کە ئێستە سەروانی پۆلیسە لە

ئاسایش شێخەی لە زیندان بینیوە و دڵی بۆی سووتاوە و شێخەش داوای یارمەتی لێکردووە و ئەفسەری پۆلیسیش هیچی لەدەست نایەت...

ــ... ئەیوت «ڕەنگە تۆ بتوانی یارمەتی بدەی، بەڵکوو ڕووناکییەیک بکەویتە ژیانیەوە.»

وتم:

ــ مەگەر من کێم کە بتوانم ببم بە یارمەتیدەری تاوانبارێکی بکوژ؟

روقیە وەڵامی دایەوە:

ــ برای خۆم خۆت گێل مەکە، ئەڵێن ئافتاولانت زۆر ئاو ئەگریێ!

لەو کاتەدا چەند ساڵێک ئەبوو لە ساواک کارم ئەکرد. بابەتەکەم برد بۆ لای دکتۆر بیژەن. وتی یەک دوو حەفتە پەلە نەکەم و پاشان پەیوەندی پێوە بکەم.

لە چاخانەی شەقامی ڕەزا شا، کە بنکەی فەرمانبەرانی بەرەڵڵا و شەنگە کچانی تارانی بوو، شێخەم بینی بە خەفەتەوە چاوی بڕیبوویە فنجانی قاوەی دانیشتوان. چووم لە نزیکیەوە وەستام و چاوم تێبڕی. ناسیمیەوە. بزەیەک نیشتە سەر لێوی. سەری داخست، لێم نزیک بوویەوە و وتی:

ــ جەنابی فلانی بچووکین!

ــ سپاس بۆ تۆ.

بردمە ژوورەوە. قاوەم بۆ بانگ کرد. زۆربەی ئەوانەی لەوێ بوون تا ئێمەیان بینی ڕۆیشتن. وتی:

ــ جەنابی فلانی زۆربەی ئەمانە مامیلم[٢٠] بوون. ئێستە هەر ناشم ناسن. بە سەرنج و چاک و چۆنیەک دڵتێرم چ بکات بە

٢٠ ـ مامیل: client ناو کارهێن، کارێنەر، بریگرتە، ڕاژەخواز، کەسێک کە بۆ کارێک ئەچێتە شوێنێک، یان لای پسپۆڕێک N klient ع زبون د ارباب رجوع. (فەرهەنگی قانوونی ـ د.تاڵەبانی)

قاوەیەکی تاڵ.

وتم:

ـ چی ئەکەی؟

ـ شوکری خوا ئەکەم و ڕای ئەکێشم. تاوانی گوناهەکانم ئەدەمەوە.

ئاشناییمان لەم یەکەمجارەدا لەوە تێنەپەڕی. بڕیارمان دا پاش چەند ڕۆژێک هەر لەم چاخانەیە یەکتر ببینین.

جاری دووهەم بە پێی بەرنامە چووم بۆ لای. چونکە بە دکتۆر بیژەنم ڕاگەیاندبوو و ئەویش فەرمانی دا پێی دەرخەم بزانم داواکاریی چییە.

داواکارییەکەی، دەستی ئاشکرا کرد. تەواو پەکی کەوتبوو، ئەگینا وا بە ئاسانی خۆی نەئەدا بە دەستەوە. هاتبوو داوام لێبکا و من بکا بە ناوبژیکەر بۆ ئەوەی مەرزیە ناوێک کە کچی یەکێک لە ناسراوەکانە و، بە بێتاوان گیراوە و کەس نازانێ چی بە سەر هاتووە و لە کوێیە، ڕزگار بکات. مەرزیە لەو بەڵگانەی ئێمە بوو کە ڕیشەی ئەگەیشتە بکوژەکانی سەرهەنگی ستاد. ڕۆژی ڕووناک کاتێکە لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە، لە ئوتومبێلێکەوە، دوو گوللەیان پێوە نا و دەسبەجێ ساردیان کردەوە. ڕۆژی دواتر شێخەم بە نامەیەک بانگ کرد بۆ یەکێک لە بنکەکانی ساواک. کاتێک منی بینی پێی سەیر نەبوو. واقی وڕنەما. خۆی نەدۆڕاند. وەکوو کەسێکە بڵێ ئاگام لێیە تۆ کێیت و ئەمزانی ڕێم ئەکەوێیە لای تۆ. دەم بە وەڵام بوو و بۆم دەرکەوت ئەگەر لە ئێمە زیرەکتر نەبێ کەمیش ناهێنی.

نزیکەی چوار کاتژمێر پرسیارم لێکرد و لێم پێچایەوە. هەڕەشە و هەڵخڕاندن پێکەوە. ئەمە یەکەمجار بوو ڕێگەم بدەن لێکۆڵینەوە لەگەڵ یەکێک بکەم. دکتۆر بیژەن لە ژوورەکەی خۆیدا بە دەزگایەک کە لەسەر مێزەکەی بوو، وتووێژەکانی ئێمەی ئەبیست و هەندێجار بڕێکی لێ ئەنووسیەوە و بە واکی‌تاکی بە منی ئەوت چی بکەم و

منیش سەرلەنوێ پرسیارم لێ ئەکردەوە.

هەرچەند زیاتر لە ڕوانگەی دەروونییەوە گوشارم بۆ ئەهێنا، ئەو ئارامتر و لەسەرخۆتر وەڵامی ئەدایەوە. یەک دووجار ئەمویست بیدەمە دەست ئەشکەنجەگەرەکان. کەرەسەی کار لە هەموو ڕووییەکەوە ئامادە بوو. دکتۆر بیژەن ڕێگەی نەدا. چونکە هەرچەن لەلای من نەئەچووە ژێری کە نێچیرە گیراوەکەمان لەگەڵ ئینتلیجنت سرڤیس کار ئەکات، بەڵام تێمی گەیاندبوو بە قازانجمان نییە بەبێ ئەوەی پەی بە ڕیشەی پەیوەندییەکانی ببەین بە ئەشکەنجە قسەی وای پێبکەین کە لەگەڵ ڕاستی یەک نەگرێتەوە. هەرکات دکتۆر بیژەن لەسەر قسەی خۆی ڕائەوەستا و پێی ئەچەقاند کە باش نییە، من تێ ئەگەیشتم لەگەڵ تەگبیرکارانی بێگانە واتە سی.ئای.ئێ و مووساد ڕاوێژی کردووە و ڕێگەی ئەشکەنجەیان پێ نەداوە. بۆم دەرکەوت شێخە وریا و زیرەک و وشیار و خوێنسارد و لێزانە. وەڵامەکانی ئەوەندە بڕوابەخۆ بوو ئەتوت تێم ئەگەیەنێ کە: من خزمەتکاری ساواکم و مەترسییەک هەڕەشەتان لێ ئەکا و پێتان نەزانیوە، چونکە کاڵ و کرچن. دکتۆر بیژەن و پسپۆڕەکانی تر ئەیانویست بزانن ئەیەوێ چ خزمەتێک بە ئێمە بکات؟

ئاگای لە کوشتنی سەرهەنگی ستاد نەبوو. ئەو ڕۆژە ڕۆژنامەی نەخوێندبوویەوە. مەرزیەشی هەر نەئەناسی کە هاتبوو پشتگیری بکات و دەربازی بکات. دایکی مەرزیە لەو میوانانە بوو سەردەمی سفرەی تریاککێشان جار جارە هاتوچۆی کردبوو. ئەوان لە ڕووی نەزانییەوە پێیان وابوو لەبەر ئەوەی سەردەمێک لەگەڵ هەندێ دەسەڵاتدار بێنەوبەرەیەکی هەبووە، ئەتوانێ لە ڕزگارکردنی کچێکدا کە بۆنی شیر لە دەمی دێ، یارمەتیان بکا؛ بەڵام منی ڕەبەنی بێکارە چیم پێ ئەکرێ؟

وتی:

ـ پێموتن: «من کارێکم لەدەست نایەت. من لە ژیانی خۆمدا

شکستم خواردووە و نانی شەوم دەسناکەوێ. کەس ئیتر بە هیچم نازانێ.» بەڵام ئەوان هەندێ پارەیان هێنا و وتیان ئامادەن خەرج بکەن و منیش زۆرم ئەملا و ئەولا کرد و پەنام بردە بەر زۆر کەس.

ـ چەندەت پارە وەرگرت؟

ـ باش لەبیرم نییە. دوو سێ جار بڕێکیان دامێ.

ـ هەر جارەی چەنێک؟

ـ هەر جارەی دووسەد، سێسەد تمەن. چووزانم. کردمن بە مەزاخی خۆم. سەرجەم ڕەنگە هەزار تمەن بووبێ. ئاخر بۆ ئەوان هەزار تمەن خۆ پارە نییە. ڕەنگە لەلای من و تۆ پارە بێ. بەڵام بۆ ئەوان قەرانێک و سێ پەنابات زیاتر نییە. ئامادەن هەزاران تمەن خەرج بکەن بە مەرجێک کچەکەیان ئازاد بکرێ.

بەردەوام لەسەر ئەوە ئەڕۆیشت بنەماڵەی کچە دەوڵەمەندن و ئامادەن بە هەر نرخێک بێ. ئازادییەکەی بکڕنەوە. سەرەتا زۆر گوێم نەدایێ. بەس تۆزێ ختووکەم هات. بەڵام مەگەر ئەکرا بەبێ دەرفەتی دکتۆر بیژەن و ئەوانی سەرەوەتر کچە بەر بدرێ؟ پرسیم:

ـ تا ئێستە بۆ لای کێ چوویت؟

ـ هیچکەس.

ـ چۆن هیچکەس؟

ـ ئەگەر مەبەستتان جەنابی فەرزانە، دەردەدڵم لەلا کردووە.

ـ جەنابی فەرزان لە کوێوە ئەناسی؟

ـ بچووکێم لە خزمەتیاندا نییە. لە زیندان ئەفسەری کێشک بوو و هەندێجار بە زیندانیەکان ڕائەگەیشت و دڵی ئەدایەوە. ئەوە بوو لەخۆم ڕادیت و قسەم لەگەڵ کرد. ئەیویست پارەم بداتێ بەڵام لێم وەرنەگرت. وتم کەسوکارم شتێکم پێئەدا. بەڵام ئەگەر ئەیەوێ دەستم بگرێ، با بە تۆم بناسێنێ.

ـ لە کوێوە ئەزانی سەروان فەرزان من ئەناسێ؟

بۆم دەرکەوت هەموو کون و قوژبنی ژیانم ئەزانێ. ئەزانێ کە

ڕوقیە لەگەڵ فەرزان نێوانی هەیە و، لە کافە و سینەما دیتراون. پێی وابوو ڕەنگە بەمزوانە زەماوەند بکەن و دایکم ئاگای لەم پەیوەندییە هەیە. لەوە سەرم سووڕمابوو کە من ئاگام لەو کارە خێرە نەبوو... وتی و وتی و من دەمم داچەقابوو کە چۆن هەموو نهێنیەکانی ماڵی ئێمە ئەزانێ. قسەکەیم پێگۆڕا و بردم بۆ لای بابەتێکی نوێ. ئەمترساند.

ـ ئەگەر قسەکانت لەگەڵ زانیارییەکانی ئێمە یەک نەگرێتەوە، خۆت تووشی گێرە و کێشە کردووە.

ـ لەخۆوە هەڕەشەم لێئەکەن. ئەتوانن ئەشکەنجەم بکەن. بەڵام خۆ ناتوانن بمکوژن.

رووم پێ نەدا. درێژەم بە کاری خۆم دا. کەوتمە شوێن بنەمای مەرزییە. کامەیان ئەچوون بۆ شەوگەڕی ڕابواردن. دایک و باوک پێکەوە یان بە تەنە؟ ئەیانکێشا یان نا؟ چەندەیان هەیە؟ چەند خانووی بەکرێیان هەیە؟ ڕاوەنیان لە کوێ هەیە؟ لە بازرگانی ناوبازاڕن یان لەگەڵ دەرەوە مامەڵەیان هەیە؟ هاتوچۆی ماڵیانت کردووە یان نا؟ کێ داوای لێکردوویت ئازادی مەرزییە بکرێتەوە؟ لەگەڵ دایکی قسەت کردووە؟ لە کوێ؟ لە نیاوەران ئەوانت بینیوە یان لە شەقامی ئەمیرییە؟ چۆن بووە ئەوسا کە لە باخەکەی ئەوان بوویت لە نیاوەران، مەرزییەت نەبینیووە؟ کلکی نەئەبوو بە تەڵەوە. وەڵامەکانی بە ئەرێ بوون یان نازانم. کاتێکە گوشارم بۆ ئەهێنا و بریندارم ئەکرد و ناچارم ئەکرد نهێنیەک بدرکێنێ، تووڕە نەئەبوو. سەرنجی لەسەر دەوڵەمەند بوونی بنەماڵەی مەرزییە چەقی بەستبوو. جارێک من تووڕە بووم. تاقەتم نەما و لێم پرسی:

ـ بۆچی پێت وایە ناتوانین ناچارت بکەین دان بەڕاستیدا بنێیت؟

بزەیەکی ژەهراوی کرد و وتی:

ـ کێ وتوویەتی ئێوە ناتوانن ئەشکەنجە بکەن؟ من هیچم نییە کە دانی پێدا بنێم. مەگەر تاوانێکم کردووە کە ئەبێ ڕاستیەکەی

بلێم. هاتووم گیانی کێژۆڵەیەکی بێتاوانتان لێ بکڕمەوە. بەڵێ هاتووم بیکڕمەوە. کارێکی لەوە زیاترتان لەدەست نایەت کە تووشی ئەم پرس و جۆیەتان کردووم. ئەشکەنجە کردنیشم ئەبێ بە هۆی ئابڕووچوونی خۆتان.

ـ لەلای کێ ئەتەوێ ئابڕووی من ببەی؟

ـ دەس باڵا دەس زۆرە!

هەڵوەستەیەکم کرد و هەستام لە ژوورەکە بچمە دەرەوە و لەگەڵ دکتۆر بیژەن ڕاوێژ بکەم. لەسەر کورسیەکە هەستام، وتی:

ـ لەبیرت نەچێ بنەماڵەی مەرزییە دەوڵەمەندن و ئەتوانن ئەوانەی سەرەوەی ئێوەش بکڕن!

لەگەڵ دکتۆر بیژەن قسەم کرد. وتی: «هەلیسەنگێنە بزانە چەندەی لێ هەڵئەکرێ.»

پێش ئەوەی مامەڵەکە سەربگرێ، لەگەڵ ڕوقیە و فەرزان لەماڵەوە یەکترمان بینی. نەمخستە خۆم کە خەریکن ئەبن بە دەزگیران. لەگەڵ دایکم بە تەنها قسەم کرد. وتی: «ئەوەندەی من بزانم فەرزان حەز ئەکات. بەڵام ڕوقیە ڕازیی نییە. لەوەتی لە «زاوا» هیوابڕاو بووە، ئیتر ڕقی لە هەرچی پیاوە. قسەی وا ئەکات. لە هیچ عازەبە کچێکم نەبیستووە. ئەڵێ هەرگیز شوو ناکەم. نێوانی لەگەڵ جەناب سەروان ناخۆش نییە، لەگەڵی دۆستە. بەڵام ئەڵێ ئەویندار نیم. کورم شەیتان چووەتە بن کلێشەی خوشکتەوە. خۆشی نازانێ چی ئەکات. ئێستە ماوەیەکە بە خۆشیا ڕاناگات. هەتا ساڵێک لەمەوبەر سووراو سپیاوێکی ئەکرد. بەڵام لە نەورۆزەوە جۆرێکی تر جل لەبەر ئەکات. هەندێجار لەچکی ڕەش لەسەر ئەکات. حەزی لە سووراو سپیاو نەماوە. لەپڕ بووە بە قورئانی و نوێژخوێن. شەوانە کە درەنگ دێتەوە ئەڵێ چووە بۆ مزگەوت و گوێی لە کارۆسی مەلا ڕاگرتووە. من نازانم چی خزاوەتە بن کلێشەی!»

لەبارەی فەرزانەوە لێم پرسی، وتی:

ـ هەنێجار سەر لێرە ئەدا. کابرایەکی بەناوەرۆکە. شەرمنە، زۆربڵێ نییە. هەمووی هەر ئەرێ یان نایە. زۆر بە خۆیدا ڕائەگات. هێڵی دەقی پانتۆڵەکەی هەرگیز چرچ نابێت. هەمیشە سەرقاڵە، کاتی زۆر کەمە.

نەک هەر دایکم هیچی نەبوو پێم بڵێ، لێکۆڵینەوەکانی خۆیشم ئەنجامێکی ئەوتۆیان دەرنەخست. بۆم ڕوون نەبوویەوە ئایە زانیارییەکانی شێخە لەبارەی زەماوەندەوە ڕاستە یان نا.

دایکم باسی مزگەوت و کارۆسی ئەکرد و شێخە باسی کافە و سینەما. کامیان ڕاست بوو؟ ئایە ڕوقیە دوو سەرە ڕۆڵی ئەبینی و ژیانی نهێنی هەبوو و ئەیویست بیشارێتەوە؟

ئەوسا ویستم ڕوقیە بە تەنها گیرخەم و خوشک و برایی قسەی لەگەڵ بکەم. بوو بە دەمەقاڵەمان. ئەوەندەی سەری قسەم کردەوە، تەشەری لێدام:

ـ مەگەر تۆ باسی کارەکانی خۆت بۆ من ئەکەی کە من دەروونی خۆم بۆ تۆ هەڵڕێژم؟

ـ چەندین جار پێم وتوویت لە بازار کڕین و فرۆش ئەکەم. لەم دووکانە شتێک ئەکڕم و بە دووکاندارێکی تری ئەفرۆشم. بەڵام تۆ بە دایکم ئەڵێی لە مزگەوت و نوێژگە هاتوویتەوە و خەڵکی لە کافە و سینەما تۆیان بینیوە!

ـ زۆر فێڵەبازی کاکە گیان. فێڵ لە هەموو کەس ئەکەیت و لە منیش؟

ـ چ فێڵێک؟

ـ خەڵکی زۆر شتت لەسەر ئەڵێن.

ـ بۆ وێنە ئەڵێن چی؟

ـ چووزانم کاکە برا، لە خۆیان بپرسە. لە خەڵکی گەڕەک، لە حاجی عەلاف و قولیخان و لە چەقاڵ و بەقاڵ...

قسەکەم پێ بڕی:

ـ ڕوقیە بزانە کە من براتم و هەرکات پێویستت بە من هەبوو وەرە بۆ لام. من خۆشم ئەوێیت. زۆریش خۆشم ئەوێیت. دایکمان خەریکە ئەڕوات. من و تۆ ئەمێنینەوە. ئەبێ ئاگامان لەیەک بێ.

ـ منیش تۆم خۆش ئەوێت. برامی. بەڵام ئاومان ناچێتە جۆگەیەکەوە. تۆ بەڕێی خۆت و منیش بەڕێی خۆم... بەڵام ئەگەر ڕاست ئەکەی مەرزییە بەربدە!

ئەمەی وت و لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

کارەبا گرتمی و گۆچی کردم. ساردەوە بووم. موچڕکەم پیاهات. تەکانێکم خوارد، لانیکەم بۆ چەن خولەکێک وشکی کردم. خوێنم بەستی. چی بکەم؟ چی نەکەم؟ ئەم کچە سەری بە کێ و کوێوە بەندە؟ ڕشتەیەکە سەرێکی لە ڕێگەی مەرزییەوە ئەگا بە بکوژەکانی سەرهەنگی ستاد و بە فەرزان و ڕوقیە. من ئەمتوانی هەر کەس بگرم و لە ژێر ئەشکەنجەدا ڕاستی پێ دەرخەم، جگە لە ڕوقیەی خوشکم. بەڵام چی بکەم؟ لە کاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵ شێخە هەر بیرم لەوە ئەکردەوە چەند هەزارتمەنێکی لێدەرکێشم و زەماوەند بۆ ڕوقیە بکەم و بۆ ماوەیەک تێر بخۆم و هەناسەیەکی تازە هەڵکێشم. هاوکارەکانم، هەر کاتەی دەستە گوڵێکیان ئەدا بە ئاوا، ڕاسپاردەیەکیان پێ ئەدرا بۆ هەندەران و، وا بە قەڵەوی و شاد و دڵگەش ئەگەڕانەوە، ئەتوت هیچ ڕووی نەداوە.

بەڵام ڕوقیە چی لێبکەم؟ خەریکە لە ڕێی ڕاست لا ئەدا. مەگەر ئەکرێ هەروا بە ئاسانی مەرزییە بەربدرێ؟ مەگەر ئەوێرم ناوی ڕوقیە لەلای دکتۆر بیژەن ببەم؟ ئەگەر یەکێک هەست بەوە بکات لەگەڵ پێشڕەوان یان هاوڕێیان و فیدایی و گیانبازان کە هەمووشیان باسی ڕاپەڕینی چەکدارانە ئەکەن و یەکە یەکە و چەند کەس چەند کەس لە خانووە نهێنیەکانیاندا تووش ئەبن، یان لەگەڵ مارکسیستەکان کەین و بەینی هەیە، هەموو نەخشەکانم پووچەڵ ئەبێتەوە. ژیانی خۆی لە مەترسی دایە. ئەبێ تا زووە لەو گێژەنە

دەربازی بکەم. ئەبێ بچم بەدوای فەرزاندا و بۆی بگەڕێم.

لەگەڵ دکتۆر بیژەن باسی پرسگرەکەم کرد. ناوی ڕوقیەم نەبرد. وتی ئەو ئەفسەری زیندانە و لە زیندانەوە شێخەی ناسیوە و پێی وتووە پەیوەندی بە منەوە بکات. ئەبێ بزانین خۆی چکارەیە. سەیرێکی دۆسیەی ئەفسەرەکان بکە. پێم وانییە هەتا ئێستە ناویم لە شوێنێکا بیستبێ. دکتۆر بیژەن زیاتر شێخەی بەدڵ بوو:

ـ هیچ لەوەت کۆڵیوەتەوە ماڵی مەرزییە چەندەیان هەیە؟ ڕەنگە لەخۆوە گرتوومانە! هەتا ئێستا کە هیچمان دەست نەکەوتووە. نابێ پەلە بکەین، جێگەی چەند برین بە سمتیەوە هێشتا ماوە. فەرمان ئەدەم بیبەن بۆ نەخۆشخانە. کێ وتبووی بەوجۆرە ئازاری بدەن. خۆت بە دۆسیەکەی ڕابگە. ڕەنگە بتوانین بەری بدەین.

لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوت ڕۆژی تەقەکردن لە سەرهەنگی ستاد مەرزییە لەو کۆڵانەوە تێپەڕیوە و کە تەقەی تیرەکەی بیستووە، هەڵاتووە و خەڵکیش لە کاتی ڕاکردندا دیویانە و ناونیشانەکانی کچێکی باڵابەرزی سووراو سپیاو کردوویان بە پێڵاوی سوورەوە داوە بە پۆلیس و بەوجۆرە ئەویش بە بەشدار زانراوە لە تەقەکردنەکەدا. هەر ئەو ڕۆژە کە نەگەڕاوەتەوە بۆ ماڵەوە و ویستوویەتی بچێ بۆ زانکۆ، گرتوویانە. لە لێکۆڵینەوەکاندا وا خۆی پیشان ئەدا ئاگای لە هیچ نییە و پاش شیکارکردنی باری ڕامیاری ئەو لە زانکۆ بۆیان دەرکەوتبوو لە مانگرتنی خوێندکارانی پزیشکیدا بەشداری کردووە و بەوجۆرە ئەویان لە ڕیزی نەیاران دانابوو. ڕاپۆرتێک لە دۆسیەکەیدا هەبوو لە لایەن ئەهارییەوە کە قسەکانی ئەوی لەگەڵ هاوڕێکانیدا گێڕابوویەوە. ئاهاری ڕای تەواوەتی لەسەر هەڵوێستی ڕامیاری مەرزییە دەرنەبڕیبوو و تەنها وتبووی ئەبێ بخرێتە ژێر چاودێرییەوە.

لە ڕووی دۆسیەکەیەوە، من ئەوم بە لاواز، ترسنۆک، گرینۆک و نازنازی لێکدایەوە و لەلای خۆم پێموابوو ئەکرێ دۆخی کچە و

سامان و دارایی بنەماڵەکەی لەبەرچاو بگیرێت و ڕووی شێخەش نەشکێنین. چونکە ئەو ئەتوانێ لەم ئالووێرەدا ناوەندیارێکی باش بێ. بەڵام ئەو زەنگۆڵەیە بکرێتە ملی کێی تر لە جیاتی ئەو و ئەوکارە چۆن بکرێت؟ ئەو کارە بەبێ هاودەستی دکتۆر بیژەن نەئەکرا. ئەبێ بە دزییەوە لەگەڵ دکتۆر بیژەن قسە بکەم. بەڵام چۆن؟

دۆسیەکەم هەڵگرت و بردم بۆ لای دکتۆر بیژەن. بەڵام ئەو سەری قاڵ بوو و من بە هەلم زانی و وتم:

ــ من دۆسیەکەی مەرزییەم بینی، هیچی وای تیانییە. چۆنە ئەمشەو پاش کاری فەرمانگە پێکەوە بچین لە شوێنێک دانیشین و وردەکارییەکانی لێک بدەینەوە؟

شەو لە میوانخانەی «کاخ» یەکترمان بینی. شێوێکی باشمان خوارد و چەند گلاسێکمان کرد بە سەریا. دکتۆر بیژەن سەری قسەی کردەوە:

ــ فەرمانبەرەکان هەندێجار سەریان لێ ئەشێوێ و هەوڵ ئەبن. لەخۆوە خەڵک ئەگرن و قاپ و قاچاخەکەی ئەکوتن بە سەر ئێمەدا و ئێمە تووش ئەکەن.

گوێم زرنگایەوە و وتم:

ــ سەیر ئەوەیە منیش ئەمویست ئەمڕۆ سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵت بدوێم. لە دۆسیەی مەرزییەی کچی حاجی مرادی نەزارەییدا هیچ نادۆزیتەوە. هەموو ئەشکەنجەیەکیان کردووە و ئێمە هێشتا هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە ئەو لە کوشتنی سەرگەنگی ستاددا بەشداری هەبوبێ. ئەوسا ئەم شێخەیەش خۆی تێ هەڵقورتاندووە و ئەڵێ حاجی لە دەسەڵاتدارەکانە. پێموایە شێخە سیخوڕی بێگانەیە و ئەگەر کارێک بکەین سەد دینارێکیش بەو بگات، بەتایبەت لەمکاتەدا کە زۆر خراپ لێی قەوماوە، زیانی نابێ.

دکتۆر بیژەن لە فێڵەبازە نمرە یەکەکان بوو. گورج تێگەیشت من ئەمەوێ چی بڵێم. وتی:

ـ جۆرێک بێ. کە قاچ و قولی خۆمان نەگرێتەوە.
وتم:
ـ بە ئێمە چی. ئێمە لەگەڵ شێخە ڕێ ئەکەوین.
دکتۆر بیژەن بۆنی کرد بە کونیاکەکەوە، دەستێکی هێنا بە چەناکەیدا و وتی:
ـ درەنگ بووە. هەستە بابڕوین. بەڵام لە بیرت بێ.زۆر کەس تورەکەیان بۆ هەڵدووریوە. تەنها شێخە نییە ئەیەوێ بە نان و ئاوێک بگات.
من شێخەم خستە داوەوە. شەوێک نیوەشەو بانگم کرد بۆ هەمان میوانخانەی کاخ. لەو یەکە یەکەکانی ڕۆژگار بوو. ئیتر عەبا و مێزەری نەبوو و ڕەنگە ڕیشە بزنیەکەی بیدایەت بە داوەوە.
هێشتا دانەنیشتبوو، بەبێ ڕوودەربایسی لێم پرسی:
ـ ئەگەر مەرزییە ئازاد بکرێ، چی بە تۆ ئەگات؟
ـ من خولامی ئێوەم. هەرچی ئێوە بفەرموون ئەیخەمە سەرچاوم.
وتم:
ـ ئەوە بزانە من تەماحی هیچم نییە. بەڵام دەمی ئەوانیتر ئەبێ چەور بکرێ. من حەرامخۆر نیم. بەڵام دڵم بۆ مەرزییە ئەسووتێ. هەرچەند ئەزانم تاوانبارە و بە جوققەی خاوەنشکۆ سوێند ئەخۆم زۆر شت ئەزانێ و دەری نەخستووە. لەو ڕووەوە بەردانی ئاسان نییە. کەسانێک هەن چوارچاوە ئاگایان لێمانە. هەرچی بدەن بە تۆ پەیوەندی بە ئێمەوە نییە. بەڵام ئەبێ ئەوەندە هەبێ کە بەشی خاوەنکارەکان بکات.
شێخە بێباکانە وتی:
ـ چەند؟
ـ هەرچەند هێزت پێی بشکێ و هەرچەند هێزیان پێی بشکێ.
چەندین دانیشتن ئەم وتووێژانە درێژەی کێشا و کۆتاییەکەی

شێخە پەنجا هەزار تمەن پارەی پێنج تمەنی هێنا و لەم برە پارەیە تەنها نۆ هەزار و پێنجسەد تمەن بە من گەیشت. ئەوی تری نەخت درا بە دکتۆر بیژەن.

ئیتر ڕوومان لەیەکتر کرایەوە. سوێندی خوارد بەشی ئەویش لە هیی من زیاتر نەبووە و ماوەکەی بەم و بەو گەیشتووە.

هەر ئەو شەوە مەرزییەیان ئازاد کرد و ئەو نەی ئەزانی هەور و با و مانگ و خۆر و گەردوون هەر هەمووین وان لەکاردا تاکوو نانێک بێتە ناو دەستمان و بە فیڕۆی نەدەین.

بەڵام ئەمکارە بە ئاسانی و بەبێ هەراوهوریا کۆتایی نەهات. لە لایەن ئەوانەی سپاوە دەنگ بەرزەوە بوو کە بە ڕۆژی ڕۆشنا سەرهەنگێک ئەکوژرێ و ساواک بەبێ هۆ گومانلێکراوەکان بەرئەدا. ئەم دەنگۆیە وەک برووسکە دەم بەدەم لەناو ساواکا بڵاو بوویەوە. لە بنەوە بە ئەسپایی هەموو بە یەکتریان ئەوت ئەمکارە بەبێ دەم چەورکردن نەکراوە. ترس هەڵیگرتم. بەتایبەت کە پارەکە خەریک بوو ئەبرێنرایەوە. پاشان ئەڵێم بۆچی. بەڵام دکتۆر بیژەن لەوە پێست ئەستوورتر و بەجیرتر بوو بەم ئاوانە تەڕ ببێت. بەبێ ئەوەی بیخاتە خۆی چەندین کەس لەوانەی گرت ڕۆژی ڕووداوەکە ڕەنگە سەیرکەر ببوون. بەتاوان و بێتاوان گرنگ نەبوو. چەند کەسێکی بەردا و چەند کەسیشی بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ لە زیندان ڕاگرت. پاشتر پێی وتم: «ئەوانەی لەم مامەڵەیەدا بەشدار بوون، بەشێکی گەورەتریان ئەویست و من نەچوومە ژێر بار. ئەگەر کوڵم بدایەت بەشی من و تۆش ئەبوو بە نیوە. جا بۆ؟ ئێمە خۆمان بخەینە مەترسییەوە و خەڵکی تر هەڵواکەی بخۆن؟ کار گەیشتە سەرۆکی ساواکیش. خۆشیان سەروبنیان هێنایەوە یەک.»

نۆ هەزار و پێنجسەد تمەن کرا بە خەرجی زەماوەندەکەی من. هیچ خێرێکم لەم ژن هێنانە نەبینی. دایکم بۆی پەیدا کردم. من سەرم بە شوێنێکی ترەوە بەند بوو. کچێکی «نەتەنز»یان بۆ

هێنام کە لە هیچ تێ نەئەگەیشت. ڕەبەنە هەر لە سەرەتاوە زەلیل بوو. هەمان ساڵەکانی سەرەتا دوو منالّی بۆ فڕێ دام. ئیتر هێزی لەبەر بڕا. ئێستە بیست و چەند ساڵێک لەوکاتە تێپەڕیوە. دوو سێ ساڵ نەخۆش بوو و لە جێدا کەوتبوو. دایەگەورەی دایکیان، هەندێجار منالّەکانی ئەبرد بۆ کاشان و هەندێجار دایکم ئاگای لێیان ئەبوو. ئێستە هەرکام بۆ خۆی بنیادەمێکە و بە سەگیشم نازانن. یەکیان لە ئەمریکا بوو بە ژمێریاری سوێندخواردوو و ئەویتریان ژنی دەلاڵێکی قاچاخی چەک و تەقەمەنیە و خوا ئەزانێ لە کوێیە و لە کوێ نییە. ژیانیان بۆ ئەم ڕاپۆرتە نابێت. نازانم کێ چووبوە بن کلێشەیان و پێیانی وتبوو من ساواکیم و بیستمەوە ناوی منیان نابوو سمدار. هاشم هەندێ جار پرسیارێکم لێ ئەکا و چەند ساڵ جارێک خۆیەک دەرئاخات. ناوی باوەگەورەی پەسەند کرد و ئێستە تەواو خۆی ئەگرێ. نە من ئاگام لەوە و نە ئەو لە من. خوشک و براش پەیوەندییەکی ئەوتۆیان پێکەوە نییە.

کوشتنی سەرهەنگی ستاد پێشێل کرا. هەموان لەبیریان کردووە. چەند کەسێکی مومانلێکراویان گرت و ئەنجام بوو بەوەی ئەبێ زیاتر بخزێنە ناو خوێندکاران و ڕووناکبیرانەوە. چەند جار دکتۆر بیژەن پرسیاری لێکردم مەبەستی شێخە چی بوو لەوەی ئەیوت مەترسییەک هەڕەشەتان لێ ئەکا و خۆتان ئاگاتان لێی نییە؟ ئەوە ئەبێ چ مەترسییەک بێ.

لەمکاتەدا کە من نزیکەی دوو ساڵ و شتێک ئەبوو لە ساواک کارم ئەکرد، سەرنجیان ڕاکێشام بۆ لای خوێندکاران و ڕووناکبیران. دزەکردن بۆناو حیزبم خستە لاوە. حیزب ئەو مالّە نەبوو زۆر خۆی پێوە ماندوو بکەین. لەوێ هەموو شتێک وەکوو قنی بزن بەدەرەوە بوو. بیریان لە ڕاپەڕین و ئاژاوە و هەرا و هوریاش نەئەکردەوە. هەندێجار ئەوەندە بە دەس و دڵی ئاوالّەوە ئەجوولّانەوە هەموو مرۆڤێکی خاویش تێ ئەگەیشت ئەمانە وەکوو

تووتی گوتەکانی ئوستادی لەمێژینە دووپات ئەکەنەوە. ئاریشەی ڕوقیە وەهای دڵنیگەران کردبووم کە ئیتر نەم ئەتوانی لەناو حیزبدا بمێنمەوە و کاوێژەکانی ئەوان بجوومەوە. ڕوقیەش جارێکیان وتبووی متمانەیەکی ئەوتۆی بە حیزب نییە. پێیان ڕاسپاردم جارێکی تر بکەومەوە وێزەی زانکۆییەکان و بکەومە دۆزینەوەی ئەو مەترسییەی کابرایەکی شارەزای وەکوو شێخە هەواڵەکەی پێدابووین. هیوادار بووم شوێن پێی ڕوقیەش لەوێ بدۆزمەوە.

پاش مامەڵەی مەرزییە، شێخە ئیتر ڕوودەربایسی لەگەڵم نەمابوو و جەربەزەی پەیداکردبوو. هەندێجار تەلەفوونی ئەکرد بۆ ماڵەوە و هەواڵێکی ئەپرسی. ڕۆژێکیان زەنگی لێدا و هات بۆلام.

مێزەر و عابای نەبوو. سەر ڕووتێکی شیک پۆش. ڕیشی بن چەناکەی ئیتر درێژ نەبوو.

لەو سەردەمەدا من ماڵێکم هەبوو لە نیاوەران. خانوویەکی چەند ژووره بە باخچەیەکی سێ هەزار مەتری دووجاوە، بە گەرماو و چێشتخانە و تەلەفوون و تەلەڤیزیۆن و شت و متی ترەوە. لە بانیجەوە ئەمتوانی گوڵکارییەکانی بەردەم خانووەکە و ئەستێڵە هێلکەیەکەی بەردەم باخ ببینم. لەگەڵ هاتنە ژوورەوەی کاتێک قەفەسە بچووکەکەی تەنیشت مێزەکەی بینی پڕە لە ئارەقەمەنی، وتی:

ـ ناتەوێ توونێتیم بشکێنی؟

وتم:

ـ یا شێخ ئەمە ئیتر چ ڕەنگێکیەتی؟

و پێکەنیم. وتی:

ـ گاڵتەم پێ مەکە. هاتووم ڕێگەت پیشان بدەم.

هەندێ تەشەرم بۆ هەڵدا، لە ڕوو نەچوو. ئەویش ئەوەندەی پێی کرا زانایی و شارەزایی خۆی دا بەچاوما و وای دەرخست زۆر شت ئەزانێ، کە ساواک ئاگای لێ نییە.

ــ کە وابوو هاتوویت ڕێگە پیشانی من بدەی؟ کوێرێک ببێ بە دەستکێشی کوێرێکی تر. ئەبێ ڕێگەیەک بێ.

ــ هیچ ئەزانی دنیا بە دەسی کێوەیە؟

ــ هی لە تۆ باشتر؟

ــ پێت وایە ئەزانی ئاغەت لەلای کێنێدی چ کارێکی هەبوو؟

ــ بە من چی؟

ــ چارەنووسی تۆ و هەموومان لە دەست ئەمانە دایە.

ــ کە چی؟

ــ کە وابوو بەبێ پێچ و پەنا قسە ئەکەین. ئەوەندە خۆت مەلکێنە بە دکتۆر بیژەن و ئەم و ئەوەوە.

وتم:

ــ نازانم تۆ چکارەی کە ئەزانی من خۆم ئەلکێنم بە دکتۆر بیژەنەوە. دکتۆر بیژەن ئێستاکە هەژماری بەردەستی منیشی بۆ ناکرێ.

ــ پیاوی باش هاتووم یارمەتیت بدەم. چونکە تۆیش ڕۆژێک یارمەتی منت داوە و لە ڕۆژەڕەشی ڕزگارت کردم.

ــ ئەوەندە وەک میرزاباشی قسە مەکە.

کە وابوو گلاسێکم بۆ بهێنە، تا بۆت بڵێم.

هەستام لەناو جامخانەکە گلاسێکم دەرهێنا و کونیاکم بۆ تێکرد و وتم:

ــ ها، بیکە بە قوزەڵقورتت.

ــ بەخۆشی دۆستان.

وتی و هەڵیدا.

ــ ئەوەت زانیوە بەختیار ئەبێ بڕوات؟!

ــ چی؟ ئەمەت ئیتر لە قوتوی کام عەتار دەرهێناوە؟

ــ کارت بەوەی نەبێ. من کونیاکی تۆم خواردووە و ئیتر بووم بە نمەکگیری تۆ. ئاگات لە خۆت بێ. لەسەرخۆ بە و بە وریایی برۆ.

کاری خۆت بکە، کارت چییە کێ سوارە و کێ پیادە.

بەوردی تێیگەیاندم:

ـ بەکورتی بۆتی بڵێم. ئاغاکانی من و ئاغاکانی تۆ نایانەوێ شا جارێ بڕوات و کار بکەوێتە دەست خێڵەکانەوە.

سێ حەفتەی پێنەچوو خاوەنشکۆی هومایوونی، بەختیاری بانگکرد بۆ کۆشکی خۆی و کاتێکە بەختیار هاتە دەرەوە، ئیتر سەرۆکی ساواک نەبوو. لەوکاتە بەدواوە خودی بەختیار دۆسیەی فەرمی و ئاشکرای هەبوو.

سەرۆکایەتی ساواک درا بە یەکێکی سیڤیل. پاکسازی دەستی پێکرد. لە نێوان بەشێکی زۆری لایەنگرانی بەختیار لە ساواک و لە دامودەزگاکانی تردا دوو دەستەییەکی دژێو ئەبینرا. لایەنێک بە قازانجی بەختیار تەپڵیان لێ ئەدا و ئەویان بە ڕزگاریدەری وڵات ئەزانی و دەستەیەکی تر بەدبین بوون و لە ڕاپۆرتەکانی خۆیاندا بە سوودی خاوەنشکۆ هومایوونی ڕایان ئەدا. ئەمە بەرداشتی من بوو لە دۆسیەکان.

لە ژنێڤ، پاش لێکۆڵینەوەی هاتوچۆکانی بەختیار لەگەڵ خوێندکاران و کومۆنیستەکان و عەرەبی فەلەستینی و ئەفسەرە ڕاکردووەکان ئەم دوو دەستەییە ئیتر بە ئاشکرا دیار بوو. خوا خۆی پشت و پەنای خاوەنشکۆ بوو، ئەگینا هەر لە هەمان ساڵەکانی ١٩٦٣دا[٢١] هەمان بەڵایان بە سەردا ئەهات کە ئەمڕۆ یەخەی هەمووومانی گرتووە.

سەرچاوەی هەواڵەکانی من لە دیاردە نهێنیەکان هەمیشە شێخە بوو. چەند مانگێک بوو نە لە کافەی ئیسلامبول ئەمبینی و نە لە شەقام و بازاڕ. ڕەنگە لە تارانیش نەبوو. سەیر ئەوە بوو ئێمەی ساواکی

---

٢١ـ خۆپیشاندانەکانی ساڵی **١٩٦٣** لە دژی ڕیفۆرمی ٦ بەندی شا کە لە لایەن هێزەکانی ڕژیم و تەنانەت لات و لووت و زیندانیە بەردراوەکانەوە بە توندی سەرکوتکرا.

ئاگامان لە هیچ نەبوو مەگەر یاری منداڵانەی خوێندکاران و جووجکە کومۆنیستەکان و ئەوەی ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا لەسەر ڕامیاری پرشنگداری وڵات ئەیاننووسی و، ئێمە بە پارەی نەختمان ئەزانی. لەبن گوێماندا شتی وا ئەکرا کە بە تەواوی گێژ و وڕی ئەکردین. ئەگەر شێخە خۆی تەلەفوونی بۆ نەکردایەتم هەرگیز نەم ئەدۆزییەوە. دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازی ساڵی ١٩٦٣ لابرا و دەسەڵات بە تەواوەتی کەوتە دەست خاوەنشکۆ هومایوونی. دوژمنان (من لە شێخەم بیست) وتیان ئەمریکاییەکان تەنها بە مەرجێک ئامادەن یارمەتی ئابووری بە ئێران بکەن کە ئێران بە شێوەیەکی گونجاو و لەبار ڕیفۆرم بەڕیوە ببەن.

ئەم زانیارییە تایبەتە، بیر و هۆشی یەکێکی وەکوو منی تێک دا. ئەرکێک کە بە من سپێردرابوو، لێکۆڵینەوە بوو لەسەر چالاکی نهێنی و ئاشکرای ڕووناکبیران. دوو سێ ساڵ لەم زەمینەیەدا کارم کرد و ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و نووسەران و هۆنەران کە بە زمانی بێزمانی تۆمەتیان لە شا ئەدا و لایەنی کومۆنیزمی ڕووسی و چینییان ئەگرت، گرت و خستە زیندان. جگە لەمە هیچی تر نەبوو. هەندێجار لە بەرەگەدا چەند داوەڵێک خۆیان دەرئەخست، هەڵپەهەڵپێکیان ئەکرد و ئەپووکانەوە. کاتێک سەیرم ئەکرد جگە لە تراویلکە چی دی دیار نەبوو.

هاوینی ئەو ساڵە بەختیاریان لەکار خست، زۆربەی ئەو ساواکیانەی لە ئورووپا کاریان ئەکرد بانگ کرانەوە بۆ تاران تا لایەنگرانی بەختیار پاکتاو بکرێن. هەروەها کۆمەڵێک لە خوێندکارانی دانیشتووی ئورووپایان بانگ کردەوە بۆ هاندن و تێگەیاندن لە پێشکەوتنە پرشنگدارەکانی وڵات کە بە هەوڵ و تێکۆشانی خاوەنشکۆ شاهەنشا بۆ ئاسایش و ئاسوودەیی ئێران کردوویەتی، بە پاس بە هەموو ئێراندا گەڕاندیانن. هەروەها ساواک هەوڵی ئەوەی دا ئەگەر هەندی لەوانە تا ئەوکاتە ڕاپۆرتچی ساواک نەبووبێتن، بە

قازانجی ئاسایشی وڵات ڕایانکێشێت. لەناو ئەو کەسا نەدا کە ئەرکی سەرپەرشتی و ڕێنموونی ئەو خوێندکارانەیان لە ئەستۆ بوو یەکیان من بووم. ئەوانمان ئەبرد بۆ ئابادان و ئەسفەهان و شیراز و مازەندەران و پیشانمان دان لەو چەند ساڵەی ئەوان لێرە نەبوون ئێران لە سایەی شاوە چ پێشکەوتنێکی بە خۆیەوە بینیوە.

لە نێوان ئەوانەدا دوو گەنج هەبوو بە ناوی دەماوەندی و خانعەلی کە نازانم بۆچی پێموابوو ئاشنان و ئەیانناسم. لێیان نزیک بوومەوە. نیوەڕۆ و شێو لە لایانەوە دائەنیشتم و هەوڵم ئەدا قسەیان لێدەرکێشم. مێشکی هەردووکیان بۆنی سەوزیقاورمەی لێ ئەهات[٢٢]. دەماوەندی زۆربلێ بوو و ئەوەندەی تەشەرێکی لە لایەن منەوە ئەبیست بەرامبەر بە ڕژیمی شاهەنشا، لێم هەڵئەگەڕایەوە و ئامادە نەبوو بچووکترین ڕەخنە ببیستێ. خەپە و خۆش چاو و برۆ و شیک پۆش. هەر زوو بۆم دەرکەوت کوڕی یەکێک لە ژنراڵەکانە و بە پارەی دەربار نێردراوە بۆ ئورووپا. ئەوی کەیان خانعەلی کوڕە دارتاش بوو و مازەندەرانی. بە پارەی دەزگای زەویوزاری پادشایی و بە ئاگاداری خاوەنشکۆ شاهەنشا ناردبوویان بۆ ئورووپا، بەو مەرجەی دوای خوێندن و وەرگرتنی دیپلۆم دە ساڵ لە دامودەزگایەکی دەوڵەتی یان لانیکەم لە دەزگای کشتوکاڵ کار بکات. ئەم دوو گەنجە پێشبڕکێیان هەبوو و هەرکامیان هەوڵی ئەدا زانایی خۆی بە سەر ئەویتردا بسەلمێنێ. جارێکیان خەریک بوو لەسەر کامێرایەکی وێنەگرتن و مەگنێتۆفۆنێک[٢٣] بکێشن بە سەروچاوی یەکتردا و ئەگەر هاوگەشتەکانی تر نەبوایەتن، مرۆڤ نازانێ چی ڕووی ئەدا و چییان بە سەر یەک ئەهێنا. یەکێک بە ناوی ئازمایش هەواڵی

---

٢٢ـ **بۆنی سەوزیقاورمە:** لەبەر ئەوەی لە سەردەمانی کۆندا خواردنی گۆشتی دوژمن باو بووە، واتا سەری بۆ ئەوە باشە هەڵکەنرێ و گۆشتەکەی بکرێ بە سەوزیقاورمە. هەروەها وتراوە ئەو ڕامیاریانەی کە حکوومەت ئەیانکوژێ، کەسوکاری ئەبێ پرسەی بۆ دابنێن و سەوزیقاورمە بدەن بە خەڵک.

٢٣ـ Magnetophon جۆرێک بوو لە تەیپ ڕێکۆردەر.

بۆ هێنام ئەو دوانە خەریکی شەڕ و قڕەن. ئازمایش هەتیوەیەکی ڕووهەڵماڵراو بوو پێی ئەکرد بە پێڵاوی هەموو کەس و ناکەسێکدا. کاتێکە لێم کۆڵایەوە دەرکەوت ماوەیەک لە ئورووپای ڕۆژهەڵات خوێندکار بووە و لەبەر شاپەرستی هاتووە بۆ ئورووپای ڕۆژاوا و سەرنجی کاربەدەستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. کەسوکاری لە ئاخوندە بە دەسەڵاتەکان بوون و لە ڕێگەی ناوبژیکردنی ئەوانەوە لە ڕیزی خوێندکارە وڵاتپارێز و نەیارەکانی کونفدراسیۆنی خوێندکاراندا بانگهێشتن کراوە بۆ ئێران.

چیرۆکی شەڕەکەی دەماوەندی و خانعەلی بەمجۆرە بوو کە بەپێی فەرمانی خاوەنشکۆ شاهەنشا دیارییەک بە هەرکام لە میوانەکان بدرێ، بەگوێرەی حەز و پێداویستیان. کوڕەکان دیاریی وایان بۆ دانرابوو کە بتوانێ لەڕووی فەرهەنگیەوە یارمەتیان بدات، وەکوو ڕادیۆ، کامێرای فۆتۆگرافی، مەگنێتۆفۆن و جل و بەرگی بوومی... بۆ کچەکانیش کەرەسەی ئاڕایشت، هەزار بێ.ە[٢٤]، دەسبەند و بازنە و بەرهەمی هونەری و بەرماڵی پۆپەشمینە و لەوبابەتە.

لە هوتێلی ئەسفەهان ژوورێک درابوو بە هەردووکیان و خانعەلی و دەماوەندی پێکەوە بوون. ڕۆژێکیان کاتێک خانعلی لە گەڕان گەڕایەوە، بینی لەسەر تەپڵەکی قەراخ سیسەمەکەی هەرکامیان دیارییەک دانراوە؛ کامێرای کۆداک و مەگنێتۆفۆنی گرۆندیک. دەماوەندی کە بیستبووی پێش گەڕانەوە بۆ ئورووپا دیارییان پێ ئەدەن، تۆزێک زووتر خۆی گەیاندبوویە ژوورەکە و کە چاوی بە کامێرای کۆداک ئەکەوێ لەگەڵ مەگنێتۆفۆنەکە ئەیگۆڕێ. پێی وابوو کامێراکە گرانترە و بۆ وێنەگرتن لەوەی دۆستەکەی بەکەڵکترە. بەڵام هێشتا نەگەڕابوویەوە سەر سیسەمەکەی خۆی، ئەبینێ خانعەلی بەو قەڵافەت و باڵابەرزەیەوە، بە جاکەت و پانتۆڵی شپرزەوە لەبەردەمیا

٢٤ـ قوتوویەک بوو کە جێگەی دەوری و پیاڵە و کەوچک و قۆری و کارد و چنگاڵ و قەند و چای و خواردەمەنی هەبوو و لە سەیران و گەشتدا بەکار ئەهێنرا.

وەستاوە و سەیری ئەکا.

ـ گورج داینێرەوە سەر جێگاکەی، ئەگینا دەم و ددانت پڕ ئەکەم لە خوێن.

ـ زۆر بێجێ ئەکەی.

شەڕەکە لەسەر ئەمە بوو. هەراوهوریای ئەوان میوانەکان و هاوگەشتەکانی ئاگادار کردەوە و ئازمایش هات بۆ لای من و منیش هێشتا نەگەیشتبوومە بەر ژوورەکەیان بیستم دەماوەندی هاوار ئەکا:

ـ بڕۆ، ئیتر هەموو ئەتناسن. تۆ دۆستی گیانی بە گیانی ئەهاریت و کێ نازانێ ئەو چکارەیە؟

تۆزێ وەستام هەتا زیاتر گوێم لە قسەکانیان بێ. بەڵام لێکدان و ئەو جنێوانەی دەماوەندی ئەیدا بە بەچکە دارتاش ڕێگەی نەدام لەوە زیاتر بوەستم. چوومە ژوورەوە و وتم:

ـ جەنابان ئێوە خوێندەوار و ئورووپا دیدەن، شەرم ناکەن؟

ئەوانم لێک هەڵبڕی و ئاشتم کردنەوە و ڕازیانم کرد بەوەی مەگنێتۆفۆنەکە ــ کە لەلایان هەرزانترە ــ بگۆڕمەوە بە کامێرا بۆیان.

بەڵام ئەوان تەنها لەسەر ئەم شتانە ململانێیان نەبوو. وتم کە دەماوەندی خۆش قسە بوو و بە نوکتەی خۆش و گاڵتەکردن هەوڵی ئەدا کچەکان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ. لەولاشەوە خانعەلی گورجوگۆڵ بوو و ئەیتوانی وەکوو مەیموونی لۆتیەکان هەڵخاتەوە و داواکانی کچان ڕاپەڕێنێ. هەڵبەت کوڕە ژنراڵ بە گۆنای سوور و چاو و برۆی ڕەشەوە شانسی زیاتر بوو تا کوڕە دارتاش کە مڕومۆچ و ملبەکوێن و هونەری دڵداری لە بنەماڵەوە فێر نەببوو.

لێکم دایەوە ئەم دووانە هەردووکیان پاروویەکی چەورن بۆ کارکردن لەناو خوێندکاراندا. بەتایبەت لەو قۆناغەدا کە گەنجەکان بە توندی کەوتبوونە خۆیان و پێیان وابوو بە خۆپیشاندانی چەند هەزار کەسی مامۆستایان لە بەردەم پەرلەمان و دژایەتی دەربڕین بەرامبەر بە فێڵکردن لە هەڵبژاردندا و مانگرتنی کرێکارانی کارگەی

چنین و ئاورێشمی ئەسفەهان، ئەتوانن بناغەکانی ڕژیمی شاهەنشایی بلەرزێنن، خراپ تێگەیشتبوون. ساواک هەموویانی لەبن هێنا. لە پەیمانگەی باڵا دەنگی هەندێ لە ئاژاوەگێڕەکان، کە دیار نەبوو کێ هانی داون، بەرزەوە بوو و لەسەر ئەوەی بۆچی یارمەتیەکان بڕاوە، لەقەز مانیان گرت. خاوەنشکۆ فەرموویان پەیمانگەی مامۆستایان لە بناغەوە دابخرێ. خەریک بوو ئەبوو بە ئاژاوە و پێ ئەچوو خوێندکارەکان ئەیانەوێ بیکەن بە ئاژاوە. کۆماندۆمان تێبەردان. لەت و کوتمان کردن. بەزەییمان بە شتاقیاندا نەهاتەوە. ئیتر کەس مامۆستا و خوێندکاری لێک جیانەئەکردەوە. ئەڵێن هەندێ لە کۆماندۆ زمان نەزانەکان پەرتووکخانە و تاقیگەکانیان تێک و پێک دا. چەند کەس لە خوێندکارانیان لە قاتی دوو و سێوە هەڵدایە خوارەوە. یەک دوانێکیان بریندار بوون و پاشان مردن. زۆر کەس شەق و شڕ کرا و سێسەد کەس گیرا. زۆربەیان لە بەردەستی مندا بوون. سەیرم ئەکرد بزانم کامەیان ئەناسم. ئەمویست سەردەستەکانی خراپکاران بدۆزمەوە و بیان نێرم بۆ سەربازخانە. دە بیستێکم لە خوێندن بێ.ەری کرد. بەڵام ئاژاوە کۆتایی پێ نەهات. سێ ڕۆژ پاش ئەوە مناڵە وردکەی فێرگرکانیش لەگەڵیان کەوتن. لە شەقام کۆبوونەوە و بێڕێزیان بە خاوەنشکۆ کرد. پۆلیس هاتە ناو یارییەکەوە، ئەوسا دەنگی بەرەی نەتەوەیی بەرز بوویەوە. چەند کەس لە سەرکردەکانمان گرتن. ئەوانیتر خۆیان شاردەوە یان کەوتنە گووخواردن. بە هۆی ئەم ڕووداوانەوە خوێندکاران لە ئورووپاش پەرەیان بە چالاکیەکانی خۆیان ئەدا و دامەزراندنی کەسانی وا کە بتوانن دزە بکەنە ناو ڕێکخراوە ئازاد و ناحکوومیەکان و خۆیان بە «تێکۆشەر» پیشان بدەن، زۆر پێویست بوو. من زۆر سەرم قاڵ بوو. قاچێکم لە لیژنەی سەرکوتکردنی خوێندکاران بوو و قاچێکم لە ژووری کارەکەم کە دۆسیەی خوێندکارانی ئورووپا بخوێنمەوە و کاری کەسانی وەکوو خانعەلی و دەماوەندی جێبەجێ بکەم.

لەگەڵ هەردووکیان نێوانم خۆش کرد. متمانەیان پێکردم و لێم دڵنیا بوون زەمزەمە و وتووێژەکانی ئەوانیتر کە پێیان وابوو پێچەوانەی وڵاتپەروەری و نەشیاوی خوێندکارانە، بۆ من بگێڕنەوە. لە ماوەی ئەو سێ حەفتەدا لەگەڵ خوێندکاران لە ئابادان و ئەسفەهان و گیلان و مازەندەران و خوراسان بووم، لەگەڵ ئەدگار و تایبەتمەندی خوێندکارە میوانەکان و ئارەزوو و داواکاریی و ناڕەزاییەکانیان ئاشنا بووم و بە پێشکەشکردنی کامێرا و مەگنێتیفۆن بە هەردووکیان، توانیم بیانکەم بە ڕاپۆرتچی تازەکاری ساواک.

ئەوەندەی گەڕامەوە بۆ تاران، ویستم لەگەڵ دکتۆر بیژەن قسە بکەم و داواکەشم ئەوە بوو ڕێگە بدەن ئەو دوو نێچیرە، دوو سێ حەفتەیەک زیاتر لە تاران و ئێران بمێننەوە تا هەلێکی وا بڕەخسێ بتوانم باشتر لەناو خوێندکارەکانی ئوروپادا کەڵکیان لێوەرگرم. خوشبەختانە یان بەدبەختانە دکتۆر بیژەن پشووی وەرگرتبوو و من ویرام لەگەڵ دکتۆر جەهانگیر ڕووبەڕوو ببم. بە پێچەوانەی جاری یەکەم کە ژیاننامەکەمی لێوەرگرت و لالووت و خۆگر، بە بزەی درۆین و پۆلیس بازییەکەی کە دەریهێنا؛ ئەمجارەیان زۆر بە ڕووی خۆشەوە بەخێرهاتنی کردم و لەسەر ڕۆنیشتۆکێکی[٢٥] تەنیشت خۆیەوە دانام. ویستم دەربارەی گەشتی خوێندکارانی ئورووپا بۆ شارەکانی ئێران، ڕاپۆرتی پێ بدەم، پەرییە ناو قسەکەم:

ـ زانیارییەکی دووروودرێژمان لەم زەمینەیەدا پێگەیشتووە. وتیان تۆ لەگەڵ دوو خوێندکار ئاشنا بوویت.

ـ ئەگەر بەڕێزتان ڕێگە بدەن ئەمەوێ ڕای خۆم لەسەر ئەم دوو خوێندکارە بە خزمەتتان ڕابگەیەنم. پێموایە ئەم دوو کەسە بەکارمان دێن. ئەتوانین وەکوو کەرەسەی دزەکردن بۆ ناو ڕێکخراوەکان کەڵکیان لێوەرگرین. هەردووکیان مایەی ئەم کارەیان تیایە...

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم:

---

٢٥ ـ ڕۆنیشتۆک: کورسی دەسکدار. ع کرسي ذو ذراعين N lenestol د صندلی راحتی.

ــ زۆر بیرێكی باشە. بەڕێز، تۆ نازانی خوێندكاران لە ئوروووپا چ هەراوهوریایەكیان سازكردووە. هەڵبەت ئێمە خۆمان كەسانی دزەكردوومان لە ئوروووپا هەیە. ئەوانە هەتا ئێستا دەسكەوتێكی وەهایان بەدەست نەهێناو. كۆشكی فەرهەنگیش تا ئێستا زیاتر بەكاری خۆیان هاتووە هەتا ئێمە. زۆر زۆر بیرێكی باشە. ئێمە لە هەموو شوێنێك پێویستمان بە خەڵكی سەر بە خۆمان هەیە. هەموو كاتێك ئەندامانی ئێمە ئەبێ وریا بن. لە ئوروووپاش، لە هەر شارێك كە سێ خوێندكاری لێیە ئەبێ یەكیان هیی خۆمان بێ. لەبیرت نەچێ پاراستنی ژیانی شاهەنشا وا لە دەستی ئێمەدا. ئەگەر ئەركی خۆمان بە وردی و دڵسۆزییەوە ئەنجام نەدەین و دەمامك لە ڕوخساری نەزان و لادەر و دوخمانییەكان هەڵنەدەینەوە، زەبرمان لە خۆمان، لە ژیانی خۆمان و بنەماڵەكەمان داوە.

تا حەزكەی لەم وڕینانەی هەڵڕشت، كە من ئەو شتانەم وەكوو گۆرانی «ئەرێ بەبانانەوە...» لەبەر بوو. دەربارەی شا و نیشتمان و مەزنایەتی و ئاین ووو... لەپڕ بای دایەوە و مەبەستی ئەوە بو تامی دەمم بزانێ:

ــ ئەتەوێ خۆت بنێرین بۆ ئوروووپا و ئەم ڕاسپاردەیە خۆت جێبەجێ بكەی؟

وەڵامم دایەوە:

ــ قوربان من ئێستە گرفتارم و...

ــ جەناب، ڕۆیشتنی خوشكت لەماڵەوە شتێكی گرنگ نییە. لە هیچ شوێنێك شۆپی هەڵنەگیراوە... شەیدا بووە و چووە بەدوای ژیانی خۆیدا...

وتم:

ــ من ئەوەم پێ ڕاگەیاندن بۆ خۆم لە زانكۆ خەریكی لێكۆڵینەوەم و جگە لەوەش بۆ خۆم لە ڕشتەی مافناسی ئەخوێنم و...

ــ ئەزانم. كەی تەواوی ئەكەی؟

هیوادارم هەتا ساڵێکی تر لە تاقیکردنەوە دەرچم و تەواوی بکەم.

ـ زۆر چاکە، کەوابوو...

رای سپاردم بۆ ماوەی دوو حەفتەی تریش میواندری ئەم دوو خوێندکارە بکەم.

ـ مەزاخیان بۆ ئەنێرم. باش میوانداریيان بکە...

ـ من پێم ڕاگەیاندن ئەوانە هەر ئێستەش ئامادەی خزمەتکردنن. مەزاخیشیان نییە. هەر ئەوەندە بەسە پاش دوو حەفتە کە گەڕانەوە بۆ فەڕانسە، بدرێنە دەست ساواک. دڵنیام کاریان ڕێ ئەکەوێ.

ـ خەمت نەبێ.

لەلای ئەوەوە یەکسەر چووم بۆ شار. چووم بۆ ڕەستۆرانتی «چاقالە» مێزێکی چەند کەسیم تاپۆ کرد. دەماوەندی و خانعەلی و دوو خوێندکاری کچ کە ئەوان حەزیان لێیان بوو، بانگم کردن بۆ نانی شێوان. داوام لێکردن لەگەڵ خوێندکارەکانی تر نەگەڕێنەوە و دوو حەفتە میوانی سکرتاریەتی سەرۆک وەزیران بن. ئەمەوێ هۆڵی فیردەوسی و مووزەکانی ئێرانی کۆن و ئانترۆپۆلۆجی و زانکۆی کشتوکاڵی کەرەج ببینن و پاشان بە خۆشیەوە بگەڕێنەوە بۆ زانکۆکانی خۆیان. پاش خواردنەوەی دوو سێ پێک شەراب، سەرەتا دەماوەندی پشکووت و گڕی گرت و هەڵیدایە کە کونفدراسیۆنیەکان بێگانەپەرستن و پارە لە ڕووسەکان وەرئەگرن و لە نیشتمانپەروەری تێ نەگەیشتوون و ئەبێ هەموویان بە کوڕ و کچەوە لە قەنارە بدرێن. ئەوەش بەس نییە و ئەبێ تۆوی کومۆنیزم لەسەر عەرز هەڵبگیرێت و... من هەوڵم ئەدا ئارامی کەمەوە و پێم ئەوت، ئێوە خۆتان بۆ «یەکێتی» دروست ناکەن:

ـ مەگەر ئێوە لەوان کەمترن؟ زمانپاراو و تێکۆشەر و لێکۆڵەر!

یەکێک لە کچەکان وتی:

ـ مەگەر یەکێتی خوێندکارانمان کەمە کە یەک دوانێکی تریش

دروست بکەین.

خانعەلی وتی:

ـ ئێمە بەس ئەزانین قسە بکەین، بەکردەوە هیچمان پێناکرێ.

دەماوەندی پەڕییە ناو قسەی دۆستەکەی:

ـ جەنابت بەڵێ، بەڵام من دەرەقەتیان دێم.

خانعەلی وەڵامی دایەوە:

ـ با ببینین بۆ خەڵکیشی ئەگێڕینەوە.

من وتم:

ـ برای بەڕێز، تۆیش ئەوەندە نائومێد مەبە. هەرکەس کارێکی هەر لەدەست دێت. ئەبێ هەر دوو دەستمان بدەین بەیەکا تا دەنگی لێوە بێ.

یەکێک لە کچەکان بە پاڵپشتی خانعەلی وتی:

ـ نا قوربان... ئەویش ئەوەندە دەست و پێ سپییلکە نییە. ئەگەر پێویست بێت مەلەوانێکی شارەزایە. ئەگەر کەسێک بەڕاستی بیەوێت ڕێکخراوی خوێندکاران دروست بکات جەنابی خانعەلی زۆر شتی لەدەست دێت: بیبار هەرچەند وردیلەیە - هێندە تیژە وەک تاڵەیە.

بوو بە گاڵتە و جەفەنگ و کچە تەشەرێکی هەڵدا و بەکچەکەی تری وت:

ـ خانم، تۆ ئەبێ بزانیت!

شەو بە خۆشی تێپەڕی و من بە دوو تاکسی هەر چواریانم ناردەوە بۆ هوتێلەکانیان و، پێموایە تۆوێکم چاند کە پاشتر قازانجەکەی بە هەموو ئێرانیەکان گەیشت.

ئەم دوانە هەموو ساڵێک بۆ بینینی کەسوکاریان و لە ڕاستیدا بۆ بینینی من، لە پشووی هاوینەدا ئەهاتنەوە بۆ تاران و من پاش خوێندنەوەی ڕاپۆرتی کارەکانیان، کە هێشتا کاڵ و کرچ بوو، هەوڵم ئەدا پەروەردەیان بکەم.

هەڵبەت هیچ ناوێکی ساواک نەبرا. من خۆم بە فەرمانبەری وەزیرخانەی ناوخۆ و سەرۆک وەزیری ئەناساند کە کارم ڕاگەیشتنە بە کاروباری خوێندکاران لە سکرتاریەتی سەرۆکی دەوڵەت. پەروەردەکردن و باهێنان بە تەواوەتی خرابوویە ئەستۆی من. تەنها من بۆم هەبوو ڕاپۆرتی کارەکانیان بخوێنمەوە. تەنانەت دکتۆر بیژەنیش ئاگای لێ نەبوو. بەس هەندێجار کە پێویست بوایەت لەگەڵ دکتۆر جەهانگیر پەیوەندیم ئەگرت، کە پاشتر بۆم دەرکەوت ئەویش نەک هەر دکتۆر نییە، خوێندنێکی واشی نەخوێندووە و بەزۆری ئەرتەش ئەو پلەیەی پێدراوە. لە ڕوکنی دووەوە هاتووە بۆ ساواک و لە سپادا سەرنۆگە بووە. ئەمانە بۆیە ئەنووسم چونکە کاتێک زانیم چین و کێن ئیتر لێیان نەترسام. من خۆم لەوان بە بالاتر ئەزانی و لەوەزیاتر بە پێویستم نەئەزانی وەکوو سەرەتا کڕنۆشیان بۆ ببەم. هەرچی بێ ڕاست یان درۆ من خوێندەوار بووم. پەرتووکم ئەخوێندەوە. لە زاراوەی فەلسەفی و ڕامیاری تێ ئەگەیشتم. زمانی ئینگلیزی فێرببووم و بە زۆریش بوایە ئەمتوانی خۆم بپەڕێنمەوە. هەندێجار ئەیدا لە سەرم دکتۆرایەکی ساختە، وەکوو ئەو دکتۆرایەی پاریسیەکان وەریان ئەگرت، وەربگرم. یەکێک نامەکەی بۆ ئەنووسیم و منیش بە هەندێ پارە پێم ئەسەلماندن. لە بێبەختی من ئەوەندەم کار بۆ خۆم دۆزیبوویەوە و ژیانی بێسەروبەری خوشکم ئەوەندەی پێبەند کردبووم، بەو مەبەستە بالایە نەگەیشتم. هەندێ فەڕانسەشم ئەجاوییەوە. دکتۆری درۆیین، دکتۆر جەهانگیریش لەوە تێگەیشت کە من لەو زیرەکتر و وریاترم. ئیتر زۆر خۆی بۆ نەئەگرتم.

دوو ساڵی تەواو، پەروەردەکردنی ئەو دوو خانزادە لە ژێر دەسەڵاتی مندا بوو. بۆ جاری سێهەم لە مارچی ١٩٦٣دا کە ئەوانم بانگهێشتن کردبوو بۆ ئێران، ئاژاوەی تاران ڕووی دا کە بوو بە هۆی خوێنڕشتن.

ئەم ئاژاوەیە پێشینەی هەبوو. ڕۆژی دووەمی جەژن فەقێکانی

فێرگەی فەیزیەی قوم لەقەز ئەیانویست ڕاپەڕین بکەن و دژی «ریفۆرمی زەویوزار» بوەستنەوە. ئەمجارەیان کۆماندۆکان بە جل و بەرگی سیڤیل بە سەرۆکایەتی ژنراڵ سەرلەشکر کە ئەوکاتە سەرۆکی ساواکی تاران بوو، وردوخاشیان کردن. بێبەزییانەتر لە سەرکوتکردنی خوێندکاران.

دوو مانگ، بە ڕواڵەت ئارام بوو و هیچکەس جووڵەی لێوە نەهات. فەرمانی کەشتی بەدەست ساواکەوە بوو. هەرکەس دەنگی لێوە بهاتایەت دەمی پێ دائەخرا. هەتا ڕۆژی تاسووعا و عاشوورا کە هەزاران کەس لە بۆنەی ئایینیدا بەشدارییان کرد و پرسەی حسێن وردە وردە بوو بە ئاژاوە. من خۆم بیستم هەندێ کەس هاواریان ئەکرد: «بمرێ شا.» داوای ئازادی هەڵبژاردنیان ئەکرد و جنێویان بە ئینگلیز و ئەمریکا ئەدا. ساواک واقی وڕمابوو کە ئەم بزووتنەوە لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟! سەری بە کوێوە بەندە؟ کاربەدەستانی بڵند پایەی ساواک کە کاریان دژایەتیکردنی کومۆنیزم و چەپگەرایی بوو، وتیان کار کاری ڕووسەکانە!

هەندێکیش بەختیاریان بە تاوانبار ئەزانی. هۆکەشی ئەوە بوو خۆپیشاندەران دژی ئینگلیز و ئەمریکا بوون و دروشمی دژی کومۆنیستی نەئەبیسرا. لە وەرامین‌ـەوە، کۆمەڵێک کفن لەبەر هێرشیان کرد بۆ شار و خەریک بوو کێشەکە گەورەتر ئەبوو کە فەرمان درا بیاندەنە بەر گوللە و قاڵیان ببڕنەوە. فەرمانی تەقەکردن لە لایەن خودی خاوەنشکۆوە درا. مەبەستیان ئەوە بوو خەڵک بترسێنن و سەردەستەکانی ئاژاوەگێڕەکان لەوانی تر جیا بکەنەوە و بیانگرن. ئەم مەبەستە پاکەی شاهەنشا بەدەستی ژنراڵی فەرماندەری هێزە هاوبەشەکانی سپا و پۆلیس و ساواکییە چەکدارەکان، بوو بە خوێنڕێژی و کوشتنی ژمارەیەک جەماوەری بێتاوان.

هەرچەند ژمارەیەکی زۆر کوژران، بەڵام ئاژاوەگێڕەکان قاویان بڵاو کردەوە ژمارەیان لە پێنج تا دەهەزار کەس زیاتریش

بووە. بەڕێوەبەرانی دەزگاکانی تریش پاش چەند کاتژمێر ڕاوێژ و تۆژینەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی ژنراڵ تاوانبارە و فەرمانەکەی خاوەنشکۆی خراپ جێبەجێ کردووە و ئەبوایە نەهێڵێ کار بگاتە ئەم ڕادەیە. هەر ئەو ڕۆژە هەواڵدەرییەکانی دەرەوە کە هەموویان ئامێری دەستی ئینگلیز و کومۆنیستەکانن بڵاویان کردەوە ڕژیمی شا هیچ پێگەیەکی لەناو خەڵکدا نییە. ڕۆژنامەیەکی چەپڕەوی فەڕانسەیی نووسی کە ڕژیمی شا بە ٥٢٢ ملوێن دولاڕ بووجەی سپا و چالاکی ساواک هێشتاش نەیتوانیوە جەماوەری خۆی باشار بکات. چەندەها هەواڵگری ئەم ئاژاوە بچکۆلەیان ئەوەندە گەورە کردەوە و شاخ و باڵیان پێدا و نووسیان: «کۆمەڵانی خەڵک وەکوو سێڵاو هەموو شاەقامەکانی شاریان پڕکردەوە. سەربازەکان بە فەرمانی ژنراڵ سەرلەشکر لە ناوەڕاستی شەقامدا کفن پۆشەکانی وەرامینیان گوللەباران کرد.» ئاژاوە خەریک بوو ئەگەیشتە قوم و شیراز و شارەکانی تر. هەر ئەو شەوە، ژنراڵ سەرلەشکر، تێکڕای ئێمەی ساواکییەکانی تارانی کۆکردەوە. نزیکەی سێسەد کەس زیاتر یان کەمتر ئەبووین. وتاری بۆ داین و وتی:

ــ گریمان ئێستە سەد کەس یان هەزار کەس ملیان شکاند و نێردران بۆ جەهەننەم. چ گرنگیەکی هەیە؟ ئێمە وڵاتەکەمان لە مەترسی کومۆنیزم و مارکسیستە ئیسلامیەکان ڕزگار کرد و ئەگەر جارێکی تریش ڕووداوی وا ڕوویدات، دیسانەوەش وایان لێ ئەکەینەوە.

سەگباب دەمەوەر و زمانپاراو قسەی ئەکرد. لەو کۆبوونەوەدا هیچکەس نەیوێرا لێو ببزێوێ. کاتێکە هاتینە دەرەوە، گوێم لێبوو چەند کەس لە بەرپرسان منجە منجیان ئەکرد کە فەرمانی خاوەنشکۆ تەنها بۆ بڵاوەپێکردنی خەڵک بوو، بۆ دۆزینەوەی سەرانی ئاژاوەگێڕییەکان، نەک خوێنڕشتن. چرپەچرپ درێژەی کێشا. تەنانەت دکتۆر بیژەنی نۆکەر و پیاوی ژنراڵ سەرلەشکریش سەری ئەلەقاند.

من وام لێکدایەوە هەموویان لە گیانی خۆیان ئەترسن و پێیان وانەبوو خەڵکی ناڕازی تا ئەو ئەندازەیە داکۆکی بکەن. لێرە و لەوێ ئەبیسرا ئەم دڕندەیە بۆ خۆشیرینکردن و گەیشتن بە پلەی سەرۆکی ساواک لەوەش ناپرنگێتەوە کە فەرمانی شاهانەش پشت گوێ بخات. مەبەستی خاوەنشکۆ ئەوە بوو ئێران بکات بە وڵاتێکی ناکومۆنیستی دنیای ئازاد، نەک وڵاتی ئاژاوە و قەیران. دوژمنانی توندڕەر شایان بەوە تاوانبار کرد گوایە بە ئەنقەست ئاگرەکەی خۆش کردووە. دەمەتەقە و مشتومڕ گەیشتبوویە جێگایەک، کە ئیتر کەس دەرفەتی بیرکردنەوە و لێکدانەوەی نەبوو. ئەکرا بڵێی کێچ کەوتبوویە کەوڵی هەموویان. ئەترسان، لەو ڕۆژەی ژمارەی ئەم یاخی و ئاژاوەگێڕانە ببن بە چەند بەرامبەر. ئەوسا چییان بە سەردێ؟ ئایە ئەمە ئەو مەترسییە نەبوو بە قسەی شێخە، هەڕەشەی لێ ئەکردین؟

بەبێ گوێدانە ئەم مشتومڕانە، تەواوی بەڕێوەبەرانی ساواک بڕیاریان دا توندوتیژی بەکار بهێنن. بگر بگر دەستی پێکرد. ژمارەیەکی زۆریان گرت. بۆ قسە لێ دەرهێنان لەو کەسانە، ئوتووی کارەبا و باتۆم و کڵاوخوودیان بەکار هێنا.

چاکەی گرتنی بەکۆمەڵ ئەوە بوو، کە بوو بە سەرچاوەی داهاتێکی تازە بۆمان.

ژمارەیەک لە دەسەڵاتداران گیران. لە هەر دووسەد سێسەد کەس لانیکەم دە بیستێکیان دەوڵەمەند بوون و ئەکرا شتێکیان لێ هەڵکرێنین و کەللە مشکێکمان دەسکەوێ. لەم خوانە هیچ بە من نەگەیشت. دڵم بۆ دوان سیانێک سووتا. بەرم دان و تەنها ئەوەندەم دەسکەوت توانیم ئوتۆمۆبیلێکی تازە بکڕم. هەڵبەت ئەمکارەش بەبێ چەورکردنی سمێڵی دکتۆر بیژەن و دکتۆر جەهانگیر ئەنجام نەدرا. ئەم دڕندەییەی ژنراڵ سەرلەشکر خەریک بوو هەموو هەوڵی دڵسۆزانە و ڕەوای شاهەنشا هەڵوەشێنێتەوە کە ساڵەهای ساڵ بەکاری هێنابوو. مەگەر ئەوە شا نەبوو بۆ هاندانی خەڵک

دوو حیزبی نەتەوەیی و جەماوەری دروست کردبوو؟ ڕێگەی بە نوێنەرانی پەرلەمان و خەڵک دابوو بەشداری بکەن و کێماسییەکان بڵێن و خەوشەکان دەربخەن و ڕێگەی ڕیفۆرم و چاککردن پیشان بدەن؟ مەگەر خودی شا لە ساڵی ١٩٥٠دا ڕاوەنە تایبەتیەکانی خۆیان کە لە باوکییەوە پێی بڕابوو[٢٦]، دابەش نەکرد و لەم ڕێگەیەوە چەندەها جووتیار و وردە مالیک بوون بە خاوەنی زەوی و دەوڵەمەند بوون؟ ئەوانەی لە گوندەکانی دەوروبەری وەرامین و تارانەوە ڕژانە خوارەوە ئەوانە بوون زەوییان پێ نەگەیشتبوو. هەڵبەت دوژمنانی سوێندخواردووی شا واتە کومۆنیستەکان، قاویان بڵاو ئەکردەوە ڕاوەنەکانی ئەفرۆشێ بۆ ئەوەی بە ڕیاڵ، دراوی قورس بکڕێت و بینێرێت بۆ دەرەوە. ئێمە دەروازەی تارانمان پێ ئەبەستریێ، بەڵام کەس ئەتوانێ دەروازەی دەمی نەزانەکان ببەستێ؟ تەنانەت بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵک دەستی دایە ئەو ڕیفۆرمانەی کە هەمیشە ئەیویست بیکات و یەکیان ڕیفۆرمی زەوی بوو کە بەڕێوەی برد کە کلیلی چارەسەرکردنی هەموو گیروگرفتەکانی وڵات بوو. تەنانەت دەوڵەتێکی لیبڕاڵی هێنایە سەرکار یەک دوانێک لە کومۆنیستەکانی پێشووشی تێدا بوو.

هەر ئەم دەوڵەتە بوو کە ڕایگەیاند:

«ئەگەر لە هەر تمەنێکی دارایی دەوڵەمەندەکان دوو قەران بە نەدارەکان نەدرێ، چەرخی ڕۆژگار لە تەوەری خۆی ئەترازێ.»

فەرموویان: «خوا بکا گەدا قەت هیچی نەبێ/ لەخۆی ئەگۆڕێ و خوای لەبیر ئەچێ».

---

٢٦ ـ ڕەزا شای هەتیو کە هیچی نەبووە و بە منالی، لەبەر نەداری، نەخۆش ئەکەوێ و لەسەر ڕێگە فڕێی ئەدەن و خێرەومەند هەڵێ ئەگرنەوە، لە ماوەی ١٦ ساڵ پاشایەتی خۆیدا، تا ئەو ڕۆژەی کە هەمان ئینگلیس کاری پێی نەما و نەک هەر شاربەدەر بەڵکوو وڵات بەدەری کرد، حەوت هەزار گوندی لە دەس خاوەنەکانی دەرهێنا و کردنی بە ناوی خۆیەوە. ئەمە جگە لە سەدان کۆشک و کارگە و دامەزراو و...

یەکێک لە وەزیرەکان، کە ئێستە ئەمری خوای بەجێهێناوە فەرموویان: «ئەگەر ڕیفۆرمی ئاشتیخوازانە بەڕێوە نەچێ، شۆڕشی خوێناوی دێت.» ڕاستەکەشی مەبەستی خاوەنشکۆ ئەوە بوو ئەبێ «شۆڕشێکی سپی» لە سەرەوە بکرێ.

جا ئیتر دیار نەبوو ئەم ئاژاوەگێڕانە چییان لە گیانی خاوەنشکۆ ئەویست؟

باشە لە شەڕا خۆ هەڵوا نابەشنەوە! یاری، هەڵخە و داخەی تیایە و سەرشکانی لەدوایە. دەستەیەک تووش بوون. کۆمەڵێک نێردران بۆ تەراوگە. شتێکی سەرنجڕاکێش بۆ من ئەوە بوو لەم خۆپیشاندانانەدا جارجارە ژنی چارشێو بە سەر ئەبینرا. من کە هەموو ڕۆژێک لەگەڵ دوو خوێندکاری لە ئورووپا گەڕاوە، سەیری ئەم ئاژاوەگێڕانەم ئەکرد، لە هەموو شوێنێکدا بەدوای ڕوقیەدا ئەگەڕام و پێموابوو ئێستە ئیتر چوەتە ڕیزی ئەوانەوە. ئەم فەرتەنەیە کە چەن ڕۆژی خایاند لە ورەی دوو خوێندکاردا زۆر کاریگەر بوو و هەردووکیان بڕیاریان دا بەگیان و دڵەوە هاوکاری لەگەڵ فەرمانبەرانی دەوڵەت و شاپەرستەکاندا بکەن. بەبێ ئەوەی ناوێک لە ساواک ببرێت، لەکاتێکا من خۆم خەریک بوو تۆزێک دڕدۆنگ ئەبووم.

کار خەریک بوو ئەگەیشتە جێگەی خراپ. ئاخر باسی ڕاپەڕینی خەڵک نەکرابوو. کاتێکە ئەمبینی ئەم دوو گەنجە تەنها ڕواڵەتی دیاردەکە ئەبینن و ئەبیستن کە جەماوەر «هەڵبژاردنی ئازاد»ی ئەوێ و لە قووڵایی کێشەکە تێ نەئەگەیشتن و لە دنیای ئەندێشەی خۆیاندا شمشێریان ڕاکێشابوو و سەریان ئەشکاند و ملیان هەڵئەکەند و لە قەنارەیان ئەدا و ئیتر نازانن لەبن ئەم دروشمەدا چ بەڵایەک خۆی مەڵاس داوە. ئەوان قژیان ئەدی و من ئاڵۆسکان و چەم و خەمی قژ، ئەوان ئەبرۆ و من ئاماژەی بژ. هەندێجار ئەیدا لەسەرم ڕێگەیەک بدۆزمەوە و خۆم بگەیەنمە سووچێکی ئورووپا و لەم گێژاوە ڕزگار بکەم. ئەمانە بیر و خولیام بوون. بەکردەوە بڕیارم

دا زمانی بێگانە فێر ببم و ڕاکێشانی ئەم دەماوەندی و خانعەلی و ئەهارییە بکەم بە بیانوو و بۆی دەرچم.

بەڵام لە هەموو شوێنێک ڕوخساری ڕوقیە لە خەو و بێداریدا خۆی پیشان ئەدام. ڕوقیە ئیتر تەنها ئەو خوشکە نەبوو کە خۆشم ئەویست، کێ ئەڵێ یەکێک نییە لەم لەچک بە سەرانە. ڕوقیە ئەیتوانی بووبێ بە دوژمن. یەکێک بێ لەوانەی هاوار ئەکەن «بمرێ شا» و داوای «هەڵبژاردنی ئازاد» ئەکەن. تۆ بڵێی ڕۆژێک بێ هەموو شتێک هەڵگەڕێتەوە و ڕوقیە ببێ بە پۆلیس و ئاسایش و من ببم بە ساواکی و یەخسیری ئەو؟ ئەم بیرانە دەستیان لێ هەڵنەئەگرتم. شەوانە خەوم ئەبینی و لەژێر گوشاری مۆتەکەدا ڕائەپەڕیم و ئەمبینی ڕوقیە بە لەچکەوە، بە ڕوخسارێکی تووڕە و ترسناک، تفەنگی بە دەستەوەیە و خەریکە بە داس سەرم ئەبڕێ.

ڕۆژانە بەدوای ڕوقیەدا لەناو کوژراو و گیراوەکاندا ئەگەڕام. کوژراوەکانیان لە چاڵێک لە دەرەوەی شار، لە شوێنێک کە خەڵک دەستی پێی نەگات، ناشت. بیستم دوو ژنیش کوژراون. بەڵام ئیتر نەم ئەتوانی تەرمەکانیان بدۆزمەوە. چەند ژن و کچی گەنج لەناو گیراوەکاندا بوون. لە لێکۆڵەرەکان پاڕامەوە و تکام لێکردن کاتی پرسینەوە و لێکۆڵینەوە لە بنەماڵەی گیراوەکان بەدوای ڕوقیەشدا بگەڕێن. لە هیچ کوێ هەواڵی نەبوو. هیوام بڕا و ترسام. هەستم کرد خەریکە کۆڵەم ئەکوترێ.

ئەوەندەی خوێندکارەکانم بەڕێ کردەوە بۆ فەڕانسە، پشوویەکی چەند ڕۆژەم وەرگرت و یەکسەر چووم بۆ ماڵی دایکم و لەوێ حەسامەوە. مناڵەکانم ئیتر نەبینی. ئەوان لەلای باوەگەورەیان بوون و من نەم ئەوێرا هیچ بڵێم و دایکیشم بە ئەنقەست یان نەخواستە دانی بە خۆیدا گرتبووو، ناوی خوشکمی نەئەهێنا. لە سووچی حەوشە لەسەر ستێری ئەستێڵەکە هەڵئەترووشکا و بیری ئەکردەوە. لەسەر بەرماڵ دۆعای ئەخوێند و هەندێجار لەبەر خۆیەوە زەمزەمەی ئەکرد

و من ئەمبیست کە ئەڵێ: «خوایە خۆت هەر دوو مناڵەکەم بپارێزی، خوایە کچەکەم بە تۆ ئەسپێرم. خوایە ئەگەر ئەتەوێ کچەکەم لێ بسێنی، سەرەتا من بکوژە...»

دڵم بۆی سووتا. لێی نزیک کەوتمەوە و پرسیم:

ـ دایە هیچ هەواڵێکی ڕوقیە نازانی؟

وەڵامی دایەوە:

ـ نەء، بەڵام ماوەیەک لەمەوپێش ئەم قورئانەی بۆ ناردم، دەستنووسی ڕوقیەم ناسییەوە لە پشتی قورئانەکەدا کە پێشکەشی کردووە پێم.

هەوڵەکەم بێئەنجام بوو. کەی، لە کوێ، چ ڕۆژێک، چ مانگێک، چ کاتژمێرێک، پیاو یان ژن؟ وەڵامی هیچی نەبوو.

دایکم ئاگای لە هیچ نەبوو و وای دەرئەخست ئاژاوەی ئەم گوندییانە هیچ کار ناکاتە سەر چارەنووسی خوشکم. بەڵام من بە پێچەوانە، تێگەیشتم کە ڕوقیە و لەچکبەسەرەکانی تر هەموویان یەک ماڵن و پێشکەشکردنی قورئانی پیرۆز بە دایکم نیشانەیەکە کە خوشکم بۆ «من»ی ناردووە و ویستوویەتی پێم بڵێ کاری خۆم یەکلایی بکەمەوە و تا زووترە خۆم لەم گەرداوە دەرباز بکەم. بەتایبەت لەمکاتەدا ڕووداوی وا ڕووی ئەدا کە ساواک پێشبینی نەکردبوون و هەموانی حەپەساندبوو.

تەنها کەسێکە قورس و قۆڵ لە بەرامبەر ڕووداوەکاندا وەستابوو و بەخۆی نەئەزانی، شاهەنشا بوو. بیر و هۆشی بە تەواوەتی بۆ ئاسایش و خۆشی خەڵک تەرخان کردبوو. گەورەترین دژواریی لەلای ڕیفۆرمی زەویوزار بوو. ئەبوایە ئەو گوندییانە دڵکاو بکات کە لە شار ئاژاوەیان نایەوە. ئەمجارەیان فەرمانی ڕاستەوخۆیان دەرکرد کە زەوی ئەبێ بە زووترین کات لە نێوان جووتیاراندا دابەش بکرێ. لەبری شارە ناڕازییەکان و کریکارەکان، کە لەبن کاریگەرێتی کومۆنیزم و مەلاکاندا بوون، ئەبوایە پەنا ببرێتە بەر

جووتیارە پاکنژادەکان و ئەبێ بکرێن بە خاوەن زەوی. ئەبێ وامیان پێبدرێ تا لە ماوەی پانزە ساڵدا وامەکەیان بدەنەوە. کومپانیای هەوبەش لە گوندەکاندا دامەزران و بە دەستی خۆیان پسوولەی زەوییان لەناو گوندییەکاندا بەشیەوە. بۆ ئاسانترکردنی کارەکان شەش بەندی شۆڕشی سپیان نووسی و بەڕێوەبرد. بێدارییان بە دیاردەیەکی ناقانوونی ڕاگەیاند. تەواوی جەنگەڵەکان کرا بە ڕاوەنی نەتەوە. کرێکارەکانیان لە قازانجی کارگەکاندا کرد بە هاوبەش. سپای زانست پێک هێنرا تا قانوونی خوێندن بکرێ بە زۆرملێ و تاد و تاد. ئەم بەندانە پاشتر بەندی تریشی لێ زیاد کرا. مەبەستی خێرخوازانەی خاوەنشکۆ لە کەس شاراوە نییە. بەڵام ئەگەر ئەم فەرمانانە و ئەم ڕیفۆرمانە جێبەجێ نەکرا، هەڵبەت تاوانی کومۆنیستەکان و گەورە زەویداران و مەلاکان بوو، کە لە هەموو جێگەیەک دەستیان ئەهێنایە ڕێگەی کارەکان و بەبێ ئەوەی خۆشیان بزانن تەشوێیان ئەدا لە ڕیشەی پێشکەوتن.

زۆربەی ئاغەکان خۆیان بە پێخۆشبوونەوە ڕاوەنەکانی خۆیان فرۆشت بە گوندییەکان و پارەیان لە بانکەکان وەرگرت و لەبری ئەوەی لە پیشەسازیدا بیخەنە گەڕ، ناردیان بۆ بانکەکانی دەرەوە. چەند کەس لەو ڕاوەندارە گەورانە پاشان لە ڕیزی ملیۆنێرە باناوبانگەکانی ئێراندا هەژماریان بۆ ئەکرا. ئەمانە ئەو کەسانە بوون توانیان سەرمایەی دەرەکی و تەگبیرکارە بیانیەکان بهێنن بۆ ئێران و بە یارمەتی سپا دەست بە سەر سامان و دارایی خەڵکدا بگرن. مەلا خاوەن زەوییەکانیش لەم پیلانەدا بێلایەن نەبوون. هەوڵیان دا ئەم ڕێسا ڕەوایە پووچەڵ بکەنەوە. چەند کەسیان لە شازادە عەبدولعەزیم کۆبوونەوە و خومەینیان ناو نا «ئیمام».

دەستەیەک لە لاوەکان کە بە دوای ناو و نیشاندا ئەگەڕان «کونگرەی گەورەی جەماوەر»یان پێکهێنا و ڕیفۆرمی زەویوزاریان بە ئامرازی شانازی نەتەوەیی و پێشکەوتن و سەرکەوتن دائەنا و بە

ناوی پشتیوانیکردن لە شاهەنشا، ئەیانویست خۆیان دەسەڵات بگرن بە دەستەوە. «مونافیق» و ئاژاوەگێڕ مەگەر دەستیان هەڵئەگرت؟!

چەن مانگ پاش ڕووداوەکانی مەی ١٩٦٣ خوێندکارەکانی زانکۆی تاران کەوتنە خۆپیشاندان و ئەگەر چەند کەسێکیان لێ نەگیرایەت، ڕەنگ بوو کارەکان لە تەوەری خۆی بترازێت. بەڵام ئەکرا ئەم هەڵلایە بخرێتە ئەستۆی کومۆنیستەکان و گرنگی پێنەدرێ. بەڵام لە مانگی مەی ساڵی داهاتوودا چەند حوجەتولئیسلام لە شارە جۆراوجۆرەکاندا دەنگیان لێ بەرز بوویەوە و گرتنی ئەو ئاخوندانە، مەلاکانی تری هان دا بکەونە هەوڵ و نارەزایی دەربڕین.

خۆ نەئەکرا بە حوجەتولئیسلامەکان بوترێ کومۆنیست و نۆکەری ڕووس! ئەوە بوو زاراوەی «مارکسیستی ئیسلامی» لەمکاتەدا سەری هەڵدا.

دوو سێ مانگ پاش گەڕانەوەی دوو کەس، کە ساڵەها پێش ڕایان کردبوو بۆ ڕووسیە و ئێستا گەڕابوونەوە، دیسانەوە بوو بە هۆی ئەوەی سەرچاوەی ئەم ڕووداوانە بگێڕنەوە بۆ کومۆنیستەکان. هەردووکیان کوشتن. یەکیان تیرەباران کرا و ئەوی تریشیان وەک دکتۆر جەهانگیر گێڕایەوە، لە زیندان بە هۆی نەخۆشیەوە مرد. واتە لەژێر ئەشکەنجەدا گیانی بەخت کرد. ئەم ڕووداوانە لە ڕوانگەی ساواکەوە بە مەترسی نەئەژمێردرا کە سەرێکی بەند بوو بە ڕووسیەوە. هاوکارانی سی.ئای.ئێ و ئیسرائیلی دەرەقەتیان ئەهاتن. بەڵام ئەو شەپۆلەی بە بۆنەی قانوونی «پارێزراوی ڕامیاری سەربازەکانی ئەمریکایی» هەڵیگرسا، ئیتر نەکرا بە هیچ پینەیەک دادوورن بە ڕووسەکاندا. بەپێی ئەم قانوونە سەرباز و ئەفسەری ئەمریکایی بە تەواوەتی پارێزراوبوون و ئەگەر تاوانێکیان بکردایەت، دەزگاکانی داد و پۆلیسی ئێران نەی ئەتوانی لێیان بپرسێتەوە و دەستیان بۆ ببات. نەیارەکان ئەو قانوونەیان ناونا «کاپیتۆلاسیۆن». ئاخوندی پلەباڵای وەکوو ئایەتوڵڵا خومەینی و

ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری ڕۆژی لەدایکبوونی حەزرەتی زەهرا بەیاننامەیان بڵاو کردەوە و ئەم بەیاننامەیە وەکوو برووسکە بڵاو بویەوە. بازاڕی تاران بۆ یەک ڕۆژ داخرا. کۆگاکانیان بەست و کۆگاداران یەک ڕۆژ نەچوون بۆ کار. ئەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن دەماوەندی و خانعەلی و ئەهارییەوە، سەبارەت بە چالاکییەکانی کونفدراسیۆن، دژی ئەمریکای تالانکەر و ڕژیمی خاوەنشکۆ هومایوونی ئەگەیشت، بە ئەندازەیەک توند بوو کە بەپێی ڕاپۆرتی خانعەلی ئەوانیش پەکیان کەوتبوو و دەرەقەت نەئەهاتن. ئەهاری کە ویستبووی لە کۆبوونەوەیەکی خوێندکاراندا داکۆکی لەو قانوونە بکات تێرتێریان کوشتبوو. شڵەژاویی گشتی گەیشتە ڕادەیەک کە چەند کەس لە نوێنەرانی خۆفرۆشی پەرلەمانیش نەیاریان دەربڕی و داوای ڕوونکردنەوەیان لە دەوڵەت کرد. سەرۆک وەزیران گەنجێکی ساویلکەی بێئەزموون و سووراوکەر بوو کە پاش کونگرەی ببوو بە سەرۆک وەزیران. لە پەرلەمان هەڕەشەی لە پیرە بێددانەکان کرد و بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بنوێنێ، خومەینی دوورخستەوە بۆ تورکیە و تاوانەکەشی «هاندانی خەڵک بوو لە دژی بەرژەوەندی نەتەوە و ئاسایش و سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وڵات.» ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا بڵاوکرایەوە. پاش دوورخستنەوەی ناوبراو، ڕۆژی سێهەمی نۆڤامبری ١٩٦٤دا چەند کەس لە گەورەکانی بازاڕ و مەلاکان گیران و زیندانی کردن. ساواکییەکان بە توندی کەوتبوونە پەلەقاژە و هەستیان ئەکرد سەر ڕشتەی کارەکان خەریکە لە دەستیان دەرئەچێ. ئاژاوە خەریک بوو ئەگەیشتە شارەکانی تریش. بەشی زۆری هێزە سەربازییەکان لە زۆربەی شارەکاندا ئامادەباش بوون. هەر ئەو ڕۆژەی خەڵک لە مزگەوت بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی «پارێزراوی ڕامیاری سەربازانی ئەمریکایی» و نەیاری دەربڕین بەرامبەر بە دوورخستنەوەی خومەینی، کۆبوونەوە، هەر ئەو ڕۆژە سەرۆکی گشتی ساواک کە کابرایەکی خۆشبێژ و

نەترس بوو، هەموو فەرمانبەرانی لە هۆڵی گەورەی ساواک کۆکردەوە و لە پەراوێزی وتارەکەیدا و لەژێر پەردەدا داوای لە هەموان کرد داکۆکی بکەن. گوایە لەوە ئەترسا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خەڵک بکەوێتە دەست سپا.

لەم کۆبوونەوەیەدا ئەیویست ڕێگە بەوکارە بگرێ. لای ڕاست و چەپمەوە دکتۆر جەهانگیر و دکتۆر بیژەن دانیشتبوون. هەردووکیان سەریان داخستبوو و جارجارە بە دزییەوە سەیرێکی یەکیان ئەکرد. ڕیزێک لە پێشمانەوە ژنراڵ سەرلەشکر دانیشتبوو. سەربەرز و شەق و ڕەق. ئەتوت پێشبینی ڕووداوکانی کردووە و ئەیویست لە هەموان تێبگەیەنێ ئەگەر ئەو بکرێ بە سەرۆکی ساواک ئەتوانێ هەموو ئاژاوە و نائارامییەک بکوژێنێتەوە. دکتۆر جەهانگیر پێی وتم:

ـ خوا بکات کار نەکەوێتە دەست ئەم کەڵەگایە، ئەگینا ڕۆژگارمان ڕەش ئەکات.

ئەمویست قسەی پێدەرخەم. پرسیم:

ـ بۆچی وا ئەڵێی؟

ـ پاشان پێت ئەڵێم. ئاگات لە خۆت بێ لەم ڕۆژانەدا پارە لە کەس وەرنەگری.

چ وەڵامێکم هەبوو؟ پرسیم:

ـ مەگەر چی بووە؟

ـ زۆر خاوی. هەتا ئێستە لەگەڵ چەند مناڵە کومۆنیستی دەمپاراو ڕووبەڕوو بووین، بەڵام لەمەولا تووشمان بووە بە تووشی مەلای زیرەک و دنیا دیدە، کە خەریکن ژێرپێمان ئەدەنەوە. گوێ بگرە بزانە چی ئەڵێ. وانەی لێوەرگرە. بەکارمان دێت.

پاش کۆبوونەوەکە بە شێوەیەکی خۆمانی قۆڵیم گرت:

ـ چی ڕووی داوە؟

ـ مەگەر ڕاپۆرتی خوێندکاران بە وردی ناخوێنیتەوە؟ ئێستە ئیتر ڕووسەکان نین کە خەریکن ژێر پێمان گەسک ئەدەن. وادیارە

ئینگلیز و فەڕانسە و ئاڵمانیش کەوتوونەتە تەکیان. ئەوانیش زۆریان حەز لەم ڕێسایە نییە. هیچ هەواڵێکی ڕوقیە ئەزانی؟

ـ هیچ. تۆ چیت بیستووە؟

ـ لەمڕۆژانەدا کۆمەڵێک ژنیان گرتووە. چەند کەسیان هاوتەمەنی ڕوقیەن. بڕۆ دۆسیەکانیان بخوێنەرەوە. بەڵکوو هەواڵێکت دەس کەوت.

ناوی ژنە چارشێو بە سەرەکانم لێپرسی. نەی ئەزانی یان نەی ئەویست بیڵێ. ڕەنگیشە ویستبووی بە شتێکی ترەوە خەریکم کات. وتی:

ـ هەموویان لەم ناوانەیان هەیە: سەکینە، ڕوقیە، زێنەب، توویا... ناسنامەکانیان خۆ لەلای ئێمە نییە. ئەمەی دوایی ڕەنگە ناوی خۆی بێ.

پێی نەوتم بۆچی وەها دڵەڕاوکێیەتی. زۆر دژوار نەبوو یەکێکی کەم ئەزموونی وەکوو من تێبگات کە دڵی لەناوەوە تەپە تەپیەتی. ئەمە ڕاست بوو. بەڵام من هێشتا هیچ مەترسییەکم لەسەر خۆم هەست پێ نەئەکرد. کەوتمە شوێن کاری ڕوقیە.

چووم بۆ لای لەچک بە سەرە گیراوەکان. یەکسەر خۆم گەیاندە لێکۆڵەر و بەرپرسەکان. هیچیان چارەنووسی ڕوقیەیان نەئەزانی. وام لێک دایەوە دکتۆرەکانی هاوکارم، یان لە ڕووی هاودەردییەوە، یان بۆ ئەوەی پەنگێکم پێبدەن، هەموانیان لە کاری ڕوقیە ئاگادار کردبوو. دۆسیەکانیان پێدام. لەڕووی ئەم لاپەڕانەوە دەرکەوت چەند کاتژمێر یان چەند ڕۆژی بردووە هەتا ژنان و کچانی تازەکار دەم بکەنەوە و دان بەڕاستیدا بنێن. دیار بوو لەژێر گوشاردا بە هەر شێوەیەک کە بۆیان کراوە وەکوو قامچی یان جنێو و توورەبوون و ئەشکەنجە و تۆقاندن قسەیان پێ دەرخستوون. بەڵام ئەم ژنانە جگە لە بیر و باوەڕ چییان هەبوو؟ پەیوەندییان بە کەسەوە نەبوو و بە هاندانی مەلاکانی گەڕەک لە خۆپیشاندان بەشدارییان کردبوو.

«مەلا، فەرمووبووی بڕۆن، خێری هەیە!» جگە لەمە هیچیان نەبوو ددانی پیدابنێن. ناوی مەلاکانی گەڕەکیشیان نەئەزانی. زیاتر لە بیستوپێنج ژن و کچی لەچک و چارشێو بە سەریان گرتبوو. نزیکەی بیست کەسیان پاش دوو سێ ڕۆژ ئازاد کرد و وادانرابوو کە چوار پێنجەکەی تریش (هەڵبەت وەرگرتنی هەقدەس بەگوێرەی توانایان بە پێویست زانرابوو) ئازاد بکەن. چەند ڕۆژ لە بەیانییەوە تا شەو کاغەزەکانی ئەوانم خوێندەوە. هیچم دەست نەکەوت. بەوردی سەیری ئەو شتانەم کرد لە ماڵی تووباوە هێنابوویان. وێنەیەکم بینی لە کۆڕێکی ڕەوزخوێندن[٢٧] ئەچوو. چەند ژنی چارشێو بە سەر و چەند پیرەمێردی تیا ئەبینرا. تەنها ڕەوزەخوێنەکە دیار بوو و ئەوانیتر هەموو پشتیان لە کامێراکە بوو و تەنها چارشێوی ڕەش شێوەیەکی لەشیانی ئەنواندەوە. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم ئەکرد یەکیان ڕەنگە ڕوقیە بێ. دڵنیا بووم لە ئەندێشە زیاتر نییە. بەڵام منی خنکاوی ناو گێژاو بۆ چڵە پووشێک ئەگەڕام خۆمی لە گەرووی گێژەنی مەرگ پێ ڕزگار بکەم. ئەگەر شوێن پێیەکی ڕوقیەم دەستکەوتایەت، هەر ئەوکاتە بۆی دەرئەچووم و خۆم لەو بەڵایە ڕزگار ئەکرد کە خەریک بوو هەمووومان تێک بشکێنێ. لەو هەموو پرسیار و پەروەندە خوێندنەوە و گەڕانە دەسگیرەیەکم نەدۆزییەوە خۆمی پیاهەڵواسم.

چەندین مانگ تێپەڕی. هەمیشە لە هەوڵ و تەقەللادا بووم و نیگەران. بۆم ڕێکەوت بۆ بینینی سێ کەیبانووەکەی خۆم: ئەهاری، خانعەلی و دەماوەندی بچم بۆ ئورووپا. نەچوومە ژێربار. هێشتا

---

٢٧ـ ڕەوزە: گێڕانەوەی سەربردەی ئایینی و بەتایبەتی بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبوو تالیب و تراجیدیای کەربەلا و کوژرانی حسێن و یارانی بە هۆنراوە و پەخشان وەکوو سەردۆلکە، بەتایبەتی لەناو شیعەی ئێراندا، لە مانگی محەڕەم و ڕۆژانی تاسووعا و عاشووراداا، کەچی لە هەمان ڕۆژانی نۆ و دەی محەڕەم لە وڵاتی وەکوو «مەغریب» ئاگری شادمانی ئەکرێتەوە و منداڵان جەژنانە وەرئەگرن، ئەمە لە کاتێکا کە بە گوێرەی شەجەرەنامەی بنەماڵەی پاشایەتی عەلەوی مەغریب، شای مەغریب محەمەدی شەشەم بە ٤٨ پشت ئەگاتەوە بە حەزرەتی عەلی.

ڕەوزەخوێن: ئەو کەسانەی ڕەوزە ئەڵێن.

ئەوەندەم پاشەکەوت نەکردبوو بتوانم بۆ ماوەیەکی باش خۆم لە ئۆرووپا ڕاگرم. ئەمزانی دکتۆر جەهانگیر بەردەوام ئەچێ بۆ بانک و پارەکانی ئەگۆڕێتەوە بە دولار و فرانکی فەڕانسە. تازەپیاکەوتووی زمان نەزان ئێستە هاتووچووی بانکی ئەکرد و هەژماری بانکی هەبوو و لاسایی گەورەکانی ئەکردەوە. بەڵام من هیچم نەبوو. ئوتۆمۆبیلێکی پەرپووت و خانوویەکی چوار خەوە و کۆڵێک وامی بانک. تازە چووبووم بۆ نیاوەران، مەزاخی مانگانەی دوو مناڵەکەشم لە ئەستۆم بوو. ئیتر پارەیەکی وام نەبوو بیگۆڕمەوە بە دراو. ئەگەر پێم بگەیشتایەتە فەرەنگ، گەڕانەوەم نەبوو. لە هەمان کاتدا بیری گەشتکردن بۆ ئورووپا لەکۆڵم نەئەبوویەوە. پاش ڕاپەڕینی مانگی مای و پەرەگرتنی چالاکی خوێندکاران، پێشنیازم پێکرا بۆ لێکۆڵینەوەی کاری ئەوان بچم بۆ ئاڵمان. بەڵام من خۆم بوارد و بیانووم هێنایەوە کە وا باشترە یەکێکی ئاڵمانی زان بنێردرێت بۆ ئەو ناوەندەی ئاژاوەی خوێندکاران. نەم ئەزانی خەنیمەکان بە نهێنی و ئاشکرا، ئەیانەوێ لە کۆڵ خۆیانم بکەنەوە یان سەرکەوتنم لە کارەکاندا وەکوو خزمەتکردنی ڕاستگۆیانەم، هەر لە گرتنی مامۆستاکانی زانکۆوە بگرە هەتا یارمەتیدانی ئەوانی تر بۆ دزیکردن و، ڕووخۆشبوون بەرامبەر بە بەڕێوەبەری یاخی و ڕامکردنی دوو خوێندکار کە ئێستە ئیتر لە سیخوڕە شارەزاکانی ساواک بوون لە نێوان خوێندکارەکانی ئورووپا دایە کە بەرپرسان ئەیانەوێ ڕاسپاردەی قورسترم پێ بسپێرن. ڕاستەکەی ئەگەر ئەم ڕوقیە ماڵوێرانەی خوشکم نەبوایەت من ئێستە بۆخۆم کەسێک ئەبووم و ئەمتوانی لە لەندەن یان لوس‌ئانجلس بێنەوبەرەیەکم هەبێت. داخی گرانم. چ تەوقێکی خستۆتە ئەستۆم دۆست... بە قاچێکی شەل و پێنووسێکی شکاوەوە ئەبێ بەردەوام چاوم لە دەرگا بێ تا بزانم کێ وەڵامی هەڕەشەکانم ئەداتەوە و نان و ئاوێکم بۆ ئەنێرێ، تا لەبرسان نەمرم.

پاش ڕووداوەکانی مانگی مای و هەراوهوریای مەلاکان، ئەو چەتوونانە هەموو ڕۆژێک سەریان هەڵئەهێنا و بە هەر دەنگێکەوە کە لەوانەوە بەرز ئەبوویەوە، ساواک ئەیزانی چ هەڵەیەکی کردووە و لە شوێنکەوتنی کومۆنیستەکاندا توندڕەوی کردووە و دوژمنی ڕاستەقینەیان لەبیر کردووە کە لە ناخی کۆمەڵی ئێراندا خۆیان حەشار دابوو. تاکسیەکانیش مانیان گرت و ئیتر لە حەپس و ئەشکەنجە نەئەترسان. سپاش بۆ ئابڕووبردنی ساواک ئەیانوێرا بە ئاشکرا لە دادگای سەربازی داکۆکی لە نەیارەکان بکەن کە خۆیان بە ڕزگاریخواز ناوببەن. لە هەموو خراپتر کوشتنی سەرۆکوەزیری سووراوسپیاو کردوو بوو، کە ماوەیەک پێش ئەهاری و خانعەلی خۆی گەیاندبووە پلەی باڵای پەیژەی سەرکەوتن لەسەر قانوونی کاپیتۆلاسیون، لە بیست و دووی جانیوەری ١٩٦٥دا بە گوللەیەکی نەیاران ترۆرکرا. ئەم گوللەیە درا لە دڵی ساواک. ساواک ئەویان گەیاندە ئەو پلەیە و ئەوەش سزای تووڕەبوونی لە پیر و پاتاڵەکانی پەرلەمان بوو.

دادگای سەربازی بۆ شوێنەگومکێ، بە هەموویەوە چەند ئەفسەری بە تاوانی «بەشداریکردن لە کوشتنی سەرۆک وەزیران و ئامادەکردنی ڕاپەڕینی چەکدارانە و سیخوڕی بۆ دوژمن» گرت و حوکمی دان بە زیندانی هەتایی و تیرەباران.

خودی دکتۆر جەهانگیر پێش دەسەڵاتداریێتی سەرۆک وەزیری شیکپۆش پێی وتم: «سووچی خۆمانە. ئەم جەنابە گرووپێکی دروست کردبوو و ئەیویست خاوەنشکۆ فریو بدات و دەسەڵاتی وڵات بگرێت بەدەستەوە. پێش ئەوەی ئێمەی سپا دەسپێشخەری بکەین، ساواک هەر لە ئورووپاوە ئەوی بۆ ئەو کارە ناودێر کردبوو. بەڵێ سووچی ئێمەیە. کاری هەر بزنێک نییە خەرمان کوتان/ گای نێری ئەوێ و پیاوی لێزان. بەداخەوە...»

قسەکەی تەواو نەکرد. ئەیویست بڵێ بەختیار ڕۆیشت و

نەمایەوە. ئەگەر ئەو ئەبوو ئەم ڕۆژانەمان نەئەبینی.

لەو کاتەوە کە خاوەنشکۆ، بەختیاری کارکەنار کرد، لێرە و لەوێ ئەمبیست زۆربەی سەرانی ساواک لە شارەکان و ئوروپا و ئەمریکا لەسەرکار لائەبەن، یان پلەیان دائەبەزێنن. بەڵام ئەم ئاڵوگۆڕە لە ڕوانگەی هاوکارەکانی منەوە کارێکی ئاسایی بوو. هەرچی بێ لە هەموو دامودەزگا و وەزیرخانەیەک سەروخوار پێکردن هەیە، بۆچی لە ساواکدا نەبێ؟ وردە وردە ئەبیسرا کە ئەم لابردن و دانانانە لایەنێکی ڕامیاریشی هەیە و لە پشت پەردەوە وردە شتی وا هەیە، کە یەکێکی وەکوو من ئەویش تەنها بە چەند ساڵ پێشینەی کارکردنەوە، ئینجا لە پلەکانی خوارەوەشدا، تێگەیشتنی کارێکی ئاسان نەبوو. تاک و تەرا یەکی وەکوو دکتۆر جەهانگیر کە لەگەڵ بەختیار لە سپاوە هاتبوو بەڕاستی مریدی ئەو بوو. هەندێ ئاماژەیان بەوە ئەکرد تەنها شارەزاکان ئەیانتوانی تێبگەن چ ئاگرێک لەبن خۆڵەمێشدا شاراوەتەوە. بەتایبەت من لە کاتی خوێندنەوەی دۆسیەی خوێندکارەکانی ئوروپادا (ئەوەش بڵێم وردە وردە خەریک بوو ئەبووم بە پسپۆڕی بەشی خوێندکاران) ئەمبیست و ئەمخوێندەوە ژنراڵ بەختیار لە ئوروپا و ئاسیا بێکار دانەنیشتووە و خەریکە دژی بەرژەوەندی باڵای وڵات پیلان ئەگێڕێ. تەنانەت لە نێوان خوێندکارەکانی سەر بە ساواکیش دەمەقاڵە دەستی پێکربوو. لە هاوینی ساڵی ١٩٦٥ پشوویەکی یەک مانگەم وەرگرت و چووم بۆ سویس.

سەرەتا چووم بۆ ژنێڤ خۆم بە «مەملووک» ناساند کە هەژماری دارایی خاوەنشکۆ لە بانک و لە بازاڕ و کومپانیا بازرگانیەکان لە ژێر چاودێری ئەودا بوو و سەرۆکی ساواک بوو لەو کانتۆنە. ئەو منی لە ئەنجامی سەرپەرشتی کردنی سێ گەنجی سەربەساواک ئەناسی. گورج تێگەیشتم ڕاپۆرتەکانی کونفدراسیۆن کە لە هەموو جێگەیەکەوە ئەدرێ بە نوێنەری گەڕۆکی خاوەنشکۆ لە سەرانسەری

ئورووپا، ئەدرێ بە ئەو. هێشتا نەگەیشتبوومە بەرەوە دەستی کرد بە سکاڵاکردن:

ـ جەناب ئەم کەیبانوانەی تۆ هەمووی هەر خەریکی ڕابواردنن. ئەگەر لەم بەردەستانەم بویستایەت، سەدی تری وەک ئەوانە هەبوو. ئەو هەموو مەزاخە قورسە تۆ دات بە دەستمانەوە. مەبەست ئەوە بوو دوو وشەش بخوێنن. یەکیان ئەو ئەهارییە ئێستە شەش ساڵە لێرە ئەخولێتەوە. هەڵبەت ئەبێ بڵێم یەمەیان خۆم ڕامکێشا. بەڵام ئەو دوانەکەی دەسپەروەردەی تۆش لەمەی من باشتر نین. هەڵبەت خزمەتکارن و زانیارییەکی زۆریان لە ڕووداوەکانی ناوەوەی کونفدراسیۆن و ناکۆکی ناوخۆی حیزبەکان و بەرەی نەتەوەیی و چەپەکانی تر بە ئێمە داوە. بەڵام ئەم زانیاریانە لە لایەن خەڵکی تریشەوە بە ئێمە ئەگات...

تا حەزکەی خراپەی دەماوەندی و خانعەلی وت. ئاوێکی ساردی ڕژان بە سەر دەستمدا. تێنەگەیشتم ئەیویست هەڵوێستی من بزانێ یان بەڕاستی لە تەمەڵی و کارە سەرسەرییەکانی ئەوان وەڕەزە. بڕیارم دا بە زووترین کات پێیان ڕابگەم و ئەگەر بۆم ڕوون بێتەوە هەڵەیان هەبووە و کەمکاریان کردووە، باش گوێیان ڕابکێشم.

بەپێچەوانەی ئەم سیانە زۆر زۆر بە شان و باهۆی یەکێکدا بە ناوی «ئازمایش» هەڵیدا و، وتی خۆی ئەدا بە ئاو و ئاگردا و لە هیچ ناترسێ.

لە خۆم پرسی «ئازمایش کێیە، کێ بوو؟» هاتەوە بیرم لە تاران لە سەردەمی بانگهێشتنی خوێندکارەکان بۆ ئێران دیبووم. وتم:

ـ ئەمە هەر ئەوە نییە لە ڕۆژهەڵاتەوە ڕایکردووە و هاتووە بۆ ڕۆژاوا؟

خۆی بوو.

چەند ڕۆژێک لە ژنێڤ بووم و لەوێوە چووم بۆ پاریس و لە

هوتێل «بەرزیدان» خانعەلیم بانگ کرد.

ئێستە ئیتر ئەیزانی بووە بە ساواکی و خەریکە خزمەت ئەکا بە سەقامگیربوونی ڕژیمی شاهەنشا. زۆریش ئاگرەکەی تیژ بوو. هەمیشە خۆی بە حیزبی ئەناساند و لایەنگری پلاتفۆرمەکەی ئەوان بوو، بەڵام نە بەو ئەندازەیەی بەرەی نەتەوایەتی و گرووپەکانی تر زیز بکات. ئەو زانیارییەی لەسەر کونفدراسیۆن دای بە من زۆر سەرنجڕاکێش بوو. بەتایبەت کە ژمارەی کچەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیادیان ئەکرد و ئەمانە لەو ڕووەوە کە حەزیان لە حەزلێکەری بوو و لە ئەنجامی ئەو ئازادییەی پاش دوورکەوتنەوە لە سنووری ماڵەوەیان پەیدایان کردبوو، بە ئاسانی ڕائەکێشران. هەم لە ڕووی ڕامیاریەوە و هەم لە ڕوانگەی بارودۆخی ژیانیانەوە. زۆر جار ڕێ ئەکەوێ کچان لەگەڵ هاوماڵەکانیان ئەبن بە هاوسەرین و پێکەوە ئەخەون. ژمارەیەک لەم کچانە ئێستا لە ڕیزی چالاکوانەکانی کونفدراسیۆن دان و تەنانەت خۆشیان خەریکە ئەبن بە دەسەڵاتدار. سەرنجڕاکێش ترین خاڵی ڕاپۆرتەکە ناوهێنانی کچێک بوو بە ناوی «مەلەکە» کە شەش مانگ بوو لەناو خوێندکارەکاندا پەیدای ببوو و ئەیانوت لە فەلەستینەوە هاتووە. یەکسەر کەوتمەوە بیری ڕوقیە. چوومە بنج و بناوانی ڕووداوەکەوە. لە کوێوە ئەزانی؟ وێنەیەکم پیشان بدە. ڕەنگی ڕوخسار و چاوی کچەی فەلەستینیم پرسی. مەگەر لە فەلەستین چ باسە؟ چەپەکانی ئێران لە فەلەستین چی ئەکەن؟

هەموو بیستراوەکان و لێکدانەوەکانی خۆمم لەسەر ئەوەی کە هەموو نەیارەکان پەنا ئەبەنە بەر فەلەستین و لەوێ وەرئەگیرێن و لە هەلومەرجی ژیانی دژواری سەربازیی ئەوێدا خۆیان ڕائەگرن و شێوازەکانی جەنگی ناوخۆ فێرئەبن و گورجوگۆڵ و شارەزا ئەچن بۆ وڵاتانی عەرەب و ئیسلامی؛ هەموویانم یاداشت کرد. بەڕای خانعەلی ئەگەر ڕاست بێ یەکێک لە گەنجەکانی قەشقایی وانە و خوێندنی

بەرەڵڵا کردووە و چووەتەوە بۆ «مەمەسەنی» هەتا لەوێوە جەنگی پارتیزانی بەرپا بکات، کارتێکردنی ئەم کچە بووە کە لە فەلەستینەوە هاتووە. هەڵبەت قسەکانی خانعەلی تا ڕادەیەک قەبەکردنی پێوە دیار بوو. من زیاتر لە مەلەکەم کۆڵایەوە و بۆم دەرکەوت کچەی فەلەستینی دایکی ئێرانی و باوکی عەرەبی فەلەستینیە و بۆ خوێندن لە ڕشتەی پزیشکی هاتووە بۆ ئورووپا و لە جەنگ و مەنگی پارتیزانی هیچ نازانێ. بەڵام هەر ئەم فەلەستینیە بیری شپرزە کردم. لەوە زیاتر لە خانعەلیم نەکۆڵایەوە. تەنها بەزمانی بەرپرسێک کە بە بەردەستەکەی خۆی ئەڵێ، فەرمانم پێدا تا دوو حەفتەی تر ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر خوێندنی خۆی لە ڕشتەی فیزیکدا ئامادە بکات. تۆزێ پرینگایەوە، بەڵام شێوازی فەرمانددەرانەی من ڕێگەی پێ نەدا بوێرێ بەرپەرچ بداتەوە:

من ئەچم بۆ گەشت و تا دوو حەفتەی تر کە ئەگەڕێمەوە تۆ ئەبێ بە وردی پێم بڵێی لەم چوار ساڵەدا کە پێکەوە کارمان کردووە چ جۆرە دیپلۆمێکت وەرگرتووە؟ ئەم ڕاپۆرتە بۆ کەڵک وەرگرتن لەتۆ لەناو ئێران زۆر پێویستە.

وتم و ڕۆیشتم و بەوم نەوت ئەچم بۆ میونیخ تا ئەم فەرمانە بە یاری دێرینی ئەویش بدەم.

ئەم دەماوەندییە لەو چەورە فێڵەبازانە بوو. ڕوودار. بێشەرم و بێچاوڕوو. وەکوو زەرگەتە لە لقێکەوە ویزەی ئەکرد بۆ لقێکی تر. لە هەموو شوێنێک چزووی خۆی ئەوەشاند و شیلەیەکی هەڵئەمژی. لەم چوار ساڵەدا لەو کاتەوە مووچەی لە ساواک وەرئەگرت، لە شارێکدا خۆی بۆ ڕانەگیرابوو. سەرەتا لە پاریس بوو ئەیویست مافناسی بخوێنێ. سی ساڵێک ئەبوو زۆربەی ئەوانەی کە بەرزەفڕی بێپایە بوون، ئەیانویست خۆیان بخزێننە دادگاوە و ببن بە دادوەر و پێیان وابوو ئەگەر مافناسی بخوێنن لە دادگا جێگەی خۆیان ئەکەنەوە و لەوێوە بۆ وەزیرخانەی کاروباری دەرەوە و پاشان

ڕێگەی سەرکەوتن ئاواڵە ئەبوو. بەڵام ئەم پاریسی بەدڵ نەبوو و خۆی هەڵدایە لیون. لەوێ ڕشتەی وێژەی فەڕانسەیی هەڵبژارد. بەڵام زانی فەڕانسەکەی نەگەیشتۆتە ئەو ڕادەیە بتوانێ دیپلۆمێکی پێ وەربگرێ و بۆ ساواکیش جیاوازی نەبوو. لە هەر شوێنێک خوێندکاری ئێرانی لێبوایەت ئەو شوێنە شوێنی کارکردن بوو بۆ کەسانی وەکوو دەماوەندی و خانعەلی. چوو بۆ کارتس لە نەمسا کە یەک مانگەی پشووی ساڵانەی لەوێ بباتە سەر. بەو چاو و برۆ ڕەش و قژە لوولەیەوە، کچ پەسند بوو و توانی لەگەڵ کچێک تێکەڵ ببێت و ئاوسی بکات. بە زۆری باوکی کە لە شاپەرستیدا ناوبانگی هەبوو، ئەو کچەی هێنا و ئیتر بەسترایەوە و نیشتەجێ بوو. لەگەڵ ژنەکەی چوو بۆ میونیخ تا لەوێ لە پەیمانگەیەکی تایبەتی کە ئاسانتر دیپلۆمی ئەدا، لە ڕشتەی خانووبەرە دەستی کرد بە خوێندن و کە بەناوبانگی ئەندازیارەوە بگەڕێتەوە بۆ ئێران. لە ژنەکەی جیا بووەوە و مناڵەکەی لای دایکی دانا و خۆی لەو وڵاتە مایەوە.

ویستم توندوتیژ لەگەڵی بجووڵێمەوە. زانیم ئەو ئاگرە گەرمەی من دارە تەڕەکانی ئەو ناسووتێنێ. سەرەتا داچڵەکام. بینیم ئەو کوڕەی لەسەر مەگنێتۆفۆنێک لەگەڵ هاوڕێکەی بەرئەبوونە یەک و من بووم لە کۆڵان هەڵمگرتۆتەوە، کەچی خەریکە لەگەڵ منیش دەم بە دەمە ئەکات. بەوەوە ئەنازی کە باوکی لە نزیکانی خاوەنشکۆیە و ئەتوانێ ملی هەموو کەسێک بشکێنێ.

زۆری پێنەچوو بۆم دەرکەوت سەری بەندە بە جێگەیەکی ترەوە و قسەی من بە پوولێک ناکڕێ. هیچ بە پێویستی نەئەزانی ڕاپۆرتی کارەکانی خۆی بدا بە من و بە زمانی بێزمانی تێی ئەگەیاندم ئەو لەگەڵ بەرپرسانی باڵاتر لە من کار ئەکات. و بەپێویستی نازانێ ڕاپۆرتی زۆر نهێنی بدا بە منێک، کە بۆ خۆم لە کاتی پشوودام.

بابەتەکەم لەگەڵ مەملووک باس کرد. بۆم دەرکەوت ئەویش قسەی هەڵیت و پەڵیت ئەکات. بەوجۆرە بە هیچ ئەنجامێک نەئەگەیشتم.

بە تەلەفوون لەگەڵ دکتۆر جەهانگیر قسەم کرد و خۆم بە پشکێنەری وەزیرخانەی پەروەردە، لە نووسینگەی باڵوێزی گەرۆکی شاهەنشا، کە بە کاروباری پاسپۆرتی خوێندکارەکان ڕائەگەیشت، دایە ناساندن. بۆم دەرکەوت هەندێکیان لەگەڵ ژنراڵ بەختیار کە ئەو کاتە لە ژنێڤ بوو، پەیوەندی نهێنیان هەیە و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلم لە چالاکیەکانی ئەو دروستکرد، کە بۆ کاری داهاتووم زۆر یارمەتیدەر بوو. گەڕامەوە بۆ تاران و بەبێ ئەوەی بە دکتۆر بیژەن و دکتۆر جەهانگیر بڵێم، خۆم گەیاندە جێگری سەرۆکی ساواک، ڕاپۆرتێکی پوختم سەبارەت بە چالاکی گرووپی لایەنگرانی بەختیار بەتایبەت لەناو خوێندکاراندا ئامادەکرد و پیشانم دا کە چۆن پڕۆپاگەندەی ڕامیاری خەریکە ئەبێ بە خەباتی چەکدارانە لە ئورووپادا و ئەوەی لە دەسپەروەردەکانی خۆم وەکوو خانعەلی و ئەهاری بیستبووم بە دانانەوەی بومب لە کونسولگەری میونیخ، تۆزێ چەورترم کرد و وام دەرخست، بەرگریم کردووە لەوەی بومبێ تر لە نزیک کۆشکی فەرهەنگی پاریسدا بتەقێتەوە و کاولی بکات. جەنابی جێگر لەکاتی قسەکردن لەگەڵ مندا پەڕەکانی دۆسیەکەی هەڵئەدایەوە و لێی ئەپرسیم خوێندنم لە چ ڕادەیەک دایە و هانی ئەدام دوکتۆراکەم وەربگرم. بەکورتە قاپی ئەویشم دزی و لەمە بەولاوە ئیتر پلە و پایە و ڕەسیدی من لە ئابڕوو و پلە و زانیاری و هۆش و شێلگیری ئەم دەست و پێوەندانەی سپا زیاتر بوو. یەکەم ئەنجامی کارەکەم ئەوە بوو کە مەملووک ترۆ کرا و ئیتر نەگەڕایەوە بۆ ئێران. بەڵام بەو پاشەکەوتە فراوانەوە کە هەیبوو چوو بۆ ئەمریکا و چون شێوەی کارکردنی ئەوم دۆزیبوویەوە و ئەو خۆی ئەیزانی چ ڕەنگێکم لێداوە، بۆ ئەوەی بتوانم ژێر پێی بەتاڵ بکەم و بیتلێنم. جا ئەو لەو کەسانەیە ئەبێ سمێڵم چەور بکات و، ڕێکەوتین مانگانە پارەیەک بخاتە هەژمارەکەم لە بانکی سویس و ئەبێ بڵێم بەڕاستی لەو کەسانە بووە هەتا ئێستە ڕاستگۆیانە ئەو ئەرکەی بەجێ گەیاندووە.

ئەو تازیاریانەی[٢٨] پاش چاوپێکەوتنی جەنابی جێگر دەستم کەوت ئەوە بوو کە ڕێگەم پێدرا شۆپی دۆسیەی زۆر زۆر نهێنی سەرۆکی گشتی بگرم و ڕێگەم هەبوو بە ئاگاداری جێگری سەرۆک لە هەر دۆسیەیەک بکۆڵمەوە و پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی ئەو بڕیار بدەم و جێبەجێی بکەم. بەدبەختانە ئەبێ بڵێم لە دۆسیەی خوشکمدا جگە لەوەی من خستبوومە بەردەستیان، شتێکی زیاتری تیا نەبوو. کاتێکە ڕێگەیان پێدام دۆسیەی ئەفسەرەکان بخوێنمەوە، تازە حەوت ساڵ و شتێک بوو لە ساواک کارم ئەکرد. بەو شێوەیە ڕێگەیان بە هەموو کەسێک نەئەدا. من ئەو کاتە سی و دوو ساڵ تەمەنم بوو، بەڵام شاکارەکەم لە زانکۆ، ڕاپۆرتی چالاکیەکانی بەختیار منی خستبوویە دۆخێکی واوە کە زۆر کەس ئێرەییان پێ ئەبردم و ڕقیان لێم بوو و لە هەمان کاتدا کردبوومی بە جێ متمانە و بڕوای سەرانی ساواک. لە سەردەمی سەرۆکایەتی بەختیاردا ساواک چەقی دەسەڵاتی وڵات بوو و، بە گوتەیەک بڕیاری لە خودی شا زیاتر ئەڕۆیشت. تەواوی دامودەزگا و وەزیرخانە و کومپانیا تایبەتەکان لەژێر دەسەڵاتی ئەودا بوو. ئەوەندە بەس بوو یەکێکی وەکوو من دەم ببزێوێ و بڵێ فلانە بەڕێوەبەری گشتی نەیاری ڕژیمە، دەسبەجێ نانیان ئەبەست بە کۆڵی ئاسکەوە. خەڵکانی وەکوو من زۆر بوون. بە گوتەیەک ــ یان باشترە بڵێم بە گوتەی شێخە کە ئەیوت لە ڕادیۆ بێگانەکانی بیستووە ــ ساواک پەنجا هەزار فەرمانبەری هەبوو. بەڵام ئەمە درۆ بوو. جەنابی سەرۆک وەزیر باسی هەزار و پێنجسەد کەسی کرد. مەبەستیان فەرمانبەرە فەرمیەکانی ساواک بوو. بەڵام ژمارەی زمانگێڕ و سیخوڕ زۆر لەوە زیاتر بوو. من خۆم کاتێکە لە لەندەن بووم لانیکەم سێسەد ڕاپۆرتچیم هەبوو لەناو خوێندکاران و ئەو مامۆستایانەی بە ناوی لێکۆڵینەوەوە ئەهاتن بۆ دەرەوە و کەسانێکە لە بانکەکان و فڕۆکەوانی و ئێران توور و تلەڤیزیۆنی ئێران و

٢٨ ـ تازیار: privilege باشتری و لەپێشتری ئاوەڵناو امتیاز ع privilegium N امتیاز د امتیاز.

کومپانیاکاندا کاریان ئەکرد. هەروەها ئەو بەرەڵانەی کە لەقەز بە خۆیان ئەوت بازرگان. دەزگای باڵوێزی گەرۆک لە ژنێڤ لانیکەم هەزار سیخورِ و بەردەستی هەبوو.

لە دۆسیەی ئەفسەرەکاندا خوێندمەوە، کە لادەران و کومۆنیستەمان بلاویان ئەکردەوە، سەرۆکی ساواک خانوویەکی یەک ملیۆن دولاری دروست کردووە و لە ماوەی چەند ساڵدا پارەیەکی یەکجار زۆری کۆکردۆتەوە و لە سەرانسەری ئێراندا باخ و سەرای کریوە و لە ژنێڤ و کالیفۆرنیا ڤیلای خۆی هەیە. لەبارەی ئەم هەواڵە لە دانیشتنێکی تایبەتی لەگەڵ دکتۆر جەهانگیر قسەم کرد. وتی:

ـ ئەمانە هەمووی درۆ و دەلەسەی دوژمنانی ئێرانە. تازە ئەگەر ڕاستیش بێت. هەقی خۆیەتی. ئەبێ ولاتێکی بەم گەورەییە بەرێوە ببات. هەرکام لە ئێمەش بەشێکمان لەم ولاتەدا هەیە. ئەرکی سەرۆک لە هەمووەمان قورسترە. بە هەڵەیەکی بچووک سەرەونگووم ئەبێت. کەوابوو ئەبێ مووچەشی زیاتر بێ.

لەبیرمە ڕۆژێکیان لەبەردەم سەروان فەرزان کە سەرۆکی پۆلیسی لە ئەستۆدا بوو، لەگەڵ ڕوقیەی خوشکم بوو بە قسەمان. لەڕاسیتدا ڕوقیە و فەرزان بوو بە دەمەقاڵەیان. باسی دەوڵەتی تازە بوو کە ئەیویست ڕیفۆرم بکات و ڕێگە لە خراپە و دزی و بەرتیلخواردن بگرێ و لە جێگایەکدا وتبووی کە داراکان ئەبێ لە هەر تمەنێکی دارایی خۆیان، دوو قەران بدەن بە نەدارەکان، ئەگینا کارەکان ناچێ بەرێوە. ئەم سەرۆک وەزیرە لە سەرەتای ١٩٦٢دا هاتە سەرکار و ئەوەندی پێنەچوو پەرلەمانی هەڵوەشاندەوە کە زۆربەیان نوێنەرانی زەویدارە گەورەکان بوون. هەتا بە قسەی خۆی نەتوانن ڕێگە بە ڕیفۆرمی ولات بگرن. دیار بوو ئەم خانانە لەگەڵ دەوڵەتی تازە ناکۆک بوون و قاویان دائەخست ئەمریکاییەکان گوشار بۆ خاوەنشکۆ هومایوونی ئەهێنن و داکۆکی لێ ئەکەن.

یەک وەزیری هەر ئەم کابینەیە هەنگاوێک زیاتر چووە پێشەوە و وتی: «ئەگەر نەتوانین لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە ڕیفۆرم بەڕێوە ببەین، لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا وڵات ئەتەقێتەوە.»

لەم قسانەوە پاشتر «شۆڕشی سپی» کەوتەوە.

روقیە گاڵتەی بە ڕیفۆرم ئەکرد و ئەیوت: «باش خەریکن خەڵک کەر ئەکەن. ئاخر لەم خانانەوە هەتا ئێستە هیچ بە کەس گەیشتووە، تا ئێستە بگات؟»

فەرزان زیاتر پارێزی ئەکرد. وا تێگەیشتم زۆر هیوای بە سەرۆکی ساواک هەیە و پێیوابوو ئەگەر هەموو کارەکان بکەوێتە دەست ئەو، دڵنیا بوو ڕیفۆرم بەڕێوە ئەچێ.

من لە هەر جێگەیەک کە بۆم بکرایەت ئاگری ئەم مشتومڕانەم خۆش ئەکرد. هەڵبەت مەبەستم سیخوڕی کردن لە ماڵی خۆمان نەبوو. پێموابوو ئەبێ خەڵک بجووڵێنی و لە بیروڕایان تێبگەی. فەرزانیش سەرەڕای ئەوەی تا ڕادەیەک ئاگای لە کار و فرمانی من هەبوو، زۆریش خۆی نەئەپاراست و قسەکانی ئەکرد. بەتایبەت هەر ئەو شەوە قسەیەک لە دەمی دایکم دەرپەڕی کە زۆر بەواتا بوو. وتی: «ئەم ئاغەی فەرزانە پیاوێکی چاکە. کێماسی ئەوەیە دڵی بە بەختیار خۆشە و، هەر لەخۆیەوە سەوزی ئەو پاک ئەکات و گوتەی ڕامیاری ئەهێنێ بۆ ماڵی ئێمەش.»

پرسیم:

ـ چۆن دایە؟

وتی:

ـ زۆر شای خۆش ناوێ. حەز ئەکا بەختیار ببێ بە هەمەکارە.

چوومە ناو بیرەوە. لە دۆسیەی ئەفسەران و لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەکاندا، باسی ڕژیمی کۆماری ئەکرا.

راستەکەشی لەو سەردەمەدا بەختیار، زۆر لە ڕۆژنامەکاندا دەرکەوتبوو و لە هەموو شوێنێ وێنە و باسی ئەو بوو، کە چووە بۆ

ئەمریکا و لەگەڵ کنێدی دیداری کردووە. لێرە و لەوێ هەرکات ناوی سەرۆکی ساواک ئەبرا، پرسگری ڕیفۆرمی زەویش ئەهاتە پێشەوە. لە ئەنجامی ئەم ڕاپۆرتەدا چەند ئەفسەری پایەبەرز و بەڕێوەبەری گشتی لە وەزیرخانەکان و لە سپا کەرکەنار کران. دوو جێگری وەزیر و چەند باڵوێز لە ئورووپا و ئەمریکا خانەنشین کران. لەبری ئەوانە چەند ئەفسەری جێ متمانەی خاوەنشکۆ دانران. یەکێک لە مەرجەکان ئەوە بوو کە تەواوی کاربەدەستانی سپا، هەر لە سەرۆکی ستادەوە بگرە تا فەرماندەرە پایەبەرزەکان، هەموویان ئەبوایە یەک دوو ساڵ لە شا گەنجتر بن. تەنانەت فەرزان خۆی خانەنشتن کرد، چونکە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ بەختیاریان لێدابوو. ماوەیەک لە ماڵی خۆمان و لە ڕیزی دۆستەکانی ڕوقیەدا نەمبینی. هەتا ڕۆژێک بیستم بەرنامەی هەیە بچێ بۆ ئورووپا. لەکەسم نەپرسی ئەو هەموو پارەی لە کوێ هێناوە کە بتوانێ بچێ بۆ فەرەنگ. خودی تەیموری بەختیار هیچکەس بێڕێزی پێنەکرد. ئەیانوت تێکەڵی ئەو لەگەڵ خێڵی بەختیاری ڕەنگە ببێ بە هۆی ئاژاوە و پشێوی. لە دۆسیەدا بینیم کە بەختیار جارێکی تر گەشتی کردووە بۆ ئەمریکا و کنێدی بینیوە. ڕاپۆرتی دوورودرێژ لەم بارەیەوە لە ساواکی ئەمریکاوە گەیشتبوو. باڵوێزی ئێران بەرپرس کرابوو، وردەکارییەکانی هەوڵ و تێکۆشانی بەختیار و هاتوچۆی لەگەڵ سی.ئای.ئێ بخاتە ژێر چاودێرییەوە. لە دۆسیەدا شتێکی وام نەدۆزییەوە. تەقەیان لە تاریکی ئەکرد. هیچی وا لە ڕاپۆرتەکاندا نەبوو کەڵکی هەبێت. مانەوەی ئەو لە ئەمریکا زۆری نەخایاند و ئەوەندەی نەبرد لە ماڵەکەی خۆی لە فلوریسان بینیان.

لە ڕووی ناوەرۆکی ئەو وتارانەوە لە ئورووپا و ئەمریکا دەربارەی بەختیار بڵاوئەکرایەوە و لە دۆسیەیەکی چەند هەزار لاپەڕەییدا ڕاگیرابوو، دەرئەکەوت ڕۆژنامەنووسەکان لە هەموو لایەک بە شوێنیەوەن. لە ماڵێک کۆمەڵێک ئێرانی هاتوچۆ ئەکەن.

خوێندکاران، دەستە دەستە لە ئاڵمان و ئینگلیز و فەڕانسەوە ئەچن بۆ لای. تەنانەت لە ڕۆژنامەکانی دژی ئێرانیش کە لە ئوروروپا لە لایەن حیزب و گرووپە جۆراوجۆرەکانەوە بڵاوئەکرانەوە، جارجارە نوسینێکی دەربارەی بەختیار تێدابوو. ڕۆژنامەیەک نووسی بەختیار ئەیەوێ لەگەڵ ڕووسەکان پەیوەندی بگرێ.

ڕۆژنامەیەکی ئینگلیزی نووسی گەشتی خاوەنشکۆ بۆ ئەمریکا لەپاش لابردنی بەختیار، بۆ ئەوە بووە بەڵێن لە کنێدی و سی.ئای. ئێ وەربگرێ پشتگیری هەوڵەکانی بەختیار نەکەن. دەسەڵاتدارانی ئەمریکایی بەڵێنیان دابوو، بە مەرجێک خاوەنشکۆ هومایوونی ڕیفۆرم بکات. تەنانەت سەرۆک وەزیری ئەوکاتە کە خۆی پرۆژەی ڕیفۆرمی پێشنیار کردبوو، ئەیویست بچێ بۆ ئەمریکا و خۆی دەسەڵاتی وڵات بگرێ بەدەستەوە. بەڵام خۆی جەربەزەی ئەو کارەی نەبوو. براکەی نارد کە ئەویش هیچی لەدەست نەهات. تەنانەت خاوەنشکۆ هومایوونی لە وتارێکدا فەرموویان بەختیار لەگەڵ زەویدارە گەورە و مەلاکان دژی ڕیفۆرمی زەویوزارن و کوشتنی یەکێک لە بەڕێوەبەرانی ڕیفۆرم لە پارێزگای فارس، پیلانی بەختیار بووە. تا ئەم ڕادەیە لە هەموو سووچێکی وڵاتدا دزەی کردبوو.

دوو سێ ساڵ وا دەرئەکەوت بەختیار ئارام بووە و ئیتر چالاکی ڕامیاری نییە. بەڵام ئەم بێدەنگیە ڕواڵەتی کار بوو. ڕووداوە ڕامیارییەکان پیشانیان ئەدا کە جێ پێی ئەو لە هەموو خراپکارییەکاندا دیارە. لەمساڵانەدا هەندێجار هەواڵێکی لە بەغدا و بەیروت و هەندێجاریش لە ژنێڤەوە ئەگەیشت. نامەیەکی گەیشت بە یەکێک لە خزمەکانی بە ناوی سەردار کە هەراوهوریایەکی زۆری بەرپا کرد. ئەم بەختیارییە لە ترسان نامەکەی دا بە ساواک و داوایان لێکرد هەوڵ بدات لە نامەگۆڕینەوە لەگەڵ بەختیار بەردەوام بێت. هەموو جارێک بەڵێنی ئەدا و جێبەجێی نەئەکرد. ئاخرەکەشی هەر نەچووە ژێربار. ساواک یارمەتی لە دۆست و خزمانی ژنەکەی

وەرگرت. دەرکەوت ئەو لەوە زیرەکترە کلکی ببڕێ بەتەڵەوە.

پاش کوشتنی سەرۆک وەزیری شیک پۆش، لە دەوروبەریەکانی بکوژ بیسترا، کە یەکێک لە تاوانبارەکان لە بەغداوە هاتووە و لە ژنێڤ چاوی بە بەختیار کەوتووە. دوو مانگ و نیو دوای ئەوە، لە حەوشەی دەربار، کاتێکە خاوەنشکۆ هومایوونی ئەیویست سواری ئۆتۆمۆبیل ببێت یەکێک گوللەیەکی پێوەنا، ئەویش دوو سەربازی کوشت و خۆی کرد بەناو کۆشکدا و گوللەیەکی تر نرا بەو ژوورەوە کە خاوەنشکۆ هومایوونی لەوێ خۆی شاردبویەوە، بەڵام زیانی پێنەگەیاند. لە دۆستان و ئاشنایانی بکوژ شەش کەس کە بە کۆمۆنیست ناسرابوون و لە ئینگلیز ئەیانخوێند یان خوێندبوویان، گیران. لەناو ئەو بەڵگانەی لە گیرفان وماڵەکانیان دۆزرایەوە، یەکیان ناونیشانی بەختیار بوو لە ژنێڤ. لە گەشتی خاوەنشکۆ بۆ بڕلینی ڕۆژاوا، خوێندکارە ئێرانیەکان کردیان بە هەڵڵا و ڕێگەکەیان بەست. دوژمنەکانی ئێران لە بڕلین نووسیان ساواکییەکان بە دار و کوتەک کەوتوونەتە گیانی خوێندکارەکان ــ هەڵبەت ئەم هەواڵە درۆیە و ساواکییەکان هەرگیز کەتنی وا ناکەن ــ و لە شەڕ و پێکادان لەگەڵ پۆلیسدا خوێندکارێکی دوژمنی ئێران کوژراوە.

لەمکاتەوە هەموو هەوڵی ساواک تەرخانکرا بۆ دۆزینەوە و دژایەتیکردنی دوژمنانی ئێران و خوێندکارە لادەرەکان لە ئورووپا.

سەدان ڕاپۆرت، لەمڕۆژانەدا، لە هەموو پێتەختەکانی ئورووپاوە دەربارەی بەختیار و پەیوەندی ئە لەگەڵ خوێندکاران و نەیاران ئەگەیشت. ساواک لەمکاتەدا ئەیویست توانای خۆی لە ئورووپا بەهێز بکات. نوێنەرێک بە ناوی سکرتێری دووەم و ڕاوێژکارێک لە پایتەختەکانی ئورووپا بەس نەبوو. ئەبوا کاری نوێ بۆ خەبات دژی دۆژمنانی وڵات ئامادە بکرێ. هەر لەم ڕۆژانەدا بوو کە دکتۆر جەهانگیر پێیوتم:

ــ ئەتەوێ گەشتێک بکەی بۆ فەرەنگستان؟

نەم ئەزانی چ وەڵامێک بدەمەوە. ئەم پێشنیازە خافڵگیری کردم. دۆخێکی نالەبار بوو. ژنەکەم تازە مردبوو. منداڵەکانم بێسەرپەرشت بوون. دایکم لەو ماڵە کاولەدا نەی ئەتوانی ئاگاداریيان بگات. بڕیارمان دا منداڵەکان بنێرم بۆ «نەتەنز» بۆ لای باپیريان. چاوەڕوان بووین باوەگەورەی منداڵەکان بێ. و لەگەڵ خۆی بیانبات. هاتنەکەیان لەم حەفتە بۆ ئەو حەفتە دوا ئەکەوت. دەستم بەسترابوو. دیار نەبوو چی ئەکەم.

ئەگەر ئەموت بەڵێ باش. ڕەنگ بوو گومانم لێبکا ئەمەوێ بە تەنها بەجێی بهێڵم و خۆم دەرباز بکەم. پرسیم:

ـ منداڵەکانیش ئەبەم؟

ـ خولی کادری دەرەوە چەند مانگێکی پێئەچێ. جگە لەوە ڕەنگە هەر لەو چەند مانگەش زیاتر نەبێ. ناشتوانی لە یەک شار بمێنیتەوە و جێ خۆش بکەی. ئەگەر پێویست بێ ئەبێ لە شارێکەوە بچی بۆ شارێکی تر.

شەو باسەکەم لەگەڵ دایکم و خەسووم کردەوە و ئەوانیش نەیان ئەزانی ئەبێ شادمان بن یان غەمگین. هەر ئەو شەوە، خوشکم کە ئێستە ئیتر بەبێ ڕوودەربایسی و بەبێ دەرفەت وەرگرتن، شەوانە نەئەهاتەوە بۆ ماڵەوە و ئەیوت لەگەڵ دەستە خوشکانی خەریکە بووتیکێکی تازە لەناو فرۆشگادا دروست ئەکا و ئەیەوێ وەکوو کاکی ببێ بە کڕیار و فرۆشەی کاڵا؛ تەلەفوونی کرد و هەواڵێکی پێداین کە من تێگەیشتم چۆن خافڵگیر کراوم.

بۆ دوو حەفتە ئەچوو کەس فەرزانی نەدیبوو. لە ماڵەوەی نەبوو، ون بوو. پاشان کە لێکم دایەوە ئەم دوو حەفتەیە ڕێکەوت بوو لەگەڵ ئەو ڕۆژەی هەواڵی بەختیار لە بەغداوە گەیشتبوو.

بەیانیەکەی چووم بۆ لای شێخە. مەگەر بە ئاسانی ئەدۆزرایەوە؟ دوو سێ ڕۆژی پێچوو. نەمویست بە تەلەفوون زۆری لەسەر بڕۆم. تەنها پرسیم: «چ هەواڵێکی فەرزانت لایە؟»

ئەم شێخە لەو فێڵەبازانە بوو بۆ خۆی. وەڵامی دایەوە: «فەرزان کێیە؟ ناوێکی وام هەرگیز نەبیستووە. بەڵام زۆر حەزم ئەکرد بتبینم.»

جێ ژوانمان دیاریی کرد. هەر ئەو ژوورەی ماڵی خۆم کە لەوێ کونیاکم پێدابوو.

بە گەیشتنی، دەرگام بۆ کردەوە و پێکێک ئارەقی تیژم بۆ خۆیشم و بۆ ئەویش تێکرد.

ـ دەنگوباس؟

ـ هەواڵێکی زۆرخۆش نییە. پێش ئەوەی تۆ دەست بکەی بە لێپرسینەوە خۆم دەست پێئەکەم. ئەم ڕوقیەی خوشکت زۆر سەرەلەقێیەتی. چی ئەکا؟

ـ چی ئەکات. ئەیەوێ لەگەڵ چەند دۆستێکی بووتیک بکاتەوە و هەندێ کاروباری باشتر بکات.

ـ کاکە تۆش زۆر خاوی، کامە بووتیک؟

ـ قسە بکە. ئەگەر ئەوێری یەک وشەی خراپ دەربارەی خوشکم بڵێ! دەمت ئەشکێنم.

ـ نەخێر جەناب، خراپ تێگەیشتی. باسی ئەو شتانە نییە. ئەم خوشکەی تۆ لەوانە نییە. لەوکاتەوە تەڵاقی وەرگرتووە، ئەوەندە ڕقی لە هەموو پیاوێکە ئەتوانێ بە تفێک هەزاریان بخنکێنێ.

ـ ئەی باسی چییە؟

ـ من هیچم نییە، خۆت وەستای. پێی ڕابگە. لە دەوروبەری بکۆڵەوە. لەگەڵ هەندێ خەڵکی وا تێکەڵە کە من خۆشم لێیان نایەت.

ـ لەگەڵ کێ؟

ـ ئەگەر ئەمزانی پێم ئەوتی. من چاکەی تۆم ئەوێ. ئەو چاکەی لە دژوارترین ڕۆژانی ژیانمدا پێت کردم، لەبیری ناکەم. ئەمانە سەریان پەرۆشی سەری خۆیانیان نییە، بۆ هەر کارێک ئامادەن.

زۆر داگیرام. بە خۆم وت: «ئاو لە جەڕەدایە و ئێمە بە تینوێتی

ئەگەڕێین/ یار لە ماڵەوەیە و ئێمە بە دەوری جیهاندا ئەگەڕێین.
من بە دوای دوژمنانی خاوەنشکۆدا ئەگەڕێم کە لەناویان ببەم و بیاندەمە دەس دادگا. ئەوسا لەبن گوێی خۆمدا شتی وا ڕووئەدا مرۆڤ تێک ئەدا.»

کارم یەکجار زۆر بوو. دەرفەتم نەبوو سەرم بخورێنم. شەوێکیان کە زانیم ڕوقیە لە ماڵەوە نییە، دایکم خەریک کرد و چووم بۆ ژووری خوشکم. دۆڵابی جلەکانیم دا بەیەکا و قەفەسەی پەرتووکەکانیم سەروبن کرد. ئەمزانی حیزبیەکانیش سەرەتا گەنجەکان بە کاغەز و پەرتووکەوە خەریک ئەکەن و ئەوسا ئاوەزیان ئەدزن و لە ڕێگەی ڕاست بەدەریان ئەکەن. چاوم خەریک بوو دەرئەپەڕی کاتێکە نامیلکە و شەونامەکانم بینی لەو بابەتەی لە دۆسیەی لادەراندا هەبوو: «شێوازی جەنگی پارتیزانی لە کووبا»، «خەباتی چەکداری، تەنها ڕێگەی ڕزگاری»، «ئایە ڕێگەی ئاشتیخوازانە هەیە؟»، «خەباتی چەکداری و بەرپەرچدانەوەی تیۆری مانەوە»، «پێشمەرگەی شار»، «خەباتی چەکداریی هەم ستراتژیک هەم تاکتیک» و سەدان پەڕەی مەترسیداری تر کە دۆزینەوەی تەنها یەک لاپەڕەی لەلای هەر مرۆڤێکی گۆمانلێکراو، لانیکەم چەندین ساڵ زیندانی هەبوو.

هەر بەناو ژوورەکەدا هاتم و چووم و پرسیم، چی بکەم؟ لەگەڵ خوشکم قسە بکەم؟ چنگ بکەم بە قژیا و بیرنمەوە؟ بە دایکم بڵێم چی؟ بنەماڵەی نەتەنزی چیم چی ئەڵێن؟ ئەوەندە لەناو ژوورەکەدا هاتم و چووم، کاتێکە دایکم هاتە ژوورەوە و نامیلکە و جل و بەرگەکانی بینی، من ئاگام لە خۆم نەبوو و ئەوم نەبینی.

ـ ئەوە چی ئەکەی؟ بۆ شتەکانی ڕوقیە ئەدەی بەیەکا؟

پرسیم:

ـ هیچ ئەزانی خەریکە چ قوڕێک ئەکا بە سەرمانا؟ خەریکە چ بەڵایەکمان بە سەر ئەهێنێ؟

لەڕووی نەزانیەوە ئەم قسانەم کرد. لەدەمم دەرپەڕی. قازانجی چی بوو دایکم نیگەران بکەم؟ گورج هاتمەوە بە خۆمدا و وتم:

ـ هیچی وانییە. وامزانی مشک چووەتە ناو جلەکانی. ویستم بیگرم، مەترسە ئێستە کۆیان ئەکەمەوە. بە ڕوقیە هیچ مەڵێ.

دایکم باوەڕی نەکرد:

ـ نەخێر، شتێک هەر هەیە. من ئەوەندە گەوج نیم کە ئێوە پێتان وایە. منیش لە هەندێ شت هەر تێئەگەم. بۆچی هەردووکتان کارەکانتان لە من ئەشارنەوە؟ نەجیبە خانمیش لە هەندێ شت تێگەیشتووە؟

نەجیبە خانم خەسووم بوو.

ـ لەچی تێگەیشتووە؟

ـ ئەوەی کە ئێوە هەردووکتان کاری وەها ئەکەن ئێمە سەری لێدەرناکەین. نوجیبە خانم ئەڵێ هەمیشە پارەی زۆری لە گیرفان دایە و کاتێکیش لێی ئەپرسی چی ئەکڕی و ئەفرۆشی وا ئێمە نایبینین، وەڵام ناداتەوە. جگە لەوەش منی بێبەخت چەندە قسەڵۆکی خەڵک ببیستم. دەرودراوسێ بە بەرچاوی منەوە و بە تانە و تەشەر گاڵتە بە ساواک ئەکەن و منیش ناتوانم خۆم ڕابگرم. مەگەر شووم ساواکی بووە یان کوڕم؟

یەک دوو کاتژمێر کە لەماڵی دایکم بووم، بەوجۆرە بۆڵەی هات کە ڕوقیەش ئێستە ئیتر وەکوو تۆی لێهاتووە. هەمووتان کارەکانتان لە من ئەشارنەوە. پاشان لە سووچێکی ژوورەکەدا لە پێچکەیەکی قورسیەکەدا کز بوو. تەزبێحی هەڵئەدا و نزای ئەخوێند و فووی ئەکرد و دیسانەوە نقەنق.

لەوپەڕی پەژارە و نیگەرانیدا چوومەوە بۆ ماڵی خۆم. نەم ئەزانی چی بکەم؟ ڕاپۆرت بدەم؟ بەدەستی خۆم خوشکم بخەمە ناو گێژاوەوە؟ مەگەر ئەکرێ بابەتێکی بەو گرنگیە بشاردرێتەوە؟ خۆم دا لە نەخۆشی. تەلەفوونم بۆ دکتۆر جەهانگیر کرد کە دڵم تێکچووە

و لە دوێشەوەوە بەردەوام هێڵنج ئەدەم و تەنانەت ناتوانم بچم بۆ لای دکتۆریش.

دەرگای ژوورەکەم داخست و خۆم دا بە سەر موبلەکەدا. یەک دوو پیاڵە ئارەقم خواردەوە. دەنگی گریانی منالّی دراوسێکەمان وەڕەزی کردبووم. ڕاکشام. خەوم لێنەکەوت. نەم ئەتوانی بە بێکار دانیشم. ژیانم بەسترابوو بەو چارەسەرەوە کە ئەبوایە بیدۆزمەوە. ڕاپۆرت بدەم یان نەیدەم؟ نەجیبە خانم ویستی بێ بۆ لام و پێم ڕابگات، نەمهێشت. منالّە دوو ساڵ و نیوەکەم کە زۆرم خۆش ئەویست هێنا بۆلام. بەڵکوو لەگەڵی یاری بکەم و تۆزێ بێمەوە سەرخۆم. هیچ سوودێکی نەبوو. هەر لەبیری وەڵامی ئەو پرسیارەدا بووم: ڕاپۆرت بدەم یان نا؟ دایکم ئەڵێ چی؟ مەگەر ئەکرا شتێک لە ساواک بشاردرێتەوە؟ کاتێکە بەڕەڵڵای وەکوو شێخە بەوەی زانیبێ کە ڕوقیە خەریکە ئەبێ بە فیدایی، مسۆگەر کەسانی تریش ئاگایان لەوە هەبوو. بەتایبەت کە لە سەرانسەری وڵاتدا ئاژاوە بوو. نەم ئەتوانی لە هەلومەرجێکی وەهادا لە ماڵەوە دابنیشم و بە کارەکانم ڕانەگەم و تەنها بیر لە ڕوقیە بکەمەوە. نەجیبە خانم لە کاشانەوە ئاگای لەوە بوو کە چەند ئاخوند و فەقێ لە مزگەوت کردوویانە بە فەرتەنە و بەرامبەر بە ڕیفۆرمی زەوی ناڕەزاییان دەربڕیوە. ئەیانەوێ ماڵی موسڵمانان داگیر بکەن، «الناس یسلطون علی اموالکم و انفسکم»یان خستۆتە ڕێ و ئەگەر سەرۆکی پۆلیس هەموویانی نەگرتایەت، ئەبوو بە هەرا و ئاژاوە. لە تاران، ساواک یەکێک لە مەلا زلەکانی گرتبوو و ژمارەیەک لە موسڵمانان ناڕەزاییان دەربڕیبوو بەرامبەر بە دەسبە سەراگرتنی ڕاوەنی زەویدارە گەورەکان و ساواک ناچار ببوو بیانگرێت و بیانخاتە زیندان. لە شارەکانی تریشەوە هەواڵی نیمچە ڕاپەڕین و ئاژاوە ئەگەیشت و ئێستە ئیتر دیار بوو ساواک تا چ ڕادەیەک لە ئارامکردنەوە و دابینکردنی ئاسایش و ئارامی گشتی‌دا چ دەورێکی باڵای هەبوو.

چۆن ئەمتوانی لەماڵەوە دابنیشم و گەوجێتی ڕوقیە ڕێگەی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە مەزنەم لێبگرێ کە لە ئەستۆمدا بوو؟

لە زۆری بیر و ئەندێشە سەرم دایە ژان. ئاسپرینێکم خوارد و خەوتم. کازیوە بوو لەخەو ڕابووم. بێزار بووم. ئاوێکم پژاند بە دوموچاومدا و جلم لەبەرکرد. پێش ئەوەی بچم بۆ ساواک، سەرێکم دا لە ماڵی دایکم، تا تۆزێک ژوورەکەی ڕوقیە کۆ بکەمەوە. تازە خۆر سەری دەرهێنابوو، کە گەیشتمە کۆڵانی خۆمان و دایکم لە جەمسەری کۆڵانەکادا بینی. پرسیم:

ـ لێرە چی ئەکەی؟

وتی:

ـ چاوت ڕوون!

پرسیم:

ـ چی بووە؟

ـ روقیە ڕۆیشت و وتی ئیتر ناگەڕێتەوە.

ـ کە چی ببێ؟

ـ من چووزانم. خۆ هیچ بە من نالێ. من نامەحرەمم. کارەکان ئێوە ئەیکەن و منی بێچارە ئەبێ ژانەکەی بژمێرم.

ئەوەی دەستم کەوت، هەر ئەمە بوو. شەوی دی ڕوقیە هاتۆتەوە بۆ ماڵەوە و کاتێکە دیوێتی شتەکانی لەسەر جێگای خۆیاندا نین، کەلوپەلەکانی خۆی کۆکردۆتەوە و خستوویەتە جانتایەک و وتوویەتی: «دایە، من ئیتر لەم ماڵە نامێنمەوە و پرسیاری من لە کەس مەکە. ئێوە هەمووتان ستەمکارن. هەر لەم بەردەرگایە لێم پرسی بۆ کوێ ئەچێ؟ وتی: خۆیشم نازانم، بەڵام لەم ماڵەش نامێنمەوە.»

ئیتر چارەم نەبوو. ئەبوایە قانوونی هیرارشی جێبەجێ بکەم و گوایە لەگەڵ فەراگەرد باسی بکەم. بەڵام ئەم کابرایە زۆر ترسنۆک بوو، خۆی ئەدۆڕاند و منیشی تووش ئەکرد. ئەوم بە هیچ دانەنا.

لەگەڵ دکتۆر جەهانگیر یەکم گرت و ڕووداوەکەم دێڕبەدێڕ بۆ گێڕایەوە. لێم پرسی:

ــ چی بکەم؟

بۆ دکتۆر جەهانگیر دیاردەیەکی نوێ نەبوو، دیسانەوە گومانلێکراوێکی تر.

ــ هەرچۆن بووە ئەیدۆزینەوە و ئەزانین بۆکوێ چووە. نیگەران مەبە. ڕاپۆرتەکەت بنووسە. با منیش هەندێ زیاتری لێبکەمەوە، تا بزانم چی ئەکرێ. برۆ جەناب، برۆ بە کارەکانت ڕابگە. کێشەی بەختیاریش لەوانەیە کۆتایی پێ بێت. مەلاکان خەریکن شۆڕش ئەکەن، نازانی لە قوم چ باسە؟

ڕێگەیەکی تر نەبوو جگە لەوەی بڕیارم بدەم. دڵنیا کردنم لە لایەن دکتۆر جەهانگیرەوە ڕەنگ بوو بەو مەبەستە بووبێ کە کاری خۆی ڕێ بخات. خوشکی من یان من بکەومە مەترسییەوە بۆ ئەو وەکوو یەکە. ئیتر ئەوەندەم ئەزموون هەبوو کە قسە ئارخایەنی نەئەکردم. ئەبێ پیاوی ژیان بیت. بە خۆم وت: سەرەتا هەوڵ ئەدەم ڕوقیە بدۆزمەوە و ڕایکێشم بۆ ساواک. ئەچم بۆ لای خودی جێگری سەرۆکی ساواک. ئەگەریش نەبوو بە دەرەک. ژیانی من نابێ لەسەر گووکارییەکانی ئەو تیاێچێت. هەرچیم لەدەس بێت ئەیکەم. ئەگەر ناکامیش بووم، ئەوە ئیتر سووچی من نییە.

قسەی شێخە لە گوێمدا ئەزرنگایەوە: «ئەوەندە خۆت بە دکتۆر بیژەن و ئەم و ئەوەوە مەلکێنە.» تازەودوا دکتۆر بیژەن کێیە؟ من ئەبێ خۆم ببەستمەوە بەوانەی سەرەوە؛ کاربەدەستەکان و خۆم پێش بخەم. ڕشتەی ژیانی من نابێ بە دەستی کچۆڵەیەکی گێژ و گەوج ببڕێ و بۆ هەر کوێیەکی ببات کە دڵدارەکەی لەوێیە.

هیچ نەمخستە خۆم. ئارەقخواردنی شەوانەم درێژە پێدا. کەم کەم بۆم دەرکەوت ئەم جەنابی دکتۆر ساختەیە کابرایەکی حەپۆلە. هیچی پێ نییە. کلکەگایەکی دەسکەوتووە و دڵی پێ خۆشکردووە.

مەرێکە، ئەلەوەرێ و لەگەڵ ڕاندا خولەی دێ. مەگەر من لەبەر ڕوقیە ببووم بە ساواکی کە بەبۆنەی جەنابی دکتۆر جەهانگیرەوە خۆم بدۆڕێنم. نەء، ڕوقیە نابێ ببێ بە ڕێگری پێشکەوتنم لە ژیاندا. هەوڵ ئەدەم خۆم بخەمە ئەو بەشەی ساواکەوە کە پەیگیری ئەو جۆرە کارانە ئەکات. ئەو بەشەی شێخە ئاماژەی پێکردبوو.

لە ئارەقخواردنەوەی شەوانە لەگەڵ دکتۆر جەهانگیر ئاماژەم کرد بە خۆلی کادری دەرەوەی وڵات و پرسیم:

ـ من پێم ناخۆش نییە بچم بۆ خولی فێربوونی لێپرسینەوە.

تۆزێ بیری کردەوە و چاوی بڕییە چاوم، بزەیەکی بەواتا گرتی، کە تەزووی هێنا بە لەشمدا، ئینجا وتی:

ـ فلانی، ئەڵێی بەبۆنەی گرفتاری خوشکتەوە، خەریکی بۆی دەرئەچی؟

وتم:

ـ نەء. وەڵڵا، بەخوا، نا! بەڵام خۆت ئەزانی دۆسیە خوێندنەوە، هیچ بە زانیاری مرۆڤ زیاد ناکات. حەز ئەکەم لە بەشەکانی تریشدا سەررشتەیەک پەیدا بکەم. هەرچی بێ من خەریکم ئەبم بە بەکالۆریوسی مافناسی. لەبەر خوشکم نییە. تۆ خۆت وتت، دڵنیا بم. منیش ئەوم لەبیر کرد. هەرکەس بە ڕێگەی خۆی.

پاش چەندجار وتووێژ لەگەڵ دکتۆر جەهانگیر، لە ئارەقخۆری شەوانەدا، بۆم دەرکەوت ئەم چاوەشباشی و هاودەستە وردەواڵەکانی هیچیان لەدەست نایەت. دانیشتم و بیرم لێکردەوە و لەخۆم نواری. بۆ ڕێگەیەک ئەگەڕام هەر جۆرێک بووە خۆم بگەیەنمە ژنراڵ سەرلەشکر. جا بۆ ئەم ناپیاوە؟ چەند لایەنی باشی هەبوو. یەکیان ئەوەی کە لە دوژمنانی سەرسەختی بەختیار بوو و دڵنیا بوو هەتا ئەو زیندووە و کاربەدەست، ناهێڵێ بەختیار بە مەبەستی خۆی بگات، کە سەرۆکایەتی گشتی ساواک بوو. جگە لەوە هێشتا گەنجی گەنج بوو و خوا ئەیزانی چ فێڵ و تەڵەکەیەکی لێداوە تا توانیویتی

بەو گەنجیە خۆی بگەیەنێتە ئەو پلەیە. لە هەموو گرنگتر چاو حیز و هەوەسباز بوو، نەی ئەتوانی لە ژنی جوان لابدات. تێکڕای ژنانی خۆش چاو و برۆ کە لە ساواک کاریان ئەکرد، تا بە بن باڵی ئەودا تێ تێنەپەڕیایەتن، ڕێگەی هاتنە ژوورەوەیان نەبوو. ئەمەم بۆخۆم لە ژنێکی جوانی جەوان بیست کە پێکەوە چووبووین بۆ جێبەجێکردنی ڕاسپاردەیەکی هاوبەش. ئەیوت:

ـ چاوی سوور ئەبوو، لووتی هەڵئەمسا، دەمی کەفی ئەکرد و وەک شێت پڕی ئەکرد بە نێچیرەکەیدا. دەستدرێژی کردن بەو ژنە گەنجانەی ئەبوون بە یەخسیری ساواک، تەنها بە بڕیاری ژنراڵ سەرلەشکر و لەبەر چاوی ئەودا ئەنجام ئەدرا. ئەو تەماشاکردنە، چێژی تایبەتی هەبوو بۆی. بە نهێنی، بەبێ ئەوەی بە دکتۆرەکانی هاوکارم بڵێم، نامەیەکم بۆ ئەم ڕاوچیە بێشەرمە، کە خۆی ئەبوایە لە لایەن منەوە ڕاو بکرێ، نووسی. لەم سەردەمەدا هەموو سەرنجی ساواک و وەزیرخانەی دەرەوە و خاوەنشکۆ شاهەنشا، ڕاکێشرابوو بۆ پرسی بەختیار و ڕووداوەکانی قوم. لەم نامەیەدا نووسیبووم بۆ ڕاگەیاندنی ڕاپۆرتێکی زۆر گرنگ و نهێنی ئەمەوێ بە خزمەتتان بگەم. بۆ خۆم نەخشەیەکم کێشابوو، کە لە چارەسەرکردنی کێشەی بەختیار و کۆتاییهێنان بەو گیروگرفتە زۆر زۆر گرنگ بوو. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە پشتیوانی و هاوکاری ژنراڵ پێویستە. لە نامەکەدا نووسیبووم:

«ئەگەر ژنراڵ ڕێگە بدەن، ئەم فەرمانبەرە چواردە ساڵەی ساواک لە شوێنێک دوور لە چاوی ناحەزان بە خزمەت بگەم، بەگوێرەی ئەوەی لە نیشتمانپەروەری و شادۆستی بەڕێزتان بەتەواوەتی ئارخایەنم، دڵنیام وتە و داواکارییەکانی ئەم بەندەی خزمەتکارە پەسندی ئاستانەی بەڕێزتان ئەبێ.»

نامەکەم بە ناونیشانی ماڵەوەی نارد، بە ناو شوێنی کارکردنی خۆمەوە. چەند ڕۆژی پێ نەچوو جەنابی ژنراڵ سەرلەشکر لە کاتی

سەردان و پشكنینی بەشە جیاجیاكاندا، لەپڕ لە شوێنی چالاكی دكتۆرە ساختەكاندا پەیدای بوو. لە دكتۆر جەهانگیری پرسی:

ـ ئەم جەنابە كێیە؟

وەڵامی دایەوە:

ـ فلانی، فەرمانبەری كۆن و خزمەتكار...

گوێی لە وەڵامەكەی ئەو نەگرت. ڕووی كردە من و وتی:

ـ هاتەوە بیرم. تۆ ئەو كەسە نیت لە ڕووداوی زانكۆ بەشدار بوویت؟

من كڕنۆشێكم كرد و هیچم نەوت. دكتۆر جەهانگیر ویستی خزمەتەكانی من بە ساواك، بە ژنراڵ ڕابگەیەنێ كە ئەو پەڕییە ناو قسەكەی و وتی: «ئەبێ زیاتر كەڵكیان لێوەربگریت.» و ڕۆیشت.

زۆری پێ نەچوو، ڕێگەیان پێدام لە خولی فێركاریی لێپرسینەوەدا بەشداری بكەم.

بە یەك ئامانجی خۆم گەیشتم كە بتوانم پەیشوێنی ڕوقیە بگرم كە لە ماڵی دایكم هەڵاتبوو.

پاش چەند حەفتە، ئەمویست سواری ئوتۆمۆبیلێك ببم، كە لە مەیدانی بەردەم ماڵە ساواكییەكدا ڕامگرتبوو، چاوم بە ژنراڵ كەوت و بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ لەگەڵم سوار بوو. من نەخشەكەی خۆم دەربارەی گیروگرفتی بەختیار بۆ باس كرد. دوو سێ جار دای بە سەر شانمدا و منیش ئەوم بردەوە بۆ ماڵەوە و دڵنیا بووم كە دڵیم ڕاكێشاوە بۆ لای خۆم. ژنراڵ فەرمووی: «جارێكی تر دۆسیەی بەختیار بخوێنەوە.»

ژنراڵ فەرمووی:

ـ بەداخەوە ئێستە كاتەكە لەبار نییە. ئێمە ئەبێ كاری خۆمان لەگەڵ مەلاكان یەكالا بكەینەوە. كێ چووزانێ بەختیار لە ئاژاوەی مەدرەسەی فەیزیەی قومیش‌دا دەستی نییە؟ زەمینەی ئەمكارە ئەبێ بەباشی و بەبێ وردبینی تەواو و زۆر بە پارێزەوە جێبەجێ بكرێ.

لەگەڵ هیچکەس لەمبارەیەوە مەدوێ. من خۆم بە دەمی ڕاپۆرت ئەدەم بە خودی خاوەنشکۆ و بە ڕەزامەندی بەڕێزیان ئەمکارە جێبەجێ ئەکەم. لەلای خۆمان بمێنێ. من زۆر بە نهێنی تۆ ئاگادار ئەکەمەوە. فەرمان ئەدەم هەموو ئەو ڕاپۆرتانەی لەسەر بەختیار ئەگات، بۆتی بنێرن.

ڕۆژی دواتر هێشتا خۆم نەکردبوو بە ژووری کارەکەمدا کە بینیم چەندین ڕاپۆرت لە کۆڵن و ژنێڤ و بەیرووتەوە لەسەر مێزەکەم کەڵەکە کرابوو. ڕاپۆرتێکی پۆلیس ئەیوت فەرزان پشووی وەرگرتووە و لەگەڵ دایکی چووە بۆ کەربەلا. ڕاپۆرتێکی تر هەبوو کە تەنها خۆی بە فڕۆکە چووە بۆ بەغدا و لە هوتێل بەغدا بووە. بەڵام جگە لە من کێ ئەم ڕاپۆرتەی بۆ گرنگ بوو؟ هۆش و بیری ساواکییەکان هەمووی لەلای خودی بەختیار بوو و لە هەمان کاتدا ئەیانوت دیتووشیانە.

هەواڵێکە هەمووی تۆقاند، ئەوە بوو کە وەزیرخانەی دەرەوە بە فەرمانی ڕاستەوخۆی شاهەنشا داوای کۆپی دۆسیەی بەختیاری کردبوو لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە تاران بەرەو ئورووپا. ڕۆژی دوایی لە ڕۆژنامەکان نووسرا و ڕادیۆکانی دەرەوە وتیان بەختیار بە زیلێک چەکەوە لە لوبنان گیراوە و لە زیندانە و چاوەڕێی دادگایی کردن ئەکات. ڕۆژنامەکان دوخمانییەکانی ئەویان یەکە بە یەکە ئەنووسی و داوایان ئەکرد ئەو دزەی پارەخۆرەی، زیناکارە بدرێتەوە بە ئێران. هەوڵدانی دیپلۆماتیکی نهێنی لە ڕۆژنامەکانیشدا ڕەنگی دایەوە. وردە وردە دەرئەکەوت لوبنان دانەوەی بەختیار بەباش نازانێ. لە هەموو شوێنێکی دنیا هەراوهوریا بەرزەوە ببوو کە نابێ ڕادەست بکرێتەوە. تەنانەت نووسەرێکی زۆر بەناوبانگی فەڕانسەیی کە لایەنگری لە خوێندکارانی کونفدراسیۆن ئەکرد، ئێستە دڵی بەوە خۆش بوو داکۆکی لە بەختیار ئەکرد، بەو لۆجیکەی کە ئەگەر تاوانبارێک بدرێتەوە بە ئێران ڕێگە بۆ ئەوە خۆش ئەبێ کە نەیارەکانی تریش

ڕادەستی ئێران بکرێتەوە. دەوڵەتی لوبنان ئەیوت لەم وڵاتە تاوانێک کراوە و ئەبێ لێرەش پێی ڕابگەن و تا کۆتایی دادگا، ناردنەوەی بۆ ئێران لە ئارادا نییە. لە ڕوانگەی ساواکەوە پشتگیری نووسەرانی فەڕانسەیی بەڵگەیەکی تەواوەتی بوو کە کونفدراسیۆن لایەنگری لە بەختیار ئەکات.

ڕووداوەکای مفق سەرنجی هەموانی لە چالاکی و خراپکارییەکانی بەختیار دوور خستەوە. کۆمەڵێک لە ئاخوندە گوندنشینەکان لە گەڕەکەکانی خوارووی شار، لە دەوری مەلایەک بە ناوی خومەینی کۆبوونەوە و بە زمانی خۆیان ڕۆژاواگەرایی خاوەنشکۆ و دەزگای دەوڵەتیان بە دژی پەرتووکی پیرۆزی ئیسلام دائەنا و لە کۆبوونەوەکانی خۆیان لە مزگەوتەکان و لە مینبەرەکانەوە ڕەخنەیان لە هەوڵە پێشکەوتنخوازەکانی حکوومەت ئەگرت و بۆ وێنە ئەیانوت: «وڵاتی فرۆشتووە بە ئەمریکاییەکان، زوڵم و دەستدرێژی کردنی ساواک و پۆلیس و جەندەرمەیان مەحکووم ئەکرد و هێرشکردن بۆ سەر مزگەوت و فێرگەکانیان بە پێچەوانەی شەرعی ئیسلام ڕائەگەیاند»

خاوەنشکۆ بەرامبەر بەمجۆرە خراپکارانە زۆر بە نەرمی ئەجوولایەوە و هەوڵی ئەدا لەبری خومەینی مەلایەکی تر بکرێ بە ئایەتوڵڵا و گەورەی شیعەکان و دەستی لایەنگرانی خومەینی بەتاڵ بکاتەوە. بەڵام ئەم تێکۆشانە سەری نەگرت. بە پێچەوانە ئەوەندەی تر دیندارەکانی هاندا و وای لێکردن زیاتر بەرەنگاری بکەن و ئاژاوەکە خەریک بوو زیاتر پەرەی ئەسەند و هەوڵدانێکی بەرفرەتری ئەویست.

بەهاری ساڵی ١٩٦٨ دادگاییکردنی بەختیار لە لوبنان دەستی پێکرد. لە دادگا ڕایگەیاند لە لوبنان هیچ تاوانێکی نەکردووە و چەکەکانی ئەبرد بۆ دۆستانی لە بەغدا. چەند کەس لە پارێزەرانی بەتوانای لوبنانی داکۆکیان لێ ئەکرد. پڕوپاگەندەی ئورووپاییەکان

و ئەمریکاییەمان کە بەختیاریان بە ئازادیخواز و دژی ڕژیمی دیکتاتۆری دائەنا و هەروەها شارەزایی و بەتوانایی پارێزەرەکان وای لە دادگا کرد تەنها سێ مانگ حەپسی بۆ ببڕنەوە. ئەوەتا لەپڕ وسڵی بەختیاریان دەرکرد و کردیان بە ئازادیخواز.

بە کورتی حکوومەتی خاوەنشکۆ بۆ وەرگرتنەوەی بەختیار گوشارێکی زۆری خستە سەر لوبنان و، ڕۆژنامەکانی بێگانە نووسیان ئێران ئامادەیە بەختیار بە پەنجا ملیۆن فرانکی سویس بکڕێ. باڵوێزی لوبنان نەچووە ژێربار و لە ئەنجامدا پەیوەندی دیپلۆماتیکی ئێران و لوبنان پچڕا و، بەختیار سەرکەوتوانە سواری فڕۆکە بوو و چوو بۆ بەغدا. پێویست بە وتن ناکا کە لەم سەردەمەدا پەیوەندی نێوان ئێران و عیراق لەسەر پرسی کوردەکان کە سپای عیراق پشتگیری لێ ئەکردن، سارد و ناخۆش بوو. بەختیار لە لایەن کۆمەڵێک ئێرانی و عیراقیەوە لە فڕۆکەخانە پێشوازییەکی شایانی لێکرا و بردیان بۆ جێگایەکی نهێنی کە پۆلیس و سپای عیراق ئەیانپاراست. کاتێکە ناوی فەرزانم لەناو پێشوازیکەرانی بەختیاردا خوێندەوە، بۆ ساتێک چاوم بەست. ئەی دڵی خافڵ، ببینیت چۆن کڵاوت چووە سەر!

بیست کەس لە هاوکارەکانی ژێردەستی من نێردران بۆ بەغدا. ئێستە ئیتر ئەوەندەم دەسەڵات هەبوو کە ئەمتوانی خۆم چەند کەسیان هەڵبژێرم. نێراوەکان بەرپرس بوون لەوەی تێکڕای چالاکیەکانی بەختیار هەرچەند بچووک و ناگرینگیش بێ. ڕاستەوخۆ بنێرن بۆ بەرپرسەکەیان، ژنڕاڵ سەرلەشکر. ئەم ناپیاوە لەو سەردەمەدا یەکێک بوو لە نزیکترین دۆستان و بڕواپێکراوەکانی خاوەنشکۆ هومایوونی، کە پاشتر دوخمانی کرد لە دۆست و ئاغە و گەورە و ناندەری خۆی. چونکە هێشتا زیندووە و لە کالیفۆرنیا و لەندەن خانووی خۆی هەیە و لەو کەسانەیە کە ئەبێ باجی لێوەربگیرێ، زیاتری لەسەر ئەنووسم. ئەم ژنڕاڵ سەرلەشکرە پاشان دەرکەوت

هەمان ئەندێشەی خاو لە مێشکی دایە و ئەیەوێ ببێ بە سەرۆکی ساواکی ئێران. نەک هەر بەختیاری بە دژی خاوەنشکۆ و وڵاتی ئێران ئەزانی، ئەوی بە ڕێگری ڕێگەی سەرکەوتنی خۆی دائەنا. دادگایی کردنی بەختیار، لە نەبونی خۆیدا، لە تاران دەستی پێکرد. ئەو چێشتەی کە لێیان ئەنا ئەوەندە سوێر بوو تەنانەت دوو سێ نەفەر لە نۆکەرانی تاوانبار و تاوانکاریش لە ڕیزی دادوەرەکانی دادگای سەحرایی‌دا بوون. هەموو دادوەرەکان بە یەک دەنگ بڕیاریان دا دەست بەسەر سامان و دارایی بەختیار لە سەرانسەری ئێران‌دا بگیرێ و خۆی تیرەباران بکرێ. بڕیاری کوشتن ئیتر بڕیارێکی قانوونی بوو و ساواکییەکان بۆیان هەبوو لە هەر کوێیەک بەختیاریان دەست کەوت، ئەتوانن بیکوژن. بەڵام شوێنی ژیانی بەختیار هێشتا نهێنی بوو. هەندێجار لە ڕۆماوە هەواڵی ئەگەیشت و جارێکی تر لە ژنێڤەوە. لە بەغدا یەک نەفەر ساواکی هەوڵ ئەدا لێی نزیک ببێتەوە. بەختیار بە یەک سەرنج تێئەگا کە یەکێک بووە لە بندەستەکانی خۆی. بەوجۆرە ڕاپۆرتی نووسیبوو:

«یەکەمجار کە لە ژووری کارەکەی بینیم، پێی وتم: هاتوویت بمکوژی؟ فەرموو چاوەڕێی چیت!»

گوللەپژێنێکی ڕوومی لە دیوارەکە ئەکاتەوە و وای دەرئەخا ئەیەوێ بیدا بە کابری ساواکی. ئەویش بە ئەندازەیەک ئەشەڵەژێ کە لە ژوورەکە ڕا ئەکاتە دەرەوە.

ئەم هەواڵە یەکێک لە خزمە نزیکەکانی بەختیار گێڕاویەتیەوە. من لە شێخەم بیست، ئەیوت لە بەیرووت چەند ڕۆژێک بەدوای بەختیارەوە بووە و هەروەها پێی وابوو ئەو چەند مانگەی زیندان، بەختیار لە بەغدا بووە نەک لە بەیرووت. لە هاوینی ١٩٧٠ هەواڵ گەیشت دوو کەس فڕۆکەیەکی ئێرانیان بە زۆری دەمانچە فڕاندووە و بردوویانە بۆ بەغدا. ئەمە شاکارەکەی من بوو و پلەی منی بردە سەرەوە و لە ڕاپۆرتچیەکی گەڕۆکەوە کە لە زانکۆ و حیزبدا خولەی

ئەهات و کاری لەگەڵ شێخە و فەرزان بوو، کردمی بە هاودەمی ژنراڵ سەرلەشکر و لەو باڵاتریش و تەنانەت بووە هۆی ئەوەی بە خزمەتی خاوەنشکۆ هومایوونی بگەم. ئامادەکردنی ئەم بەرنامە دلێرانەیە چەندین مانگی پێچوو. ئەبوایە چەندین مانگ ڕاهێنانی وردەکارییەکانی چالاکیەکە بکرێ. پیاوکوژێکمان لە ئەمریکای باشوور بە کرێ گرت. چەند وشەی فارسیمان فێرکرد تا بکوژەکانی ئێمە فێربکات. فڕۆکەوانەکان ئەبوایە ئامادە و وریا بکرێنەوە و خۆیان نەدۆڕێنن و لەکاتی شڵەژانی نەفەرەکانی ناو فڕۆکەکەدا خۆیان نەدۆڕێنن. ڕاهێنانی فڕۆکەڕفێنەکانیش ماوەیەکی پێچوو. چەندین حەفتە کارەکە کەوتە دواوە. یەکێک لە فڕۆکەڕفێنەکان نەخۆش کەوت و نەی ئەتوانی لە پەڕاوەکردندا بەشداری بکات. تەواوی ئەمکارانە ئەبوایە بە نهێنی جێبەجێ بکرێ. سەرۆکی ساواکییش ئاگای لێنەبوو. تەنانەت فڕۆکەوان و دوو گەشتیارە بکوژەکەش یەکتریان نەئەناسی. تەواوی کارەکان لە دەستی مندا بوو و من فەرماندەریان بووم. ئەم فێڵە ئەوەندە سەرنجی بەختیار ڕائەکێشێ هەر نەبێتەوە. چونکە فڕۆکە دزینەکە بە سەرکەوتنی خۆی ئەزانێ دژی خاوەنشکۆ هومایوونی و، فەرمان ئەدا هەردووکیان بکەن بە پاسەوانی تایبەتی خۆی. یەک لە بکوژەکان ڕۆژێکیان لە کاتی ڕاودا گوللەیەک ئەنێ بە بەختیارەوە و ئەیکوژێ. ڕاگەیاندنی حکوومەتی عیراق بریتی بوو لەوەی کە بەختیار بە هۆی کەمتەرخەمی ڕاوچیەک بەر گوللەی وێڵەکی کەوتووە. بەڵام ئەم ڕاوچیە و دۆستەکەی دوو ساواکی بوون کە بەرپرس بوون بڕیاری کوشتنی بەختیار جێبەجێ بکەن. خودی خاوەنشکۆ لە وتووێژێکدا لە چواری فیبرایری ١٩٧٤ لە زووریخ، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە: «خاوەنشکۆ کێ بەختیاری کوشت؟» فەرمووی: «ئەوە ئێمە بووین. ساواک بوو.»

لەمە بەدواوە من خۆم یەکێک بووم لە سەرۆکانی پلە دووی ساواک و قسەم ئیتر برەوی هەبوو. بەڵام بۆ پاراستنی ڕواڵەتی

کارەکان، هێشتاش هەر لەو لقەی دوو دکتۆرە ساختەکە بۆ گەیشتن بە ئامانجی سەرەکی خۆم، کە دۆزینەوەی ڕوقیە و ڕزگارکردنی لەو بەڵایە بوو کە بە سەر خۆی هێنابوو، کارم ئەکرد.

کۆتایی ژیانی بەختیار هاوکات بو لەگەڵ ئەو مانگانەی کە من هەوڵم ئەدا خۆم بگوێزمەوە بۆ لقی لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە. پاش فریودانی دکتۆر بیژەن و دکتۆر جەهانگیر کە ئەمەویٚ شوێن پێی ڕوقیەی خوشکم هەڵگرم و شێوازی شاپەرستی فێربکەم و هەمیشە و هەرکات هەر کارێکیان هەبیٚ لە خزمەت دام؛ گوێزامەوە بۆ لقی پەیگیری لە ژێر دەستی ژنراڵ سەرلەشکردا. ئەبینن من خۆم مرۆڤێکی دڵناسک و ئارام نیم، بەڵام ئەم خوێنخۆرە دەستی هەزار شمر و چەنگیز و تەیمووری لە پشتەوە بەستبوو. سەرانی ساواک هەموویان بە ناوی ژنڕاڵ ناو ئەبران. ئەم یەکەیان بۆ ئەوەی کە دیار بێت و، خۆی بزانێت من کێم، کە خەریکم ڕازی ئەدرکێنم، بە ناوی ژنراڵ سەرلەشکر ناوی ئەهێنم. من خۆم لە هاوینی ١٩٥٠دا، دوانزە ساڵ بوو لە ساواک کارم ئەکرد و لە زۆربەی دۆسیەکاندا بینیبووم بە چ شێوەیەک تاوانباران و تاوانکاران ناچار ئەکەن دان بە تاوانی خۆیاندا بنێن، بەڵام دڕندە و بێبەزەیی وام هەرگیز نەبینیبوو.

ڕۆژێک کە بەپێی ڕاسپاردەی دکتۆر بیژەن و دکتۆر جەهانگیر و سەرۆکی ساواک چوومە ژوورەکەی، لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو و چەند خولەکێک سەری بەرز نەکردەوە. ئەتوت هەستی بە هاتنەژوورەوەی من نەکردووە. هەرچەند سەربازێک پێشتر هاتنی منی پێڕاگەیاندبوو و دەرفەتی وەرگرتبوو کە من بچمە ژوورەوە. زانیم هونەرپیشەیەکی زۆر شارەزایە. ئەتوت هەرگیز منی نەدیوە و نەناسیوە.

باش لە فێڵەکەی ئەزانی و باش دەوری ئەبینی. دۆسیەیەکی تەنکی بەدەستەوە بوو و پەڕەکانی هەڵئەدایەوە. پاشان سەری هەڵێنا و بەبیٚ ئەوەی ڕێگەم بدا دابنیشم، نیو کاتژمێر وتاری دا

لەسەر مەزنايەتی ئێران و ئەوين و خۆشەويستی خەڵک بەرامبەر بە شاهەنشا، کە لە ڕەگ و خوێنی نیشتمانپەروەراندا هەڵئەقوڵێ و شتی لەم بابەتەی وت. وەکوو بڵێی لە ڕووی نووسراوەیەکەوە ئەیخوێنێتەوە کە هەمیشە لەبەر دەستی دایە. هەروەها ئاماژەیەکیشی بە ڕوقیە کرد: «ئەمە نیشانەیەکی باشە کە چاوپۆشیتان لە ڕا و بۆچوونی بنەماڵەی خۆتان کردووە و بەدڵ و بە گیان بوون بە خزمەتکاری خاوەنشکۆ هومايوونی.»

پاشان دەستی نا بە دوگمەیەکدا و کابرایەک بە ناوی خاتی هاتە ژوورەوە. منی دایە دەست ئەو و فەرمانی دا لە ژوورەکەی تر چاوەڕێ بکەم. ڕەنگە دە خولەکی پێچوو، خاتی هات و لەگەڵ خۆی بردمی و لە هۆڵێکی گەورە بە کۆمەڵێک لە لێکۆڵەران کە وەستابوون یان دانیشتبوون، ناساند.

چەن مانگێک دۆسیەم خوێندەوە و لەگەڵ شێوە و شێوازی قسە لێدەرکێشان ئاشنا بووم. یەک دووجاریش لەگەڵ چەند کەسی تر لە لێکۆڵینەوەی تاوانباران و گیراوەکاندا بەشداریان کردم. گرنگترین ئەرکی من لە چەند مانگی یەکمدا تەزاندن و بەزاندنی بەچکە دەوڵەمەندێک بوو کە پشتی بە یەکێک لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و ژنراڵێکی خزمی ژنەکەی گەرم بوو. ئەم ڕاسپاردەیە بە تاقیکردنەوەیەک ئەژمێردرا بۆ من، کە ئایە کاری دژوارترم لەدەست دێت یان نا؟

بەڕێوەبەری گشتی نەی ئەویست بچێتە ژێر بار و فەرمانبەرێکی خۆی کە تاوانبار کرابوو بە هاوکاریکردن لەگەڵ خوێندکارانی کونفدراسیۆن، لە ئورووپا بانگ بکاتەوە و بیدات بە دەست ئێمەوە کە ئەمکارە زۆر پێویست بوو. چونکە لە کاتی کوشتنی بەختیارەوە، سەرنجی ساواک و ڕۆژنامەکانیش ڕاکێشرابوو بۆ چالاکیەکانی کونفدراسیۆن لە ئورووپا و ئەمریکا. زۆر جار خوێندکار ئەڕژانە کونسولگەرییەکان، داگیریان ئەکرد، بێڕێزییان بە فەرمانبەرانی

باڵوێزخانە ئەکرد. شتومەک و مێز و کورسی و تایپڕایتەریان ئەشکاند. وێنەکانی خاوەنشکۆیان ئەدڕاند. هەندێجار بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر هەموو شتێکیان سەروبن ئەکرد تا پۆلیس ئەگەیشت، دەریانی ئەکرد و ئەیانیگرت. ئەوساش کە باڵوێزخانە سکاڵای لە دادگا تۆمار ئەکرد، بڕە پارەیەکیان وەکوو بژاردنەوە لە خوێندکاران وەرئەگرت و کار کۆتایی پێ ئەهات. ئەو پارەیەش زۆر جار لە لایەن کونفدراسیۆنەوە ئەدرا کە لە زۆربەی شارەکاندا لقی هەبوو. بەمجۆرە لە ڕوانگەی ساواکەوە، خەبات لە دژی ئەوانە و پاراستنی ڕێزی حکوومەتی شاهەنشا و مەزنایەتی خاوەنشکۆ هومایوونی کەوتە پلەی یەکەمی گرنگیەوە. لە کاتێکی وادا شازدەیەک[٢٩] کە گونی خۆی و گێزەر لێک ناکاتەوە، ئەیەوێ ڕێگە بە چالاکیەکانی ئێمە بگرێت! من و ژنێکی زۆر جوان پێمان ڕاسپێردرا ئابڕووی ئەم گەوادە ببەین. کارێکی ئاسان نەبوو. چەند ڕۆژ پێکەوە نەخشەمان کێشا و ڕاهێنانمان کرد. ئەو خۆی کرد بە ژنێکی نازونوزکەر ــ لەمجۆرە ژنانەمان هەمیشە هەبووــ و منیش بووم بە پیاوێکی بەغیرەت. دوو سێ ڕۆژ ڕاهێنانی هەم گاڵتەئامێز و هەم دراماتیک. هەندێجار پێئەکەنین و هەندێجار لەسەر خۆبادانێکی سووکی ژنە یان تەشەر و توانجێکی من لێک زیز ئەبووین. تا ئەو ڕۆژە هات کە جەنابی خاتی تاقیکردنەوەی لێوەرگرتین. ڕاوەستاین هەتا لە سەرەوە فەرمان بگات، کەی شانۆنامەکەمان ببەین بەڕێوە. کاتێکە فەرمان گەیشت ئەوکاتە بوو کە لە یانەی ئەفسەران جەژنێکی زۆر گەورە بەرپا کرابوو بۆ زەماوەندی ئەم جەنابی بەڕێوەبەرە لەگەڵ کچە خوێندەوارێک لە خێزانی ژنراڵ و لە هەموو میوانی و دانیشتنەکان باسی جوانی بووک و ڕێکوپێکی زاوا ئەکرا. چەند مانگ پاش ئەم زەماوەندە جەنابی بەڕێوەبەر بۆ ڕاسپاردەیەک نێردرا بۆ

٢٩ ـ شازدە: bastard لووسکە، لووس و پووس؛ شازدە، وەچەی «شا»یە لەو کەنیزانەی لە دەربار کار ئەکەن و، بە گاڵتە پێیان ئەوترێ شازدە واتە شازادەی ناڕەسەن.

ئەسفەهان. من و شەنگەخانمیش سواری ئوتۆمۆبیل بووین و لەو هوتێلەی ئەوانی لێبوو، دابەزین.

شەوانە لە هوتێلی شاعەباس، کۆمەڵێک لە دەوڵەمەند و دەسەڵاتدارەکان دەستیان ئەدایە بەزم و ڕابواردن و بۆ شەنگەژن کارێکی دژوار نەبوو بە ناز و سۆز دڵی جەنابی بەڕێوەبەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێ و هەڵیخڕێنێ. هەردووکیان پاش خواردنەوە، چوون بۆ ژووری خەو کە چەند کاتژمێرێک پێکەوە ڕابوێرن. هێشتا نیو کاتژمێر تێنەپەڕیبوو، بەندەی خزمەتکار کە لەقەز مێردی شەنگەخانم بووم، بە قیژوقاژ لەبەر دەرگای ژووری خەوەکەیاندا وەستابووم و ئەمکوتا بە دەرگاکەدا. جەنابی حەزی نەئەکرد دەرگا بکاتەوە، بەڵام هەراوهوریای من و تکا و داوای شەنگە خانم وای لێکرد بە بێجامەوە دەرگا بکاتەوە. خۆم کرد بە ژوورا و دەستم دایە یەخەی کابرای ژنباز و کردم بە شەڕ و هەڵڵا لەگەڵ ژنە و هەڕەشەی کوشتن و... بە ئەندازەیەک جێگەی ڕیسوایی و شوورەیی بوو کە خزمەتکار و بەرپرسی هوتێل ڕژانە ژوورەوە و لێکیان جیاکردینەوە و بڕیار درا هەر ئەو شەوە کێشەکە ببرێ بۆ لای پۆلیس. من دەستی شەنگە خانمم گرت و بۆی دەرچووین. بەیانی ئەو ڕۆژە بەرپرسی هوتێل نامەیەکی دا بە جەنابی بەڕێوەبەری گشتی کە شەوی پێشوو بۆی دانرابوو. لەسەری نووسرابوو: «بەمجۆرە خەڵک ژیر ئەکرێ.»

جەنابی بەڕێوەبەری گشتی لەوە ژیرتر بوو تێ نەگات لە کوێوە ئەم زەبرەی لێدراوە. هەڵبەت بەشێکی ڕاسپاردەکەم ئەوە بوو کە هەواڵی ئەو ڕیسواییەی ئەسفەهان لە هەموو شوێنێک بەتایبەت لەناو دۆستان و ژێردەستەکانی جەنابی بەڕێوەبەردا بڵاو بکەمەوە.

لە بابەتی ئەمجۆرە چالاکیانە، لێدانی تازە مامۆستایەکی زانکۆ بوو کە لە پۆلی وانەی مێژوو دەربارەی ئازادی و دیموکراسی ئەدوا و هەندێجار ئاماژەیەکیشی بە سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری و پلە و پایەی دەسەڵاتداران ئەکرد. هەڵبەت مەبەستی شاهەنشا و ساواک

بوو. لێدانی ئەو لە ڕێگەی نێوان دوو شاری «چفدەر» و «دزاشیب» یەكێك لە تاقیكردنەوەكانم بوو لە ڕشتەی لێپرسینەوەدا.

خولی فێركاری و ئەزموون تەواو نەببوو كە ڕووداوەكانی «سیاهكەل» ڕووی دا. لە مانگی یەكەمی ساڵی ١٩٧٠ ـەوە تەواوی فەرمانبەر و ڕاپۆرتچی و سیخوڕەكانی ساواك دژی چریكەكان ئامادە كران و ئامادەباشیان پێدرا. تا ئەوكاتە من لە لێكۆڵینەوە و لێپرسینەوەدا بەشداریم نەكردبوو. هەندێجار، كە كاری خراپكارێك ئەگەیشت بە زللە و مشت و داركاری، من تەماشاچی بووم و بەشێكی فێركاریەكانم ئەوە بوو خۆم ڕابهێنم بە لێدانی تاوانباران تا دان بەڕاستیدا بنێن. هاوكارانی بەڕێزم ڕێگەیان نەئەدا لە ترساندنی ئەواندا بەشداریی بكەم. بەڵام كاتێكە لە جانیوەری ١٩٧٠دا هێرشی یەكەمی چریكەكان دەستی پێكرد، ئیتر شارەزایی و لێهاتوویی واتای نەبوو. هەموان ئەبوایە دەست پێ بكەن. یەک دوو هێرشی چریكەكان بۆسەر بنكەی پۆلیس و دەسبەسەراگرتنی پارەی بانكەكان و شەڕی سیاهكەل، كە لە ئەنجامدا پانزە كەس تیرەباران كرا و نۆ كەسی تریان كە وێنەكانیان هەڵواسرابوو بە دیوارەكاندا، زۆر ترسناك بوو. من كاتێكە سەیری ئەم وێنانەم ئەكرد، لەرزم پیائەهات. نەكا ڕوقیە لەناو ئەوانەدا بێ. ڕۆژێك مووساگیان، كە بەرپرسی بانكی لاهیجان بوو، بە تەلەفوون لێی پرسیم. لام سەیر بوو. ماوەیەک بوو ئاگام لێی نەبوو. هەواڵی ڕوقیەی پرسی:

ـ پێموابێ لە فوومەن بینیم. ئەو منی نەناسیەوە. بەڵام دڵنیام كە خۆی بوو. هەرچی بانگم كرد، ڕوقیە، ڕوقیە... یان نەی بیست یان نەیویست وەڵام بداتەوە و لەگەڵم قسە بكات. هیچ هەواڵێكت لێی هەیە؟ ئەگەر لە دەستم بێ هەموو كارێكی بۆ ئەكەم. ئامادەم لە بانك كارێكی باشی بدەمێ.

ئیتر گومانی تێدا نەبوو كە ڕوقیەش بووە بە چریكی فیدایی و هەر ئەوەندەی مابوو وێنەكەی داكوتن بە دیواردا. ئەوە ڕاستە

کە من پەروەندەی خۆم لە ڕوقیە جیا کردبوویەوە، بەڵام نیگەرانی دایکم لێم نەئەگەڕا. هەرچی بێت خوشکم بوو، لە کۆشی دایکمدا پەروەردە ببوو. دڵنیا بووم مووساگیان خۆشی لە ڕاپۆرتچیەکانی ساواکە. شتێکی لەسەر ڕوقیە بیستووە و «لە فوومەن بینیومە»ی کردووە بە بیانوو تا من وریا بکاتەوە، ئەگینا نە لە فوومەن بووە و، نە ڕوقیەشی بینیوە و، نە بانگیشی کردووە.

لە خولی فێرکاری لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوە چەند حەفتەیەک لە زیندانی «ئێڤین» بووم. هەرجارەی هەلێکم دەسئەکەوت لە کونی دەرگاوە سەیری ئەو ژوورانەم ئەکرد کە ناڵە و هاواری لێوە ئەهات. ئەترسام لەپڕ ڕوقیە ببینم. جارێکیان کچێکی زۆر لاواز و زەلیلم بینی و ویستم بە خۆم بسەلمێنم ئەوە خوشکمە. بەڵام جەربەزەی ئەوەم نەبوو جارێکی تر هەڵگەڕێمەو و لە ـــکونەکەوەـــ سەیری بکەم.

دان بەوەدا ئەنێم لە ساواک کەرەسەی ئەشکەنجەم بینی. قامچی و باتۆمی کارەبایی و پلایس و ئامێری تر. بەڵام مامۆستاکەمان جەنابی دکتۆر فەرید کە ئەم هونەرە پیرۆزەی لە ئەمریکا خوێندبوو و لە ڕووداوی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەدا بوو بە قورنابی نیشتمان، ئێمەی فێرکارەکانی لێکۆڵینەوەی دڵنیا ئەکرد ئەم ئامێرانە ئیتر بەکەڵک نایەن. ئەمانەیان ساڵەکانی سەرەتای سەرۆکایەتی تەیمووری بەختیار لە ئیسرائیلەوە هێنراون و ئێستە کۆن بوون و ئیتر سوودیان نییە. خودی خاوەنشکۆ همایوونی لە وتووێژێکدا بە هەواڵنێرەکانی فەرمووبوو: «ئێمە کەرەسەی گوشاری دەروونی وامان هەیە کە زۆر لە ئەشکەنجەکانی سەدەی ناونجی کاریگەرییان زیاترە.»

من کە هێشتاش بڕوام بە وتەکانی خاوەنشکۆ همایوونی هەیە، فەرمایشتەکانی بەڕاست ئەزانم. بەڵام ئەوەی لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەی ساڵەکانی کارکردنم لە ئورووپا خوێندوومەتەوە و ئەو

شتانەی لە دۆسیەکانی چریکەکاندا بینیومە، ئەگێڕمەوە و لێکدانەوەی ڕاست و درۆکەی دائەنێم بۆ خوێنەران.

کاتێک تاوانبار یان تاوانکار، چریک یان خراپکارێکیان ئەشکەنجە کردبێت من خۆم هیچ جارێک بەشداریم نەکردووە. لە دالآنە درێژەکانی زیندانی ئێڤیندا کچێکم بینی بە لەشی ڕووتەوە، کە جەللادێک بە قامچی ئەیبرد بەرێدا، لەمبەر و ئەوبەری دالآنەکەدا ئێمەی ساواکی وەستابووین و، بینیم کە ناوبەناو یەکێک لە ساواکییەکان پێیەک ئەخاتە بەرپێی کچە و تلی ئەکاتەوە و دیسانەوە قامچی بەدەست ئەکەوێتەوە وێزەی و ناچاری ئەکات. بڕوات، بۆ ساتێک بەرچاوم تاریک بوو و دڵم هات بەیەکا. ئەژنۆشم سست بوو و وامزانی کە ئەوە ڕوقیە و خێزانم و دایکمە بە سمتی ڕووتەوە، ئەدرێن بە عەرزا و ئەقیژێنن و ئیتر ناتوانن هەڵسنەوە. کاتێکە لە نەخۆشخانە چاوم کردەوە، نەم ئەزانی چی بووە و چیم بەسەر هاتووە! ئەوەندەم زانی بە منیان وت خولی فێرکاری من کۆتایی پێهاتووە و تەنها لێپرسینەوەی ئارام و بێ ئەشکەنجەیان بە من ئەسپارد. ئەترسام بە یەکجاری لە ساواک دەرمکەن. بەڵام ژنراڵ سەرلەشکر بەرامبەر بە من میهرەبان بوو و مسۆگەر لەلای خۆی وتوویەتی ئەم کابرایە هەندێ زانیاری لە شێوازی کارکردنی ئێمە هەیە و بە قازانج نییە هەروا بەڕەڵڵا بکرێت. بەتایبەت کە لە دۆسیەکانەوە ئاگایان لە پەیوەندی من و شێخە هەبوو و بە سوودیان نەبوو گەر لە شێخە بئاڵێنن. بە چ هۆیەک؟ بۆ من ڕوون نییە. بەڵام دەست باڵا دەست زۆرە.

ئەوەی لە دۆسیەکان و لە وتووێژ لەگەڵ ڕزگاربووەکانی زیندانی ئێڤین و ژێزەمینەکانی ئاسایش، لە ئورووپا بۆم دەرکەوتووە، ئەیاننووسم. لەبەر ئەوەی ژیانی من ئەبێ بەهەر جۆرێک بووە لە هەندەران تێپەڕ ببێ.

ئەو ڕووداوانەی کە جانیوەری ١٩٧٠ تا ئاپریلی ١٩٧١ ڕوویان

دا، لە ڕوانگەی فیداییان و گیانبازانی ئەمڕودا داستانێکە هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. لەم بەشەدا من زاراوەکانی خۆیان بەکار ئەهێنم. لە ڕوانگەی ئێمەی ساواکیەوە هەموو خراپکاران، دوخمان و گەوج و شێت و... بوون و، دووپاتی ئەکەمەوە لە ڕوانگەی خاوەنشکۆ هومایوونیەوە چەند گەنجێکی کەللەڕەق بوون کە ئەیانویست ڕێگە بە پرۆسەی پێشکەوتنی وڵات و نەتەوە بگرن. چونکە شاهەنشای پایەبەرز فەرموویان لە وڵاتی ئێمەدا ئازادی هەموو شتێک هەیە، جگە لە ئازادی دوخمانی!

من ناوی شۆڕەسواری ئەو داستانە نابەم. بەڵام ئەزانم ڕۆژی بیست و شەشی مارچی ١٩٧٣ لە زیندان هەڵات و

- سەرەڕای لێکۆڵینەوەی زۆر و زەبەند لە مووساگیان کە هێشتاش لە ئێرانە و لەو ساواکیانەیە کە لەگەڵ من سەروکاری هەبوو،
- لە شێخە کە لە سەردەمی کارکردنم لە لەندەن چەندین جار چاوم پێی کەوتووە و لەمبارەیەوە زۆر وتووێژم لەگەڵ کردووە،
- هیچ زانیارییەکم بەدەست نەهێناوە کە هێشتاش ئەو باوەڕ و بڕوایەی ماوە یان نا؟ تەنانەت فەرزان کە پاشتر لە ئورووپا لەگەڵی بووم بە دۆست، هیچ هەواڵێکی لەم کچە نەبوو. بەڵام ئەزانم ئەم کچە بیست و چەند ساڵەیە چەندین مانگ بەسترابوو بە قەرەوێڵەی ئاسنەوە و ڕۆژی سێ جار، ئەویش بە قیژە و هەرا و جنێو و قسەی پیس بە زیندانبانەکان، ڕێگەیان ئەدا بچێ بۆ ئاودەس. بە قامچی تەلی کارەبا و بە باتۆم شوێنە هەستدارەکانی لەشیان ئەسووتان. جارێکیان ویستبووی بە چنگ و نینۆک گەرووی خۆی هەڵدڕێ و خۆی بکوژێت.

بیستبووی ڕزگاریخواز و شۆڕشگێڕێکی برازیلی بە ددان زمانی خۆی قرتاندووە، تا نەتوانێ وەڵامی لێکۆڵینەوەکان بداتەوە. ویستی پەیڕەوی لەو دابە بکات، بەڵام بۆی نەکرا. ئەم کچەیان لە

بەرچاوی چەند پیاو بەدەما دابوو بە عەرزا. ڕووت و قووت: یەکێک ویستی دەستدرێژی پێ بکات. ئەم کارە تەنها لە لایەن ژنراڵ سەرلەشکرەوە ڕێگەی پێ ئەدرا. بە پلایس گۆشتی لەشیان ئەگەست و ئەو وەڵامی تەنها وشەیەکی نەئەدانەوە. من خۆم چەند جار لە ژوورێک بە بەشداری ژنێک کە لەبەر دەرگا وەستابوو تا ڕێگە لە هەڵاتنی بگرێ، بە زمانی خۆش ئامۆژگاریم کرد. ئەو جنێوی پێدام. بە جەللاد و بێگانەپەرست و... ناوی هێنام؛ گوێم بەو قسانە نەدا. هەر لێم دووپات کردووەوە: «بۆچی ئەو هەموو ئازارە بەخۆت ڕەوا ئەبینی؟ بۆچی بەزەییت بە خۆتدا نایەتەوە؟ بۆچی فریوی خەڵکی نەزان ئەخۆی؟ بیر لە دایک و باوکت بکەرەوە. ئەوان ئازار ئەچێژن و ژیانیان لێ تاڵ بووە. برایەکت دا بە کوشت. برا بچووکەکەشتیان گرتووە. یەک دوو وشە بنووسە کە دۆستەکانت کێن و بەرت ئەدەن. پارەت پێ ئەدەن، ئەتوانی بخوێنی، ئەتوانی بچی بۆ هەرکوێ پێت خۆشە. ئەوەندە گەل گەل مەکە، ئەم گەلە کێیە؟ مەگەر من گەل نیم. من دڵم بۆ تۆ ئەسووتێ. منیش زۆر شتم بەدڵ نییە و ڕەخنەم لێی هەیە. خاوەنشکۆ...»

تا ئەمەم وت وەک نێچیری بریندار ڕاچەنی و ویستی پەلامارم بدا و لەگەڵم بیکا بە شەڕ. دروشمی ئەدا و دژوێنی ئەدا و پاشان ئارام بوو و دەستی کرد بە سروود خوێندن:

داوت هەڵگەرە مەلی دی هەیە ــ قەقنەس لە بەرزی هێلانەی هەیە

ئەبێ ئەوە لە بەرچاو بگرین کە خاوەنشکۆ فەرمووبووی کەس لە چریکەکان نەکوژرێ. هەڵبەت دڵناسکی شاهەنشا لە جێی خۆی، ئەبوایە ڕۆژنامەنووسە بێگانەکانیش لەبەرچاو بگیرایەت و بەلگە نەدرایەت بە دەستیانەوە. بەتایبەت خوێندکارەکانی کونفدراسیۆن کە نەت ئەزانی ئەو هەواڵانە لە کوێوە دەست ئەخەن و لە ڕۆژنامەکانی خۆیاندا بڵاوی ئەکەنەوە. کچە کە ئەیزانی ناتوانن بیکوژن دە دوانزە ڕۆژ مانی گرت و هیچی نەخوارد. ئیمالەکردنی ئاوی گەرم،

هەڕەشەی دەرزی کە ناچاری ئەکات هەموو شتێک بڵێت، هیچ سوودی نەبوو. برا بچووکەکەیان هێنا بۆ لای کە شێت ببوو، بەبیریا نەهات. گووی خۆیان دا دەرخواردی و ساویان بە سەروچاویا. ئاخرەکەی هیچ چارەیەکیان بۆ نەمایەوە جگە لەوەی لە کۆڵی ببنەوە و ناوی لێ بنێن شێت... لەو کاتژمێرانەدا کە ئەشکەنجەیان ئەکرد هۆنراوەکانی ڤان ترۆی ڤێتنامی بە گۆرانی ئەخوێند. تاوانی ئەم کچە ئەوە بوو لە نووسینی بەیاننامەکانی سیاهکەلدا دەستی هەبووە و لەسەر دیوارەکان دروشمی نووسیوە: «یەک هەنگاو ناکشێمەوە هەتاکوو مردن!»

ئەمە تەنها دروشمێک نەبوو. ئەمانە هەموویان بڕوایان بەو شتانە هەبوو. ئەو شتانەی کە من هەرگیز نەم ئەزانی چین. چۆن ئەکرێ مرۆڤ بڕوا بە لێکدانەوەی پووچ و ناپڕاتیک، بەڵام فریودەری کەسانێکی نەدیو و نەناسراو بهێنێ، خۆی بۆ بدا بە کوشت. یەکێک لەمانەیان لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەدا گرت. ناوی ناهێنم. نازانم ماو یان مردووە. دۆسیەیەکی یەکجار قەبەی هەبوو. چەندین جار خوێندمەوە. بڕوام نەئەکرد، هەتا خۆم بینیم. هەموو فەرمانبەرەکان ئەویان پیشانی یەکدی ئەدا. دەستێکی پێنج سانتیمەتر لە دەستەکەی تری کورتتر بوو.

لە کاتی بڵاوکردنەوەی بەیاننامەدا گرتبوویان. واتە لەگەڵی تێگیران و دایانە بەر گوللە. هاوڕێ موتۆرسوارەکانیان هەڵاتن و پۆلیس و ساواکییەکان نەیانتوانی بیانگرن. بریندارەکە کە بە هۆی برینی قاچیەوە نەی ئەتوانی بجووڵێ، گیرا. بەڵام نەیانتوانی ناوی هاوڕێ هەڵاتووەکانی لە دەم دەرکێشن. چونکا بێهۆش ببوو و تەنانەت ئەیتوانیبوو بەو ژەهری سیانۆرەی کە پێی بوو خۆی بکوژێت. ئەیبەن بۆ ئەشکەنجە و ئازاردان. دیسان هیچی لێ نابیسن. لەپڕ کە دەرفەتی دەست ئەکەوێ لە پەنجەرەکەوە خۆی هەڵئەداتە حەوشە. نامرێ بەڵام تەقەڵەکانی ورگی هەڵئەپچڕێتەوە. هەوڵی دابوو دڵ و

ڕیخۆڵەی خۆی دەربهێنت و خۆی بکوژێت، بەڵام فریا نەکەوت.

ئەم شێوازە تەواو بڵاو ببوویەوە.

گەنجێک لەگەڵ برای کچە چریکی لەسەرەوە باسم کرد، گوللەی بەرکەوت و لە تەنها ساتێکدا کە بۆی لوا سیانۆرەکەی خستە دەمی بۆ ئەوەی ناوی هاوڕێکەی نەهێنێ. ئەمانە هەموویان بە یەکتریان ئەوت هاوڕێ. ئەویان برد بۆ نەخۆشخانە کە چاک بکرێتەوە و بمێنێ. بەڵام ئەو مرد و ئەو پەرستارەی کە نەیتوانیبوو چاکی بکاتەوە، دادگایی کرا و سزای بۆ بڕایەوە.

کاتێکە لە برای کچەی ئەشکەنجەکراویان ئەپرسیەوە و ئەشکەنجەیان ئەکرد، هاوار و جنێو و ناڵینەکەیان تۆمار کردبوو و بۆ برای بچووکتریان لێ ئەدایەوە و وایان پیشان ئەدا کە ئەوە براکەیەتی و خەریکە ئازار ئەچێژێ. تۆ ئەگەر قسە بکەیت و نهێنیەکان بدرکێنی، ئەو ڕزگار ئەکەی. برای بچکۆلە لە ئەنجامی ئەم ستەمکارییا نەدا مێشکی تێکچوو و ڕۆژێک قەپی کرد بە قاچی خاتی‌دا و لەوە بەدواوە ئیتر لە هیچ تێ نەئەگەیشت. لەبری ئەمە دوو هەزار تمەن خەڵاتی بژاردنەوەیان دا بە خاتی.

چریکێکی تر گیرا بەهۆی هاوکارە ناپاکەکەیەوە. لە بگرە و بەردەی گرتندا دەمانچەکەی لێ ئەسێنێ و هەڵی ئەدا بۆ ناو پاسەکە. لەچاو پێکانانێکدا سیانۆرەکە ئەخاتە دەمی و زمانەی نارنجەکەکەی، کە لەبن جلەکانیەوە شاردوویەتەوە، ڕائەکێشێ و فڕێی ئەداتە پێشی ئوتۆمۆبیلەکە. ناپاکەکە ئەیەوێ نارنجەکەکە فڕێداتە دەرەوە. نارنجەک ئەتەقێتەوە و هەردووکیان ئەکوژرێن.

چریکێکی تر بە ناوی چەنگیز لە بەهاری ١٩٧١ توانی لە شەڕی دەستەویەخە خۆی دەرباز بکات. لە مانگی سپتامبری هەمان ساڵ ئەو ماڵەی کە ئەوی لێبوو گەمارۆ درا. لەگەڵ دوو هاوڕێی کەوتە شەڕ دژی هێشکەران. دوا گوللەی دا لە ساواکییەکان و بە نارنجەک خۆی کوشت.

برای کچی ئەشکەنجەکراو، پانزە ڕۆژی تەواو خۆی لە بەر هەموو ئەشکەنجەیەکدا ڕاگرت. ئەوەندەیان مشت و لەقە لێدابوو، گورچیلەی چڕابوو و میزەکەی هەموو خوێن بوو. دڵی تاوی نەهێنا و لە لێدان کەوت. وتیان بە مشار قاچیان بڕیوەتەوە و بە ساتوور پەنجەکانیان قرتاندووە.

ئەشکەنجەکان تەنها ئەمانە نەبوون. بە گوتەی خاوەنشکۆ هومایوونی، ساواک ئامێری گوشاری دەروونی لەبەر دەستدا بوو و ئەمانە لە ئەشکەنجەی سەدەکانی ناونجی کاریگەرتر بوون.

ئەو تەشتە خوێناوەی کە براکەی کچەی ئەشکەنجەکراو، پاش ئەشکەنجەکردن هەڵی هێنابوویەوە، پیشانی کچەیان دا.

بە براکەیان وتبوو: «ئەگەر قسە نەکەیت و ناونیشانی هاوڕێکانی هەڵنەدەیت، خوشکت بە ڕووت و قووتی ئەهێنین بۆ لات بۆ ئەوەی غیرەتت ببزوێ.»

یەکێکی تر لە کەرەسەی گوشاری دەروونی، تیرەبارانکردنی ساختە بوو.

بەیانی زوو، زیندانییان ئەهێنایە دەرەوە و بە مەبەستی تیرەبارانکردن ئەیانبەست بە دارێکەوە و دەستەی تیرەباران لە شوێنی خۆیان ئامادەباش ڕیز ئەبوون. بڕیاری تیرەباران ئەخوێندرایەوە. چەند چرکەیەک پێش تەقەکردن یەکێک بە هەناسەبڕکێ خۆی ئەگەیاند و هاواری ئەکرد: «فەرمانی تیرەناران دوا بکەوێ.»

من لە هیچ کوێ نەمخوێندەوە، بەڵام شێخە دڵنیا بوو بۆ تێکشاکاندنی «نەواب سەفەوی» ژنێکی ڕووتیان هێناوە و بە بەرچاویەوە سەمای کردووە. لە ئامێرەکانی تر دڵسۆزی کردن و نەرمونیانی ساواکییەکان، لەپاش لێپرسینەوە و ئەشکەنجە بوو، بەو مەبەستەی کە تاوانبارەکان لە دادگا ژیر بن و نەیکەن بە فەرتەنە. بۆ ئەوەی دادگاییکردن بەبێ هەراوهوریا بەڕێوە بچێت و هەواڵەکەی نەچێتە دنیای دەرەوە. من لەوە تێ نەئەگەیشتم کە

دادگاییکردن بۆچی پێویستە؟ ئەمانە دژی فەرموودەکانی هەمایوونی بوون، کەوابوو ئەبوایە سزا بدرێن. ئیتر ئەو هەموو دامودەزگایەی بۆچی بوو؟ دیارە بۆ ئەوەی بەڵگە بدات بەدەست ڕۆژنامەکانی فەڕانسە و کومۆنیستەکانەوە. من بۆخۆم لە چەند دادگایی چریکەکان بەشداریم کردووە و هەندێجار بەڕاستی خاوەن داوا، تاوانبارەکان بوو. نەیان ئەتوانی دەمیان پێ دابخەن. یەکێک بە ناوی ئەحمەدزادە دوو کاتژمێر هەلومەرجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئێرانی شێکردەوە و شێوەی دەسەڵاتداریێتی ئیمپریالیزمی نیشان دا. هەر ئەم جەنابە لێدانێکی باش دای لە یەکێک لە ئەشکەنجەگەرانیش. ڕۆژنامەکانی فەڕانسە هەموو وتارەکەیان بڵاو کردەوە. ڕۆژنامەیەکی تر نووسیبووی ئەشکەنجەکردنی گیراوەکان لە هەمان ٢٤ کاتژمێری یەکەمدا دەست پێئەکات. سەرەتا بە قامچی کارەبایی لێیان ئەدەن و پاشان پسپۆڕانی کاراتە و جودۆ تێیان بەر ئەبن و زەربەی وایان لێ ئەدەن کە زۆر بەئازار بێ. بەڵام شوێن برینی لێ بەجێ نەمێنێ. چریکەکان زۆر جار بێهۆش ئەبن و زۆر جار بە دەست و پێی شکاوەوە ئەگەڕێنەوە بۆ ژوورەکەیان. ئەم ڕۆژنامانە، شێخە کۆی کردبوونەوە و من لە ئورووپا وێنەم لێ هەڵگرتن و هێشتاش هەمن و هەرکات پێویست بکات بڵاویان ئەکەمەوە.

ئەم لێپرسینەوانە هەندێجار لە لایەن ساواکییەکانەوە لە زیندانی ئێڤین یان لە لایەن پۆلیسەوە لە ژێرزەمینەکانی بەڕێوەبەرێتی پۆلیس ئەنجام ئەدرێ. پێشبڕکێی نێوان پۆلیس و ساواک ئەبێت بە هۆی ئەوەی هەرکامیان هەوڵ بدەن دڕندانەتر و بێبەزەییانەتر تاوانبارەکە ئەشکەنجە بکەن و زووتر قسەی پێ دەرخەن؛ پێش ئەوەی تاوانبار یان تاوانکار بمرێت.

چەند ڕۆژ پێش دادگاییکردن لەگەڵ چریکەکاندا خۆش ڕەفتاری ئەکرێت. خواردنی باش و جێگەی گەرمیان پێ ئەدەن و وای دەرئەخەن کە گوایە دادگای سەربازیی سەربەخۆیە و بڕیاردان

لەسەر تاوانبارەکان دادگەرانە ئەبێت. هەر تاوانبارێک ئەبێ بە پێنووسی خۆی بیروباوەڕ و چالاکیەکانی خۆی بەبێ یارمەتی پارێزەر بنووسێ. بڕیاری ساواک بە واژۆی ژنراڵ سەرلەشکر لەسەر تاوانبارەکە لە دۆسیەکەیدا دائەنرا و کام دادوەر هەیە بوێرێ بڕیارێک بدا پێچەوانەی بڕیاری ساواک بێ.

ساواک هەوڵ ئەدا کاتی دادگاییکردن هیچ داخ و درەوش و نیشانەیەک بە تاوانبارەوە دیار نەبێ. بەڵام ئەمکارە هەمیشە ناگونجێ. ئەو کەسانەی کە بتوانن قسە لە یەکێک دەربکێشن، خەڵاتیان پێ ئەدرێ. ڕۆژنامەکانی فەڕانسە و ئینگلیز نووسیبوویان ژنێک لە ماوەی مانگێکدا سێ هەزار تمەنی وەرگرتووە. لەو کاتەوە بە ئوتۆمۆبیلی پەیکان ئەچێتەوە بۆ ئێڤین.

هەندێجار بڕێ لە ساواکییەکانیش بەد ئەهێنن. ساڵی ١٩٧٠ و ١٩٧١ کە چریکەکانیان ئەخستە داوەوە، هەندێک لە خۆشی حەلیم[٣٠] ئەکەوتنە ناو مەنجەڵەکە. ساواکییەک بە ناوی حسەینپوور کە بەخۆی ئەوت ئەندازیار، بەبێ ئەوەی سڵ بکاتەوە، هەرکەسی لە شەقام بدیبایەت کە وەستاوە و هیچکارێکی نییە، بە تاوانی ئەوەی ویستوویەتی دروشم لەسەر دیوار بنووسێ، ئەیگرت و پاش لێدان و ئازاری جۆراوجۆر، کە هەندێجار ئەگەیشتە ئەشکەنجەش، پارەیەکی لە کەسوکارەکەی وەرئەگرت و بەری ئەدان. لەم ساڵانەدا دروشم نووسین ببوو بە سەرچاوەیەکی باشی کاسبیکردن بۆ کەسانی وەکوو حسەینپوور. من دڵنیا نیم، بەڵام گومانم لەوە هەیە هەر ئەم کابرایە جارێکیان ڕوقیەی خوشکمی گرتبوو، بەڵام خوشکم توانیبووی لە دەستی هەڵێت. فەرزان ئەم ڕووداوەی لە پاریس بۆ گێڕامەوە و مسۆگەر ساڵی ١٩٧٢ خوشکم لە زیندان یان لەناو ئەو

---

٣٠ـ خواردنێکە لە گەنم و گۆشت، لە مەنجەڵی مەزندا لێی ئەنێن و بە کەوچکێکی گەورەی دار مای ئەهێننەوە و بەردەوام لێکی ئەدەن تا ئەو کاتەی گۆشت و ساوەر تێکەڵ ئەبێ و خەست ئەبێتەوە. کاتی خواردن ڕۆن و دارچینی ئەکەن بە سەردیدا.

گیانبازانەدا بووە کە ژنراڵ سەرلەشکر بەرپرسی کوشتنیان بوو. بەڵام حسەینپوور بە سزای خۆی گەیشت.

لەناو گیراوەکاندا ژنێکی چارشێو بە سەر هەبوو کە پاشان دەرکەوت کچێکی ئەمریکاییە. ڕۆژنامەکانی تاران کردیان بە هەراوهوریا. حسەینپوور کە سەرەتا لە دەستوپێوەندەکانی بەختیار و، پاشان بوو بە شاپەرستێکی ئاگراوی، تەنانەت سیخوڕی ئەمریکایی! ئێران وڵاتێکی سەربەخۆیە و لە کەس ناترسێ و ئەمکارەیان بە نموونەی کارزانی و گیانبازیی ساواک، بەتایبەت دارودەستەی حەپی کۆنە نۆکەری بەختیار دانا. دەهۆڵ و زوڕنایان لێدا کە سیخوڕێکی ئەمریکاییان گرتووە بۆ ئەوەی سەرنجی جەماوەر لە ڕووداوی سیاهکەل، کە ئەوانی هەژاندبوو، ڕابکێشن بۆ گیانبازی ساواک. کچەیان بە سیخوڕی پیشەیی ناوبرد و لەماڵەکەیدا هەندێ وێنەیان دۆزییەوە کە لە ناوشار و فەراگەرد گرتبووی. بۆیان مسۆگەر بوو نێچیرێکی قەڵەویان دەسکەوتووە. بەڵام لەوە خافڵ بوون چاڵێکیان هەڵکەندووە کە خۆیان تێی کەوتن:

ئەلایزا دەزگیرانی یەکێک لە چالاکوانەکانی کونفدراسیۆن بوو. دەزگیران هەمان ساڵی ١٩٧٢ لە کاربەدەستان بوو و لەبەر ئەوەی خۆی نەی ئەتوانی بێتەوە بۆ ئێران، کچەی ناردبوو بۆ لای کەسوکاری تا لەگەڵیان ئاشنا ببێ.

ئەلایزا، لەگەڵ باوک و دایکی دەزگیرانەکەی چووبوو بۆ ئەسفەهان و شیراز و بە چارشێوی ڕەشەوە سەردانی مزگەوتی کردبوو. لە شاچراغ ساواکییەکان ئەبینن ژنێکی ئورووپایی لە بەرگی ژنێکی موسڵماندا چووەتە ناو خەزنەکە و خەریک بووە موسڵمانەکان لە خشتە بەرێ. لە تاران، شەوێک لە شەقامێک چاوەڕێی یەکێک لە دۆستەکانی دەزگیرانەکەی ئەکات. کە ئەیگرن.

نەیانتوانی ئازارێکی زۆر بە ئەلایزا بگەیەنن، چونکە چەند ڕۆژ پاش گرتنی، مانی گرت و خۆی بە بێتاوان ئەزانی و داوای کرد

ئازادی بکەن. داوایان لێکرد دان بە تاوانەکانیدا بنێ و پاکانەیەک بۆ خاوەنشکۆ شاهەنشا بنووسێت و خۆی ڕزگار بکات. ئەو ئامادە نەبوو ئەمکارە بکات، چونکە ئەوە ئەبوو بە بەڵگەی تاوانبارێتی ئەو و ئەیسەلماند سیخوڕی کردووە. کار گەیشتە باڵوێزخانەی ئەمریکا و، بەتایبەت مانگرتنەکەی لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکاشدا دەنگی دایەوە و کاربەدەستانی باڵوێزخانەش نەیان ئەتوانی یان نەیان ئەویست ئەلایزا دڵتێر بکەن بچێتە ژێر باری ئەو سووکایەتیە. بۆ جاری سێهەم مانگرتنی وشکی کرد و تەنانەت ئاویشی نەئەخواردەوە. زیندانیە ڕامیارییەکانی تریش پشتیوانیان لێکرا و ویستیان مانگرتنی گشتی بکەن. ڕۆژنامەکان هەوڵیان دا وای دەربخەن کە سیخوڕی ئەمریکایی داوای لێبوردنی کردووە و خاوەنشکۆ هومایوونی لێی خۆش بووە. بەڵام ئەم ڕووداوە کە پشتی حسەینپوور و چەند کەسی تری شکاند، لێرەدا کۆتایی پێ نەهات. ئەلایزا گەڕایەوە بۆ لای دەزگیرانەکەی لە ئەمریکا و حکوومەت و ڕۆژنامەکانی ئێرانی خستەوە بە درۆدا و وتی هەرگیز پاکانەی نەکردووە و ڕۆژنامەکانی ئێرانی بە درۆزن و ساواکی بە ساختەکار ناوبرد. وتی بێڕێزی بە ویژدانی ئەو و خەڵکی ئەمریکا کراوە و داوای کرد حکوومەتی ئێران لەبری هەر ڕۆژ زیندان چەندین هەزار دولاری بۆ ببژێرێتەوە. دەزگیرانەکەی و کونفدراسیۆن و چەندین پارێزەری ئەمریکایی داکۆکیان لێکراد و لە دادگا بردیانەوە و حکوومەتی ئێرانیان ناچار کرد بڕێکی یەکجار زۆر پارەیان بداتێ. بەڵام ڕۆژنامەکانی ئەمریکا مەگەر دەستیان هەڵئەگرت؟ ئەم ڕووداوەیان کرد بە بنێشتە خۆشە و کراسی عوسمان و دایان بەبادا و ئەوەندەی لەسەر ڕۆیشتن تا حکوومەتی ئێران ناچار بوو حسەینپوور لە کار دەرکات و دادگایی بکات.

لەم کەینوبەینەدا، نهێنیەکانی هاریکاری نێوان ساواک و سی.ئای.ئێ بە دووورودرێژی لە ڕۆژنامەکانی ئەمریکادا بڵاو کرایەوە

و بوو بە کەرەسەی پڕۆپاگەندەی حیزبی نەیار دژی ئەو دەوڵەتەی لەسەرکار بوو.

لە ڕۆژەکانی پێش دادگاییکردن لە دادگای سەربازی، گورگە خوێنخۆرەکان ئەبن بە شوانی دڵنەرم و بە زمانی خۆش و قسەی لووس و بەرتیل، هەوڵئەدەن خەڵکانی سادە فریو بدەن، بۆ ئەوەی نهێنیەکان لە دادگا نەدرکێنن و باسی ئازار و ئەشکەنجەی ماوەی لێپرسینەوە نەکەن، چونکە دادگا گوێ لە قسەی ئەوان ناگرێ و قسەکانی شاهەنشا برەوی هەیە کە فەرموویەتی کەرەسەی بەکەڵکتر لە هیی سەدەکانی ناونجیمان لەلایە و ئەویش کەرەسەی گوشاری دەروونیە. کە وابوو ئەبێ دادوەرەکان تووڕە بکەن و ئەوانیش ناچار ببن زیندانی درێژخایەن و تیرەبارانیان بۆ ببڕنەوە.

لەمبارەیەوە ڕۆژێک لە پاریس لەگەڵ شێخە، کە ئیتر هیوای لە چاکبوونەوەی هەلومەرجی ئێران بڕابوو، قسەم ئەکرد، چاوەڕێی بەڵایەکی ئەکرد کە بێت و ئێران ژێرەوژوور بکات. قسەمان لەسەر جەربەزە و دلێری و توانا و خۆڕاگری چریکەکان بوو. وتی:

ــ ئەمانە خەڵکانێکی تایبەتین.

وتم:

ــ بەڵێ بەڕاستی ئەمانە خەڵکانێکی تایبەتین. ئەو هەمووە ئازاریان ئەدەن، سووکایەتیان پێئەکەن، بە داخ و درەوش ڕەش و شتنیان ئەکەنەوە. هەندێجار پاش لێپرسینەوە بۆ ماوەیەکی باش بێهۆش ئەبن و کاتێکە چاو ئەکەنەوە، هەمان گۆ و هەمان مەیدان، ئەڵێی هیچ ڕووی نەداوە و ڕۆڵەکەی ڕۆژی پێشوون.

ــ فلانی، هەرگیز شەیدا بوویت؟

ــ نەء.

ــ ژن و مناڵەکەت خۆش ئەوێ؟

ــ ئەی.

ژنەکەم مردبوو و پەیوەندیم لەگەڵ منالەکانم سست ببوو.

ڕاستەکەی ئەوە بوو کە ئەوان ڕوویان لە ساواک وەرگێڕابوو و هەڵاتنی ڕوقیەشیان بە تاوانی من ئەزانی. شێخە سەرێکی لەقاند و وتی:

ـ هەر ئەمەیە. ئێوەمانان ـ تۆ ناڵێم ـ ڕەگتان نییە. هەرگیز بەڕاستی شەیدا نەبوون. بەرامەی ئەوین ناخی تەژی نەکردووین. مرۆڤ ئەبێ شتێک، کارێکی خۆش بوێ، ئەبێ خولیا و ئەویندار بێت هەتا بتوانێ خۆی بدا بە ئاو و ئاگردا. ئەم چریکانە هەموویان ئەویندارن و خۆیان ئەدەن بە ئاو و ئاگردا و ئێوە بە قامچی و کورسی کارەبا هیچتان پێناکرێ. منیش وەکوو تۆم. ئەمڕۆ لە دەمیان ڕائەکێشی و بەیانی دەنگی ئەوان لە سەد دەمی ترەوە ئەبیستی کە هاواریان گوێ کەڕ ئەکات.

هەروەاش بوو. تێکڕای پەند و ئامۆژگارییەکانی فەرمانبەرانی ساواک هیچ دەورێکی نەبوو.

چریکەکان هیچکات گوێیان نەدایە داب و نەریتی دادگا و دادگاییکردن. کاتێکە سەرۆکی دادگا ئەیوت دادگا فەرمیە، ئەوان گاڵتەیان ئەکرد، بێڕێزیان ئەکرد، پێ ئەکەنین، هاواریان ئەکرد و ناوی ڕاستەقینەی ساواکییەکانیان ـ کە وەکوو مشکی تۆپیو لەناو بینەراندا دانیشتبون ـ بەبێناوبانگی درۆینی دکتۆر و ئەندازیار و پرۆفسۆر بانگ ئەکرد. کاتێکە ناوی پیشەیان ئەپرسرا، وەڵامی بەراوەژوویان ئەدایەوە. خۆیان بە ڕۆڵەی گەل و پیشەی خۆیان بە شۆڕشگێڕ ناو ئەبرد. کاتێکە ئەستێوڵکانی زەرپۆش ـ ئەمە ناوێک بوو لەسەر ئەفسەرەکانیان دانابوو ـ هەوڵیان ئەدا ئارامیان بکەن و بیانترسێنن، سەیری دۆسیەکانیان ئەکردن و پەڕەکانیان هەڵئەدایەوە، بزەیەک ئەنیشتە سەر لێویان و ئەیانویست بە زمانی هێما تێیان بگەیەنن کە ئێمەش وەکوو ئێوە یەخسیرین و دیلین. ئەوەندەی سەرۆکی دادگا وەڕەز ئەبوو، سەربازەکانی تێبەرئەدان. بەڵام ئەوان بەرگریان نەئەکرد. هەڵئەسانە سەرپێ، لەسەر کورسیەکان

ئەوەستان و سروودی شۆڕشگێڕانەیان ئەخوێند و گاڵتەیان بە سەربازان و ئەفسەران ئەکرد. بەڵام لە کاتی دواداکۆکیدا هەموویان ئارام ئەبوون و زۆر بە وردی گوێیان ئەگرت. ئەم داکۆکیە لە ڕاستیدا دادنامەی تاوانبارەکان بوو دژی دادوەران و دامودەزگای حکوومەت. ڕووداری ئەگەیشتە ڕادەیەک کە بێڕێزیان بە هێما پیرۆزەکانی وڵات ئەکرد و تۆمەتیان لە کەسوکاری خاوەنشکۆ ئەدا و بە قاچاخچی تریاک و هۆشبەر ناویان ئەبردن. تۆمەتی وایان لە بنەماڵەی مەزنی پادشایی ئەدا کە من ناوێرم لەسەر کاغەز بیان نووسم. چ تۆمەتێکیان ئەخستە پاڵ خوشکە گەورەی شا! یەکێک لەوانە ناوێکی لەسەر ئەم خاتوونە دانا کە سەربازەکان کەوتنە پێکەنین. ئابڕووی یەکە یەکەی براکانیان برد و وتیان هەموو سامان و دارایی خۆیان لە ڕێگەی تاڵانکردنی جووتیاران و بەرتیل خواردنەوە بەدەسهێناوە. زەویوزاریان بەزۆر لە ئاغەوات دزیوە. بە ئۆتۆمۆبیل و بە هێلیکوپتەر ئەچن بۆ ڕاو. درۆی وایان ئەکرد لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەئەبینرا.

دوانزە چریکی فیدایی گەل مەحکووم کران بە تیرەباران و زیندانی قورس. لە زیندانیش دەستیان لەو ئەرکەی خۆیان هەڵنەگرت کە پێیان وابوو پێیان سپێردراوە.

لەبری ئەوان گرووپی تر بە ناوی جۆراوجۆری ترەوە وەکوو «ڕێکخراوی ڕزگایی گەل» کە دەستی بە سەر پارەکانی بانکی ئێران و ئینگلیزدا گرت و هێرشی کردە سەر ئۆتۆمۆبیلی باڵوێزخانەی ئەمریکا کە باڵوێزی ئەمریکا بفڕێنێت. یان گرووپی «ئارمانجی گەل» و «گیانبازان» هاتنە کایە و تا ساڵی ڕاپەڕین درێژەیان بە خەباتی خۆیان دا دژی ڕژیمی شاهەنشاهی. خەباتی گرووپە چەکدارەکان ئاگرێکی کردەوە، هەر نەبێتەوە. ژمارەی فەرمانبەرانی سی.ئای.ئێ لە ئێران زیادی کرد. سەدان کەس بۆ فێربوونی شێوازی شەڕی دژ بە خەباتی چەکداری نێردران بۆ ئەمریکا. ژمارەی تفەنگچیەکانی

دەربار و وەزیرخانەکان زیاد کرا و بۆ پاراستنی سەرانی ڕژیم دەیان ئوتۆمۆبیلی زرێپۆش لە ئاڵمان کڕدرا.

ڕووناکبیران کە هەتا ئێستا جگە لە خەباتی ئاشتیخوازانە لە ڕێگەی پێنووس و زمانەوە ڕێگەیەکی تریان پێ شک نەئەهات، کەوتنە خۆیان. شێخە کە لە کارەکانی ئەواندا ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ سەررشتەی هەیە و زۆر لە پەرتووکەکانی ئەوانی خوێندوەتەوە و ڕەخنەی لەسەر نووسیون و هەروەها لەگەڵ چەند کەسێکیان هاتوچۆی هەبووە، چەندین چیرۆکی ئەوانی بۆ گێڕاومەتەوە کە زۆر سەرنجڕاکێشن.

وتووێژەکەمان هیی ساڵی دووەمی پاش ڕاپەڕینە، ئەوکاتەی کە من لێقەوماو و پەککەوتە بووم و شێخە ئیتر لەوە نەئەترسا ڕازێکم لەلا بدرکێنێ. ئەیوت ئیتر بەرازیش دەرەقەتیان نەئەهات. سروودی شۆڕشگێڕانەیان بڵاوئەکردەوە کە پڕ بوو لە ڕق و نەفرەت و هاندەری ڕووخاندنی بنەماڵەی زوڵم و سەرەڕۆیی بوون. لە ڕووی ئەوانەوە کۆپیان هەڵئەگرت و لەناو خوێندکاراندا بڵاویان ئەکردەوە و ئەیانفرۆشت، ئاسانتر لە فرۆشتنی کولیچە. گەنجترەکان خۆیان ئەدا بە چەپ و ڕاستدا بۆ ئەوەی بتوانن پەیوەندی بکەن بە چریکەکانەوە. ئەچوون بۆ ڕەشت و مازەندەران و لە جەنگەڵەکان بە دوای فیدایی و گیانبازاندا ئەگەڕان. لە باری ژیانی ئەوان لە زیندانەکان و ڕەفتاری دڕندانەی ئەشکەنجەگەران و لە کەرەسەی ئازار و تۆقاندن ئەکۆڵانەوە و بۆ یەکتریان ئەگێڕایەوە. ئەیانهێنایە سەر کاغەز و بڵاویان ئەکردەوە و ئەیانناردە بۆ دەرەوە. هەموو نووسەر و خوێندکار و ڕووناکبیرێک شانازی بەوەوە ئەکرد پەیوەندی بە کونفدراسیۆنەوە هەیە.

پەڕیمە ناو قسەکانی:

ـ جەنابی شێخە، ئەمانەی کە تۆ بە ڕۆشنبیر ناویان ئەبەی لە کوێوە ئەیانزانی لە زیندانەکاندا چی ڕوو ئەدا؟

ـ تۆ زۆر خاوی، تۆ گونی خۆت و گێزەر لێک ناکەیتەوە، ئەی چۆن ساواکی بووی؟ ئەگەر ئەتەوێ لە شت تێبگەی پەیوەندی بکە بە جەنابی فەرزانەوە. لە پاریس لە ماڵێکی دەروێشی، لە ژوورێکی بن جەمەلۆندا سووچێکی گرتووە و ئاگای لە هەموو شتێکیش هەیە. لێی بپرسە، زۆر شت ئەزانێ. ئێستە کە ئاو کراوە بە ئاگردا، دوور نییە هەندێ نهێنی هەیە کە ئەیەوێ ئاشکرایان بکات. من دۆستێکم هەبوو تازە زانکۆی تەواو کردبوو، لە شەقامی پاماشین، نۆرینگەی هەبوو. هەرکات ئەچوومە ئەوێ، چەند کەسی جۆراوجۆرم لە ژووری چاوەڕوانی ئەبینی، کە ئەوەندەی سەروپۆتەڵاکی من دەرئەکەوت، بۆی دەرئەچوون. چەورەی یەخە کراوە بە پێڵاوی شەق و شڕەوە، کراس سپی پاک و خاوێن، سەرڕووتی کراڤات لە مل و پانتۆڵی ئوتوکراو و پێڵاوی بریقەدار، ئاخوند و کڵاو بە سەر، گەنج و ساڵمەند... دۆستەکەم هەرگیز یەک وشەشی سەبارەت بەو خەڵکانەی لە نۆرینگەکەیدا ئەهاتن و ئەچوون، نەوت. هەڵبەت منیش ئەوەندە وەستا بووم، کە نەیخەمە خۆم.

بۆی هەبوو قاچ شکاوێک بچێ بۆ لای دکتۆر و کاتێکە بە قاچی گەچگیراوەوە ئەچێتە دەرەوە، بەڵگەنامەیەک لەناو گەچی قاچیا شاردرابوویەوە و ئەوەندەی نەئەبرد لە ڕۆژنامەکانی کونفدراسیۆن و ئەنجومەنە ئدسلامیەکاندا لە ئورووپا و ئەمریکا بڵاو ئەکرایەوە. ئەم جوامێرە لە ڕاپەڕیندا گیانی خۆی لەدەست دا. یاداشتەکانی لای منە. ئەم نۆرینگەیە لە گەڕەکێکی خواروەوەی شار ناوەندی هەواڵ هێنان و هەواڵ بردن بوو. پزیشکێکی پاک و خاوێن کە هیچکەس گومانی لێ نەئەکرد کاری بە ڕامیاری و بێنەوبەرە و شەڕ و خەباتەوە هەبێت. لە نۆرینگەکەی دانیشتبوو، پسوولەی دەرمانی ئەنووسی و دەرزی ئەنژکسۆنی ئەوەشاند و زانیاری بۆ گیانبازان کۆ ئەکردەوە و بۆیانی ئەنارد.

ـ بۆچی ناوی ناهێنی؟

ـزۆر زیرەکی، بە تۆی بڵێم کە هەڵگری ناوی بنووسی و یەکێکی پێ ڕووت بکەیتەوە؟ نەء، لەم ڕێگەیەوە هیچ بەتۆ ناگات. هەندێ لەم دلێرانە لەسەر هیچ و خۆڕایی خۆیان ئەخستە گیری ساواک. بە خەڵکی وەکوو حسەینپوور خۆیان ئەدا بەگرت و ئەشکەنجە ئەکران و ڕزگاری خۆیان بە پارە و بەرتیل ئەکڕییەوە. ڕێکەوت کە یەک دوو کەس لەم گیانبازانە لە زیندان لە ناو چوون. یەکیان لە لایەن ساواکییەکانەوە چەند گوللەی بەرکەوت و کوژرا و ساواکییەکان خەڵات کران.

پاشان بۆ چەند خولەک بێدەنگ بوو و من نەمویست بدەم بەناو قسەکانیدا. بیری ئەکردەوە و نەی ئەزانی ڕای خۆی بڵێت یان نا؟

ـئێوە زۆر خاو بوون. هەموو کارەکانتان کەرانە بوو. پێتان وابوو کاتێکە سەردەستەکەتان فشەی ئەکرد و ئەیوت ئێمە کەرەسەی بەکەڵکتر لە ئەشکەنجەی سەدەکانی ناونجیمان هەیە، هەموو باوەڕیان ئەکرد؟! ئەمریکاییەکانی پشت و پەنای، پێی پێ ئەکەنین. هەر گوشارێک پەرچەکرداری خۆی هەیە. ئێوە کەڵەگاییتان ئەکرد و ئەوانیش بە فێڵ و لەژێرەوە خۆیان ئامادە ئەکرد. ئەم پزیشکە لە یاداشتەکانیدا نووسیوێتی منالانی شانزە حەڤدە ساڵ هەمیشە کەپسوولی سیابۆریان لە گیرفاندا بوو و ڕێکەوتووە لە کاتی مەترسیدا کەپسوولەکەیان لە دەمیاندا شاردبوویەوە. ئەمانە بڕوایان وابوو ئەبێ دنیا بگۆڕن. ئەزانی بڕوا چییە؟

ئەیانوت بە گوتن و نووسین و بانگەشە کار جێبەجێ نابێت. یەکێکیان نووسیوێتی لە شاخی دەماوەند دنیایەکیان دروست کردووە لە قورقشم و ئاسن. ئەبێ کونی بکەین و لەناوەوە بیتەقێنینەوە. ئەمە لە ئەندێشەیەک زیاتر نەبوو، بەڵام ئارەزوویەکی شیرین بوو. ئەمانە تامەزرۆی دیسیپلین بوون و هیچ بۆیان گرنگ نەبوو ئەنجامی کارەکەیان چی ئەبێت؟

گفتوگۆ لەگەڵ شێخە چەندین مانگ پاش ڕاپەڕین درێژەی کێشا

و من كە تا ئەو كاتە دنیام لە دەرەوە ئەبینی، بە سوودی خۆم بەرەنجامم لێوەرئەگرت. پاش ڕاوێژ لەگەڵ شێخە كە قنی دنیای دڕاندبوو و هەروەها نامە گۆڕینەوەی لەگەڵ جەنابی فەرزان هەیە ــنالێم بڕوام گۆڕاــ بەڵام چوومە ناو بیرەوە و وتم ڕەنگە هەندێ لە كارەكانمان ژیرانە نەبووە. مسۆگەر ئەوەیە كە نووسینەوەی ئەم بیرەوەرییانە تا ڕادەیەك كاریگەری هەندێ لە بۆچوونەكانی ئەوانی پێوەیە.

سالآنی ١٩٧١ هەتا ١٩٧٥ بەشی زۆری چالاكی ساواك لەسەر ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس و هۆنەر و نووسەران‌دا چەقی بەستبوو.

ئێستە ئیتر ئوستادان و نووسەران و هونەرمەندان و گەنجە بازاڕییەكان لە حوجرەیەكی ناوبازاڕ دائەنیشتن و لە شەقامەكانی سەرەوەی شاردا بە تەلەفوون و فاكس كاریان بەڕێوەئەبرد و لە هەموان زیاتر ڕۆژنامە نووسەكان بەرپل ئەكەوتن.

نزیكەی شەست ڕۆژنامە كە هیچ بەرنامەیەكیان نەبوو جگە لە داكۆكی كردن لە حكوومەت و چاپكردنی وێنەكانی خاوەنشكۆ و پیاهەڵدان بە دامودەزگا و، تێكۆشان و لەخۆبوردوویی بنەماڵەی مەزنیان هیچ كارێكی تریان نەبوو، فەرمان درا دابخرێن. ئەم هەموو ڕۆژنامەیە جەربەزەی ئەوەیان نەبوو وردە ڕەخنەیەك لە دەسەڵات بگرن، نەكا خوانەخواستە بۆنی دژایەتی لەگەڵ شێوازی حكوومەتی لێبێ. تەنها جارجارە نووكە ئاماژەیەكیان تیا بوو كە ئەویش ئەكرا بە پرتەوبۆڵەی ڕۆژنامە نووسێك دابنرێ بە یەكێك لە گەورەكانی وتووە. ڕۆژنامە و گۆڤاریان داخست. هەڵبەت بە زمانی خۆش دامەزراوەكانیان لێكڕین، قەرزی بانكیان بۆ دانەوە و بەو بیانووەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە شارەكاندا برەوی پەیدا كردووە، پێویستیەكی زۆریان بە ڕۆژنامەنووس هەیە؛ كاری پڕ داهاتیان پێ سپاردن. هەندێ كەس كە سەرەڕای ئەو هەموو چاكەیە هێشتاش هەر پرتەیان ئەهات وەكوو نوێنەری ڕادیۆ و

تەلەفزیۆن و ئاژانسی ڕۆژنامەگەری و هەواڵنێر نارد بۆ ئوروپا و ئەمریکا. پاشتر چەند کەس لەمانە هەرچەند بە فەرمی ساواکی نەبوون بەڵام ڕاپۆرتچی بەردەستی خۆم بوون. بەکورتە وەها کلکیان قرتاندن هیچ قرِنیسێکی ڕووداریش نەی ئەتوانی پێ لەقە لەو هەموو و ناز و ڕێژەنە بدات.

لەم کەینوبەینەدا زۆر کەس کلکە مشکێکیان دەسکەوت. لەم کێشمەکێشەدا منیش سووچێکم گرت و بۆ خۆمم ڕاکێشا. من کرام بە بەرپرسی ڕاگەیشتن بە ڕۆژنامەی «سەروژێر». ئەم ڕاسپاردەیە ژنڕاڵ سەرلەشکر پێی دام. زانیم بۆچی منی هەڵبژاردووە. دڵنیا بووم حاجی عەلی ساوجی ناسراو بە دکتۆر بیژەن یان یەکێکی تر لەو کەسانەی لە ڕێگەی منەوە سمێڵیان چەورکرابوو، دابوویان بە گوێیدا کە من مامەڵەچیەکی باشم و بەش و بەشداریش باش ئەزانم. بەدبەختانە ئەوەی نەزانیبوو کە ئیتر حەوڕەنگێکی وەکوو شێخەم لەبەردەستدا نییە، کە ددان خڕ نەبێت و کار بەڕێوەبەریش بێت. زانیم ئەم ڕۆژنامەی «سەروژێر»ە شلەیەکی وانییە دەم بسووتێنێ و سکی یەکێکی وەکوو ژنڕاڵی پێ تێربکرێ. خوشبەختانە بەخت یارم بوو و زانیم لە پشت سەری نووسەرەکەیەوە یەکێک لە پیاوە زلەکان خۆی حەشار داوە کە مرخی لەوە خۆش کردووە ببێ بە سەرۆکوەزیریش. ئەم کابرایە ئەبوا بدۆشرێ. پێم لێ چەقاند ئەم سەرنووسەرە ئەبێ چوار بەرامبەری ئەوانیتری بدرێتێ. بێچارە سەرنووسەر شتێکی کەمی بەرکەوت. دوو لە سێی چووە گیرفانی ژنڕاڵ سەرلەشکر، چکێک بە دکتۆر بیژەن و ئەوەی بە منیش گەیشت، پێموابوو ئەبێ بە پاشەکەوتی ڕۆژی مەبادا. بەداخەوە!

لە هاوینی ١٩٧٤دا مردنی ژنەکەم، منی لە سەرئێشەیەکی چەندین ساڵە ڕزگار کرد. ئەوەندە داماو و لاواز ببوو، تەنانەت هەواڵی منداڵەکانیشی نەئەپرسی. سەرەتا جارجارە سەرێکی کاشانی ئەدا و چەند ڕۆژێک ئەمایەوە. بەڵام ئیتر تینی تیانەمابوو ــ چەند

مانگ موویەکی مابوو هەتا مردن ــ تەواوی لەشی ببوو بە ڕەنگی هێشوە گەنمی کۆتایی هاوین. ماوەیەک تەواو جاڕس و بێزار ببوو. هاواری دڵی ئەکرد. لەم دکتۆرەوە هەڵئەهاتم بۆ ئەو دەرمانخانە. هەموو ڕۆژێک کزتر ئەبوو. ئیشتیای نەبوو، تا پاروویەکی ئەخستە دەمی، ئەیهێنایەوە. بەردەوام یاوی هەبوو. مردن لەو ئازارە بەردەوامە ڕزگاری کرد. چەند حەفتە پێش مردنی، منداڵەکانم لە کاشانەوە هێنا بۆ تاران و دامنە دەست دایکم. شادمان بوو و وادیاربوو پێی خۆشە. لەو کاتەوە ڕوقیە لەماڵەوە هەڵاتبوو، خۆی بە بێکەس ئەزانی. لەگەڵ تاقە کەسێک هاتوچۆی نەبوو. دائەنیشت قلیانی ئەکێشا، تەزبێحی ئەگەڕاند، لە ناو باڵشمەی دەرگاکەدا چیچکانی ئەکرد و بە نۆک فاڵی ئەگرتەوە. ئێستە کە دوو منداڵی دایک مردوو بە دەورییەوە بوون، جووڵەیەک کەوتبوویە ماڵەکە. کوڕ و کچ پێکەوە یاریان ئەکرد و شەڕ لەگەڵ منداڵە دراوسێ. بیانووی دایکیان ئەگرت. دایکم سەرگەرمیەکی پەیدا کردبوو. جارێکی تر خۆی بە گەورەی ماڵ ئەزانی. نە من لە بیری ڕوقیەدا بووم و نە ئەو. لانیکەم لەلای من بۆ ڕوقیە نەئەکڕووزایەوە. تا ڕادەیەک کە من لەلای خۆم بیرم ئەکردەوە و بیر هەڵی ئەگرتم ئەموت نەکا دایکیشم بە ساواکیم ئەزانجێ و پێی وایە ئەبێ هەموو شتێکم لێ بشارێتەوە! هیوام وابوو دایکیشم وەکوو من ڕوقیەی لەبیر بردبێتەوە کە ڕۆژێک هاودەم و هاوڕازی بوو. هەندێجار ڕەخنەم لە خۆم ئەگرت بۆچی لەگەڵ دایکم سەبارەت بە چارەنووسی ڕوقیە قسە نەکەم. هەتا چەند مانگ لەمەوپێش هەرکات دایکم دەرگای لێ ئەکردمەوە دەسبەجێ ئەیپرسی: چ هەواڵێکی ڕوقیەت هەیە؟ منیش هەموو هەوڵی خۆم بۆ گەڕان بە دوای ڕوقیەدا، بۆ ئەگێڕایەوە. ئەموت لە هیچ لایەک شوێنم هەڵنەگرتووە. ڕاستەکەشی هەرچەند لە ئازاردان و ئەشکەنجەی زیندانیەکاندا بەشدار نەبووم، بەڵام هەموو کاتێک هەواڵیم لە هاوکارەکان و گەورەترەکان ئەپرسی.

هەرگیز بە بیرمدا نەهاتبوو ڕەنگە دایکم پەیوەندی بە ڕوقیەوە هەبێت.

ناوی ڕوقیە لە هیچ دۆسیەیەکدا نەهاتبوو. ڕەنگە بە نازناوی ترەوە ئەژیا. ڕەنگە هەر چریکیش نەبێ. نەم ئەتوانی پەژێرەی[٣١] بکەم هاوڕێ و دەزگیران یان فاسقی هەبێ.. خۆم ڕازی کردبوو کە من بە نەبوو دائەنێ و نایەوێ لەگەڵ برایەکی ساواکیدا بژی. هەر ئەم بۆچوونەی خۆم ئەکرد بە هۆکار و ئەموت باشە، ئەگەر ئەو ئەیەوێ لە من بگەڕێ و پەیوەندی بە منەوە نەبێ، ئەی بۆچی ئەو کە دیندار و پاکیزە و شۆڕشگێڕە، ئەیەوێ نانی من ببڕێ؟ ڕێگە لە پێشکەوتنم لە ژیاندا بگرێ؟

کوڕەکەم هاشم لە حەفتەکانی یەکەمدا هەرکات منی لەلای دایکم ئەبینی ئەیپرسی: «بابە بۆچی پوورە ڕوقیەت لەگەڵ خۆت نەهێناوە؟»

دیار بوو دایکم تێیگەیاندبووە ڕوقیە لەگەڵ بابە ئەژی و کاتێکە بابە هات، لەگەڵ خۆی ئەیهێنێ. بەڵام ئێستە کە ئەچووم بۆ لای دایکم، هاشم ئیتر هەواڵی ڕوقیەی نەئەپرسی.

ئەم ئەندێشەیە کاتێک ئەیدا لەسەرم کە لەلای دایکم بووم. لەسەرکار ئەوەندە گرفتاری و هەڵات هەڵات و فێڵ و تەڵەکە و درۆی لێبوو، فریا نەئەکەوتم بیری ڕوقیە بکەمەوە. دۆسیەیەکی واشی نەبوو. چریکە جۆراوجۆرەکان لە هیچ شوێنێک ناویان نەبردبوو. وینەیەکی فەرزان خرابوویە ناو دۆسیەکەی کە بە ڕواڵەت لەناو پەروەندەکەی بەختیار دەرهێنرابوو. هیچ ئاگایەکم لە فەرزان نەبوو، جگە لەوەی ئەفسەری پۆلیس بوو، لەپڕ بە ناوی گەشتی کەربەلا ون ببوو و لە بەغدا و بەیرووت شۆپیان[٣٢] هەڵگرتبوو.

---

٣١ـ پەژێرە: accept ناوی چاوگ (پەژێران) پەسەندکردن، ددانپێدانان، سەلماندن، بەشیاوزانین. ع قبل، وافق N aksepterer د قبول کردن.

٣٢ـ شۆپ: trace ناو ڕەندەش، شوێن، یافت، شوێنەوار و شوێن پا، جێ پێ لە ڕێگا ع اثر N track د رد و اثر. ☜ یافت

پاش دەمبەسانی ڕووناکبیران جارێکی تر بیر و هۆش و هەوڵ و تێکۆشانی ساواک بۆ گیروگرفت و لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە و ئەشکەنجە و کوشتاری فیداییە تازەگیراوەکان و موجاهیدین و مەلاکانی لایەنگری خومەینی لە سەرانسەری ئێراندا بەکار ئەهێنرا. ڕۆژێکیان لەماڵەکەی نیاوەرانم نامەیەکی بێناو و نیشانم پێگەیشت کە تەنها ئەم ڕستەی تیانوسرابوو «ئاگات لە مەرزییە بێ. خەریکە تیا ئەچێ!» لە جێی خۆمدا وشک بووم. بەرچاوم تاریک بوو و سەرم لە گێژەوە هات. ئەمە ئەو دارەتە[٣٣] بوو لە کاتی هەڵچوونی تونددا بە سەرما ئەهات، پێموابێ وشەی «مەرزییە»م نەبینی و بە ڕوقیەم خوێندەوە یان هەر نەبێ بە ڕوقیەی تێگەیشتم. بەڵام مەرزییە بوو و مەرزییەش بیری منی ئەبرد بۆ لای ڕوقیە. مەگەر ڕوقیە نەیوتبوو ئاگات لە مەرزییە بێ. لەگەڵ ئەم ناوە کۆمەڵێک هۆ و بیرەوەی تێک ئەچڕژان. تووشبوونی ئەم کچە لە کاتی کوشتنی سەرهەنگی ستاد، خۆ تێ هەڵقورتاندنی شێخە، ناوەندیاریکردنی ڕوقیە، ڕاوێژکردن لەگەڵ دکتۆر بیژەن و ئارەقخواردنەوەی شەوانە، بەرتیل وەرگرتن، ونبوونی بەشی من وەکوو دەنکە تەزبێحی پچڕاوە... بینیم ئەم یادەوەریانە لەزگەیەکی دووروودرێژە. تەنها من نەبووم. بەرپرسانی ساواکیش بەشداربوون. ئەو پارەیەی کە بۆ زەماوەندەکەم بەکار هێنرا. هەرا و زەنای سپا کە ئێمە ئەیانگرین و، ساواک بەریان ئەدا و، زل بوونەوەی کێشەکە تا ئەو ڕادەیەی کە گەیشتەوە بە سەرۆکی گشتی. ئەگەر دەنگی بدرێ، ئەوانەی سەرەوە مێش نایانگەزێ؛ نەگبەتیەکەی شانی کەسانی وەکوو من ئەگرێتەوە. شێخە لێرە نییە. من لە مەترسیدام. ئێستە کە کارم گەیشتۆتە ئەو جێگەیەی بتوانم بۆ ماوەیەک بچم بۆ ئورووپا یان ئەمریکا و هەناسەیەکی ئاسوودە هەڵکێشم، ئەم مەرزییە لە ناخی تاریکیەوە سەری دەرهێناوە و

٣٣ـ دارەت: status, state of **ئاو** دۆخ، ژیوار، شەرا، مەرە، دەراوا، بوار، بار و دۆخێکی تایبەت کە لە کاتێکی دیاریکراو لە کەسێک یان شتێکدا هەیە.

چاوی بڕیوەتە من و ئەیەوێ لەناوم بەرێ و بمدا بەعەرزا. ئەم خوشکەی من لە سەرەتاوە ئەیزانی مەرزییە چ قوماشێکە! ئێمەی نەزان بەرەڵڵامان کرد. ئێستە چی ڕووی داوە کە دیسانەوە لە ناو تاریکیەوە سەری دەرهێناوە؟ ئەگەر ئەو ڕۆژە ڕوقیە ئاگای لە دۆخی ڕامیاری مەرزییە هەبووە و زانیوێتی ئەو لەگەڵ فیدایی یا موجاهید و گیانبازان و مەلاکان پەیوەندی هەیە و توانیوێتی خۆی بدا بە ئاو و ئاگردا و لە کوشتنی سەرهەنگی ستاددا بەشداری بکات، هیچ گومانی تێدا نەبوو ئەمرۆش زۆر لە مەرزییە دوور نییە. ئێستە چی ڕووی داوە کە من ئەبێ ئاگام لێی بێ. مسۆگەر تووش بووە. جارێکی تر نامەی بێناو و نیشانم خوێندەوە. کاغەزەکە بە پۆستی شاری نێردرابوو. لێی ورد بوومەوە، خەتی شێخەم ناسیەوە. مەرزییە، شێخە، ڕوقیە، بەرتیل، هەراوهوریای ئەفسەرەکان. توند و تۆکمە کەوتمە شوێن کارەکە. بە دۆسیەی شێخەدا چوومەوە. دوا هەواڵ ئەوە بوو چووە بۆ ئورووپا. لە شاری بادن‌بادن لەسەر مێزی قومار بینرابوو، لە پاریسەوە ڕاپۆرتێک هەبوو. هەر هەوەندە. تەلەفوونم کرد بۆ مەملووک. ئەو ئیتر لەو پۆستەدا نەمابوو. کەسێکی تر لە جێگەی ئەو دانرابوو، لە ژێر دەستی باڵوێزی گەڕۆکدا. ژمارەی تەلەفوونەکەیم وەرگرت. چەند ڕۆژ نەمدۆزییەوە. لەناو ژنان و کچانی گیراودا ناوی مەرزییەی تیا نەبوو. دۆسیەی ژنانی خراپکارم سەیر کرد. کچێکی بیست و چەند ساڵە شێوەی ئەوی ئەدا. بەلام تێکیان دابوو. لە زیندانی ئێڤین دۆزیمەوە. وتیان قسە ناکا، وەلامی پرسیارەکان ناداتەوە. لە لێپرسینەوەدا ورتەی لێوە نایەت. لەوانەیە کە هەموانی وەڕەز کردووە. هەموو ئامێرێکیان بەکار هێناوە، ئەنجامی نەبووە. خۆم چووم بۆ ژوورەکەی. سەیری نەکردم. دڵنیا بووم کە ناسیمیەتەوە. خاتی کە لەگەڵم بوو سەری سووڕما.

ـ چۆنە سەیری تۆ ناکا؟ کەچی زۆر بێشەرمانە چاو ئەبڕێتە

ناوچاوی ئێمە و وەڵاممان نەداتەوە!

وتم:

ـ مەرزییە خانم من برای ڕوقیەم هاتووم یارمەتیت بدەم...

نەیخستە خۆی. لە خاتیم پرسی:

ـ ڕەنگە کەڕ بووە. داوتانە لە گوێی؟

بە سەر نایەکی وت. هیوام بڕا. لە خاتیم پرسی:

ـ چی کردووە، تاوانی چییە؟

ـ گومانی تێدا نییە لە کوشتنی سەرهەنگی ستاددا بەشدار بووە. تا چ ڕادەیەک نازانم. وەرە بابچین هەموو ئەو شتانەی لە ماڵەکەیدا دۆزراوەتەوە، پیشانت بدەم.

ڕۆژێکی تر دیسانەوە چووم بۆ لای. کات بە توندی تێ ئەپەڕی و من هیچ بەڵگەیەکم بە دەستەوە نەبوو کە هاودەست و هاوکار و هاوتاوانی ڕوقیە بێ. خۆپاراستن لەوەی کە چاو ببڕێتە ناو چاوم بۆ ئەوە بەس نەبوو بڵێم منی ناسیوە و زانیوێتی برای ڕوقیەم. لە خاتیم پرسی:

ـ ئەو فەرمانەی شا کە وتوویەتی ژنان و کچان نابێ لە زیندان تیابچن، هێشتاش ئەخوا؟

ـ هەر ئەو فەرمانە دەستمانی بەستووە و کارێکمان لەدەست نایەت. ئەبێ لاری کەینەوە و نەهێڵین لێی بڕژێ!

کاتێکە سەیری شتەکانیم کرد، ئەو پەرتووک و ناملکانەم دۆزییەوە کە لە ژوورەکەی ڕوقیە بینیبووم. «خەباتی چەکداریی»، «پێشمەرگەی شار» و لەم قسە قۆڕانە. ئەمانە ئەیتوانی نیشانەی پەیوندی مەرزییە و ڕوقیە بێ. بەڕای خاتی هەموویان لەم ناملکانەیان هەیە. نزیکەی شەست بەرگ پەرتووک و نامەلکەی لێگیرابوو. بە خاتیم وت: «ئەمەوێ سەیری ئەم پەرتووکانە بکەم، بەڵکوو نیشانەیەکی پەیوەندی نێوان ئەو و ڕوقیە بدۆزمەوە.» لە چەند شوێنێک هەندێ هەندێ یاداشت نووسرابوو. دام کۆپیان کرد و لەگەڵ خۆم بردم

بۆ ماڵی دایکم و لەگەڵ دەستنووسی ڕوقیە بەراوردم کردن. خەتی خوشکم نەبوو. دایکم لەسەر بەرماڵەکە دۆعای ئەخوێند، قورئانەکەم لە قەراخ بەرماڵەکە هەڵگرت و لە دایکم پرسی:

ـ دایە ئەمە هەر ئەو قورئانەیە کە ڕوقیە بۆی ناردوویت؟

سەرێکی جووڵاند، واتە ئەرێ. هاتەوە بیرم دایکم وتبووی ئەم قورئانە ڕوقیە بۆی ناردووە و بە دەستنووسی خۆی پێشکەشی کردووە. لە نووسینی پشت قورئانەکە ورد بوومەوە. وەکوو ئەو نووسینانە بوو لەڕووی پەرتووکەکانی مەرزییەوە وێنەم لێگرتبوو. دایکم هەڵەی ئەکرد، نووسینی پشت قورئانەکە دەستنووسی مەرزییە بوو نەک هیی خوشکم. ئیتر گومانم لەوەدا نەما. ڕوقیە و مەرزییە یاری غاری یەکتر بوون. ڕزگارکردنی مەرزییە ئەیتوانی سەرەداوێک بێ بۆ دۆزینەوەی ڕوقیە.

کەوتمە شوێن شێخە. ئەمویست پشوو وەرگرم و بچم بۆ پاریس. لەگەڵ شێخە قسە بکەم و لێی بپرسم چی وای لێکردووە پێی وابێ من ئەتوانم مەرزییە ڕزگار بکەم؟ پاش دە ڕۆژ بە یارمەتی جێگرەکەی مەملووک لەگەڵ شێخە بە تەلەفوون قسەم کرد.

ـ یا شێخ ئەمە چ نامەیەکە بە دزییەوە بۆ منت ناردووە؟

ـ کام نامە؟

خۆی دا لە گێلی. لەوە زیرەکتر بوو لە تەلەفووندا قسە بکات. نەم ئەتوانی مشتومڕی لەگەڵ بکەم. بەو مەبەستەی تێی بگەیەنم دۆخەکە زۆر لەوە مەترسیدارترە کە کارێک لەدەست من بێت. بە زمانی بێزمانی تێمگەیاند لە زەمینەی ئەو نامەیەدا کە نازانم کێ بۆی نووسیووم، وا باشترە ڕوو لە کەسانێکی باڵاتر بخەن. ڕاستەکەشم وتبوو؛ لەم زەمینەیەدا من هیچم لەدەست نەئەهات. یەک خاڵ ڕوون بوو کە مەرزییە و ڕوقیە لانیکەم دوورادووریش بووبێ هاوکاری یەکتر بوون و تا ئەوکاتەی مەرزییە لە لێپرسینەوەی تەنانەت ئەشکەنجەدا زمان هەڵنەپچڕێ و قسە نەکات، هیچ مەترسییەک بۆ

من نییە و کێشەی بەرتیلخواردن نابێت بە هۆی ئابڕووچوونم. بە زمانی هێما و ئاماژە شێخەم تێگەیاند. ساتێک بێدەنگ بوو. پاشان بە شێوازێک قسەی کرد کە دڵنیا بووم تێگەیشتووە:

«ببوورە قوربان من جەنابت ناناسم. پێموابێ بەهەڵە گرتووتانە. من ئێستە میوانێکی بەرێزم هەیە. حاجیاغای هـ...»

تەلەفوونی بڕی. هەڵبەت مەبەستی حاجیاغای هەزارەیی باوکی مەرزییە بوو. هەر ئەو ڕۆژە نامەیەکم بۆ شێخە نارد بۆ پاریس، بەبێ واژۆ و ناونیشان و تیایدا نووسیم لە زەمینەی داواکاری و زەماوەندی خانمی کچتان وا باشترە ڕوو لە ژنڕاڵ سەرلەشکر بخەن.

بە گوێرەی ناسینی ئەدگاری شێخە، ئەمزانی سووربوونی من لەسەر مەرزییەی بە ژنڕاڵ ڕاگەیاندووە، بۆیە داوای چاوپێکەوتنم کرا. ئەویش وەک جاری پێشوو، ژنڕاڵ سەرلەشکر هات و لە ئوتۆمۆبیلەکەی مندا دانیشت و منیش تەواوی ڕووداوەکەم لە بنەوە بۆ گێڕایەوە و کاتێکە بیستی ئەوم کردووە بە کەرەسەی کاری خێر، بزەیەکی هاتێ و وتی:

ـ ئەگەر ئەمە هەمان حاجی خاوەنی کارگەی ئاورێشم بێ. خۆم ئەیناسم.

کاتی دابەزین لە ئوتۆمۆبیلەکە لەبەر دەرگای خۆیان دەستێکی دا بە شانمدا و وتی:

ـ تۆش بێبەش نابی.

مامەڵەیەک نەکرا و نەک هەر من هیچم دەست نەکەوت، ژنڕاڵیش بێبەش بوو. ڕەوتی کارەکە مانگێکی پێچوو و لەم ماوەیەدا مەرزییە لە زیندان مرد.

بەڵام ژنڕاڵ هێشتاش هەر لە کەری خۆی سوار بوو و، مردنی ژنێکی ڕامیاری خراپکار، کەسایەتی ئەوی نەئەگۆڕی. پاش گرتن و سزادان و تیرەبارانکردنی **فیدائییەکان** و دۆزینەوەی گرووپێک

له **موجاهیدین** و گیانبازان و شەڕ و پێکادان لەگەڵیان و تیابردنی ئەوان، ژنراڵ سەرلەشکر کرا بە سەرۆکی دەزگای سێهەمی ساواک. ئەم ئاژاوانە شپرزەییەکی بەرچاوی لە وڵاتدا بەدیهێنابوو. سەرانی ساواک بڕیاریان دا بە بانگەشەیەکی بەربڵاو لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، جەماوەر ئارام بکەنەوە. سەرۆکی ساواک بۆ خۆی ڕاستەوخۆ چوو و لە تەلەفزیۆن وتارێکی ڕەسای دا کە خەڵکینە دڵنیا بن حکوومەت بەتەواوەتی دەسەڵاتی بە سەر هەموو شتدا هەیە و، ئیتر تۆوی دوخمان و خراپکاران و دەسپەروەردەی بێگانە و کومۆنیستەکان و پیاوکوژان بڕاوە و، وڵات لە ژێر سایەی شاهەنشادا هێمن و لە ئاسایش دایە و، هەموو ئەتوانن بە ئاسوودەیی بخەون و... قۆریاتی لەمبابەتە، یەکیان کەر ڕەنگەرتر لەوێ تریانی دەرخواردی خەڵک دا. هەروەها ڕایگەیاند دەوڵەت بۆ بەرگری لە هەرچەشنە دەستدرێژییەکی بێگانە خەریکە ڕێکخستنێکی کاریگەرتر پێک ئەهێنێ. بەم گوتەیە، دەنگۆی ئەوە سەلمێنرا کە ژنراڵ خەریکە خۆی بۆ سەرۆکایەتی دەزگای دووەمی ساواک ئامادە ئەکات. ئەم بەشەی ساواک بەرپرسی وەرگرتنی زانیاری لە دەرەوەی وڵات بوو کە نزیکەی دوو ملیۆن دولار بووجەی لەبەردەست دا بوو. هەڵبەت لە ژێرەوە ئەیانوت تەنها چاونەزیری دەستگەیاندن بەو سەرمایە زۆرە نییە کە ئەو بۆ ئەم پلەیە ڕائەکێشێ، بەڵکوو خووی بەرزەفڕی هۆی سەرەکی ئەم هەوڵدانەیە. ئەیانوت ئەو مەترسییەی لە ئورووپا و ئەمریکاوە بە هۆی کونفدراسیۆن و مەلاکان و ئەنجومەنە ئیسلامیەکان چاوەڕوان ئەکرا، یەکێکی شارەزا و جێکەوتوو و دڵڕەق و نەترسی وەکوو ئەوێ ئەوێ تا بتوانێ دەرەقەتیان بێ. زۆربەی ئاژاوەکان لە دەرەوەی وڵات بە هۆی ئەم ئەنجومەنە ئیسلامیانە سەرچاوەی ئەگرت. ئەگەر ژنراڵ ئەم سەرچاوەی وشک بکردایەت، هەنگاوێک لە ئامانجی سەرەکی خۆی کە سەرۆکایەتی گشتی ساواک بوو نزیکتر ئەبوویەوە.

ئەمجار هەموو هەست و هۆش بۆ لای ئورووپا و ئەمریکا ڕاکێشرا. خودی خاوەنشکۆ جارێک فەرموویان کومۆنیزم خەریکە لە لەندەنەوە خۆی ئەکا بە ژوورا. پێویست بوو کۆمەڵێک لە شارەزایانی جیهاندیدە و جێگەی متمانە بنێردرێن بۆ ئەم ولاتانە. هەڵبژاردنی ئەم فەرمانبەرانە کارێکی ئاسان نەبوو. خەڵکانی وەکوو خاتی و شەنگەژن و کەڵەگاکان بۆ ئەشکەنجەکردن بەکار ئەهاتن. بۆ دەرەوە و بۆ هەڵسووکەوت لەگەڵ باڵوێز و دیپلۆماتی بێگانە کەسانێک پێویست بوون سەر و سیمایەکیان هەبێت. خوێندەوار و دابزان و شیانست بن و بتوانن لە کۆبوونەوە و دانیشتنە فەرمیەکاندا تێکەڵ ببن و لەناو خەڵکدا هەڵسە و دانیشە بکەن و نەبنە مایەی سەرشۆڕی. پاشان درەکەوت ئەمجۆرە کەسانە بە تەواوی ئەو کارانەیان پێ جێبەجێ ناکرێ کە پێیان ئەسپێردرێ. لات و لووت و شەقاوەش ئەتوانن بە هەمان سەر و پۆتەلاکی لاتانەیانەوە لەو بۆنە و بابەتا نەدا بەشداری بکەن و ئەشبێ بیکەن. هەڵبەت لەناو خوێندکارەکانیشدا زۆڵەکی وای تیابوو کە ئەیتوانی هەر دوو دەمامک بدا لە ڕوخساری. هەم ئەیانتوانی خۆیان بڕازێننەوە و خۆیان لە ژنانی ناسک و نازدار هەڵسوون و سەما بکەن، هەم لە کاتی پێویستدا بە گۆپاڵەوە بکەونە گیانی خوێندکارە یاخیەکان و قفلی ژوورەکان بشکێنن و خەڵکی خاو بەربدەنە گیانی یەکتر و درۆ و دەنگۆ بلاوبکەنەوە، فێڵەباز بن و لە هەموو شوێنێک جێگەی خۆیان بکەنەوە.

دەستەیەکیش ئەبێ هەڵبژێردرێن کە بابەتی مامەڵە و ڕێکەوتن و سازان بن و تەڕدەستانە بەبێ هەراوهوریا و بەبێ ئەوەی ناویان بکەوێتە سەر زمانان، بە ئارامی و لە ژێرەوە، بەبێ ئەوەی فەرمانبەرانی خۆشی ئاگایان لێبێ، ڕاسپاردەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن.

لەم ڕووەوە بلیتی لۆتۆ بە ناوی منەوە دەرچوو.

شەوێکیان کە لەگەڵ دکتۆر بیژەن، واتە حاجی عەلی ساوجی

لە میوانخانەیەکی ئارام لە تەجریش شێومان ئەکرد. دیم جەنابی دکتۆر زیاد لە ئەندازە پێک هەڵئەدا و ئەیکاتە گەرووییەوە و دەست بۆ بتڵی کونیاکەکە ئەبات. پرسیم:

ـ کاکە برا ئەوە چی ئەکەی؟

ئەمەوێ ئەمشەو بە خۆشی تۆ بخۆمەوە.

ـ چی بووە مەگەر، چی ڕووی داوە؟

ـ تۆیان بۆ پۆستێکی نوێ لەبەرچاو گرتووە.

وتم:

ـ چییە، ئەتانەوێ پاڵم پێوە بنێن؟

ـ نە بابە، پۆستێکی باشتریان بۆ پێشنیاز کردوویت. ناتەوێ گەشتێکی ئورووپا بکەی؟

ـ بۆچی نا، زۆریش حەز ئەکەم، بەڵام...

ـ بەڵامی ناوێ ئیتر.

ـ ڕاستت ئەوێ ژنەکەم تازە کۆچی دوایی کردووە. زۆر زیزم. مناڵەکانم لای دایکمن. ئەم پیرێژنە ئیتر ناتوانێ، توانای نەماوە. کاری پێناکرێ. منالەکانم خەریکن گەورە ئەبن و بە قسەی نەنکیان ناکەن و، ڕوقیەش...

حاجی عەلی ساوجی پەڕییە ناو قسەکەم:

ـ ڕوقیە لەناو هیچ گرووپێکدا نییە، دڵت ئاسوودە بێ.

ـ چۆن؟ هەواڵێکی تازەت پێگەیشتووە؟

ـ شتێکی تازەمان دەسنەکەوتووە. گرووپی تازەی موجاهیدین و گیانبازان ــنازانم چەن ناویان هەیەــ چەن ڕۆژ پێشتر تووش بوون. ئەویان نەدیوە و نەناسیووە. یەکیان پیاوی خۆمانە. وێنەی ڕوقیەم پیشان دان، نەیان ئەناسی. پیاوەکەی خۆمان کە هێشتاش زیندانیە نەیتوانیوە هیچ بەڵگەیەک دەست بخات.

شادمان بووم و وتم:

ـ ئەمە هەواڵێکی خۆشە، بەڵام منالەکانم چی لێبکەم؟

خەزوورت لە کاشانە. پێمان ڕاگەیاندووە تۆ چکارەی و چووینەتە بن کلێشەی کە نەوەکانی بنێرێ بۆ ئەمریکا. هەم تۆ و هەم ئەوان لە شەڕی یەکدی ڕزگارتان ئەبن.

ـ چ باش ئاگاتان لە هەموو لایەک هەیە و، چ باش هەموو شتێک پێکەوە ئەگونجێنن!

ـ لەبەر دڵی تۆ و بە سوودی ساواک.

پاش چەند ڕۆژ پێم ڕاگەیاند ئەبێ لە ماوەی چەند حەفتەدا خۆم بۆ گەشت ئامادە بکەم؟ بە پەلە و بێ هەواڵ چووم بۆ ژووری کاری دکتۆر بیژەن. سەری قەرەباڵخ بوو. خەریک بوو شتەکانی کۆ ئەکردەوە. کە منی بینی، شڵەژا. لەبەرم هەڵنەسا.

ـ داوای هیچ نەکەی. منیش هەر ئێستە فەرمانی خۆمم وەرگرت. چیت ئەوێ؟

ـ ئەمویست هەر ئەمە بزانم. ئەبێ لێک جیابینەوە، یان بە یەکەوە ئەبین؟

ـ ئەمەیان نازانم. زۆر کەس گەشتین. پێکەوە ئەبین یان نا، ئەوەی نازانم.

لەگەڵ کاغەز وپەڕاوەکانی خەریک بوو و بەبێ ئەوەی سەیری من بکات وتی:

ـ ئەوەندە ئەزانم هەموومان ئەچین بۆ ئورووپای ناوەندی. ژنراڵ سەرلەشکر بووە بە سەرۆکی دەزگای دووەم. نازانم بۆچی گەڕی لە من و تۆ ئالآندووە؟

نەی ئەهێشت من قسە بکەم. هەم شاد بووم و هەم دڵنیگەران. نازانم هۆی چی بوو. لێم پرسی:

ـ چەنێک کاتمان هەیە؟

ـ زۆر نییە. ئەبێ تەواوی ئەو زانیارییانەی لەم مانگەی دواییدا لە دەرەوە هاتووە و تەواوی ڕاپۆرتەکانی کونفدراسیۆن بخوێنینەوە. هۆشت کۆکەرەوە. ئەبێ ناوی هەموو خوێندکارەکان لەبەر بکەی.

نابێ لە هیچ کوێیەک یاداشتی بکەی. کاغەزێک کە ببێت بە هۆی گومانلێکردن نابێ لە گیرفانتدا بێت و هەروەها لە جانتاکەشتدا.

ئەتوت ئەم شتانە بە دەنگی بەرز بۆ خۆی دووپات ئەکاتەوە، یان لە ڕووی کاغەزێکەوە ئەیخوێنێتەوە کە فێری ببێ. پاشان ڕووی کردە من و درێژەی دا:

ــ ماندوو بووم. خەریکن بارێکی قورس ئەخەنە سەرشانمان. لە ماوەی ئەم چەن حەفتەدا ئەبێ خولی فێرکاری تەواو بکەین. لە دەی بەیانییەوە تا دووی دوانیوەڕۆ. تا نیوەشەو ئەبێ سەدان دۆسیە بخوێنینەوە. ئەبێ زمان فێر ببین. من ئیتر زمان فێربوونم لەدەست نایەت. هەرچی بێ تۆ بەکەلۆریت هەیە و ئینگلیزی و فەڕانسە ئەزانی. هەتا ئەتوانین ئەبێ پەیوەندییەکانمان بپچڕێنین. کاتمان بۆ ڕابواردنی شەوانە نییە. ڕەنگە یەکدیش نەبینینەوە. لەبیرت بێ ئێمە ئەچین بۆ ئەو وڵاتانەی پۆلیس و دەزگای ئاسایش ئیتر لە بەردەست ئێمەدا نین و فەرمانمان لێ نابەن. هەڵبەت هەندێ لە سەرانیان ڕوویان لەگەڵمان خۆش ئەبێت، بەڵام ئەبێ ئەوە بزانین ــ ئەم خاڵە کە لە بڵاونامەی فەرمانی گشتیدا نووسراوە و تۆش هەتە، زۆر جەختی لەسەر کراوە ــ کە لە وڵاتانی وەکوو فەڕانسە و ئاڵمان و نەمسا چەپەکان پەرەیان سەندووە. لە ناویاندا زۆر کومۆنیست هەیە. ئێستە بچۆ بە دوای کاری خۆتدا. تەکنیکی نهێنکاریمان لە خولی فێرکاریدا فێر ئەکەن. بەکورتە لە تەرەکەمەیی[٣٤] ئەبێ هەمەکارزان بین؛ هەم دز بین و هەم دزگر. لە بنی دڵمەوە نیگەرانم.

تەوقەی لەگەڵ کردم و زۆر بێ ڕوودەربایسی لە ژوورەکەی کردمیە دەرەوە. منیش هیچ ڕێگەیەکم نەبوو جگە لەوەی بچم و خۆم ئامادە بکەم. بەڵام باکم نەبوو. جگە لەوەش چەند حەفتەیەکم لە

---

٣٤ـ تەرەکەمەیی: alienation ناو ئاوارەیی، دوورەوەڵاتی، غەوارەیی. ع غربة N fremmedgjøring د دربدری، غربت. ن: بۆ هەڵوەدا و تەرەکەمان ~ بۆ ڕووتەڵ و دڵبەخەمان. «ڕاوچی»

ئوروپا ڕابواردبوو و ئەمزانی ئەتوانم بەرەی خۆم لە ئاو دەرکێشم. هەرچی چۆن بێ، ئەمەش جیهانێکی نوێ بوو و ئەبوایە لەگەڵی ئاشنا ببم.

کاتێکی زۆرم نەبوو بۆ ڕاگەیشتن بە کاروباری بنەماڵەکەم. ڕۆژانە وانە بوو و فێرکاری پراتیک. چۆن ئەبێ لەگەڵ چەپەکان ڕووبەڕوو ببینەوە. چۆن کلیل و شاکلیلی ساختە دروست بکەین و چۆناوچۆن بەڵگەنامەکان بدزین و وێنەیان لێبگرین. فێربوونی ئامێرە تازەکان واز و وردبینی ئەویست. دزەکردن بۆ ماڵی خەڵک چ ئێرانی و چ فەرەنگی سەد جۆر فێڵی ئەویست. زیرەکی و تەردەستی ئەویست. نابێ هیچ شوێنەوارێک بەجێ بمێنێ. لە کاتی تووشبووندا چۆناوچۆن لەگەڵ پۆلیسی بێگانە ڕووبەڕوو ببینەوە. ئەبێ داکۆکی بکەین یان بە نەرمی بجووڵێتەوە. ئەتوانین خۆمان بدەین لە کەریەتی، بە زمانی خۆش فریویان بدەین و ئەگەر پێویست بوو ئەتوانین لە بەرتیلدانیش کەڵک وەرگرین. هەر جۆرێک بووە ئەبێ شوێنەوار بەجێ نەهێڵین. بۆ دەربازبوون لە پۆلیس ئەتوانین لە ژنانی بە نازونووزیش کەڵک وەربگرین. بۆ سەرکردەکانی پۆلیس، خودی ساواک خاویار و مافوورە و قوتوە جگەرەی زێڕی پێ ئەگەیاندن.

بۆ هەرکام لەم شێوازانە هەندێ نموونەیان ئەهێنایەوە. لە یەکێک لە شارەکانی ئوروپای ناوەندی، یەکێک لە بەرپرسانی ساواک گرفتاری بۆ پێش هاتبوو. لێرەدا ئیتر دەستێوەردانی بەرپرسانی باڵا پێویست بوو تا ئەم گیروگرفتە چارەسەر بکرێ. کاردارێکی[٣٥] حکوومی کە ئەم سەرۆکی پۆلیسەی لە سەردەمی زانکۆوە ئەناسی، کرا بە بەرپرسی ڕاگەیشتن بەم گرفتە. هەردووکیان لە ڕشتەی پەنجەمۆردا هاوپۆل بوون. ئەم جانابی سەرۆک پۆلیسەی لە هوتێلێکی بەشکۆ میوان کرد بۆ شێو. لەکاتی گوتوبێژ و بە سەرکردنەوەی

---

٣٥ـ کاردار: attaches ف‍او فەڕانسە، فەرمانبەری باڵوێزخانە، ڕاوێژکار د ملحق في السفارة N attache د وابستە E attache.

بیرەوەرییەکانی ڕابوردوودا ئاماژەیەک بە کێشەکەش ئەکات. دۆستی سەردەمی زانکۆ چەندین جار لە قوتوە جگەرەی زێڕ سیگاری پێشکەش ئەکات. شتێکی سروشتیە کاتی ڕۆیشتن قوتوە زێڕینەکەی لێ بەجێ ئەمێنێت. پۆلیسی کۆنەکار لەو زمانە تێئەگات و کارەکە دروست ئەبێت. دیارە هەموو پۆلیسێکیش خۆفرۆش و بەرتیخۆر نییە. نابێ دەستە گوڵیش بدرێ بە ئاوا. هەرکارێکی نەیاری دژی قانوونەکانی وڵاتی بێگانە ئەبێ بە بێدەنگ و هەرا ئەنجام بدرێ. ئەگەر پێویست بێ ئەبێ لە زیندانیش بە بێدەنگ بمێننەوە. پاشتر ساواک بە کاری گیراوەکە ڕائەگات. هەر کاممان دوو پاسپۆرتمان هەبوو. پاسپۆرتێکی ئاسایی و پاسپۆرتێکی دیپلۆماتیک. هەتا بۆمان بلوێ ئەبێ پاسپۆرتی دیپلۆماتیک بەکار نەهێنین. نابێ بهێڵین کار بگاتە وەزیرخانەی دەرەوەی وڵاتی بێگانە و وەزیرخانەی دەرەوەی ئێران. ئەبێ بەچاوی بێگانە و نەیار و تەنانەت سیخوڕ سەیری هەموو فەرمانبەرانی باڵوێزخانە بکرێ، هەر لە باڵوێزی یەکەمەوە بگرە تا سکرتێر و دەستوپێوەند. نابێ ڕوویان پێ بدرێ. فەرمانبەرانی بانکەکان و فرۆکەوانی و ناوەندی فەرهەنگی و دامودەزگا ئێرانیەکانی دەرەوەی وڵاتیش وەکوو کارمەندانی باڵوێزخانە هەژماریان بۆ بکرێ. ئەگەر لەکاتی کارکردندا، ساواکییەک بەوەی زانی کە یەکێک لە فەرمانبەرانی دەزگایەک کار بۆ ساواک ئەکات، نابێ بیخاتە خۆی. هەروەها نابێ گیروگرفتی بۆ دروست بکات و بەبێ ئەوەی خۆی بناسێنێ، لە ژێرەوە کارئاسانی بۆ بکات و یارمەتی بدات.

بۆمان نەبوو ئەم زانیاریانە یاداشت بکەین. کۆتایی حەفتە ئەوەی فێریان کردبووین، لێمانیان ئەپرسیەوە. دکتۆر بیژەن و چەند کەسێکی تر بەزۆر ڕایان ئەکێشا. خودی ژنراڵ سەرلەشکر هەندێجار ئەهاتە سەرپۆل و لە تاقیکردنەوەشدا بەشداری ئەکرد. هەندێجار چەند سەد لاپەڕەی ئەو دۆسیانەی دابوویان پێمان، بابەتی تاقیکردنەوە بوو. یەکێک لە بابەتەکانی فێرکاری تەقەکردن بوو بە

دەمانچە و تفەنگ و ئاگرپژێن و ئەمە یەکێک لە خراپترین وانەکانی من بوو. نەمتوانی تاقە گوللەیەکیش لە نیشانە بدەم. با بڵێم هەر ڕقم لەو وانەیە بوو و هەتا ئێستەش. بێدەسەڵاتیشم لەو هونەرەدا کۆتاییەکەی کاری دا بە دەستمەوە و تووشی نەگبەتی و نەهامەتی کردم. ئەم دەمانچە بێ پیرە منی خستە ئەم ڕۆژە ڕەشەوە. با بمێنێ تا دێمەوە سەری.

دەرفەتی سەرخوراندنم نەبوو. تا نیوەشەو هەوڵم ئەدا و هیلاک و ماندوو سەرم ئەنایەوە. بەیانی زوو هەڵئەسام و هەڵات هەڵات دەستم پێ ئەکردەوە تا چەقی نیوەشەو.

وازی ئەوەم نەبوو کەس ببینم. نەم ئەزانی چی لە دایکم بکەم. دڵم بۆ هاشم ئەسووتا. خۆشم ئەویست.

هەرکات ئەچووم بۆ لای دایکم، خۆی ئەهاویشتە باوەشم و ئەگریا. دایکم لەگەڵ خۆی نەی ئەبرد بۆ بازاڕ و کۆڕی ڕەوزەخوێنی. فرمێسک بە چاویا دائەباری کە کەس نایبا بۆ سینەما، کە هیچ سەرگەرمییەکی نییە. هاوپۆلەکانی یاری لەگەڵ ناکەن. پێی ئەڵێن شلەخەجێ. ئەوان ئەچن بۆ شەمێران و ئەگەڕێن و سەرداری[٣٦] و گوێزی تەڕ ئەخۆن. ئێمە هەمیشە لەم ماڵەدا حەپس کراوین. کاتێکیش کە زۆر جاڕس ئەبوو، بیانووی ڕوقیەی ئەگرت.

ـ بابە، تۆ بۆچی پوورە ڕوقیە لەگەڵ خۆت ناهێنی؟

ئەوسا دەنگی دایکم بەرز ئەبوویەوە:

ـ بەسیەتی ئیتر چەنێ نووزەنووز ئەکەی؟ سەرت خواردم.

من تێ ئەگەیشتم. دایکم نەی ئەویست کە هاشم ناوی ڕوقیە بهێنێ.

مناڵ دەسەهەڵگر نەبوو:

---

٣٦ـ سەرداری: grilled corn ناو [سەر+ دار+ ی] گەنمەشامی تەڕ بە ئێسکەلاسکەوە، کە ئەکرێ بە سەر دارەوە و لەسەر پۆلوو ئەبرژێ. ع الذرة المشوية N grillet د mais ذرت کبابی.

ـ مەگەر پووره ڕوقیه لەلای تۆ نییه؟

سەیر نەبوو ئەگەر هاشم پووری زیاتر خۆش ئەویست تا نەنکی. من وتم:

ـ هاشم، ئێستە کە پووره ڕوقیه نییه. لەبری ئەو خۆ دایەگیان هەیه.

ـ دایەگیان لەناو جێ لێی کەوتووه و، ئەڵێ مەیەنە لای من نەخۆش ئەکەون. دایەگیان زەرد بووه وەکوو زەردێنە هێلکە. من پووره ڕوقیەم ئەوێ.

ئەوسا دەنگی کچەکەشم بەرز ئەبوویەوە. وەڕەز ئەبووم. دڵم ئەخێورایەوە. دڵداریم ئەدانەوە:

ـ خەم مەخۆن. کە وابوو بۆ ماوەیەک ئەتان نێرم بۆ لای بابەگەوره و دایەگەوره لە کاشان. باشه؟

به دایکم وت:

ـ ئەمەوێ چەن حەفتەیەک بۆ سووککردنی تاوانەکانم بچم بۆ کەربەلا و پەنا ببەم بۆ خزنی ئیمام حسێن، بەڵکوو شەفات پێ ببەخشێ.

ـ هیچ شتی وا نییه. تۆیش وەکوو ئەویتر ئەتەوێ خۆت ون بکەیت. من هەر لە سەرەتاوه بێکەس بووم... پەلی منداڵەکانت بگره و بڕۆ.

پەڵپ و بیانووی منداڵ کەم نەبوو، پرتە و لاڵانەوەی دایکیشمی لێ زیاد بوو. سەرم لە گێژەوه ئەهات. یەکسەر چووم بۆ پۆستخانەی گەڕەک. لەگەڵ خەزوورم بە تەلەفوون قسەم کرد. وتم:

ـ من بۆ چەند حەفتەیەک ئەچم بۆ گەشت. ئەمەوێ چەن ڕۆژێک بچم بۆ زیارەتی خزنی ئیمام حسێن و...

بێدەنگ بوو. پێموابێ تێگەیشت. زانی دنیا بەدەستی کێوەیه. کەوتمە کڕووزانەوه کە بێچاره بووم، بەدبەخت بوو، ڕەنگە ئیمام حسێن خۆی ڕزگارم کات... ئەیبیست و هیچی نەئەوت و باوەڕی

نەئەکرد. بەکورتی پێم وت وەرە نەوەکانت لەگەڵ خۆت بەرە. دایکم ئیتر ناتوانێ منالداری بکات و... یەک وشە وەڵامی نەدایەوە ئەوەندە نەبێ وتی:

«زۆر چاکە دێم ئەیانبەم.»

هاشم هێشتا دە ساڵ نەبوو. نەی ئەویست بچێ بۆ کاشان. حەزی ئەکرد لەلای من بێ. بیستی کە من ئەمەوێ گەشت بکەم، زۆری داوا کرد ئەویش لەگەڵ خۆم ببەم. مەگەر ئەکرا چارەنووسی ئەو بە چارەنووسی خۆمەوە گرێ بدەم؟ هاشم گلێنەی چاوم بوو. ئەی چار؟ ئەبوا دەری بهێنم و تووڕی بدەم؟ بەکورتە، بەمجۆرە ڕشتەی بنەماڵەم پچڕاند و چارەنووسی خۆم گرێ دا بە چارەنووسی ساواکەوە و بەم ڕۆژە گەیشتم کە ئێستا ئەیبینن. بە دوو گۆچان ئەڕۆم بەرێدا. نە ژنم هەیە و نە منال. نە خانە و نە لانە، ئاوارەم و چاو لەڕێم بەڵکوو سەد دینار سێ پەنابات بگاتە دەستم بە هۆی ئەم کاغەز ڕەشکردنەوە. لەبری ژنراڵ سەرلەشکر و هاودەستەکانی وەکوو ئەهاری و دەماوەندی شاپەرست و نیشتمانپەروەرن و هێشتاش پێیان وایە جارێکی تر جیهان بەدڵی ئەوان وەرئەگەڕێ. ژنراڵ کە لە سەردەمی کارکردنیدا زۆر بە خۆی ڕائەگەیشت، ئێستا لە سایەی ملیۆنەها دولار پارەی ساواک لە ئورووپا و لە ڕێگەی کۆکردنەوە و بەند و بەست لەگەڵ سەرانی سیخوڕی جیهان و ئاڵووێر بە یارمەتی پاسپۆرتی دیپلۆماتیک و پارێزراوی لە دانی پارەی باج و گومرک، ئەمڕۆکە کۆشکێکی لە مەیامی هەیە و ڤیلای هاوینەی لە کالیفۆرنیا و خوا ئەیزانێ لەکام سووچێکی تری ئەم دنیایەدا هەیە، کە لە دەستدرێژی کۆماری ئیسلامی پارێزراوە.

ئەبێ بڵێم من هێشتاش شاپەرەستم و بڕوام وایە خاوەنشکۆ ئێرانی خستە سەر شاڕێی پێشکەوت و ئاسایش... هەر ئەو قسانەی کە دەماوەندی و هاوکورتانەکانی ئەیڵێن و دووپاتکردنەوەی ئەبێت بە هۆی هێڵنجێدان؛ بەڵام من لە ناخەوە باوەڕم پێی بوو.

خوێندنەوەی دۆسیەی چەند هەزار لاپەڕەیی کونفدراسیۆن و لقەکانی لە ئۆرووپا و ئەمریکا و بلۆکی ڕۆژهەڵات و دۆزینەوەی کۆدی ئەو بەرپرسانەی ڕاپۆرتیان ناردبوو، گێرە و کێشەی گرووپەکان لەسەر ئەوەی کام کۆمەڵە بۆی هەیە ببێ بە ئەندامی یەکێتی نێونەتەوایەتی ولاتانی تر، دەمەتەقێ لەسەر بۆچوونی ڕامیاریان لە کومۆنیستەوە بگرە تا لیبراڵ و دیموکرات و ئیسلامی و فرفرِی مەزەب، تۆمەتی ڕێکەوتن لەگەڵ دەوڵەتیەکان، سیخوڕی کردن بە سوودی ئەم یان ئەو و بە قازانجی ئەم دەستە یان ئەو گرووپ چیرۆکێکە ئەبێ بە حەفتا مەن کاغەز.

ڕۆژی بیست و یەکی مانگی ئاپریلی ١٩٧١ بە فڕۆکە چووم بۆ ژنێڤ، بە پاسپۆرتێکی ڕامیاری و پاسپۆرتێکی ئاساییەوە. بڕیار وابوو لە ژنێڤ کەسێک بە ناوی جیهانشموول بێ بە پێشوازمەوە. ئەم جەنابە زۆر کەمدوو بوو. لە هوتێلی میترۆپۆل ژووری بۆ گرتبووم. بەجێی هێشتم و ڕۆیشت. پاشتر زانیم ئەو هیچکارە بووە و وەکوو منی سیانزەساڵ لەمەوبەر، دەست و پێوەندە و ئەرکی تاقانەی ئەوە بووە تازەگەیشتوان ببات بۆ هوتێل و جێگە و ڕێگەیان بۆ دابین بکات.

هەر ئەو شەوە دەرگاوان لە درزی دەرگاوە یاداشتێکی پێدام کە تیایدا فەرمان درابوو خۆم بۆ گەشتی لەندەن ئامادە بکەم. بلیتی فڕۆکەی ژنێڤ بۆ لەندەنیشی لەگەڵ بوو.

لە فڕۆکەخانەی هیسرۆ لەگەڵ حاجی عەلی ساوجی کە ئێستە ئیتر بەڕاستی خۆی بە ڕوخساری دکتۆر بیژەن دەرهێنابوو، ڕووبەڕوو بووم. بەرگێکی قورم ڕەنگی لەبەردا بوو، بە چاویلکەی ڕەش و بە پیشاندانی پاسپۆرتی دیپلۆماتیک بەبێ دابی گومرک لە فڕۆکەخانە هێنامیە دەرەوە. سوار ئۆتۆمۆبیل بوو و من لە تەنیشتیەوە دانیشتم. ئەوەندەی ئۆتۆمۆبیل کەوتە ڕێ، پێکەنی و وتی:

ـ بەندە دکتۆر بیژەن، سکرتێری سێهەمی باڵوێزخانەی

شاهەنشایی ئێران لە ئینگلستانم.

منیشی بەو ناوەوە بانگ کرد کە لە پاسپۆرتە ڕامیاریەکەمدا نووسرابوو. لای خۆم وتم سەیری چاوەشباشی بکە. لە هەمان کاتدا شادمان بووم لەوەی لەگەڵ هاوکاری سیانزە ساڵەی خۆم یەکم گرتۆتەوە. بەدەستی ڕاست، قۆڵی چەپیم گووشی. ڕاچڵەکا.

ـ چی ئەکەی؟ ئێرە لەندەنە. مەگەر نازانی لێرە لە چەپەوە لێ ئەخوڕن. من شارەزای ناوشار نیم. ئەبێ زۆر وریا بم لەم ڕۆژانەی سەرەتا خۆم نەکێشم دار و بەردێکدا. مەگەر نابینی فەرمانەکە لەلای ڕاستەوەیە! بەپێچەوانەی هەموو دنیا و ئێمە لەگەڵی ڕانەهاتووین، ئەبێ زۆر وریا بین کە تووشی ڕووداوێک نەبین.

منی گەیاندە هوتێلەکەم و ڕێکەوتین پاش نیوکاتژمێر لە ڕەستۆران یەکتر ببینین. لەوێوە بەدەم گاڵتە و جەفەنگ کردنەوە بردمی بۆ ژووری کارەکەی. پێکەوە بەرنامەمان دانا تەنها لە باڵوێزخانە یەکتر ببینین و کارەکانمان لەو ژوورەی ئەو جێبەجێ بکەین.

ئەوەندەی لە دۆسیەکاندا خوێندبوومەوە، لێرە ئەبوایە بە کردەوە جێبەجێیان بکەم. یەکەم ڕاسپاردەی من ئەوە بوو لەبەرامبەر کونفدراسیۆندا، جگە لە گرووپە خوێندکارییە دەستکردەکان، چەند یەکێتی تریش دروست بکەم لە خوێندکارانی نیشتمانپەروەر و شاپەرست. ئەبوا ئەو بەشەی گەنجەکان کە ئەندامی کونفدراسیۆن نەبوون ڕابکێشرێن. ئەبوا یارمەتی بدرێن. هەم بە پارە و هەم بە بەرزکردنەوەی ورەیان. خانوویان بۆ بگیرێت، گیروفتیان لەگەڵ دامودەزگای دەوڵەتی و لەگەڵ وەزیرخانەی ناوخۆ واتە (هۆم ئافیس) بۆ مانەوە و لەگەڵ زانکۆ چارەسەر بکرێ. ئەم یەکێتیانە پێویست ناکات ئەندامیان زۆر بێ. هەر ئەوەندەی حەوت هەشت کەسێک کۆببنەوە و بڵاوکراوەیەک دەربکەن. هەڵبەت ئەبوا یەک دوانێکیان گوێڕاڵی ساواک بن. پرسیم:

ـ ئەم جۆرە گەنجانە لە کوێ بدۆزینەوە؟

ـ کارت بەمکارانە نەبێ. ئەوان خۆیان دێن بۆ لای من و تۆ و هەوڵ ئەدەن قاپمان بدزن. ماستاویشت بۆ ئەکەن. ئێمە لێرە نوێنەری کاروباری فەرهەنگین لە باڵوێزخانە و ئەبێ بە کارەکانیان ڕابگەین. دێن بۆ لای تۆ بەڵێ وەربگرن کە دراوەکەیان بە بەردەوامی بگات. نوێکردنەوەی ماوەی مانەوە و تەنانەت ڕاگرتنی پاسپۆرتەکانیان بەدەست تۆیە. لە ڕاگرتنی پاسپۆرتەکاندا وریا بە، هەراوزەنای لێ بەرز نەبێتەوە، چونکە ئەنجامێکی باشیشی نییە. هەندێک لەوانە بە ناوی لێکۆڵینەوە و خوێندن لە ئینگلیس ئەژین. ئەبێ بەڵگەنامەکانیان بە تۆ پیشان بدەن و بەبێ ڕەزامەندی تۆ کارەکانیان ڕاناپەڕێ. لیستی شاپەرەستەکان لە باڵوێزخانە هەیە. هەمووی ئەخەنە بەردەستی ئێمە و تۆ ئەبێ گوڵبژێریان بکەی. زیرەک و زۆڵەکەکانیان هەڵبژێرە. لەگەڵ باشەکانیان نەرم بە و کارەکانیان ڕێ بخە.

خۆی لەم چەمکانە تێ نەئەگەیشت. مسۆگەر هەمووی لەبەر کردبوو هەتا لەلای من خۆی پێوە بادا.

بەکورتە، من بووم بە جێگری بەشی فەرهەنگی باڵوێزخانەی شاهەنشایی لە بریتانیای مەزن و ژوورێکیان پێدابووم دەرگایەکی بۆ ژوورەکەی دکتۆر بیژەن ــحاجی ساوجیــ هەبوو.

ژوورەکەی من جگە لە مێزێک و قەفەسە و چەند کورسی و دوو موبل و تەلەفزیۆنێک هیچی تری لێ نەبوو. بەڵام ئاپارتمان و ژوورەکەی دکتۆر بیژەن، کە پاشان من گوێزامەوە بۆ ئەوێ داستانێک بوو بۆ خۆی.

ئاپارتمانێکی چەند ژوورە و هۆڵێکی گەورە. لە ژووری کارەکەی تەلەفزیۆن و تایپ ڕایتەر و فاکس و تەلەفزیۆنی سەر مێز و ڕادیۆ و چەند قەفەسە پەرتووک و چەند کامێرای فۆتۆ و مەگنێتۆفۆن و جامخانەیەکی تایبەت بۆ ڕاگرتنی کاسێت و کامێرای ڤیدیۆ و

فۆتۆکۆپی و لارجەری فۆنتی ورد و بەڵگەنامەکان ئەبینرا.

لە سەرووی کورسی پشت مێزەکەوە، وێنەیەکی شاهەنشا بە دیوارەکەدا هەڵواسرابوو. لە بەردەمی موبلەکەدا مێزێکی کورت هەبوو کە ڕۆژنامە و گۆڤار و ئەلبۆمی وێنە و وێنەی گەورە و بچووکی کەسان و منداڵەکان و خوشک و برای شاهەنشای لەسەر دانرابوو. جەنابی دکتۆر کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێ لە خوێندکاران لەسەر موبل دائەنیشت و بەگوێرەی گرنگی میوانەکە لەلای خۆیەوە یان لەسەر کورسی دای ئەنا. پیرەژنێکی ئاڵمانی ڕۆژانە لەم ئاپارتمانە خزمەتی ئەکرد. حاجی ساوجی نەی ئەویست ژن و منداڵەکەی بهێنێ بۆ ئەم وڵاتە، ئەیوت:

«ژنەکانی ئێمە ناتوانن لەم ئەشکەوتە داخراوانەدا بژین.»

پیرەژنی ئاڵمانی چای و شیرینی و ئاجیل و گەز و شوکولاتی بۆ میوانەکان ئەهێنا و کاتژمێری پێنجی ئێوارە ئەرۆیشتەوە بۆ ماڵەوە. لەمە بەدواوە دکتۆر بیژەن میوانە تایبەتیەکانی ئەبینی و هەندێجار خوێندکارێکی ئاتاج بەردەستی ئەکرد. لەمکاتانەدا کەسانێک ئەهاتن بۆ لای کە کاری فەرمیان نەبوو و یان ئەیانویست ڕاسپاردەیەکی زۆر نهێنیان پێ بسپێرن.

هۆڵی میوانداری زۆر ڕازاوە بوو. دوو دەستە موبل لە دوو سووچ و قەفەسە و باڕی ئارەقخواردنەوە، ئاوێز و چلچرای جۆراوجۆر و جۆرەها کەلوپەلی ڕازاندنەوە و وێنەی قاپکراوی شاهەنشا و شابانوو و شازادەی جێگر و کەسانی تری بنەماڵەی پاشایەتی.

هەر لەم ئاپارتمانەدا دوو ژووری خەوتن و گەرماو و ئاودەس و چێشتخانە و، ژوورێکی پشوودان هەبوو تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ و هونەری دەستی ئێرانی کە هەندێکی بەدیواردا هەڵواسرابوون. کاتێکە ساوجی ئەم ژوورەی پیشان دام وتی:

ـ زۆر حەز ئەکەم بۆ چەن حەفتەش بووە ژنەکەم بهێنم بۆ لەندەن.

بەڵام ئەم بانگێشتنە هەرگیز نەکرا.

ئەم دامودەزگایەم بۆیە وا بە وردی باسکرد، چونکە ئەوەندەی پێنەچوو تەواوی ئەو هەموو شان و شکۆیە بە من گەیشت و بەبێ ئەوەی خۆم ویستبێتم بووم بەخاوەنی ڕێز و ئابڕوو.

ڕۆژی دواتر کاتژمێری هەشت و نیو خۆم گەیاندە لای دکتۆر بیژەن لە باڵوێزخانە و ئەو منی بە جەنابی باڵوێز و ڕاوێژکاران و فەرمانبەران و چەند تایپیستی ئێرانی و ئینگلیزی و هەروەها بە مونیکا، کە لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵاتەوە هەڵاتبوو، ناساند.

لە سەیرکردنی هەندێکیانەوە تێگەیشتم ئاگایان لە خۆیانە و ئەزانن من لە خودییەکان یان لە سمدارەکانم. لە تەوقەکردنیانەوە دیار بوو ئەزانن من کێم. هەر لەم حەفتەیەدا چاوم بە سەرۆکی بانک و هەندێ لە فەرمانبەرانی ئابووری و نوێنەری ئێران-ئێڕ و هەندێ لەو بازرگانانە کەوت کە بۆ کارێک هاتبوون.

ئەوەندەی لەگەڵ دکتۆر بیژەن چوومە ژوورەکەی خۆم تێکڕای قەفەسەی ئارشیفەکەی پێدام و وتی:

-ئەم حەفتەیە کارم بە تۆ نییە. ئەم دۆسیانە بخوێنەوە و کارێنەرەکانی خۆت بناسە.

ئیتر بە دەنووک قسەی لەگەڵ ئەکردم، وا لە خۆی گۆڕابوو خۆشی هەستی پێ نەئەکرد.

-تەواوی پێشینەکان لەم دۆسیانەدا تۆمارکراوە و تۆ ناتوانی بەبێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو کەسانەی دێن بۆ لات بڕیار بدەی. تا یەک حەفتە هیچکەس کاری پێت نییە. خەریک بە، خواتان لەگەڵ.

لەلای خۆم وتم: ئەرێ خێری باوکت!

وتی و ڕۆیشت و من بینیم دۆسیەکان ساڵ بە ساڵ لە ئەرشیف دانراوە. خۆم و بەختم دۆسیەیەکم دەرکێشا و دەستم کرد بە هەڵدانەوەی. زۆر ناو لەناو دۆسیەکاند هەبوو کە ئەمڕۆ لە ڕیزی دەسەڵاتداران دان. یەکیان جێگری بانکی پیشەسازی، ئەوی تریان

سەرۆکی کومپانیای فەرش، سێهەمی بەرپرسی بەڕێوەبەرێتی گشتی گومرک و چوارەمی سەرۆکی کومپانیای بیمە و تاد و تاد. ئەم دۆسیەم داخست و لاپەڕەکانی ساڵی ١٩٦٦م ڕاکێشا. لەپڕ ناوێکم بینی ئاشنا بوو. هەرچەندە بیرم کردەوە نەهاتەوە بیرم لە کوێ ئەم دۆسیەم بینیوە یان لە کوێ ناویم بیستووە. هەرگیز بە بیرمدا نەئەهات ئەمە هەمان ئەو کەسە بێت لە ڕۆژنامەکانی وڵاتدا بە ڕێز و ستایش و مەزنییەوە ناوی ئەبرێ!

ئێوارەی ڕۆژی هەینی هەمان حەفتە، کاتێک نوێنەری فەرهەنگی ئێران لە بریتانیا منی بە هاوکارە تازەکانی خۆی ئەناساند، تەواوی ئەندامانی نوێنەرایەتی ئێران لە لەندەن بە فەرمانی ژنراڵ سەرلەشکر کە لە پاریسەوە هاتبوو بۆ ئەم شارە، لە هۆڵی باڵوێزخانە بۆ چای و شیرینی و ڕینگاڵ و کونیاک بانگ کرابوون. هەموو لەوێ بوون، سەردەست و بەردەست، سکرتێر و تەلەفۆنچی، کارەکەر و بابای قاپشۆر. ئەمە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی گشتی بوو و هەموو کەس ئەیتوانی بەبێ گوێدانە پلە و پایەی لەگەڵ دۆست و ئاشنا دابنیشێ و بوەستێ و بڵێ و پێبکەنێ و بخوا و بخواتەوە، گاڵتە و شۆخی بکات، نوکتە بڵێت و خەڵکی بخاتە پێکەنین. هرهڕ و کرکڕیان هۆڵەکەی داگرتبوو. لەوێ بینیم چەند کەس لە فەرمانبەرانی گەنج دەوروبەری ژنێکی زۆر جوانیان گرتبوو و قاقای پێکەنینیان هۆڵەکەی پڕ ئەکردەوە. دکتۆر بیژەن بە دەورییەک شیرینی پڕ لە خامەوە هات بۆ لای من و منی برد بۆ لای ئەوان و وتی:

ـ ئەم خانمە لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات هەڵاتووە و چون زۆر زیرەک و شۆخ و شەنگە و چەند زمان ئەزانێ، نزیکەی دوو سێ ساڵە لێرە کاری وەرگرتووە. کارت بەکاری نەبێ.

هەموو لەگەڵ کچە، بە ئینگلیزی ئەیانوت و لەگەڵ خۆیان بە فارسی. بۆ وێنە یەکیان بە یەکی تری وت:

ـ ئاگات لێبێ خۆت تووش نەکەی. ژنە ئەیەوێ شوو بکات بە

ئازمایش. پشتی گەرمە و ئەتوانێ هیی وەکوو من و تۆ فل بکات.

بەداخەوە لە گاڵتەکانیان بە زمانی ئینگلیزی تێ نەئەگەیشتم. حاجی ساوجی کە هەر فڕی بە سەر هیچەوە نەبوو. دیار بوو مونیکا لەو دەم هەراشانەیە و هەتا حەزکەی دەمدرێژ و وەڵام بەدەست بوو و کەس بە ئاسانی نەی ئەتوانی ئەم نازدارە لەڕوو بەرێت. وەڵامەکانی ئەوەندە توند و یێژ و بەکاکڵ بوون، دەوروبەرەکەی ئەخستە پێکەنین و بە سەرسووڕمان و ستایشەوە تێیان ئەڕوانی. قاقا و نوکتە کاتێک وردە وردە دامرکایەوە کە ژنراڵ سەرلەشکر چووە ناویان و هەموو یەکە یەکە لە مونیکای تەکانە و بە دوو کەسی جێیان هێشتن. کچەی نازدار چەند ساتێک بە فەڕانسەیی لەگەڵی دوا و پاشان چوو بۆ لای سەماوەرە مسەکە، چای بۆ خۆی تێ بکات.

لەم ماوەیەدا ناوی ئازمایش وەکوو مستەکۆڵەیەک وابوو بیدەن لە لاکەلەکەم. پاش میوانی چووم بۆ ژوورەکەم و دۆسیەی ئازمایشم دەرهێنا، کە یەکەم جار نەم ئەزانی لە کوێ جێگەی بکەمەوە.

ئەی دڵی خافڵ!

ئەمە بۆیە نابێ کارم بە سەر کاری مونیکاوە هەبێت. ئەم جەنابی ئازمایشە ماوەیەک لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات بووە و بەشەو لەوێ هەڵاتووە و هەمان ئەو کەسەیە کە ساڵەها هاودەم و ڕاوێژکاری خاوەنشکۆ هومایوونی بووە و هێشتاش هەیە. شەو دۆسیەکەم بردەوە بۆ ژوورەکەم لە هوتێل و بەوردی خوێندمەوە. بینیم چ دەریایەکی سەیرە و چیها گەوهەر لەگەڵ خەوش و خۆڵ لە بنیا شاردراونەتەوە و مەلە ئەکەن.

بە سەیرکردنی لاپەڕەکانی سەرەتای دۆسیەکە بۆم دەرکەوت ئەمە هەمان ئەو گەنجە بوو، کە لەگەڵ خوێندکارەکان لە لایەن ساواکەوە بانگهێشتن کرابوو تا پێشکەوتنە پڕشنگدارەکان بەچاوی خۆی ببینێ و زۆربەی خوێندکارەکان ڕاکێشێت. وێنەکەیم کە بینی بۆم مسۆگەر بوو هەر ئەوەیە مەملووک لە ژنێڤ بەباڵایا

هەڵدابوو و ئەو هەتیوە ڕوودارەکە بوو لە شەڕی دەماوەندی و خانعەلی لەسەر کامێرا و مەگنێتۆفۆنەکە ئاگاداری کردم. بەڵام هەرگیز پێم وانەبوو ئەم کوڕێژگەیە ناو و ناوبانگی دەرکردبێت و سەدی وەکوو من بخاتە گیرفانی. ئەم یەک بستەباڵایە لە ڕیزی ئەو خوێندکارە توندڕەوانەدا بوو کە لە ساڵەکانی ١٩٥١ هەتا ١٩٥٤ لە کۆڵن شلۆقیان ئەکرد و سەبارەت بەوەی کە پۆلیسی ئەو شارە بە فەرمانی باڵوێزی یەکەم، یەکێک لە خزمەکانی شا، بە دوایدا ئەگەڕا تا لە ئاڵمان دەری بکات، بە شەو هەڵات بۆ ئاڵمانی ڕۆژهەڵات و، کومۆنیستەکان دەستیان دایە ژێر باڵی و ناردیان بۆ لایپزیشک کە لەوێ بخوێنێ. یەک دوو ساڵ زیاتر لەوێ نەمایەوە و پاش شەڕێک لەگەڵ دوو کەس لە دۆستانی، ڕەنگیشە لەسەر خانمی مونیکا لەم وڵاتە دەرچوو و گەڕایەوە بۆ ئاڵمانی ڕۆژئاوا. بنەماڵەکەی لە ئایینیە زۆر بە دەسەڵاتەکان بوون و باڵوێزخانەکان پشتگیری ئەم دەسکەلا بێچاوڕوووەیان کرد و تەنانەت وەکوو شۆڕشگێڕێکی چەپ کەڵکیان لێوەرگرت و ناردیانەوە بۆ تاران. ڕوکنی دوو کەڵکی لە ناوبانگی شەڕانی بوون و لاتبازییەکەی وەرگرت و پێیان ڕاسپارد دروشمی توند و هەڵفریوێنەر بدات و ئەوانی تر بخاتە داوەوە. چەند کەسێکی تووشکرد و پاش ماوەیەک بەر بوون.

ئەوەندەی بناغەکانی ساواک خەریک بوو سەقامگیر ئەبوو، دیسانەوە سەر و سەکووتی لە ئاڵمان پەیدا بووەوە و لە هەموو شوێن مونیکای لەگەڵ بوو؛ چ لە ئاڵمان و چ لە تاران. کچەی بە دەزگیرانی خۆی ئەناساند. بەڵام ئەم دەزگیرانیە زۆریش توندوتۆڵ نەبوو. چونکە بووکەخانم چاک لە فێڵ و ڕازی دڵبەری ئەزانی و بە ئاسانی ئەیتوانی ئەویندارەکانی خۆی بخاتە داوەوە. گەنج بوو، خۆش قسە بوو و ناسک و نازاوی. هەر تاڵەقژێکی زەردی چەندین ئەوینداری پیاهەڵواسرابوو. جەنابی ئازمایش پاش چەندین ساڵ خولانەوە لە ئورووپا و مامەڵەکردن لەگەڵ کاربەدەستان هیوادار

بوو کارێکی بەسوود لە فەرمانگەیەکی حکوومی بدۆزێتەوە و بەم مەبەستە زەماوەند کردن لەگەڵ مونیکای دانابوو بۆ سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژەی ئەو پلەیە بەدەست ئەهێنێ. بەتایبەت کە جرت و فرتی ژنەی شوخ و دلتەڕ لە میوانیەکانی باڵوێزخانە و لە یانەی ئەفسەران بەو جلّ و بەرگە جۆراوجۆر و گوارە و پلپڵەی زێڕ و زیوەوە بە جەنابی ئازمایشی بەردەستەی ڕوکنی دوو و ساواک لە سەرەتای کارکردنیدا هەوسار نەئەکرا. خولیای ناو و نیشان کاتێک ئەمکارەی پێ ئەکرا کە شان بۆ کار و ئەرکی قورس دابنەوێنێ، یان ئەبوایە نازدار بۆ خۆی کاسبی بکات. کارێنەر لە ژینگەی پەروەردەبوونی ئەو زۆر بوو، تا کاتی دادگاییکردنی ئەو سێ خوێندکارەکەی لەگەڵ توودەییەکانی ڕۆژهەڵاتنشین پەیوەندییان هەبوو، پەردەیان لەسەر هەڵدرایەوە. لە گەشتێک بۆ ئاڵمانی ڕۆژهەڵات، خوێندکارەکان ئۆتۆمۆبیلەکەی خۆیان لە سنووری نێوان دوو وڵات لە شەقامێکدا کە ڕێگەی دەرچوونی خانوویەکی تر بووە پارک ئەکەن و بە ترەن ئەچن بۆ لایپزیشک. لەبەر ئەوەی ئۆتۆمۆبیلەکە بەر گاراجەکەی گرتبوو، پۆلیس ئۆتۆمۆبیلەکە ئەگوێزێتەوە و چاوەڕوانی خاوەنەکەی ئەکات. پاش چەند ڕۆژ سێ خوێندکاری ڕۆژهەڵاتنشین بە یەک جانتای پڕ لە بڵاوکراوەی چەپی ئەگرن و کار ئەگاتە دادگا و دادوەر. لە دادگا دەزگیرانی مونیکا خانم کە خۆی بە دکتۆر ئازمایش ناو ئەبرد، پەیدای بوو و ئەیویست لە ڕووی ئەزموونی خۆیەوە کە لە لایپزیشک و توودەییەکانەوە فێر ببوو، بیسەلمێنێ تاوانبارەکان کومۆنیستن و ئەو بڵاوکراوانە دژی بەرژەوەندی کۆماری فیدراڵی ئاڵمانە. لێی پرسرا:

ـ تۆ دکتۆرای خۆت لە کام زانکۆ وەرگرتووە و ناوی تێزەکەت چیە؟

ئازمایش کەوتە پرتە پرت و ئەوەندەی وتی:

ـ لە زانکۆی لایپزیشک.

پارێزەر وتی:

ــ بەسە!

پارێزەر داوای لە دادگا کرد بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامە درێژەی دادگاییکردن بکەوێتە دواوە.

جارێکی تر کە دادگا پێکهات، پارێزەر گۆڤانەکەی خستە ژێر گوشارەوە، هەڵیگلۆفی و پێستی لەبەر داماڵی. لەسەر هەر وشەیەک کە ئەیوت داوای ڕوونکردنەوەی لێ ئەکرد. ئارەقی پێ دەردا. لەپەسا دەسڕی دەرئەهێنا و ئارەقەی ئەسڕیەوە. پاش نیو کاتژمێر پرسین و وەڵامدانەوە، پارێزەر نامەیەکی لە دۆسیەکە دەرهێنا و نامەی زانکۆی لایپزیشکی خوێندەوە و دای بە سەرۆکی دادگا. دەرکەوت کە نەک تێزی دکتۆرا، تەنانەت لاپەڕەیەکیش بە دەستنووسی ئەو جەنابە لە هیچ زانکۆیەکدا نییە.

ئازمایش درا بە سەریا. لە ئاڵمان دەرکرا و خەنەی ئەو لە ئورووپا ئیتر ڕەنگی نەما. دادگا بە چەند هۆ هەر سێ خوێندکارەکەی بە بێتاوان ناسی. یەکەم ئەوەی ئەگەر حیزبی کۆمۆنیست لە ئاڵمان قەدەغەیە، بەڵام بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی کومۆنیستی بە زمانی بێگانە تاوان نییە، بەو جۆرەی کە ڕۆژنامەی «ئومانیتە» لە ئاڵمان ئەفرۆشرێت و ئازادە. جگە لەوە، لەو بەڵگانەدا کە لەو سێ خوێندکارە گیراوە هیچ خاڵێکی دژی کۆماری فیدراڵی ئاڵمانی تیا نابینرێ.

ئازمایش، لە سالانی پێش ڕاپەڕین پارێزگاری فارس بوو و بە یەکێک لە ڕاوێژکارانی خاوەنشکۆ ئەژمێردرا. بەو شێوەیەی کە لە زۆربەی گەشتەکاندا لە ڕیزێ خزمەتکارانی ڕکێفی شاهانەدا بوو. مونیکا لە ئاڵمان خولەی ئەهات و هەر ڕۆژە و یەکێک لە فەرمانبەرانی باڵوێزخانەی بە سەر ئەکردەوە. نازی بە نازونووزی خۆیەوە ئەکرد. ماڵەکەی ژوانگەی ئامۆی ڕابواردن و شەوگەڕی شەوبێدارانی ئێرانی بوو. کاتێکە هەموان باش لەگەڵیان ڕابوارد، کەوتە چنگی ژنراڵ سەرلەشکر و لەگەڵ خۆی بردی بۆ سویس.

بەڵام ئەمەیان بۆ خۆی چیرۆکێکە پاشتر دێت.

ئەم ڕشتەکە زۆری بە دەمەوەیە.

پێداویستی بەم جۆرە گەنجە پەروەردەکراوانەی ژێر چاودێری ساواک ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەست پێ ئەکرا. هەرچی بێ خودی شاهەنشا فەرمووبوویان: «ئێران ئەبێ لە پێنج وڵاتی مەزنی دنیا پێش بکەوێ.» لە دۆسیەکانی ساواکدا ئەمبینی زۆر لەم کوڕە باشانە بوون بە دەسەڵاتدار و ڕامیار و ڕامکارە[٣٧] گەورەکانیان خستە لاوە. لە ڕەقەبوارەکاندا[٣٨] کاریان ئەکرد، ڕاستکردنەوەی کارەکان لە ژێر پەنجەکانی ئەمانەوە دەرباز ئەبوو. جگە لەوە ئەگەر تیریشیان بیدایەت لە بەرد، خۆ شتێک نەبوو. ئەخرانە سەر کارێکی تر. هەموو فەرمانەکانی ساواکیان بەبێ مشتومڕ جێبەجێ ئەکرد. کاریان قسەی تیا نەبوو.

بەڵام ئەم یەکە، لەپڕ وەکوو فیشەکە شێتە چوو بە حەوادا. پزیسکەی ڕەنگاورەنگی پژاند و درەوشایەوە. نەزان بوو و ڕوودار و بێڕوومەت، دووزمان بوو و دەم پیس و تووڕە و ڕق ئەستوور. لەولاشەوە هەوڵدەر و تیژبین و ئامانجناس بوو و کامبەخش. شیرینی وەرئەگرت و شیرینی ئەبەشیەوە. تێکڕای ئەو پارەیەی ئەم

---

٣٧ـ ڕامیار و ڕامکار بە ڕامیار: politician ناو کەسێکی بەشداره لە کاریگەرکردنی ڕامیاری گشتی و بڕیاردان. ئەمە ئەو کەسانە دەگرێتە کە پۆستی بڕیاردان و حکوومییان هەیە، و هەروەها ئەو کەسانەش کە بەدووی ئەو پۆستانەوەن، ئیدی بە هەڵبژاردن یان بۆماوەیی یان کوودەتا یان دیاریکردن یان داگیرکردن یان هەر هۆکارێکی تر بێ.. ڕامیار لە ناوخۆی وڵات کار ئەکات. و دیپلۆمات یان ڕامکار نوێنەری ڕامیارییە لە دەرەوەی وڵات ع سیاسي N politiker د سیاستمدار ڕامکار: diplomat ناو بەرپرسی کاروباری دەرەوە لە وڵاتێکی بێگانە ع دبلوماسي N diplomat د دیپلمات.

٣٨ـ بواری دژوار بواری: دەراوی پەڕینەوە؛ ئەو بوارەی پەڕینەوەی لێ ئەکرێ بەڵام بە دژواری، ڕەقەبوار بەو شوێنانە ئەوترێ پرس و جۆی لێیە و باج وەرگرتن هەیە، ئەو باجەی کاروانچی کورد لە توانایدا نییە بیدات، بۆ وێنە پرسگەی باج وەرگرتن کاتی هاتن بۆ ناو شار؛ دەروازەی ڕێگەی بانە بۆ ناو شاری سەقز ناوی ڕەقەبوارە.

دە پانزە ساڵە دزیبووی بە ناوی خۆیەوە و لە بانکەکاندا ئەخرایە هەژماری ژنەکەیەوە، کە کچی یەکێک لە مەلا شاپەرستەکان بوو و، لە پاش ڕاپەڕین کاتێک شۆڕشگێڕەکان گرتیان و کوشتیان؛ هیچ شوێنەوارێکی نەما و نەدۆزرایەوە.

سەردەمێک کاری ناردنی حاجی پێ سپێردرا. بازاڕییەکان چیها سروودیان پیاهەڵدا. چەندەها ڕیکلامی زل زل لە ڕۆژنامەکاندا ئەبینرا. وترا لە هیچ سەردەمێکدا زیارەتی کەعبەی موعەزەم بەو چاکی و خۆشیە و، بەو سووک و سانایییەی ئەم خولە نەبووە. قاچێکی لە جەددە بوو و قاچێکی لە تاران. خۆی لە وردەکارییەکان هەڵئەقورتاند و بە هەر گیروگرفتێکی بچووک و تایبەتی ڕائەگەیشت و کلۆگورج بڕیاری ئەدا و گرفتەکەی چارەسەر ئەکرد و وشەی ئازمایش بەرامبەر بوو بە وشەی چارەساز!

بەڵام وەی لەو ڕۆژەی شاخی لە شاخی یەکێک بگیرایەت، بێبەزەیی بوو و دڵڕەق... تەنها ئەو ساتەی ئەبینی و بیری لە داهاتوو نەئەکردەوە. ڕقی لە برای ژنەکەی هەڵگرت، کە ئەوسا فەقێ بوو لە مەدرەسەی قوم و پاشان بوو بە مەلایەکی بەناوبانگی ناسراو بە ناوی حاجی مەلا موفەخەم و لەسەر هیچ و خۆڕایی، لەسەر ئەوەی کابرا بە نهێنی بە خوشکەکەی وتبوو باشتر وایە مێردەکەت ئەوەندە پارەی موسڵمانان بەفیڕۆ نەدات. وتبووی لە پاش ئەمڕۆش ڕۆژێک هەیە و مەبەستی ئەوە بوو ڕەنگە ڕۆژێک دابێ کە ئیتر نەتوانێ پشت بە خاوەنشکۆ هومایوونی ببەستێ. هەر ئەمەی کرد بە بیانوو و کۆمەڵێک لە فەقێ و مەلاکانی دەوروبەری لێ هان دا کە ئەو دژی شایە و مارکسیستی ئیسلامیە و خستیە زیندان. چەندە مەلاکان هەوڵیان دا لە کەری شەیتان دابەزێ و دەست هەڵگرێ، نەکرا و نەکرا.

دۆستی زۆر بوو، بەڵام زۆر دوژمنی لاوازیش خۆیان مەڵاس دابوو، دەرفەتی لێ بهێنن و پشتی بشکێنن.

سەرەڕای ئەمانە، سەرەڕای پرسی ئاڵۆز و بێوەڵام بۆ من ئەمە بوو: «چی کرد کە توانی لەوپەڕی زەلیلیەوە بەوپەڕی دەسەڵات بگات؟ لە گۆڤانی سەرشۆڕی دادگای کۆڵنەوە بگات بە وەزیرخانە و پارێزگاریی. فڕۆکەیەکی تایبەتی لە بەردەستدا بوو. فەرماندەی لەشکر و سەرۆکی جەندەرمە لێی ئەترسان و فەرمانەکانی ئەویان ئەنایە سەر چاو. هەر کات کە ئەیویست، بەبێ فەرمانی فەرمی و بەبێ دەرفەت وەرگرتن ئەچوو بۆ لای شاهەنشا و پاش یەک دوو ڕۆژ ئەگەڕایەوە بۆ شوێنی کارەکەی. خۆم بە چاوی خۆم بینیم، ڕۆژێکیان کاتی دابەزینی خاوەنشکۆ لە فڕۆکە، تەنها کەسێک کە لە ڕیزی وەزیران و کاربەدەستاندا هاتە دەرەوە و چووە بەر پلیکانی فڕۆکەکە و چەند خولەکێک لەگەڵ شاهەنشا وتووێژیان کرد، هەر ئەم هەتیوە وردەڵە گزگلەبوو. شتێکی سرووشتیە کە من بووم بە خولیای ئەم بێچاوڕووە.

دۆسیەکەم خوێندەوە. زۆر بە وردی لە سەرەتاوە تا کۆتایی. بەردەوام قەڵافەتی وردەڵەی ئەوم ئەبینی کە لە هوتێلی شاعەباس بە هەڵات هەڵات هات بۆ لام و کەوتە دووزمانی: «کە خانعەلی و دەماوەندی لەسەر کامێرا و مەگنێتۆفۆنێک بووە بە شەڕیان و لێک ئەدەن.» تێکڕای دۆسیەکە ناگێڕمەوە، ناتوانم، چونکا ئیتر لە بەردەستمدا نییە. خاڵە گرنگەکانیم لەبیرە. ئەزانم کە ساواک ئەوی نارد بۆ فەلەستین بۆ دزەکردن لەناو فیداییەکاندا. ئەنجامی کارەکەی ئەوە بوو کە سێ موجاهید بە تاوانی ڕاپەڕین دژی ئاسایشی وڵات لەسەر سنوور تیرەباران کران. خودی ئازمایش لەکاتی تیرەبارانداا لەوێ بوو و پەنجەی ڕاکێشا کە ئەوانەی لە بارەگای فەلەستینیەکان بینیوە و نکوڵی کردنی تاوانبارەکان سوودی نەبوو. گیانبازان پاشان بڵاویان کردەوە کە خودی ئازمایش، پاش گوللەبارانکردن، بە سێ گوللە مێشکی هەرسێکیانی پژاندووە. ئایە ئەمجۆرە کارانە دەسمایەی ئەوە بوون پلە و پایە و دەسەڵات و دارایی پێ بەخشرا؟ بە ڕای من

ئەم تاوانانە بەس نەبوو. لەناو ساواک لەمجۆرە کەسانە زۆر بوون و بە هیچ کوێیەک نەگەیشتن و تەنها کلکە مشکێکیان دەسکەوت.

لەناو دۆسیەکەدا نامەیەکم بینی کە خاوەنەکەیم ئەناسی. دەقی نامەکەم لەبیر نییە. نووسەر خۆی بە «بەندەی گیان لەسەردەست» ناوبردبوو. گەڕام و دۆزیمەوە. شوفێر و ئاشپەز و پێشخزمەتی ژنراڵ سەرلەشکر بوو. سەرەتا ئەترسا ئەو شتانەی نووسیوێتی بە زمان بیڵێتەوە. دڵنیام کرد ناوی نابەم و ژنراڵ سەرلەشکر هەرگیز بە وتووێژی نێوانمان نازانێ. ئەوسا ترسەکەی ڕژا و ئەوەی ئەیزانی هەڵیرژاند:

«شەوێکیان جەنابی ئازمایش و مادام مونیکا میوانی ئێمە بوون. ئەبێ ئەوەش بڵێم خۆشم لە مادام مونیکا نەئەهات. زۆر جلْف بوو و جرت و فرتی ئەکرد. ئارەقیان خواردەوە و سەرخۆش بوون. هەر سێکیان یەکتریان ئەگرتە باوەش و ماچیان ئەکرد. مونیکا، مادام مونیکا تەواو سەرخۆش بوو. هەردووکیان، جەنابی ئازمایش و ژنراڵ، مونیکایان بردە ژووری خەو...»

ــ هەر ئەوەندە؟

ــ خۆ من لە ژووری خەوتن نەبووم. هیچم نەبینی. درۆ بکەم؟

پرسیم:

ــ پاشان چی ڕووی دا؟

ــ من لە هۆڵەکە خەریکی کۆکردنەوەی قاپ و قاچاخ بووم. ئەمویست گلاّسەکان لەسەر مێزەکانی بەردەم قەنەفەکە کۆ بکەمەوە، کە ژنراڵ و میوانەکانی هاتنەوە بۆ ناو هۆڵەکە و تەشەریان لێدام و وتیان: ئەوە چی ئەکەی، تازە سەرەتای ڕابواردنە. لە هۆڵەکە چوومە دەرەوە و لە پشت دەرگاکە وەستام. سەرەڕای قاقای پێکەنینیان، ئەمتوانی قسەکانیان ببیستم.

ــ چیت بیست؟

ــ قوربان ئەتانەوێ نان بڕاوم کەن؟

ـ پێموتی ئەم قسانەی ئێمە بە گوێی هیچکەس ناگات.

ـ راپۆرتەکەی بۆ ساواک نانێرن؟

ـ بەڵێنت پێ ئەدەم.

ئەوسا بنی دڵی بەتاڵ کرد.

ـ مامەڵەکەیان سەری گرت. جەنابی ئازمایش چاوپۆشی لە مادام مونیکا کرد، خۆی ڕۆیشت و ئەو مایەوە. قوربان ئەم ڕێکەوتنە دژی شەرعە! بۆ جەنابی باڵوێزی یەکەمم نووسی بۆ پاراستنی ئابڕووی بنەماڵەیەکی پاک و ناودار ڕێگە لەم پەیوەندییە بگرن. بەڵام ئەوان گوێیان لێ نەگرتم. ئێستە پەنا بۆ ئێوە ئەهێنم.

ـ باشە تۆ بۆ خۆت سەغڵەت کردووە، بە تۆ چی؟

ـ قوربان من لەناو ئەم بنەماڵەدا گەورە بووم. باوەگەورەم لەسەر زەوی ئەوان جووتبەندە بووە. چۆن من بەم پیرییە ئەم گوناهە ببینم و دڵم ئاسوودە بێ.

ـ نەتزانی مامەڵەکە چۆناوچۆن سەری گرت؟

ـ نەخێر قوربان. من جەنابی ئازمایشم سواری ئوتۆمۆبیل کرد و بردمەوە بۆ ماڵی خۆیان. کاتێکە گەڕامەوە قیامەت بوو. لە گاراجەووە گوێم لە دەنگی مادام بوو کە جنێوی بە هەردووکیان ئەدا و ئەیوست بەو نیوەشەوە بە پێی پیادە بچێتەوە بۆ ماڵەوە. لە کۆتاییدا مادام ڕازی بوو لە هۆڵەکە لەسەر قەنەفە بخەوێ، بەو مەرجەی دەرگاکان قفڵ کات.

راگرتنی ئەم نامەیە لە دۆسیەکەدا گرنگ بوو. نووسەری نامەکە ناردبووی بۆ باڵوێزخانە و لە نەبوونی باڵوێزدا، سکرتێری یەکەم، یان لە ڕووی دژایەتی لەگەڵ ژنراڵ، یان بە مەبەستی پاراستنی خۆی و یان بە هەر دوو هۆ، لە ژێر نامەکەدا نووسیبووی: «جێگەی سەرنج نییە.» و دابووی بە ساواک. بە کورتە لەمە بە دواوە مونیکا بوو بە ژنی ژنراڵ سەرلەشکر و لەگەڵی چوو بۆ ژنێڤ و دۆستە ئێرانیەکانی لە نازونووزی دڵبەرەکەیان بێبەش بوون. لەوە بەدوا

لەناو ئێرانییە خوشگوزەرانەکانی لەندەندا، ناوی ئازمایش بریتی بوو لە کامفرۆش.

بەڵام ئەو سەربردەیە بەم ئاسانیە کۆتایی پێ نەهات. چەند مانگێک تێ نەپەڕیبوو کە خێزانی ژنراڵ سەرلەشکر، خانمی «مودەبر» لەم ژنهێنانە ئاگادار بوو. بە سەرمایەیەکی مەزنەوە هات بۆ ئوروپا و لە ژنێڤ نیشتەجێ بوو، بەبێ ئەوەی بە مێردەکەی بڵێ. خانم بکوژێکی ئەمریکایی بەکرێ گرت بۆ ئەوەی مێردەکەی بکوژێت. هەڵبەت ئەم هەوڵەی خانمی مودەبر هەگیز جێبەجێ نەکرا، بەڵام لە دۆسیەکانی ساواکدا شوێنی بەجێ هێشت. بەکرێگرتنی بکوژ کارێکی ئاسان نەبوو. بکوژەکان پارەیەکی زۆریان ئەویست کە خانم سەرەڕای ئەوەی هیوادار بوو ببێ بە میراتگری مێردەکەی، نەی ئەویست بیدات. هەر چۆنێک بوو یەکێکی تازەکاریان دۆزیەوە. ئەویش کاتێک ژنراڵ لەگەڵ کچێکی گەنج ئەبینێ، بەزەیی پیایاندا دێتەوە و پڕکێشی ناکات تەقەی لێبکات. جۆرجیسی پیاوکوژ گیرا و ددانی پیانا کە خانمی مودەبر ئەوی هان داوە و ویستوویەتی ناچاری بکات بەم پیاوکوژییە، بەڵام ئەو نەچوەتە ژێربار.

رۆژنامەکانی ژنێڤ ئەم دەسوەشاندنەیان زل کردەوە و ناوی ژنراڵ سەرلەشکر کەوتە سەرزمان و بەو پێیەی کە خانمی مودەبر هەڵاتبوو، داوایان لە ئێران کرد بیداتەوە بە ژنێڤ. خاوەنشکۆ هومایوونی فەرموویان چون تاوانێک نەکراوە و خانمی مودەبر بە تۆمەتی بکوژێک بە تاوانبار ناناسرێ و، داخوازەکەی ژنێڤی ڕەتکردەوە. ژنراڵ نەی ئەتوانی لە ژنێڤ بمێنێتەوە. ئەویان بانگکردەوە بۆ تاران و هەتا ماوەیەکی باش ئیتر کاری گرنگیان پێ نەسپارد.

جەنابیان گواستیەوە بۆ ئەمریکا و ماوەیەکی باش لەو وڵاتە ژیا و جارێکی تر فیلەکەی کەوتەوە بیری هیندستان و گەڕایەوە بۆ ئێران. جارێکی تریش کەوتەوە خۆی بۆ ئەوەی بکرێ بە سەرۆکی

ساواک، بەڵام تیرەکەی نەیدا لە نیشان. پاش ڕاپەڕین جارێکی تر چوو بۆ کالیفۆرنیا و لەوێ مایەوە و بەندە شانازی ئەوەم هەیە جارجارە نامەی لەگەڵ ئەگۆڕمەوە و بەو پێیەی کە ناوی پاکیزەیانم لە هیچ جێگەیەک نەنووسیوە و نایینووسم، ئەویش ئاگای لێمە و هەموو ساڵێک وەکوو نەوروزانە چەکێکم بۆ ئەنێرێ.

بەڵام ئازمایش لە کەری مراد سوار بوو. مونیکا لەگەڵ زۆڵەکێکی تری ناکەس و بێپایە نێوانی هەبوو و ئەم دوو کەسە بە هاوکاری یەکتر لە ئێران و ئورووپا دڵتەڕەکانیان هەڵ ئەفریواند و سکی خۆیان تێر ئەکرد.

وانەیەکی گرنگ کە من لە شێوازی کارکردنی ئازمایش فێربووم، لەپاش ئەو ڕووداوە ئابڕووبەرەی بە سەر دکتۆر بیژەندا هات و من ئێستە ئەینووسم، ئەوە بوو کە بڕیارم دا پلە و پایەیەکی لەبار بۆ ئەهاری و دەماوەندی و خانعەلی لە ئێران فەراهەم بکەم، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا هەمیشە ئاگایان لێم بێت و پشتیوانیم لێبکەن. ئەگەر هەتیوەیەکی وەکوو ئازمایش بتوانێ ببێ بە وەزیر، چما ئەهاری و لە بابەتی ئەو نەتوانن؟ ئەمکارە هەروەها بە قازانجی خاوەنشکۆ هومایوونیشە و ئەبێ بە هۆی ئەوەی کە دەسکەلای پەروەندەداری وەکوو ئەمانە ناتوانن وەکوو سەرۆکی کومپانیای پەترۆڵ بکەن کە ڕۆژێک لە ڕۆژان، جەربەزەی ئەوەی کرد فەرمانی خاوەنشکۆ پشتگوێ بخات و جێبەجێی نەکات. سوودی ئەمکارە بۆ من ئەوە بوو کە ئەمانە لەبن دەست و باڵی خۆمدا ئەبن و بەناچاری فەرمانم ڕائەپەڕێنن. لەم مەیدانەدا من بووم بە مەیداندار. لەوە زیاتر پێویست نەبوو لە هەر کارێک و لە چارەکردنی هەر بوارێکدا فەرمانە جۆراوجۆرەکانی کەسانی وەکوو ژنڕاڵ سەرلەشکر جێبەجێ بکەم. قاپی سەرۆکی گشتی ساواکم لەپاش ڕێکخستنی پیلانی کوشتنەکەی بەختیار دزیبوو و پشتم گەرم بوو. تەنها ئەوەندە پێویست بوو کە جارجارە ڕاپۆرتی کارەکانم بدەم بە باڵوێزی گەڕۆکی شاهەنشا

و ئەویش کە منی ئەناسی و ئەیزانی چەند مەردە حەللاجم[٣٩]، زۆر قاپوولەی نەگرتم. تاقە سوار بووم و قوڕ بە سەر ئەوەی بیویستایەت دەست بهێنێتە ڕێگەم. ئەمترساند و ئەمکڕی. ئەم چەند ساڵەی پێش ڕاپەڕین دەسەڵاتێکی وام هەبوو کە کەمتر فەرمانبەرێک لە ئورووپا هەیبوو. ڕام ئەبوارد و پارەم تەخشان و پەخشان ئەکرد. دەمی هەموو سەرزلەکانی ئورووپانشینم چەور ئەکرد. دەسبلاوی و بەخشندەیی من ببوو بە باسی سەر زمانی هەموان. لە بووجەی پێنج ملیۆن مارکی ــ هەرچەند ژنراڵ بەشێکی گەورەی لێفەوتاندبووــ هێشتا ئەوەندە هەبوو بەشی دەست و دڵ کراوەیی من بکات. هەندێکیشم بۆ خۆم پاشەکەوت ئەکرد.

دکتۆر بیژەن ئەوەندە سامی لێم هەبوو کە مەڵێ. نازانم کێ تێی گەیاندبوو من پشتم ئاسە! چونکە خۆی ئەوەندە مێشکی نەبوو.

هەرگیز نەبوو بەبێ کەڵەگا بژیم. شتێکە زۆر ئازاری ئەدام نامە دڵتەزێنەکانی دایکم بوو کە نەخۆش بوو و لە دووری من و خوشکم ئەینالاند. هیچ ئاگایەکم لە ڕوقیە نەبوو. لە گەشتێکی پاریس شێخەم دۆزییەوە. شێخە لەوە فێڵەباز تر بوو من بتوانم فریوی بدەم. لەسەر چالاکی ئێرانیەکانی دانیشتووی فەلەستین لەگەڵی دوام. وای دەرئەخست هەندێ شتی بیستووە. خۆی ناوی ڕوقیەی هێنا:

ــ هیچ هەواڵی ڕوقیە ئەزانی؟

ــ هیچ. هەندێجار نامەیەک بۆ دایکم ئەنووسێ. ساخە و لە نامەکانیا ئایەتی قورئان ئەنووسێ. دڵداریی دایکم ئەداتەوە. من پێموایە ئەو ئەزانێ من لە ئورووپام.

پرسی:

ــ نامەکان لە کوێوە ئەنێرێ؟

---

٣٩ـ ئەم پەندە ئەگەڕێتەوە بۆ مەنسووری حەللاج، واتە ئەیزانی چەندە لەسەر کار و قسەی خۆم سوورم و کۆڵی لێ نادەم؛ هەروەها بە کەسێک ئەوترێ کە کاری چەند کەسی پێ ڕاپەڕێ.

ــ نازانم. بەڵام ئەگەر لە دەرەوە بوایە، مسۆگەر دایكم پێی ئەوتم.

ــ بۆچی لە دەرەوەی ئێران؟

ــ من لە تۆ ئەپرسم. پێتوایە ڕوقیە لە فەلەستین بووبێ؟

ــ ئەگەر لەوێ بوایە، لە دۆسیەكەی ئازمایشدا ناوی ئەهات.

ــ لە دۆسیەی ئازمایش ئەوەندەی كە پەیواندی بە فەلەستینەوە هەیە ڕاپۆرتێكی تایبەت بوو كە ئیتر نەماوە. نازانم چۆن، بەڵام ئەو بەڵگەنامانەی پەیوەندی بەوەوە هەیە لەپڕ پچڕاوە. من نەمتوانی درێژەی دۆسیەكە بدۆزمەوە.

شێخە دیوانێكی بچكۆلەی حافزی كردەوە و فاڵی گرتەوە و ئەم هۆنراوەی بۆ خوێندمەوە:

ئەو گەشتكردە كە سەد قافڵە دڵ وا لەگەڵی
وا لە هەر كوێ، خوایە بیپارێزی

ئایە ئەم هۆنراوەیە هاتبوو یان لەبەری بوو و لەبەر دڵی من بە دەنگێكی هۆنەرانە بۆی خوێندمەوە؟ ئەم، وەڵامە دوو لایەنە بوو. بەڵام من بۆ دڵنیایی پەیوەندیم كرد بە مەملووكەوە. بە هەزار فێڵ خۆم گەیاندە لای. خانعەلی بۆی جێبەجێ كردم. بە فارسیەكی شێوە عەرەبی قسەی ئەكرد. دواندم. باوكی لە لوبنان ئەژیا و لە دادگا كاری ئەكرد. لە دادگا زیاتر داكۆكی لە فەلەستینیەكان ئەكرد. بەڵام خۆی قەت ناچێ بۆ ئەو ناوچەیە. مەملووك لە بناغەوە ئاگای لە ئوردووگا یان بنكەیەكی وەها نەبوو كە شۆڕشگێڕانی موسڵمانی ئێرانی لەوێ بن و پەروەردە بكرێن. تا ئەو كاتە نەشی بیستبوو كچێكی ئێرانی لەوێ بووبێ. هیوام بڕا.

هەر لەم ڕۆژانەدا ڕووداوەكەی دكتۆر بیژەن و چیرۆكی بوێریەكەی ــ ئەگەر نەڵێین چیرۆكی كەرێتی و ناوشیاری ــ لە ڕۆژنامەكانی ئینگلیزدا ئاشكرا بوو، كە بە تەواوی ژیانی منی گۆڕا. دیسانەوە وا سەرقاڵ و گرفتار بووم، فریا نەئەكەوتم سەری

خۆم بخورێنم. ڕۆژنامەکان لە چەپ و ڕاستەوە کەوتنە وێزەمان. ئێمەش نەمانتوانی بیکەین بە هەراوهوریا و بڵێین ئەمە بانگەشەی کومۆنیستەکانە. باش باش شۆردیانینەوە. هێرش و بێرێزیان بە حکوومەتی ئێران و ساواک و تەنانەت شاهەنشا لە ڕادەی خۆی چووە دەرەوە. نەیارەکانی ڕژێمی شاهەنشایی کەڵکیان لە گەوجێتی فەرمانبەرێکی گەمژە وەرگرت و کومۆنیستەکانیش باش فێریان کردن کە چی بکەن. چەندین ڕێکخراوی وەکوو «لێبوردنی نێونەتەوەیی»، «کۆمەڵەی لایەنگرانی مافی مرۆڤ»، «یەکێتی نێونەتەوایەتی دادوەرانی دیموکرات» هەموویان هێرشیان کردە سەر ساواک و خەڵکیان هان ئەدا هێرش بکەنە سەر باڵوێزخانە. حەفتە نەبوو ڕۆژنامە گرنگەکانی جیهان وەکوو «لۆمۆند» و «ساندەی تایمز» مژاری تاوانە دڕندەکانی ئێران بڵاو نەکەنەوە. تەنانەت ئەیانوت جێگری وەزیرخانەی دەربار لە باشترین هوتێلەکانی ئێراندا نووسینگەیەکی کردۆتەوە و تەواوی تەگبیرکاران و بازرگانان و فەرمانبەرانی وڵاتانی بێگانە و گەشتیارە ناسراوەکان لە ڕێگەی نۆکەرەکانیەوە کۆنترۆڵ ئەکات. یەکێک لە ئەندامانی «کۆمەڵەی لایەنگرانی مافی مرۆڤ» ڕاپۆرتێکی دەربارەی کومۆنیستێکی ناسراو بڵاو کردەوە کە شاپەرست و بێلایەن لە بیستنی موچڕکەی پیا ئەهات. ئەم هەواڵنێرە ڕای گەیانە لە پاش وەرگرتنی مۆڵەت لە دادیاری سپا، لە دوو دانیشتنی دادگادا بەشداریی کردووە و خۆی لە تاوانبارەکەی بیستووە بە چ شێوەیەک ئەشکەنجەیان کردووە و، هەواڵنێر توانیوێتی برینەکانی لەشی ببینێ، کە لە مانگی یەکی حەفتا لە شاری خوڕڕەمشاردا بە ڕووت و قووتی قامچیان لێداوە؛ بۆ ماوەی بیست کاتژمێر. لە ئابادانیش هەمان بەڵایان بە سەر هێناوە. بە حەفتە لە ئاودەس زیندانیان کردووە. پاشان بردوویانە بۆ زیندانی ئێڤین لە تاران. دوو کەس کە خۆیان بە دکتۆر و ئەندازیار ناوبردووە ئەشکەنجەیان کردووە. لەسەر یەک لاق لەسەر کورسیەک

ڕایانوەستاندووە و بە لەقە کورسیەکەیان لەژێر لاقی فڕێ داوە و بە تاوانی سیخوڕی بۆ بێگانە ئازاریان داوە: «دوو ئەفسەر هاتن و بە قامچی کارەبایی ئەوەندەیان لێدام هەتا بوورامەوە. بەهۆی تەقینی پەردەی گوێمەوە خوێنی لێ ئەهات.»

بە وتەی نوێنەرانی مافی مرۆڤ لەگەڵ خاکساریش هەروا جووڵابوونەوە و، ئەڵێ یەکێک لە تاوانبارەکان بە هۆی ئەشکەنجەوە کوژراوە. لەم درۆ شاخدارانە لە ڕۆژنامەکانی سەر بە کومۆنیستەکان لە ئورووپا زۆر بڵاو ئەکرایەوە و ڕۆژنامەکانی تریش ئەم درۆ زلانەیان پاتە ئەکردەوە، تا ئەو کاتەی کە ساواک لەو ڕێگانەوە کە ئەیزانی ڕێگەی پێ ئەگرتن.

لە ٢١ فیبریوەری ١٩٧٢ لە ڕۆژنامەی «لومۆند» بڵاوکرایەوە دوو پارێزەری دادگا لە چوار دانیشتنی دادگادا بەشدارییان کرد و ئەم جەنابانە هەوڵیاندا کە بۆ داکۆکی کردن لە تاوانبارێک کە بە دەسکی دەمانچە کێشاویانە بە سەریدا و لە ئەنجامی خوێنڕێژی ناوەوەی مێشکی بێهۆش بووە. هەر ئەم تاوانبارە «بەچاوی خۆی بینیوێتی کە دوو کەس لە یارەکانی لەسەر پارچە ئاسنێکی بە ئاگر سوورکراوە، خەواندووە. هەواڵنێرەکان ئەڵێن لە ماوەی چەند خولەک پشووی دادگادا شوێنی داخکردنیان لەسەر پشت و سینگی بینیوە. هەر ئەم خراپکارە هەواڵی مردنی یەکێک لە هەڤاڵەکانی لەژێر ئەشکەنجەدا پێ ڕاگەیاندوون. هەر ئەم ڕۆژنامە، نامەی تاوانبارێکی چاپ کردبوو کە هەڵاتووە و تیایدا ئەڵێ: «پاش کۆتاییهاتنی خولی ئەشکەنجە، تاوانبار ئەبێ بنووسێ کە ساخ و تەندروستە و هیچ ئازارێکی پێنەگەیشتووە.» یەکێک لە ئامێرەکانی ئەشکەنجەدان کورسی کارەباییە. بەقسەی هەر ئەم تاوانبارە چوار کاتژمێر لەسەر ئەو کورسیە دانراوە تا بووراوەتەوە. سووتان گەیشتۆتە مۆغەرەی پشتی و بۆگەنیوێکی وەهای بڵاو کردۆتەوە کەس خۆی پێ ڕانەگیراوە ــ ئایە ئەو قسە باوەڕی پێ ئەکرێ؟ــ و ئێستە بە

یارمەتی دەستەکانی ئەڕوا بەڕێدا چونکە هەر دوو قاچیان بڕیوەتەوە. ئاساییترین ئەشکەنجە بە هۆی ئێلکترۆد یان جەمسەری کارەباییەوە ئەکرێ. من باوەڕ ناکەم ئەم تاوانانە ڕاست بێت. هەمووی بە پڕۆپاگەندەی کومۆنیستەکان ئەزانم. من لەو سەردەمەدا لە ئێران نەبووم و پێموانییە خاوەنشکۆ شاهەنشا ئەو جۆرە تاوانانەی بەڕەوا زانیبێت و ڕێگەی پێدابێت. خودی پایەبەرزیان بوونی ئەشکەنجەی بە درۆ خستۆتەوە و لە وەڵامی یەکێک لەم ڕۆژنامەنووسە نیمچە کومۆنیستەکان‌دا جەختیان کرد: «هەڵەی نەیارەکانمان ئەوەیە ئێمەیان بەکەم داناوە. ئێمە لە هەموو ڕشتەکاندا و هەروەها لە ئەشکەنجەشدا گەشەمان کردووە... لەو بارەیەوە گوشاری ڕەوشتی هەیە و جەنابانی وەکوو ئاغەی سارتەر باشترە خۆیان نەکەن بە نۆکی هەموو ئاشێک و بەکاری خۆیان ڕابگەن.» لە جێگەیەکی تر فەرموویانە: «خۆ هەموو شتێک لە ژێر کونترۆڵی مندا نییە.» واتە ڕەنگە نەزانێک پەیدا بووبێ، کارێکی کردبێ کە نەئەبوایە بیکات. وەکوو بۆ وێنە ژنراڵ سەرلەشکر و دەسکەلاکەی خاتی.

من کە لە دەرەوەی وڵات ئەژیام، دیارە ئاگام لە چەتوونی خوێندکاران بەتایبەت کونفدراسیۆنیەکان هەبوو و هەوڵمان ئەدا هەندێ لەوانە بە قازانجی ڕامیاری وڵات بە ڕابەری شاهەنشا، ڕابکێشین بۆ لای خۆمان. هەڵبەت ئەم شێوازە پارەی ئەویست و ئێمەش بە بەڵێن و هەڵخڕاندن و بە یارمەتیدانی ئابووری تێئەکۆشاین ئەوان لە ڕیزی نەیارەکان بکێشینە دەرەوە. هەندێ جاریش تیرەکەمان ئەیدا لە بەرد. پارەیان لێ ئەسەندین و پێمان پێ ئەکەنین. بەڵام ئەو بەڵایەی بە سەر دکتۆر عەلی ساوجیان هێنا، پشتی شکاند و بەڕاستی سەلماندی کە حاجی عەلی ساوجیە، نە کەمتر و نە زیاتر. ئەمە منی سەرفراز کرد.

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٤دا بوو کە هەواڵەکە لە ڕۆژنامەی ساندی تایمز بڵاوکرایەوە و ئێمە هەرچیمان کرد نەمانتوانی ئەوان بە

دەسکەلای کومۆنیستەکان ناوزەد بکەین و بەم پێیە دکتۆر بیژەن لە پێ خرا و حکوومەتی ئێران ناچار بوو داواکارییەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بسەلمێنێ و جێبەجێی بکات.

کێشەکە لەسەر خانمی «پ» بوو. کچێکی ئێرانی کە شووی کردبوو بە گەنجێکی ئینگلیزی. خانمی «پ» خوێندکاری کۆمەڵناسی لە بەرپرسانی گرووپێکی خوێندکاری چەپ و لایەنگری کونفدراسیۆن بوو و جارجارە لە بانگەشەکردندا یارمەتی ئەدان و لە کاتی گیروگرفتدا ڕێنموونی ئەکردن. خانمی «پ» پاش شووکردن بە کابرای ئینگلیزی ببوو بە هاوڵاتی ئینگلیز و لە کومپانیای نەوت لە لەندەن کاری ئەکرد. لە لایەن بەرپرسەکەیەوە پێی ڕاسپێردرا بچێت بۆ تاران و ڕاسپاردەیەک جێبەجێ بکات. پاش دوو ڕۆژ بە تەلەفۆن پێی وترا خۆی بە یەکێک لە ساواکییەکان لەماڵێکی ساواکی بناسێنێ. ئەمە کارێکی ئاسایی بوو. چونکە هەموو فەرمانبەرانی کومپانیای پەترۆڵ، بەتایبەت ئەوانەی کە ئەچوون بۆ دەرەوە ئەبوایە متمانەی کومپانیایان لەسەربێ، پاشان ئەیانتوانی درێژە بە کارکردنی خۆیان بدەن. لەوێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ خانمی «پ» کرد و تێیانگەیاند کە ئاگایان لە ژیانی بنەماڵەی لە ئێران و لە لەندەن هەیە و باوکی و مامی و کەسانی تری بنەماڵەکەی ئەناسن و ئەیانەوێ دەربارەی خۆی و خێزانەکەی و بنەماڵەی شووەکەی زانیاری وەربگرن. تەنانەت لێیان نەشاردەوە کە ئەزانن هاوین لەگەڵ باوک و دایکی لە دەریاسەرا بوون و لەوێ لەگەڵ خەڵکی ئاسایی قسەی کردووە و وێنەی لە هەندێ دامودەزگای حکوومی هەڵگرتووە. پاش کاتژمێرێک وتوویژ لەسەر ئەو شتانەی کە لە ئینگلیز، لە ڕۆتینە ئاساییەکانی ژیانە و هیچ نهێنی و ئاڵۆزییەکی تێدا نییە، بە ڕێز و نەوازشەوە سواری ئۆتۆمۆبیلیان کردبوو و بردبوویانەوە بۆ ماڵەوە.

بە زانینی ئەوەی کە خانمی «پ» نەی ئەویست دژی شووەکەی هیچ کارێک بکات و پاش ئاشنابوونی لەگەڵ ڕوخساری ڕاستەقینەی

ساواک، بە تەلەفۆن پێی ئەوترێ دکتۆر بیژەن ئەیەوێ لە ڕەستۆرانێک چاوی پێی بکەوێ. خانمی «پ» لەکاتی دیاریکراودا لە ژوانگە ئامادە ئەبێت و، جەنابی دکتۆر بیژەن کە قاتێکی سوورمەیی شیکی لەبەر کردووە، دێتە ژوورەوە و لە تەنیشت مێزەکەوە ئەوەستێ و دەرفەت ئەخوازێ بۆ ئەوەی دابنیشێ. وا ڕێکەوتبوون کابرا گۆڤارێکی «خاندنیها»ی بەدەستەوە بێت. خانمیش جانتایەکی چەرمی ڕەش کە ساواک پێشکەشی کردبوو. بەکورتە داواکاریی دکتۆر بیژەن ئەوە بووە هەندێجار لەسەر شووەکەی و دۆستانی ئێرانی کە هاتوچۆیان لەگەڵی هەیە، ڕاپۆرت و زانیاریان بداتێ. داواکەی دکتۆر بیژەن بەمجۆرە ئەبێت: «خوێندکارانی ئێرانی کە دێن بۆ ماڵی ئێوە، تەنها بۆ ویسکی خواردنەوە نییە. زۆر پێویستە متمانەی ئەوان بۆ لای خۆت ڕابکێشی و ساواک لە چالاکیەکانی کونفدراسیۆن ئاگادار بکەیتەوە. ئەمە بە قازانجی خۆت و مێردرکەشت ئەبێت. بە کورتە داوای لێ ئەکات سیخوڕییان بۆ بکات. ئەم جەنابی دکتۆر بیژەنە لە خەفەتی حەلیم کەوتە ناو مەنجەڵەکە. بەڵگەی دا بەدەستەوە. خانمی «پ» تەنها ئەیەوێ ئەو خاڵە بزانێ: «چی ئەبێ ئەگەر من نەتوانم مەبەستی ئێوە جێبەجێ بکەم؟» جەنابی دکتۆر بیژەن وەڵام ئەداتەوە:

«هیچ پێشبینی ناکرێ. هەم تۆ و هەم من ئەکەوینە مەترسییەوە.»

هەر ئەوەندە و بڕیار درا کە دانیشتنی داهاتوو لە کونسولگەری بێت. ئەم دکتۆر بیژەنە گەوجە ئیتر بەوە نازانێت کە ڕیکۆردەرێک لەناو جانتاکەی خانمی «پ»دا هەیە و ئەو وتووێژەی تۆمار کردووە.

ئینجا خوێنەر لێم ئەپرسێ من ئەم زانیارانە لە کوێوە ئەزانم. بەشێکی لە دۆسیەکەدا هەیە و ڕاپۆرتە دووروودرێژەکەی لە «ساندەی تایمز»دا بڵاو کراوەتەوە.

چەند ڕۆژ پاش ئەوە حاجی عەلی ساوجی بانگ کرایەوە بۆ تاران و خەنەی ڕەنگی نەما و من بووم بە هەمەکارەی ساواک لە

ئینگلیز.

گواستمەوە بۆ نووسینگەی دکتۆر بیژەن و ئیتر هەموو باڵوێزخانە ئەیانزانی من چکارەم. ماڵەکەم بوو بە مەنزڵگەی دۆستان و جەنابی باڵوێز و خانمەکەشی ئەهاتن و سەردانیان ئەکردم. تەنانەت لەم و لەوم بیست جەنابی باڵوێز حەز ئەکا کچەکەی ببەستێ بە ڕیشمەوە. لە هەموانم تێگەیاند من ئیتر ژنهێنەر نیم. لەگەڵ ئەم خانمی مونیکایەش ئەتوانم چەند حەفتەیەک ڕابوێرم، لەو بگەڕێم و خۆم هەڵواسم بە یەکی تردا. سکرتێری یەکەم و دووەمیش لەگەڵم ئاشنا بوون و هەندێجار سەریان لێ ئەدام و هەمیشە کەرەسەی ئەوەم هەبوو پەزێراییان لێبکەم، بەبێ ئەوەی کاری تایبەتیم لە ژوورەکانی تر پەکی بکەوێت. ئوتۆمۆبیلی مەرسیدس لەژێر پێمدا بوو و بلیتی فڕۆکە بۆ هەموو ئورووپا و دەستەچەکی بانکی فرانکفۆرت و ژنێڤ لە گیرفانمدا.

تەنها گوێم لە نوێنەری گەڕۆکی خاوەنشکۆ ڕائەگرت و ئەگەر دەمەقاڵەیەکیشمان ببوایە، ئەچووم بۆ لای خودی سەرۆکی ساواک و زۆرتر بە قازانجی من ئەشکایەوە.

کارم وەها گرتی، لە ئێراندا دەنگی دایەوە. لە هەموو لایەکەوە نامە و پیرۆزبایی و داوای کار و یارمەتیم پێ ئەگەیشت.

لە لایەن میزا عەلیخانەوە کە دەستی منی لە وەزیرخانەی دارایی بەند کرد، کاغەزی پیاهەڵدانم بۆ هات و هەندێ داواکاری هەبوو کە هەڵبەت بە من جێبەجێ نەئەکرا. نائومێدم نەکرد و نەموت نا. بەڵام ئەمزانی کە ناتوانم کارێکی بۆ بکەم. مووساگیان هاوزمانی سەرەتای منالێم کە هێشتاش سەرۆکی بانکی ئەردەبیل و قوم و لاهیجان بوو، بازەڵبازەی بوو و دەستی هەڵنەئەگرت و پێیوابوو ئەتوانێ پێ بە پێی من هەڵبەزێتەوە. تەنانەت دکتۆر بیژەن و دکتۆر جەهانگیر کیسەیان هەڵدووریبوو و دۆعای خێریان بۆ ئەکردم.

سەیرتر لە هەمووی هێما و ئاماژەکانی «زاوا» بوو کە ئەمی

ترساند؛ ئەینووسی هێشتاش خۆی بە نزیکی بنەماڵەی ئێمە ئەزانێ: «هەندێجار بە دەوری ماڵتانا ئەگەڕێم و، هەرکات دایکت لەو دەوروبەرە ئەبینم، بچووکی خۆم ڕائەگەیەنم. هیچ هەواڵێکی ڕوقیە خانم نییە و گوێ قولاخم هەتا ئەگەر هەواڵێکم زانی، بە خزمەتتانی ڕابگەیەنم. »

ئایە ئەکرا لەم نامەیەوە وای دابنێم کە ساواک ئەم بەردەستەی ڕاسپاردووە ئاگای لە ماڵی ئێمە بێت شوێنی ڕوقیە هەڵبگرێ؟ لەمبارەیەوە بە تەلەفۆن لەگەڵ دکتۆر بیژەن بە ڕەمز و هێما قسەم کرد. پاش چەندێک لە لایەن زاواوە نامەیەکی ترم بۆ هات کە: «باشترە لەمبارەیەوە لەگەڵ کەس نەدوێن، ئەمانە دۆستی درۆن و لە دەوری شیرینی کۆبوونەتەوە.

تۆ بڵێی دیسانەوە لە شوێنێک ناوی ڕوقیە برابێ؟ یان ئەوەی چاوچنۆک و ئێرەییبەران کە سەردەستەیان حاجی عەلی ساوجی و ژنراڵ سەرلەشکر بوون، ئەیانەوێ چیرۆکی ڕوقیە بکەن بە کراسی عوسمان و داوم بۆ بنێنەوە و بدەن لە ڕەگ و ڕیشەم؟ بەڵام بە هەڵەدا چووبوون. من ئەو بیە نیم بەوجۆرە بایە بلەرزێم. دەستەچەکی جۆراوجۆر وان لە باخەڵمدا.

هەواڵی ترسناک لە پاریسەوە هات. شێخە تەلەفۆنی کرد. نیوەشەو بوو. لەخەو هەڵیسانم. پرسیم:

ـ بەم نیوەشەوە چیت لێم گەرەکە؟

ـ هیچم ناوێ، ئەمویست هەواڵت بپرسم. دڵم بۆت تەنگ بووە.

ـ ئەمکاتەی شەو، وەختی هەواڵپرسینە؟

ـ ئاخر خۆ بە ڕۆژ ناتوانم جەنابت بدۆزمەوە. مرۆڤ ناچار ئەبێ شەو و نیوەشەو لە خەو ڕاتپەڕێنێ. ئێستە مەگەر لێم تێک داویت؟ کەسێکت لایە؟

ژمارەی تەلەفۆنەکەمی لە ناوەندی شەو و ڕۆژی باڵوێزخانە وەرگرتبوو. نیو کاتژمێر قسەمان کرد. شتێکی گرنگم دەسنەکەوت.

ئەم سیخوڕە کۆنەکارە ئەیزانی تەواوی وتووێژەکانی شەوانە تۆمار ئەکەم. نەی ئەویست بەڵگە بدا بە دەستەوە. کاسێتی قسەکانم بەو نیوەشەوە دوو سێ جار لێدایەوە و لە گاڵتەکانیەوە کە ئەیوت دڵم زۆر بۆت تەنگ بووە، تێگەیشتم ئەیەوێ شتێکم پێ بڵێ و بە تەلەفۆن بۆی ناکرێ. مارانگەستە لە هەموو دەزوویەک ئەترسێ. گورج ڕوقیەم هاتەوە بیر. خەوم بینی خەریکن ئەشکەنجەی ئەکەن. هەستام. مانگی جانیوەری بوو و هەوا سارد بوو. لە پەنجەرە سەهۆڵگرتووەکانی ژوورەکەمەوە سپیایی بەفریش نەئەبینرا. بە کاغەزبڕەکە سەهۆڵەکەم تاشی. مانگی شەوی چواردە باخچەی ماڵەکەی تەواو ڕووناک کردبوویەوە. بۆ ساتێک تاکێکی پەنجەرەکەم کردەوە. سەرمایەکی دڕ دای بە ڕوومەتما و ڕووشاندی. پەنجەرەکەم داخست و پەردەکانم ڕاکێشا. بیستۆکی تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و دەنگی شێخەم بیست. بە فەڕانسە شکاوەکەیدا زانیم خۆیەتی. پێکەنینم هات. پرسیم:

ـ ئەوە کێیە ئەوەندە جوان بە فەڕانسە قسە ئەکات؟

به فارسی وەڵامی دایەوە:

ـ کێیە ئەمکاتەی شەو تەلەفۆن ئەکا؟

وەڵامم دایەوە:

ـ ئەو کەسەیە لەخەو هەڵتساند.

ـ تۆی، چی بووە؟

ـ منیش دڵم بۆت تەنگ بووە.

ـ کەوابوو هەڵسە وەرە با پێکەوە بچین بۆ ڕابواردن.

ژوانمان دانا و جێژوانمان دیاری کرد. چەند ڕۆژ پاش ئەوە لە فرۆکەخانەی ئورڵی دابەزیم و یەکسەر بە تاکسی چووم بۆ هوتێلەکەی. لە تاورمەی[٤٠] هوتێلەوە زەنگم لێدا بۆ ژوورەکەی.

---

٤٠ ـ تاورمە: lobby ناو وەرتاورمە، هۆڵ، بێلایی، بەرسقکە، لابی ع ردهة N lobbyen د سالن ⇦ لابی کردن: lobbying چاوگی تێپەڕ پڕۆپاگەندە وڕاکێشانی لایەنگر و

زۆری وت بچم بۆ ژوورەکەی، نەچووم. لە کوێوە بزانم چ فێڵێکی لەژێر سەردا نییە؟ لەو بەلایەی لە ڕەستۆران بە سەر دکتۆر بیژەن هاتبوو، پارێزم وەرگرتبوو. نەمئەویست بەڵگە بدەم بە دەستەوە. وتم:

ـ یاشێخ هەر بەو جۆرەی کە هەی، هەڵسە وەرە خوارەوە تا پێکەوە پیاڵەیەک چا بخۆینەوە. بەڵام بەبێ فرت و فێڵ.

ـ فرت و فێڵ لە تۆ ئەوەشێتەوە. ئەوە هاتم.

کاتێکە لە ئاسانسۆرەکە هاتە دەرەوە، باش هەڵم سەنگاند. جانتا و شتی وای پێ نەبوو. تەنها پەڕە کاغەزێکی بە دەستەوە بوو. ڕۆیشتین و لە سووچێکی هۆڵەکەدا دانیشتین و بۆ ماوەیەک قسەی بێسەروبەرمان کرد و هەروەها پرسیم:

ـ ڕێکۆردەر و شتی وات خۆ پێ نییە؟ لە گیرفانتا؟

ـ پیاوی باش خۆ من ساواکی نیم. من لە سووچێکا کەوتووم. تۆ کارت بە کاری من نەبێ، منیش ئازارم بە کەس ناگات. ڕیکۆردەرم بۆ چییە؟

سەیرێکی کردم، بەوجۆرەی ژێر لە گەمژە ئەڕوانێ و وتی:

ـ بچینە سەر بابەتەکە. لەبیرتە ڕۆژێک پێموتی ئێوە خاون و نازانن دوژمن لە کوێ خۆی حەشار داوە و خەریکە لە بنەوە لە ڕیشەتان ئەدات؟...

پەڕیمە ناو قسەکەی:

ـ یاشێخ منت بانگ کردووە بۆ ئێرە ئامۆژگاریم بکەی؟ ئەمانە ئێمەش خوێندوومانە. چیت پێیە دەری بڕە.

کاغەزەکەی بە دەستیەوە بوو کردیەوە و لەسەر مێزەکە پانی کردەوە. سەرەتا جگە لە وێنەی چەند گەنج هیچم نەدی. گرتم بە دەستمەوە و لەپڕ بەرچاوم تاریک بوو. وێنەی دوو کچ لەسەر کاغەزەکە، کە وەکوو بەیاننامەی دیواری وابوو، ئەبینرا. یەکیان

---

یارمەتی بۆ کەس، ڕێکخراو، یان نەتەوەیەک.

ڕوقیە بوو. پانزە شانزە ساڵ لەمەوبەر. باش کە سەیرم کرد هەر ئەو وێنەیە بوو لە سەردەمی دەزگریانداری گرتبووی. وا دیار بوو لە وێنەی دەزگیرانەکەی جیایان کردبوویەوە و گەورەیان کردبوویەوە. وێنەکەی تریش ئەیتوانی ڕوقیە بێ. بە سەرپۆشێکی ڕەشەوە کە لەژێر چەناکەیدا گرێی دابوو و تەنها تەختی ڕوخساری دیار بوو. بەڵام ئەم وێنەی دووەم لەو ڕوقیە نەرمونیانە نەئەچوو. هێڵەکانی ڕوخسای رێکی بەکێشەر و جوانیان نەمابوو. ئەڤان و ڕق و بێداری و تووڕەییان لێ ئەباری. بوغز و کینە و دڕندەیی لە دەموچاوییەوە هەڵئەقوڵی. بە خۆمم وت: ئەمە ڕوقیە نییە... زەبری دەروونی بەوجۆرە ڕوخساری مرۆڤ ناگۆڕێ. ئەی ئارامی و خۆشەویستی و سادەیی چی لێهاتبوو؟ ژنێکی ئازارچەشتوو و هیوابڕاو سەیری ئەکردی.

بۆ ماوەیەک چاوم لەسەر وێنەکە ئەبڵەق بوو.

لەبەر خۆمەوە، بەڵام بە نووزەیەک کە شێخە بیستی وتم:

ـ نەء، ئەمە ڕوقیە نییە.

شێخە چاکەی خواردەوە و داوای کرد کونیاکیان بۆ هێنا. ئەتوت هیچ ئاگای لە من نییە و خەریکە کاتێکی ئارام و بێپەژارە تێئەپەڕێنێ.

جارێکی تر ڕاگەیەندراوەکەم خستە بەر ڕووناکی بە وردی لێی ورد بوومەوە.

مسۆگەر لە شارەکاندا بڵاویان کردۆتەوە. زۆر سەیرە کە من هەتا ئێستە پێم نەزانیوە. ئێرەبەران لێمیان شاردۆتەوە، کە سەرەونگومم بکەن. پرسیم:

ـ کەی ئەم ڕاگەیاندنە بڵاو کراوەتەوە؟

ـ ڕەنگە دوێنێ یان پێرێ. هەر ئەو شەوەی تەلەفۆنم بۆ کردی. گەشتیارێک دانەیەکی بۆ هێنابووم.

ـ دەزگاکەی تۆ لە هینەکەی من باشتر کار ئەکات.

ــ من دەزگام نییە. برادەران ئاگایان لێمە.
ــ رات چییە؟
ــ رام چی بێ. من لە سەرەتاوە ئەمزانی ڕوقیە سەری لە شوێنێک بەندە. بەڵام بەداخەوە ئێوە ڕێگەتان لێ ون ببوو و لە هەموو شوێنێک پلارتان لە قەلەپاچکەی بەچکە کومۆنیستەکان ئەگرت و دوژمنە سەرسەختەکەتان بە کەم دانابوو و هەندێجار هەر لەبیرتان کردبوو. ئێستە دەرئەکەوێ بۆ تورکستان چووبوون. کەعبە لەم لاوەیە.

لەم شێخەیە جگە لە قسەی هەلەق و مەلەق هیچم دەسگیر نەبوو. لێم پرسی:
ــ پەیوەندیت لەگەڵ فەرزان چۆنە؟
ــ پەیوەندییەکم لەگەڵی نییە. ئەزانم هەموو شەوێک لە کافەیەک لە «رودباڵزاک» لێی داکوتاوە. ژوورەکەی ساردە و بۆی گەرم ناکرێ. مەزاخی گرانە. خراپ نییە سەرێکی لێ بدەی. دڵنیام ئەو لە من زیاتر ئاگادارە. سەردەمێک لەگەڵ ڕوقیە زۆر ڕێک بوون.

فەرزانم دۆزییەوە. پێشخزمەتێکم نارد بۆ لای کە یەکێک لە ناسراوە کۆنەکانی ئەیەوێ چاوی پێی بکەوەێ. فەرزان گوێی نەدایە پێشخزمەت. سەری لەسەر پەرتووکەکەی بە دەستیەوە بوو بەرزکردەوە و وتی:
ــ هەرکەس کاری بە منە با بێ بۆ ئێرە.

لەسەر پارچە کاغەزێک بۆم نووسی: «کارم پێتان نییە. داوای یارمەتیتان لێ ئەکەم. ئەگەر بە ئەکی نەزانن چەند خولەکێک پێکەو قسە بکەین.» واژۆی خۆم خستە ژێر نووسینەکە.

من لە ئوتۆمۆبیلی باڵوێزخانەدا دانیشتبووم. لە دوورەوە بینیم. قورس و هێدی ئەڕۆیشت بە ڕێدا. ئەو پیاوە باڵابەرزە، چوارشانە، بەقەڵافەتە هەندێ پیرتر خۆیای ئەکرد. بەڵام سام و وەجی خۆی پاراستبوو.

لە ئوتۆمۆبیلەکە دابەزیم. دەرگاکەم کردەوە. تەوقەم لەگەڵ کرد. ئەوم لە دەستی ڕاستی خۆمەوە دانا و خۆم لە دەرگاکەی ترەوە چومە پشت فەرمان.

ـ جەنابی سکرتێری باڵوێزخانەی شاهەنشایی لە بریتانیای مەزن، چۆن بوو بیری من کەوتیتەوە؟

ـ جەنابی فەرزان، فەرمیات بخەینە لاوە، خەریکە بەدبەخت ئەبم.

لاپەڕەکەم پیشان دا. سەیرێکی کرد و چەن چرکەیەک سەیری کرد. دایەوە دەستم و چاوی بڕییە ناوچاوم. ئوتۆمۆبیلەکەم لە قەراخ شەقامەکەدا ڕاگرت و چاوم تێبڕی.

ـ مەگەر چاوەڕێی جگە لەمە بووی؟ تۆ ئەوت خستە ئەم ڕۆژەوە. لە گیانی من چیت ئەوێ؟ ئەوسا کە قاقاتان مەستانە بوو/ هیچ بیری زستانتان نەبوو.

وەڵامی ئەوم نەدایەوە، بەڵام پرسیم:

ـ ئەم ژنە ڕووسەری بە سەرەش ڕوقیەیە؟

چی بە دەمیا هات پێی وتم. فەرزانی خاوەن بیر و بەپارێز و دابزان کونترۆڵی خۆی لەدەست دابوو. تەواو نائومێدی کردم. باش باش دایشۆردم. نەموێرا فززە بکەم. ئەوەندەی نەمابوو دەست بکا بە جنێودان. خەریک بوو دەس بکەم بە گریان. بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا تەریق بوومەوە. بە سەرسووڕمانەوە وتی:

ـ سەیرە! ئەڵێی هێشتاش سەرەدەرزییەک ئینسانیەتت تیاماوە؟ ئەڵێی ئێستە خەریکی لەوە تێ ئەگەی کە خوشکت خۆش ئەوێ؟

دامابووم. نەم ئەزانی چ وەڵامێکی بدەمەوە. زمانم لاڵ ببوو.

ـ ئەو ڕۆژەی بە کلک گوێزت ئەشکاند، ئەم ڕۆژانەت نەئەهاتە پێش چاو.

لە ئۆتۆمۆبیلی باڵوێزخانە دابەزین. بردمی بۆ کافەیەکی پەنا لە دەرەوەی پاریس. شووشەیەک شەرابمان داواکرد و چاومان بڕییە

ڕەنگی سووری شەرابی بوردۆ. پێکەنی و وتی:

ــ ئێمە لە پیاڵەدا وێنەی ڕوخی یار ئەبینین. منیش ئەوم خۆش ئەویست. بەڵام ئەو خولیای خەونەکانی خۆی بوو. نەمتوانی دڵی ڕاکێشم بۆ لای خۆم. نازانم کێ تاوانبارە؟ تۆ، من، هەموومان؟

هەقی بوو. هەرچی ئەوت ڕاستی بوو. لە ژیانمدا هەرگیز ئەوەندە خۆم بە زەلیل نەزانیبوو. ڕاستەکەشی تا ئەوکاتە هەستم پێنەکردبوو ئەوەندە ڕوقیەم خۆش ئەوێ. ئەوسا زانیم ڕق و تووڕەییەکەی ئەو بەرامبەر بە من لە ڕووی خۆشەویستی خوشک بۆ برا بووە. بەدەمی داچەقاوەوە منیش وێنەی ڕوخی یارم لە پیاڵەدا ئەبینی.

ــ جەنابی فەرزان چی بکەم؟

ــ هەڵسە بچۆ بۆ تاران، هەوڵ بدە ڕوقیە ڕزگار بکەی. ئەگەر هەتا ئێستا نەیان گرتبێ، ئەیگرن. زیندوو یان مردوو، من ڕوقیە باش ئەناسم. بە زیندوویی خۆی نادا بەدەستەوە. یەک لەسەدــ نا، یەک لە هەزار ئومێدی ئەوە هەیە بتوانی لە ئێران دەربازی بکەی. هەر ئەمە. ئیتر هیچ کارێک ناکرێ. ئەزانم کە شارەزایە و لێزانە، لە فەلەستین پەروەردە کراوە. هەمیشە ژەهری لەگەڵ خۆی پێیە کە خۆی نەدا بەدەستەوە.

ــ چۆن بچم بۆ تاران؟

ــ مەترسی هەیە؟ مەگەر ژیانی ئێمە بەبێ مەترسیش ئەبێت؟ هەر ئێستە کە تۆ لەگەڵ من لێرە دانیشتوی و لەگەڵ یەکێک لە نزیکەکانی بەختیار قسە ئەکەی مەگەر هەست بە مەترسی ناکەی؟ من خۆم هەموو ساتێک چاوەڕوانم یەکێک گوللەیەک بنێ بە مێشکمەوە: یان دۆستی مەکە لەگەڵ فیلبان/ یان ماڵێک بکە شایانی فیل بێ. ئەمە ئەو نەخشەیە کە چارەنووس بە ناوی ئێمەوە نەخشی کردووە...

وتی و وتی. خەریک بوو مێشکم بشواتەوە. لە مرۆڤێکی بەڕێز ئەچوو. ڕاستگۆ، یەک قسە، سادە و لەڕوو. هیچ ترسێکی نەبوو.

ئەتوت لەگەڵ خۆی قسە ئاکات، نەک لەگەڵ هەمەکارەی دەزگای ئاسایش و زانیاری وڵات لە سەرانسەری ئوروپا. کابرایەک بوو ئەچووە دڵەوە. هەژار بوو، بەڵام ڕاستگۆیی و بڕوابەخۆ بوونی، منی گرت. کراڤاتی نەبەستبوو. شاڵێکی سەوزی خستبوویە دەور ملی بۆ پاراستن لە سەرما. لەپەسا چینەکانی ناوچاوی گرژ ئەبوون و ئەکرانەوە. حەزم ئەکرد یارمەتی بدەم و پارەی پێ بدەم. نەم ئەوێرا. تەنانەت پارەی شووشە شەرابەکەش ئەو دای.

ـ جەنابی فەرزان ئەگەر کارێک لەدەست من بێت درێخی ناکەم.

تۆ لە یارمەتیدانی ڕوقیە درێخ مەکە. دڵ بدە بە دەریادا.

تا بەردەرگای ئوتۆمۆبیلەکە پێکەوە ڕۆیشتین. لێم پرسی:

ـ جەنابی فەرزان ژیانتان ئەگوزەرێ؟

ـ ئەوەندە هەیە مرۆڤ بیخوا و نەمرێ.

ـ لە چ ڕێگەیەکەوە ژیانت ئەگوزەرێ؟

ـ ئەڵێی ساواکی نیت و ئاگات لە ژیانی من نییە؟ لە ڕێگەی گەدایی و لەو دوو قەران سێ پەناباتەوە کە لە وەرگێڕان و پیاچوونەوەی کارەکانی خەڵکی تر دەستم ئەکەوێ. مەگەر خۆت دەماوەندیت نەناردە لام تێزی دوکتۆرای بۆ بنووسم؟

چ خەڵکێکی بەویژدان لەم دنیایەدا هەیە. خوایە خۆت بینای!

بە ئوتۆمۆبیل گەیاندمە هەمان کافەی کە لەوێ دۆزیبوومەوە. کاتی ماڵاوایی وتم:

ـ جەنابی فەرزان من هیچکەسم نەناردووە بۆ لای تۆ. ئەو هەتیوە هەم فێڵ لە تۆ ئەکا و هەم لە من. بە خزمەتی ئەگەم. شلەیەکی بۆ لێ بنێم چوار بست ڕۆنی لەسەر بێ.

ـ ئەتەوێ ئەم نانەشم ببڕی؟

وەڵامم دایەوە:

ـ نانا، دڵنیا بە. دکتۆرێکی ساختە کەمتر یان زیاتر گیروگرفتەکە

چارەسەر ناکات.

کاتی جیابوونەوە زۆر زویر بووم. حەزم ئەکرد ماچی کەم. ئەم کابرا ڕۆژێک شەیدای ڕوقیە بوو، ئەویش ئەوکاتەی کە لە مێردەکەی جیا ببوویەوە و خەریکی تەڵاق و تەڵاقکاری بوو. زۆر بە توندی دەستم گووشی، بەڵام ئەو دەستی منی نەگووشی.

کاتێکە لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا دانیشتم و تارماییەکم لەناو ڕێبوارەکانی شەودا بینی لەپڕ بیرێک هات بە مێشکمدا. ڕێگەیەکم دۆزییەوە یارمەتی بدەم بەبێ ئەوەی خۆی هەست پێبکا لە کوێوە ئەو ڕۆزییەی بە سەرا ڕژاوە.

لە پاریسەوە چووم بۆ ژنێڤ. لە ڕێگەی ئەو کەسەوە کە لە جێگەی مەملووک دانرابوو، چاوم بە باڵوێزی گەڕۆکی شاهەنشا، کە سەرپەرشتی خوێندکارانی هەموو ئوروپا بوو، کەوت. ئەمویست بزانم بڵاوکردنەوەی وێنەی ڕوقیە لە بەرگی خراپکاردا گۆڕانێکی لە دۆخی ڕامیاری مندا بەدیهێناوە یان نا؟

ڕەفتاری جەنابی باڵوێزی یەکەم کە بەڕواڵەت لەپاش ڕیسواییەکەی دکتۆر بیژەن، هەستی بە گرنگی و کارزانی من کردبوو، زۆر دۆستانە بوو. شەومان بە ڕابوردن و خواردنەوە تێپەڕاند. چووین بۆ کابارەیەک و لەگەڵ چەند ژنی شۆخ و شەنگ ڕامانبوارد. نیوەشەو بە سەرخۆشی گەڕاینەوە بۆ شوێنەکانمان. کاتی جیابوونەوە جەنابی باڵوێز ئەوەندەی ئاگا لە خۆی بوو کە بە من بڵێ:

ـ بەیانی پێش ڕۆیشتنت وەرە بۆ لای من. نیوکاتژمێرێک کارم پێتە. ئەگەر کاتت نەبێ خۆم ئەتبەم بۆ فڕۆکەخانە.

مەبەستی وتووێژ کردن بوو لەسەر دەسکەلا هەڵبژێراوەکانی من. لە نووسینگەکەی لێی پرسیم:

ـ ئەم دەستپەروەردانەی تۆ کەی خوێندنیان تەواو ئەبێت، چەنێ خۆیان ئەخلافێنن؟ کەی ئەگەڕێنەوە بۆ ئێران؟ کاریان بۆ

لەبەرچاو گیراوە؟ مەگەر نابیستی کە باسی مافی مرۆڤ و ئەوە ئەکرێت؟ شاھەنشا لێبڕاون پیر و پاتاڵان خانەنشین بکەن. لەبری ئەوانە ئەبێ لە گەنجە بڕواپێکراو و شاپەرستەکان کەڵک وەربگیرێ.

بە دۆسیەکانی ئەھاری و دەماوەندی و خانعەلی‌دا چووینەوە. بەمەی سێھەم کە گەیشت وتی:

ـ ئاگات لەمە بێ. خۆشی داویەتی لە دڵی. دووسەرە لێ ئەدا. خواشی ئەوێ و خورمایش. لێی گەڕێ با کارەکەی بکات. بەوجۆرەی کە ھەیە بەکەڵکی ئێمە دێت.

پێکەنیم و وتم:

ـ خورماکەی ئێمەین، خواکەی لە کوێیە؟

ئەویش بە پێکەنینەوە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەو شوێنەی کە کاربەدەستەکانمان ھەتا ئێستا سەریان پێ سپاردووە.

ھیچم نەوت، چونکا ئەمزانی خۆی یەکێکە لەو کەسانە.

لە دۆسیەی چەند کەسی تریشمان کۆڵایەوە. ئەمانە لە دەستپەروەردەکانی خۆی بوون. کاتی فڕینەکەم خستە دواوە. دۆسیەی دەماوەندیم لە نووسینگەی باڵوێزی گەڕۆک خوێندەوە. باڵوێزی گەڕۆک ھەتا بەڵگەکانی خۆم تەیار بکەم. بەڵێنم دا چوارچاو ئاگام لە ھەموویان بێ.

شادمان بووم و دڵم گەشایەوە لەوەی تا ئەو ڕادەیە جێ متمانەی شاھەنشام کە ئەتوانم لە ھەڵبژاردنی دەسەڵاتدارانی بڵندپایەی وڵاتەکەمدا بەشداری بکەم. دڵنیا بووم ھیچ گەردێک لە ڕوخسارم نەنیشتووە و ئاوێنەی بەختم لووس و پەرداخە. سەیرێکی دۆسیەی فەرزانیشم کرد. بینیم جگە لەوەی خۆم ئەیزانم ھیچی وا لە کەشکۆڵەکەیدا نییە. دەمەو نیوەڕۆ فڕیم بۆ لەندەن. دەسبەجێ چووم بۆ ژوورەکەی خۆم. سەر مێزەکەم پڕ بوو لەو نامانەی لە لایەن ھاوکاران و دوژمنان و ئێرەییبەرانەوە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی

وێنەکەی ڕوقیە هاتبوو. تەنها دکتۆر بیژەن و ژنراڵ سەرلەشکر هەواڵیان نەبوو. دای لە دڵم ئەم گرووپە خەریکن بۆم ساز ئەکەن. ئەیانەوێ بۆم تێ بچێنن. چاوچنۆکان ئەیاندا لە ناڵ و لە بزماریش و، چاویان لێ نووقاندبوو و دیار بوو ئەبێ سملّیان چەور بکرێت. نەئەبوا بهێڵم تەشتی ڕیسواییم لە بانەوە هەڵدەنە خوارەوە. پێیان وابوو ئەتوانن دەست و پێم بخەنە ناو توێکڵە گوێز و لە کەری خۆیان سوار ببن. پێویست بوو خۆم بچم بۆ تاران و سەری توورەکەکەیان بۆ شل کەم.

نامەیەکی مووساگیانم بۆ هاتبوو، پڕ بوو لە دڵسۆزی. لەبارەی دایکمەوە نووسیبووی خەریکە تیائەچێ و زۆر زەختی ئەکرد هەرچی زووترە، ئەگەر بۆ چەند ڕۆژێکیش بووە، سەردانێکی وڵات بکەم: «هیوادارم نیازمان بەراورد ببێت.» نەم ئەتوانی ڕووی بخەمە زەوی. ویستم نامەیەک بنووسم و دڵی بدەمەوە و بەڵێنی پێبدەم بە زووترین کات خۆم بگەیەنم بە دایکم و تا ئەو کاتەی دێمەوە، داوای لێبکەم هەر وەکوو دۆست و یاوەر و ڕێنمای خۆم بووە، ئاگای لە دایکیشم بێت. لە ڕووی دەرمان و خواردن و پزیشک و پەرستارەوە. هەروەها دڵنیای بکەم هەموو چاکەکانی بۆ قەرەبوو ئەکەمەوە. نامەکەم نووسی و ئەمویست بینێرم بەڵام ڕووداوێکی سەیر هاتە پێشەوە و لە ناردنی نامەکە ژێوانی کردمەوە.

ناخی شەو بوو. سەیری کاتژمێرم کرد، بیست خولەک لە چوار لای دابوو، یەکێک لە تەلەفۆنەکەدا وتی:

ــ ئەگەر لە ماڵەوە بیت یەکێک لە نزیکەکان ئەیەوێ دەسبەجێ قسەت لەگەڵ بکات. تا کاتژمێرێکی تر تەلەفۆنت بۆ ئەکاتەوە.

لە ژووری خەو تەلەفۆنێکی تایبەتم هەبوو کە تەنها خەڵکی زۆر نزیک ژمارەکەیان هەبوو. ئەگەر وەخت و ناوەخت لە تارانەوە منیان بویستایەت، تەلەفۆنچی سەبارەت بەم ژمارەیە منی ئاگادار ئەکرد و ئەمتوانی خۆم لەگەڵ تاران پەیوەندی بگرم. بەڵام دەنگی

تەلەفۆنچیم ئەناسی. پیرەمێردێکی نائینگلیز بوو. جگە لەوە چاوەڕێی وەڵامی منی نەکرد و بە فارسی کەوتە قسەکردن. تەلەفۆنەکەی بڕی و من حەپەسام. ترس هەڵیگرتم. ئەوە کێیە ژمارەی نهێنی من ئەزانێ؟ لە کاتێکی وەهادا هەڕەشەم لێ ئەکات. فەرمان ئەدا و چاوەڕێی وەڵام ناکات و تەلەفۆنم بە سەردا دائەخاتەوە. پاش هەندێک سەرسووڕمانەکەم ڕەوایەوە. بیر بردمی و شوێنی کەوتم و هەزار پیلان بە بەرچاوما تێپەڕی. سەرەتا وام دانا کە ئێرەییبەران و نەیارەکان بوون. بەڵام ئەوان لە کوێوە ئەم ژمارەیان دەسکەوتووە؟ پاشان وتم سیخوڕێکی بێگانە خۆی خزاندۆتە ناو دەزگای ئێمەوە و خەریکە ئاژاوە ئەخاتەوە. ترس دایگرتم. ئایە مەترسییەک هەڕەشەم لێ ئەکات؟ لە تاران شتێک ڕووی داوە؟ یەکێک لە دۆستان و خێرخوازان ویستوویەتی وریام بکاتەوە؟ زەنگم لێدا بۆ تەلەفۆنچی.

ـ تۆ ژمارەکەی منت داوە بە کەس؟ تۆ تەلەفۆنت بۆ کردووم؟ ئەگونجێ ئەم ژمارەیە کەوتبێتە دەستی نەیارێک؟

وەڵامی هەموو پرسیارەکان نا بوو. خەو لەسەرم پەڕیبوو. هەستام. پەنجەرەکەم کردەوە. هەوا سارد بوو. بەستمەوە. لەناو دیوەکەدا هاتم و چووم. لەم دیو بۆ ئەوی تر. لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشام. نیو کاتژمێری پێ نەچوو تەلەفۆنەکە جارێکی تر زەنگی لێدا. بیستۆکم هەڵگرت. ئەوەی یەکەمجار نەبوو. یەکێکی تر قسەی لەگەڵ کردم. بەڵام دەنگەکە ئەوەندە کز بو نەئەبسترا. قیژاندم: «بەرزتر قسە بکە، نابیسم! ئەگەر بۆت نالوێ بەرزتر قسە بکەی، ژمارەی خۆت و شارەکەت و کۆدەکەم پێ بڵێ، من تەلەفۆنت بۆ ئەکەم...»

هەموو هەوڵەکەم بێئەنجام دەرچوو. بیستۆکم دانا و دیسان کەوتمە پیاسەکردن بە ژوورەکاندا. ئیتر خەوم لێنەکەت. ئەمویست زووتر بچم بۆ ژووری کارەکەم و بەدوای خراپکارەکەدا بگەڕێم و لە هەموو ئەوانە بپرسم کە ئەم ژمارەیان هەیە. ئایە کارێکیان بە من

هەبووە؟ هاتەوە بیرم ژنراڵ سەرلەشکر ئەم ژمارەی هەبوو. کات ببوو بە نزیک شەشی بەیانی. ڕیشم تاشیبوو و ئەمویست لە ماڵەوە بچمە دەرەوە کە دیسانەوە تەلەفۆن زەنگی لێدا. دەنگی یەکەمجار بوو، وتی:

ـ یەکێک لە نزیکانی خۆت بوو. ئەیویست پێت بڵێ هەتا درەنگ نەبووە لە کەری شەیتان دابەزە و بەرەی خۆت لەئاو دەرکێشە.

بیستۆکەکەی دانایەوە و ئیتر بێدەنگی تەواو و هیچ نەئەبیسرا. بیستۆک بە دەستی منەوە مابوویەوە. ئایە ئەیانەوێ بەرکەنارم کەن؟ ئەمجارە دەنگەکەم تۆمار کردبوو. کاسێتەکەم لێدایەوە و بە وردی و وشە بە وشە خنیمە مێشکمەوە. «یەکێک لە نزیکان» ئەیویست بڵێ من «لەکەری شەیتان...» چی ڕووی داوە؟ چیم کردووە کە نابێ بیکەم! نزیکان، ڕوقیە، دایکم، مووساگیان؟ من خۆ ئیتر کەسم نییە. ڕەنگە دایکم بووبێ. ئەم ژمارەیەی لە کوێوە دەست خستووە؟ ڕوقیە بووە؟ ویستوویەتی پێم بڵێ کە تووش نەبووە. لە کوێوە؟ لە تارانەوە؟ لە شارێکی ترەوە؟ لە فەلەستینەوە؟ لای ژنراڵ سەرلەشکر یان دکتۆر بیژەن؟

ئاخنراوی ترس و خۆف و دڕدۆنگی چووم بۆ نووسینگەکەم. لە ڕواڵەتی هەموو ئاشنایەک ورد بوومەوە. ئایە ئەوان ئاگایان لێیە؟ شتێکیان بیستووە؟ مەترسییەک هەڕەشەم لێ ئەکات. تەلەفۆنم کرد بۆ شێخە. جگە لەوەی تەشەرم بۆ هەڵدا هیچی نەبوو پێمی بڵێ. خێریم بەخشیەوە. بە بیانوویەک چووم بۆ لای باڵوێز. ڕەفتاری ئاسایی بوو. داوای چای بۆ کردم. نیو کاتژمێرێک پێکەو دواین. باسی هەلومەرج، لاچوونی نیکسۆن و قسەی هەزار بە دراوێک. تەواوی ئەم سەرقاڵیانە، ئەم چەند کاتژمێرە، دڵەخورپەی منی دانەئەمرکاندەوە. هەر کەسێ تەقەی ئەدا لە دەرگای ژوورەکەم دڵم قلْپ ئەبوویەوە. پاش نیوەڕۆ چووم بۆ ماڵەکەم. نیو کاتژمێرێک نووستم و لەخەو ڕابووم. بڕیارم دا بچم بۆ تاران و لە چەند و

چوونی کارەکە بکۆڵمەوە.

لە ماوەی دوو سێ ڕۆژدا کەرەسەی گەشتم ئامادە کرد. ڕۆژی پاشتر هەرسێکیانم بانگ کرد بۆ ژوورەکەم؛ خانعەلی و ئەهاری پێکەوە و دەماوەندی بە جیا. ئەهاری کە زەبری دەستمی خواردبوو، وەکوو سەگ لێم ئەترسا. تەنانەت پاشتریش کە بوو بە دەسەڵاتدار لەگەڵم ڕێک بوو و کاغەزی ماستاوی بۆ ئەنووسیم و مشەمشی ئەکرد.

هەڵکردن لەگەڵ خانعەلی و ئەهاری زۆر دژوار نەبوو. خۆم لێ فش کردنەوە و نەڕاندم بە سەریانا کە جەنابان چەندە لێرە ئەخولێنەوە. ئەگەر هەروا بەرەڵڵایی بکەن کارەکان تێک ئەچێ. مەگەر ئێوە نازانن تەواوی ئەم چەپانە و ئەم کونفدراسیۆنیانە دوژمنی ئێوەن؟ ئێوە نابێ بیانوو بدەن بە دەستەوە، تا ئابڕووتان بەرن. هەوڵیان دا تاوان لەسەر خۆیان لابەرن کە ئێمە خەریکین نامەی دکتۆرا ئەنووسین و ئەمکارە هەمیشە چوار تا پێنج ساڵی پێچووە و ئێمە دوو سێ ساڵ زیاتر نییە کە دەستمان پێکردووە. هەوڵ ئەدەین تا ساڵێکی تر تێزەکانمان بدەین بە پڕۆفسۆرەکان و هەندێ شتی تری لەم بابەتە کە منی ڕازی نەکرد. بەڵام تۆزێ خۆم خاو کردەوە و هانم دان ئەبێ بە زووترین کات ئەرکەکەتان کۆتایی پێ بهێنن و بەردەوام بووم:

ـ ئێرانی ئازیزی ئێمە چوارناڵە بەرەو پێشکەوتن غاری داوە و فەرمایشەکانی خاوەنشکۆتان نەبیستووە کە وتوویەتی لە ماوەی چەند ساڵدا ئەبێ لە پێنج وڵاتی مەزنی دنیا پێش بکەوین؟ کێ ئەبێ ئەمکارانە بکات؟ ئێوە و مانان. مرۆڤی ئەو کارە لە کوێ بهێنین؟ مەگەر ئاگاتان لێ نییە کە شاهەنشا چەندە ئێوەی خوێندکاری لا پەسندە؟ سەیری جەنابی ئازمایش بکەن. چەند ساڵ لەمەوبەر ئەویش وەکوو ئێوە خوێندکار بوو و ئەمڕۆ یەکێکە لە ڕاوێژکارانی شاهەنشا. پارێزگایەکی گەورە و گران بە لێهاتوویی بەڕێوە ئەبا و

هەموو خەڵکی ئێران خۆیان بە منەتباری کارزانی و لێهاتوویی ئەو ئەزانن. چۆنە جەنابی دەماوەندی خەریکە ئەکەوێتە پێشتانەوە؟ ئەوە ڕاستە کە ئێوە لە کاری ڕامیاریدا لەو چالاکترن، بەڵام ئەمە بەس نییە. ئەبێ بە زووترین کات تێزەکەتان تەواو بکەن و لە خەڵکانی وەکوو دەماوەندی دوانەکەون.

هەر دووکیان بە یەک دەنگ وتیان:

ـ قوربان ئەو هەر دەرسی نەخوێندووە. تێزەکەشی یەکێکی تر بۆی ئەنووسێ.

ـ زۆر چاکە، ئەگەر ئێوەش لە ڕوانگەی پاراوی زمانەوە گیروگرفتتان هەیە ئەتوانن لە کەسانێکی تر کە لە پاریس ئەژین و ئامادەن یارمەتیتان بدەن کەڵک وەربگرن.

مەبەستم ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان بوو بۆ لای فەرزان. ڕێگەم پێ نەدان کێشە و مشتومڕ درێژە بکێشێ. لەسەر مێزەکەم هەستام. ئەوانیش بتەوێ نەتەوێ پەیڕەوییان لێکردم و هەستان.

ـ من ئێستە کاتم نییە. ئەمشەو پێنج و نیو وەرن بۆ ماڵەوە هەتا پیاڵەیەک چا بخۆینەوە. باش بیری لێ بکەنەوە و بەڵێنم پێ بدەن کەی بە پلەی دکتۆراوە ئەگەڕێنەوە بۆ ئێران.

ویستم تێیان بگەیەنم ئەبێ بچن بۆ لای فەرزان و داوای لێبکەن نامەی دکتۆرایان بۆ بنووسێ و ئەگەر بە نازناوی ساختەشەوە بووبێ بیان نێرمەوە بۆ ئێران.

پاش نیوەڕۆ کە هاتن بۆ ماڵەوە، کراوەتر لەگەڵیان دوام. بە زمانی بێزمانی پێم وتن بچن لە دۆستان و ئاشناکانیان بپرسن کێ لەم شارەدا ئەو کارە ئەکات و ئەتوانێ لەم زەمینەیەدا یارمەتیان بدات. باش لە مەبەستەکەم تێگەیشتن. ئەگەر پارەیەکیشی پێویست بێ ئەوا من، هەڵبەت لە لایەن وەزیرخانەی زانست و خوێندنی باڵاوە ئەتوانم ژێر باڵتان بگرم. ئەهاری و هاوکورتانەکەی بەڵێنیان دا تا چەند مانگی تر بە تێزەکەیانەوە، یەکیان لە ڕشتەی مافناسی و ئەوی

تریان لە ڕشتەی مافی ڕامیارییەوە، بێنەوە بۆ لای من.

ئاخاوتن لەگەڵ دەماوەندی بەم سانابیە نەبوو. لە هەمان سەرەتاوە کە من بە تۆپی پڕەوە پەلامارم دا، لێم هەڵگەڕایەوە و تەشەری لێدام کە من لە زانست نازانم و تێناگەم کە «پۆلیتۆلۆجی» چ «ساینس»ێکی دژوارە، بەتایبەت بۆ ئەو بێنانانەی کە ئەیانەوێ لەم وڵاتەدا بڕوانامەی خۆیان بنووسن. چەلەحانێ لەگەڵ ئەم هەتیوە جڵفە سەرنجی بۆ یەک خاڵ ڕاکێشام، کە تا ئەو کاتە ئەگەر بینیبووشم، بەڵام بەکردەوە تێی نەگەیشتبووم. کەوتمە بیری ڕەفتاری دکتۆر بیژەن و دکتۆر جەهانگیر و ئەوانی تر لەگەڵ شێخە. ئەوەندەی لەگەڵ سیخوڕێکی دەزگایەکی تر ڕووبەڕوو ئەبوونەوە، بە گۆچان ئەڕۆیشتن بەڕێدا و خۆیان وا پیشان ئەدا کەری ئەوان لە جاشیەتیەوە کلکی نەبووە. بەڵام ئەم، چونکە تازەپێگەیشتبوو، نەمتوانی خۆم ڕاگرم و لێی پەژێرە بکەم بەو بستە باڵایەوە نازم پێ بفرۆشێ. لە برامبەریا ڕاوەستام و دەنووکم قرتاند و پەڕیمە ناو قسەکەی و وتم:

ـ جەنابی دەماوەندی، بڕۆ ئەو قسانە بە باوکت بڵێ. ئێمە ئەم شێوازانە ئەزانین و کارمان پێکردووە. تۆ، لێرە بەکرێگیراوی ئێمەیت و ئەبێ بۆ ئێمە کار بکەیت. پۆلیتۆلۆژی و ساینس بەکاری من نایەت... پێت وایە من نازانم کێ تێزەکەت بۆ ئەنووسێ؟

بە زۆر خنیم بە مێشکیدا و چارەی بۆ نەمایەوە، جگە لەوەی کلکی بخاتە سەر پشتی و ڕێگەی خۆی بگرێ و بڕوا. لە ژوورەکەم کردمە دەرەوە و وتم:

ـ من چەند ڕۆژی تر ئەچم بۆ تاران. کاتێک گەڕامەوە ئەبێ پێم بڵێی کەی کارت تەواو ئەبێت. فێڵ لە من و لە دۆستانت مەکە. پێکەوە بن، بۆتان باشترە. شاهەنشا فەرموویانە گەنجە خوێندەوارەکان ئەبێ بە زووترین کات بگەڕێنەوە بۆ وڵات و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی وڵات بگرن بەدەستەوە.

وا لە دەمی درا خۆیشی باوەڕی نەئەکرد. وەکوو مشکی تەڕ خزایە کونەوە.

کەرەسەی گەشتم ئامادە کرد. کارەکانی خوێندکارانم سپارد بە یەکێک لە سکرتێرەکانی باڵوێزخانە. تەلەفۆنم بۆ باڵوێز کرد کە بەرەو تاران ئەڕۆم. شڵەژا و پرسی:

ـ مەگەر هەواڵێکی تازە هەیە؟

ـ هیچی تازە ڕووی نەداوە. مەبەستم دابینکردنی کار و پیشەیە بۆ خوێندکارە دەرچووەکان، کە لە ئێران سەریان لێ تێکنەچی و زووتر دەستیان بەند بێ.

بەپەلە بلیتی فڕۆکەم وەرگرت. هەندێ وردەواڵەم بۆ ئاشنا و ڕۆشنا کڕی. بۆ سەرۆکی ساواک جێ میوەیەکی کریستاڵم کڕی بە ٧٥٠ پاوەن و دوو سێ قوتوە جگەرەی زێڕ و زێڕکاری و چەندین کاتژمێر و ئەنگوستیلە و وردەوپردەی تر بۆ دەستوپێوەندەکان. جانتاکەم پڕ بوو لە دیاری. کۆتایی فیبریوەری ١٩٧٥ بوو گەیشتمە تاران و یەکسەر چووم بۆ ماڵی دایکم. لە هەمان ماڵە کۆنە هەژارانەکەدا ئەژیا کە من تیا لەدایک ببووم. نیشانەکانی هەژاری و نەداری لە دەر و دیوارەوە ئەباری. زەلیلی و نەهامەتی منی ڕاشەکاند کە بە ژیانی کەشخە و خوشگوزەرانی ڕاهاتبووم. چەندین جار لە دەرگام دا هەتا دایکم خۆی گەیاندە پلیکانەکان و دەرگای لێکردمەوە. گرمۆڵە ببوو. تەنها پێست و ئێسکێکی بێدەنگ جەستەی ئەوی پێکهێنابوو. ئەوەندە لاواز ببوو من ترسام بیگووشم بە سینگما. کاتێکە منی بینی زمانی نەگەڕا، لاڵ بوو. نەی ئەتوانی وشەیەک بڵێ. ئەتوت چاوی نابینێ. دەنگی ناسیمەوە. بە پەنجە بێگیانەکەی دەستی هێنا بە ڕوومەتما. نەوازشی کردم. لە عەرز بەرزم کردەوە. دەستی خستە دەور ملم. خەریک بوو هەناسەی ئەبڕا. بردمە ژوورەکەی خۆی و لەسەر جێگەکەیا خەواندم. لە تەنیشتیەوە دانیشتم و بە هەردوو دەست پەنجە درێژە و وشک هەڵاتووەکانیم ماچ کرد و

پرسیم:

ـ دایە چۆنی؟

ـ ئەگەر نەهاتایەتیت، نەت ئەبینیمەوە.

چەند خولەکێک لەلایەوە دانیشتم. دامپۆشی و دەستە وشک هەڵاتووەکانیم گرت بە دەستمەوە:

ـ دایەگیان چیتە؟

پچڕ پچڕ بە دەنگێکی ناسک وتی:

ـ هیچم نییە. باشم، خۆشم. تەنها پەژارەی ئەوەم بوو نەتوانم تۆ و ڕوقیە ببینمەوە.

پاشان سەری لەسەر باڵنجەکە بەرز کردەوە. ئەیویست لە گوێم نزیک ببێتەوە. گوێم برد بۆ نزتک دەمی. بە ئەسپایی وەک بڵێی ئەیەوێ ڕازێکم پێ بڵێ کە هیچکەس نابێ بیزانێ وتی:

ـ وێنەکەت بینی؟

سەرم ڕاوەشاند.

ـ خۆیەتی؟ من چاوم باش نابینێ، خۆیەتی؟

لە بن دۆشەکەکەی وێنەکەی دەرهێنا. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد و دوو وێنەی ڕوقیە کە یەکیان هیی کاتی دەزگیرانداری و ئەوی تریشیان ژنێکی لەچک بە سەر بوو، پیشانی دام. نەم پرسی لە کوێت هێناوە.

چاوەکانی بەست و لێوی جووڵا:

ـ وتوویەتی بە کەس نەڵێم. زاوا بۆی هێنام. ئەڵێ لەچک بە سەرەکە ڕوقیە نییە.

دایکم ناز کرد، ڕوومەتیم ماچ کرد. وەکوو شتێ ئەیویست بخەوێ. چەند خولەکێک هەر دوو بێدەنگ بووین. هەندێجار سەیری ڕوخساریم ئەکرد. هەندێجار لە پەنجەرەوە ئەمڕوانیە حەوشە کە ڕووتەڵەتر لە جارانیش خۆیای ئەکرد.

دایکم دەستی کرد بە زەمزەمە کردن، ئەیویست گۆرانی بڵێ.

هەر ئەو گۆرانیەی من و ڕوقیەی چوار پێنج ساڵان ئەمانخوێند. تازە باوکمان مردبوو. دایکم ئەیخوێند و ئێمەش سەمامان ئەکرد. «دڵ هەوای سەوزە و دەشتی نییە/ حەزی ناو باخ و تەماشای نییە». پاشماوەی گۆرانیەکەی نەئەزانی و خۆی هۆنراوەی هەڵئەبەست: «ڕۆژگار بە مرادی مە نییە/ باوکمان نییە، هیچمان نییە...»

ئەوی تر نەئەبیسرا. گوێم نا بە دەمیەوە. بەس هەناسەی بوو و دەنگی تری لێوە نەئەهاتە دەرەوە.

هەزاران بیر لە تاریکیەوە هاتن بە مێشکمدا، گەورە بوون، باڵایان کرد، لێک پچڕان و ون بوون. لە چرکە ساتێکدا ژیانی خۆم بە سەر کردەوە.

لە جیهانی ئەندێشەدا بۆ ڕۆژێک گەڕام کە دارتاشیم ئەکرد. لە پشت شووشەکەوە دار سنەوبەرەکە دیار بوو، لەوبەری ئەستێڵەکەوە دار قۆخێک هەبوو کە بە منالی پێش ئەوەی میوەکانی بگات، ئەمانڕنیەوە، ئەمانخوارد و تفمان ئەکردەوە. ژوورەکەی من دیار نەبوو. دیوارێکی بڵند بە بەرزایی دوو مەتر دایشاردبوو. بیستبووم کە دایکم بۆ خەرجی خۆی داویەتی بە کرێ و پاشان فرۆشتوویەتی. گومانم بۆ ئەوە چوو ساواک کڕیوێتی تا لە هاتوچۆی ئەم ماڵە ئاگادار بێ. ڕایەخە شیتاڵ بووەکەی سەردەمی منالیم هێشتاش لە ژوورەکەدا ڕاخرابوو. کورسیەک لە تەنیشتی دەرگاکەوە دانرابوو. ڕووبەڕووی دەرگاکە مێزێکی لێبوو و ڕوومێزییەکی ئاورێشم کە خۆم لە لنگەوە هێنابووم، درابوو بە سەریا و شەمدانێکی دوو لق و ئاوێنەیەک تەنها شوێنەواری ئەو سەردەمە بوو کە هێشتا پەژارە باڵی نەکێشابوو بە سەر ماڵەکەدا و دایکی دڵسۆز، بە قەرزوقۆڵە جیازی زەماوەندی کچەکەی پێکەوە نابوو. لەبەر شەمدانەکە قورئانێک ئەبینرا، دیارییەکەی ڕوقیە بوو بۆ دایکی.

ئەم ئاسایشە دڵڕفێنە چەند خولەکێکی پێچوو، بەڵام بۆ من تەمەنێکی خایاند... وردە وردە دایکم باشتر بوو. وتی:

ـ هەستم چات بۆ بنێم. بڕۆم نانت بۆ دروست کەم.

پرسیم:

ـ دایە کێ بە کارەکانت ڕائەگا؟

مووسای هەژار. چەند حەفتە پشووی وەرگرتووە و هەموو ڕۆژێک سەرم لێ ئەدا. هەرچیم بوێ بۆم ئەکڕێ و بۆم ئەهێنێ. لە ڕوانگەی دکتۆر و دەرمانەوە درێخی نەکردووە. ژنەکەی هەرکات دەستی بگات سەردانم ئەکات. ئەم دوانە زۆریان خۆش ئەوێم. خوایان لێ ڕازی بێ. ئێستە باسی خۆت بکە. باشی؟ تێر و تەیاری؟

جارێکی تر دەنگی نەوی کرد کە هیچکەس نەبیسێ:

ـ هیچ ئاگات لە خوشکت هەیە؟ ئەڵێن بووە بە چریک، ئەرێ؟

نەم ئەزانی چی بڵێم. وتم:

ـ ئیشەڵڵا ساخ و سلامەتە.

ـ خوایە شوکر.

ـ دایە گیان ئێستە چیتە؟

ـ هیچم نییە. لەو کاتەوە کە بیستم تۆ دێیتەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر ئەبم. دوێشەو خەونم بینی، کابرایەکی مێزەر سەوز دەستی تۆی گرت و دای بە دەستمەوە. ئەوەی کە تۆ بینیت بەوجۆرە تێکچووم لە خۆشیانا بوو. ئێستە باشم. ئێستە هەموو شتێکت بۆ ئامادە ئەکەم. ئەگەر بتەوێ ئەتوانی شەو لێرە بخەوی. ژوورەکانی ئەو بەرەوەم فرۆشت. ئاتاج بووم. ئێستە ژیانم باشە.

دایکم کەوتبووە قسە. چارشێوێکی ڕەشی کردە سەری و کەوتە کۆکردنەوەی ماڵەکە. چێشتخانە و هەماراو لە ژێر ئەم ژوورەدا بوو. لەگەڵی چووم و لەبەر شێری ئاوەکە سەروچاوم شۆرد. خراپم کرد جانتاکەم لەگەڵ خۆم نەهێنابوو، ئەگینا شەو لێرە ئەمامەوە. ئەبوایە دایکم ببەم بۆ ماڵی خۆم.

هەستم کرد بوونی من لەم ماڵەدا، گیانێکی تازە ئەکا بەبەر ئەم ژنەدا کە دوا ڕۆژەکانی ژیانی تێ ئەپەڕێنێ و، ئەگەر بۆ ماوەیەکی

کەمیش بووبێ شادی ئەکات. ئەبێ کارێک بکەم بۆ ماوەیەک پێکەوە بین. هەر دووکمان هەوڵمان ئەدا ناوی ڕوقیە نەهێنین.

دایکم ئاوگۆشت و گۆشتی کوتراوی لێنابوو. مووساگیان سەنگەکی گەرمی لەگەڵ خۆی هێنابوو. کە منی بینی حەپەسا. لە هیچ کوێ و تەنانەت لە زاوا، کە هەندێجار لەم دەوروبەرە ئەیبینی، نەی بیستبوو کە من ئەگەڕێمەوە. ئەوەندەی دەرفەتم کرد بە تەنها قسەی لەگەڵ بکەم، هەڵم پێچا. لە خۆیم پرسی، لە کارەکەی، لەو داواکارییانەی لە منی هەبوو، لە ژیانی دایکم و لەو پارانەی کە بۆ تەندروستی دایکم بڕاندبوویەوە. پاشانیش لێم پرسی چ زانیارییەکی لەسەر ژیان و ڕۆژگاری ڕوقیە هەیە؟ هیچی نەئەزانی. ئەو پۆستەرانەی کە هەڵواسرابوو بە دیوارەکاندا ئەویش بینیبوونی. هەواڵی هەبوو خزمی یەکێک لە هاوکارەکانی لە «قەمشە» گیراوە. ڕژاونەتە ماڵەکەی و هەرچی هەیبووە و نەیبووە هەڵیانوەشاندۆتەوە و هەندێ کاغەز و پەرتووکیان لەگەڵ خۆیان بردووە. هاوکارەکەیان بۆ سێ ڕۆژ ڕفاندووە و پاشان بەریان داوە. یەکێک لە خزمەکانی ئەم هاوکارە هێشتا لە زیندانە و کەس ئاگای لە چارەنووسی نییە. هەندێجار زاوای بینیوە کە چووە بۆ ئەو ماڵەی دایکم فرۆشتبووی. زانیاری زیاتریشی دەست نەکەوتبوو. پێموت:

ــ من ناتوانم چەند ڕۆژ زیاتر لە تاران بمێنمەوە. ئەتەوێ کارێکی باشتر لە تاران وەربگری؟ بۆت جێبەجێ ئەکەم بتگوێزنەوە بۆ تاران. تکات لێ ئەکەم دایکم بۆین بکە بگوێزێتەوە بۆ ماڵەکەی من. هاتوچۆی من بۆ ئەم ماڵە ئیتر باش نییە. ئێرە یان ئەدەین بە کرێ یان ئەیفرۆشین.

دەستم کرد بە گیرفانما پارەی پێ بدەم. کشایەوە و نەی ئەویست وەری بگرێ. پێموت:

ــ دەستم ڕەت مەکەرەوە. خۆ خێرت پێناکەم. قەرزارتم. کاتێکە کاری باشترت لە بانکی ناوەندی یان لە بازاڕ دەسکەوت، پێم

بدەرەوە. کۆڵێک پارەت بۆ دکتۆر و دەرمانی دایکم خەرج کردووە. ئەوی تریشی وام ئەبێ لە لات، هەرکات هەتبوو پێم بەرەوە.

دوو هەزار تمەنم پێدا. ئیتر هیچی نەوت. خستیە گیرفانی و ماچی کردم. وام لێکدایەوە، پێی وانەبوو ئەو پارەی پێی ئەدەم ئەوەندە زۆر بێ.

ئەو ڕۆژە هەمووی لەگەڵ مووساگیان بووم. بینیم هیچ ئاگای لە جیهانی دەرەوە نییە. جگە لەو شتانەی لە ئەردەبیڵ و قوم و لاهیجان و لە دەوروبەری خۆیدا ڕوو ئەدات، لە هیچ تێ ناگات.

ئەمویست لە بن زمانی دەربکێشم بزانم کێ ئەو تەلەفۆنە سەیرەی بۆ من کردووە. کێ ئەو ژمارەی منی داوە بە یەکێکی نەیار. هەر زوو بۆم دەرکەوت دایکم و مووسا نین. کەوابوو ئەمێنێتەوە خودی ڕوقیە و داروودەستەکەی. ئەم گرووپە بەو ئامێرانەی لەبەر دەستیان دایە، ئەتوانن ئەو کارە بکەن. ئایە شتێکی وەها بۆی هەیە کاری خودی ساواکییەکانیش بووبێت. ئەوان ئەیانتوانی ژمارەکەیان دەستخستبێ. بۆ ئەوان کارێکی دژوار نەبوو. کێ ئەڵێ ڕووسەکان دزەیان نەکردۆتە ناو ساواک و بە دزییەوە ژمارەکەیان نەداوە بە یەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی من؟ کەسانێک هەن ئەزانن ئەو کارەی من چ سوودێکی فراوان بە خاوەنەکەی ئەگەیەنێ. ئەوانەن ئەیانەوێ ژێر پێم گەسک دەن. هەزار ئەندێشەی جۆراوجۆر هوروژمیان بۆ هێنابووم. هیچ ڕۆچنەیەکم نەئەدۆزییەوە. ئاخرەکەی کاتێکە هەموو تیرەکانم دای لە بەرد، دیسانەوە ڕوخساری لارولەوێری ژنراڵ و داروودەستەکەی لە بەرچاومدا زەق ئەبوویەوە. خۆم نادەم بەدەستەوە! ئەگەر من، من بم ئەزانم گرێکەی لە کوێدا ئەکرێتەوە.

لە مووساگیان جیابوومەوە و بڕیارمان دا بە زووترین کات لەماڵەوە و، ئەگەر بکرێ لە ماڵی خۆم یەکتر ببینین. پێنجی ئێوارە ماڵاواییم لە دایکم کرد. تەلەفۆنم کرد بۆ سەرۆکی ساواک و ڕامگەیاند

هەر ئەمڕۆ لە لەندەنەوە هاتووم و حەز ئەکەم پێش هەموو کارێک بەتایبەتی بە خزمەتی بەڕێزیان بگەم:

ـ ئەگەر دەرفەت بدەن، ئەمڕۆ یان ئەمشەو، هەر کات پێتان باش بێت لە بارەگای بەرزتان، بە مەبەستی بەجێهێنانی ڕێز و بچووکی بە خزمەتتان بگەم.

بیستۆکەکەی بەدەستەوە بوو. گورج تێگەیشت دەستم بەتاڵ نییە. شەو بۆ نانخواردن میوانی کردم و بۆم دەرکەوت کە پیلانێک لە ئارادا نییە.

سەبەتەیەک گوڵم کڕی و بە تاکسی چووم بۆ ماڵەکەی.

کاتی نانخواردن هەر هەر دووکمان بووین. هەرچی لە دڵمدا بوو پێموت. کابرایەکی ئارام بوو. دەنگۆ هەبوو، لەو کاتەوە هاتۆتە سەرکار قەسابی لە زیندانی ئێڤین و لە ماڵە ساواکییەکاندا کۆتایی پێهاتووە.

ئەوەی لە دڵمدا بوو بەبێ پێچ و پەنا بۆم گێڕایەوە. تەواوی گرفتارییەکانی خۆم هەر لە بڵاوبوونەوەی وێنەکەی ڕوقیە و دوو تەلەفۆنە سەیرەکە و مشتومڕ کردن لەگەڵ دەستپەروەردەکانی خۆم وەکوو دەماوەندی، بۆم گێڕایەوە. ئەویش گوێی ئەدا و بەردەوام خواردن و خواردنەوەی پێئەدام و بزەیەکی ئەکرد. من دڵی خۆمم هەڵڕشت. هەستی بەوە کرد کە من ڕاپۆرتی پێ نادەم، بەڵکوو داوای چارەی لێ ئەکەم. پاش شێوکردن سەبەتەی گوڵەکەم خستە ناو میوەخۆرییە کریستاڵەکەوە و لەسەر مێزەکە دامنا. چەند خولەکێک ڕاوەستا، سەیری کرد و وتی:

ـ مرۆڤێکی زۆر بە سەرڕێژنەی!

پاشان لەسەر موبلەکە دانیشت و من بەرامبەری.

ـ جەناب تۆ کاری خۆت بکە و کارت بەم مارمێلکانە نەبێ. ساواک هیچ ئاگایەکی لە خوشکت نییە. مسۆگەر نییە ئەو وێنەی دووەمە هیی ئەو بێ. یەکەمیان هیی سەردەمی دەزگیرانداری یان

زەماوەندە. من هەڵبەت ئاگام لە وردەکارییەکانی دۆسیەکە نییە و نازانم بۆچی ناوی ئەو لە ڕواڵەتی چریکدا هاتووە. ئەگەر بە هەڵە نەچووبم، باس باسی بازنەیەکە لە ماڵی مارکسیستێکی ئیسلامی دۆزراوەتەوە و یەکێک وتوویەتی ئەو بازنەیە هیی خوشکت بووە. پێش ئەوەی داواکارییەکەت جێبەجێ بکەم و چاوم پێت بکەوێ، دۆسیەکەتانم خوێندەوە. ئەوا نزیکەی شانزە ساڵە لە ساواکدا کار ئەکەیت و هەموو کەس ئاگای لە تۆش و خوشکیشت هەبووە. هیچ کاریگەریەکی لەسەر تۆ نەبووە. بەپێچەوانە هەمیشە پێشڕەو و پشکێنەر بوویت و لە فەرمانبەری خوارەوە بەم پلەیەی ئێستە گەیشتوویت. باش ئەزانم کێ نابەجێ خۆی لە کارەکاند هەڵئەقورتێنێ. ئەبێ لەبن سەری ئەم ژنراڵە خوێڕییەدا بێت. باش و خراپ لێک جیا ناکاتەوە و ئەیەوێ ببێ بە هەمەکارەی ساواک و هەموو دەسەڵاتێک بگرێت بەدەستەوە. دیارە ئەو بەبێ ئەوەی بی پێوێت، دایدڕیوە.

پرسیم:

ــ فەرمووتان تایەک بازنە لە یەکێک لە ماڵە نهێنیەکاندا دۆزراوەتەوە؟

ــ ئەڵێن هیی خوشکت بووە. گرنگ نییە. ئەمە خۆ شتێکی تازە نییە. بە دەوروبەری خزمەتکارەکانەوە هەن کەسانێک کە چەپڕەوی ئەکەن. ئەتوانم چەندین دانەت پیشان بدەم. دەربارەی بازنە بچۆ بۆ لقی تایبەت. بزانە بازنەکەت بینیوە و ئەیناسی، ئایە بەڕاستی هیی خوشکتە؟

خەریک بووم لە هۆڵە گەورەکەدا ماڵاواییم لە ژنەکەی ئەکرد کە دیسانەوە بانگی کردم و وتی:

ــ راوەستە. وەرە تۆزێ دانیشە. یاداشتێکم هەبوو پەیوندی بە کارەکەی تۆوە هەیە. ئێستە کە لێرەیت، چەند ڕۆژێک گەڕانەوەت بخەرە دواوە. بە فەرمانی شاهەنشا، دانیشتنێک لە وەزیرخانەی ناوخۆ ساز ئەکرێ سەبارەت بە شێوازی بەڕێوەبردنی وڵات

بەگوێرەی پێداویستیەکانی ئەمڕۆ. تۆش بەشداری بکە. دەرفەتت هەیە چەند ڕۆژ درەنگتر بگەڕێتەوە بۆسەر کارەکەت؟

پێم ڕاگەیاند:

ـ هەر فەرمانێکتان هەبێ جێبەجێ ئەکرێ. کاری من لە باڵوێزخانە ڕواڵەتی ئاسایی هەیە و هەموو ڕۆژێک ئاگادارم ئەکەنەوە. ئەگەر پێویست بێت یەکڕۆژە ئەچم و دێمەوە.

ـ زۆر چاکە.

وتی و سەری ڕاوەشاند و من هەستام.

بەیانی بەبێ هەواڵ چووم بۆ لقەکەی خۆم. دکتۆر جەهانگیر تا منی بینی، داچڵەکا. پێی وابوو نانمی بەستووە بە پشتی ئاسکەوە. ئەوەندەی کەزانی من قیت و قۆز هاتووم و فەرمان ئەدەم دۆسیەی ژنانی چریکم بۆ بهێنن، هەڵوێستی گۆڕا و گرژیی ناوچاوانی ڕەویەوە. بیستۆکی هەڵگرت و نەمزانی ئەیەوێ مۆڵەت لە سەرۆکەکەی وەربگرێ یان ئەڵێ بیانهێنن. کەس دۆسیەی نەهێنا. بەڵام ساواکییەکی تازەکار و نامۆ هات، سڵاوی فەرمی دا و لەگەڵ خۆی بردمی بۆ لقی لێپرسینەوە. لەوێ وێنەی پێنج ژن بە دیواردا هەڵواسرابوو. هەر ئەوانەی لە شارەکاندا بڵاوکرابوونەوە و کۆپیەکەی لە لایەن شێخەوە لە پاریس درابوو بە من. لە دۆسیەدا وێنەی دەزگیرانەکەی ڕوقیەم دۆزییەوە و وێنەی دووەم ئەیتوانی خوشکم بێت لەپاش دە دوانزە ساڵ. بەڵام سەرپۆشی ڕەش هەموو ڕوخساری داپۆشابوو و تەنها تەختی دەموچاوی دیار بوو. نەمتوانی ساخی کەمەوە ئەوە ڕوقیەیە. چاویلکە ڕەشەکەشی ناسینەوەی دژوارتر ئەکرد. هەڵبەت ئەیتوانی ڕوقیەش بێ. بەڵام نەک تا ئەو ڕادەیەی کە منی براشی نەتوانم بنیاسمەوە.

فەرمانم دا ئەوەی لە نهێنگەی ژنان و کچانی چریکدا گیراوە بۆم بهێنن. لێیان ورد بوومەوە. هەندێ پەرتووک و چەند فیشەک و وردەواڵەی تر کە بە هۆی ئەوانەوە خاوەنەکانیان ئەناسرانەوە.

بازنەکە لە کیسەیەکی نایلۆندا بوو. هەمان بوو کە خۆم لە بەندەر لنگەوە هێنابووم. نەمخستە خۆم. پرسیم:

ـ ئەم بازنە هیی کامیانە؟

وەڵام درایەوە:

ـ لەو پێنجە، هەتا ئێستا تەنها یەکیان کە لەو ماڵەدا ئەژیا گیراوە و ئەوانی تر هەڵاتوون. ئەم ژنە وتوویەتی ئاگای لە هیچ نییە. ژوورەکە لە لایەن دایکیەوە، کە ئێستە مردووە، دراوە بە کرێ بە ژنێک کە ناوی نازانێ و هەندێ ژنی تریش جارجارە هاتوچۆی ئەویان کردووە، کە ئەوانیش ناناسێ. وادیار بوو خراپکارەکان ئەم ژنە هەژارەیان فریو داوە و ژوورەکەیان لێگرتووە بە کرێ. هیچی ترمان دەسگیر نەبووە.

پرسیم:

ـ ئەی وێنەی ڕوقیە لە کوێوە هاتووە؟

ـ بازنەکە هیی ڕوقیە بووە. یەکێک لە ئاشناکان ئەوەی سەلماندووە.

بۆم دەرکەوت. جێ پێی دکتۆر بیژەن و زاوام دۆزییەوە.

چووم بۆ لای دکتۆر بیژەن. لە سەروبنی کارەکە گەیشتم. زاوا وتبووی ئەم بازنەیەی لە سەردەمی دەزگیرانداری لە دەستی ڕوقیەدا دیوە و یان هیی ئەوە و یان هیی ئەو بووە. لەسەری ڕۆیشتم. ئێستە وای دابنێین ئەم بازنەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان هیی ڕوقیە بووبێ. لە کوێوە ئەزانن ڕوقیە یەکێکە لەو پێنج ژنەیە کە لەو ماڵەدا ئەژیان؟ ڕەنگە ڕوقیە بازنەکەی فرۆشتبێت. پاشان کەوتۆتە دەست خراپکاران کە ویستوویانە بیفرۆشن و بە کاریان ڕابگەن. وێنەی یەکەمی ڕوقیە هەمانە لەگەڵ زاوا پێکەوە گرتوویانە، بەڵام وێنەی دووەمتان لە کوێوە هێناوە؟ ئەویش وێنەیەک کە منی برای نایناسمەوە. هیچ بەڵگەیەک نییە ڕوقیە لەگەڵ ئەم ماخوا هەڵاتووە پەیوەندی هەبووبێ. هەڵبەت بازنەکە ئەتوانێ بەڵگە بێت. بەڵام

بەڵگەش نییە.

یەخەی دکتۆر بیژەنم گرت. چووم بۆ ماڵەکەی. پلاکی ماڵەکەی هێشتاش بە ناوی دکتۆر بیژەن بوو. ژنەکەیم نارد بە دوای نۆکە ڕەشکەدا. دەسبە سەرم کرد و حاجی عەلی ساوجیم لە ماڵی خۆی، کە ئێستە ئیتر ڕەنگ و ڕووی دەوڵەمەندانەی لێ نیشتبوو و دۆخی ماڵی چاوەشباشی تێپەڕاندبوو، بە تەنها گیر خست. ئەوەندەی چاوم لە چاوی گیرا، دەمم لێکردەوە:

ـ جەنابی حاجی عەلی، لەگەڵ کێ تێکەوتووی؟ پێت وایە ئەتوانی لە پشتەوە خەنجەرم لێبدەی؟ ئەتەوێ بەدەستی ژنڕاڵ کە سەردەمێک پیاوی ئەو بوویت و ئاودەستت بۆ پاک ئەکردەوە، پشتی من بشکێنی؟ ئێستە ئیتر ئاو کراوە بە سەر ئاگردا. ژنڕاڵ سەرلەشکر ئەتوانێ چیت بداتێ کە من ناتوانم؟ لە کەری شەیتان دابەزە. با پێکەوە بڕۆین بە ڕێدا. ئەگەر ئاوەز و تێگەیشتنت هەبوایە، تا ئێستە ئەتزانی من هەمیشە پشت و پەنای تۆ بووم. هەر نەبێ لەوە تێ ئەگەی چەندە دەستم ئەڕوات!

چەند هەوڵی دا بپەڕێتە ناو قسەکانم، نەمهێشت. کۆڵەم کوتا. ڕستەی وەکوو «من هەمیشە دۆست و خزمەتکاری تۆ بووم»، «جەسارەتی وا ناکەم»، «هەر فەرمانێک بدەن ئامادەم بەجێی بگەیەنم» سوودی نەبوو. وتم:

ـ چۆن بوو لەپڕ کەوتیتە بیری ڕوقیە؟ کە چی ببێ؟ ئەتەوێ پێت بخەیتە جێ پێی من؟ کە چی ببێ؟ من ئەتوانم زیاتر گیرفانت پڕ بکەم یان ژنڕاڵ سەرلەشکری بێکەڵکت کە شاهەنشا لێی تووڕەیە؟

هەر لە ناڵ و بزماری ئەدا: «وانییە»، «هەرچی بێ بەڵگەیەک دۆزراوەتەوە، ئەبوا پێی ڕابگەین». منیش بەردەوام لێم توند ئەکرد. ڕەگی خەویم گرت. بابەتی مەرزییەم هێنایە گۆڕێ. وتم:

ـ دوژمنێکی شاهەنشا، کە لە کوشتنی سەرهەنگی ستاددا بەشدار بوو، بەرت داوە و بەرتیلت وەرگرتووە.

هاواری لێ بەرزەوە بوو.
ـ خۆت تێک مەدە. ئەزانی ئەمە واتای چییە؟
ویستی بڵێ «ئەوە تۆ بووی...» کە لە دەمم ڕاکێشا:
ـ کێ قسەی تۆی لێدراو وەرئەگرێ و قسەی من ئەخاتە زەوی؟
ناچار بوو کۆتا بێ. شڵەژا و کەوتە پرتە پرت. ترسا، ئەو دامودەزگایەی ساڵەهایە بە ڕەنج و بە فێڵەبازی ناویە بە یەکەوە تێک بچێ و تیابچێ. ئەوسا من خاوم کردەوە و وتم:
ـ ئێوە ناتوانن هەروا بە ساخی من بخەنە لاوە. سەردەستەی دوژمنانی خاوەنشکۆ واتە کونفدراسیۆنیەکان لەغاویان وا بە دەستی منەوە. خەریکم هەموویان ڕام ئەکەم. خەریکن خۆیان کۆ ئەکەنەوە. ڕێکخستنی وڵاتانی ئورووپاش وا لە ژێر چاودێری مندا. گیرفانم پڕە. تۆ و سەرلەشکر دەرەقەتی من نایەن. پێی بڵێ لەگەڵ مونیکای بەڕەڵڵای بسازێ و نووکەی لێوە نەیەت. لە لاوە دابنیشە و دەست بۆ کاری لە خۆت گەورەتر مەبە، پاداشتی خۆیشت لە من وەرئەگری.
قوتوە جگەرەیەکی زێڕکاری و ئەنگوستیلەیەکی پیرۆزەم لە گیرفانم دەرهێنا و وتم:
ـ ئەمانەم بۆ خۆت و بۆ ژنەکەت و هێناوە بە دیاری. بەڵام حاجی عەلی ساوجی بە مەرج و بەڵێن کە لەوە زیاتر ئاو نەکەیتە ئاشی منەوە، ئەگینا منیش ئەدەم لە بنی قازانەکە.
شەو گەڕامەوە بۆ ماڵی دایکم. ژوورەکە کۆ کرابوویەوە. سفرەیەکی سپی لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاخرابوو. ئاوێنە و شەمدان ئەدرەوشانەوە. لامپایەکی قەدبەرز لە ناوەڕاستی سفرەکەدا ئەگڕا و لە بنمیچەکەشەوە گڵۆپێکی سەد واتی تیشکی ئەهاویشت. پرسیم:
ـ دایە چرای نەوت و چرای کارەباش؟ مەگەر میوانیی حەوت لەشکرە؟
ـ ئاخر هەندێجار کارەبای گەڕەک ئەڕوات. ئێمە ڕاهاتووین.

هەم چرای نەوتی و هەم کارەبا.

ـ ئەی ئەم هەموو دامودەزگا بۆ چییە؟

ـ مووسا و ژنەکەیشم بانگ کردووە، لەبەر ئەوانە.

دایکم بەڕاستی گیانی هاتبۆویەوە بە بەردا و ئەو ژنە بێگیانەی نیوەڕۆ نەبوو. ئەوەندەی دایان لە دەرگا، دایکم بە ئەسپایی چپاندی بە گوێمدا:

ـ باسی ڕوقیە نەکەی، ژنەکەی خۆیی نییە.

میوان گەیشت. مەنیجە خانمی ژنی مووساگیان، جوان بوو و دڵڕفێن. باش خۆی ڕەنگاندبوو. تا یەکێک شتێکی ئەوت، ئەو پێ ئەکەنی. نەم ئەزانی لە نوکتەکە گەیشتووە یان نا؟ هەندێجار کە زۆر حەزی لە قسەکە ئەکرد، قاقای بەرزەوە ئەبوو. وادیار بوو تەواو لە کاروباری من بێئاگایە و وا لە من تێگەیشتبوو میرزادەیەکی بەڕێز و خاوەن بیرم و لە بەهەشتی بەرینەوە دابەزیومەتە ئەم کۆنە کۆڵانە. مووساگیان دیسانەوەش گلەیی لە کارەکەی هەبوو. ڕۆژگاری نەئەگوزەرا. ژیانی لە شاری بچووک مەزاخی زۆر نییە. هەندێ پاشەکەوتیشی هەیە. بەڵام مرۆڤ جاڕس ئەبێت. خێزانی ئەبێ هەموو مانگێک بێتەوە بۆ لای کەسوکاری و ئەو تەنها ئەبێت. خەڵکی «فەسا» خەڵکێکی بێئازارن، بەڵام داخراو و بێئەزموونن. زۆربەی پیرێژنەکان هێشتاش، پارەکانیان لە گۆرەویدا ئەشارنەوە. خێزانی ناتوانێ لەگەڵ خێزانی بەرپرسەکان، کە هەر کامیان گیروگرفتی خۆیان هەیە، بگونجێ و بۆیەشە خۆی لە میوانیەکانیان ئەدزێتەوە. تەواوی ئەم گلەییانە سەرەداوی گەیشتن بەوە بوو کە مووساگیان ئەیویست بابەتی گواستنەوەی خۆی لەبەردەمی ژنەکەیدا زەمینەسازی بکات. من ئەم چیرۆکەم لەبەر بوو و ئەمزانی ئەیەوێ ژنەکەی بۆین بکات.

دایکم، کە سەرەڕای پیری و چاوکزی ئەیبینی مووساگیان، کە سەردەمێک بە باخ و ئەستێڵەکەیاندا ئەنازی و ئێستە خەریکە ماستاو

بۆ من ئەکات، زۆری پێخۆش بوو. بەڵام نەی ئەخستە خۆی و هەوڵی ئەدا میوانەکانی شەوێکی خۆشیان هەبێت. شەوێکی خۆشیش بوو، بەڵام گیانی پەرێشانی ڕوقیە لەسەر سەرمان فرەی ئەهات. دڵم خۆش بوو و قورس، کە بڵاوبوونەوەی وێنەکەی یەخەی من ناگرێ. دایکم خەریک بوو بەلەمی برنجەکەی لەسەر سفرەکە دائەنا، لەپڕ زرینگەی شکانی شووشەی ڕوو بە حەوشە، هەموومانی داچڵەکاند. بەردێک دای بە پشتی مندا کە پشت بە پەنجەرەکە دانیشتبووم. وەک شاباز لەجێ ڕابووم. دەمانچەکەم لە بەرگەکەی دەرهێنا کە بە سەرشانی هەڵواسرابوو بە بن باخەڵمدا. بە مووساگیانم وت:

ـ ئاگات لە ژنەکان بێت. ئەچم بزانم چی ڕووی داوە.

ئەوان نەیان ئەزانی بۆچی ئاوا بە شڵەژاویی ئەچم بۆ بەردەرگا. زانیم ئەگەر مەبەست کوشتنیشم نەبووبێ، لانیکەم بۆ ترساندنم بووە. ئەمە هێما و نیشەنەی یارانی ڕوقیەیە کە لە هەموو شوێنێک، هەم لە لەندەن و هەم لە گوزەری کەڵانتەر ئاگایان لێمە. لە کۆڵان، دراوسێکان لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەرەوە. پرسیم:

ـ مەگەر بەردیان هاویشتۆتە ماڵەکانی ئێوەش؟

هەموو پێکەوە وەڵامیان دایەوە:

ـ نەء، کاغەزیان هاویشتووە.

زاوام بینی هەوڵ بووە و بەپەلە کاغەزەکان لەدەستی خەڵک ئەسێنێ و کۆی ئەکاتەوە. یەکێکم لێوەرگرت و لێم ڕوانی. هەمان ڕستەم خوێندەوە کە ماوەیەک پێش ئێستە بە تەلەفۆن پێیان وتبووم: «تا درەنگ نەبووە لە کەری شەیتان دابەزە. واژۆ، کۆمەڵەی ئێرشاد».

ئەمجار بە ڕاناوی تاکەکەس نووسرابوو. گومانی تێدا نەبوو مەبەستیان منم. لەزاوام پرسی:

ـ تۆ لێرە چی ئەکەی؟

ـ ئاگام لە بەڕێزتان بوو.

ـ لە کوێوە ئەتزانی من ئەمشەو لێرەم؟

ـ پێیان وتبووم ئێوە لێرەن و ئاگادارم مارکسیستە ئیسلامیەکان دوژمنی گیان تۆن. ئێرە شوێنی خزمەتکردنی منە. هەر لەو حەوشە بچووکەی لە خانمی دایکتانم کڕیوە، زۆرتر لەو ژوورەدا ئەژیم. هەندێجار یەکێکی تر لێرە ئەبێت. من ئەڕۆمەوە بۆماڵەوە.

ـ ناپیاو ئاگات لە منە یان ماڵەکەت خستۆتە ژێر چاودێری؟

ـ گەورەیی بفەرموون و مەپرسن.

ـ وێنەی ڕوقیە تۆ دات بە ساواک؟

ـ مەگەر ئەمتوانی بیشارمەوە؟ من نمەک خواردەی جەنابتم.

ـ وێنەکەی ترت لە کوێ هێنا؟

ـ ئەوی تر هیی ڕوقیە نییە.

ـ چۆن ئەزانی؟

ـ قوربان لە نانخواردنم مەخەن.

ـ ئەمەیان وەڵام بدەرەوە، ژێر باڵت ئەگرم و ناهێڵم نانت ببڕێ.

ـ ئەمەی دووەم ئەو سەگبابە دروستی کرد بۆ ئەوەی ناوی جەنابت بزڕێنێ.

ـ کام سەگباب؟

ـ هەر ئەوەی کە ئێستە نییە و خەریکە دەری ئەکەن.

ـ دکتۆر بیژەن؟

ـ بچووکی خۆتان ناوی کەسی نەهێناوە.

جزدانەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و چەند گەڵای سەد تمەنیم خنی بە گیرفانی ئێلەکەکەیدا. دەستم دا بەشانیدا و دام بە پشت ملیا. زاوا دانەوییەوە دەستم ماچ بکات، نەمهێشت.

ـ بڕۆ بابە گیان، بە کارەکەت ڕابگە. ئەمشەو بەڕاستی ئاگات لە من و دایکم بێت. لێرە ئەڕۆین. بەڵام ئێستە دڵنیام کە هەمیشە گیانی دایکم ئەپارێزی.

ـ من خزمەتکاری بەڕێزتانم.
ـ ئاگات لە ڕوقیە هەیە؟
ـ هیچ هەواڵی نازانم.
ـ ڕاستەکەی بڵێ.
ـ بە جوققەی خاوەنشکۆ هیچکەس ئاگای لێی نییە.
ـ بڕۆ خەریکی کاری خۆت بە.
ـ تا ڕۆژ ئەبێتەوە من لێرەم و ئاگادارم کە هیچکەس ئاژاوە نەگێڕێ. ئەگەر یەکێک لەم ئیرشادییانەشم دەسکەوێ، باش تەمێی ئەکەم.

نیو کاتژمێر کە من لە کۆڵان لەگەڵ زاوا و دراوسێکان قسەم ئەکرد، مووساگیان چەند جار دەرگای حەوشەی کردەوە و سەری هێنایە دەرەوە. ئارامم کردەوە و وتم:

ـ هیچ نەبووە، ژنەکان ئارام کەرەوە. بڵێ منداڵە وردکە شەڕەبەردیان کرادووە و یەکیان داویەتی لە پەنجەرەکەی ئێمە.

مووساگیان بە ئەزموونتر لەوە بوو باوەڕ بەم درۆیە بکات. جارێکی تر لەسەر کورسیەک لە بان دیوارەکەوە سەری هێنایە دەرەوە، پێموت:

ـ ماڵەکە تۆزێ کۆکەنەوە. ئەمشەو لێرە ئەڕۆین. دایکم ئامادە بکە، پێکەوە ئەچین بۆ ماڵەکەی خۆم.

کاتێکە لەگەڵ دایکم لە ماڵەکەی خۆم لە نیاوەران، تەنها بووین، لێمی پرسی:

ـ ئەم بەردهاوێژانە دوژمنی ڕوقیە بوون؟

وتم:

ـ نا دایەگیان، ئەمانە دۆستانی ڕوقیە بوون.
ـ چۆن؟
ـ شەڕ ژانی هەیە دایە، سەر شکانی هەیە!

بەیانی ئەو ڕۆژە کاتێکە چووم بۆ ساواک، بۆم دەرکەوت لە

چەند گەڕەکی پاچنار، شەقامی ماشین، سەنگلەچ و تەجریش و نیاوەران بەرد فڕێ دراوە و دەیان کەس گیراون. کاتژمێر هێشتا نەببوو بە دە، سکرتێری سەرۆکی ساواک بە تەلەفۆن فەرمانی پێدام: «ئەمشەو کاتژمێری هەشتی ئێوارە، دانیشتنی "پیاچوونەوە" پێک دێت. دۆسیەی هەموان بخوێنەرەوە تا پێشتر ئاشنابیت لەگەڵیان هەبێت. فەرموویان خراپ نییە.»

هێشتا بیستۆکەکەم دانەنابوو، هەمان ساواکی تازەکار هات بۆ ژووری دکتۆر جەهانگیر و بردمی بۆ لقێکی تر. لەوێ مەسنەوی حەفتا مەن لەسەر مێزێک دانرابوو. چەندین کاتژمێر پەڕەم هەڵدایەوە تا لەگەڵ ئەندامانی لیژنە ئاشنا ببم. هەندێکیانم بە وێنە و ناوەکانیاندا ناسیەوە. لەسەر هەندێکی تر یاداشتم نووسی و خۆم ئامادە کرد. هەموویان لە شاپەرستە توندوتیژەکان بوون و لە بوونی ئەمانەدا کێ بوو بوێرێ، بە ئاماژە یان بە زمانی بێزمانی، بە خاوەنشکۆ بڵێ پشت چاوت برۆیە! هەرکام لەوانە زیخێک لە پێڵاوەکەیدا بوو، بەڵام شاپەرستیەکەی بێخەوش بوو. پێش دانیشتنەکە خۆم گەیاندە هۆڵەکە و لەگەڵ چەند کەسێک کە لە ئورووپاوە ئەمناسین تەوقەم کرد و، نەمخستە خۆم ئاگام لە فێڵەبازییەکانیان هەیە و ئەزانم چ ڕەنگێکیان لێداوە تا بەو پلەیە گەیشتوون. ئەمانە منیان بە یارەکانیان ناساند و ئەوەندەی پێنەچوو هەموان زانیان من چکارەم. دانیشتنەکە لە لایەن سەرۆکی ساواکەوە کرایەوە. ئەمسەر بۆ ئەو سەر دانیشتبوون. بەڕێوەبەرانی دامودەزگای سەربەخۆ، بانکەکان و کومپانیا حکوومیەکان و ئیمام جومعە و ئاخوندی بەناوبانگ و نوێنەرانی ستادی لەشکر و جەندەرمە و پۆلیس و یەک کەسیش کە بەرپرسی گشتی قەحبەخانەکان بوو. سەرۆکی کۆڕەکە منی، وا بە بەشداران ناساند کە لەگەڵ زۆربەی خوێندکارانی ئورووپا ئاشنام و لە ویست و پێداویستیەکانی ئەوان ئاگادارم و بڕوای بەوە هەبوو چون ئایندەی وڵات ئەبێ بە هۆی خوێندەوارە ڕووناکبیرەکانی

دەرەوە و ناوەوەی وڵات ببرێ بەڕێوە، زۆر بە پێویستی زانیوە لە ئەزموونەکانی من کەڵک وەربگیرێت و، لێی زیاد کرد:

ـ هەرچەند ئەم ناتوانێت بە بەردەوامی لە کۆبوونەوەکاندا بەشداریی بکات، بەڵام لە کاتی پێویستدا ئامادە ئەبن.

هەموو پێخۆش بوونیان دەربڕی و سەریان لەقاند و پێکەنین و هەر هەموویان ئەوەندە وشیار بوون بزانن کێ بە کێیە. هەموو بە قازانجیان زانی لەگەڵ من بگونجێن.

باس لەسەر ئەوە بوو چی بکرێ و چ کەرەسەیەک بەکار ببرێت تا دەسەڵات و هۆشمەندی شاهەنشا و سایەی حکوومەت کاڵ نەبێتەوە و، وردە وردە دەسەڵات بکەوێتە دەست مرۆڤی کارزان. هەڵبەت مەرجی یەکەم ئەوەیە کە بناغەی دین و فەرهەنگ و نەتەوە، لە ژێر دروشمی شاهانەی «خوا، شا، نیشتمان»دا تۆکمەتر بکرێ. لە خاڵە پەلە و دەسبەجێ و پێویستەکان، کە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات ئەگرنەوە و خەڵکی ئاسایی پەی بە پێداوستی ئەو شتانە نابەن، ڕا وەرگرتن ئەبێ بەجۆرێک پیشان بدرێ کە هەموان پێیان وابێ خۆیان ئەو بڕیارە دژیگەلیەیان پەسند کردووە.

وتاری زۆر بە بریق و باق درا، یەک لەوی تر ڕەسەنتر. بەوجۆرەی منی، خاو و خلیچکی وەها هێنابوویە سەر شەوق، ئارەزووم ئەکرد خۆزگە ئەو ئارمانجانە جێبەجێ بکرێن. ئەوسا وتاربێژێکی ڕەخنەگر ڕەخنەی ئەگرت و پەسندی نەئەکرد و وا دەرئەکەوت کە سەروەرانی پاکنیهاد لەبن کارتێکردنی وڵاتانی ڕۆژئاوادا کەوتوونەتە ڕێ و ئەیانەوێ ئورووپا و ئەمریکا بخەنە گەرداوی نەهێشتنەوە. هەندێجار بڕێکیان ئەوەندە بە ئاڵۆسکاوی فەلسەفەیان ئەڕست و هۆنراوەیان ئەهۆنییەوە، کە من قسە هەڵێت و پەڵیتەکانیان تێ نەئەگەیشتم و هەر نەشم ئەبیست، تەنها لە پشت تەونە جاڵجاڵووکەی گوتەکان و بیسراوەکاندا ڕواڵەتی ئەوانم ئەبینی، کە لە ڕووی دۆسیەکانەوە خستبوومە مێشکمەوە.

سەرۆکی جەندەرمە، پێش چەند ساڵ بە تاوانی فرۆشتنی چەک بە «بۆیرئەحمەدی»یەکان چەند مانگ لە زیندانی چاودێری بوو. پارێزەرەکەی توانی لە دادگا بیسەلمێنێ ئەو هیچ تاوانێکی نەکردووە و خانەکانی دژی شا ئەو ئاواز و دەنگۆیان بۆ ساز کردووە. بەتایبەت جەختی لەسەر ئەوە کردبوو لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەو لە پارێزگای فارس، هەموو خێڵ و هۆزەکانی لە سەردانی خاوەنشکۆ بۆ باشوور، بە جەژنی شکۆمەند پێشوازییان لە شاهەنشای خۆشەویست کردووە و هیچکەس هیچ سکاڵایەکی نەکردووە. دادگا بە بێتاوانی ناسی.

دەستت بۆ قۆزاخەی هەر کامیان ببردایەت کرمۆڵ بوو. نوێنەری ستاد، سەرهەنگێکی تریاکی بوو لە خولی خەبات دژی هۆشبەرەکان پۆلیس ڕژانە ماڵەکەی و بڕێک کۆکایینیان دۆزییەوە. ئەوسا پلەی سەروان بوو. لە پڕۆسەی ئەم دۆسیەدا وترا کە پۆلیسەکان خۆیان کۆکایینیان خستۆتە ماڵەکەی و نەیانزانیوە ئەوە ئەفسەری سپایە. خەریک بوو گەنی کارەکە بڵاو ئەبوویەوە، کەسوکارەکەی داڕژان و فریای کەوتن. کۆتاییەکەی فەرمانبەرێکی خوارەوەیان ناچار کرد بڵێ کوکایینە دزراوەکەی لە قاچاخچی وەرگرتووە و بردوویەتی بۆ ماڵی سەروان و لەوێ لێی بەجێماوە. ئەم بێچارەیان چەند مانگێک زیندانی کرد و پاشان جەناب سەروان فریای کەوت و حەپسەکەی کڕیەوە.

لە هەموو بەتامتر چیرۆکی سەرۆکی قەحبەخانەکان بوو کە ڕەچەڵەکی خۆی ئەبردەوە سەر شا تەهماسبی سەفەوی. هەموو هونەرێکی تاقی کردبوویەوە. ماوەیەک ڕۆژنامەنووس بوو و پاشان بوو بە جامباز. دوای ئەوە «ئەنجومەنی دژی خراپە»ی دانا و کەوتە گیانی قەحبە نەگبەتەکان و باجی لێوەریەگرتن، تا کاری کەوتە دادگا و خەریک بوو ئابڕووی جەنابی لە هەڵبژاردندا ئەچوو، لایەنگرەکانی کەوتنە خۆیان و بە دەستێوەردانی یەکێک لە وەزیرەکان کێشەکەیان

هەڵگەڕانەوە و بەرەی حاجیان لە ئاو هێنایە دەرێ. ناوی ئەویان لە سندووقی هەڵبژاردنی «یاسووج» دەرهێنا و ئیتر هیچ چارەیەکی نەما جگە لەوەی دەمی داخا و جگە لە پەن و ستایشی ڕابەری مەزن هیچ وشەیەکی لە دەم نەیەتە دەرەوە. بەڵام شەیتان فریوی دا و ڕۆژێکیان لە پەرلەمانی ئێران ئاماژە بە وەزیرێک ئەکات کە ئەوی لە گێژاو دەرهێنابوو. ئەویش کاتێک کە شاهەنشا حیزبی «ئێرانی نوین»ی پەرداخ کردبوو و هەموو بچووک عەودالّەکان ئەبوایە کاوێژی قسەکانی شا بکەنەوە. شاهەنشا خۆی فەرمووبووی و ڕێگەی دابوو بۆ شوێنەگومکێ هەندێ لە نوێنەرانی باڵای پەرلەمان جارجار لە ناڵ و بزمار بدەن و، وای دەرخەن ئێران وڵاتێکی دیموکراتە و بەم فێڵە دەمی کومۆنیستەکان و یارانیان لە ئورووپای ڕۆژئاوا ببەستن. کابرا نەی ئەزانی شا مەبەستی بەرگدرووەکان بووە نەک کورتاندروو. بێچارە نوێنەری یاسووج ئاگای لەوە نەبوو و ناوی لە سندووقی هەڵبژاردن نەهاتە دەرەوە و خانەنشین بوو. چی بکردایەت جگە لەوەی سەرۆکایەتی قەحبەخانەکان بگرێتە ئەستۆ، هەتا نانی کۆشێک خێزان دابین بکات!

ئەگەر ژیاننامەی هەموویان بنووسم هەم خۆم و هەم خوێنەریش وەڕەز ئەبن و ئەو دوو قەران سێ پەناباتەشم لەکیس ئەچێ.

بەڵام ناتوانم چاوپۆشی لە پیاو ماقووڵێکیان بکەم و پەردەی هەڵنەدەمەوە. چونکە زۆر ناڕەسەنە و پارەپیسە و دراوی لەدەست نابێتەوە. ئەم جەنابی سەرۆکی «کمپانیای چنین»ـە یەکێکە لە بێچاوڕووترین جەڵەبەکانی جیهان. سەرەتا پێشنوێژی مزگەوتی بازاڕی تەنەکەسازەکان بوو. شەوانە هەندێجار لە ماڵی کاسبەکان ڕەوزەی ئەخوێند. سواری کەر ئەبوو و لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان کەرسواری ئەکرد و، ئەگەر نەڵێین گەدایی ئەکرد، لانیکەم دڵی خۆش بوو کە «دەسەندە» وەرئەگرێت و نووشتە بۆ نەخۆشەکان ئەنووسێ و ڕزگارییان ئەکات. پاشتر بە هۆی چاککردنەوەی چەند

نەخۆشەوە کە پزیشکەکان پێیان چاک نەکرابوویەوە، کاری گرتی و بوو بە ئایندەبین. ئەیزانی فلانە کارێنەر بەمزوانە ئەچێ بۆ گەشت و دەوڵەمەند ئەبێت، بە پلەیەکی باڵا ئەگات و خوایش منالێکی پێ ئەبەخشێ و پاشان نسکۆیەکی گەورە ڕووی تێ ئەکات و ئیمامی زەمان دێ بۆ یاریدەی و دووبارە خوشبەختی ئەکاتەوە. فاڵی ئەگرتەوە. خەڵکی لەسەر تاس دائەنا، ڕەملی هەڵئەدا و ژیگی(٤١) ئەخوێندەوە و ئەژیا. لەپڕ خۆشی دای لە بنی دڵی و بێوەژنێکی دەوڵەمەندی هێنا. هەوێ یان ژنی یەکەم سیحر و جادووی لێکرد و خەریک بوو دەرمانخواردی بکات کە هەڵات بۆ ماڵی بێوەژن و لەوێ مایەوە. مێزەری لەسەر هەڵگرت و کڵاوی کردە سەری و حوجرەیەکی لە بازاڕی تورکەکان کردەوە و، شاگرد و میرزا بنووسی گرت و مایەپووچ بوو. بێوەژن تەڵاقی لێوەرگرت و بەناچار گەڕایەوە بۆ ماڵی ژنەی یەکەمی. کڵاوی درێژی داگرت، قژی لادا و بوینباخی بەست و پانتۆڵی ئوتووکراوی لەپێ کرد و ئەمجار بوو بە ناوەندیار. ئەیویست لە ڕێگەی دەڵاڵیەوە نان بخوات. ئەبوو بە ناوبژیکەری بازاڕییەکان و دامەزراوە دەوڵەتیەکان و گرفتەکەیانی چارەسەر ئەکرد. سەرمایەیەکی پێکەوە نا و کومپانیایەکی «کڕین و فرۆشی بەرهەمی ناوخۆ»ی دامەزراند و توانی بڕێکی گەورە وام لە بانکی بازرگانی وەربگرێ و کاڵای دەرەکی بە کومپانیایەک بفرۆشێ

٤١ـ ژیگ: زیگ، پەرتووک یان زانستی ڕێسای ڕێکخستنی ئەستێرە و لێکۆڵینەوە لە گەڕ و ناوەندی هەسارە و ئەستێرە و دارشتنی ڕۆژژمێر؛ سەرەتا ژێ بووە و ژێ واتە دەزوو و، ژێ کە تان و پۆی کووتاڵی پێکهێناوە وەکوو خشتەی نەخشە لە کارگەی چنیندا بەکارهێنراوە. ژیگ یان زیگ لەوێوە بە واتای خشتەکانی ڕێسای ئەستێرەناسی وتراوە. سەبارەت بە ژیگ یان زیگ لەو زمانەی فارس پێی ئەڵێن پەهلەوی یان فارسی ناوەڕاست، هیچ ئاماژەیەک بۆ ژیگ نەهاتووە و ئەم گۆڕانکارییانە هەمووی لە سەردەمی کوردی ساسانیدا ڕووی داوە. زیگی گەورە یان ژیگی شالیار، لەسەردەمی نەوشیروانی ساسانی، ساڵی ٥٥٥ی زاینی بەرهەم هێنراوە. عەرەب ژیگی کردووە بە زیج. ژیگ چووەتە ناو زمانی یۆنانی و لاتینی سەدەکانی ناونجی و بووە بە زیک یان ئەزیک د ع الاسطرلاب، ابراج.










کە خۆی دروستی کردبوو و ببێ بە یەکێک لە سەرانی ئابووری وڵات. جارێکی تر لەگەڵ بێوەژنی تەڵاقدراو تێکەڵ بوویەوە و فریوی دا و دارایییەکەی خستە بندەستی خۆی. «کڕین و فرۆشی بەرهەمی ناوخۆ» گەشەی سەند و ئەمجارە بوو بە یەکێک لە سەرمایەدارە گەورەکانی ئێران و، لەم پلەیەدا بەڕاستی هەقیەتی لە کۆبوونەوەی «پیاچوونەوە»دا بەشداری بکات.

وتارەکەی ئەم خاوەن کومپانیا سەبارەت بە گشتیکردنی ئابووری وڵات بوو. بەشدارکردنی سەرمایەداری بچووک و هاندانی ئەوان بۆ کردنەوەی کومپانیای نوێ، هەڵوەشاندنەوەی پاوانە دەوڵەتیەکان، ئاماژەیەکی کورت بە کورتکردنەوەی دەستی دەوروبەرییەکانی دەربار لە مامەڵە گەورەکانی دەرەکی، بەتایبەوت کڕینی چەک و کەرەسەی پیشەسازی و تکنۆلۆجی و دەریاداری و هەوایی و دانی بە کومپانیا گشتیەکان بوو. ئەمە گرنگترین هاندەر بوو کە تێکڕای بەشدارانی کۆڕەکەی خستە ناو بیرەوە و ئەتوت هەر هەموویان بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندی گشتی بە یەک دیاردە ئەزانن. ئەوەش بڵێم کە نوێنەری وەزیرخانەی فەرهەنگ و هونەر کە یەکێک لە مامۆستایانی زانکۆ و دۆستی وەزیری دەربار بوو، پشتگیری خۆی لەم لیبرالیزمی ئابوورییە دەربڕی. تەنانەت سەرۆکی ساواک پێی وابوو شاهەنشا ئەم پێشنیازە پەسند ئەکات، چونکە تا ڕادەیەک لەبیری چووبوویەوە کە هەر ئەم جەنابی مامۆستایە بوو کە پاش ڕاوێژی تایبەتی و نهێنی دەربارەی دامەزراندنی زانکۆی هەمەدان و دیاریکردنی شوێنی زانکۆ، پێش ئەوەی خەڵکی ئەو

ناوچە بڕیارەکە ببیسن بە ئوتۆمۆبیل خۆی گەیاندە ئەوێ و چەند هەزار مەتر زەوی بە ناوی خۆی و بە ناوی وەزیرخانەی فەرهەنگ و هونەر و وەزیرەوە کڕی و کۆلکەی تۆمار کرد.

لەو کاتەشەوە «لیبڕالیزم» کەوتە سە زمان و بوو بە هەنگاوی یەکەم بۆ «کەشی ئازاد» لە وڵات دا.

من نەمتوانی چەند جار زیاتر لەم دانیشتنانەدا بەشداری بکەم و بە دەرفەت وەرگرتن لە سەرهەنگی ستاد پاش سێ ڕۆژ گەڕامەوە بۆ لەندەن. پەسەند کرا وابوو هەرکات بڕیارێک وەرگیرا، کە پێویستی بە یارمەتی من هەبێ، ئاگادارم بکەنەوە.

گەڕامەوە بۆ لەندەن و دانە دانەی خوێندکارانی لایەنگری ڕژیم کە ڕاپۆرتچی بوون و هەروەها ئەنجومەنە جۆراوجۆرەکانی شارەکانی ئوروپام بانگ کرد و پێم ڕاگەیاندن ئێران لەژێر سایەی ڕابەری خاوەنشکۆ شاهەنشا لە بواری گەشەسەندن و پەرەگرتن دایە. بۆ ئەنجامی ئەو ئەرکە گرنگانەی کە لە پێشمانە وەکوو کارگەی ئەتۆمی و ژێردەریایی دروستکردن و کەمپیوتەر و کەشتی هەوایی پێویستی یەکجار زۆر بە خوێندکارانی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر و شاپەرست هەیە. ئەبێ هەموویان لە خۆیان بنەون تا بە مژدەی شاهەنشا، وڵاتی ئێمە لە ماوەی پێنج ساڵدا لە ڕوانگەی پیشە سازی و زانست و فەرهەنگ و هونەرەوە لە وڵاتە مەزنەکانی جیهان پێش بکەوێ. ئەم بەرنامەیە ئەبێ جێبەجێ بکرێ.

ئەهاری هەواڵی هێنا تا چەند مانگی تر تێزەکەی بەدەستەوە ئەبێت. خانعەلی داوای یەک ساڵی کرد و، دەماوەندی کە ئەمجارەیان سەلار بوو و ملکەچ، وتی تێزەکەی خۆی پێشکەش کردووە و چاوەڕێیە ئوستادی ڕابەر لەم حەفتانەدا ڕێگەی پێ بدا و بتوانێ نازناوی دکتۆر لە پێش ناوەکەی خۆی دابنێ. پاش لێبوونەوە لە کارەکانی ئەوان کەوتمە شوێن ڕوقیە.

ئەبوا جەنابی فەرزان ببینم. بلیتێکی چوون و هاتنەوەی پاریس

بۆ لەندەنم بۆ نارد. ناردیەوە، بەڵام بە ڕێزەوە تێی گەیاندم کە ناتوانێ کەڵکی لێوەرگرێ و هەڵبەت بە بێهۆ. نیشیەتی بە پارەی خۆی گەشت بکات. نەی ئەویست لە لایەن ساواکەوە هیچ سوودێکی پێبگات ئەگەر بۆ قازانجی منیش بووبێ. لە تەلەفۆنا نەرم بوو و تێگەیشتم لە گەشتەکەی من بۆ تاران ڕازییە و حەز ئەکا پەیوەندیمان نەپچڕێ. ڕەنگیشە هەستی بەوە کردبوو، من خوێندکارە ساختەکانم ناردووە بۆ لای. چی بکات بێچارە؟ کاری ئەکرد و نانی پەیدا ئەکرد.

دوو سێ مانگ لە گەشتەکەی من بۆ تاران تێنەپەڕیبوو کە بڕیارنامەی لیژنەی «پیاچوونەوە» گەیشتە لەندەن. قۆڕیاتی وایان ڕێکخستبوو نە سەری هەبوو، نە بن. خۆشیان نەیان ئەتوانی بیجوون و هەرسی کەن، چ بگات بەوەی بیدەنە دەرخواردی خەڵک. لەو بڕیارنامانەی کە پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕانی ئەمریکایی نووسرابوو و بە کەڵکی ئاوەدانکردنەوەی بیابانی نۆڤادا زیاتر ئەهات تا شارەکانی ئێمە. ئەنجام بوو بەوەی کە ساواک خۆی ئەبێ ڕاستەوخۆ بجووڵێتەوە، بۆ ئەوەی چەرخەکانی پێشکەوتنی وڵات بخاتە گەڕ.

سوودێک ئەم دانیشتنە بۆ منی هەبوو ئەوەندە بوو کە متمانەی سەرۆکی ساواکم بۆ لای خۆم ڕاکێشا. جگە لەوە ئاشنابوون لەگەڵ سەرۆکی بانکیش بووە هۆی ئەوەی کە کارەکەی مووساگیانیشم جێبەجێ کرد.

سەرۆکی ساواک لە وتووێژە تەلەفۆنیەکان و جەختکردن لەسەر هەڵبژاردنی خوێندکاران و وردبوون لە کارزانی و نیشتماندۆستی ئەوان و تاد، جارجارە ڕاسپاردەی تایبەتیشی پێ ئەدام. بۆ وێنە کچەکەی لە لۆس ئانجلسەوە دێت بۆ لەندەن. زۆر باشە ئاگام لێی هەبێت گرفتاری بۆ پێش نەیەت. جارێکیان زۆر بەنهێنی ئاماژەی کرد کە نرخەکان لە ئینگلیز چووەتە سەرەوە و خانمی زۆر خەفەتی

خواردووە پارەی پێویستی پێ نەبووە تا ئەو فەروەی حەزی لێ بووە بیکڕێ. هەڵبەت من لە ئاماژەکەی گەیشتم پارەکەم بۆ تەواو کرد. زانیم حەزی لە بەندوبەست هەیە و تەنها جێ میوەیەکی کریستاڵ بۆ دڵتێرکردنی ئەو بەس نییە. دڵنیا بووم چوومەتە دڵیەوە و خەڵکانی وەکوو ژنراڵ و حاجی عەلی ساوجی، سەگی کێ بن بوێرن ڕووداری بکەن و خۆیان لە کاری من هەڵقورتێنن.

لەو بیرەدا بووم پارەیەکی باشی پێ بگەیەنم و پەتێکی وای بخەمە مل، بۆ هەموو جێگەیەکی ڕاکێشم کە پێم خۆشە و، ئەمەش کارێکی هەستیار بوو. هەرچەند گومانم لە خووی پارەپەرستی ئەودا نەبوو و، ئەمزانی ئەویش وەکوو ئەوانی تر بیر لە ڕۆژی مەبادای خۆی ئەکاتەوە، بەڵام ناوبانگی باشەی ڕێگەی لێ ئەگرتم نەکا دەستە گوڵێک بدەم بە ئاوا. چونکە بە تاقیکردنەوە بۆم دەرکەوتبوو ناوی باش هۆی پاکی و بێنیازی نییە، بەڵکوو ئاماژەیە بەوەی کە بە پارێزەوە کەڵک لە هەموو ڕێژەنێک وەربگرێ، تا بۆگەنەکەی لووتی چاوچنۆکان نەسووتێنێ.

چەندین مانگ بیر و هۆشم لە لایەکەوە گەڕان بە دوای ڕوقیەدا بوو، هەر لەبەر ئەمە هەوڵم ئەدا پەیوەندی خۆمی لەگەڵ بپچڕێنم و لەلایەکی ترەوە بەدوای کەرەسەیەکدا ئەگەڕام سوودێکی مەزن بە سەرۆکی ساواک بگەیەنم.

ناردنەوەی خوێندکارانی دەرچوو بۆ ئێران و جێبەجێکردنی کار بۆ ئەوان لە پلە و پایەی بەرهەستدا و گەشتی یەک لە دوای یەک بۆ وڵاتانی ئورووپا و پەیوەندی گرتن لەگەڵ پۆلیسی ئەو وڵاتانە و لەگەڵ مامۆستایانی زانکۆکان و ساواکییەکانی ئەم وڵاتانە کاری ڕۆژانەی من بوو. لەڕاستیدا بە هۆی ئاشنایی و تەنانەت دۆستایەتی لەگەڵ سەرۆکی خۆشناو، من بووم بە هەمەکارەی دەزگای زانیاری و ئاسایشی ئێران لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای ئورووپا.

شەش مانگ پاش گەڕانەوە لە تاران و چاوپێکەوتنی سەرۆکی

ساواک، ئەوەندە کە ئەهاری هەواڵی بۆ هێنام تێزی دکتۆراکەی لە لایەن ئوستادەکەیەوە پەسند کراوە و پێش ئەوەی کارەکەی پیشانی من بدات، ناردمەوە بۆ ئێران و لە ڕێگەی سەرۆکەوە چەپاندمە وەزیرخانەی دەربار. تێمگەیاند کە ئیتر ڕێگە کراوەیە. پێشکەوتن و سەرکەوتنی ئەو بەستراوە بە زیرەکی و هوشیاری و کارزانی و جووڵانی خۆیەوە. ئەبێ جۆرێک بجووڵێتەوە سەرنجی شاهەنشا ڕابکێشێ و دەربارییەکان زیز نەکات. لەوێوە ئیتر نوێەرایەتی و سەرۆکایەتی و وەزیرخانە چاوەڕێی ئەکات. دڵنیا بووم بە ئەزموونی دزینی پارە کۆکراوەکەی یەک ڕۆژەی حیزبییەکان و هەڵاتنی بۆ پاریس و بەردەستیکردنی بۆ ساواک، پێچ و خەمی کارەکان فێر بووە و کونی نووشتەکەی دۆزیوەتەوە و ئەوەندەی پێ ناچێ بە مەبەست ئەگا و سوودی شاهەنشا و منیشی لەبەرچاو ئەبێ.

بە بەردەستەکەی خۆم، فەرمانبەرێکی پلە نزمی باڵوێزخانەم وتبوو بۆ ماوەی چەند مانگ، چەند ڕۆژ جارێک تەلەفۆن بکات بۆ دەماوەندی و ببێ بە ملۆزمی و هانی بدات بۆ جووڵان و کارکردن. یەک دوو جار چووم بۆ دیتنی فەرزان و نەمویست بیدەمەوە بەچاویا کە من بژاردەکانی ساواکم هان داوە بچن بۆ لای تێزەکانیان بۆ ساخ بکاتەوە و بیکات بە فەڕانسەیەکی ڕەوان. جارێکیان گلەیی کرد: «کاکە خۆ من تێز بنووس نیم. من تەنها ئەتوانم ئەو قلی بلیەی ئەوان ڕستوویانە، ساخ بکەمەوە بۆ فەڕانسەیەکی ڕەوان. بەڵام یەکێک لەم جەنابانە کە ڕەش و سپی لێک ناکاتەوە، ئەیویست من بڕوانامەکەشی بۆ بنووسم!» هاتە دەستم مەبەستی دەماوەندییە کە خەریک بوو لەلای من خۆی هەڵبکێشێ و خۆی بخاتە ڕیزی مرۆڤەوە.

دەماوەندیم بانگ کرد و وەها لێی تووڕە بووم ڕەنگی گۆڕا و قفڵی کرد. وتم:

ـ جەنابی دەماوەندی، من باشت ئەناسم. شەش حەوت ساڵ

پارەت لێوەرگرتووین و هەڵبەت کارێکیشت کردووە. بەڵام ئێمە تۆمان بۆ زمانگێڕی و کوڵەفیتنەیی نەهێناوە. بڕیار بوو بخوێنیت و ببی بە دەسەڵاتداری وڵات. ئەو یاریانەی لە پشت سەری ئێمەوە ئەیکەی بخەرە لاوە و لێی گەڕێ بۆ باوکت. لە بەیانیەوە کارت بە ئێمە نەبێت. بڕۆ هەمان سیخوڕی بێگانە بە. تۆ بەڕێی خۆت و ئێمەش بەڕێی خۆمان. هەر ئەوەندە؛ هەستە لێرە بڕۆ و ئیتر نەتبینمەوە.

دەستی کرد بە گریان. زانیم دەماری هەستیم گرتووە. ئاوێکی ساردم کردبوو بە سەر ئاگری خۆبەزل زانیەکەدا. لە ژوورەکە چوومە دەرەوە و پاش دوو سێ خولەک گەڕامەوە. کاتێکە گەڕامەوە، فرمێسکەکانی سڕیبوویەوە و چاوی بڕیبوویە عەرزەکە.

ـ باش سەیری کاغەزەکانی سەر مێزەکەت کرد؟ ناوەڕۆکەکەی بفرۆشە بە بێگانە. نۆکەرایەتی دوو ــ ئاغەــ ناگونجێ.

جارێکی تر کەوتەوە گریان.

ـ قوربان، ئێوە چیتان لە گیانی من ئەوێ؟ مەگەر من چیم کردووە کە بەوجۆرە چزوم لێ ئەدەن؟

ـ من چزوت لێ نادەم. تۆ خەریکی فێڵمان لێ ئەکەیت و ئیتر بەسە.

ـ قوربان من ناشایستم کرد، بێجام کرد، گووم خوارد. بمبوورن. بەڵێن ئەدەم لەمەودوا ــ بە گیانی باوکم سوێند ئەخۆم ــ جگە لە ڕێگەی فەرمانی شاهانەدا هیچ هەنگاوێک هەڵنەگرم.

ـ بەڵێنەکەت پەژێرە ئەکەم. سوێندەکەت بۆ خۆت. من مرۆڤێکی دڵپاکم و ئەتوانم و ئەمەوێ هەموو گوناهەکانت ببەخشم بە مەرجێک بچی بەدوای تێزەکەتدا و بە زووترین کات دکتۆراکەت وەربگری. ڕۆژی نوێ و ڕۆزی نوێ. بێگانەکان خەریکن وەکوو هەنار و چۆنەر شیرەمان ئەکێشن و تڵپەکەمان فرێ ئەدەن. نیشتمان نیشتمانە. شاهەنشا هەرگیز ڕووی لە ئەمەگدارانی خۆی وەرنەگێڕاوە.

ئەم پەند و هەڕەشانە بێئەنجام نەبوو. دەست و پێی خۆی کۆکردەوە. لە ڕاپۆرتەکانی خانعەلی و ئەوانی ترەوە دەرئەکەوت پاش چاوپێکەوتنی من لە ماڵەکەی خۆم لە لەندەن، ئیتر نەچووە بۆ گەڕان و بەردەوام بینراوە لەو کافەیە گەڕاوەتەوە کە فەرزان لەوێ ئەخوێنێتەوە و ئەنووسێ. ئەمجارەیان هەوڵی ئەدا بەڕاستی تێزەکەی بە یارمەتی فەرزان تەواو بکات. ئیتر خۆیشی بە دژواری پۆلیتۆلۆژی و ساینسەوە با نەئەدا.

هەر لەم یەکساڵەی پاش ڕۆیشتنی ئەهاری، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە سەرۆکایەتی پەرتووکخانەی شاهەنشاهی پێ سپێردراوە. ئەویش بەرنامەیەکی بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەم بنکەیە داڕشتوە. بۆ نموونە شاهەنشا پەسندیان کردووە تەلارێکی نوێ بە شێوازی پەرتووکخانەکانی ئەمریکا دروست بکرێ. ئەو هەواڵانەی سەبارەت بە زیرەکی و وشیاری ئازمایش لە پارێزگەی فارسەوە ئەهات و هەواڵی ئەوەی کە بۆی هەیە ناوبراو بکرێ بە سەرۆک وەزیران و، دەنگۆی تری لەو بابەتە دەماوەندیشی هان دا بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ تاران، ئەگینا لە کاروان پاش ئەکەوێ. ساڵێک و چەند مانگێکی پێچوو هەتا دەماوەندی گەیشتەوە تاران و پاش دوو سێ وتووێژی من لەگەڵ سەرۆکی ساواک لە تاران و لەندەن و پاریس، لە وەزیرخانەی زانست کاریان پێدا و ڕێگەیان دا ئەویش بچێتە ناو وازییەکە.

ئەمە دەسکەلای دووەمی من بوو کە دامەزرا.

باش لەبیرمە کاتێک لە لەندەن لەگەڵ سەرۆکی ساواک، دەربارەی هەڵبژاردنی خوێندکارە دەرچووەکان و دانانی ئەوان لە ناوەندە گرنگەکانی وڵات قسەمان ئەکرد، سەبارەت بە دەماوەندی لێی پرسیم:

ـ جەناب متمانەت بەم گەنجە هەیە؟ باوکی لەو زمان درێژە کۆنەکارانەیە.

وتم:

ــ ئەزبەنی بەڕێزتان باشتر ئەزانن کە مرۆڤ نابێ متمانە بە گلێنەی چاوییشی بکات. بەڵام کاسێتی قسەکانی من و ئەو هەمیشە هەیە و باش تۆمار کراوە. هەرکات پێویست بوو ئەتوانین بەکاری بهێنین. بەتایبەت ئەو بەشەی کە بەڵێنی داوە و... کێ ئەوێرێ جگە بە سازی ئێمە، سەما بکات؟

سەرۆکی ساواک پێکەنینی هات و وتی:

ــ کارەکانت حەوت بزمارە!

هەر لەم سەردانەی لەندەن بوو کە ڕەزامەندی ئەوم بەدەستهێنا. پێکەوە چووین بۆ پاریس و کارەکەمان یەکسەرە کردەوە. چەندین مانگ نەخشەم کێشابوو بۆ ڕاکێشان و ڕازیکردنی خوێندکارانی بێلایەن و شاپەرست و نەیاری کونفدراسیۆن ئەبێ تەلارێکی ڕێکوپێک لە یەکێک لە گەڕەکە ناوەندییەکانی پاریس و لە شەقامێکی گرنگ و بەناوبانگدا دروست بکرێ و هەموو دامەزراوە ئابووری و فەرهەنگیەکان وەکوو بانکی میللی و بانکی پیشەسازی و کومپانیای هەوایی و کومپانیای خۆیی پەترۆڵ و کومپانیای ڕایەخ، لقەکانی خۆیان لەوێ بکەنەوە و بووجەکەشی لە هەموو ڕوویەکەوە، هەر لە کڕینی زەوی و نەخشەکێشان و بیناسازی و ڕازاندەوە و تاد بگرنە ئەستۆ. ئەم پلانە نزیکەی هەشت ملیۆن فڕانکی سویس بەراورد کرا. شتێکی سروشتیە کە ساواک سەرەڕای ئەو بوودجە زۆرەی لەبەردەستیدا بوو، نەی ئەتوانی ئەم پلانە جێبەجێ بکات. بووجەکەی ئەبێ لە لایەن دامەزراوە ناوبراوەکانەوە دابین بکرایەت. لەبری ئەوە ئەو کرێ قورسەیان لە کۆڵ ئەبوویەوە کە ئەیان دا بە خاوەن زەوییە فەڕانسەییەکان. کڕینی زەوی لانیکەم دوو سێ ملیۆنی تێ ئەچوو. ئەم پلانە لە لایەن وەزیرخانەی دەربار و ساواک و خودی شاوە پەسند کرا. چەندین مانگ لە بانکی میللی و ناوەندە ئابوورییەکان وتووێژ و مشتومڕی لەسەر کرا. لە کۆتاییدا بووجەکەی دابین کرا.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٤ ئەم نەخشەیەی من جێبەجێ بوو و من کارەکانم بە جۆرێک ڕێکخست کە کڕینی زەوییەکە بە ناوی سەرۆکی ساواکەوە تۆمار بکرێ، بەڵام بە ناوی خۆیەوە نەک بە پلەی فەرمی ئەوەوە. واتە خاوەنی زەوی و تەلار کە هەرگیز دروست نەکرا جەنابی... بوو کە پاش ڕاپەڕینیش هێشتا هەر بە ناوی ئەوەوەیە و هینی ئەوە.

کاتێکە پارێزەرانی فەڕانسەیی بەڵگەنامەکەیان بۆ هێنا، یەکەمجار پرنگایەوە و واژۆی نەکرد. شەو لەگەڵ من ڕاوێژی کرد. تێمگەیاند قازانجی ئێمە لەوەدایە کە بەڕێوەبەری ئەم ناوەندە ساواک بێت. باش نییە بیخەینە دەست ئەو بنکانەی خانوو بە کرێ ئەدەن. هەرکات تەلارەکە تەواو بوو بە ناوی حکوومەتی ئێرانەوە تۆماری ئەکەین. بەڵام ئێستە بە لەبەرچاوگرتنی قانوونەکانی ئەم وڵاتە، ڕواڵەتی کارەکە ئەپارێزین و ناوی ئەنێین ڕێککەوتننامەی تایبەت لە نێوان فرۆشەر و کڕیار. هەتا ئەم تەلارە دروست نەکراوە من وام پێ باشە تاپۆکەی بە ناوی بەڕێزتانەوە بنووسرێ. واژۆ کردن چەند حەفتە دواکەوت. هەر ڕۆژە و چەند هەزار فرانک ئەچووە سەر نرخەکەی. سەرۆک چوو بۆ تاران، گەڕایەوە بۆ لەندەن و پێکەوە چووین بۆ پاریس و واژۆی ئەومان خستە ژێر تاپۆکە.

بەپێی فەرمانی خاوەنشکۆ شاهەنشا نامەیەکی فەرمی لە لایەن ساواکەوە بۆ سەرپەرشتی ئەو ناوەندە کە منی هەژار بم، لەلام هەیە کە خاوەنی ئەو تەلارە حکوومیە ئێران ئەبێت. من ئەم نامەیەم لە هیچ پەڕاوێکدا تۆمار نەکردووە و کۆپیەکەشی لەلای کەس نییە. چونکە لە ڕیزی بەڵگەنامە زۆر نهێنیەکانی حکوومەتە. کە وابوو خاوەنی ئەو ڕاوەنە بەکردەوە جەنابی فلانییە، بە مەرجێک من ئەم ڕازە بڵاو نەکەمەوە. ئەمە بەڵگەی سێیەم بوو بەدەستمەوە و، ئەگەر ئەم ڕوقیە نەبوایە و ئەو هەموو بەڵایەم بە سەر نەهاتایەت، چ ژیانێکم ئەبوو!

کاری خانعەلی زۆر دژوار نەبوو. کوڕێکی گوێڕایەڵ بوو. هەرکات بانگم ئەکرد لە کاتژمێر و خولەکدا ئامادە ئەبوو و تەواوی فەرمانەکانی منی وشە بە وشە جێبەجێ ئەکرد. جارێک داوام لێکرد بە هەر نرخێک بووە ئەبێ لە کۆنفرەنسی خوێندکارانی دانیشتووی ئاڵمان لە دۆسلدۆرف بەشداری بکات. سێ حەفتە پێش پێکهاتنی کۆنفرەنسەکە پێی ڕاگەیاندم لە ڕیزی نوێنەراندا هەڵیانبژاردووە و ناتوانێ بچێ بۆ دۆسلدۆرف. تەشەرم لێدا و وتم:

ـ جەنابت چ خوێندکارێکی کە بە هیچت نازانن؟ ئەبێ بچی بۆ دۆسلدۆرف.

پاش سێ ڕۆژ ئاگاداری کردمەوە کە ئەتوانێ لە کۆبوونەوەکاندا بەبێ مافی دەنگدان بەشداریی بکات. باش وانەی خوێندبوو و کارپەیداکردن بۆ ئەو دژوار نەبوو. بەڕێوەبەرێتی زەویوزاریش پشتیوانی لێ ئەکرد. بەبێ لەبەرچاوگرتنی پەیڕەوی ئاسایی، هەڵبەت بە سپارشتی[٤٢] ساواک کرا بە ئوستادی زانکۆی تەورێز.

کاتی بەڕێکردن ئەو یاسینەی بە گوێی هاوکارەکانیدا خوێندبووم، چەندپاتم کردەوە:

ـ ئەمە سەکۆی بازدانە بۆ ئێوە. باش سەیر بکەن کە یارانی تری ئێوە چ شێوەیەکیان بەکار هێناوە بۆ ئەوەی باز بدەن بۆ سەرەوە. هەوڵبدەن پێیان بگەنەوە و پێشیان بکەون. ئازمایش و ئەهاری بکەن بە نموونە بۆ خۆتان. ساواک و خودانی مەزنی خاوەنشکۆ هەمیشە پشتیوانی ئێوەیە. هەرکات تیرتان دای لە بەرد، داوای یارمەتی لە من بکەن. ئەتوانم زۆربەی تەگەرە و لەمپەر لەسەر ڕێتان لادەم.

بەڵێ، ئەمەش دەسکەلایەک بوو، بەڵام نەک بە سفت و سۆڵی ئەوانی تر. گومانم لەوەدا نەما کەرەسەکانی بە مراد گەیشتنم

---

٤٢ ـ سپارشت: order, recommendation **ناو** لە چاوگی سپاردن، بە واتای ڕاسپاردن و داوا و داخوازی و بە واتای (order)ی فەرمانی کرینی شت.

پێکهێناوە. ئەبێ ددان بەوەدا بنێم کە وردە وردە زاڵ ببووم بە سەر ئەو پەژارە و تەمەرەی لە لایەن خوشکمەوە دڵی ئەگووشیم. پێموابوو هیچکەس ناتوانێ چزەم کێبدا.

ئەگەر شەوێک خەونم ئەبینی دەمامکەکان هەموو لە ڕوقیە ئەچن و وەکوو مۆتەکە خەریکن ورد و خاشم ئەکەن و خووساوی ئارەقە خەبەرم ئەبوویەوە، لە سیسەمەکە ئەهاتمە خوارەوە و هەوڵم ئەدا خۆم ئارام بکەمەوە. بۆ ماوەیەک یاداشتەکانی خۆمم لەسەر خوشکم بە سەر ئەکردەوە و پاش بیرکردنەوە بەو ئەنجامە ئەگەیشتم، ڕوقیە نەک هیچ دەستدرێژییەکی بە بەرژەوەندی من نەکردووە، خودی ڕوقیەش چیکردووە کە ئەبێ سزا بدرێ؟ لە هیچ شوێنێک تاوانێکی نەکردووە سزاواری لێکۆڵینەوە بێ. لە ماڵی دایکی هەڵاتووە و ڕۆیشتووە و ئیتر چی؟ ناوێکی مەرزییەی هێناوە، بازنەیەک لە ماڵێکا دۆزراوەتەوە، وێنەیەکی گومانلێکراو چەسپێنراوە بە دیوارەکانی شاردا. ناوی مەرزییەی هێناوە، دڵی بۆ کچێکی بێتاوان سووتاوە؛ ئەمە خۆ تاوان نییە. هەموو کەس لە بابەتی حاجی عەلی ساوجی ئەتوانێ وێنەی ساختە دروست بکات و خەڵک بخاتە داوەوە. بازنەیەکی هەبوو، فرۆشتوویەتی. پاشان کەوتۆتە دەست خراپکاران. لە هیچ شوێنێک نەوتراوە ڕوقیە هەنگاوێکی دژی بەرژەوەندی باڵای وڵات هەڵگرتووە. لە کوشتنی کەسێکدا بەشداریی کردووە، دەستنووسی ئەویان لە نووسینی شەونامەکانی دژی حکوومەتدا ناسیوەتەوە؟ گرووپە کومۆنیستەکان ناویان هێناوە، لە ماڵی نهێنی لەگەڵ یەکێک لە موجاهیدین و فیداییان و گیانبازان و مارکسیستە ئیسلامیەکان ژیاوە؟ لەگەڵ کونفدراسیۆنیەکان هاتوچۆی کردووە؟ لەگەڵ فەلەستینیەکان سەروکاری هەبووە؟ ئاخر ئەو چ گوناهێکی کردووە کە من ئەبێ سزا بدرێم. من بۆ ئەبێ بترسم؟ لە چی؟ گەورەترین تۆمەتی ئەوان ناوبردنی مەرزییە بووە، کە گوایە لە کوشتنی سەرهەنگی ستاددا بەشداریی هەبووە و من بە چنگ و

ددان لەگەڵیان لە شەڕدا بووم.

ئەگەر وایە بۆچی خۆی دەرناخات و خۆی بە من پیشان نادات و داوای یارمەتیم لێ ناکات، تا ببم بە پشتیوانی؟

لەم دوو سێ ساڵەی پاش بینینی سەرۆکی ساواک کە چووم بۆ ماڵی و لەوێ شێوم کرد و لە لەندەن لەگەڵ گرفتاری جۆراوجۆر هەڵم ئەکرد، چەندین جار لە گەشتی یەک دوو ڕۆژەی ئاشکرا و نهێنی بۆ ئێران، ئەگەر بە پێویستم بزانیبا سەرێکی دایکیشم ئەدا. پەیوەندی خۆم لەگەڵ مووساگیان و لە ڕێگەی ئەوەوە لەگەڵ زاوا پاراستبوو. لەم چەند ساڵەدا هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نەبوو کە کێشەی ڕوقیە خەریکە پەرە ئەسێنێ و پایەکانی ژیانی من ئەلەرزێنێ. پاش جێبەجێکردنی کاری هەڵبژاردەکان، لەپڕ لە لایەن مووساگیانەوە کە بەردەوام پارەم بۆ ئەنارد تا ژیانی دایکم لە ماڵەکەی خۆم لە نیاوەران دابین بکات، هەواڵێکم پێگەیشت کە تەواو تۆقاندمی. زاوایش کاتێکە ساواک ئەرکێکی پێ نەئەسپارد ئاگای لەم ماڵە بوو و شەوانە هەرکات بۆی بکرایە لەوێ ئەخەوت. مووساگیان بە تەلەفۆن پێی وتم: «ڕۆژێک چووە بۆ ماڵەکەی نیاوەران و دایکمی لەوێ نەدیوە. پاشان لە زاوای بیستووە کە بوخچە و بەرماڵەکەی هەڵگرتووە و بە شەو لەوێ هەڵاتووە.» کاتێکە لەسەری ڕۆیشتم و پرسیم خانوویەکی بەو گەورەییەی بۆ بەجێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەو کولانەیە، گوایە وتوویەتی ئەو ماڵە نوێژی دروست نییە و بە پارەی حەرام کڕدراوە. مووساگیان وتی: «تەنانەت بە منیشی نەوت کێ چووەتە بن کلێشەی و ئەوی لەو باخە دلڕفێنە تەرە کردووە!»

مارانگەستە لە دەزووی ڕەش و سپی ئەترسێ. دیسانەوە ئەندێشە هەڵیگرتم. هەزار بیرم کردەوە. ئەمەشم خستە ئەستۆی نەیاران و ئێرەییبەران و دوژمنان. ئەیانەوێ بە هەر شێوەیەک بووە ژیانم لێ بشێوێنن. ئەمجۆرە هەواڵانە بوو وای لێ ئەکردم شەوانە خەونی ترسناک ببینم و لە ژێر گوشاری مۆتەکەی کوشندەدا لە خەو

ڕاچەنم و بە سەرلێشێواوی لە ژوورەکەدا بێم و بچم.

بەڵام هەڵاتنی دایکم لە خانووەکەی نیاوەران تازە سەرەتای ئەو هەموو بەڵایە بوو کە خۆی لێ مەڵاس دابووم. چەند حەفتە پاشتر لەپڕ تەلەفۆنێکی شێخە و پاش چەند خولەک هیی فەرزان، کە هەرگیز سەربەخۆ تەلەفۆنی بۆ نەکردبووم، تەواو خافڵگیری کردم. چاوەڕێی بەڵایەک بووم.

سەرەتای ساڵی ١٩٧٦ بوو، هەموو جەربەزەیان پەیدا کردبوو. ئەتوت لەگەڵ هەتاوی بەهاریی دەعباکانی ئەرزیش لەژێر خاک سەریان دەرئەهێنا و لە نێچیر ئەگەڕان. لە هەموو خراپتر ئەو خوێندکارانە بوون کە کلکیان درکردبوو. هەموو ڕۆژێک هەواڵی ناخۆش لە چەتوونی کومۆنیستەکان ئەگەیشت و هاودەستەکانیان وڕینەکانی ئەوانیان، کایەک بە کێویک، لە ڕۆژنامەکانی ڕۆژهەڵاتدا ئەدایەوە دەرخواردی پیرێژن و پیرەمێردان و ئەوانیان ئەتۆقاند. ئەم تەلەفۆنانە تەواو دڵنیگەرانیان کردم.

هەر ئەو ڕۆژە کونفدراسیۆنییەکان ڕژابوونە کونسولگەری میونیخ و چەند کەس لە فەرمانبەرانیان بە بارمتە گرتبوو، بەڵگەنامەکانیان دزی، وێنەی شاهەنشایان لە دیوار کردەوە و دڕاندیان. وێنەی ئەم ڕووداوە لە ژنێڤ لە سکرتاریەتی باڵوێزی گەڕۆک ڕووی دا، لە واشنگتۆن کار گەیشتە ئابڕووچوون. لە جەژنێکدا کە باڵوێزخانە بە هۆی نەورۆزەوە بەرپای کردبوو و ژمارەیەک لە پیاوە گەورەکان و جێگرانی وەزیرەکان بەشدارییان هەبوو، خوێندکارێک چووە سەر سفرەی حەوت سین، هێرشی کردە سەر تەواوی بڕوا پیرۆزەکانی ئێران و بنەماڵەی پاشایەتی. کارمەندانی باڵوێزخانەکانی بە دەڵاڵی دامەزراوە ئابووری و کارگەی چەکسازی ناوبرد و چی بە دەمیا هات وتی. خوێندکارێکی تر بێشەرمی گەیاندە ئەو جێگەیەی کە ئابڕووی یەکێک لە هونەرپیشە بەناوبانگەکانی جیهانی برد کە نێوانی لەگەڵ باڵوێزی ئێران هەبوو. ئاژاوەنانەوەی خوێندکاران گەیشتە ڕادەیەک

کە زۆربەی میوانەکان جەژنی خۆشی و ڕابواردنیان بەجێ هێشت و کاتێک کە پۆلیسی واشنگتۆن گەیشت زۆربەی خراپکارەکان بە ئاماژەی ڕۆژنامەنووسێکی هاوکاریان خۆیان شاردەوە و لە دەرگای نهێنی باڵوێزخانەوە بۆی دەرچوون.

هیچ شتێکیش بە زیانی خوێندکاران ڕووی نەدا. ئەوەندە نەبێ کە بیانووی دا بەدەست ڕۆژنامە چەپ و ڕاستەکانی ئەمریکاوە تا ڕووداوەکانی ئێران بەو جۆرە بنووسنەوە کە کومۆنیستەکان بڵاویان ئەکردەوە. بەتایبەت لەم کاتەدا کە دوو پسپۆڕی ئەمریکی لە ئێران کوژرابوون و هەڵلایەک سازببوو ئەوسەری ناپەیدا.

ئەم ڕووداوانە و هاندانی ڕۆژنامەنووسەکان، ڕۆژ بە ڕۆژ کومۆنیستەکانی یاخیتر ئەکرد. لە تاران کۆمەڵێک لە نووسەران و هونەرمەندان دای لەسەریان خۆیان یەکێتی دروست بکەن و نەچنە ژێرباری ئەو کۆمەڵەی نووسەرانە کە دەوڵەت لە ڕێگەی ساواکەوە دروستی کردبوو. تەنانەت تا ڕادەیەک پێیان ڕاکێشا کە چەند نوێنەریان لە لایەن خۆیانەوە ناردە لای سەرۆک وەزیران و داوای هەڵوەشاندنەوەی سانسۆر و ئازادی چاپەمەنیان کرد. لە ڕاپۆرتێکی نهێنی کە ساواک بۆی ناردبووم وا دەرئەکەوت مەلاکانیش جووڵاون و لێرە و لەوێ لە قوم و مەشهەد ختووکەی فەقێکانیان داوە و هەر ئەو دروشمانە دووپات ئەکەنەوە کە لە ئاپریلی ١٩٦٣ دا بیسرابو. ساواک چەند کەسێک لەمانەی گرتبوو و خستبونیە زیندان. لە زیندانیش جەنابانیان بێکار دانەئەنیشتن و لەگەڵ کومۆنیستەکان هەموو ڕۆژێ لە جووڵاندا بوون. بە هاندانی ئەوان کرێکارانی پاڵفتەخانەی پەترۆڵی تەورێز و چیمەنتۆی سۆفیان و ئوتۆمۆبیل سازی ئێران ناسیۆناڵ مانیان گرت. هێرشکردنە سەر پسپۆڕانی سەربازی ئەمریکا خەریک بوو ئەبوو بە ڕووداوی ئاسایی. زانیاری هەبوو هاوکاری نەیاران و موجاهیدین و گیانبازان و مارکسیستی ئیسلامی لەگەڵ فەلەستینیەکاندا خەریکە دۆستانەتر ئەبێت.

بە کورتە لە هەلومەرجی وەهادا کە مرۆڤ دەرفەتی نەبوو بۆ کاتێکیش بێکەڵەگا بژی، تەلەفۆنەکانی شێخە و فەرزان تەزووی هێنا بە لەشما. بە خۆم ئەوت دیسانەوە ڕوقیە دەستە گوڵێکی داوە بە ئاوا و ئەم دوانە بە باسەکەیان زانیوە. یان ئەوەی کە دارودەستەی ژنراڵ سەرلەشکر پیلانێکی تازەیان بۆ سەرنگومکردنی من کێشاوە و پلانەکەیان ئەوندە کەرانەیە کە هەواڵەکەی گەیشتۆتە گوێی ئەم پاریسیانە. فەرزان کە تەلەفۆنی نەبوو و نەم ئەتوانی پەیوەندی لەگەڵ بگرم. پاش دوو سێ ڕۆژ شێخەم دۆزیەوە و تەنها شتێکە دەستم کەوت ئەوە بوو کە فەرزان پەیامێکی بۆ تۆ هەیە و وا باشترە خۆت بیدۆزیتەوە و بزانی چ نوقڵ و نەباتێکی دەسکەوتووە کە بابەتی ددانی تۆیە. خستمەوە بیری و تکام لێکرد چون من ناتوانم بە تەلەفۆن فەرزان بدۆزمەوە، کارێک بکات کە جەناب سەروان؛ ئەمشەو یان سەیزو شەو تەلەفۆنم بۆ بکات تا شوێنی چاوپێکەوتن دابنێین.

شەوی پاش ئەوە تەلەفۆنچی ئاگاداری کردم کە ئەفسەرێکی خانەنشینی پۆلیس لە ئورووپای ناوەندی ئەیەوێ دەسبەجێ قسەم لەگەڵ بکات. فەرمانم دا پەیوەستی بکەن بە تەلەفۆنی ماڵەوە.

دەنگی فەرزانم نەبیست.

ژنێک بوو، ئەیویست لە لایەن یەکێکی ترەوە قسەم لەگەڵ بکات. پرسیم:

ـ خانم ئێوە کێن و چیتان ئەوێ؟

ـ جەناب، من نازانم ئێوە کێن و پێویست ناکا ئێوەش بزانن من کێم. بەس ئەمەوێ پەیامێکتان پێ بگەیەنم. من کێم و چیم پەیوەندی بە تۆوە نییە.

ڕانەهاتبووم کەس بە تەلەفۆن بەوجۆرە قسەم لەگەڵ بکات. هێدمە گرتمی. بەڵام بەهۆی نیگەرانیەوە زاڵ بووم بە سەر خۆمدا و بەوپەڕی خۆڕاگرییەوە وتم:

ـ ببووره خانم، ژمارەکەی خۆتم پێ بدە تا من تەلەفۆنت بۆبکەم.

ـ ژمارەی خۆم بە هیچکەس نادەم، بۆچی بیدەم بە تۆ؟

بە خۆم وت نەکا ڕوقیە بێ. لانیکەم یەکێک لە هاوکارەکانی ئەوە. دیسانەوە دانم بە خۆمدا گرت و وەڵامم دایەوە:

ـ زۆر چاکە پەیامەکەتان بڵێن.

ـ ئەمە بوو بە شتێک.

خەریک بوو هەڵئەچووم. چرکەساتێک بێدەنگی. پێموابێ ژنە لەگەڵ یەکێکی تر قسەی ئەکرد.

ـ ئەتان فەرموو.

ـ یەکێک لە دۆستانی نزیکی من کە ئەفسەری پۆلیسە داوا ئەکا بە زووترین کات چاوی پێت بکەوێ. پەیامێکی بۆت هەیە.

وتم:

ـ من ناونیشانی ئەم ئەفسەرەم نییە. چۆن بزانم کێیە و لە کوێ بیدۆزمەوە؟

وەڵام ڕوون بوو:

ـ بێن بۆ هەمان کافەی کە ماوەیەک پێش ئێستە لەوێ چاوت پێی کەوت.

باسەکەم بۆ ڕوون بوویەوە. وتووێژ کۆتایی پێهات. ژن پێش من بیستۆکەکەی داخستبوو.

فەرزان بوو. ڕۆژی پاشتر خۆم گەیاندە پاریس.

مارچی ١٩٧٧ بوو. سەهۆڵی ئەستێڵەکان لە پاریس هێشتا نەشکابوو. چووم بۆ باڵوێزخانە. چەند کاتژمێر دۆسیەی ئێرانیە ناسراوەکانم هەڵدایەوە. بە ڕووی ساواکی خۆمدا نەهێنا کە خەریکم لە ژیانی فەرزان ئەکۆڵمەوە.

هەواڵێکی گرنگ لە دۆسیەکەیدا نەبوو. گۆشەگیرە. لەگەڵ هیچکەس هاتوچۆی نییە. شەوانە لە کافەیەک دائەنیشێ و پەرتووک

ئەخوێنێتەوە و ئەنووسێ. ئەگەر کەسێک سەری لێبدا و سیگاری بێت و سیگارێکی پێبدا، وەری ئەگرێ. ئەو کافەیە، کە شەوانی زستان و تا کاتێک هەوا ساردە لەوێ ئەبێت هیی ژنێکی ئێرانیە و لە خزمەکانی خۆیەتی. کافەکە پێگەی ئێرانیەکانە. لەگەڵ زۆربەیان چاک و چۆنی هەیە، بەڵام هاونشینیان نییە. شێخەش هاتوچۆی ئەم کافەیە ئەکات. کۆمەڵێکی بە دەورەوەیە هەمیشە ئەڵێن و پێئەکەنن. بەدەنگی بەرز بە فارسی قسەئەکەن. قسەی قۆر ئەکەن بەڵام قسەی خراپ ناکەن.

پاش نیوەڕۆ زەنگم بۆ شێخە لێدا. نەمدۆزیەوە. سەرەتای شەو، نزیک شەقامی دووپۆن لە ڕەستۆرانێک، لە پشت پەنجەرە دانیشتم و شوێنەکەی فەرزانم خستە ژێر چاودێری. سەیری کاتژمێرم کرد حەوت و چارەک بوو. بە شۆفێرەکەم وت لەسەر مێزەکەم دابنیشێ و ئەوەندەی فەرزانم بینی شۆفێرەکەم نارد بۆ لای:

ـ بەو کابرایە بڵێ ئەو کەسەی چاوەڕێی ئەکەی لەم ڕەستۆرانە دانیشتوە.

بینیم شوفێر و فەرزان پێکەوە قسە ئەکەن. هەردوک هاتن بەرەو من و یەکیان منی بەویتر نیشان دا. هەوڵمدا خۆم ئارام پیشان بدەم. هەستام. شۆفێرەکەم ناردە دەرەوە. لەگەڵ فەرزان تەوقەم کرد و داوام لێکرد لەسەر مێزەکەی من دابنیشێ، پێکەوە شێو بخۆین. وتی:

ـ بابڕۆین بە کارەکەمان ڕابگەین.

ـ چ کارێک؟

ـ من پەیامێکم هەیە کە ئەبێ پێتی ڕابگەیەنم.

ـ لە لایەن کێوە؟

ـ جەنابی فلانی، لێپرسینەوەم لەگەڵ مەکە. وەڵامی هیچ پرسیارێکت نادەمەوە. من لەگەڵ برای ڕوقیە قسە ئەکەم نەک لەگەڵ کارمەندی بە دەسەڵاتی دەزگای ئاسایش و زانیاری وڵات و

سەرۆكی ساواک لە ئینگلستان و ئوروووپا و سەرپەرشتی كاروباری فەرهەنگی و هەر پلەیەكی تر كە هەتانە.

بینیم گەرم پێ ئەكات. ناوی ڕوقیەی كە هێنا، ئەتوت هەم ئارامی دامێ و هەم دڵەڕاوكێ.

ـ ناتوانین لێرە دانیشین و پەیامەكەم پێبدەن؟

وەڵام نا بوو. لە ڕەستۆرانەكە هاتینە دەرەوە. لەسەر سووچی شەقامی دووپۆن و مارۆس وەستاین و چاوەڕێمان كرد تا تاكسیەك هات. ناوی شەقامێكی برد كە من نەمتوانی لە مێشكما ڕای بگرم. وتی:

ـ پارەی تاكسیەكە ئەبێ ئێوە بیدەن. ئەگەر پارەتان لانییە، من ئەیدەم بەڵام ئەبێ پێم بدەیتەوە.

ـ نیگەران مەبە، پارەم پێیە.

نزیكەی كاتژمێر و نیوێک بەڕێوە بووین. هەندێجار هەوڵم ئەدا ناوی شەقامەكان لە مێشكما بپارێزم. ناوەكان هێندە نائاشنا بوون كە نەم ئەتوانی لەبەریان بكەم. تاكسی لە شەقامێكی بەریندا كە ناوەكەیم بەرچاو نەكەوت، وەستا.

فەرزان لەبەردەم هوتلێكی شكۆدار كە زەلامێكی ڕەش بە بەرگی دەرگاوانی ئاسایی بە سەرشانی و قردێلە و قەیتانی شینی تۆخەوە وستابوو، دابەزی. ڕەشە بەخێرهاتنی كردین و ئاسانسۆر ئێمەی سەرخست بۆ قاتی پێنجەم. فەرزان دای لە دەرگای ژمارە سیانزە و ژنێكی چارشێو بە سەر كە ڕووی خۆی توند گرتبوو دەرگای كردەوە و ئێمەی برد بۆ هۆڵێک. ژنە زۆر باڵابەرز بوو و بۆم دەركەوت ڕوقیە نییە. بیركردنەوە لەوەی كە ڕوقیە خۆی لە بن ئەم چارشێوەدا شاردبێتەوە، بۆچوونێكی هەڵە بوو. دوو موبل لە یەک مەتر و نیوی چراكەدا دانرابوو. لە بەردەممان تارمایی تەلەڤیزیۆنێک و دەزگایەكی تر كە پاشتر زانیم ڤیدیۆیە ئەبینرا. ئێمە هەر دووكمان لەسەر موبلەكان دانیشتین. ژنەی چارشێو بە سەر

تەلەڤیزیۆنەكەی هەڵكرد و فەرزان بێدەنگیەكەی شكاند.

ــ جەنابی فلانی ئەبێ بەڵێنم پێبدەی هەرگیز هەوڵ نەدەی لەم هوتێلە بگەڕیت و ئەم خانمە میواندارەی ئێمە بدۆزیتەوە. ئەوەی كە ئەیبینی بە هیچكەسی نەڵێی كە چیت بینیوە و چیت بیستووە. نە ڕاپۆرتی نووسراو و نە ڕاپۆرتی دەمی نەدەی بە دەزگای ئاسایش و زانیاری وڵات. ئێمە و من بەڵێنی یەك ساواكیمان ناوێ. ئێمە بەڵێنی برای ڕوقیەمان ئەوێ.

ــ ئەتانەوێ چیم پیشان بدەن و بڵێن؟

ــ بڕیار نەبوو تۆ پرسیار بكەی.

ــ جەنابی فەرزان من تۆ بە مرۆڤێكی پاك و ڕاستگۆ ئەناسم و بەڵێنت پێ ئەدەم.

ــ زۆر چاكە، ئێستا كە بەڵێن ئەدەیت، ئەبێ خاڵێكت بۆ ڕوون بكەمەوە. ئەوەی كە من بە تۆی ئەڵێم هەڕەشە نییە، ڕاستیە. ئەگەر بە پێچەوانە بجووڵێنەوە نەك هەر من، بەڵكوو خودی تۆش ئەكەویتە مەترسییەوە. دڵنیام كە پارە و پلە و نیشان و پەیوەندییەكانت لە ڕوانگەی ئەو كەسانەوە كە ئەم دیمەنە پیشانی تۆ ئەدەن هیچ نرخێكی نییە. ئەوەش بزانە كە من تەنها لەبەر دڵی ڕوقیە لەمكارەدا بەشداریم كردووە و لەگەڵ خاوەنی ئەمكارە هیچ پەیوەندییەكم نییە. ئەوە بزانن كە من لە ڕووی بیر و باوەڕەوە خۆم نەكردووە بە نیشانەی تیری ساواك.

لە خۆمم پرسی ئەی لەبەر چییە؟

چیم هەبوو بیڵێم؟ بێدەنگ چاوەڕێم كرد.

ژنەی چارشێو بە سەر كە تا ئێستا لە پشت سەرمانەوە لەلای چراكەوە وەستابوو هاتە پێشەوە. تەلەڤیزیۆنەكەی هەڵكرد. ئەوسا دەستێكی برد بۆ ڤیدیۆكە و دەستی نا بە دوگمەیەكی تردا. چەند وێنەی ڕەش و بەرین لەسەر تەلەڤیزیۆنە ڕەنگیەكە دەركەوت و پاشان ژوورێك دەركەوت و لەپڕ خوشكم دەركەوت. خۆی بوو.

ڕوقیە بوو. نە ئەو ڕوقیە بچکۆلانەیە کە من خۆشم ئەویست. هەرگیز بیرم لەمە نەکردبوویەوە. دڵم کەوتە لێدان، دەستم لەرزی. پشتم تەزی پیاهات...

منێک کە پێموابوو سارد و گەرمی ڕۆژگارم چەشتووە و خاراوم، وەکوو منداڵێکی ترسنۆک خۆم دۆڕاند. بۆم دەرکەوت سەرەڕای دارایی و پلە و فەرماندەبوون بە سەر سەدان کەسدا و هەڵسوکەوت لەگەڵ گەورەکان؛ هەمان بەردەستە خوێڕیلەکەی لای خاتی و دکتۆر بیژەنم. بووم بە کرمێک لە بەرامبەر گەورەیی و مەزنایەتی ئەو ژنەی چاوی بڕیبوویە ناوچاوم. سەروقژی خۆی لە لەچکێکی ڕەش هەتا سەر برۆی داپۆشابوو و تەنها تەختی ڕوومەتی دیار بوو. هەروەک ئەو وێنەیەی بە دیوارەکانی شاردا هەڵواسرابوو. بەڵام ئەو وێنەیە نەخشی ڕوقیە نەبوو. چاوەکانی گەش و پرشنگدار بوو و کاری ئەکردە سەر هەر بینەرێک. کراسێکی درێژی کەمەر باریک قەد و باڵای بەرزی داپۆشابوو. هەر دوو دەستی لە پشتەوە هەڵپێکابوو. سینگی دابوویە پێشەوە، ئەتوت خۆی بۆ زۆرانگرتن ئامادە کردووە. ئەتوت ئەیەوێ ڕۆڵی گوردئافەرید[٤٣] ببینێ. ڕوخساری زۆر دژ بوو نەک نمایشی.

وشەی یەکەم کە لە دەمی هاتە دەرەوە «برا» بوو.

برام، چەند حەزم ئەکرد پێکەوە قسە بکەین. بەداخەوە یارانی من بە باشیان نەزانی یەکدی ببینین. تەنها ڕێگەیان پێدام کە وەکوو خوشک یارمەتیت بدەم و لەو گەرداوەی تێی کەوتوویت ڕزگارت بکەم. زۆر تاوانت کردووە. تاوانی وا کە لێبوردنی بۆ نییە. خواش بەزەیی پێتدا نایەتەوە. هێشتاش ڕێگەیەک بۆ داواکردنی لێبوردن و «مەغفەرت» هەیە...»

ناتوانم هەموو ئەو شتانەی وتی دووپاتی بکەمەوە. ئەمویست

٤٣ـ گوردئافەرید: ئەفسانە ناوی تایبەت کیژە پاڵەوانی شانامە کە لەگەڵ زۆراب ئەجەنگێ و هەرچەند زۆراب سەرئەکەوێت، بەڵام خۆی ڕزگار ئەکات.

خاڵە گرنگەکانی یاداشت بکەم. فەرزان کە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو، نەیهێشت. هەوڵم دا لەبەریان بکەم. مەگەر ئەکرا کاژێرونیوێک هەڕەشە و گوڕەشەی ئەو لەبەر بکەم. ئەوەندە کە لە مێشکمدا جێگەی بوویەوە، بۆتان ئەگێڕمەوە:

«ئێمە پێکەوە وتووێژ ناکەین. من بێشەرم و تۆ بیسەر. ئەگەر کار گەیشتە هەموان قسەکانی تۆیش ئەبیسین. خوا ئەو ڕۆژەمان بە نەسیب نەما. من لەو دادگایەدا نابم کە تۆ بە تاوانکار ئەناسێ. هەرچی لەم ڕۆژەدا بڵێیت تۆمار ئەکرێ و ڕەنگە ڕۆژێک دژی تۆ سوودی لێوەربگیرێت. کەوابوو من بێشەرم و تۆ بیسەر.»

بەردەوام ئەوەی ئەوت کە دەست لەو پیشە شەیتانییەت هەڵگرە... ئەمە چەقی قسەکانی بوو.

«داوای مەغفەرت بکە. لەگەڵ ئێمە کەوە. ئەبێ سزا بدرێیت. هەرچەن زووتر، باشتر...»

ئەمە ڕوقیە نەبوو کە تەشەری لێ ئەدام و بە سەرما دائەباری، ئەتوت یەکێکی تر وشەکان ئەنێتە دەم خوشکم. چیها تۆمەتیان لێدام؟

«لە ژێر دەستی تۆدا دەیان کوڕ و کچ، سەرەپیاو و پیرەمێردی موسڵمان ئەشکەنجە کران. چەند سەد کەس لەوانە لە ئەنجامی ئەو زەجر و ئەشکەنجەدا تاویان نەهێناوە و مردوون...»

ئەمویست هاوار بکەم «درۆیە، من کەسم ئەشکەنجە نەکردووە!»

فەرزان ئاماژەی پێدام کە بێدەنگ بم:

ـ ببیسە، بزانە ئەڵێ چی.

باسی دەوڵەمەندییەکەمی ئەکرد، پارەم لە بانکەکاندا.

«چەند جار ئاماژەم پێدای کە ئاگام لێتە. گوێت نەدا. بنەماڵەکەت بێچارە کرد. مناڵەکانت ئاوارە کرد. دایکمان تەمەنێک لە دڵەراوکێ و ترس و لەرزدا ژیا. تۆ بکوژی گیانی ئەوی. بۆچی ماڵەکەت لە

گوزەری کەلانتەر کاول کرد؟ بۆچی ئاوارەت کرد؟»

ئەوسا دیسانەوە ئامۆژگاری و هەڕەشە کە لە کەری شەیتان دابەزە و لەم جۆرە قسانە. بگەڕێوە سەر ڕێگەی ڕاست. هێشتاش درەنگ نەبووە، وەرە هاوکاریمان لەگەڵ بکە.

«تۆ هۆی بەدبەختی و ئاوارەیی و دەربەدەری منی. ئێستە خەریکم دەرفەتت ئەدەمێ کە ژێوان ببیتەوە.»

ئاگای لە هەموو تاوانەکانی من هەیە. ئەزانێ لە دادگای موجاهیدین و فیداییەکان مەلای خاوەن مینبەر چ ڕۆڵێکم هەبوو. ئەزانێ لە ئورووپا چۆناوچۆن گەنجەکانم لە خوێندن بێوەری کردووە. دەستم بە سەر پاسپۆرتەکانی ئەواندا گرتووە و بە پارە ئەوانم لە ڕێگەی ڕاست بەدەر کردووە. باش ئەزانێ بە چ شێوەیەک پەردەم بە سەر جنایەتەکانی شا و دەربار و تالانی زەوی جوتبەندەکاندا کێشاوە.

«ئایە تۆ نازانی و خۆی نەتبینی کە سەرلەشکرەکانی کاتی دەستدرێژی کردن بە کچانی بێتاوان ئامادە ئەبوو و لەبەر چاوی ئەو ئەمکارە دزێوە ڕێگەی پێ ئەدرا؟»

ئەیوت ئاگای لە بێنەوبەرەم لەگەڵ دەسەلاتداران هەیە.

«ئەو ژنە بیست و پێنج ساڵەی لە زیندان هەڵات لەبیرتە؟ چەندە ئەشکەنجەیان کرد و سووکایەتیان پێکرد؟ براکەیان کوشت و کاتێکە جەللادەکان ئیتر هیچیان پێ نەکرا تۆ چووی بۆ لای هەتا ئامۆژگاری بکەی. مەبەستت ئەوە بوو کە خۆی بدا بەدەستەوە.»

کوشتنی گەنجێکی خستە ئەستۆی من کە جەللادەکان کوشتیان و وتیان لە کاتی هەڵاتندا کوژراوە.

«باشە ئەم سەید موحسینی موجاهیدەتان بۆچی کوشت؟»

درۆی سەیر و سەمەرەیان دابووە دەرخواردی و ئەویش بەبێ ئەوەی بزانێ دووپاتی ئەکردنەوە.

«هەمووتان باش ئەزانن کە شاو و وەزیری بەبێ ئاگاداری

ئەمریکا ئاو ناخۆنەوە و ئەوەتان ناو نابوو ناسیۆنالیزمی پۆزیتیڤ! نەتان ئەزانی کە ملیۆنەها دۆلار پارەی دەسترەنجی خەڵکی ئێران لە ئەمریکا و ئەفریقا بە قازانجی شا تەخشان و پەخشان ئەکرا؟ ئاخر لە ئەفریقا بنکەتان دروست ئەکرد کە چی ببێت؟»

هەرچی بە دەمیا هات وتی. تاوانی وای خستە ئەستۆی من کە گیانیشم ئاگای لێ نەبوو. کوشتنی کوڕە مەلای عیراقی ئیتر بۆ ئەخستە ئەستۆی من؟

چارەکی کۆتایی سزاکانی ئەژمارد. دەس لە کارەکەم هەڵگرم. ئەوەی لەم ١٧ ساڵەدا ئەزموونم کۆکردۆتەوە بینووسم و بیخەمە بەردەستی کونفدراسیۆن. لە ئوروپا و ئەمریکا نەمێنمەوە. بچم بۆ یەکێک لە وڵاتانی باشوور یان بۆ هیندستان. ئەم وڵاتە لە کۆنەوە شوێنێکی لەبارە بۆ هەڵاتووە ئێرانیەکان. هەموو دارونەدارم ببەخشم بە هەژاران. بە زووترین کات سەد هەزار پاوەن بدەم بە گیانبازان.

«داراییەکەت لە ئێران خۆمان دەستی بە سەرا ئەگرین.»

پێیان وابوو من ملیۆنێرم و بەبێ هیچ گرفتێک ئەتوانم سەد هەزار پاوەن بدەم بەوان. لە ئەمریکای باشوور یان لە هیندستان گیانبازان ژیانی من دابین ئەکەن.

«بەو مەرجەی ملکەچ بم و خزمەتکاری ئۆمەتی موسڵمان!»

رستەکانی کۆتاییم باش لەبیرە:

«من ڕوقیەم و تۆ برای منی. خۆشم ئەوێیت. خۆشم ئەویستی و لە ڕووی خوشک و براییەوە ئەم پەیامە بۆ تۆ ئەنێرم. بەڵام تۆ دوژمنایەتیت لەگەڵ ئێران و ئیسلام کردووە؛ ئەگەر بە قسەمان نەکەی ئەبێ سزا بدرێیت. لە ئاگری جەهەننەمدا ئەسووتێیت. هەر لەم دنیایەدا زەجرت ئەدەن و ئیتر هیچ کارێک لە دەست من نایەت. من ئەوەی کە لە ئەستۆم بوو بە تۆ ئەڵێم...»

تەلەڤیزیۆن کوژایەوە. وشک ببووم. قاچم مێروولەی ئەکرد. نەم ئەتوانی قۆڵم بجووڵێنم. ژوورەکە هێشتا تاریک بوو. ژنەی

چارشێو بە سەر کاسێتەکەی دەرهێنا. خستیە کیسەیەکی چەرم کە بە دەستیەوە بوو و لە ژوورەکە چووە دەرەوە.

فەرزان هەستا و چراکەی هەڵکرد. من چاوم بڕیبووە عەرزەکە. نەم ئەزانی چی بکەم. تەنها یەک بیر لە مێشکمدا مەلەی ئەکرد. کێ لە بەرامبەرم ڕاوەستاوە؟ ژنێکی نەزان و دەمارگرژ کە ڕۆژێک خوشکم بووە؟ کە نەک هەر داراییەکەمی ئەوێ، بەڵکوو دوژمنی گیانیشمە؟

فەرزان بن باڵی گرتم. لەسەر موبلەکە هەڵیساندم و بردمی بەرەو ژوورەکە. چراکەی کوژاندەوە و دەرگاکەی پێوەدا بەبێ ئەوەی قفڵی بکات. یەک وشەشمان نەوت. چوینە ناو ئاسانسۆرەکە و لە دەرگای هوتێل چوویەنە دەرەوە.

لەبەردەمی هوتێلەکە چەند تاکسی چاوەڕێی نەفەریان[٤٤] ئەکرد. فەرزان پرسی:

ـ ئەتەوێ بچی بۆ کوێ تا بتگەیەنم. یان ئەتەوێ خۆت بە تەنها بڕۆیت؟ ئەگەر وابێ من لێرە لێت جیا ئەبمەوە.

سەیرێکم کرد پڕ لە پاڕانەوە و لاڵانەوە ئەیەوێ بڵێ لە هەلومەرجێکی وەهادا جێم مەهێڵە.

بینیم زۆر داگیراو و دڵگرانە. وێرام لێی بپرسم:

ـ جەنابی فەرزان بڕۆین بۆ هەمان چێشتخانەی شەقامی دووپۆن، پێکەوە نانێک بخۆین؟ وابزانە هێشتاش براکەی ڕوقیەم.

خەریک بوو فرمێسکم دابارێ. ددانم بە خۆما گرت و ڕێگە لەوە گرت هەست ناسکی بە سەرما زاڵ ببێ. پێموابێ دڵی بۆم سووتا. سواری تاکسی بووین و چووین بۆ هەمان خواردنگەی لەوێوە ڕێکەوتبووین. لە سووچێکا دانیشتین. خواردنمان داوا کرد. پرسیم:

---

٤٤ ـ نەفەر: person ناو ئاوەڵکار یەکەی ژماردن، کەس، مرۆڤ، تاک، جەستە. هێمایی کرپار، خوازیار. ع شخص N person د نفر، شخص.

ـ حەز ئەکەی گڵاسێک شەراب پێکەوە بخۆینەوە؟

فەرزان سەری بەردایەوە. بێدەنگ بووین. ئایە هیچ قسەیەکمان نەبوو پێکەوە بیکەین؟ شتێکم هات بە مێشکا. کاتێکم هاتەوە بیر کە لەگەڵ دایکم و ڕوقیە لە گوزەری کەلانتەر پێکەوە ئەژیاین. من تازە لە گەشتی بەندەر لنگە گەڕابوومەوە و بێکار بووم. ڕوقیە لەگەڵ هەر ئەم فەرازانەی لە تەنیشتمەوە دانیشتووە پێکەوە لە فرۆشگە کاریان ئەکرد. دایکم ئەیوت ئەم کابرا ڕوقیەی ئەوێ، بەڵام کچە مل نادا... پاش زەماوەند یان ئاوسبوونی ڕوقیە بوو... لەپڕ وێنەکان لێک پچڕان... پێشخزمەت نیوەی شووشەی شارابەکەی ڕژاندە گڵاسەکانمانەوە و من گڵاسەکەی خۆم بەرز کردەوە و چاوم بڕییە چاوی فەرزان؛ بە پاڕانەوەوە. ئەم تکایەی من چەند چرکەیەکی خایاند. ئەویش گڵاسەکەی بەرزکردەوە و زرینگەی پێکادانی دوو پیاڵە لە گوێمدا زرنگایەوە و گوێم لە دەنگی هاوپیاڵەکەم بوو کە وتی: «بە خۆشی ڕوقیە!» و لەپڕ لە خەوێکی قووڵی پڕ لە ئارەزووی شیرین داچڵەکام.

ـ جەنابی فەرزان چی بکەم؟

ـ چاکەی وڵات، مەزنان ئەیزانن!

ـ من لە کوشتنی هیچکەسدا بەشداریم نەبووە.

ـ من دادوەری ئێوە نیم. دادوەرانی تۆ ئەو کەسانەن کە بۆ خۆت یەکیانت لەو بڕگەیەدا بینی. ئەبێ وەڵامی ئەو کەسانە بدەیتەوە.

ـ من هیچکەسم ئەشکەنجە نەکردووە.

ـ بەڵام کاتێکە بینیت ئەوان بێگوناهەکان ئەشکەنجە ئەکەن، هیچ هەوڵێکت نەدا.

ـ تۆیش خەریکیت هۆنراوەکانی ئەوان ئەڵێیتەوە. مەگەر نەتوت کە لە یارانی ئەوان نیت؟

ـ بەڵام کاتێکە جەربەزە و بوێری ئەوانم بینی چۆن ئەتوانم بێلایەن بم؟

ـ هیچ هەلومەرجی ژیانی من لەبەرچاو ئەگری؟
ـ باشە.
ـ چۆن باشە؟
ـ زۆرداری و پارە دڵی گرتی و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر خۆت خزاندە بنی چاڵەکە.
ـ ژیان لە گوزەری کەلانتەر دژوار بوو و دڵی منیش بەدای ئازادیدا ئەگەڕا.
ـ لێرەوە دەست پێ ئەکا.
ـ چی لێرەوە دەست پێ ئەکا؟
ـ تێکڕای ئەوەی بە سەرت هاتووە.
ـ ئەڵێی دادوەری من نیت و خەریکی دادگاییم ئەکەی؟
ـ تۆ خۆت خەریکی خۆت دادگایی ئەکەی. مەگەر نەتوت ئەتویست بفڕی بۆ هەوای ئازاد؟
ـ ئەگەر بەختیار بهاتایەتە سەرکار باشتر لە ئێمە لەگەڵ نەیارەکانی ئەجووڵایتەوە؟
ـ رەنگە.
ـ ئێوەش هەر بەو ڕێگایەدا ئەڕۆیشتن کە من ڕۆیشتم.
ـ نازانم. بەڵام ئەگەر ویژدانم هەبوایە، لە نیوەی ڕێگادا ئەگەڕامەوە.
ـ من بەردەوام هەوڵم دا بگەڕێمەوە، بەڵام ڕووداوەکان لە من بەهێزتر بوون. هەرگیز لە لایەن منەوە خوێن لە لووتی تاقە کەسێک نەهاتووە.
ـ سەرلەشکریش هەر ئەوە ئەڵێ کە بە درێژایی تەمەنی زللەی لە تاقە کەسێک نەداوە.
ـ من بە هاوپلە و هاوکاری سەرلەشکر دائەنێن؟
ـ نەمویست وای لێک بچوێنم. بەڵام تا کاتێکە دکتۆر بیژەن و دکتۆر جەهانگیر و ئازمایش و دکتۆر فەرید و خاتی هەن، چ

پێویست ئەکا دەستی سەرلەشکر خوێناوی ببێ؟ تۆش بەشێک لە کارەکانی ئەوت لە ئەستۆ بووە.

قسەی ڕاست وەڵامی نەبوو. بۆ چەند خولەکێک هیچمان نەبوو بە یەکتری بڵێین.

ـ من هەرگیز سەد هەزار پاوەنم نەبووە. ئەگەر ئەوەی کە هەمە بیدەم لە گوناهم خۆش ئەبن؟

ـ خۆ من دادوەری ئێوە نیم. ئەگەر بوایەتم ئەموت نەء. جگە لەوە تۆ ئەتوانی ئەو بڕە پارەیە لە سندووق دەربهێنی و بیدەیتەوە بە خاوەنە ڕاستەقینەکانی.

ـ چیتان لە گیانی من ئەوێ؟

ـ من هیچم لە تۆ ناوێ. جگە لەوەی ئەم ڕووداوەی ئەمڕۆ لەبیر بکەی. لە خوشکت بپرسە چی لە تۆ ئەوێ.

ـ ئەو کاسێتەم پێ ئەدەن؟

ـ کاسێت خۆ لەلای من نییە. دڵنیام تا ئێستە سووتاندووشیانە بۆ ئەوەی نەکەوێتە دەست کەس.

تۆ خۆت ڕوقیەت بینیوە؟

ـ بڕیار نەبوو لەم بابەتەوە پرسیارم لێ بکەی.

ـ ئایە ڕوقیەت خۆش ئەوێ؟

ـ مەپرسن.

ـ وەڵامەکەتم زانی. من چەکێک ئەنووسم بەپێی توانای خۆم بەو مەرجەی ڕوقیە ببیم. ئەگەر یارانی ئەوەندە بەدەسەڵاتن کە ئەتوانن ئاگایان لە کارەکانی من هەبێت، ڕووبەڕوو کردنەوەی من و خوشکم نابێ کارێکی سەخت بێ بۆ ئەوان.

ـ جەنابی فلانی تۆ هێشتاش ساواکیت. متمانەت پێناکەن.

ـ هەق بە تۆیە.

چەند خولەکێک ئارام بووم. فەرزان بە وردی جووڵە و بزووتنەوەکانمی خستبوویە ژێر چاودێری. پاشان وتم:

ــ زانیاری تۆ...

فەرزان هەڵیدایە ناو قسەکەم:

ــ من هیچ زانیارییەکم لە کارەکانی تۆ نییە.

وەڵامم دایەوە:

ــ مەبەستی من زانیاری هاوکارەکانی ڕوقیەیە. ئەوەی ئەوان ئەیخەنە ئەستۆی من لەگەڵ ڕاستیدا یەک ناگرنەوە.

ــ دڵنیایت؟

ــ ئەکەومەوە بیری ڕووداوێک کە یەکێک لە دۆستانی تۆ بۆی گێڕامەوە. خوێندکارێک بوو بە ناوی مەرزییە... من ئەوم ڕزگار کرد.

ــ ئەمەم ئەزانی. بەڵام چەند ساواکی بە تاڵانکردنی بنەماڵەکەی و بەو پارەیەی وەکوو بەرتیل وەریان گرت ئەویان بەردا. کچی خوێندکار لەسەر تاوانێکی قورس گیرابوو. مسۆگەر بە هەرکام لەو ساواکیانە بڵێی تۆ بووی بە هۆی کوشتنی ئەو کچە، ڕەنگە هەڵبچێت و خۆی سوورکاتەوە و بڵێ ئەم تاوانە بناغەی نییە و ڕەنگە...

قسەکەیم نەبڕی. دڵنیا بووم شێخە ئەم ڕووداوەی وا بۆ گێڕاوەتەوە کە بە قازانجی خۆی بێ. لێی گەڕام پاشماوەکەی بڵێ:

ــ ڕەنگە ئەو ساواکیانە هەقیان بێت. بەڵام ئەوان بەبێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ یا بزانن بوونە هۆی کوشتنی ئەم خوێندکارە. ڕزگاربوونی کچە بە هۆی سەرمایەی باوکیەوە، کچەی یاخی کرد و جارێکی تر هاتەوە مەیدان و کەوتەوە خەبات و دڵنیا بوو ئەگەر بشی گرن، جارێکی تر بە پارەی باوکی ڕزگاری ئەبێت. بەڵام لەوە خافڵ بوو کە لەشە لاوازەکەی ئەو لەژێر ئەو بارە سەنگینەدا خۆی ڕاناگرێ و تیائەچێ. جاری دووەم باوکی کچە بە دەوری دنیادا گەڕا هەتا یەکێک بدۆزێتەوە ببێ بە بەریوان و کچەی بەربدات. بەڵام ئەنجامی نەبوو. کچە لە زیندان لە ژێر ئەشکەنجەدا مرد. پرسیار ئەمەیە: کێ بکوژی مەرزییە بوو؟ ئەو کەسەی یەکەمجار لە زیندان

دەربازی کرد؟ چونکە بۆی هەبوو پاش ماوەیەک کە هیچ بەڵگەیەک لە دژی ئەو نەدۆرایەتەوە، بەر بدرێ. یان باوکی تاوانبارە کە پێی وابوو بەرتیل چارەسەری هەموو گرفتێکە، یان دەزگا شەیتانیەکەی ئێوە...

ـ جەنابی فەرزان خەریکە چەقۆ لە خاشخاش ئەدەی. ئەم هەموو بازەڵبازە بۆ چییە؟ ئەگەر وا بوایە و ئەگەر وا بچوایە.

ـ باسی مردن و ژیانە. باسی تیاچوونی گەلێک و کاولبوونی وڵاتێکە. هەر ئەم خاشخاشانەن کە وکوو مۆرانە تەلارێک لە ناوەوە ئەخۆن و هەتا هەموو تەلارەکە دانەڕزێنن، هیچکەس هەست بە قووڵایی کارەساتەکە ناکات و پاشانیش هیچکەس تاوانەکە ناگرێتە ئەستۆ.

ـ من سەلماندنەکەی تۆ بە ڕاست ئەزانم.

ـ بەداخەوە تۆ و هاودەستەکانت هیچکات بڕواتان بە بەڵگە و سەلماندن نەبووە.

چیم هەبوو بیڵێم؟ ئەم کابرایە پیاوی پەرتووک و خوێندنەوە بوو؛ ئەزموونی لە ژیانیدا کۆکردبوویەوە. سەرەڕای ئەمەش لە هیچ تێ نەئەگەیشت، قامچی ڕۆژەقی نەچەشتبوو، نەی ئەزانی چارەنووس وازی ڕەنگاورەنگی هەیە کە مرۆڤ ئەفسوون ئەکات. بۆ خۆی ببوو بە گۆشەنشین و بە کەم ئەژیا و بە کاری سەخت و دژوار پاروە نانێکی پەیدا ئەکرد، بەڵام ئەوeیش نە بەشی جگەرەی ئەکرد و نە ئەیتوانی ژوورەکەی پێ گەرم بکات.

دەرەقەتی نەئەهاتم. جارێکی تر دەستم گرت بە لێواری ئەو بیرە قووڵەی خەریک بوو تێی ئەکەوتم، ڕەنگە لەم بەردەبازە بۆ ئەویتر ڕۆچنەیەک هەبێت!

ـ جەنابی فەرزان وەڵامی پرسیارەکەی منت نەدایەوە.

ـ بڕیار وا نەبوو تۆ هیچ لە من بپرسی. من هیچکارەم. ئەگەر لەم کارەدا بەشداریم کرد کە مەترسی بۆم هەیە، بە هۆی ئەو

خۆشەویستیەوە بوو کە ڕوقیە لە دڵمدا چاندوویەتی. ئەو داوای لێکردبووم ببم بە کەرەسەی گەیاندنی ئەو پەیامە بە تۆ، کە خۆم هیچ زانیارییەکم لە ناوەرۆکەکەی نەبوو. من ڕوخساری ئەو ژنەی دەرگای ژووری هوتێلەکەی لێ کردینەوە، هێشتا نەدیوە و ڕەنگە هەرگیز نەی بینم. ئێستەش ئەوا درەنگ بووە و ئەبێ بچمەوە بۆماڵەوە. ئاوارەیەکی ترم لەلای خۆم ڕێگە داوە و بە هەر دووکمان تەنها یەک کلیلمان هەیە.

خەریک بوو هەڵئەسا.

ـ ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەشم نادەیتەوە لانیکەم ڕای خۆتم پێ بڵێ.

ـ پرسیارەکەت چی بوو؟

ـ ئەگەر ئەو چەکە بدەم ئەتوانم ڕوقیە ببینم؟

ـ من چ ڕایەک بدەم؟ خاوەن کارەکە ناناسم. ئەزموونی من ئەڵێ کە ئەم گیانبازانە یان بە وتەی خۆیان گیان بەختکردوانە ناچنە بن باری مەرج و گرەوی کەس.

ـ ئەی چی بکەم؟

ـ ڕۆژێکیان ئەم پرسیارەت لێکردم. ئەوسا پێموابوو ڕوقیە لە مەترسی دایە. بۆ ڕزگاربوونی پەنام بۆ تۆ هێنا و، وتم بچۆ بۆ تاران. تۆیش ڕۆیشتیت و، سەوڵی سەرکەش، قیت و قۆز و بەشکۆتر گەڕایتەوە. بەڵام ئێستە خوشکت لەگەڵ تۆ قسەی کردووە و ئەزانم ئەو لە مترسیدا نییە. تۆ لە تالووکەدایت. تۆیش خۆت ئەزانی.

هەستا، تەوقەی لەگەڵ کردم و ڕۆیشت.

هەندێ شەراب لە شووشەکەدا مابوو، کردمە ناو گڵاسەکەم و لە ڕەنگە سووربار‌وەکەی ورد بوومەوە. لەپڕ شۆفێرەکەی باڵوێزخانەم لە تەنیشت خۆمەوە بینی.

ـ لێرە چی ئەکەی؟

ـ لە سەرەتای شەووە بە دواتانا ئەگەڕێم. پاش ئەوەی لە

هەموو لایەک نائومێد بووم هاتمەوە بۆ ئێرە بەڵکوو ئەو کابرایە ببینم. بەڵام بە ڕێکەوت خۆتانم بینی.

ـ چی ڕووی داوە؟

ـ لە بەیانیەوە هەتا ئێستە لە لەندەن و تارانەوە بە تەلەفۆن داوات ئەکەن.

هەوڵ بووم. هەستام و پارەی پێشخزمەتی ڕەستۆرانەکەم دا و سواری ئۆتۆمۆبیلی باڵوێزخانە بووم. یەکسەر چووم بو باڵوێزخانە و تارانم گرت. ڕاستەوخۆ دامیان بە سەرۆکی ساواک. لە ماڵەوە بوو. سەرەتا دەنگی خێزانی و پاشن خۆی بیستۆکەکەی وەرگرت.

ـ ئەمویست پێش هەموو شت خۆم پیرۆزباییت لێبکەم؛ بە پێی فەرمانی خاوەنشکۆ هومایوونی تۆ لە ئەمڕۆوە جێگری منی و پیرۆزباییت لێ ئەکەم. بە زووترین کات بگەڕێوە و کارەکانت جێبەجێ بکە. فەرمانی هەڵبژاردنی تۆ بۆ جێگری گشتی ساواک ئەمڕۆ بە تەلەگرافی جفرە پێتان ڕاگەیەنراوە. لە وەزیرخانەی ناوخۆشەوە بە باڵوێزی یەکەم وتراوە کە چاوپۆشی لە بوونی تۆ وەکوو بوێنەری فەرهەنگی بکات. شاهەنشا لە شێوەی کارکردنی ئەهاری و نوێکردنەوەی پەرتووکخانەی شاهەنشایی زۆر شاد بووە و کاتێکە بە خزمەتیان ڕاگەیەنرا کە ئەم جەنابە دەستپەروەردی جەنابتە و لەژێر چاودێری تۆدا خوێندوویەتی، پێیان خۆش بوو و ڕای پیرۆزیان بوو بەوەی کە پلەیەکی گرنگتر بە تۆ بدرێ...

ماوەیەک بیستۆکم بەدەستمەوە ڕاگرت.

دانیشتم و زیاتر لە کاتژمێرێک بیرم کردەوە. نەم ئەتوانی دەستم لەسەر تەلەفۆنەکە هەڵگرم، نەکا زەنگ لێبدا و دیسانەوە هەڕەشەکانی ڕوقیە ببیسم. چارەنووس چۆن یاری بە مرۆڤ ئەکات. یەکدەست جامی بادە و دەستێکی تر زوڵفی یار.

چ ژیانێکی زەلیلانەیان بۆ لەرچاو گرتووم ئەم یارانەی ڕوقیە. لە کونەسەگێک لە ئەمریکای باشوور، لە کووبا یان لە بەنارس کز

بکەم و ببم بە دەسەندەخۆری خەڵکێک کەس نازانێ لە چ گۆڕێکەوە سەریان دەرهێناوە. بەس ئەزانن کچانی ساویلکە هەڵخڕێنن و بەریاندەنە گیانی خەڵکی. ئەمانە ئەیانەوێ چارەنووس‌ساز بن؛ چەند لەخۆ بایی! ئەمانە ئەیانەوێ پاشایەتی دوو هەزار و پێنجسەد ساڵەی ئێران هەڵوەشێننەوە، چ درۆیەک ئەبەستن بە ئەوکی مرۆڤەوە؟ لە کوێوە ئەم هەواڵە درۆ و ڕاستانەیان پێکەوە گرێداوە، مرۆڤ دڕدۆنگ ئەبێت، نەکا لە دەزگای ئێمە، لە خودی ساواکیش خزابێتن! هەر بەو جۆرەی کە من پەیوەندیم بە شێخە و فەرزان و خوشکمەوە هەیە. ڕەنگە حاجی عەلی ساوجی و ژنڕاڵ سەرلەشکر و خودی سەرۆکی ساواکیش لەگەڵ لێدراوی لەو بابەتە کەینوبەینیان هەیە و ڕازە نهێنیەکانی ئەوان لەلای خەڵکی نەشیاو ئەدرکێنن؟

روقیە بەجۆرێک ئەدوا، ئەتوت خواشی بەدڵ نییە. باسی ماکافات و عقوبات و عەزابی ئەلیمی ئەکرد. وەکوو بڵێی سەرڕشتەیان کەوتۆتە دەست و دەسەڵات بە دەستی ئەوانەوەیە.

مەگەر بۆ ئەوە ئەبێ تەنانەت بیریشی لێ بکرێتەوە کە حکوومەتی شاهەنشایی لەرزۆک ببێت و دەسەڵاتی زۆرداریی بکەوێتە دەست کەسانێک کە نە باوکیان دیارە و نە دایک؟

گریمان تاڵە موویەکیش لەسەری شا کەم بێتەوە، من چ زیانێکم لێ ئەکەوێ؟ من بەو تۆزە پارەیەی پاشەکەوتم کردووە ئەتوانم لە سکاتلەند و لە مەیامی و کالیفۆرنیا بۆخۆم بژیم؛ بچم بۆ بەنارەس؟! پارەی خۆم بدەم بە کەسێک کە پێم پێ بکەنێ و خۆیم بۆ گێف کاتەوە؟

دوودڵی دەروونی ئەیهەژاندم. هەر زەبرێک کە ئەیدا لە سینگم هەستم ئەکرد بەرەو ئەو لایە ئەڕوا کە نەختینەیە. چۆلەکەیەک بە دەستەوە باشترە لە سەد چۆلەکە بە حەواوە. ئەیوت چی؟ ئێوە مرۆڤی بەڵگە و سەلماندن نین، چەند باش ئەزانم لە بەڵگە و سەلماندن!

قسەی چۆنی ئەکرد. تۆ دوژمنی ئیسلام و ئێرانی. بە پێچەوانە من خزمەتم بە ئیسلام کردووە. هەموو ئەوانەی لە لایەن منەوە لێدراون کافر بوون. ئەو ڕۆژەی مامۆستا دەستبە سەرەکانم لە زانکۆ ئازاد کرد مەگەر خزمەتی دین و ئیسلام نەبوو؟ پەروەردەکردنی ئەهاری و خانعەلی و دەماوەندی کە ئەگەر من فریایان نەکەوتایەتم، ئەبوون بە کومۆنیست، خزمەتی ئیسلام نەبوو؟ کۆکردنەوەی هەواڵەکانی ناو حیزب کە هەموویان نۆکەری ڕووسەکان بوون خزمەت نەبوو؟ بەکوشتدانی تەیمووری بەختیار بە پێی فەرمانی خاوەنشکۆ کە ئەیویست ڕژیمی خانخانی لە ئێران دروست بکات، بەچی دائەنرێ؟ من چ گوناهێکم هەیە ئەگەر هەوەسبازەکانی بەردەستەی ژنراڵ سەرلەشکر دەستدرێژییان بە ژنانی زیندانی کردووە؟ ئەوسا کوشتنی کوڕی مەلاشیان خستۆتە ئەستۆی من.

کەڵەگاییە، چەند لەخۆ بایین؟!

ئەوەی لەم حەقدە ساڵەدا بینیومە بیخەمە سەر کاغەز بۆ ئەوەی کونفدراسیۆنیەکان لە ڕۆژنامەکانیان بڵاوی بکەنەوە! نەء، من ئەمکارە نیم. ژنە لە زیندان چ هۆنراوەیەکی ئەخوێندەوە: بڕۆ داوی خۆت بۆ مەلکێکی تر بنێرەوە.

بیر و ڕامان شەپۆل شەپۆل ئەهاتن و ئەچوون. جێگری سەرۆکی ساواکم لەگەل ژیانی کوولەمەرگی کوبا و بەنارەس بەراوەرد ئەکرد. بە برسێتی چاوەڕێکردنی پاروویەکی بێبایەخ و دەرۆزەیی لەلایەک و بەهرە وەرگرتن لە خۆشی و چێژبردن و بەسواری دەسەڵات غاردان لەلایەکی ترەوە، دوو هێتمی دژبەری چارەنووسی من بوون! نە ئەمیان ڕێگەیەکی ناوەڕاستی پیشان ئەدام و نە ئەوی تریان. باشترین ڕێگە ئەوەبوو کە لەم لەندەنە بمایەتمەوە و ئەگەر خوانەخواستە، زمانم لاڵ لەرزۆکیەک لە بناغەکانی حکوومەتی پاشایەتیدا ڕووی بدایەت، هەر لێرە بەرەی خۆمم لەئاو دەرئەهێنا و بۆخۆم ئەحەوامەوە.

زیاتر لە یەک کاتژمێر دەستم لەسەر بیستۆکی تەلەفۆنەکە لە تاریکایی ترسناک و ئەندێشەی شیریندا ئەتلامەوە و نە ڕێگەی بۆ پێشەوە چوونم هەبوو و، نە ڕێگەی گەڕانەوە.

هەستام و هەمان شەو سواری تاکسی بووم و چووم بۆ فڕۆکەخانەی ئورلی. لە ڕەستۆران دانیشتم، قاوەم خواردەوە و ویسکیم هەڵدا و مامەوە تا کازیوەی دا و کاتی فڕینی فڕۆکە بۆ لەندەن هات.

پاش چەند کاتژمێر بیرکردنەوە و بەراوردکردن خۆم ساخ کردەوە و بڕیارم دا درێژە بە کاری خۆم بدەم. ئاوەز زاڵ بوو بە سەر هەستدا، خۆشەویستی خوشک و برایی ئەوەندە بەهێز نەبوو ڕێگەم پێ بگۆڕێ. پێموابوو ئەتوانم ڕیشەی خوشک خۆشەویستی لە دڵی خۆم بتەرێنم. پاراستنی ژیان لە دڵنەرمی و بەرهەستی ئەو کەسانەی کە ئامادە نەبوون ڕێگە بدەن من ڕوقیە ببینم و لەگەڵی ڕاوێژ بکەم، نرخی زیاتر بوو. بە خۆم سەلماند ژنێکە بەو تووڕەییە لەگەڵم ئەدوا ، چاوەڕێی بەزەیی لێناکرێ. کاتێکە لە فڕگەی هیسرۆ لە فڕۆکە دابەزیم، لێبڕابووم بۆ وەرگرتنی کارە نوێکم خۆم ئامادە بکەم. بابزانم کێ ئەوێرێ داوای چەک و پارەم لێبکات؟ کاتژمێری هەشت و نیو خۆم گەیاندە باڵوێزخانە. پاش چەند خولەک باڵوێزی یەکەم تەلەفۆنی بۆ کردم و بانگی کردم بۆ ژوورەکەی. تەلگرافەکەی پیشان دام و تۆزێکیش زیز بوو.

ــ جەنابی فلانی تۆ کە ئەتویست کارێکی بەم گرنگیە بە پلەیەکی تر بگۆڕیتەوە، باشتر وابوو پێشتر منت ئاگادار بکردایەت.

ــ قوربان من هیچ ئاگام لەم پلە بەرزکردنەوەیە نەبوو و دوێشەو ئاگادار کرام. تا ئەو جێگەی کە بیستوومە میهرەبانی شاهانە، منی خزمەتگوزاری گرتۆتەوە. من لە کار و پلەی خۆم دڵکاو بووم و باش ئەزانم لە ژێر سایەی بەڕێزتان لە پووچەڵکردنەوەی خراپکارییەکانی کونفدراسیۆن و نەیاراندا سەرکەوتنم دەستکەوتووە.

ــ زۆر سپاس و پێخۆشحاڵم کە ئەم ڕاستیە لە زمانی خودی ئێوە ئەبیسم. منیش بە تەواوەتی لە تۆ بۆین بووم. ڕاپۆرتەکانی من لە وەزیرخانەی دەرەوە ئەوە ئەسەلمێنن. زۆر چاکە. ئەو جۆرەی کە خۆت ئەڵێیت بڕیارەکە لە لایەن شکۆدارانی پایەبەرزەوە دەرچووە و ئێمەش هەموومان ملکەچین و فەرمانبەر. کەی ئەچی بۆ تاران؟

ــ قوربان هەوڵ ئەدەم زووتر کارەکانم جێبەجێ بکەم. جگە لەوەش ئەبێ چاوەڕێی بڕیاری بەرپرسانم بکەم.

کەوابوو چەند ڕۆژ پێشتر من ئاگادار بکەرەوە. ئەمەوێ وەکوو ماڵاوایی، ناودارانی فەرهەنگی و خوێندکارە دەرچووەکان بانگ بکەم بۆ چای و شیرینی. گەڕانەوەی تۆ ئەبێ بە شێوەیەکی ئابڕوومەندانە بێت. ئاگات لێیە کێ لە جێگەی تۆ دانراوە؟

ــ بە بڕیزتانم ڕاگەیاند کە دوێشەو ئەویش بە تەلەفۆن ئاگادار کرام.

ڕێکەوتین حەفتەیەک پێش ڕۆیشتنم ڕۆژەکەی بە نووسینگەی باڵوێزخانە ڕابگەیەنم تا کەرەسەی میوانی ئابڕوومەندانە فەراهەم بکرێ. زیاتر لە دوو حەفتە تێپەڕی و کەسێکی تر نەهات بۆ لەندەن کە ببێ بە نوێنەری فەرهەنگی و لە جێگەی من دانیشێ.

بەداخەوە هەواڵی هەڵبژاردنی من و ئەوەی کە ئەو پۆستە لە ئینگلیز بەتاڵ بووە، لێرە و لەوێ بڵاو بوویەوە. چاوەڕێکەران کەوتنە خۆیان. هەرکام لە دەسەڵاتداران هەوڵی ئەدا دەسکەلایەکی خۆی بخزێنێتە ئەو شوێنە. سەدان تەلگراف و پیرۆزباییم پێگەیشت. لە تارانەوە زەنگی تەلەفۆنەکە نەئەوەستایەوە. بەردەوام پێیان ئەوتم بە زووترین کات بگەڕێمەوە و بیسرابوو کە من خۆم ئەبێ جێنشینەکەی خۆم دیاری بکەم. تەواوی هەموو سەرۆکانی ساواک لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانەوە تەمایەر بوون. تەنانەت باڵوێزی گەڕۆک لە ژنێڤ نیوکاتژمێر قسەی لەگەڵ کردم کە هەمیشە ئەبێ چارەساز بم. ئەم نامە و تەلەفۆن و تەلگرافانە لە کاریان ئەکردم. لەبەر

ئەوەی نەم ئەتوانی لەوە زیاتر لە لەندەن بمێنمەوە، وام بەباش زانی بەرپرسراوی کاروباری فەرهەنگی بە شێوەی کاتی بدەم بە یەکێک لە فەرمانبەرانی کۆنی باڵوێزخانە. هەڵلایەک ساز بوو، مەپرسە. بەڵام من نەمخستە خۆم.

باڵوێزی یەکەم میوانیەکی شکۆداری بەرپا کردبوو. دوو سێ کەس لە وەزیرخانەی دەرەوە و چەند کەس لە مامۆستایانی زانکۆکانی ئینگلیز هاتبوون.

بازرگانان، فەرمانبەرانی کومپانیای هەوایی و تاد چ ماستاوێکیان بۆ ئەکردم! بە بیری خۆیان خەریک بوون شیلەیان ئەساوی بە سەرمدا و سەرباریان ئەخستە سەر کورتانەکەم و چ نازناوهایەکیان پێوە ئەلکاندم.

منیش خۆم گێڤ ئەکردەوە کە من خۆ کارێکی وەهام نەکردووە. ئەرکی خۆم بەجێ گەیاندووە. هەرچی بووە لە ئەنجامی میهری شاهانەوە بووە و لەمە بەدواش فەرمانی شاهەنشا ڕائەپەڕێنم، تاکوو ویستی ملووکانەی ئەوان کە فەرموویانە ئێران ئەبێ لە پێنج وڵاتی مەزنی جیهان پێش بکەوێ، خێراتر بکەم.

لەم گێرە و کێشەیەدا کە من بە ڕیشی ماستاوکەران پێ ئەکەنیم و ئەوانیش بە ڕیشی من، یەکێک لە سیخوڕەکان چرپاندی بە گوێمدا:

ـ جەنابی فلانی خوێندکاران خەریکن ئاژاوە ئەنێنەوە. نزیکەی دووسەد و پەنجا کەس لەبەر دەرگای باڵوێزخانە کۆبوونەتەوە و خەریکن دروشم ئەدەن. نوێنەرانی ئەوان ئەیانەوێ نامەیەک بدەن بە باڵوێزی یەکەم. کۆمەڵێک نووچەوان و وێنەگر و فیلمگر و ڕۆژنامەنووسیش لەگەڵیان دان. چی بکەین؟

یەکێکی تریش لە بن گوێی باڵوێزدا بوو و خەریک بوو قسەی بۆ ئەکرد. ئەو سکرتێری یەکەمی بانگ کرد و لە هۆڵەکە چووە دەرەوە و پاش چارەکێک گەڕایەوە. من خۆم گەیاندە لای باڵوێزی

یەکەم و گوێم لێبوو فەرموویان:

ــ ئەفسەرێکی پۆلیس بە «سکیی» وتووە ئەمانە گەنجانی ١٨ تا ٢٥ساڵەن و مەبەستیان ئاژاوەنانەوە و بێڕێزییە و لانیکەم هەتا ئێستا خراپکارییان نەکردووە. ئەیانەوێ بە بەرچاوی میوانەکانەوە نامەیەک بدەن بە نوێنەری حکوومەتی ئێران و داواکارییەکانیان بە گوێی بەڕێوەبەران بگەیەنن. لەبەر ئەوەی خۆپیشاندان بە مۆڵەتی پۆلیس بەرپا کراوە، تا کاتێکە ئاژاوە نەنێنەوە، پۆلیس ناتوانێ بڵاوەیان پێبکات. بە ڕای ئێوە چی بکەین؟

وتم:

ــ ڕێگەم بدەن بچم قسەیان لەگەڵ بکەم.

ــ فەرموون.

ئەوەندەی پێم نایە بەرهەیوانی بەردەمی باڵوێزخانە، چەند کەسێک هاواریان کرد:

«ساواکی، ساواکی تۆمان ناوێ! تۆ بڕۆ بۆ تاران و جەللادی خۆت بکە!»

قەرەباڵخیەکە وەها هورووژمی هێنا، پۆلیس کەوتە نێوانمانەوە. لەپڕ لەناو قسەکان و هەراوهوریاکەوە قیژەیەکم بەرگوێ کەوت. نازانم ئەندێشەی خاو هەڵیگرتم یان ڕاستی بوو.

ــ ساواکی وەڵامی خوشکت چۆن ئەدەیتەوە؟

سوورەوە بووم و ئەگەر لەبەر پۆلیسەکان نەبوایەت تێر جنێوم پێ ئەدان. سکرتێری باڵوێزخانە هات و نێوبژی کرد و وتی:

ــ خوێندکارانی بەڕێز ئارام بن. بەڕێز جەنابی باڵوێزی یەکەم ئەمشەو میوانی بڵند پایەیان هەیە. ئوستادەکانی خۆتان لێرە میوانن. تکاتان لێ ئەکەم نامەکەتان بدەن بە من. من ئەیدەمە خزمەتیان.

ئەگەر خۆدەرخستنی ڕوقیە بەو مەبەستە بووبێت کە من لە ویستی خۆی ئاگاداربکاتەوە، ئەبێ بڵێم ئەمە یەکەم زللە بوو کە دای لە ڕوومەتم. ئەوە ئیتر حاجی عەلی ساوجی و ژنراڵ سەرلەشکر

نەبوون کە لە ژێرەوە پلتۆکیان لێ ئەدام. ئێستە ئیتر جەماوەری ئاژاوەچی بوو سیخورمەی تێئەوەشاندم و ناومی ئەهێنا و دوژمنایەتی ئاشکرای خۆی ڕائەگەیاند. «وەڵامی خوشکت چۆن ئەدەیتەوە؟»

پێموابوو لە لایەن ڕوقیە و یارانیەوە کەس ناتوانێ هیچ زەبرێکم لێبدا، بەڵام ئەو هاوارەی لە ناو جەماوەرەکەوە بەرزەوە بوو ئاگری تێبەردام.

بە مشت ئەمدا بە دڵما و ئەچووم بەدوای کاری خۆمدا.

پلە تازەکەم کێچی خستبوویە کەوڵم و، دفرەی لەخۆ باییبوون دەی ئاژووتم، تا ئەو ڕادەیەی کە ئیتر ڕاستیم نەئەبینی و پلە و پایە پەرەستیم گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

ئاشنا و هاوکارەکانیش دەسهەڵگر نەبوون. لەپەسا پاڵیان پێوە ئەنام و ئەیانوت بۆچی ناگەڕێمەوە؟ جارێکیان خودی سەرۆکی ساواک لە کاتی باسکردنی بابەتێکدا وتی:

ـ بە تەلگراف ڕۆژی گەڕانەوەت بە ساواک ڕابگەیەنە، تا بە شاهەنشا ڕابگەیەنرێت.

ئەمە ئیتر وشیارکردنەوە بوو. خۆم ئامادە کرد و لێبڕام لە لەندەنەوە سوار بم بۆ تاران. شۆفێرەکەم کە ئەبوایە دوو کاتژمێر زووتر بێ بۆ ماڵەوە یارمەتیم بکات، لە کاتی خۆیدا نەهات.

پاش نیو کاتژمێر کە تەلەفۆنچی باڵوێزخانە دەنگی بیستم زۆر شادمان بوو و چەند خولەکی پێنەچوو جەنابی باڵوێزی یەکەم پیرۆزبایی لێکردم و وتی:

ـ زۆر پێخۆشحاڵم کە زیندوون. شۆفێرەکەتان ڕووداوێکی خراپی بۆ پێش هاتووە. ئوتۆمۆبیلەکە تەقاوەتەوە. لە ماڵەوە بن تا خۆم بێم و بتگەیەنمە فڕۆکەخانە.

زۆر ترسام. هەرگیز لە ژیانمدا بەوجۆرە نەتۆقابووم. ئەوە خۆ خەریکە ئەبێ بە بەڕاست! فەدایی و موجاهید و فەلەستینی ناوچەی دەسەڵاتیان تا ئێرەش ئەگات. چاوەڕوانی باڵوێزی یەکەم لە

ژوورەکەدا هەر هاتم و چووم. لە بەر پەنجەرەکە، لە پشت پەردەکە وەستام. لە قەلافەتی هەر ژنێک کە بە کۆڵانەکەدا تێئەپەڕی، ڕوقیە و مەرزییە و ئەو کچە هەڵاتووەکەم ئەبینی. پاڵتاوەکەم داکەند. خزمەتکارە پیرەکە دای لە دەرگا، هێنامە ژوورەوە و خۆم دەرگام بەست.

چەند کەسێکی تر لە هاوکارانی باڵوێزخانەیش هاتن. هەموان ترسابوون و من لەوان زیاتر. شۆفێرەکە دەسبەجێ مردبوو. هەموو سەیری یەکیان ئەکرد.

جەنابی باڵوێزی یەکەمیش ڕەنگی پەڕیبوو. هەر لە ناودالان لەسەر کورسی دانیشت. بە پیرێژنم وت چای تازەی بۆ بهێنێ، تەنها هەر دووکمان بووین.

ـ جەنابی وەزیر فەرمانیان دا هەر ئەمرۆ بگەڕێیتەوە بۆ تاران. ڕایان وابوو نابێ دەرفەت بە ڕۆژنامەکان بدرێ تا بەزمێکی تازە سازبکەن.

هیچکام لە فەرمانبەران بۆی نەئەچوو کێ لەم کارەساتەدا دەستی هەبوو. یەکێ لە فەرمانبەرانی باڵوێزخانە، کە لە یەکێک لە خانووە نهێنیەکانی ساواکدا بینیبووم خۆی گەیاندە لام. ئەوم هەرگیز لە ماڵی خۆم نەبینیبوو. هەڵبەت بەگوێرەی هەلومەرجی نهێنکاری بڕیارەکەی ساواکی پێ ڕاگەیاندم. «هەر ئەمرۆ بگەڕێمەوە بۆ تاران و تا بۆم ئەکرێ بە بریتیش ئەیرووەیز.» خۆی کرابوو بە بەرپرسی لێکۆڵینەوە لە کارەساتەکە.

ـ فەرموویان بەڕێزتان کاتی خۆتان بە خەسار مەدەن و ئەبێ پێش بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم تەقینەوە لە ڕۆژنامەکانی شەو، ئێوە لە ڕێگادا بن.

لە فڕۆکەدا بووم و کاتژمێری ١١ی شەو، دەنگوباسی «بی‌بی‌سی»م بیست. تەقینەوەی بومب لە باڵوێزخانەی ئێران و

کوژرانی شۆفێری بەرپرسی فەرهەنگی، هەواڵی یەکەمی ڕۆژ بوو و، پەیوەستی ئەو خۆپیشاندانە ئارامەی خوێندکارەکان لەبەر دەرکی باڵوێزخانە. هیچ ئاماژەیەک بە ناوی من نەکرا. پاشتر کە بی‌بی‌سی بابەتی ڕۆژنامەکانی سەرلەبەیانی بڵاوئەکردەوە، وترا خوێندکاران لەگەڵ نوێنەری فەرهەنگی قسەیان نەکردووە. ڕۆژمانەیەکی چەپ نووسیبووی نوێنەری فەرهەگی ساواکییە و بڕیار وایە بکرێ بە جێگری دەزگای ئاسایش و زانیاری وڵات. ئەمە یەکەمجار بوو ناوی من لە ڕۆژنامەکانی ئورووپادا ئەنووسرا. مەبەستم هەڵبەت ڕۆژنامە فەرمییەکان بوو بە زمانی ئینگلیزی. کەچی کونفدراسیۆنیەکان تیکەیەکی چەوریان بەرپل کەوتبوو. زیاتر لەوەی من لەبیرم مابێ ئاگایان لە بە سەرهاتم هەبوو و هێڵەکانی ژیانمیان یەکە بە یەکە ئەزانی. بەجۆرێکە دڵنیا بووم ئەم بە سەرهاتە و ئەم هێڵی پێشکەوتنەی من لەناو ساواکدا یەکێکی خۆیی پێیانی داوە. لە هەندێ خاڵیشدا سێبەری ڕوقیەم ئەبینی.

ئێستە ئیتر دارودەستەی ڕوقیە و سەرلەشکر پێکەوە هاوکارییان ئەکرد.

لەم بەڵایە بە بێوەی ڕزگارم بوو. بەڵام ئەتوانم بڵێم لەم کاتە بەدواوە ڕەنگی ئاسایشم نەدی. هەر کاتە و لەترس و خۆفدا ئەژیام. سەرەڕای ئەمەش بێباکانە دام لە ئاو.

پاش چاوپێکەوتنێکی چەند کاتژمێری لەگەڵ سەرۆکی ساواک، بەرپرسانی بەڕێوەبەرێتیە گشتیەکان و لقەکان و فەرمانبەرانی ئاشنا، ڕێگەم پێدرا چەند ڕۆژێک پشوو وەرگرم و خۆم لەگەڵ ژیانی دایکم خەریک بکەم کە ئاگای لە تەقینەوەی ئۆتۆمۆبیل و کوژرانی شۆفێرەکە نەبوو.

زیاتر لە هەموو شتێک ئەمویست پرس و جۆی ئەوە بکەم ئایە ئاگای لە ڕوقیە هەیە و چی تازە ئەزانێت. ئایە ئاگای لە کاسێتی ڤیدیۆکە هەیە یان نا؟ ئەگەر ڕوقیە ئەتوانێ، تەنانەت ئەگەر

بە ڤیدیۆش بووبێ، خۆی بە من نیشان بدات، هیچ دوور نییە دایکیشمانی لەبیر نەکردبێت.

دایکم لە هەمانماڵەکەی گوزەری کەلانتەر ئەژیا. دایکم شاد و دەم بە پێکەنین بوو. هیچ سکالایەکی لە ژیانی خۆی نەبوو. بە پێچەوانەی جاران لەم چەند ڕۆژەدا ناوی کچەکەی نەهێنا. هەوڵم دا هۆی شادمانیەکەی تێبگەم. ڕۆژگاری بە یارمەتی مووساگیان ئەگوزەرا.

ـ ئەم ژن و شووە زۆر لەگەڵم ڕێکن. لە کاتێکەوە دایکی مردووە و گوێزراوەتەوە بۆ بانکی میللی، لە هەمان باخە ئەستێڵ دارەکە ئەژین. لە کارەکەی ڕازییە. داهاتی باشە و بەردەوام سپاسی تۆ ئەکا و هەمیشە ئەڵێ خوا سایەی فلانی لەسەر سەرمان کەم نەکات. دوو سێ ڕۆژ جارێک دەرمان و خواردنم بۆ ئەهێنێ. زۆری بۆ بڕاندوومەتەوە. ئەبێ بۆ ببژێریتەوە. کوڕم، کارت باشە؟ ئەتوانی دەستی بگری؟ من هەندێکی پێ قەرزدارم...

بەردەوام دەربارەی مووساگیان و ژنەکەی قسەی ئەکرد:

ـ خوا کچۆڵەیەکی ژیکەڵەی پێبەخشیون... چەند نازدارە...

لە حەوشە بچکۆلەکە تولە سەگێکی تووک لوولی ڕەش هەڵات هەڵاتی بوو و هەندێجار ئەوەڕی. پرسیم:

ـ دایە گیان تۆ ئەم تولە سەگەت لە کوێ هێناوە؟

ـ مووساگیان بۆ مناڵەکەی کڕیوە. ئەو ڕۆژانەی خۆیان لە ماڵەوە نین، ئەیهێنێ بۆ لای من. بە تەنها بێواز ئەبم. بۆ خۆی هەڵخە و داخە ئەکا و زۆر پێی شاد ئەبم.

ـ دایە گیان کاتێکە تەنها خۆتی، جگە لە یاریکردن لەگەڵ تولەکە، ئیتر چی ئەکەی؟

ـ جل بۆ مناڵەکەی مەنیجە ئەدوورم. نازانی چەندەی پێخۆش ئەبێ.

هیچ ناوێکی ڕوقیە لەئارادا نەبوو. نەمئەویست درۆ بکەم و بڵێم

ئاگای لە خوشکم نییە. وتم:

دایە گیان حەز ئەکەم مووساگیان ببینم. ئەمڕۆ نایەت بۆ لات؟

ـ دێت. زۆریش دێت. بەڵام ئەمڕۆ یان ئەمشەو بەدەس خوایە.

هەڵوەستەیەکم کرد. پاشان دایکم وتی:

ـ خۆت بڕۆ بۆماڵیان و ئەوان لەگەڵ خۆت بهێنە.

وتم:

ـ رەنگە پێی خۆش نەبێ خافڵگیری بکەم.

ـ بڕۆ تەلەفۆنی بۆ بکە.

ـ لێرە لە کوێ تەلەفۆن هەیە؟

ـ ئەم ماڵە دراوسێی خۆمان تەلەفۆنیان هەیە. هەر ئەو نیوەی ماڵی خۆمان کە کاتی نەداری فرۆشتم.

کە وابوو زاوا بووە بە خاوەنی تەلەفۆن. لە پاشماوەی ڕووداوەکە گەیشتم. ئێرەش کراوە بە یەکێک لە ناوەندەکانی ساواک.

ـ دایە گیان ناتەوێ لەگەڵ من بێی بۆ ماڵەکەی خۆمان لە نیاوەران؟ من بەتەنهام. تۆ ئەتوانی ژیانی من ڕێکوپێک بکەی.

ـ نا نا، کوڕم. ئیتر پێم ناخەمە ئەو ماڵەوە. ئەو دامودەزگایە بۆ من زۆرە.

ـ کوێی زۆرە؟ مەگەر تۆ زیاتر لە قەرەوێڵەیەکت پێویستە و زیاتر لە جارێک شێو و قاوڵتی ئەخۆیت؟

ـ نەء، نەء. ماڵی تۆ نوێژی دروست نییە.

ـ کێ ئەم قسەی بە تۆ وتوە کە ماڵی کوڕ بۆ دایک نویژی نییە؟

ـ ماڵی تۆ نوێژی دروست نییە چونکە داگیر کراوە.

ـ کێ وتوویەتی؟ کێ ئەم قسە قۆڕانەی خنیوە بە مێشکی تۆدا؟

ـ کوڕم، شەڕ لەگەڵ من مەکە. هەموو کەس ئەزانێ. ئەڵێن ساواکییەکان دوژمنی خوا و پێغەمبەرن.

ـ ساواکی چییە؟

ـ لە من مەپرسە، بڕۆ لە مەلا تەقی پێشنوێژی گەڕەک بپرسە.

بزانە چیها دەربارەی ساواکییەکان ئەڵێ.

ـ دایە گیان، من دوژمنی خوا و پێغەمبەر نیم. ئەوانەی ئەم تۆمەتانە بڵاو ئەکەنەوە خەریکن دوخمانی لە وڵاتی خۆیان ئەکەن.

سوودی نەبوو لەوە زیاتر سەر بخەمە سەر دایکم. ئەوەندەم دەسکەوت کە بانگەشەی هاوکارانی ڕوقیە تا ڕادەیەک بە قووڵایی کۆمەڵدا ڕۆ چووە، کە ئیتر کەس لەوە ناترسێ بە ئاشکرا ساواکییەکان بە دوخمان و تاوانکار ناوببات.

لەلای دایکمەوە چووم بۆ ماڵی زاوا. دام لە دەرگا. یەکێک کە نەم ئەناسی دەرگای کردەوە. پرسیم:

ـ ببوورە، کاتم گرتن. خاوەن ماڵ ئاشنای منە. تۆم نەبینیوە. ئەمویست ئەگەر ڕێگە بدەن تەلەفۆنەکەی ئێوە بەکار بهێنم و زەنگ بۆ یەکێک لە دۆستانم لێبدەم. گەشتیاری دوورە ڕێم و ئەمڕۆ لە گەشت گەڕاومەتەوە.

ـ فەرموون، فەرموون! من بچووکیم لە خزمەتی جەنابتاندا هەیە. ئێوە کوڕی خانمی دراوسێن. فەرموون تەلەفۆن بکەن.

مووساگیانم دۆزییەوە. هەر بەو شەوە خۆی و ژنەکەی هاتن بۆ سەردانمان. کاتێکە دایکم و مەنیجەی مناڵ بەباوەش چوون بۆ چێشتخانە، من و مووساگیان تەنها بووین، کەڵکم لەو دەرفەتە وەرگرت و هێنامە قسە.

ـ مووساگیان چ باسە؟ دایکم زۆر قوت بوۆتەوە. ئیتر لەگەڵم نادوێ. ئەم ساواکی ماواکیەی لە کوێ هێناوە؟

ـ ئەڵێی ئاگات لە دنیا نییە. ئەم شتانە ئیتر کەوتۆتە سەر زمانی هەموو کەس. کارەبا نییە سووچی ساواکە. نانی سەنگەکی پڕە لە زیخ سووچی ساواکە. مناڵی خەڵک ون ئەبێت، دیسانەوە ساواک ئەدرێ بە عەرزا. وشەی ساواک بە ئەسپایی ئەڵێن گوایە با بەرامبەرەکەیان نەبیسێ. خەڵک ترسیان ڕژاوە و بەبێ ئەوەی بزانن ساواک چییە، هەروا تێی ئەگرن. ئەوانەی هەندێ تێگەیشتووترن،

ئەزانن مەبەست شایە. دایە ئەزانێ ساواک چییە، بەڵام نازانێ تۆ لە ساواک کارت کردووە. بەس ئەوەی زانیوە هەرکەس لەگەڵ شایە ساواکییە. دایە ئێستە بووە بە ڕۆژنامەخوێنیش. تا چەند مانگ لەمەوبەر لێی ئەپرسیم لە ڕۆژنامە چیم خوێندۆتەوە. ڕۆژنامەکەی لێ وەرئەگرتم و ئەکەوتە خوێندنەوە. چاویلکەیەکمان بۆ کڕی و ئێستە دوو سێ حەفتەیە ڕۆژنامەفرۆش لە درزی دەرگاوە ژمارەیەکی بۆ هەڵئەداتە ژوورەوە و ـــ دایە ئەیخوێنێتەوە ـــ بۆچی پێت سەیرە کە ئێستە لە ساواکی ئەترسێ؟

ـ تۆ هیچ ناترسی لەوەی ئەم قسانە لەلای من ئەکەی؟

ـ بابە گیان کار لەو قسانە تێپەڕیوە. ڕۆژێک وەرە بۆ بانک بزانە چ باسە. کاری تریان نییە جگە لەوەی لەسەر ئەم وشانە بچن بەگژ یەکتردا. هەرچی چۆن بێ، خەڵکی وەکوو من ڕاپۆرت ئەنووسن، بەڵام چ سوود؟ ئەبێ سەردەستەکانیان بدۆزنەوە. ئەڵێی دەرەقەتی ئەوان نایەن! خۆ ناکرێ هەموو خەڵکی خواش بخرێنە زیندانەوە.

ـ ئێستە دایکم بووە بە دژی شا کە ئەوەندە شادمانە؟

پێموابێ شادمانیەکەی هۆیەکی تری هەبێ.

ـ چ هۆیەک؟

ـ لە خۆی بپرسە.

ـ واتە تۆ ئەزانی و ناتەوێ بیڵێی؟

ـ من نازانم، بەڵام گومان ئەکەم بۆ چییە.

ـ چ گومانێک؟

ـ گیانی من، بۆچی من تووشی بەزمم ئەکەی. دایکی خۆتە و متمانەی پێت هەیە.

ـ دەست هەڵگرە و هەڵیرێژە.

ـ من خۆم هیچم نەدیوە. ژنەکەم ڕۆژێکیان منداڵەکەی بۆ چەند کاتژمێرێک لەلای دایە دانائەنێ. کاتێک ئەگەڕێتەوە ئەبینێ دایکت

خەریکە کاغەزێک ئەخوێنێتەوە. ئەوەندەی چاوی بە مەنیجە ئەکەوێ نامەکە ئەشارێتەوە.

ــ کێ نامە بۆ دایکم ئەنێرێ؟

ــ لە خۆت بپرسە.

ــ من لە تۆ ئەپرسم.

ــ هەرچی چۆن بێ، دایکت جگە لە تۆ و ڕوقیە کەسی تری نییە، خۆ نامەی تۆش لە ئێمە ناشارێتەوە.

قسەکەم پێ بڕی. کاتێکە مووساگیان و ژن و منداڵەکەی ڕۆیشتن. کەوتمە وێزەی دایکم.

ــ دایە گیان چ هەواڵێکت لە ڕوقیە هەیە؟

ــ هیچ ئاگام لێی نییە. بەڵام داویە لە دڵم بەمزوانە دێت و ئێمە هەموومان پێکەوە ئەبین. تۆ و ڕوقیە و من و...

ــ روقیە نامەی بۆ ناردوویت؟

ــ مەگەر بۆ تۆی نەناردووە؟

ــ نامەی بۆ من نەناردووە.

ــ پەیامی بۆ تۆ ناردووە، دەست لە کارەکەت هەڵبگری و خۆت ئاسوودە بکەی.

ــ لە کوێوە ئەزانی؟

ــ مەگەر تۆ هەموو ئەو شتانەی کە ئەیزانی بە منی ئەڵێی هەتا منیش هەرچی ئەزانم بە تۆی بڵێم؟

ــ دایە خەریکی بە ژیانی خۆت و ژیانی من یاری ئەکەی. من نامەوێ تۆ تووشی گیروگرفت ببی.

ــ تۆ، تۆ بیر لە خۆت بکەرەوە. من لە ژیانی پاش باوکتان جگە لە تۆ و ڕوقیە کەسی ترم نەبووە. ئێستەش ئەزانم تا ئەو کاتەی گیانم دەرئەچێ، هیچ ئارەزوویەکم نییە جگە لەوەی هە دووکتان لە تەنیشتمەوە دابنیشن. ژیانی من چ بایەخێکی هەیە؟ بڕۆ بە کاری خۆت ڕابگە. منیش دائەنیشم و چاوەڕێی ڕوقیە ئەکەم. هەرکات کە

ژنەکەی مووسا ئەدا لە دەرگا و دێت شاد ئەبم غەزەڵی حافزم بۆ ئەخوێنێتەوە. دڵم خۆش ئەبێ کە هەڵبەستی «مژدە، ئەی دڵ کە مەسیحا نەفسێک دێ بۆ لات»م بۆ ڕاڤە ئەکا و ئارام خەوم لێ ئەکەوێ، بەو هیوایەی ڕۆژی پاشتر ئەدەن لە دەرگای ماڵەکە و تۆ و ڕوقیە دەستان بە دەستی یەکەوە، وەکوو سەردەمی منالی دێنە ژوورەوە و ئەمگرنە باوەش و منیش لە خۆشیانا ئەمرم...

نەی ئەهێشت قسەی پێ ببڕم. لە دنیای ئەندێشەدا ئەفڕی. خەونە شیرینەکانی ئەگێڕایەوە. ئەم ئارەزووانە بۆ چرکە ساتێک ڕایان ئەکێشام... ڕوقی گیانم ئەبینی پێکەوە لە قەراخ ئەستێڵەکە دانیشتووین، بە قاچمان ئاوەکە ڕائەژەنین و ماسیە سوورەکان ئەسلەمێنەوە و دیسانەوە دێنەوە بۆ لامان. ئەم وێنەیە لەپڕ ون ئەبوو و دیسانەوە ڕوخسارە هەڕەشەئامێز و تووڕەکەی ڕوقیەم لەسەر شووشەی تەلەڤیزیۆنەکە ئەبینی کە دەستی خستۆتە لاکەلەکەی و باسی ئازار و ئەشکەنجە و سزا ئەکات. ئێمە دوژمنی یەک بووین و تینووی خوێنی یەکتر. ئەو شەڕەکەی دەستپێکردبوو و منیش ناچار بووم داکۆکی لەخۆم بکەم و بتەوێ و نەتەوێ هیچ چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی هێڵێکی بە سەردا بهێنم و لە ژیانی خۆم بیکەمە دەرەوە.

بەڵام لەولاشەوە ڕێگە نەبوو. لەو هەلومەرجەدا بنەماڵەکەمی تیا بوو منیان ناردبوو بۆ مەیدانێک لەگەڵ شێوازی زۆرانبازییەکەی ئاشنا نەبووم. هەتا ئێستە کارم هەر ئەوەندە بوو ڕێگە لە چەند کچ و کوڕی نەشارەزا و خۆپەرست بگرم کە ئایانویست بە ئاژاوە و هەراوهوریا ڕامیاری وڵات بگۆڕن. من ئەمتوانی بەو کەرەسانەی لە بەردەستم دایە ڕێگەیان پێبگرم. هەڕەشەم لێ ئەکردن، پاسپۆرتەکانیانم ڕائەگرت، پارەکەیانم پێ نەئەدان و بە شەڕکردن لە دادگای وڵاتانی میواندار سزای پارەم لێ ئەسەندن. کاری سەرەکی ئەوە بوو کە شاپەرستەکان بەربدەمە گیانی کونفدراسیۆن. وێنەی نەیارەکانم ڕابگرم و تۆماریان بکەم. ڕاپۆرت بدەم بە تاران و هەزار

کاری لەم بابەتە. ئەزموونم هەبوو و سەری گوریسەکە بەدەستمەوە بوو. ئەمجۆرە کارانە هەڵبەت وردبینی و لێکۆڵینەوە و ماندوونەناسی و دووزمانی و هەزار فێلی هەبوو. ئەم کارە هەموو کەس ئەیتوانی بیکات.

بەڵام ئەو کارە و ئەو پلەیەی بە منیان دابوو پێویستی بە خوێندەواری و زانیاری و پسپۆڕی ڕامیاری و بێنەوبەرە و هەزار شارەزایی تر هەبوو، کە من لەو شتانە بێوەری بووم. سەرم دەرنەئەهێنا مەبەست لەو حزب وازییەی کە شا پاش ڕووداوی ئاپریلی ١٩٦٣ سازی کرد چی بوو. باش نازانم ڕامیاری هاوسەنگی واتای چییە؟ بۆ وێنە ئەگەر لە ڕێگەی خەباتدا، دژی کومۆنیزم و چەپەکان کارم ئەکرد و یەخەیانم ئەگرت و بێچارەیانم ئەکرد، چۆن بوو کە خودی شاهەنشای ڕابەری بڵند پایەی ئێمە، لە مۆسکۆ ئەیانفەرموو: «ئەگەر بمان توانیایەت خۆمان دراوسێکانی خۆمان هەڵبژێرین، مسۆگەر حکوومەتی یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتمان هەڵئەبژارد.» هەڵبەت ئەبێ زانایییەک لەم بۆچوو نەدا هەبێت. باشە ڕامیاری ئەمریکا، کە باش باش لە ڤێتنام شەق و شڕ کران، چ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە هەبوو کە خاوەنشکۆ فەرمانیان دا لە ڕۆژنامەکاندا باسی لێ نەکرێ؟ نەیارەکان کردیان بە هەڵڵا: ئەی بەفیرۆدانی گیانی گەنجەکانی ئێران لە زوفار و پشتیوانیکردن لە کەڵەگایەکی بێشەرتوشۆی وەکوو سوڵتان قابووس چ سوودێکی بۆ ئێمە هەیە؟

ئەبوایە چ وەڵامێک بەم جەنابانە بدرایەتەوە؟ ئایە مەبەست ئەوەیە ئەبێ ئێمە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە کەنداوی فارس بپارێزین؟ چەپەکان ئەیانوت خاوەنشکۆ دەسکەلای ئەمریکایە و بەبێ ویستی ئەمریکا دەست بۆ هیچ نابات. ئەمە خۆ لەگەڵ ڕامیاری ناسیۆنالیزمی پۆزیتیڤ یەک ناگرێتەوە؟ منی کەم مایە زۆر نەشارەزا بووم و لە سەروبنی کارەکە تێ نەئەگەیشتم. هەڵبەت زۆر بە وردی

وتارەکانی خاوەنشکۆم لە ڕۆژنامەکاندا ئەخوێندەوە و هەندێ لە ڕستەکانم لەبەر ئەکرد. بەڵام لەبەردەم سەرانی ساواکدا ئەوەندەی باسی کێشەیەکی تازە ئەکرا، وەکوو کەر لەناو قوڕ ئەچەقام. نەزان بووم و تەنها بەپێی ئەزموون و هۆشی خۆم تێ ئەگەیشتم کە ئێرەییبەران چوارچاو ئاگایان لێمە قسەیەک لە دەمم بێتە دەرەوە و لە دژی فەرمایشەکانی شاهەنشا دای بنێن و بڵاوی بکەنەوە. زاتی ملووکانە هەموو شت بوو و، هەرچی ئەو ئەیفەرموو بەبێ زیادوکەم ئەبوا جێبەجێ بکرایەت. گیری کارەکە لەوەدا بوو کە من لە هەندێ بابەت تێ نەئەگەیشتم. بە ڕای من هەڵاتنی جووتیاران لە گوند و هاتنیان بۆ شار کێشەیەک نەبوو چەندین کاتژمێر دابنیشن و مشتومڕی لەسەر بکەن و پسپۆڕ لە ئەمریکاوە بهێنن و گوندی هەژار بە دار و گۆپاڵ ڕادەن بۆ بیابانەکانی باشوور. بەو مێشکە بچووکەی خۆم ئەموت: چ زیانێکی هەیە ئەگەر فلانە جووتیار بەدوای کاری ئاسانتردا ڕووبکاتە شار و ژن و مناڵەکەشی لەگەڵ خۆی بهێنێ و خانە و لانەیەکیش بۆ خۆی پێکەوە بنێت. زۆر لەم پرسگرانە هەبوو کە کەس نەی ئەوێرا لەسەریان بدوێ.

کەسم نەبوو لەسەر ئەم گیروگرفتانە ڕاوێژی لەگەڵ بکەم. ڕووم لە مووساگیان کراوە بوو. بەڵام خۆ ئەویش هەموو شتێکی نەئەزانی. لە کاروباری بانکداری، لە ماوەی ١٨ ساڵدا، ببوو بە پسپۆڕ. هەرچی بێ دواناوەندیشی تەواو کردبوو. لەگەڵ من جیاواز بوو. بەڵام سەرەڕای ئەوەش پەی بە ڕازەکانی ڕامیاری نەبردبوو و زیاتر ئەو قسانەی پاتە ئەکردەوە، کە کەموزۆر لە بانک لەوانی تری بیستبوو. سەبارەت بە لافاوی جووتیارەکان بەرەو شار ئەیوت:

ــ نزیکەی سێ ملیۆن گوندی ڕژاونەتە شار.

ــ بۆچی؟

ــ ئەو کاڵانەی کە لە دەرەوە ئەیهێنن، بە نرخێکی هەرزانتر لە بەرهەمی گوندییەکان لە بازاڕدا ئەفرۆشرێ. ئیتر قازانجی تیا نییە

کە گوندی پەنیر دروست بکات. پەنیری دانمارک لە پەنێری لیقوان باشتر و بەچێژتر و هەرزانترە.

ـ باشە بۆ ئەیهێنن؟

ـ لە کوێوە هاتوویت؟ ئەی ئەم چەند ساڵە لە لەندەن چیت ئەکرد؟

ـ قسەکەت بکە.

ـ ئەگەر جەنابت نەبوایەتی ئەوەی لە دڵمدا بوو هەڵم ئەڕشت.

ـ بڵێ، هەڵیڕێژە.

ـ کاکی بەڕێز، یان کەری یان خۆت ئەدەی لە کەرێتی. کێ ئەیهێنێ؟ خۆیان. تێکڕای ئەوانەی خۆیان لەم مامەڵەیەدا هاوبەشن. شەوچەرە ئەدەن و شەوچەرە وەرئەگرن. خودی هاودەستانی دەربار. خودی خاوەنشکۆش ئەزانێ.

لەلای خۆم وتم: «چەند ڕوودار بووە ئەم مووساگیانە.» بەڵام وتم باشترە قسەکەی بکات. پرسیم:

ـ باشە چ زیانێکی هەیە گوندییەکان بێن بۆ شار؟

ـ بێن چی بکەن؟ ئەمانە نان و ئاویان ئەوێ، کاریان ئەوێ.

ـ ئەی بۆ کارگە دروست ئەکەین؟ کە چی ببێ؟

ـ کارگەکانی ئێمە پێنج هەزار، دە هەزار کرێکاریان ئەوێ، نەک سەد هەزار، نەک سێ ملیۆن! ئەویش کرێکاری پسپۆڕ کە لە پاکستان و کۆریاوە ئەیانهێنن، نەک گوندی بێئاگا.

ـ واتە ڕیفۆرمی زەوی و کومپانیای بەشکۆ هەمووی بێکەڵکە؟

ـ گیانی من، ئەمە خۆ بۆچوونی من نییە. لە گوندیش نەبووم. ناشتوانم ڕا دەربڕم. ئەم بانکیانە ئەڵێن هەمووی قسەی قۆڕە. دەیان جار ڕاپۆرتی ئەم قسەڵۆکە دژبەرانەم نووسیوە. چەند ڕۆژێک ئەیانگرن، پارە مارەیەک ئەدەن و ئازاد ئەکرێن. نە چەپی بوون، نە ئیسلامی، نە کومۆنیست. چییان لێبکەن؟ ئەمانە ئەڵێن گوندی ئەوەتا دوو دۆنم زەوی وەرگرتووە، هەژاریش نییە، بەڵام ناتوانێ

ژیانی خێزانێکی چەند کەسی دابین بکات. زەوییە باشەکان خودی خانەکان هەڵیانگرتووە و زەوییە بوورەکانیش کە ئاویان بۆ ناچێ دراون بە جووتیارەکان. لەقەز حکوومەت هات باری ژیانی ئەوان چاک بکات، کەچی خراپتری کرد. مامان کە ئەبێ بە دوان سەری مناڵەکە لار ئەبێت. حکوومەت ویستی نرخی کاڵای کشتوکاڵی لە ئاستێکی جێگیردا ڕاگرێ، ئەنجامەکەی بوو بەوەی کە گوندییەکان زەوی و گا و ئاویان بەجێهێشت و ڕوویان کردە شار. لێرە ئەبن بە کرێکار، بە کارەکە، درۆزە ئەکەن، دزی ئەکەن، بەڵام لەبرسانا نامرن.

ـ واتای چییە؟

ـ واتای ئەوەی کە بەرهەمی کشتوکاڵی ڕۆژ بە ڕۆژ کەمتر ئەبێت و پێداویستیەکانی شارەکان ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر ئەبێت. چارە چی بوو؟ کاڵای هاوردە. هەر کاڵای پێویستیان لە دەرەوە هێنا و هەر لە بەرهەمی ناوخۆ کەم بوویەوە. من ئەمەم لە یەکێک لە بەڕێوەبەرانی بانک بیست. پسپۆڕی هەژمار بوو. ڕاپۆرتم دا. چەند ساڵ لە ژاپۆن کەمپیۆتەر و هەژماری خوێندبوو. لە بەشی هەژمار لایانبرد و گواستیانەوە بۆ شوێنێکی تر.

ـ بە قوربانی ئەو خوایە بم، من سەرم لەمکارانە دەرناچێ.

ـ بە گیانی خۆت من خویشم مێشکم بەتاڵە. لە هەموو خراپتر هاڵاوسانی دراوە!

ـ هەڵاوسان ئیتر چییە؟

ـ وەڵڵا ئەمەیان من نازانم. ئەبێ لە پسپۆڕ بپرسین.

ـ پارە چۆن هەڵاوسێت؟

ـ من جووتێک پێڵاوم ئەکڕی با بڵێین بە دوو سەد تمەن. بە مووچەی مانگانەی خۆم ئەمتوانی سەد جووت پێڵاو بکڕم. ئێستە مووچەکەی من بووە بە دوو بەرامبەر، کەچی ناتوانم سەد جووت پێڵاوی پێ بکڕم. نرخی پێڵاو زیاتر گران بووە هەتا ڕێژەی بەرز

بوونەوەی مووچەکەی من.

ـ ئەمەیان تێگەیشتم، لە لەندەنیش وا بوو.

ئەمویست سەبارەت بە نارەزایی کرێکاران لێی بپرسم، وتی:

ـ وەڵڵا ئەمەشیان من نازانم. ئەبێ لە خەڵکی خۆی بپرسی. ئەڵێن کومۆنیستەکان هانیان ئەدەن.

من نازانم ئەم کومۆنیستانە چ زۆڵی بنی زۆڵێکن کە ئەتوانن هەموو کارەکانی شاهەنشا هەڵوەشێننەوە؟ ئاخر مەگەر خۆیان بەشداری کارگەکان نین؟ خۆیان لە پەرلەمان نوێنەریان نییە، ئەی ئیتر چییان ئەوێ؟ ئێران ئێستە گەورەترین وڵاتی کرێکاری رۆژهەڵاتی ناوەراستە. پێنج ملیۆن لە ئابووری وڵات مز وەرئەگرن. ئەمانە پشتیوانی شاهەنشان. کەچی؟ چەند دانە کومۆنیست لە بابەتی ئەوانەی من لە ئورووپا کۆڵەم ئەکوتان، هەموویان فت ئەکەن.

ئەمانە ئەو بابەتانە بوون کە من سەرم لێ دەرنەئەکردن. ئەوسا یەکێک لەم مناڵە لووسکە کومۆنیستانە لە تێزی دکتۆراکەیدا وای پیشان دابوو کە قەیرانی ئابووری لە ئەنجامدا ئەبێ بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی. نەمهێشت وەزیرخانەی زانست تێزەکەی پەسند بکات. لە پلەی تازەمدا لەگەڵ ئەم کێشە ئاڵۆزانە زۆر ڕووبەڕوو ئەبووم.

کاتێکە لەگەڵ ئاشنا کۆنەکانم وەکوو ئەهاری و خانعەلی و دەماوەندی ڕووبەڕوو ئەبووم کە ئێستە ئافتاولانیان ئاوی ئەگرت، چەندایەتیم لەنگ بوو. خودی خاوەنشکۆ ڕۆژێک هەڵبژاردەی زانایان و هەروەها ئاشنا کۆنەکانی منی بانگ کرد بۆ ئاستانی بەرزی خۆی و پێیانی فەرموو: «برۆن و تۆژینەوە بکەن بزانن هۆی نارەزایی هەندێ لە توێژەکان چییە و وەرن بەرەنجامی لێکۆڵینەوەکەی خۆتانم پێ ڕابگەیەنن. من خۆم بڕیار ئەدەم چی بکرێ. یەکێک لەم جەنابانە ئاماژەی کرد بەوەی کە لە وڵاتدا تەنها یەک کەس حوکم ئەکات. و کەسی تر مافی ڕاوێژکردنی نییە و ئەمە خۆی ئەبێ بە هۆی ئاژاوە و ئەبێ ڕێگەیەکی تر بگرینەبەر. ڕاپۆرتیان دا بە من کە لە پشت

پەردەوە کۆبوونەوەکانی ئەوانم چاودێری ئەکرد. منیش فەرمانم دا بە شەق بیکەنە دەرەوە.

لە کونفرانسی سەرۆکانی ساواک لە سەرانسەری وڵات و هەندێ وڵاتی ئورووپا و ئەمریکا، وتووێژ لەسەر هۆی ناڕەزایی هەندێ لە توێژەکانی خەڵک گرنگیەکی تایبەتی پەیدا کرد. یەک دوو کەس پێیان وابوو شەڕی مسگەری نوێنەرانی «ئێرانی نوێ»[٤٥] و «حیزبی مەردم» خەڵکێکی خستۆتە هەڵوێستی ڕەخنەگرتن و گومانلێکردن لە ڕامیاری شاهەنشا. ئەم دەرگایە ئەبێ دابخرێ. بەشێکی گەورەی وتووێژەکان لەسەر ئە تەوەرانە ئەسووڕایەوە کە لە کۆبوونەوەی «پیاچوونەوە»دا خرابوویە بەر لێکۆڵینەوە. دەسەڵات ئەبێ وردە وردە بدرێ بە دەست جەماوەرەوە، بەڵام نەک بەو ئەندازەیەی کە قسەی شا برەوی نەمێنێ.

لێرەش باسی بەگشتیکردنی ئابووری وڵات بوو و پێویستی بەشداریکردنی سەرمایە بچووکەکان لە بەدیهێنانی پیشەسازی نوێدا. تەواوی کارگە گەورەکان لە دەست چەند کەسدا، کە خۆیان لکاندووە بە دەربارەوە، بە هەق و ناهەق تاپۆکراوە و ئەم دیوارە ئەبێ لاببرێ. ئەوانەی کە موویان لە ماست ئەکێشایەوە، ئەیانزانی مەبەستیان سەرانی سپا و ساواکە کە مامەڵەی ئامێری تەکنیکی سپا و دەریاداری و فڕۆکەوانیان بە مافی مسۆگەری خۆیان ئەزانی. هەڵبەت ئەم گوتاربێژە پسپۆڕتر لەوە بوو کە نەزانێ بۆی هەیە وردەرەخنەکانی ببێ بە پەتی سێدارە و بخرێتە ملی. بۆ شوێنەگومکێ وتی کە شاهەنشا ئەبێ هاندەری سەرمایەداری بێت. کێیە نەزانێ خاوەنشکۆ بۆ خۆیان هیچیان ناوێ جگە لە ئاسایشی گشتی و تێکڕای دارایی ئەوان لە خزمەتی گشتی دایە. ئەگەر تێکۆشانی ڕاستەقینەی

---

٤٥- حیزبێ ئێرانی نوێ و حیزبی مەردم، دوو حیزبی سەرەکی لە ئێران بوون و هەرچەند هەردووکیان سەر بە شا و دەربار و بەڕواڵەت نوێنەرەوی پلۆرالیزم لە ئێران بوون، بەڵام شا ساڵی ١٩٧٤ ئەوانەشی هەڵوەشاندەوە و لە بری ئەوان حیزبی «ڕەستاخیز» بە واتای «بەعس»ی دامەزراند.

شاهەنشا نەبوایە، سەرمایەداری لە وڵاتی ئێمەدا بەو شێوەیە پەرەی نەئەسەند کە ئەمڕۆ بووە بە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووک ــ مەبەستی بێژەر ئەوە بوو، ئەم گرووپە بچووکە کە لە سەرتۆپی ئابووری و بازرگانی ئێراندا وەستاون نابێ کارەکان خراپ بکەن و ببنە ڕێگری ئەو بازاڕانەی سەرمایەیەکی زۆر گەورەیان نییە، بۆ ئەوەی خۆیان سوودێکی زیاتریان دەسکەوێ. بە هەر شێوەیەک دەسەڵاتی خاوەنشکۆ هومایوونی چ لە ڕابەری ڕامیاری و چ لە باڵادەستی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا لە هەموو جۆرە دەستدرێژییەک بپارێزرێ. ئەمە بوو کورتەی بەرەنجامی وتووێژەکانی ئەنجومەنی باڵای ساواک.

هەر لەم سەردەمەدا بەرزبوونەوەی نرخی پەترۆڵ، ئابووری و پیشەسازی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی تەواو لەرزۆک کردبوو و شاهەنشا خەریک بوو بەرنامەیەکی پیادە ئەکرد تا بە یەک بازدانی پیشەسازی بە «شارستانیەتی مەزن» بگەین. کڕینی پشکەکانی کرۆپ[٤٦]، دانی وام بە وڵاتانی، ئەو سوودە کەڵانەی بە سەرانی ئابووری ئەگەیشت، کەڵک وەرگرتبی نابەجێی ئەوانەی کە خۆیان لە سەرووی دەوڵەت خزاندبوو، بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستیەکانی خەڵک بەرەو لانی زۆر؛ پێویست بوونی ئەم پێداچوونەوەی ئەسەلماند.

تەواوی ئەم هۆکار و مشتومڕ و کۆنفرەنسانە، ئەم ململانێ نابەجێیانە، ئەو پارە زۆرەی دەسەڵاتداران کۆیان ئەکردەوە، زێدەڕەوی سەردەستەکانی دەسەڵات، تا ئەو ڕادەیەی کە دوو وەزیر لەسەر مێزی قومار دەمانچەیان لەیەکتر کێشا. سەرلەشکرێک ئەو ئەنگوستیلە برلیانەی کە شاهەنشا ئەیویست بۆ شابانووی بکڕێ، بە شەو، بە نرخێکی گرانتر کڕی. چەتوونیکردنی لە ژێرەوە و بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵانە نەک هەر لە بڵاوکراوەکانی کومۆنیستەکان

---

٤٦ ـ کرۆپ: Krupp پیشەسازی بەرژەنگ ناو لە یانەسا دارا و خاوەن دەسەڵاتەکانی ئاڵمان، خاوەنی کارگەی مەزنی پۆڵاسازی و پیشەسازی جەنگی.

و كونفدراسیۆندا، بەڵكوو لە لاپەڕەی چاپی بەردینی مەلاكانیشدا، هەر هەمووی بوو بە هۆی زیزبوونی شاهەنشا و، بڕیاریان دا ڕێگە لەم كارە نەشیاو و ناحەزانە بگرن و هەوسار بخەنە ملی تاوانباران.

بۆ ئەم مەبەستە یەكی مانگی مارچی ١٩٧٤ فەرمانیان دەركرد هەموو حیزبەكان هەڵوەشێتەوە و حیزبی «ڕەستاخیزی ئێران»[٤٧] دابمەزرێ. لە فەرمانی شاهانەدا هاتبوو كە هەموو فەرمانبەرانی حكوومەت و هەموو ئەوانەی خۆیان بە ئێرانی ئەزانن و حەز ئەكەن وەكوو ئێرانیەك ڕەفتاریان لەگەڵ بكرێت، ئەبێ بچنە ڕیزەكانی ئەو حیزبەوە و ببن بە ئەندام. ئەو كەسانەی مل بۆ ئەم فەرمانە كەچ نەكەن یان لە ڕێكخراوێكی تردا كاربكەن، ئەبێ بچن بۆ زیندان یان لەم وڵاتە بڕۆن! ئەوانەش كە ئەیانەوێ بڕۆن خەرجی گەشتیان لێوەرناگیرێ.

لەپڕ هەلومەرج گۆڕا. پارە پەرستەكان دەمامكیان دا لە ڕوخسار و بە هیوای گەیشتن بە پلەوپایەی باڵا و بەدەستهێنانی دەسەڵات، شاڵاویان برد بۆ ئەو سفرە ڕەنگینەی بۆیان ڕاخرابوو. ئەهاری بوو بە وەزیری داد، خانعەلی كرا بە سەرۆكی زانكۆی تەورێز و دەماوەندی بوو بە وەزیری دەربار.

سەرۆكی ساواك گۆڕا. ژنراڵ سەرلەشكر دیسانەوە هاتەوە مەیدان. لەسەر دەستی ئە ئەرتەشیەكان هاتنەوە سەركار. سەرۆكایەتی ساواك درا بە ژنراڵێكی تر. هەركام لەمانە دەستوپێوەندەكانی خۆیان لەگەڵ خۆیان هێنا.

من، لە لایەن خاوەنشكۆوە دانرابووم و هیچكەس نەی ئەویرا دەستم لێبدا. بەڵام كەس كاری پێ نەئەسپاردم. بە ڕواڵەت تێكڕای كاروباری خوێندكاران لە سەرانسەری جیهان، لە هێندەوە تا ئەمریكا

٤٧ـ حیزبی توتالیتر كە بە فەرمانی حەمەرەزا پەهلەوی دامەزرا. بە واتای ڕاسان بە واتای (بعث). هەموو حیزب و ڕێكخراو و سەندیكاكان ناچار كران بچنە ناو ئەو حیزبەوە. شا وتی: «هەر كەس نەبێ بە ئەندامی ئەو حیزبە ئەبێ لە ئێران بڕوات، ئەگەریش نەیەوێ لە ئێران بچێتە دەرەوە، ئەخرێتە زیندان.»

و کانادا لە ئەستۆی من بوو. هەرکام لە ساواکییەکانی وڵاتانی ئوروپا و ئەمریکا و ئاسیا سەر بە یەکێک لەو باڵوێزانە بوون کە خۆشەویستی شاهەنشا بوون و حەزیان نەئەکرد کەس خۆی لە کاروباریان هەڵقورتێنێ. چەند کەس لە سەرۆکانی ساواکیان لابرد بە گومانی ئەوەی داروودەستەی منن. وتیان لە قەیرانی بەرزبوونەوەی نرخەکاندا ئەوەندەیان دزیبوو کە پێویستیان بەو دوو قەرانەی ساواک نییە.

دوو حەفتەی مابوو بۆ نەورۆزی ١٩٧٦، ئەهاری کە وەزیری داد بوو، هات بۆ لام.

هەوا هێشتا سارد بوو. جێجێ کۆمە بەفر لە باخەکەی نیاوەران هێشتا مابوو. دارەکان گەڵایان پێوە نەبوو. چڵە چڵە گوڵاڵە گەزیزە سەریان دەرهێنابوو. چاوترووکانە ڕەنگینەکان مژدەی هاتنی بەهاریان ئەدا. حەوتی ئێوارە بوو. خۆر خەریک بوو لە پشت سنەوبەرەکاندا خۆی دائەشارد.

هێشتا دانەنیشتبوو، وتی:

ــ هەواڵ چییە؟بۆچی جێگۆڕکێ بە هەموان ئەکەن؟

ــ تۆ وەزیری ئەبێ بزانی، من لە کوێوە ئاگام لێبێ؟

ــ دیپلۆماسی بخەرە لاوە. ئەڵێن هەتا ئێستە کار بە دەستی ساواکییە لیبراڵەکانەوە بووە و ئەو نەرمبوونەی ئەوان بۆتە هۆی سەربەرزکردنەوەی نەیارەکان.

ئەیویست قسە بە من دەربخات، بێدەنگ بوو. دەرفەتم پێ نەدا:

ــ بڵێ، دیسانەوەش بڵێ. تۆ لە من زیاتر ئەزانی.

ــ لە تۆ ئەترسم.

ــ هاتوویتەتەماڵەکەم و لێم ئەترسی؟

ــ ئاخر بە ناخێری تۆ جێگری سەرۆکی ساواکی.

ــ بەڵام دەرەقەتی وەزیرێک نایەم کە شا خۆی هەڵیبژاردووە.

ــ لە کوێوە بزانم وایە. ڕاپۆرتێک و چەند کەسی وەکوو من

سەرەونگووم ئەبن!

ــ دەس هەڵگرە، قسەکەت بکە.

ــ فەرمانیان داوە چەند کەس دادگایی بکەم.

ــ لە ساواکییەکان؟

ــ لە ساواکیشی تیایە. یەکیان سپاسالار بووە. ئەبێ تەمێ بکرێ.

ــ نەکا منیش لە ناویان دام؟

ــ نە بابە تۆیش! بەڵام ئەو دوو وەزیرەی تیایە دەمانچەیان لە یەکتر ڕاکێشا. فەرموویانە ئەبێ هەراوهوریا بەرز نەبێتەوە. هەرچی چۆن بێ، خەڵکی نەیار ئەبێ ئارام بکرێنەوە.

پرسیم:

ــ لەسەر من چی ئەزانی؟ ئەوا نزیکەی بیست ساڵە من و تۆ پێکەوە ئاشناین. لە هەمان ساڵەوە کە پێکەوە لە حیزب بووین. زۆر چاکەم لەگەڵ کردووی. قەت پاشقولم لێ نەگرتووی. حەپس کردنی ئوستادەکان نەخشەی تۆ بوو. دژایەتیکردنی تۆ نەبوو. ئەوەندەی ئاگام لێیە تۆش هەرگیز دژی من شتی خراپت نەوتووە. ئێستە کە هەندێک ئەیانەوەێ پاشقولم لێبگرن، خەڵکی وەکوو تۆ ئەبێ قەرەبووی چاکەکانم بکەنەوە. ژنراڵ سەرلەشکر خۆ ئەناسی؟ مێردەکەی مونیکا...

ــ ئاگات لێ نییە هێشتاش دڵبەرە و دڵ ئەفرێنێ. لەگەڵ ژنەکەی لەسەر ماڵی دنیا شەڕیانە. تەڵاق و تەڵاقکاری. ژنە پێی لێ چەقاندووە کە هەرچیمان هەیە ئەبێ نیوە بە نیوە بەشی بکەین، ئەگینا تووشت ئەکەم. دۆسیەکەیان لە دادگا بووە بە حەفتا مەن کاغەز. کەس کاری بە تۆ نییە. ئەوانەی ڕقیان لە تۆیە لە ڕوقیە ئەگەڕێن. خوشکت لە کوێیە؟

ــ ئەوەندە ئەزانم لە زیندان نییە. ڕەنگە لە دەرەوە بێ. لە فەلەستین، لە ئورووپا. ڕەنگیشە کوژرابێ.

ــ نەء، دڵنیا زیندووە. ئەگینا هاوکارەکانی دوێنێ و ئەمڕۆت ئەوەندە بە دوایدا نەئەگەڕان. ڕاستەکەت ئەوێ من بۆ ئەم کارە نەهاتووم بۆ لای تۆ.

ــ راوەستە.

زاوا، کە ئێستە هەم پێشخزمەتم بوو و هەم ئاگای لێم بوو، پێم وت چای و شیرینی بۆ جەنابی وەزیر بهێنێ. زاوام لە کۆڵ کردەوە کە تەنها بین و کەس نەتوانێ گوێ لە قسەمان ڕابگرێ. لەو کاتەوە کە کرابووم بە جێگری ساواک و لە تاران لە باخی نیاوەران ئەژیام، چەند کەس کرابوون بە کێشک لە دەوری ماڵەکەم و لە باخەکەدا ئەگەڕان، نەکا نەیارەکان زەبرێکم پێ بگەیەنن. یەک لەوانە زاوا بوو کە ئێستە ئیتر لە کارەکانی من و بنەماڵەدا پێشینەی هەبوو و ببوو بە پسپۆڕ. زاوا کابرایەکی ساویلکە بوو و، پاش نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ من لە لەندەن متمانەمان بە یەکتر هەبوو. هەمان ڕۆژی گەیشتنەوەم دەریخست جەهانگیر پێی ڕاسپاردووە هەموو ڕۆژێک ڕاپۆرتێک لەسەر هاتوچۆی من بنووسێ و بیدا بە ئەو. هەڵبەت گرنگ نەبوو ئەو بنووسێ وەزیری داد هاتووە بۆ سەردانم. بەڵام من نەم ئەمویست ئەو لە سەروبنی کارەکانم تێبگات. کاتێکە بێگانە بە دەوروبەرمانەوە نەما وتم:

ــ بڵێ، چیت لە دڵ دایە بیڵێ. مەترسە قسەکانی ئێمە لە هیچ شوێنێک تۆمار ناکرێ و لە هیچ جێگەیەک نادرکێنرێ.

ــ سەبارەت بە سپاسالار «هادی»یە. کابرایەکی کەللە کەرە. لە هیچ کەس و هیچ شت ناترسێ و هێشتاش سەرەڕای ئەوەی کە چەندین مانگە لە زیندان دایە، پێی وایە هێشتاش هەر سپاسالارە و چەندین لەشکری لە ژێر دەستدایە. ئەفسەرێکی خوێندەوار و بە ئەزموونە و ساڵەها سەرۆکی زانکۆی ئەفسەری بووە و لە سەرکەوتووە ناسراوەکانی ئازەربایجانە.

ــ چ تۆمەتێکیان لێداوە؟

ــ هیچ بەڵگەیەک بە دەستەوە نییە. دەرئەکەوێ ساڵەها بەرپرسی کڕینی چەک بوو لە ئەمریکا. بەپێی ڕاسپاردەی ئەو بڕێکی زۆر مەزن نەوت لەگەڵ چەکی ئەمریکی لە هەموو ڕوویەکەوە ئاڵوگۆڕ کراوە. ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەکانی دەرەوەدا دەنگی داوەتەوە و وتراوە حکوومەتی ئێران لەپاش ئاڵمان و ئینگلیز لە هەموو وڵاتانی ناتۆ چەکدارترە. لەم بارەیەوە هەندێ زانیاری لە ڕۆژنامەکانی فەڕانسە و سۆڤیەتدا بڵاو بۆتەوە. لەم کڕینانە جگە لەو یەکێکی تر لە هاوکارەکانی کە لە فەڕانسەیە و نەگەڕاوەتەوە بۆ ئێران، هیچکەسی تر ئاگادار نییە؛ تەنانەت خودی شاهەنشا! ئەم هەڵوێستە خاوەنشکۆی تووڕە کردووە و هادی کەوتۆتە بەر غەزەب و ئەبێ تەمێ بکرێ.

ــ تۆمەتی دزینی پارەشی لێدراوە؟

ــ ئەی ئەو دەوڵەمەندییە نەمروودییە لە کوێوە هاتووە؟ بەڵام هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە. ئەمکارە لە بناغەوە پەیوەندی بە دادگاوە نییە. ئەبێ لە ستادی جەنگ چارەسەر بکرێ. بەداخەوە لەبەر ئەوەی جەنابان خۆیان دەرەقەتی نایەن و ئەترسن کارەساتیان بۆ بخولقێنێ و ئابڕوویان ببات، دۆسیەکەیان ناردووە بۆ دادگا و منیش تیا ماومەتەوە. دڵنیام کە تاوانبار لە ئەمریکاش هاودەست و پشتگری هەیە، شتێکی ئاساییە، سەدان ملیۆن دولار کڕین بەبێ بەرتیل و ماستاو جێبەجێ نابێت. ئەوەش ڕوونە خاوەنانی کارگەکانی چەک لەم مامەڵەیە پارەیەکی یەکجار زۆریان دەسکەوتووە و حەز ناکەن بە ئاسانی وەشکەرەکەیان بکەوێتە مەترسییەوە و ئیتر نەوێرێ لەگەڵیان کەین و بەینی هەبێت. ڕۆژنامەیەکی ئەمریکایی نووسیوێتی لە هەر دولارێک کە ئەمریکاییەکان لەبری پەترۆڵ ئەیدەن بە ئێران، دوو دولار ئەگەڕێتەوە. نەیارەکانیش دەنگیان بەرز بۆتەوە. سەناتۆرێک نەیاریی دەربڕیوە و وتوویەتی ئێمە خەریکین خۆمان ئەخەینە ناو گێرە و کێشەیەکەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە

نییە، بەبێ ئەوەی خۆمان بزانین چی ئەکەین. بەرژەوەندی ولاتانی بەرهەمهێنەری پەترۆڵ، لەبەر ئەوەی ئێمە خەریکین سەرتاپێ خۆمان چەکدار ئەکەین، خەریکە ئەکەوێتە مەترسییەوە و هیچ دوور نییە ئەم خۆتەیارکردنە ببێ بە هۆی شەڕ و ئاژاوەیەکی مەزن لە کەنداوی فارس و هتد و هتد. شاهەنشا پێیان وایە ئەم سەردۆلکەگیرانە بە مەبەستی پشتیوانی کردن لە سپاسالارە. خۆشیان دڕدۆنگن. جارێکیان فەرموویان ئەبێ ئەمکارە یەک لایی بکرێتەوە. ئێمەش بە تاوانی شاکاندنی دیسیپلین پێنج ساڵ زیندانمان بۆ بڕییەوە.

پاشان هەراوهوریایەک لە لایەن بنەماڵە و دۆستانییەوە لە ئینگلیز و ئەمریکا ساز بوو. دەماری بەزەیی و دڵناسکی شاهەنشا بزوا و فەرموویان زۆر سەختگیریتان لەگەڵ کردووە، ڕەنگە بە قازانج نەبوو بەم توندییە سزا بدرێت. ئەبینی کە من کەوتوومەتە ناو ڕوودەربایسی و ئێستە بیرێکم لێکردۆتەوە و هاتووم لەگەڵ دۆستێکی بیست ساڵە ڕاوێژ بکەم.

بە دەنگێکی دڵاوا و دۆستانە ئەم ڕستەی کۆتایی وت: «هاتووم لەگەڵ دۆستێکی بیست ساڵە ڕاوێژ بکەم.»

ـ کونیاکێکت بۆ تێبکەم؟

ـ ئەگەر بە مەبەستی پتەوکردنی دۆستایەتی بێت و تۆش بخۆیتەوە، زۆریشم پێخۆشە.

شووشەی بلووری کونیاکم هێنا و دوو گلاسم تێکرد. زرینگەمان لێهێنا و هەڵمان دا.

ـ ئێستە بفەرموو چ جۆرە ڕاوێژێک؟

ـ لەم بارەیەوە لەگەڵ وەزیری دەرباریش کە لە دۆستانی کۆنی منە، قسەم نەکردووە. یەکەم کەس لەم ڕازە ئاگادار ئەبێ تۆی! ئەمەوێ پێشنیازێک بدەم بە شاهەنشا کە بۆ جەژنی نەورۆز کۆمەڵێک لە زیندانیەکان ئازاد بکات.

ـ ئەتەوێ لێبوردنی گشتی لە شا وەربگری؟

ـ چ زیانێکی هەیە؟ شاهەنشا خۆشناوتر ئەبێت. هەم لە دەرەوەی ئێران کە هەموو ڕۆژێک باسی مافی مرۆڤ ئەکرێ. ئەمە ئەبێ بە کەرەسەیەک بۆ بانگەشەکردنی ئەوەی ئێران وڵاتێکی دیموکراتیکە و، خەریکە لەم ڕێگایەدا هەنگاوی مەزن هەڵئەگرێت و هەروەها لە ناوخۆی وڵاتیشدا. هەرچی چۆن بێ، ئەبێ ڕێگە بە نەیاران بگرین. ئێوەی ساواک بە ٣٠ تا ٦٠ هەزار فەرمانبەر و سێ ملیۆن سیخوڕەوە کە هەتانە و ئێمەی دەوڵەتیەکانیش بە ڕاگەیاندنی لێبوردنی گشتی شاهانە...

ـ ئەم سێ ملیۆن ڕاپۆرتچی و ٦٠ هەزار ساواکییەت لە کوێوە هێنا؟

ـ ئەمە ئەو دەنگۆیانەیە لە ڕۆژنامەکانی دەرەوە و بەتایبەت لە لایەن «لێبوردنی نێونەتەوەیی»ـەوە بڵاو ئەکرێتەوە.

ـ مەبەست لەم لێبوردنی گشتیە چییە؟ ئەتەوێ چی بکەی؟

ئەمە پرسیاری سەرەکییە! یەکەم ئەوەی کە خۆمان لە شەڕی خەڵکی وەکوو سپاسالار هادی ڕزگار ئەکەین و، بەوانەی کە گومانلێکراون و خۆیان شاردۆتەوە ڕائەگەیەنین دەس لە ئاژاوە هەڵگرن و بە کار و ژیانی خۆیان ڕابگەن، چونکا کەس کاری بە سەریانەوە نییە. بۆ نموونە یەکێک لەوانە کە ڕوقیە بێ. خۆ هەتا ئێستە کەس تاوانێکی نەخستۆتە ئەستۆی. تاوانێکیش ڕووی نەداوە، یان لانیکەم ئێمە ئاگامان لێ نییە. لێبوردنێکی گشتی دەرفەتی ئەداتێ بگەڕێتەوە سەر کارەکەی و، ژیانی خۆی بە قسەی ئەم و ئەو بە فیڕۆ نەدات. بەڕای من ئەم لێبوردنی گشتیە ئاوێکە ئەکرێ بە سەر ئاگری بەدکاراندا!

ـ ئێمەش لە وتووێژە تایبەتی و فەرمییەکاندا بیرمان لەوە کردۆتەوە کە ئەبێ خەڵک هان بدەین بۆ شاپەرستی و ئەمانەوێ نەیاریی کەم بکەینەوە، بەڵام هەتا ئێستە هیچکەس ڕایەکی لەم بابەتەی پێشنیاز نەکردووە، کە لەم ڕێگەیەوە ئەتوانین بە مەبەست

بگەین. درۆت لەگەڵ نەکەم ئەم لێبوردنی گشتیەی تۆ پێچەوانەی ڕامیاری ساواکە. ئێمە خەریکین بەندی ١٣١٠ی قانوونی دژی کومۆنیستی چڕتر ئەکەین و ئەمانەوێ بۆ ئەندامەتی حیزبی توودە و لایەنگرانی مارکسیزم ــ لنینیزم لەبری دەساڵ زیندان لانیکەم زیندانی هەتایی ببڕینەوە. تۆ لەبری ئەوەی لە کاری سپاسالاردا گیرت کردووە و بۆ پێخۆشبوونی من و ئاسایشی ڕوقیە ئەتەوێ بۆ دەسرۆکەیەک، هەموو بازاڕەکە بسووتێنی. ئەڵێی ئاگات لێ نییە کە وڵات خەریکە ئەبزوێ؟ نەت بیستووە لە مانگرتنی پاڵاوگەی تەورێز نزیک بوو شارەکە سەروبن بکرێ؟ ئاگات لە مانگرتنی کارگەی چیمەنتۆی سۆفیان و ئێران ناسیۆناڵیش نییە؟ جەنابی ئەهاری تۆ لە کوێوە بزانی لە شەڕ و پێکدادانی دژی فیدایی و موجاهید و مارکسیستی ئیسلامی چەند کەس لە ساواکییەکان کوژراوە؟ خۆ کوژرانی سەرۆکەکەیانت لە بەهاری ڕابوردوودا بیستووە و خوێندۆتەوە. جەنابی وەزیر ئێوە خۆ نەشارەزا نین و مسۆگەر بە گوێی ئێوەش گەیشتووە کە لە حسەینیەی ئیرشاد چی ڕوو ئەدات؟ ئەتەوێ گوێ لە یەکێک لەو کاسێتانە بگری کە ڕۆژانە سەد سەد لە عیراقەوە ئەگات تا بزانی چ تۆمەتێک لە خاوەنشکۆ و بنەماڵەی پاکیزە و سۆلانیان ئەدەن؟...

جەنابی وەزیر نەیهێشت تەواوی کەم.

ــ بەڵێ بیستوومە. بەڵام تۆ تەنها یەک ڕووی کێشەکە ئەبینی. سەیری ڕووەکەی تریشی بکە. لە بەرامبەر ئەوانەدا ئێوە و شاهەنشا و سپا وەستاوە. خودی شاهەنشا فەرموویانە کەس دەرەقەتی من نایەت. مەلا کێن؟ کومۆنیستەکان هیچ غەڵەتێکیان پێناکرێ. وەها کلکی بەرەی ئازادیم قرتاندووە کە بۆ حەوت پشتیان بەسە. من حەوت سەد هەزار سەربازم هەیە. بڵێ با بێنە مەیدان.

ــ ئەمانە دروست. بەڵام ئەزانی کاتێکە ئەم کاسێتانە ئەکەوێتە دەست خەڵکی نەزان، چەندە کار ئەکاتە سەریان؟ ئەمەوێ بڵێم

زیاتر لەوەی کە مێدیا دەرخواردی خەڵکی ئەدا، ئەم کاسێتانە خەڵک هان ئەدەن. بەڵێ، کاتێکە ئەکەوێتە دەست موسەدقییەکان ئەبێ بە چی؟ ئەوان داوای ئازادی ئەکەن. باسی هەڵوەشاندنەوەی حیزبی ڕەستاخیز، هەر ئەو شتەی کە شاهەنشا دڵی پێی خۆشە، ئەکەن. لە چەمکەکەی ئەگەی؟ کە وابوو من ئیتر ناتوانم لە نیاوەران بژیم و ماڵ و باخم هەبێت. تۆی جەنابی وەزیریش ناتوانی لەسەر کورسی وەزیرخانە دابنیشی...

ـ باشە، ئەی چار چییە؟ هەموو ئەو شتانەی کە ناوت برد، نیشانی ئەدات ئاگرێک لە بن خۆڵەمێشدا هەیە و، کۆمەڵێک بە هەر شێوە بۆیان بکرێ وەکوو کاسێت و وتار و ئیرشاد و ڕاگەیاندن باوەشێنی ئەکەن و ئەو گڕە بە مانگرتن و هێرش بردن بۆ دامەزراوە دەوڵەتی و ئەمریکاییەکان بڵێسە ئەکێشێ.

هەندێ وەستام. بینیم ئەم تازە پێگەیشتووە خەریکە یاری بە ئاگر ئەکات. نەمتوانی خۆم ڕابگرم.

ـ جەوان ئەڵێی لە کارەکەت دڵکاو نیت و لەوە زیاترت ئەوێ کە هەتە. ئەگەر ئەوێری ئەم قسەیە لەلای ژنراڵ سەرلەشکر بڵێ تا دەرپێت پێ داکەنێ! ئەزانی چۆن دەورت هەڵگرتووە؟ هەموو شەوێک پۆلە سەرباز ئەڕژێنە ماڵان و بەتاوان و بێتاوان ئەگرن. هەموویان شەل و کوت ئەکەن. پێت وایە لەوە ئەترسێت بۆ تۆی سەرۆک وەزیر تێچێنێ و هەمووتان بنێرێ بۆ ئەو شوێنەی عەرەب نێزەی بۆ ئەهاوێ؟

جەنابی وەزیر کڕ بوو و هیچی نەوت. کونیاکێکی ترم بۆ خۆم و بۆ ئەویش تێکرد و وتم:

ـ بە خۆشی!

ـ خۆشیت!

ئەیویست هەڵسێ و بڕوات. دەستم دا بە سەر شانیدا و وتم:

ـ لەخۆوە هەڵچووم. من تۆم وەکوو برای خۆم خۆش ئەوێ و

دڵنیام ئەگەر ڕۆژێک بکەومە تەنگانەوە تۆ و دۆستەکانی ترت من لەو بەڵایە ڕزگار ئەکەن. مەبەستم ئەوەیە لە گۆترە کار نەکەی. لێبوردنی گشتی زۆر بیرێکی باشە؛ بەڵام، ئێستە کاتی نییە. ئەبێ ڕاوەستی ئەم هەڵبژاردنەی ئەمریکا تەواو ببێ. سەردانەکانی شا بۆ سۆڤیەت و ئەمریکا کۆتایی پێبێت. لەوە دڵنیا ببیت کە لە چەپەوە کەس فێڵت لێ ناکات و، لە ڕێکەوتنی خۆی لەگەڵ سەرانی نوێی ئەمریکا ئەرخایەن ببێت. ئەوسا ئەگەر هەلومەرج ڕێگەی دا دیسانەوە دابنیشین و پێکەوە بدوێین کە ئەبێ لەگەڵ کێ ڕاوێژ بکەین. بەرژەوەندی تۆ لەوەدایە کە لەمبارەیەوە لەگەڵ هیچکەس قسە نەکەیت. ئیتر بەسە.

زاوام بانگ کرد. لەگەڵ هاتنی، پەردەکانی دادایەوە. هێشتا سەرمای زستان بەرهەست بوو. وتم:

ـ جەنابی وەزیر ئەمشەو میوانی ئێمەن. بڵێ شێوێکی زۆر جوانمان بۆ ساز بکەن.

ئیتر قسەی گرنگمان نەبوو لێی بدوێین. بۆ ئەوەی پەرۆشەکەی لەبیر بەرمەوە، هەواڵی کەسوکاریم پرسی. ئەمزانی کچێکی شیرازی هێناوە بە ناوی گوڵەندام. لێم پرسی:

ـ مسۆگەر لە ئاشنا کۆنەکانی سەردەمی ژیانی شیرازە؟

ـ تۆ کە خۆت هەموو شتێک ئەزانی، چی لە من ئەپرسی؟

ـ ئەویش توودەیی بوو؟

ـ نە بابە، لە شیراز لەگەڵ بنەماڵەکەی ئاشنا بووم. گوڵەندامیان نارد بۆ ئورووپا و داوایان لە من کرد ئاگام لێی بێت. دۆستیمان لەو کاتەوە دەستی پێکرد.

ـ منداڵیشتان هەیە؟

ـ ئێستە چوار ساڵانە.

ـ بە نازی دایک و باوک گەورە ببێت.

شەومان بەمجۆرە قسانە تەواو کرد. تەلەفۆنم کرد، شۆفێرەکەی

بانگ کرد و من هەتا بەردەرگای باخەکە بەڕێم کرد. پاشن چەند خولەکێک بە دەور ئەستێڵەکەدا پیاسەم کرد و گەڕامەوە بۆ هۆڵی میوان و ئەو کاسێتەی بە دزیەوە لە وتووێژەکەمان تۆمارم کردبوو، خستمە ناو ڕیکۆردەرەکە و بە خۆمم وت:

ـ چ گەوجێکە! من خۆم لە بیری «الکل و فی الکل» و ئەم کوڕەش لە بیری «الکل و فکل».

نیو کاتژمێر لەسەر موبلەکە خۆم دا بە عەرزا و ئەو شتانەی لەگەڵ ئەهاری وتبوومان، لە مێشکمدا پیاچوومەوە. پاشان بیرێکم هات بە مێشکا. هەستام و جارێکی تر چووم بۆ باخەکە. بینیم هەر سێ کێشکەکەی من لە ژوورەکانیان خەوتوون. چرای ژوورەکەی زاوا ئەگڕا. دام لە دەرگا و چوومە ژوورەوە. لە پشت مێزەکەدا دانیشتبوو و خەریک بوو ئەینووسی.

ـ بەم نیوەشەوە ڕاپۆرت ئەنووسی؟

ـ قوربان ئەرکێکە و ئەبێئەنجام بدرێ.

ـ بڕۆ بخەوە، بەیانیش کات هەیە.

ـ نەخێر قوربان، تا ئێوە نەخەون، من بە ئاگام.

ـ ئەی ئەم سێ پاسەوانە چکارەن؟

ـ قوربان ئەمانە خەڵکی سەرسەرین. پارە وەرئەگرن و هەر ئەوەندە. بەکاری ئێمە نایەن. من نازانم ئەگەر موویەک لەسەری ئێوە کەم بێتەوە چی بە سەر من ئەهێنن.

ـ تۆ لێرە خۆ قەرەوێڵەشت نییە، لەسەر چی ئەخەوی؟

ـ ڕاستەکەی شەوانە کە ئێوە خەوتوون سەرێک ئەدەم لە ماڵی خۆیشم.

ـ هەم لێرە کار ئەکەیت و هەم لەوێ؟

ـ لەبری مووچەیەکی باش وەرئەگرم. بە ڕۆژ کە ئێوە لە ماڵەوە نین کاتی خەوتنی منە.

ـ لەبیرت نەچێ ڕاپۆرتەکەت دروست بنووسی، لە کەیەوە بۆ

کەی وەزیر لەلای من بووە.

ـ دڵنیابە قوربان. لەو کاتەوە دکتۆر بیژەن لە لق پەیدا بۆتەوە ئەیەوێ لە سیر تا پیاز هەموو شت بزانێ.

ـ هیچ هەواڵێکی ڕوقیە نازانی؟

ـ لە لایەن ڕوقیەوە دڵئاسوودە بە. لێرە نییە. مسۆگەر لە دەرەوەی وڵاتە. ئەڵێن لە فەلەستین شوێنیان هەڵگرتووە. لە ماڵی دایکت هیچ شتێکی تازە ڕووی نەداوە. جگە لە مووساخان و ژن و منداڵەکەی هیچکەس هاتوچۆی ئەوێ ناکات. هەندێجار دایکت ئەچێ بۆ مزگەوت و بۆ ڕەوزەخوێنی. ئەوا دوو حەفتەیە لە ماڵ نەچووەتە دەرەوە. خوا بکا ناساخ نەبێ.

ـ خوا بکا.

راستەکەی هاتبووم بۆ جێبەجێکردنی ئەو بیرە تازەیەی هاتبوو بە مێشکمدا لەگەڵ زاوا قسە بکەم.

ـ بڵێ بزانم ژنەکەت باشە؟ منداڵەکەت چەند ساڵە؟

ـ قوربان ئەچێت بۆ فێرگە. نزابێژی بەڕێزتانە.

ـ ئەمەوێ لەم مانگەدا، ئەوەندەی سەرما شکا، دوو سێ کەس لە دۆستانم بانگهێشتن بکەم بۆ شێو. ئەتوانی کەرەسەی پەزێرایی ئەوان ئامادە بکەی؟

ـ هەر فەرمانێکتان هەبێ، ئەیخەمە سەرچاو. بە ژنەکەم ئەڵێم ڕۆژێک پێش میوانیەکە بێت بۆ ئێرە و هەموو شتێک ئامادە بکات.

ـ لەم کێشکانەش ئەتوانی کەڵک وەربگری.

ـ قوربان ئەم کێشکانە هیچیان لەدەست نایەت. هەمیشە سەرخۆشن. تەنها بۆ شەڕ و لێدان باشن. خۆشبەختانە لێرەش هیچ باس نییە کە بتوانن هونەرەکەیان پیشان بدەن.

ـ سەرەڕای ئەوەش باشتر وایە یەکیان هەتا بەیانی بەخەبەر بێت. کێشک بگرێ.

ـ هەر جۆر ئێوە بفەرموون. بە دکتۆر جەهانگیر ئەڵێم کە ئێوە

فەرمانێکی وەهاتان داوە.

ئەمویست هەر سێ دەست پەروەردەکانی خۆم، وەکوو بیست ساڵ لەمەوبەر بانگ بکەم بۆ شێو. خانمەکانیشیان با لەگەڵ خۆیان بهێنن. بە شێو و شەراب و شیرینی سەریان گەرم بکەم. پێموابوو، بەوجۆرەی لە قسەکانی وەزیری داد تێگەیشتم، ئەگەر لەگەڵ خانعەلی کە سەرۆکی زانکۆی تەورێز و، دەماوەندیش کە وەزیری دەرباره بدوێم، هەر نەبێ زانیارییەکم دەسئەکەوێ. هەرچی چۆن بووە بە سەد فێڵ ئەبێ ڕێگەیەک بکەیتەوە بۆ ناو دڵی دۆست.

ئەم میوانیە بەڵام، سەری نەگرت. لە دۆسیەکاندا هیچی سەرنجڕاکێش نەبوو. دەماوەندی خەریکی کڕینی ڕاوەن و زەوی بوو لە گیلان و مازەندەران. زستان لە «ئابعەلی» خلیسکێن ئەکات. خانعەلی سەرۆکی زانکۆی تەورێز کارەکەی بەدڵ نەبوو و ئێرەیی بەوە ئەبرد کە یارانی بوون بە وەزیر و ئەو لەسووچێکا قەتیس کراوە. حەزی ئەکرد بکرێ بە پارێزگاری خوراسان و ببێ بە «متەوەلی» شوێنە پیرۆزەکان. بۆم دەرکەوت ئەم ئێمامزادانە پەرجوویان لەدەس نایەت. هۆیەکی تر کە ئەم خڕبوونەوەیە سەری نەگرت، نەخۆشی دایکم بوو.

ئەوەندەی دەرفەتم ئەکرد، سەرم لێ ئەدا. پزیشکم بۆ ئەبرد. ئەوم برد بۆ لای پرۆفسۆرێکی ئەمریکایی، کە لە زانکۆ وانەی ئەوتەوە. هیچکامیان نەخۆشیەکی تایبەتیان نەدۆزییەوە.

پەنام بردە بەر مووساگیان:

ـ دایکم چییەتی؟ دکتۆرەکان ئەڵێن هیچی نییە. لاوازی پیریش نییە. نەکا دیسانەوە سەر و سەکوتی ڕوقیە دەرکەوتووە و پەرێشانی کردووە؟

ـ کاکە گیان من بچووکی تۆم. حەددم نییە ئامۆژگاری ئێوە بکەم. بەڵام ناچارم و ئەیڵێم. ئەبێ خۆت دەرباز بکەی لەم بەرگەی بەرت.

ــ مەبەستت چییە؟

ــ من ئەڵێم دوو سێ مانگ پشوو وەربگرە و دایکت لەگەڵ خۆت بەرە بۆ جێگەیەک کە تەنهایش نەبێت. بتوانێ بەبێ بیر و ئەندێشەی ڕوقیە بە ئاسوودەیی بژی. لێرە خەریکە لە خەفەتا خۆی ئەخواتەوە. هەر کەس بە کۆڵانەکەدا تێ ئەپەڕێ، دەرئەپەڕێتە دەرەوە بەو هیوایەی کە ئەوە کچەکەیەتی. شەو و ڕۆژی بۆ نییە. لەخەو ڕائەپەڕێ و دەرئەپەڕێتە دەرەوە. هەمیشە هەراسانە. هیچ شتێک لەلای گرنگ نییە، مەگەر دیداری ڕوقیە.

ــ مەبەستت لەم بەستەبێژییە چییە؟

ــ قوربان گیان هەلومەرجەکە زۆر خراپە.

ــ دیسان بانکییەکان کێچیان خستۆتە کەوڵت؟

ــ قوربان ئیتر قسەی بانکییەکان نییە. هەموان بە ئاشکرا باسی هەلومەرجەکە ئەکەن. قسەی خراپ ئەکەن. ئەم ڕۆژژمێرە تازەیە کاریگەرییەکی زۆر خراپی هەبووە. خەڵکی ئەڵێن ئەمە ڕۆژژمێری زەردەشتیانە. ئەڵێن شا کافر بووە.

نەمویست ڕووی بکرێتەوە و هەرچی دیوە بیدا بە ڕووما:

ــ مووساگیان، من هاتووم هەواڵی دایکم لە تۆ بپرسم.

ــ قوربان، دایەش لەبەر ئەمەیە کە وەڕەز و خەمبارە. شتێکی لەسەر ڕوقیە بیستووە کە ئەوەندە خۆی ئەخواتەوە.

ــ چی بیستووە؟

ــ من ئەوەندە ئەزانم کە ئەم دایکەی تۆ، ئەو ژنەی یەک مانگ پێش نییە کە شاد و دەم بەپێکەنین بوو. پەژارە دایگرتووە. لەبەر ئەوەشە ئەڵێم هەڵیگرن و لەم گێژەنە ڕزگاری بکەن!

دایکم بەتەنها گیر خست.

ــ دایە گیان وەرە چەند حەفتەیەک پێکەوە بچین بۆ گەشت.

ــ من بۆ هیچکوێ ناچم. لێرە ئەمێنمەوە تا ڕوقیە دێتەوە.

ــ لە کوێوە ئەزانی کە ڕوقیە دێتەوە؟

ـ ئەزانم، ڕوقیە لەمڕۆژانەدا دێتەوە.

لە دڵی چەسپیبوو و بڕوای پەیدا کردبوو و ئیتر هیچکەس نەی ئەتوانی ویست و ئەڤانی بگۆڕێ.

دەستم کرد بە مستەکۆڵە. پەنجەکانم چەقاندە بەری دەستم و لەلای خۆم وتم: «ئەم کچە لە هەموو شوێن بووە بە لەمپەری سەر ڕێگام.»

مووساگیان ڕاستی ئەکرد. خەڵکی ڕوویان کرابوویەوە. گرتن و بەستنەوە چاری نەئەکردن. نەشئەکرا هەموو بەجارێ بگیرێن و ئەشکەنجە و تیرەباران بکرێن. ئەمانە خۆ فیدایی و موجاهید نەبوون کە بڵێم لەکاتی هەڵاتن‌دا کوژراون. چەند مەلا و بەرەی نەتەوەیی گیران. سوودی نەبوو. دەنگێکمان ئەخنکاند، سەد دەنگ لە ئورووپا و ئەمریکاوە بەرز ئەبوویەوە. خاوەنشکۆ خەریک بوو کفری ئەکرد.

لە سەرەتای ١٩٧٧ بەرەی نەتەوەیی بەیاننامەی بڵاوکردەوە. داوای هەڵوەشاندنەوەی ساواک و بەردانی زیندانیە ڕامیارییەکان، ئازادی حیزب و ڕۆژنامە، یەکێتی کرێکاران و سزادانی ئەشکەنجەگەران لە ئامانجەکانی ئەوان بوو.

ئەگەر من و خەڵکی وەکوو من لە سەداسەد بڕوامان بە پشتیوانی کردن لە شا نەبوایە، جێگەی خۆی بوو هەمان ئەو ڕۆژانە کلاشەکانمان هەڵکێشین و بۆی دەربچین. زۆر کەس پارەکانیان ئەنارد بۆ بانکەکانی دەرەوە. بەگوێرەی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرێتی بانکی ناردە و هاوردە، تەنها لە ماوەی یەک ساڵدا دووسەد و بیست و هەشت ملیۆن دولار نێردرابوو بۆ ئورووپا و ئەمریکا. بەپێی بەراورد لە هەموو بانکەکانی ئێران زیاتر لە دوو میلیارد دولار نێردرابوویە دەرەوە. ئەو دراو و پارەیەی لە لایەن دەوروبەرەکانی شاهەنشاوە ڕفێنرا، لەم هەژمارەدا ڕەچاو نەکراوە.

سەرەتای جانیوەری بوو. شەوێک کە پشتی شکاندم و من هەرگیز فەرامۆشی ناکەم. بەفر هەموو شەقامەکانی دەوروبەری

نیاوەرانی داپۆشیبوو. دار کاژەکان کفنی سپییان لەبەر کردبوو. گوڕەی هاتوچۆی ئۆتۆمۆبیلەکان کز ببوو و تەنها دەنگی نەرمی سووڕانی تایەکان بە سەر بستێک بەفری پووکدا ئەبیسرا. نیوکاتژمێر لەناو باخەکە پیاسەم کرد. بینیم چراکەی ژووری زاوا هێشتا ڕۆشنە. نەمویست چاوەڕێی من بکات و نەتوانێ بخەوێ. چوومە ژوورەوە و دەرگاکەم قفڵ کرد.

نیوەشەو، زاوا بە تەلەفۆن لەخەو هەلیساندم و وتی هاوکارەکەی بینیویەتی ژنێکت چارشێو بە سەر، بانەوبان چووە بۆ ماڵی دایکم. زاوا لە ڕووی نیشانەکانی قەد و باڵا و بازدانی دیوار بۆ دیوار پێی وابوو ئەم ژنە ئەبێ ڕوقیە بووبێ. بە شپرزەیی سواری ئوتۆمۆبیل بووم و بە فڕکە خۆم گەیاندە گوزەری کەلانتەر. هەرچەند لە دەرگام دا دایکم دەرگای لێ نەکردمەوە. لە دیوارەکە سەرکەوتم و خۆم هاویشتە حەوشە. دایک لەخەو هەڵساند کە حەوت پاشای لە خەودا ئەبینی. هیچ دانەچڵەکا. بە ئارامی وەڵامی پرسیارەکانمی دایەوە. دانی پیانەنا چی ڕووی داوە. زۆر لەسەری ڕۆیشتم و ویستم بیبەم بۆ ماڵی خۆم لە نیاوەران، سوودی نەبوو. «دایە گیان ئەم ماڵە جێگەی متمانە نییە. وەرە با پێکەوە ببین بە هاوماڵ، وەرە پێکەوە بچین بۆ ماڵی من.»

ـ مەگەر تەرمەکەم لەم ماڵە ببەیتە دەرەوە.

ـ تۆ لێرە مەترسیت لەسەرە.

ـ بۆچی مەگەر چەپکە گوڵێکی تازەت داوە بە ئاوا؟

ـ چەپکە گوڵی چی؟

ـ ئەو شتانە چییە هەڵتانگرتووە و لە ڕۆژنامەت بڵاوتان کردۆتەوە؟

بە خوا زۆر سەیرە! ئاگای لەو وتارە هەبوو کە دژی خومەینی بڵاوکرابوویەوە. شتێکە نەی ئەزانی ئەوە بوو کە ئەو جنێوانە بە هاندانی ژنڕاڵ سەرلەشکر و بە مەبەستی سەرکوتکردنی نەیارەکان

بڵاو کرابوویەوە.

ــ دایە تۆ کارت بەم کارانە چییە؟

ــ کارم بەمکارانە هەیە، بۆ نەمبێ؟ تۆ کارت هەبێ، ڕوقیە هەیبێ؟ من کارم پێیان نەبێ؟

دەرەقەتی دایکم نەهاتم. بۆم دەرنەکەوت ئەو تارماییەی کە هاوکارەکەی زاوا لەسەر بان بینیبووی ڕوقیە بووە یان نا؟ بەڵام شتێکم لەلا مسۆگەر بوو کە پەیوەندییەک لە نێوان ڕوقیە و دایکمدا هەیە.

ئاڵۆزی هەلومەرجی وڵات گەیشتبوویە پلەیەک کە ئیتر سێبەری ڕامیاری ڕۆژ لە هەموو جێگەیەک ڕاخرابوو و ئەخزایە هەموو کەلاوەیەکەوە. دایکم هەستی ئەکرد هەندێ شت خەریکە ڕوو ئەدا، بەڵام ئەو گۆڕانەی لە ڕواڵەتی گەڕانەوەی کچەکەیدا ئەبینی.

کاتێکە فەقێکان لە قوم خڕ ئەبوونەوە و «مەرگ بۆ شا»یان ئەوت و ژنراڵ سەرلەشکر بە گوتەی کومۆنیستەکان سێڵاوی خوێنی بەرپا ئەکرد، ئیتر دیار بوو کە جەنگ بەرپا بووە. جەنگی نێوان خەڵک و ساواک. لەمبەر ئێمە ڕاوەستابووین، لەوبەریش مەلاکان و موجاهید و فیدایی و گیانبازان و ملیۆنەها خەڵک کە ئەیانویست ڕژیمی پاشایەتی بڕووخێنن.

ئەمە وازییەکی کوشندە بوو. کۆمەڵێک لە کاربەدەستان، لە دژواری هەلومەرجەکە تێگەیشتن و کەوتنە بیری گیان و سامانی خۆیان. خۆیان کۆ کردەوە و بۆی دەرچوون. زۆر لە ساواکییەکان هەڵاتن و لەگەڵ بنەماڵەکانیان چوون بۆ ئەمریکا و ئینگلیز و هەژماری تازەیان لە بانکەکاندا کردەوە.

ڕاستە، منیش ئەمویست وا بکەم. هەڵبەت ویژدانم دەربایسی ئەوە نەبوو پشتی خاوەنشکۆ بەربدەم و بچم بۆ ئورووپا، هەرچەند ئەو داراییەی من هەمبوو ئەوەندە نەبوو بتوانم تەمەنێک لە قازانجی سەرمایەکەم بژیم. ڕێگری کاری من دایکی نەخۆش و ڕوقیەی

فڕیوه بوو.

ئەوەندەی پێنەچوو، دەرکەوت خوشکم یەکێکە لە سەردەستەکانی ئاژاوەچییەکان.

هەموو چلەیەک، بە بۆنەی کوشتارەکەی قوم، لە شار و گوندەکاندا چلە تازە ئەکرایەوە و پرسە بەرپا ئەکرا. فێرگەکانیان دائەخست، بازاڕ دائەخرا و مانگرتنی کرێکاران لە کارگەکان نیشانەی ڕاپەڕینی گشتی بوو.

ڕۆژی چلەی کوشتاری قوم لە تەوریز، خەڵکی بە مەبەستی پرسە ئەچوون بۆ مزگەوت. سەرۆکی پۆلیسی گەڕەکی شەشەم دەرگای مزگەوتی داخست و دروشمەکانی دڕاند. جوامێرێک بە ناوی تاجعەلی دژی ئەم سووکایەتیە بوویەوە. سەرۆکی پۆلیس لە ڕووی نەزانیەوە گوللەیەکی پێوەنا و دەسبەجێ کوشتی. ئەوسا بوو کە جەماوەر شووشەی کۆگاکانیان شکاند. بەڵگەنامەی بانکەکانیان دڕاند. سەربازەکان گوللەیان بە سەردا تەقاندن بەڵکوو بیانترسێنن. ساواکییەکان لە کۆڵانەکاندا خۆیان حەشار دابوو، بە تیربار و ئاگرپژێن هەموویان دابێژا. لانیکەم ٦٠٠ تا ٧٧٠ کەس بریندار بوون و سەد کەس کوژران.

بەهاری ساڵی ١٩٧٨ زیندانیەکان مانیان گرت و ٤٥٠ کەس برسیەتیان کێشا. چەند کەس تاکوو مردن بەردەوام بوون. دروشمی دزێو و ناشیرین لە دژی شاهەنشا دەم بە دەم ئەگەڕا.

دایکم لەبەر ئەوەی شا دوژمنی کچەکەی بوو، ڕقەبەری لەگەڵ ئەکرد، چیرۆکی ماسیگری بۆ کچەکەی مەنیجە ئەوت کە هێشتا زمانی نەپشکووتبوو و من لە کاتی ئاخافتن لەگەڵ مووساگیان گوێم لێبوو. ژنە نە برنجی هەبوو و نە ڕۆن و نە خەڵووز کە چێشت بۆ مێردەکەی لێبنێ. ماسیگر لە تووڕەییدا ماسیەکەی فڕێدایەوە ناو ئاوەکە. ماسی هەژار هەر ئەوەندەی لەناو ئاوەکەدا گیانی هاتەوە بەبەردا، هاواری کرد «بژی شا، بژی شا!» بەمجۆرە خەڵکیان

هەژاندبوو. جێگەی سەرسووڕمان نەبوو، ڕۆژی ١٩ی ئاگوستی ١٩٧٨، کاتێکە سینەما ڕکسی ئابادان ئاگر درا، لە هەموو جێگەیەک و هەموو کەس دڵنیا بوو کە ئەم تاوانە کاری ساواکە. شەشسەد کەس بە دووکەڵ خنکێنرا و لەناو ئاگردا کران بە قەقنەس. دایکم لێمی پرسی:

ـ تۆش لە ئابادان بووی؟

ساواکییەکان قاویان دائەخست کە ئەم کوشتارە لە لایەن «یەکێتی سوور و ڕەش»ـەوە کراوە.

ئیتر کار لە کار ترازابوو. کرا ئەو شتەی ئەبوا بکرێ!

شەوی ئەو ڕۆژەی کوشتارەکەی تەورێز بە دەستی سپا و ساواک ڕووی دا، سەرەڕای ئەوەی کێشکەکانی من لە سێ کەسەوە کرابوو بە پێنج، پاش نیوە شەو لەپڕ دەرگای ژوورەکەم کرایەوە و زاوا لەگەڵ ڕوقیە و چەند چەکدار لە ژووری خەوەکەم ڕاوەستابوون. سەرەتا زاوام بینی. لە پشت سەریەوە ڕوقیە، کۆڵتێک بە دەستیەوە. لە دوای ئەوەوە چەند کەسی ڕەشپۆش بە تفەنگەوە. خوشکم فەرمانی دا بە زاوا، کە چەند ڕۆژێک مێردی ببوو:

ـ قسە بکە!

ـ قوربان، ڕوقیە خانم دڵنیای کردم کە خوێن نارژێ. خەریک بووم لە باخەکە ئەچوومە دەرەوە و ئەمویست دەرگاکە لە دەرەوە ببەستم کە دوو کەس گرتمیان و باڵبەستیان کردم. دوو کێشکەکەی ناو باخەکەش دەسبەست کرا بوون. قفڵی دەرگایان کردەوە و هاتنە ناو باخەکە. بەپێی فەرمانی ڕوقیە خانم بە هەر سێ کێشکەکەم وت چەکەکانیان دابنێن. ئەوە فەرمانە. ئەوانیش بە قسەیان کردم. پاشان هەر سێکیان کە نیوە سەرخۆش بوون خرانە گاراجەکەوە و دەرگایان لەسەر قفڵ کرا. تفەنگ بە دەستێکیش ئاگای لێیانە. منیان لەگەڵ خۆیان هێنا کە ژوورەکەی ئێوەیان پیشان بدەم.

حەپەسابووم و لە ترسانا گورج سەیری خوشکمم کرد. ئەمە

ئەو كچۆڵە نازدارە نەبوو كە من ئەمناسی. چاوەكانی لەبەر بێخەوی سوور هەڵگەڕابوو. گۆنای بێڕەنگی دەرپەڕیبوو، لێوەكانی ڕەش هەڵگەڕاو و قەڵەشاو، شێوەیەكی پڕ لە ڕق و تووڕەییان ئەدا بە ڕوخساری. لووتە باریكەكەی فۆرمی سەردەمی منالی خۆی لەدەست نەدابوو. توندی و دڕندەیی و دەمارگیری لە هەموو جووڵەیەكیەوە خۆی پیشان ئەدا. كاتێكە زانی پیجامەم لەبەرە و چەكم پێ نییە، كۆڵتەكەی خستەوە ناو بەرگەكەی.

ڕەشپۆشی هاوڕێی دەمانچەكەی منی لە گیرفانی جاكەتەكەم كە بە كورسیەكەدا هەڵواسرابوو، دەرهێنا.

ـ فەرمووم لێناكەی دانیشم؟

بە تەشەر و گاڵتەوە قسەی نەكرد. وتم:

ـ ماڵی خۆتە، لە هەر كوێ پێت خۆشە دانیشە.

ـ ماڵی من ئێرە نییە، ماڵی من گوزەری كالاَنتەرە. ئەمشەو نەهاتووم بۆ لای براكەم. ویستبووت بمبینی، ئەوە من و ئەوەش تۆ.

ئەوەندەی نەمابوو دەست بكەمە گریان. هەموو شكۆی پلە و پایە و فەرماندەبوون، وەكوو جلی چڵكن لەبەرم داكەنرا. ئەوەندە خۆم بە بەلەنگاز نەئەزانی. ستەمكار بووم و ببووم بە ستەملێكراو. بە بیری خۆم دلی بۆم ئەسووتا. بەلاَم هیچ بەزەییەكم لێ بەدی نەكرد. وتم:

ـ كەوا؟

ـ مەگەر جۆرێكی تریش ئەمتوانی تۆ ببینم؟

ـ سەرانسەری ژیانم بە دوای خوشكمەوە بووم كە تۆ بی، لە هیچكوێ نەمدۆزیتەوە.

ـ تۆ بە دوای منەوە نەبوویت. حەسحەسەكانت لێم ئەگەڕان. ئەگەر ئەوان منیان بدۆزیایەتەوە، هەرگیز چاوت بە چاوی من نەئەكەوت. ماوەیەكە چەكم هەڵگرتووە و ئیتر فریوی فێڵ و درۆ و زۆرداری ناخۆم.

ـ کە چی؟
ـ کە ئیتر زۆرداریم لێنەکرێ.
ـ هاتوویت بۆ ئێرە مشتومڕی ڕامیاریم لەگەڵ بکەی؟
ـ نەء، هاتووم لێرە وەڵامی پەیامە ڤیدیۆییەکەی خۆم لە تۆ وەربگرم.
ـ بە کوڵت و تفەنگ؟
ـ مەگەر ئێوە بە نوقڵ و نەبات و ناز و نەوازشەوە دێن بۆ لای ئێمە؟
ـ چیت لێم ئەوێ؟ پارە؟
ـ نا، ئیتر چ پێویستمان بە پارە نییە. ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە نەک هەزار پۆند، هەزار تمەنیش زۆر بوو. ئەمڕۆ هەزار بەرامبەری ئەو پارەیە ئەدەین بە کەسانی وەکوو تۆ، بۆ ئەوەی لەگەڵمان کەون، هاوخەباتمان بن.

من بێدەنگ بووم. چاوەکانم بەست. ئەتوت بۆ چرکەیەک بیرێک لە مێشکمدا بزوا: خۆت بدە بە دەستەوە، لەم کۆڵەکە بۆ ئەویتر خۆی دەروویەکە. لە ڕیزەکانی ئەمانەشدا دووبەرەکی، چاولێکەری، دووڕوویی، دژبەری، فریو و پلە و پارەپەرستی هەیە. دەسەڵات هەموو ئەم خووە خراپانە لەگەڵ خۆی ڕاکێش ئەکات. لەپڕ ڕوخساری خراپکارە کوژراوەکان، لە شەڕی دژی موجاهیدین و فیدایی و مارکسیستی ئیسلامی لەبەر چاوم قوت بوونەوە. ژنراڵ سەرلەشکر بە چ دڕندەییەک ئەوانی لە قوم وەک گەنمی بەر داس دا بە عەرزا؟ هەر لاشیان گرنگ نەبوو. سەربازەکان ڕژانە ماڵی ئایەتوڵڵا و چەند کەسیان کوشت. لە ڕوخساری کوژراوەکاندا ڕق و تووڕەیی و نەفرەت ئاوسابوو. ئایە ئەکرێ متمانە بە یاران و کەسانی ئەم گیانبازانە بکرێ؟ ڕوقیەش یەکێکە لەوان.

ئەم بێدەنگیەی من لە لایەن خوشکمەوە زۆر خراپ لێکدرایەوە. وا تێگەیشت ئەمەوێ لەگەڵی ڕێ بکەوم. دەمارێکی بەزەیی و

دڵسۆزی لە دڵیدا جووڵابوو. هەرچی بێ ئەم ژنە چەکدارە لە گۆشت و خوێنی منە و ژنە و دڵێکی هەیە و لە ناخیا هێشتاش خۆشەویستی سەردەمی منالّی قولّپ ئەدا. فەرمانی بە کابرای چەکدار و زاوا دا لەبەر دەرگاکە بوەستن و چاوەڕێ بکەن. ڕستەکەی خۆی بە «برا» دەسپێکرد:

ـ برا دڕدۆنگ مەبە. ئەم حکوومەتە گڵۆڵەی لە لێژیە. ئێمە دێینە سەرکار و لەگەڵت نەرم ئەبین. ئەمشەو ئەبێ بڕیار بدەی.

ـ ئەگەر ئەمشەو بڕیار نەدەم بە گوللەیەک ساردم ئەکەیتەوە؟

ـ نا، گیانی تۆ بۆ ئێمە هیچ نرخێکی نییە. وەڵامی کوشتاری قوم و تەورێز ناداتەوە. تۆ ئەڕۆیت و چەند کەسی تر جێگەت ئەگرنەوە. بەڵام ئەگەر تۆ لەگەڵ ئێمە بکەوی، زۆربەی جەللادەکانی هاودەستی تۆ دێنەوە بە خۆیانا. حەسابی خۆیان ئەکەن و مەیدان چۆڵ ئەکەن. ئەمە بۆ ئێمە بردنەوەیە. مردووی تۆ بۆ ئێمە هیچ ناهێنێ، زیندووی تۆ بە کەڵکمان دێ.

ـ ئەی ئەگەر ئێستە خۆم بەدەم بەدەستەوە چیم لێ ئەکەن؟

ـ هیچ، لێرە ئەڕۆین و لێت ئەگەڕێین. چەند ڕۆژ پاشتر هەموو ڕۆژنامەکانی جیهان ئەنووسن کە ئێمە بۆ ماوەی چەند کاتژمێر تۆمان یەخسیر کرد، ماڵمان نەدزیت، نەمان کوشتیت و ئەمە بە واتای گەورەیی و بەرهەق بوونی ئێمەیە، نیشانەی ڕزگاریخوازی ئێمەیە و ڕێز لە شێوەی خەباتمان ئەگرن. ئەوەی ئێوە لەناو خۆتاندا بە یەکتری بڵێن، لەلای ئێمە نرخی نییە. هەموویان بە دوخمانت ئەزانن و گومانت لێ ئەکەن. وەک ئەو چەند هاوکارەی تۆ کە گومانیان لێکراوە و ئێستە کار بۆ ئێمە ئەکەن. تۆ خۆت باشتر ئەزانی مەبەستم کامانەیە.

بە مەبەستی فریودانی ئەو بەڵێنم پێدا بیر لە پێشنیارەکەی، بەوجۆرەی لە ڤیدیۆکەدا وترابوو، بکەمەوە.

ـ برا، ئەمە دواین مەرج و داوای منە. خۆت ئەزانی ئەگەر

لەوەی وتووتە و بیستووتە ڕوو وەرگێڕی، ئیتر دیدارمان ئەکەوێتە پەسلان[٤٨]. ئێمە لەسەر قسەی خۆمان وەستاوین. ئەگەر نەکرا، ئەوە بزانە کە ئێمە لە شەڕێکی دژواردایین. ئەوەش بزانە، لەبەر ئەوەی کە تەنها هەر دووکمانین پێتی ئەڵێم و ئەڕۆم. کەسێکە لە هەموان زیاتر ئەسووتێت منم. تۆ ئەگەر حەزت لە ئازار و ئەشکەنجەی خەڵکی تر نییە، لانیکەم خووت پێوە گرتووە. بەڵام نازانم من تاکەی ئەتوانم لە بەرامبەر ئەو هەموو ئازارەدا تاو بهێنم. ئارەزووم ئەوەیە لە تەنیشت تۆ و دایکمدا بم. منت لە ماڵ دەرکرد و دەربەدەرت کردم...

نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات. لێوی خۆی گەست و چاوەکانی بەست. دەستی ڕاوەشاند و تێی گەیاندم نەچمە پێشەوە.

تەقەیەکی دا لە دەرگای ژوورەکە. پاشان بە شێوەی فەرمانداندان پێی وتم:

ـ تا نیو کاتژمێر لە ژوورەکە نایەتە دەرەوە. ئێمە هەر شەشیان لە گاراج ڕائەگرین. دەرگای ماڵەکە قفڵ ئەکەین. کلیلەکە لە پشت دەرگاکەوە هەڵئەدەینە ناو باخەکە. پاش نیوکاتژمێر خۆت ئەچیت کلیلی دەرگای ماڵەکە و باخ و گاراج ئەدۆزیتەوە و کێشکەکان بەرئەدەی و فەرمان ئەدەی بە زاوا ڕاپۆرتی خاڵ بە خاڵی ڕووداوەکە بنووسێ.

لە ماوەی چەند خولەکدا لە ژوورەکەم بە تەنها خۆم بووم. جلم لەبەر کرد و چوومە بەر پەنجەرەکە. چاوم لێبوو زیاتر لە پانزە ڕەشپۆش گوێڕایەڵی ڕوقیە بوون. بە فەرمانی ئەو هەموویان لە باخەکە چوونە دەرەوە. دوانیان لە سیلەی دیوارەکەوە نیشانەیان گرتبوو لە پەنجەرەکان و دەرگای ماڵەکە و ئەوەندەی خشخشی نەرمی مەکینەی زیلێک بەرگوێم کەوت دوو کەسەکەش خۆیان

---

٤٨ـ پەسلان: Apocalypse, Armageddon ڕۆژی پاشین، ڕۆژی کۆتاییهاتنی ئەم جیهان
N Verdens ende ع یوم القیامة د روز قیامت E Day of Judgment

هەڵدایە خوارەوە و ئیتر هیچ دەنگێک نەبیسرا.

بەو شەوە سوار بووم و خۆم گەیاندە ماڵی دایکم. لە ڕێگە، لەگەڵ خۆما مشتومڕم بوو. چۆناوچۆن لەگەڵ دایکم ڕووبەڕوو ببمەوە؟ ئەگەر نەخۆش نەبوایە لێی تووڕە ئەبووم و لەوە نەئەپرینگامەوە گلەیی لێبکەم کە بۆچی زانیارییەکانی خۆی بە من نەوتووە تا بتوانم بەرگری بکەم و نەهێڵم بەوجۆرە بە کۆڵتەوە لە بەرامبەرمدا بوەستێ و هەڕەشەم لێبکات! دڵەڕاوکێی خۆم و لاوازی پیری دایکم ڕێگەی پێ نەئەدام. دوو کاتژمێرێک لە شەمێران و لەناو شاردا خولامەوە. ئەوەندەی کازیوەی دا، دام لە دەرگا. دایکم لەسەر بەرماڵ بوو. یەک دووجار «الله اکبر»ی وت و دەرگاکەی کردەوە. هیچ نەشەڵەژا بوو. ئەتوت ئاگای لە هەموو شتێک هەبوو. لێم پرسی: ڕوقیەت بینی؟

ـ تۆ لە کوێوە ئەزانی؟

ـ خۆی پێی وتبووم ڕۆژێک دێ بۆ سەردانت.

ـ ئەی تۆ ئەوت بینی؟

ـ بەڵێ، پەیامی بۆ ئەناردم و هەرکات ئەیزانی کە بێگانەم لەلا نییە، ئەوسا خۆشی ئەهات.

ـ بەڵام تۆ بە منت نەئەوت.

ـ خۆی داوای کردبوو بە هیچکەس نەڵێم. چەند جار ئاماژەم بەوەکرد کە ڕوقیە دێت.

ـ ئەزانی ئەوە تۆیت کە هەم خۆت و هەم ئەوت خستۆتە مەترسییەوە؟

ـ شاییەکان منیان بۆ چییە؟ ڕوقیەش ئاگای لە خۆیەتی!

ـ ئەی هیچ بیرتان لە من نەکردۆتەوە؟

ـ هەڵبەت کە تۆمان لەبیر بوو. بەردەوام لەبیری تۆدا بووین و هەین. ئەگەر لە کار دەریان بکردایەتی من و ڕوقیە کارێکی باشمان بۆ ئەدۆزیتەوە و نانی حەڵاڵت ئەخوارد.

ـ هەروا بە ئاسانی؟

روقیە باش خاوی بەستبوو. هەرچەند دایکم داوای لێکردم بەرچایی بخۆم، نەمامەوە. ئەیویست بڕوا نان سەنگەکی تازە و پەنێر و هێلکە و هەڵوا ئەردەم بۆ بکڕێ، نەمهێشت.

هەشت و نیوی تەواو چوومە ژووری کارەکەم و ڕاپۆرتی ڕووداوەکەی شەوی ڕابوردووم بەوجۆرەی ڕووی دابوو، نووسی و بەم ڕاپۆرتە نووسراوەیەوە چووم بۆ لای سەرۆکی ساواک کە ئێستە سەرلەشکرێک بوو.

ئەم کابرا لەو گەمژانەی ڕۆژگار بوو. شاهەنشا، لەبەر ئەوەی کە یەکێکی بەدناو لە سەرووی ساواکدا نەبێ و، بتوانێ نەیارەکان ئارام بکاتەوە، ئەوی لەم پلەیەدا دانابوو. ڕاپۆرتەکەی زاوایان بە تەلەفۆن پێ ڕاگەیاندبوو. بە وردی نووسینەکەی منی خوێندەوە و پێش ئەوەی بڕیارێک بدات، یەکسەر چوو بۆ دەربار و ڕووداوەکەی بە گوێی شاهەنشا گەیاند. دڵنیام باش باش ترش و خوێی پیاکردبوو بۆ ئەوەی خاوەنشکۆ ڕازی بکات من لە جێگری ساواک لاببات. خۆی پێی وتم کە ژنراڵ سەرلەشکر زۆر حەز ئەکا جێگەی من بگرێ. بەڵام شاهەنشا وازی لێنەبوو و من لە پلەی خۆمدا مامەوە.

هەڵلایەک لە ساواک ساز بوو. لە کارەساتی سیاهکەلەوە زەبری وایان لێنەکەوتبوو. بگر بگر دەستی پێکر. بە پلەی یەکەم بەدوای ژنەکاندا ئەگەڕان. سەبارەت بەم ڕووداوە هیچ زانیارییەک نەدرا بە ڕۆژنامەکان.

لەوە سەیرتر ئەوە بوو کە لە بڵاوکراوەکانی ئورووپا و ئەمریکا و لە نووسین و بەیاننامەکانی کونفدراسیۆنیشدا لەمبارەیەوە هیچ شتێک بڵاو نەکرایەوە. ڕەنگە هۆکەی ئەوە بوو کە تەواوی وڵات هەڵچووبوو و ڕووداوی وا سەری هەڵئەدا کە هەڕەشەکردن لە جێگرێک وەکوو نێچیرێکی بچووک وابوو لە چەرخە مەزنەکەی ماشینی ساواکدا و نەی ئەتوانی سەرنجی سەرانی وڵات بۆ لای

خۆی ڕابکێشێ.

پاش وتووێژێکی کورت کە لەگەڵ ئەهاری، وەزیری داد و دەماوەندی هەمبوو، وام لێک دایەوە ئەوانیش هەواڵەکەیان نەبیستووە. تەنانەت زاواش ڕۆژی پاشتر هاتە سەرکارەکەی بۆ ئەوەی لە ماڵەوە ئاگای لێم بێ. کێشکەکان گۆڕان و ژمارەیان زیادی کرد. من ئوتۆمۆبیلێکی زرێپۆش و ئێلەکی گوللەبڕم پێدرا و هەموو پەنجەرەکانی ماڵەکەم بە شیشی ئاسن بەربەست کرا. هەروەها زۆربەی سەرانی ساواک لەم چەشنە پارێزگارییەیان بۆ ڕەچاو کرا.

بەمجۆرە کارانە ڕێگە بە ئاژاوە و فەرتەنە ناگیرێ.

ڕۆژی ١٠ی ئاپریلی ١٩٧٨ خەڵک لە دژی خاوەنشکۆ شاهەنشا خۆپیشاندانیان کرد. خراپکارییان کرد و ئوتۆمۆبیلەکانیان ئاگر دا. سەربازەکان ڕژانە ماڵی دوو ئایەتوڵڵا و دوو مەلایان کوشت.

لایەنگرانی پاشایەتی کە داوای ڕیفورمیان ئەکرد چەککران و بەڕێوەبەرایەتی ڕاپەڕین کەوتە دەست دەمارگرانی توندڕەو.

مەلاکان و بەرەی نەتەوەیی و تەواوی نەیارەکان مانگرتنی گشتیان کرد و داوایان کرد خەڵک لە مزگەوتەکان و لە ماڵەکانیان بمێننەوە. شارەکان وەکوو گۆڕستانی لێهات. شای بلیمەت هەستی بە گرژی هەلومەرجەکە کرد و سەرۆک وەزیرانی لابرد و دەست و پێ سپیلکەیەکی تری لەجێ دانان.

حیزبی ڕەستاخیز ڕێگەی پێدرا ببێ بە دوو فڕاکسیۆن.

دوژمنانی دەرەکی ئێران کە خۆیان مەڵاس دابوو، هاتنە مەیدانەوە. بێگانەپەرستان، نەیارەکانیان هان ئەدا ڕاپەڕن و ئاژاوە بەرپا بکەن. لە پەرلەمان کەوتنە وتاردان. ڕۆژنامەکان بە ئاشکرا باسی دیکتاتۆریەتی شایان ئەکرد. ڕۆژنامەیەک بە پیتی قەڵەو نووسیبووی: «زیندانیانی ڕامیاری ئەبێ ئازاد بکرێن! کۆچبەرانی ڕامیاری ئەبێ بتوانن بگەڕێنەوە بۆ وڵات. ساواک ئەبێ هەڵوەشێتەوە.

سەردەستەکانی بەرەی نەتەوەیی کە هەتا ئێستا خۆیان کڕ کردبوو، بە ئاشکرد کەوتنە وتووێژ کردن لەگەڵ مێدیای بێگانە و هاوکاریکردنی تەواوی گرووپەکان، تەنانەت کومۆنیستەکانیشیان بە پێویست ئەزانی.

شاهەنشا بەڵێنی هەڵبژاردنی ئازادی دا لە ساڵی داهاتوودا.

بێسەروبەری لە ڕادەی خۆی تێپەڕی. ئەفسەرێکی گەوج لە ئەسفەهان خەڵکی دایە بەر گوللە.

سەرۆک وەزیرانی تازە و یەک لە دوای یەک هاتن و چوون و هیچ پەرجوویەکیان لەگەڵ خۆیان نەهێنا. سەرۆک وەزیرێکی سەربازیی هیچی نەبوو لە پەرلەمان پێشکەشی بکات جگە لەوەی لە بنەڕەتەوە وەزیرەکانی خۆی نەناسیوە و تەنانەت چاییەکی لەگەڵ نەخواردوونەتەوە.

تەواوی ئەم گەنکارییانە، ئەوەندەی تر خەڵکی یاخی کرد و خۆپیشاندانی سەدهەزار کەسی لە سەرانسەری وڵاتدا پەرەی سەند و یەک ملیۆن کەس لە مانگرتندا بەشدارییان کرد و لە کۆتاییدا قەدەغەی هاتوچۆ لە یانزە شاری ئێران ڕاگەیەنرا.

ئاژاوە گەیشتە ئەو ڕادەیەی کەر خاوەنی خۆی نەناسێتەوە. خەڵکی فەرماندەرانی سەربازییان بە هیچ دانەئەنا، مانگرتنی گشتی دەستی پێکرد.

ڕۆژی هەینی هەشتی سپتامبری ١٩٧٨ زیاتر لە یەک ملیۆن کەس لە مەیدانی ژاڵە خۆپیشاندانێکی مەزنیان بەرپا کرد. ژنراڵ سەرلەشکر کە پێی وابوو بە بازێک خۆی ئەگەیەنێ بە سەرۆکایەتی دەزگای ئاسایش و زانیاری وڵات، لەغاوی پچڕاند و فەرمانی گوللەبارانی دا و نزیکەی ٤٠٠٠ کەسی خلتانی خوێن کرد. ئەم ڕۆژەیان ناو نا: «هەینی ڕەش». ئەمە ئیتر یاخیبوون بوو بە مەزنی واتای وشە. دەسەڵات لە دەستی شا و دەوڵەت دەرچوو. کرێکارانی نەوت دەستیان لە کار هەڵگرت. سەرچاوەی داهاتی حکوومەت وشک

بوو. فەرمانبەرانی وەزیرخانەکانیش کەوتنە تەک پەترۆڵییەکان. خاوەنشکۆ وتی ئەگەر پەیوەندی نێوان خەڵک و خومەینی بپچڕێنێ، کاروباری وڵات چاک ئەبێت. ڕاوێژکارە بێمێشکەکان ئەم پەنگەیان دابوو بە شا کە خومەینی لە عیراق ڕاو بنێ. خومەینی چوو بۆ فەڕانسە و مێدیای گشتی سەرانسەری جیهان کەوتە بەردەستی. ڕۆژنامەکانیش مانیان گرت. لە ماوەی دوو مانگی سەرەتای پایز زیاتر لە دوو ملیارد دۆلار دراو لە ئێران چووە دەرەوە. ئیتر کەس باجی نەئەدا.

لەم بگرە و بەردەیەدا وەرە تەوێڵی هەڵبگرە. ئەهاریش لاقەفرتەی بوو و خۆی شیرین ئەکرد. قانوونی ئازادی حیزبەکانی ئەهێنا بۆ پەرلەمان و دانی دائەکرد. داوا لە لاوان و خوێندکاران و ئێرانیانی کۆچبەر ئەکرا بگەڕێنەوە. بەبێ ئەوەی تاوان و سووچەکانیان لەبەرچاو بگیرێ. ئەمجارەیان لەگەڵ من ڕاوێژی نەکرد. پشیلە دزە حسابی کاری خۆی کردبوو. ئاگادار بووم خەریکە خۆی کۆ ئەکاتەوە و لە ئێران دەرئەچێ. تازە ئێستا بیری کەوتبوویەوە کە ئەبێ لاسایی ئازادیخوازان بکاتەوە.

ژنڕاڵ سەرلەشکر دەستی هەڵنەگرت. کۆمەڵێک لات و لووتی هان دا سینەماکان و بانکەکان و دامەزراوە ئابوورییەکان ئاگر بدەن، بۆ ئەوەی تاوانەکەی بخاتە ئەستۆی ئاژاوەچیەکان. بەرزەفڕی ژنڕاڵ سەرلەشکر ئیتر سنووری بۆ نەبوو. پاش کارکەناری سەرۆک وەزیر هێشتا چایەکی نەخواردبوویەوە، پێی وابوو شاهەنشا ئەو ئەخاتە جێگەی. بەڵام شاهەنشا لەوە ژیرتر بوو کە ئەو دەسەڵاتە بدات بە خوێنخۆرێکی نەزانی وەکوو ژنڕاڵ سەرلەشکر.

ئەفسەرانی پایەبەرز کاتێکە بینیان سەرۆکی پێشووی ساواک و سەرۆک وەزیری ١٧ ساڵە کەوتنە زیندان، هەڵاتنیان بە باشتر زانی تا مانەوە. فڕۆکەکان هەموو ڕۆژێک پڕ بوو لە گەشتیارانی دەوڵەمەند و ساواکیە ئەشکەنجەگەرەکان.

پێش ئەوەی سەرۆکەکەی من لاببرێ، نزیکەی بیست ملیۆن تمەنم لەلا بوو. وتم بە فڕاندنی ئەو پارەیە و گۆڕینەوەی بە دۆلار، ژیانی داهاتووی خۆم دابین بکەم. جگە لەوە بڕیارم دابوو ماڵ و باخەکەی نیاوەران بفرۆشم، دایکم هەڵگرم و بچم بۆ سووچێکی هێمن لەم دنیایەدا و گۆشەیەک بۆ خۆم دابین بکەم. ویژدانم ئاسوودە بوو. بە پشتگەرمی شاهەنشاوە هاتبوومە ئەم مەیدانە و ئێستە کە شا نەی ئەتوانی بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ بکات، منیش ناچار نەبووم لەوە زیاتر ئەمەگدار بم. کڕیار بۆ ماڵەکەم پەیدا نەبوو. لەم گێر و کێشەیەدا کێ ئامادەیە، ئەویش لە نیاوەران خانوو بکڕێ.

بەداخەوە ئەم نەخشەیەم پووچەڵ بوویەوە. کاتێکە نەخشەکەی خۆمم بۆ دایکم باس کرد، بەبێ ئەوەی باسی بیست ملیۆن تمەن بکەم. سەرەتا زۆریشی پێخۆش بوو، ڕەنگە ــئەمە لە ڕووی قسەکانی مووساگیانەوە ئەگێڕمەوەــ پێی وابوو ئەتوانێ بچێ بۆ کەربەلا و ببێ بە نیشتەجێی دراوسێی ئیمام حسێن. لە منی پرسی ئەتەوێ بمبەی بۆ کوێ؟

ــ هەر شوێنێک کە تۆ پێت خۆش بێت.

ــ ئەتەوێ بمبەی بۆ فەڕانسە و بمکەی بە ترشی؟ من بەکاری چیت دێم؟ حەز ئەکەم بچم بۆ زیارەتی مەرقەدی ئیمام ڕەزا.

ــ نە دایە گیان، وڵات شەڵەقاوە. خاوەنی نییە. بچی بۆ هەر شوێنێک ئاسمان هەر ئەم ڕەنگەیە. خوراسان یان تاران جیاوازیی نییە.

ــ کەوابوو ئەچم بۆ زیارەتی خزنی ئیمام حسێن.

ــ باشە، کارەکانت بکە. ئەتبەم بۆ کەربەلا و هەر کات ویستت دێم بۆ سەردانت.

ــ ئەی ڕوقیە چی لێبکەین؟

ــ روقیە پاشان خۆی دێت بۆ لای ئێمە.

ــ ئەمە چۆن ئەبێت. ئەڵێی ئێمە بڕۆین و ئەو لەناو ئاگردا بەجێ

بهێڵین؟

ـ ئەو ڕێگەکە ئەزانێ و خۆی ئەگەیەنێتە لای ئێمە.

ـ نا، کورم. بەبێ ڕوقیە پێم لەم ماڵە نانێمە دەرەوە.

ـ خۆت لەگەڵ ئەو پەیوەندیت هەیە؟

ـ پەیوەندیم هەیە. بەڵام خۆ هەرکات من بمەوێ ئەو نایە بۆ ئێرە. هەرکات کە خۆی دەرفەت بکا سەرێکم لێ ئەدا.

ـ ئەبێ یەکێک هەبێ پەیامێکی تۆی بۆ ببات.

دایکم گومانی کرد. وای زانی کە من ئەمەوێ شوێنی ڕوقیە هەڵگرم.

ـ نەء، من کەسم نییە کە پەیامی من ببا بۆ ئەو.

کەللە ڕەقی دایکم کارەکەمی پاشخست. هەر دوو لاقی کردبوو بە پێڵاوێکدا کە بەبێ ڕوقیە بۆ هیچ کوێ ناچێ.

ـ خۆت بچۆ ڕوقیە بدۆزەرەوە، ئێستە ئیتر خۆ کارێکی دژوار نییە. شاکەشتان کە فسی دا. ئەو هەموو شڵپە شڵپەی ئێوەش بە ختوخۆڕایی بوو.

داخی دڵم بە سەر زاوادا بەتاڵ کردەوە کە لە کۆڵان کێشکی ئەکێشا.

ـ ئەی ئێوە لێرە چی ئەکەن؟ ڕوقیە دێ بۆ ئێرە و ئەڕوا و ئێوە نووستوون.

ـ قوربان سووچی من نییە. ئیتر کەس دڵی لەلای کارەکەی نییە. لە کاتێکەوە لە ڕۆژنامەکاندا داوای هەڵوەشاندنەوەی ساواک کراوە، کەس مل نادا بە کارکردن. هەموو ئەترسن کۆڵەیان بکوترێ. دکتۆر بیژەن دیسانەوە بووە بە حاجی ساوجی و جلی وەکیلباشی لەبەر کردووە و چووەتە ناو ئاژاوەچیەکان. دکتۆر جەهانگیر بەجارێ ونە. بۆ خاتی ئەڵێن کاتێکە لە ماڵ هاتۆتە دەرەوە، خەڵک گرتوویانە و کوشتوویانە. جگە لەوەش هەموو خراپکارەکان چەکدارن. کێ ئەوێرێ بەرەنگاریان ببێتەوە!

تەواوی ئەم زانیاریانە لەناو ئەو ڕاپۆرتانەدا بوون کە من دەرفەتم نەبوو بیانخوێنمەوە. ساواک خۆی لە قۆناغی هەڵوەشاندنەوەدا بوو.

بیرێکی تازە هات بە مێشکمدا.

ـ ئەگەر ڕوقیە بدۆزیتەوە پاداشتێکی باشت پێ ئەدەم. بەڵام بە زیندوێتی ئەمەوێ. خوشکمە و نامەوێ هیچ بەڵایەکی بە سەر بێ.

ـ قوربان من خزمەتکارم. ڕەنگە دۆزیشمەوە. خۆم و بەختم.

هەمان شەو زاوا هات بۆ لام.

ـ قوربان بمکەن بە وەردیانی زیندان. ئەڕۆم لەوێ ئەیدۆزمەوە لەناو کام گرووپ دایە.

ـ بۆچوونێکی خراپ نییە.

ـ قوربان ئێمە هەتا ئێستا نەمان ئەزانی لە کوێ بۆی بگەڕێن. چونکە دیار نەبوو لەگەڵ کام گرووپە.

ـ ئەتەوێ چی بکەی؟

ـ بە ناوی پۆلیسەوە، دوو سێ دانە لە گیراوەکان ئەکرم، تا خۆیان بکەن بە موجاهید و فیدایی و کومۆنیست... پاشان بزانم چی ئەبێ.

دوو سێ حەفتە ئەم هەوڵەی زاوا درێژەی کێشا. هەلومەرجەکە ڕۆژ بە ڕۆژ دژوارتر ئەبوو. دەرفەتی بەنرخ لەدەست ئەچوو. بە هەموو کاروباری ژیانم ڕائەگەیشتم. دایکم و ڕوقیە منیان گرفتار کردبوو. پاش مانگێک زاوا نیوەشەو تەلەفۆنی بۆ کردم.

«روقیە لەناو هیچکام لەو خراپکارا نەدا نییە کە لە زیندان هەمانە. لە ڕیزی ئازادکراوەکانیشدا ناوم نەدۆزییەوە. پیاوەکانی منیش هیچ شوێنێکیان هەڵنەگرت. ڕوقیە ئەبێ لەگەڵ گرووپی «گیانبازان»دا بێت. ئەم گرووپە چەکدارە و ژنێک فەرماندەیانە.»

قسەکانی زاوا هیچی تیا نەبوو. هیوام نەبوو لەم ڕێگەیەوە بە مەبەست بگەم. بەڵام زوا گەشابوویەوە و لە خۆشی پاداشتەکەی ئەیویست لە کاری خۆیدا بەردەوام بێت. بانگم کرد. برێ پارەم پێدا

و داوام لێکرد بەردەوام بێت.

هەموو ڕۆژێک کە تێ ئەپەڕی دڵنیگەرانیم زیاتر ئەبوو. ئەمبینی دەوروبەرم خەریکە بەتاڵ ئەبێت. هەر ڕۆژە و یەکێک لە سەرانی وڵات کلکی ئەخستە سەر کۆڵی و بۆی دەرئەچوو. لە بنەماڵەی پاشایەتی ئیتر هیچکەس نەمابوو. بەهۆی مانگرتنەوە، وڵات بە تەواوەتی سڕ ببوو. شا نەی ئەتوانی فەرمان بدات. وەزیران و بەڕێوەبەرانی گشتی تەواو کەڵکیان بڕابوو. بۆشاییەک هەموو جۆرە هەوڵدانی قوت ئەدا. گرووپ و نیمچە گرووپی شۆڕشگێڕ یەکیان ئەگرت. یەکێتی و یەکگرتن ببوو بە دروشمی ڕۆژ. بەرەی نەتەوەیی و ئاخوندەکان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پاشایەتی و دامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی و ڕاپرسی گشتی پاش ڕووخانی شا ڕێکەوتن.

لەم مانگانەی بێسەربەری و ئاژاوەدا دەیان هەزار کەس کوژران. لە ئەنجامی هەر گوللەیەک کە لە سووچێکا ئەتەقێنرا، ترس و ئەندێشی من زیاتر و زیاتر ئەبوو. مانگی مەحەڕەم زیاتر لە سێ ملیۆن کەس لە تاران خۆپیشاندانیان کرد. سەربازەکان چوونە ڕیزی خۆپیشاندانەوە. ڕووناکبیرانی لەرزۆکیش هاواریان ئەکرد «ئازادی، سەربەخۆیی، کۆماری ئیسلامی».

لەناو سەرانی سپا لەسەر ئەوەی کە توندوتیژی بکەن یان بە نەرمی بجووڵێنەوە، دوو دەستەیی پەیدا ببوو. لە دەزگای سەرکردایەتی ئەمریکایشدا دووبەرەکی ئاشکرا دەرکەوت. هەرکامیان سەرێکی گوریسەکەیان ڕائەکێشا. یەکێک داکۆکی لە شا ئەکرد و یەکی تر هەوڵی ئەدا ڕێگەیەک بۆ لای شۆڕشگێڕەکان بدۆزێتەوە. باڵوێز ئەیوت «بەڵێ» و وەزیر ئەیوت «نا». هەموو سەرەگێژەیان گرتبوو. هەندێک شادمان بوون لەوەی ڕژیمی نوێ مشتێکی باش ئەکێشێ بە دەمی کومۆنیستەکاندا. هەندێک و هەروەها خودی شاهەنشا پێی وابوو تەواوی ئەم ڕووداوانە وا لەژێر سەری کومۆنیستەکاندا کە لە لایەن سی.ئای.ئێ وە پشتیوانیان لێ ئەکرێ.

کاتێکە سی هەزار کرێکاری ئاسن تواندنەوەیش مانیان گرت، ئیتر جەنگ کەوت بە لایەکدا. ڕۆژنامە گرنگەکانیش دەنگیان خستە پاڵ دەنگی ئەوان. هیچکەس لەم ئاژاوەیە تێ نەئەگەیشت. چەند کەس لە سەرانی بڵندپایەی ئەرتەش زەبریان بەرکەوت. بنەماڵەکانیان تۆقان. لێکهەڵوەشاندنی سپا دەستی پێکردبوو. لایەنگری لە ڕژێمی پاشایەتی ببوو بە گوناهی مەزن. سەربازەکان لە سەربازخانەکان هەڵئەهاتن. ئێستە ئیتر دەستە دەستە ئەچوونە ڕیزی شۆڕشگێڕانەوە. سەرەتای ساڵی ١٩٧٩ بەشێک لە هێزی هەواییش چوونە ڕیزی ئەوانەوە. بەتایبەت کاتێکە هومافەران[٤٩] بە ئاشکرا لایەنگری خۆیان لە ڕاپەڕین ڕاگەیاند، وای لێهات کە فڕگەی سەربازی مێهراباد لەکار کەوت و کەڵکی نەما.

لایەنگری ئەمریکاییەکان و عەرەبەکانی کەنداو لە شاهەنشا، ئەیتوانی تا ڕادەیەک دڵداری شا بداتەوە، واتە بنەڕەتەکانی پاشایەتی هێشتاش لەرزۆک نەبووە. بەڵام ئەم دڵۆپە بچکۆلەیە ئەیتوانی چ کارێک بکاتە سەر شەپۆلە بەسامەکانی شۆڕش؟

گرتنی سەرۆک وەزیر کە مەلاکان ئەویان بە سەرچاوەی تەواوی بەڵا و بێڕێزییەکان بەرامبەر بە خەڵکی دیندار ئەزانی و سەرلەشکری سەرۆکی پێشووی ساواک، هیچ دەردێکی دەرمان نەکرد.

بەردانی چەند ئاخوند لە زیندانیش بە نیشانەی لاوازی شاهەنشا دانرا و بوو بە هۆی بەهێز بوونی لایەنی دژی شا. هەموو ڕۆژێک میلیارد میلیارد دراوی ئێران ئەچووە دەرەوە.

چ هەلێکم لەدەست چوو!

ڕۆژێک سەرلەبەیانی کە چووم بۆ سەرکار، بینیم سەرۆکەکەی

---

٤٩ـ بەو بەو توێژە ڕووناکبیرە لە ئەفسەرانی هێزی هەوایی ئێران ئەوترا کە خولی پسپۆڕی ئەلکترۆنیک و ئەلکترۆمکانیک و ڕادار و سیستمی یافت (شناسایی) و تاد...یان لە دەرەوەی وڵات خوێندبوو و لە ڕستەکانی تری هێزی هەوایی زۆر جیاواز بوون.

من واتە سەرلەشکرە گەمژەکە بە کلیلەکەی خۆی بیست ملیۆنی ناو قاسەکەی دەرهێناوە و بردوویەتی بەبێ ئەوەی چەکێک بەجێ بهێڵێ.

کێ هەبوو باوەڕ نەکا منیش لەم تالاّ نەدا بەشدار نەبووم؟! پاشتر کاتێکە ڕوقیە دارایی منی بەراورد کرد، دڵنیا بوو من لەم دزییە هیچم پێنەگەیشتووە.

خاوەنشکۆ کەوتە بیری ئەوەی سەرۆکایەتی ساواک بسپێرێ بە من. خاوەنشکۆ هەستی کردبوو یەک دوانێک لە سەرانی سپا خەریکن لە ناڵیش ئەدەن و لە بزماریش. هەم بە شادا هەڵئەڵێن و هەم لەگەڵ ئەوانی کەش پەیوەندیان هەیە. لە کاتێکی وەهادا بلیتەکە بە ناوی منی نەگبەتەوە دەرچوو.

بانگیان کردم و فەرموویان ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ. من ترسنۆکتر لەوە بووم وەڵامی ئەرێ یان نا بەم شانازییە بدەمەوە. لەبەر ئەوەی سەرۆک وەزیران خۆی کارکەنار کردبوو و شاهەنشا بەدوای کەسێک لە بەرەی نەتەوەیی ئەگەڕا، وەرگرتنی ئەو ئەرکەم خستە پاش هاتنە سەرکاری سەرۆک وەزیری تازە.

بەڕێزیان بۆیان دەرکەوت کە ئەمکارە ئاشێکی دەم سووتێنەر نییە بۆ من، لەسەری نەڕۆیشت.

ڕۆژی سێی جانیوەری ١٩٧٩ دەوڵەتی تازە درا بە یەکێک لە سەرانی بەرەی نەتەوەیی و یەک لە کارە گرنگەکانی ئەو هەڵوەشاندنەوەی ساواک بوو و من لە شەڕی کێشەیەکی پڕئازار ڕزگارم بوو.

ئیتر بڕیاری کۆتاییم دا ئەبێ بڕۆم؛ جا لەگەڵ دایکم یان بەبێ دایکم، لەگەڵ ڕوقیە یان بەبێ ڕوقیە، ماڵەکەم بفرۆشم یان نەیفرۆشم، هەژماری بانکم ببەستم یان نەیبەستم، پارەکانم وەربگرم یان وەری نەگرم.

کاتێکە ئەم هەواڵەم دا بە دایکم بوورایەوە. لەسەرخۆی چوو.

خەریک بوو تیائەچوو. نەمتوانی تاو بهێنم. بڕیارم دابوو لەوێوە بچم بۆ فڕۆکەخانە. بەدوای مووساگیاندا گەڕام. داوای یارمەتیم لێکرد. لە زەلیلی خۆمدا دەسەڵاتی بەرەوچوون و گەڕانەوەم لێبڕابوو.

مووساگیان کاتێکە لە بڕیارەکەم ئاگادار بوو زۆر بە توندی بەرەنگارم بوویەوە. ئیتر ڕووی لێم کرابوویەوە. هەرچی لە دڵیا بوو پێی وتم:

ـ ئەی کە خەڵکێکی سەیرن. خۆتان یەکە یەکە بۆی دەرئەچن و ئێمە ئەدەن بەدەم چەقۆوە. دایکت خەریکە ئەمرێ، ڕوقیە چەک بەدەست خەریکە شەڕ ئەکا و تۆ بۆی دەرئەچی! ئەی من بچم بۆ کوێ؟ ژن و مناڵەکەم چی لێبکەم؟ سەرە دەرزییەک جەربەزەت هەبێت. من ئیتر ناتوانم بە دایکت ڕابگەم. گیانی خۆم لە مەترسی دایە. ئەبێ خۆم بشارمەوە. هەر کارێک ئەکەی خۆت ئەزانی!

تیا مامەوە چ وەڵامێکی بدەمەوە. هەرگیز ئەوەندە خۆم بە ڕەبەن نەزانیبوو. هەق بەو بوو. وتی و خەریک بوو لە ماڵی دایکم ئەچووە دەرەوە، بەرم پێگرت.

ـ لانیکەم دانیشە پێکەوە بیرێکی لێ بکەینەوە. ئەزانی ئەگەر بمگرن ئەمکوژن؟

ـ ئەی باوەشێنی من ئەکەن؟

ـ مووساگیان تا بگەن بە تۆ زۆری پێئەچێ.

ـ نا، وانییە. تۆ ئۆتۆمۆبیلی زرێپۆشت هەیە و ئەتوانی هەڵێیت. بەڵام من بەو پەیکانە قوڕازەیەوە، هەموو کات ئەتوانن بە گوللەیەک ساردم بکەنەوە.

ـ یەکەم ئەوەی کە من ئۆتۆمۆبیلی زرێپۆشم نییە...

ـ لەبری پارەت هەیە و ئەتوانی ئۆتۆمۆبیلی نوێ بکڕی. هیچ بیرت لێکردۆتەوە تۆ چ مووچەیەکت وەرئەگرت و چەندەیان ئەدا بە من؟

ــ مووساگیان ئێستا كاتی ئەم قسانە نییە. ئەبێ چی بكەین؟
داخی دڵی هەڵڕژان و پاشان ئارام بوو.
ــ ئەبێ ڕوقیە بدۆزینەوە و پەنای بۆ بەرین.
ــ چۆنی بدۆزینەوە؟
ــ من لەگەڵ یەكێك لە هومافەرەكان هاوپۆل بووم. ئەڕۆم ئەیدۆزمەوە. ئەڕۆم و خۆم ئەگەیەنمە لای. مسۆگەر یەكیان لەگەڵ ئەم گرووپانە ئاشنایی هەیە. ڕوقیە ئەزانێ من و تۆ هاوكار بووین؟
ــ لە كوێوە بزانێ؟
ــ چارە نییە، ئەبێ دەست لە خۆمان داشۆرین.
شەڵەژاوی و بێبەرنامەیی، ترس و ئامادە نەبوون لە بەرامبەر ڕووداوەكانی هەلاَتندا، بیر و هۆشی هەموانی لەكار خستبوو. دایكم لە نەخۆشخانە خەریك بوو گیانی ئەدا. پزیشكان لێی نائومێد ببوون. پێیان باش بوو بیبەینەوە بۆماڵەوە. بەس نیگەرانی كچەكەی بوو. هیچ هۆیەكی نییە، پیر بووە و ئەبێ لێی بگەڕی ئارام ماڵاوایی بكات. چۆن ئەمتوانی بیبەمەوە بۆ ماڵەوە؟ ماڵی خۆی بێمەترسی نەبوو. هەموو كۆنە كێشكەكان ئەهاتن و داوای واریان لێ ئەكردم، ئەتوت قومارم بردۆتەوە!

هەموو ڕۆژ، هەموو كات و هەموو شەوێك چاوەڕێ بووم هەواڵێك لە زاوا و مووساگیانەوە بگات. ئەوانیش بێچارە ببوون. هومافەری دۆستی مووساگیان لە شەڕی نێوان لایەنگر و نەیاردا كوژرابوو. لێگەڕا و خەریك بوو خۆی كۆ ئەكردەوە بچێ بۆ شارستان و ماوەیەك خۆی حەشار دا. تەنها زاوا بوو هەوڵی ئەدا ڕێگەیەك بدۆزێتەوە بەرەو گیانبازان. خۆی ئەیزانی خەریكە گیانی ئەخاتە مەترسییەوە، بەڵام دابووی لە دڵی كە ڕوقیە ئەو ناكوژێ.

من دەستم بەسترابوو. دایكم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبوو. لەم هەلومەرجە ناخۆشەدا دەستێك لە غەیبەوە هاتە دەرەوە و پزیسكەیەكی خۆشبینی لانیكەم بۆ ساتێك دڵی خۆش كردم.

سێ حەفتە پێش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی تازە، هاوڕێ لەگەڵ هەزاران ڕامیاری کۆچبەر، فەرزان کە لەگەڵ ڕوقیە بە تەلەفۆن و نامە پەیوەندی هەبوو، گەڕایەوە بۆ ئێران. ئەویش بۆ ڕوقیە ئەگەڕا. زاوا و فەرزان یەکتریان دۆزییەوە. یەکەمی، دوەمی لەوە ئاگادار کردەوە کە دایە خەریکە ئەمرێ و کەسی نییە ئاگاداری لێبکا و ئەبێ بچێ بۆ ماڵەکەی و من زۆر پەرێشانم.

لەم چوار حەفتەیەدا باری دایکم ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبوو و پێ بە پێی شەڵەژاوی گشتی پەرەی ئەسەند. شۆڕشگێڕان بە بەرنامەیەکی دە بەندی خۆیان بۆ دامەزراندنی ڕژیمێکی تازە ئامادە ئەکرد. لە خۆپیشاندانێکی سەد هەزار کەسیدا بڕیارنامەیەک دەرچوو کە داوای ئەکرد پەرلەمان و سپا و ئەنجومەنی پاشایەتی خۆیان بدەن بەدەست شۆڕشگێڕانەوە. لەم بڕیارنامەیەدا هاتبوو دەوڵەتی تازە بەو مەبەستە هاتۆتە سەرکار ڕێگە بۆ ڕژیمێکی سەربازیی سەرانی سپا بە لایەنگری شا خۆش بکات. سەرۆک وەزیران ئامادە بوو بچێ بۆ فەڕانسە و لەگەڵ خومەینی وتووێژ بکات. ئەمکارە جێبەجێ نەبوو. ناکۆکی نێوان سەرلەشکران هەموو ڕۆژێک تۆختر ئەبوو. کەڵەگایەکی ئەمریکایی، کە مەبەستی چاککردنی کاروبار و کێشەی نێوان سەرانی سپا، لە لایەن سەرۆک کۆماری ئەمریکاوە هاتبوو بۆ ئێران و سەرەڕای ئەوەی شاهەنشا فەرمانی دابوو هەمووان بە قسەی کابرای ئەمریکایی بکەن، بەڵام هیچی پێ نەکرا و لە دەرفەتێکا کلکی خستە سەر پشتی و بۆی دەرچوو.

دوان لە سەرلەشکرەکان کەوتنە تەک شۆڕشگێڕەکان و موجاهیدین و فیدایی و گرووپە چەکدارەکانی تر، هەروەها گیانبازان خۆیان ئاشکرا کرد و کوشتاری شۆڕشگێڕانە دەستی پێکرد.

هەمان ڕۆژ خومەینی گەیشتە فرگەی تاران. لە نێوان هومافەڕاندا کە لە تەلەڤیزیۆنەوە ڕووداوەکانیان ئەبینی بوو بە شەڕ و لێکدان و

نەیارانی شۆڕش داوایان لە گاردی پاشایەتی کرد بچێ بۆ یارمەتیان. جەنگێکی خوێناوی لە نێوان زۆربەی هومافەڕان و گاردی پاشایەتی بەرپا بوو. ئاژاوەگەران خەریک بوو شکستیان ئەخوارد، کە دەرگای هەمارەکانی چەک و تەقەمەنیان کردەوە و خەڵکیان چەکدار کرد و لە ماوەی دوو ڕۆژدا سەربازخانەیەک، ناوەندێکی پۆلیس و پێگەیەکی جەندەرمە کەوتە ژێر دەسەڵاتی جەماوەر.

ڕۆژی ١٣ی جانیوەری ١٩٧٩ ئەو سپایەی خەریک بوو هەڵئەوەشا، بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند و دەوڵەتی نوێ لەکار کەوت.

ئەو شەوە و ئەو ڕۆژە من لە نەخۆشخانە لەلای دایکم بووم و، بەردەوام گوێقوڵاخ بووم لە لایەن زاواوە ئاگادار بکرێم ڕوقیە دێت چاوی بە دایکی بکەوێ. دایکم لە گیانکەنشتدا بوو. هەندێجار چاوی هەڵئەبڕی و لێوەکانی ئەجووڵا بەبێ ئەوەی دەنگێکی لێوە بێت. ئەتوت خەریکە گیان ئەدا. هەرکات چاوی ئەبەست من ئەچووم و لە باڵکونی نەخۆشخانە پیاسەم ئەکرد. هەستم کرد ئەمە هێمن ترین جێگەیەکە کە ئەتوانم خۆمی لێ بشارمەوە. زاوا پێی ڕاگەیاندبووم کە ڕژاونەتە ماڵەکەم لە نیاوەران و داگیریان کردووە. ئیتر هیچم نەبوو. هیچ کوێم نەبوو بچم. دەستپەروەردەکانم هەموویان هەڵاتبوون. بانک تەواوی هەژمارە فەرمی و تایبەتیەکانی ساواکییەکانی ڕاگرتبوو. ئەهاری و دەماوەندی هەڵاتن بۆ ئورووپا و ئەمریکا. خانعەلی، وتیان خۆی شاردۆتەوە. هەموویان بەر لەوەی شا بڕوات، هەڵاتن. هەموویان ئەمڕۆ خۆیان بە نیشتمانپەروەر دائەنێن.

شەو و ڕۆژێک بە سەر سەری دایکمەوە بووم. هەندێجار لەسەر کورسی تەنیشت قەرەوێڵەکە سەرخەوێکم ئەشکاند. بە شەڵەژاویی دائەچڵەکام، دیسانەوە پێڵوەکانم دائەکەوتەوە سەریەک.

١٤ی جانیوەری ١٩٧٩، کاتژمێری پێنجی سەرلەبەیانی جیبێکی سەربازی لە نەخۆشخانە نزیک بوویەوە. بە گومانی ئەوەی سەربازانی

شۆڕشگێڕن خۆم لە پشت دەرگاکەدا شاردەوە. فەرزان و ڕوقیە دابەزین و هومافەڕێک لە هاودەورەکانی زانکۆی ئەفسەری پۆلیس لەپشت فەرمان بوو. ڕوقیە بەدەم فرمێسک دابارانەوە باوەشی پیاکردم. لەگەڵ فەرزان تەوقەم کرد. خوشکم هەڵات بۆ لای دایکم. من و فەرزان تەنها بووین. یەکەم قسە لە دەمی هاتەدەرەوە ئەمە بوو:

ـ نابێ لێرە بمێنیتەوە. دوێنێ سەرلەشکرێکی ساواکیان بە مشت و شەق و کێرد و گۆپاڵ لە شەقام کوشت.

وتم:

ـ خەمت نەبێ.

درۆم کرد. دڵم گیرا. نەمئەویست خۆم بشکێنمەوە.

بە دوای ڕوقیەدا چووم بۆ لای دایکم. پیرێژن لەپڕ گیانی هاتەوە بەبەردا. خەریک بوو هەڵسێ. پەرستارێک هات و وتی:

ـ خوشکە ئەوە چی ئەکەی؟

روقیە سەری خستە سەر سینگی دایکی. ماچی کرد و بۆنی کرد. من و فەرزان لە ژوورەکە چووینە دەرەوە. هەر دووکمان بە هۆی بێخەوییەوە لەپێ کەوتبووین. چووم بۆ باڵکونەکە و لەبەر دەرگاکەدا وەستام کە هەوایەک هەڵمژم. لەپڕ کابرایەکی چەکدار لە جیبەکەی ڕوقیە دابەزی و گوللەیەکی نا بە قاچمەوە. دەستم برد بۆ دەمانچەکەم گوللەیەکی تر لەبن گوێمدا ڤیزەی کرد. هومافەڕەکە هەڵات بۆ لای کێشکەکە و تەقەی ڕاگرت. ئەگەر ئەو نەگەیشتایەت، من ئیتر نەبووم. فەرزان منی بردە ناو هۆڵی نەخۆشخانەکە. پزیشک و پەرستار دەوریان دام. هومافەڕەکە بڵاوەی پێکردن. خستمیانە سەر بڕانکارد. ڕانم خوێنی لەبەر ئەڕۆیشت.

بە فەرزانم وت:

ـ بە ڕوقیە مەڵێن. لێی گەڕێن تۆزێک لەلای دایکم بێت.

تەقە و هەراوهوریای نەخۆشخانە بەر گوێی کەوتبوو. دایکی

دواین هەناسەکانی خۆی هەڵئەکێشا، چاوەکانی بەست و هات بۆ لای من. پزیشک گوللەکەی لە قاچم دەرهێنا و برینەکەی بەست. پاش دوو سێ کاتژمێر کە من لە خەو و بێهۆشی چاوم هەڵێنا، ڕوقیە هێشتا لە نەخۆشخانە بوو. کۆڵتەکەی بە قەدیەوە نەبوو. دەستی منی لەناو دەستە لەڕ و گەرمەکەیدا گرتبوو و چاوی بڕیبووە ناو چاوم. لەگەڵ خۆی ئەدوا. پێی وابوو من هێشتا بێهۆشم.

ـ شۆڕش قوربانی ئەوێ. ئێمەش قوربانی خۆمان پێشکەش کرد. براکەم دەرباز بوو، لانیکەم تا ئێستا.

چاوم هەڵبڕی و وتم:

ـ بۆ هەمیشە ئیفلیج بووم، ئەرێ؟

ـ نا، ئەتوانی بڕۆی بە ڕێدا، بەڵام بە گۆچان.

ـ چۆن ئەزانی؟

ـ فەرزان و من لەگەڵ بەڕێوەبەری نەخۆشخانە قسەمان کرد. ئەو ئێمەی بانگ کرد. دەماری ڕانت بڕاوە و ئیتر چاک نابێتەوە.

ـ کەوابوو بۆ ماوەیەک ئەبێ لێرە بکەوم؟

ـ لێرە کە نا. بەڕێوەبەری نەخۆشخانە پێی وایە تۆ لێرە لە مەترسی دایت. هەموو نەخۆش و پەرستاری ئێرە ئەزانن تۆ ساواکی بوویت. دوێنێ ناوت لە ڕۆژنامەکاندا بووە. هەموو ساتێک بۆی هەیە خەڵکی هورووژاو بڕژێنە نەخۆشخانە و تۆش بکەویتە بەر پلار.

ـ ئەبێ چی بکەم؟

ـ فەرزان و دۆستەکەی چوون جێگەیەکت لە نەخۆشخانەی دۆشان تەپە بۆ دابین بکەن. هیوادارن جێگەیان دەست بکەوێ.

هەردووکمان بێدەنگ بووین. ڕوقیە سەرەڕای ئەوەی کە یادەوەری خۆشەویستی سەردەمی منالّی هاتبوویەوە جۆش، نەی ئەزانی لەگەڵ من چی بکات؟

چۆن ئەمتوانی داوای یارمەتی لەم دایک مردووە بکەم؟ دەستیم گرت و ماچم کرد. ڕوقیە دەستی هێنا بە ڕوومەتما و هەڵسا. نزیکی

نیوەڕۆ بوو. پەرستار خواردنی بۆ هێنام. شیربرنج بوو و من ئیشتیام نەبوو. لاقی چەپم نەئەبزووت و شوێنی برینەکە ئەسۆڵایەوە. کاتژمێر چوار و شتێکی پاش نیوەڕۆ بوو. چواردە کاتژمێر لەو کاتەوە کە گوللەم لێدرابوو، تێئەپەڕی. فەرزان هات و ئەیوست بە ئامبولانس کە هومافەڕەکە شۆفێری بوو، بمبات.

روقیە ماچی کردم و خەریک بوو مالاّوایی ئەکرد. پرسیم:

ـ روقی گیان یەکدی ئەبینینەوە؟

ـ نازانم، ئەگەر خوا بیەوێ.

دەستم گرت و گوشیم.

منیان برد بۆ نەخۆشخانەی دۆشان تەپە. لە ڕێگا فەرزان ئاوێکی پاکی کرد بە سەر دەستمدا:

ـ چەند حەفتە ئەبێ لە نەخۆشخانە بکەوی. لە ژوورەکەدا خۆت ئەشاریتەوە. تەنها بە شەو، ئەویش کاتێکە پزیشک ڕێگەت پێ ئەدا، ئەتوانی ڕاهێنانی ڕێ ڕۆیشتن بکەی. بەڵێنم بە ڕوقیە داوە ئاگام لێت بێت و کەرەسەیەکت بۆ پێک بهێنم لە ولاّت دەرباز ببی. چەند ساڵ من لە هەندەران و دەربەدەریدا ژیام، ئێستەش سەرەی ئێوە و مانانە. خوا ئەیزانێ ئەگەر لەدەس ئەو گوللە ڕزگارت بوو چەند ئەبێ لە هەندەران بمێنیتەوە. تەنها بە یەک مەرج. ئەمە بەڵێنێکە بە ڕوقیەم داوە و، تۆش ئەبێ بە منی بدەی...

ـ چ بەڵێنێک؟ ئەوەندە بەس نییە کە گۆچ بووم و هەژار و یەخسیری ئێوە؟

ـ نا، بەگوێرەی ئەو دوخمانیانەی کە ئەیخەنە ئەستۆت، هێشتا زۆر وامداری.

ـ چیتان ئەوێ؟ سامانم کە نییە. گیانم بکێشن و ڕزگارم بکەن.

ـ ئەڵێن بیست ملیۆن پارە گەڕۆک و نهێنیەکەی ساواک لەلای تۆ بوو.

فەرزانم بۆین کرد لەو پارەیە یەک تمەنیشم نەدزیوە. ئەویش

وتی لێی ئەگەڕێن، بەڵام بە مەرجێک.

ـ چ مەرجێک؟

ـ ئەبێ بەڵێنم پێ بدەی، ئەگەر بە سەلامەت دەرباز بووی، لە شوێنێکی ئەم دنیایە دابنیشی و ئەوەی بە سەر خۆت هاتووە و هەموو ئەو بەڵایانەی بە سەر خەڵکتان هێناوە، دانە بە دانە بنووسی و بیخەیتە بەردەست ڕوقیە.

ـ دیسانەوە ڕوقیە ئەبینم؟

ـ تا بزانین لە ناوچاوت چی نووسراوە.

ئەمەیە چارەنووسی من!

٢٠٠٥/١٠/٢٩

ئۆسلۆ